# کۆمەڵە وتار لە دژی

# بیر و دەسەڵاتی باو

سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم

# هایدیگەر، هیتلەری فەلسەفەی ئەڵمانییە؟!

**جۆرج لۆکاش: پێویست بە گوتن ناکات، هایدیگەر نازی بوو. لەم بارەیەوە هیچ گومانێکم نیە، جگە لەمەش، ئەو بەردەوام کەسێکی کۆنەپەرەست بووە.**




ئـەم رۆژانـە دەزگـای چـاپ و پـەخشـی سـەردەم کتـێبی (هایدیگـەر و شۆڕشـی فەلسـەفی، د. محـەمـەد کـەمال، 377لاپـەڕە)گەیانـدە دەسـتی خوێنـەران و لێرەدا شوێنی سەرنج و تێبینی ئەم وتارەیە.
هەر لەم رۆژانە، دوو مێوانی ئەڵمان(رۆژنامەنووس و مێـژوونووس د. نیکۆلاوس بـڕاونس- هاوکـاری ئەنـدامی پەرلـەمانتار ئولـە پالێکـە- و پـارێزەر، نووسـەر و رۆژنامەنووس خـانم بیرگیتـە کیشلەر)بـۆ سلیمانی هـاتن. پـێش ئـەوەی بگەینـە کتێبخانەی هاولاتی، پێمگوتن: ئێوە ئەزانن، هەندێ کوردی دژە گۆڕان، شـۆڕش و پێشڤەچـوونی مرۆیانــە، تــازە بــە تــازە بیردۆزانــی کۆمــەلکوژی(نیتشــە و هایدەگەر)یان دۆزیوەتە؟ ئەوان پێکەنین و پێیان وابوو گەمەیان لەتـەك دەکـەم، بەلام هەر کە گەیشتینە کتێبخانەی هاولاتی، دەبینین کتێبێك بەناوی(هایدیگـەرو شۆڕشـی فەلسـەفی)بـۆ فرۆشـتن دانراوە. ئەوجا سەیریان لێ هات و تیان: جا کوردان چ پێویستییەکیان هەیە بە فەیلەسوفی فاشییەت؟. منـیش بـە پێکەنینـەوە وتم: سـەبرکەن، ئێسـتا چـەندین کـتێبی نیتشـەو هیتلـەر-مـاین کـەمف، کـە دەیـان ساڵە لـە ئـەڵمانیا قەدەغەن و کتێبی نهێنییەکانی هیتلەر- یان لەبارەیانەوە پیشاندەدەم.
ئەوان بە سەرسوڕمانەوە وتیان: ئاخر بۆچی؟
منیش هەر بۆ شۆخی، پێمگوتن: سمێڵ رەمزی پیاوەتییەو هەندێ کەسـی باوکسالار پێیانوایـە، پیـاو بـە سمێڵە و بەڕاستی سمێڵی نیتشە زۆر لە سمێڵی مارکس قەبەو پڕترە...رۆشنبیری کوردی لە پەنجاکانەوە تا ئێستا قـەت بـەم پلەیەی ئێستا ئاستنزم، بۆگەن و بارلێژ و پێکەنیناوی نـەبووە، ئەگـەر وا نـەبێت، بۆچـی رێـك لـەم سـەردەمە کە پەتای جەنگ و تاوانی کۆنەپەرەستی و وەحشییەتی سەرمایە بالادەستە، ئەو جۆرە کەسانە پەنا بۆ ئەو بیرمەندە دڕندانــە دەبــەن کــە خــوێنی ملیونــان مــرۆڤ لــە نــوکی قەڵەمــەکانیان دەچۆڕێ؟! لـەوەش وێـرانترو خـراپتر و زیانبەخشتر ئەوەیە، ئەو"گیزندلانە" هەوڵدەدەن، قەڵەمەکانیان بۆ پشۆرنەوەو بەبێ لەکەی خوێن بە خوێنـەری کوردزمان بناسێنن، ئایا بلاوکردنی ئەم جۆرە نووسراوانە پیشەسازی فکرێکی تایبەت نییە یان مـن گـومڕام و بـێ ویژدانانە و لە"ئێرەییەوە"، هێرشی نارەوا و بێ بەڵگە دەکەمە سەر هەندێ"رۆشنبیر"؟!
هـەرگیز، ئـەرکی ئێمـە ئـەوەیـە، پەیوەنـدی نێـوان هوشـیاری و بـوون کـە بنـەڕەتترین کێشـەی فەلسـەفەیە بـە تێڕوانینێکی مەتریالیستی دیالێکتیکی و مێژوویی راڤەبکەین و هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بیگۆڕین. ئەمەیـە ئـەرکی فەلسـەفە، چـونکە>لەسـەرەتاوە بەرهـەمهێنانی هـزر، تەسـەورەکان و هوشـیاری بەشـێوەیەکی

راستەوخۆ وتۆکمە، تێکەڵە بەچالاکی و پەیوەندی مەتریالیستانەوە لەنێو مرۆڤەکان، ئەمە زمانی ژیانی واقیعییە. لێرەشدا تەسەورەکان، فکر و مامەڵەکردنی زهنی لەنێو بەشەر بە شێوەیەك دەردەکەوێ کە راستەوخۆ لە هەڵسوکەوتە ماددیەکەیان سەرچاوەی گرتبێ. خودی ئەمە لەسەر بەرهەمهێنانی هزریانە لە زمانی سیاسەت، یاساکان، رەوشت، ئاین و میتافیزیا...هتد لە ناو تەواوی گەلێك، جێبەجێدەکرێ. مرۆڤەکان خۆیان سەرچاوەی تەسەور و هزرەکانیانن...هتد(ئیدۆلۆژی ئەڵمانی، لاپەڕەی30)

هایدیگەر لە بیستەکانی سەددەی رابردوو کاری فەلسەفی بلاوکردووەو لە 1976دا بە بەبێ ئەوەی بچووکترین پەشیمانی یان رەخنە لەخۆ بگرێ، بە شانازییەوە وەك بیرمەندێکی فاشیست، کۆچی کرد، کەچی 30 ساڵ پاشڤە مەرگا وی، بەبێ ئەوەی شایەنی هیچ نووسینێك یان لاکردنەوەیەك بێت لەلایەن روناکبیرانی کوردەوە، تازە بە تازە د. مەحەمەد و-لیستەیەك لەناوی رۆشنبیرانی تاوان-، دەرخواردی خوێنەری کوردی دەدەن و لەگشتی سەیرتر و سەرسوڕهێنتر ئەوەیە، د. محەمەد، هایدەگەر وەك رابەری شۆڕشێکی فەلسەفی پێمانی دەناسێنێ.

من پێش هەموو شتێك خوێنەرم و هەندێ جار راستەوخۆ چاوم بە ناوی زلکراو، بەڵام وێران دەکەوێ، بۆ نموونە لە مانگی رابردوو کتێبێکم خوێندەوە بەناوی(نیتشە و فێمینزمی هاوچەرخ)و تێدا ئاماژە بە بۆچونێکی ئەحمەدی بابەك دەکات: (رەخنەی سەرەتایی دریدا لە میتافیزیکی خۆرئاوا ئەوەیە کە بیری فەلسەفی زانستی خۆرئاوا هەمیشە زیندانی فاکتەری دوو جەمسەری بووە کە ***خۆی درووستی کردوون*** و پاشان وایزانیوە کە لە راستیدا هەن، بیری میتافیزیك هەرگیز نەیتوانیوە خۆی لە بەندەیی ئەم زیندانە رزگار بکات-لاپەڕەی24),

بەبێ ئەوەی پێویستیمان بەوە هەبێت، بە هوردی ئەو رستانەی سەرەوە بخوێنین، دەتوانین بە کورتی بە ئەحمەدی بابەك بڵێین: دوو جەمسەری، بەرهەمی بیری فەلسەفی زانستی خۆرئاوا نییە و درووستیان نەکردوە، بەڵکو دوو جەمسەری لە دێرزەمانەوە، لەو کاتەوە کە مرۆڤ ئەفسانەکان و ئاینە فرەخوداییەکان تا گەیشتنی بە دارشتنی تاك خودایی، ژیان و ململانییەکانی لە دوالیزمی خێر و شەڕ، باش وخراپ، دابەشکردووە.

کاك کەمال لەم بارەیەوە هەمان هەڵەی کردووە و پێی وایە(ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی بیرکردنەوەی فەلسەفی بدەینەوە، دەبینین سەرهەڵدانی میتافیزیکی دوالیستی لە بۆچوونە فەلسەفییەکەی ئەفلاتۆن دەستپێدەکات و بە نیتشە تەواو دەبێ-لاپەڕە12و13).

مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆ دەبێ لە نووسینەکانی زۆر وردبینانەتر بێت لە خوێنەران، چونکە: بە بۆچوونی مێژووناس(دیوگینس لارتیوس)لە سەدەی دووی زاینیدا، دووپاتیکردووە کە رۆژهەڵاتییەکان و بەتایبەتی مسرییەکان یەکەمن لە فەلسەفەکردن>سەرچاوە: د. عبدالرحمن بدوی، ربيع الفكر اليوناني، قاهره، 1958، لاپەڕە10<. ئەمە هەمان بۆچوونی زۆر لە بیرمەندان بووە، وەك(فیلون)ی جوو و(کلیمنت)ی ئەلسکەندەری>کریم متی: الفلسفه اليونانيه قبل سقرات، پێشەکی، بەغدا، 1967. هەر لە هەمان کتێب(خوای شۆڕش) بەم شێوەیە ئاماژە بۆ بۆچوونی فوئاد زەکەریا دەکرێ: (... یەکەم فێرگەی هزر لە خودی سەرزەمینی یونان دەرنەکەوت، بەڵکو لە ئۆردوگایەکی ئەیونی...- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە113.)؛ لە شێکردنی سروشتی میتافیزیای یۆنانی-کاکڵەی فەلسەفە لەلای یۆنانییەکان، دەکرێ بگوترێ کە تەنها دارشتنێکی نوێیە بە شێوەی گوتن و زاراوەیی لەبارەی دیاردەی عەقلانییەت و زانست بۆ بابەتگەلی خودی میتۆدۆلۆژیا کە پێش دەرکەوتنی

میتافیزیای یۆنانی هەبووە. زۆر لە تازەگەرەکان وەك(ری)و(ب. ئەلکسەندەر)و(دیورانت)و(میلهود)و(سارتون)هەمان بۆچوونیان هەیەو لەهەمان کاتدا (جاردنەر) ئەم ئاراستەیە بە گوتەیەکی بەپیت و روون دەربڕیوە: (فەیلەسوفە یۆنانییە یەکەمەکان وەك تالیس و فیتاگۆرس وەك قوتابی لەبەر پێی کاهنە مسرییەکان دادەنیشتن.- Egypt of the pharaohs, p9-) بە بۆچوونی خودی ئەفلاتۆن(یۆنانییەکان منداڵن لەچاو ئەو شارستانییە کۆن و مەزنانە- فوئاد زەکەریا، التفکیر العلمی، لاپەڕەی 129). هەروا: بە بۆچوونی مسرییەکان، قوتابخانەی(مەنف)ییەکان، دنیا لە دوو نەمر پێکهاتووە کە ئاو(نون) و ئاگر(رع)ە- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە116.

بەڵام ئەمە تەنها زانیارییەکی کەمە لەبارەی سەرەتای فەلسەفەکردن کە لەناو منداڵدانی ئەفسانە، سیحرو ئاین و بەگشتی بیرکردنی مرۆڤ و نائارامی و دڵەڕاوکێی بۆ تێگەیشتن لەخۆی و دەوروبەری، چونکە بێگومان ئەگەر بەدوای زانیارییەکان لەبارەی سەرەتای ناوبراو لە مێژووی ئەکەد، ئاشوور، بابلی، سوبی یان شارستانی چین، فارس، وڵاتانی ئەفریقا و هیندستان بگەڕێین، هەرگیز ناگەینە دیاریکردنی سەرەتایەکی واقعی و سەرڕاستانە بۆ مێژووی فەلسەفەکردن، بۆیە ناعەقڵانییەتە، ئەگەر بۆ سەرەتای مێژووی فەلسەفە بگەڕێین! لەوەش گرنگتر: ئەگەر سەرەتای فەلسەفەکردن بۆ نائارامی مرۆڤ لەبارەی بوونی خۆی و ژینگەکەی بگەڕێنینەوە، ئەوا خودی ئەفسانەکان هەزاران پرسیاری فەلسەفی دەورووژێنن لەبارەی ژیان و مردن و سەرگەردانی تا هەنوکەی مرۆڤ لەبارەی سەرچاوەی ژیان(سەرچاوە؟!). ئایا ئەفسانەکان جۆرێك لە فەلسەفەکردن نین؟! ئەی ئەگەر فەلسەفە بۆ پرسیارکردن بگەڕێنینەوە، ئەوا دەتوانین یەکەم مرۆڤی نەناسراوی ناو کۆمۆنە سەرەتاییەکان کە ئاستی هوشیارییەکەی گەیشتە پرسیاری: ((بۆ))لە مێژووی نەنووسراو، یەکەم فەیلەسووف بووە: (مێژوویەکی دیاریکراو بۆ سیاسەت، یاسا، زانست، هونەر و ئاین نییە(مارکس، دەستنووس-ل.فۆیەرباخ، لاپەڕەی657)و دەتوانین فەلسەفەش بخەینە پاڵیانەوە!

کاك کەمال لەسەر ئەو هەڵە قورسەدا، بەشی یەکەمی کتێبەکەی بنیاتناوە.

لێرەوە نامەوێ زیاتر درێژە بەم لایەنە بدەم، چونکە بۆ نووسینی چەندین جلدیش کۆتایی نایەت، ماوە لەگەل مارکسدا بڵێم: (بەپێچەوانەی فەلسەفەی ئەڵمانی کە لە ئاسمانەوە بۆ سەرزەمین دادەبەزێت، لێرەدا-لە کتێبی ئیدۆلۆژی ئەڵمانی- لە سەرزەمینەوە بۆ ئاسمان بەرزدەبین... ئیدۆلۆژی ئەڵمانی-لاپەڕە30).

چەند"سووکە"هەڵەی نووسینی دکتۆر: لەبری مێسکیرش نووسیویەتی مێسکرش- شوێنی لەدایکبوونی هایدیگەر-؛ لەبری یورگ، نووسیویەتی یۆرگ- ناوی کوڕە گەورەکەی هایدیگەرە-).

لەڕاستیدا بێجگە لە سەرقاڵبوونم بۆ جێبەجێکردنی چەند"پرۆژەیەك"، بڕیاریشم نەداوە سەرتاپای کتێبەکە شەن وکەو بکەم و تەنها کار لەسەر گرنگترین بەشی کتێبەکە دەکەم، واتە: هەڵەی رامیاری هایدیگەر

پێشەکی دەبێ خۆشحاڵی خۆم دەربڕم لەبارەی ئەوەی د.محمد کەمال ئاشنایە بە کتێبەکەی(ڤیکتۆر ڤاریاس بەناوی- هایدیگەر و ناسیونال سۆسیالیزم)و لە کتێبەکەی ئاماژەی پێداوە، بەڵام بەداخەوە هیچ سوودی لێوەرنەگرتووە بۆ نزیکبوون لە حەقیقەتی هایدیگەر، بە مانایەکیتر، وەك مامۆستایەکی زانکۆ دەبوو بەباشی لەو هەموو بەڵگەنامە بێشومارانە کە بە پشکنین لەماوەی 11ساڵ لەناو ئەرشیفی کتێبخانەکانی فرایبۆرگ و بەرلین

و ئەوانیتر بەدەستیهێناوە، وردبێتەوە، بەڵام دیارە د.محەمەد پێشوەخت بڕیاری داوە، دوور لە میتۆدی زانستیانە، حزبیانە مامەڵە لەگەل کتێبەکەی ڤاریاس بکات و قەڵەمە سەرتاپا لەناو خوێن نغروبووەکەی هایدیگەرو بەرێگای ئەمەوە تەبابوونی نووسینەکانی نیتشەش لە نازییەت رزگاربکات.

ئەندامبوون لە حزب و دەسەڵاتی فاشیستی بیر یان هەڵەی سیاسی نییە وەك د. محەمەد ناوزەدی دەکات، بەڵکو تاوانە وەك بزووتنەوەی ئەنتی فاشیستەکانی ئەڵمانیا ناوزەدی دەکەن. سەیر ئەوەیە کوردێك بەرێگای هیندستانەوە خۆیی گەیاندوەتە زانکۆی ئوستڕالیاو لەوێوە بەپێچەوانەی گشت زانا کۆمونیست و چەپ و مرۆڤدۆستەکانی ئەڵمانیا، تازە بە تازە بیانوو سازدەکات بۆ نازینەبوونی هایدیگەر.

د. محەمەد لە ئوستڕالیاوە بیانوویەکی درووستکردووە بۆ هایدیگەر کە خودی هایدیگەریش وای نەگوتووە و قبووڵیشی ناکات: بۆ نموونە لە لاپەڕەی 181-182، دەنووسێ: (***بە بیروڕای من هەڵەی هایدیگەر لە هەڵبژاردنەکەیەوە بەسەرۆکی زانکۆ دەستپێدەکات. ئێمە، ئێستا دەتوانین ئەم حوکمە بدەین، چونکە سیاسەتی نا-مرۆڤانەی نازییەکانمان بینی. ئەو کاتە لەسەرەتاوە ئەم سیاسەتە ئاشکرا نەبوو، نازییەکان داوای گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەیان دەکرد. زۆر کەس لەسەرەتاوە دڵیان بەم داواکارییانە خۆش بوو.، بەڵام زوو وەکو هایدیگەر نائومێد بوون و پەشیمان بوونەوە.*** )

ئایا ئەمە داڕشتنی رستە و بەڵگەهێنانی مامۆستای زانکۆیە؟

نا! ئەی بەڕێز، ئایا هایدیگەر پێشتر سیاسەتی (ئەنتی دیموکراسی، ئەنتی کۆمونیستی، ئەنتی جوو، سنتی و رۆما)ی نازییەکانی نەزانی و نەبینی، یان لە سیاسەت و کردەوەکانی حیزبی ناسیونال سۆسیالیزمی کرێکاری ئەڵمانیا ناشارەزا بووە، یان بەڕاستی وەك فەیلەسوفێك، دەیزانی ئەو حیزب و دەسەڵاتە وێرانکارن و جیهان بەرەو وێرانکاری دەبەن و پێی قبووڵ بووە و بە بڕواوە کاری بۆ کردووە؟! خۆزگا داوا شۆڕشگێڕانەکەی هیتلەرمان بۆ روون بکرداباو ئەگەر هایدیگەر نائومێد ببا، ئەوا بۆ نموونە لە لانی کەمەوە، وەك ئاینشتاین و بریخت و بۆل و هەزاران کۆمونیست، ئەنارشیست، سۆسیال، جوو و سنتی و رۆما، بە کاروانی کۆچکردن بەرەو هەندەران، پەیوەست دەبوو.

د. کەمال دەنووسێ: (***بۆ کەمکردنەوەی پاڵەپەستوکەو پاراستنی مامۆستا جووەکان و پەرتووکەکانی پەرتووکخانەی زانکۆ، هایدیگەر بڕیاریدا بچێتە نێو نازییەکانەوە و ئەوەندە دەسەڵاتی هەبێت، زانکۆ و مامۆستاکان لەو گەندەڵییە بپارێزێت. پاش نۆ مانگ هایدیگەر زانی کە کارەکەی بێسودەو ناتوانێت دەسەڵاتی خۆی لە ژوور دەسەڵاتی رامیارییەوە دابنێت، وازی لە کارەکەی هێنا. نازییەکانیش سزایان داو رێگەیان پێنەدا لەوانەگوتنەوە بەردەوام بێت و ناردیان بۆ چاڵ هەڵکەندن- لاپەڕەی 182*** )

کاتێ بەڕێزیان کتێبەکەی(ڤیکتۆر ڤاریاس)یان خوێندووە، دەبوو بەو شێوەیە نەنووسێ، چونکە ڤاریاس بە دوورودرێژی لەبارەی درێژەپێدانی بیرو پەیوەندی هایدیگەر لەگەڵ نازییەکان تا روخانی رژێمی هیتلەر و تا گۆڕبەگۆڕبوونی، نوسیووە، بۆ نموونە(ناوی بەشی سێهەمی کتێبەکە- هایدیگەر و دەزگای ئیدۆلۆژی دەوڵەت: روم و بەرلین-، لاپەڕەی 343- 356). لەم لاپەڕانەدا، هایدیگەر قسەیەکی پێشینانی کوردانمان بۆ دەسەلمێنێ>پەتی

درۆ كورته<:***هایدیگەر لە 1945 ئیدیعای ئەوە دەكات گوایە لە  ساڵی1938وە نـاوی ناهێنرێت وهـەر جۆرە ئاماژەیەك بۆ بەرهەمەكانی، قەدەغەكراوە. لاپەڕەی344***>

راستییەكەی:...ڤاریاس بە بەڵگەوە دەڵێ(نەك تەنها وتارو كۆمێنتـار لـەبارەی نووسـینەكانی هایدیگـەر، بـەڵكو لـە ئۆرگانـە سیاسییەكانیشـدا بـە بـێ كێشـە، بڵاودەبوونـەوە...بـۆ نموونـە لـە — Blaettern fuer Deutsche philosophie -: دوو بابەت لەبارەی نووسینێكی هایدیگەر(لەبارەی كاكڵەی بنـەماكان) و كتێبەكـەی لـەبارەی هۆڵـدەرلین بڵاوكرانـەوە. هـەردوو رەخنەكـە بەشـێوەیەكی پۆزەتیـف لەلایـەن پرۆفیسـۆر برۆنـۆ بـاوخ بەشـێوەیەكی پۆزەتیـف نووسـرابوو. بەڕێوبـەرو خـاوەن ئیمتیـازی ئـەم گۆڤـارە(هـ. هایمسویت)ە كـە كەسـێكی خـاوەن بـڕوای بتـەو بـووە بـە ناسـیونال سۆسیالیزم. ڤاریاس بۆ دەستكەوتنی ئەم زانیارییە، سوپاسی ئوڤە هینینـگ دەكـات كـە لـە ئینسـتیتوتی مـاكس بلانـگ كاردەكـات لـە بـەرلین!). ***لـە بەڵگەنامەیـەك كـە لەلایـەن هاوكـارێكی بەرێوبەرایەتییەكـەی رۆزنبێـرگ نووسـراوە و لـە ئەرشـیفی (ئینسـتیتوتی موینشـن بـۆ مێـژووی هاوچـەرخ)پارێزراوە، ئامـاژە بـۆ كارتێكردنی هایدیگەر دەكات لە زانكۆی براغ لەكاتی داگیركردنیداو بەرێگای سیمینارەكانی پرۆفیسـۆر كـورت شیلینگ(شیلینگ لە 1933/5/1بووە بە ئەندامی ئێن. ئێس. دی. ئـا. پـی و پرۆفیسـۆری فەلسـەفە بـووە لـە زانكـۆی موینشـن و لـە1939بـووە بـە مامۆسـتای فەلسـەفە لـە بـراغ)***. وەك بەڵگەیـەكی تـر بـۆ درۆكردنـی شۆرشـگێرەكە كـاك محەمـەد لـەبواری فەلسـەفە، ڤاریـاس ئـەم نموونەیـە دەهـێنێ: ***بۆ ئـەوەی بۆچوونی رژێـم و لایەنگرەكانی لەبارەی هایدیگەر ببینین ئەوا دەتوانین پرۆسەی دیاریكردنی مامۆستایەك لە زانكۆی موینشـن پاش دەگونجێ. پاش مەرگی بویشنەر لـە سـاڵی1941، زانكـۆی موینشـن بـۆ مامۆسـتایەك دەگـەڕێن، شـوێنی بگرێتەوە. (ئەم بەڵگەنامەیە لە ئەرشیفی زانكۆی موینشن پارێزراوە)***. لە بەڵگەنامەی رۆژی16/یولی/1942، لیستی ناوی  مامۆستاكان نووسراوە و پێشكەش بە وەزیری رایخ بۆ زانست، پـەروەردە و فێركـاری گـەل پێشـكەش كراو كۆمسیونەكە پێكهاتبوو لە بەرێوبەری زانكۆ، پرۆفیسۆر ڤالتەر ڤوست(لە سەركردایەتی رایخی ئێس. ئـێس و پرۆفیسۆری -كلتووری ئاری و زانستی زمان-)...وپلەی تریشی هـەبووە و رۆدۆلـف تیـل(نوێنـەری رابەرایـەتی-ئـێن. ئێس-ی مامۆستایانی زانكۆ). ئەم كۆمسیونە نـاوی مامۆسـتاكانیان ریزكردبـوو و نـاوی هایدیگـەر چـوارەم نـاوە لـە لیستەكە....

ڤاریـاس قـەت مانـدوو نـەبووە لـە گـەڕان و دۆزینـەوە و پێشكەشـكردنی بەڵگەنامـە باوەڕپێكراوەكـانی ئەرشـیفە فـەرمییكان بـە خوێنـەران لـەبارەی پەیوەنـدی هایدیگـەر بـە رژێمـی هیتلـەر. لـە لاپـەڕەی 347، هـاتووە: لـە تێبینییەكـدا لـە سـەنتەری دیكـۆمێنتی بـەرلین گواهییـەك بەدەسـتمان دەدا كـە لـە1944دا بـەهۆی كـەمبوونی كەرەستەی خاو بەگشتی، بڵاوكراوەكان زۆر سنووردار كران یان تەنانەت بڵاوكردنەوە راگیرا، وەزارەت، بەبێ هـیچ مەرجێك، وەرەقەی ناردووە بۆ دەزگای چاپەمەنی كلۆستەرمان بـۆ ئـەوەی بەرهەمـەكانی هایدیگـەر چـاپ بكـەن؛ تێكستەی(Andenken)لە1943بە بۆنەی یادی 100ساڵەی مـەرگی هۆڵدەرلین لەچاپدراو  لە 1944دووبـارە چاپكرایەوە.....هتد >>بەراوردی ئەم بەڵگەنامانە بكەن لەگـەڵ بۆچوونەكەی هایدیگـەرو پـارێزە كوردەكـەی د. كـەمال لـە لاپـەڕەی182-192<< و دەیـان بەڵگـەیتر كـە بـە پێویسـتی نـازانم ئاماژەیـان بـۆ بكـەم و ئـەم ئەركـە

دەخەمــە ئەســتۆی د. محەمــەد کــەمال، بــۆ نموونــە پەیوەنــدی هایدیگــەر لەگــەڵ فاشیســتەکانی ئیتالیــا یــان بۆچوونەکانی لەبارەی (Abraham a Sancta Clara)!...

ئازادی بیروڕا دەربڕین لە کوردستان سـەرەڕای فاولـەکان، دەسـتکەوتێکە نکۆڵی لـێ ناکرێـت، بـەڵام ئـازادی بـەمانا هیگلییەکـەی و پاشـان مارکسییەکەی(تێگەیشـتنی پێویسـتییە). ئایـا ئێمـە پێویسـتیمان بـە کتـێبی(نهێنییـەکانی هیتلەر، ماین کەمف و هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی و نیتشە هەیە؟!) من پێشنیار دەکەم ئەو بڕە پارەیە کە بۆ بڵاوکردنـی کتێـب تـەرخان دەکـرێ، بـۆ بڵاوکردنـی بەرهـەمی مرۆڤدۆسـتەکان خـەرج بکرێـت>مەبەسـتم تـەنها بەرهەمی فکری کۆمونیستی نییە<، نەك بۆ بیرمەندانی فاشییەت، چونکە تەنها ئەڵمانە نازییەکان و نەتەوەییـە توندڕەوەکان بەو جۆرە بەرهەمانە شانازی دەکەن!

پرۆفیسۆر ڤیکتـۆر فاریـاس 11سـاڵ لـە ژیـانی خـۆی بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەبارەی مـارتین هایدیگـەر تـەرخانکردو لـە پـایزی1987دا وەك کتێبێـك لـە ژێـر نـاوی(هایدیگـەر و ناسیونال-سۆسیالیزم)بـە زمـانی فەرەنسـی لـە پـاریس بڵاوکـردەوە. بـەم بۆنەیـەوە، ڕۆژنامـەی لۆمۆنـدی فەرەنسـی نووسـیبووی: (کتێبەکـەی فاریـاس تەقینەوەیەکـە، ئـەوەش نـا لەبـەر هێرشـکردنەکەی، بـەڵکو لەبـەر بـەهێزی). ئارنۆڵـد شـویلزیل لـە وتارێکـدا دەنووسـێ(هـیچ چاپخانەیەکی ئەڵمانیا ئامادە نەبوو ئەو کتێبە لەچاپبدەن-یونگە ڤێڵت،25.5-). بـەڵام لـەپاش11سـاڵ بـە زمـانی ئەڵمانی بڵاودەکرێتەوە. بەداخەوە پێشەکی چاپە ئەڵمانییەکەی لەلایـەن فەیلەسوفی ئـەڵمانی بـەناوبانگ(یـورگن هەبـەماس)ەوە نووسـراوە، چـونکە، بـە بۆچـوونێکی، هـەموو ڕەنجـی(فاریـاس)ی بـەبا داوە! هەبـەماس دەنووسـێ: (بەرهەمــەکانی هایدیگـەر دەمێکـە خۆیـان لـە کەسـایەتییەکەی جـوداکردووە.-ل12-)! ئایـا بـەراسـت مـرۆڤ لـە بەرهەمەکەی جودا دەکرێ؟! بەرای من، چەندە محەمەد لە قورئان و دامەزراندنی دەوڵەتەکەی جویێدەکرێتـەوە؛ سەددام لە بیری نەتەوەیی عەرەبی یان تاوانی ئـەنفال؛ سـەرمایەداری لـە سیاسـەتی داگیرکـردن؛ بریشـت لـە بـیرو مێـژووی کۆمونیسـتەکان جویێدەکرێنــەوە؛ هــەر ئەوەنــدەش دەکــرێ، بەرهــەم و کەسـایەتی هایدیگــەر لــە بــیرو دەسەڵاتی ناسیونال-سۆسیالیزمی ئەڵمانیا، جودا بکرێ.

(فاریـاس) لـە سەرتاسـەری کتێبەکـەی و لـە دارشـتنی پوختـەی تێـزە سـەرەکییەکەیدا، زۆر بـە وردی لـە بـارەی بیروبۆچـوونی پێشـینەی هایدیگــەر دەنووســێ و ئامــاژە بــۆ شــێوەی بیرکردنــی ئۆتۆرتێــت، ئــەنتی سمیــت و ناسیونالیسـتی توندڕەوەکـەی دەکـا کـە پـیرۆزی بـە وڵات دەدا-تێکسـتەکانی لـە سـاڵی1910-یـان ئامـاژەکردن بـە ئەندامبوونی هایدیگەر لـە ریـزی(حیزبـی ناسـیونال-سۆسیالیسـتی کرێکـاری ئـەڵمانی)دا، دەربڕینێکـی پێشـنەبینی ئۆپۆرتۆنیسـتی یـان بەناچـاری تـەکتیکی، نـەبووە، بـەڵکو پێشـتر، واتـە پـێش ئـەوەی سـەرۆکایەتی کـۆڕی زانکـۆی فرایبۆرگ بەدەستەوە بگرێ و لە پاشاندا بە تەواوەتی سەرۆکایەتی زانکۆ و ئەندامبوونی لە حیزب، هەسـتاوە بـە هانــدانی سیاسـی- پراکتیکـی بـە مانـای ناسـیونال سۆسیالیسـتەکاندا؛ ڕەنـج و کۆششـی داوە بـۆ ریفـۆرمکردنی ناسیونال سۆسیالیستی زانکۆ(ل40)؛ پێکەوە لەگەڵ(روزنبێرگ)و پایەبـەرزانی تـری ناسـیونال سۆسـیالیزم و هـانز فرانك(کۆمیساری دادپەروەری رایخ)کاریکردووە بۆ گـۆڕینی(یاسـای رومـی) بـە(یاسـایەکی جـەرمانی)؛ پێکـەوە لـە گەڵ گۆبلز، ڕۆدولف هێس و ئەلفرید ڕۆزنبێرگ لە(خوێندنی باڵای سیاسەت لە بەرلین)بەشداری لـە سمینارەکـان کردووەو لە لانی کەمەوە تا ساڵی1935درێژەی پێداوە.

هایدیگـەر تـا سـاڵی1953دا نــەك تــەنها بەرپــەرچ یـان پێداچـوونەوە لـە بـڕوای بـە>>نـاوەکی حەقیقـەت و گەورەیی<<ناسیونال سۆسیالیزم نەداوەتەوە، بەڵکو هەروا ئامادەنەبووە بە روونی و بە دووبـارەوە رەفزیکـردووە لە تاوانە گەورەو بەتێروتەسەلە لەبەرچاوەکانی رژێمی هیتلەر، پاشگەزبیێتەوە.(ل44). شایان باسە هایدەگەر تـا مردنیشیدا ئامـادە نـەبووە، تـاوانی جینۆسـایدی جووەکـان(هۆلۆکۆسـت)مـەحکوم بکا. لـە گفتوگۆ بەناوبانگەکـەی لەگەڵ گۆڤاری(دێر شپیگل)ی ساڵی1966دا، سەرلەنوێ نازیزم بە"یەکەم هەوڵدان بۆ سـەرلەنوێ بیرکردنـەوە لـە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ تەکنەلۆژیا)بەرزنرخاندووە. لە ساڵی 1934دا، راگەیاندنێك کە لەلایـەن هایدیگەریشـەوە ئیمزاکرابـوو لـە رۆژنامـەی(فۆلکشـە بیئۆبئاختـە)و رۆژنامـە گـەورەکانیتر بڵاوکرایـەوەو تێـدا هـاتبوو: (زاناکـانی ئەڵمانیا پشتیوانی ئیدوەڵف هیتلەر دەکەن)-ل.261-)

پۆسـتمۆدێرنە فەرەنسـییەکان کـە شـاگردی(هایدیگـەر)ن و لەپێشـەوەیاندا(دریـدا، لویتـارد و فۆکـۆ)، بەشـداری مامۆستاکەیان لە دەسەڵات و تاوانەکانی نازیزم، بە ماوەیەکی زۆر کورت، هەڵسـەنگاندووە، بـەڵام ڤیکتـۆر فاریـاس بە درێژایی439لاپەڕەی سەرتاپا بەڵگەنامەی باوەڕپێکراوی ناو کتێبخانـەکانی ئـەڵمانیا، سـەلماندوویەتی کـە ئـەو ماوەیە(1927-1976)هەرگیز ماوەیەکی کورت نەبووەو نییە!!

فاریـاس دەنووسـێ: (لـە سـێنتەری دیکۆمێنـت لـە بـەرلین)، بەڵگەنامەیـەکی زۆرو نـەبینراو لـەبارەی هایدیگـەر دەستدەکەوێت؛ لەوێدا شناسـنامە حیزبیەکـەی بەرچاودکەوێت و تێدا نووسـراوە، کـە(( لـە1/5/1933لـە ژێـر ژمـارەی 3125894(گـاو بـادن)بـووە بـە ئەنـدام لـە حیزبـی ناسـیونال سۆسیالیسـتی کرێکـارانی ئـەڵمانیا و تێـداهاتووە:مـن بـە رەگـەز ئـەڵمانیم و ئـازادم لـە رەگـەزی جـوو یـا رەشپێسـت...). شـایانی باسـە کـە هایدیگـەر تا1945دا وەك ئەندامی حیزبی ناوبراو ماوەتەوە...هتد(لا.137). هایدیگەر لە دیسەمبەری1944، واتە لـەکاتی هــەڵهاتنی لــە فرایبــۆرگی بۆردومــانکراوو هەڕەشــەلێکراوەوە لەلایــەن هاوپەیمانەکانــەوە، بـۆ مـاڵی برادەرێکـی بەناوی(گیورگ پیچت) دەڕوات ولە دەفتەری یادوەرییەکەیدا، دەنووسـێ: (ئـاوابوون جیـاوازە لـە کۆتاییهاتن. هـەر ئاوابوونیك، لەناو هەڵهاتندا بە لەدایکبوون دەمینێتەوە-ل.370)

یـەکێك لـە وتـە بەناوبانگـەکانی هایدیگـەر لـەبارەی فەرەنسـییەکان، ئەوەیـە کـە لـە گفتوگۆکـەی(دێـر شـبیگل)، وتویەتی:(**کاتێ فەرەنسییەك بەڕاستی دەست بە بیرکردنەوە دەکا، بە ئەڵمانی دەپەیڤێ**-ل.44-)!. ئێستا، لە پاش پتر لە نیو سەدە دەبێ بڵێن، ئەو بۆچوونە بەئاشکرا زادەی بیری راسیستیی هایدێگەرەو وسوکایەتی بە کەسـایەتی مرۆڤی فەڕەنسی کـردووە، هـەر وەك"سۆسیالیسـتە ئەڵمانییـەکان وایـە کـە لـەو بـاوەڕەدا بـوون، مـارکس/ئـەنگلس گوتەنی:( **نەتەوەی ئەڵمان نموونەی تایبەتی هەموو نەتەوەکانـە، خوێڕییـەکی ئـەڵمانی ئینسانێکی بێوێنەیـە**- مانیفێستی کۆمونیستی،ل.67-).

لەبەر ئەوەی مامۆستا محەممەد، هایدیگەر بە ئوستادی خۆی دەزانێ، پـێش ئـەم کتێبـە، گفتوگۆکـەی دێـر شـپیگل لەگەڵ هایدیگەر، لە ئەنگلیزییـەوە بـۆ کـوردی وەرگێـڕاوەو لـە زنجیرەی کتـێبی گیرفـان، دەزگـای چـاپ و پـەخشی سەردەم، ژمارە71، 2005، لەژێر ناوی(گفتوگۆیەك لە گەڵ هایدیگەر)، بڵاوکراوەتەوە. لەو گفتوگۆیە، هایدیگـەر بەڕاشکاوی هەڵویستی خۆی دەردەخات و لە پرسیارە گرنگەکاندا، ئوستادانە خۆی دەدزێتەوە، بۆ نموونە:

(دێر شپیگل: ئایا دەزانیت پەیوەندی تۆ لەگەل ناسیونال سۆشیالیستدا جۆرە شەرمەزارییەکەو تاکو ئەمڕۆ لەلایەن تۆوە رەتنەکراوەتەوە. تۆ تاوانبارکراوی بەوەی بەشداری سوتاندنی پەرتووکت لەلایەن خوێندکاران و لاوانی هیتلەرەوە کردووە.

هایدیگەر: من رێگام بە خوێندکاران نەدا لە زانکۆدا پەرتووك بسوتێنن.- لاپەڕەی 29)

وەك دەبینن، بەشی یەکەمی پرسیارەکە، وەلاَم ناداتەوە، بەلاَم ئەمەش دادی فەیلەسوفی نووسەرە کوردە(گیزندلە)کان، نادات، چونکە لەدرێژایی گفتوگۆکەو لەناو وەلاَمەکانی، بە راشکاوی بۆچوونە فاشیستەکەی، بڕگە بڕگە بەدەستەوە دەدا و لە دوا وەلاَم، وێنەی فەیلەسوفێکی فاشیستمان بۆ روونەبێتەوە، بۆ نموونە:

دێر شپیگل: باشە، لە گوتاری بوون بە سەرۆکی زانکۆ بە جۆرێکی نوێتر باستکردووە. چوار مانگ پاش دامەزراندنی هیتلەر بە سەرۆکی رایخ، دەلێیت: (گەورەیی و مەزنی ئەم بەرەبەیانە نوێنە).

هایدیگەر: بەلێ باوەڕم وا بوو.

دێر شبیگل: ئایا دەتوانیت زیاتر روونی بکەیتەوە؟

**هایدیگەر: لەو کاتەدا بەدیلی سیاسیم نەدەبینی. لەنێو سەرلێشێواوی بیروباوەڕکانداو 22 پارتی سیاسی، پێویست بوو بیروباوەڕێکی ناسیونالیستانەو لەسەرو ئەمەشەوە سۆشیالیستانە بدۆزرێتەوە.**

**دێر شپیگل: ...تۆ دەلێیت: هەستم دەکرد شتێکی نوێ لە ئارادایە، بەرەبەیانێکی نوێ.**

**هایدیگەر: دروستە، من ئەوەم دەبینی.**

**دێر شپیگل: ئایا تاك دەتوانێ کاریگەرێتی خۆی بەسەردا بسەپێنێ؟ فەلسەفە بەو کارە هەستێت یان فەلسەفە و تاك پێکەوە کاریگەرێتی خۆیان تۆمار بکەن؟**

**هایدیگەر: بە کورتی وەلاَمت دەدەمەوە کە پاش بیرکردنەوەیەکی دوورو درێژ لە لام پەیدا بووە. فەلسەفە راستەوخۆ ناتوانێت بارودۆخی جیهان بگۆڕێت. ئەمەش بەتەنیا بۆ فەلسەفە نیەو شێوەکانی دیکەی بیرکردنەوەش دەگرێتەوە. تەنیا خوایەك ئێمە رزگار دەکات. رێگەچارەی ئێمە خۆ ئامادەکردنە بە بیرو شیعرەوە بۆ هاتنی خوایەك یام نەبوونی خوایەك لەم سەردەمە کە سەردەمی رووخانە.**

**دێر شپیگل: ئایا پەیوەندییەك لەنێوان بیرکردنەوەی تۆو هاتنی خودایەك هەیە؟ ئایا دەتوانین لە ناوەوەی خۆماندا بیر لەو خوایە بکەینەوە؟**

**هایدیگەر: ئێمە نایهێنینە ئێرە. بەلاَم خۆمان ئامادەی هاتنەکەی دەکەین....بۆ من(<u>هۆلدەرلن</u>)ئەو شاعیرەیە کە خۆی بە داهاتوو دەگەیەنێت، چاوەڕوانی هاتنی خوایەکەو بە تەنیا شاعیرێکی بەر توێژینەوەی ئەدەبی نیە.....**

دیارە، مەبەست لە شتێکی نوێ، حزب و دەسەلاَتەکەی هیتلەرە؛ مەبەستی لە هاتنی خوایەك، خواکانی ئاینە ئەلمانییە کۆنەکانەو لە هەر هەموو روونتر و ترسناکتر ئەم بۆچوونەیە(لاپەڕە61): ئەو ناکۆکییە ناسراوو بەربلاَوەی لە نێوان(دیۆنۆسیس)و(ئەپۆلۆ)دا یان لە نێوان سۆزی پیرۆز و نێنەری بە ئاگادا هەیە، یاسایەکی شاراوەو نادیاری مێژووی چارەنووسی ئەلمانەکانە. پێویستە خۆمان بۆ ئەو رۆژە ئامادە بکەین، خۆمانی تێدا دروست دەکەین. لە گەل ناکۆکییەکدا(نیتشە و هۆلدەرلن)هێمای پرسیار لە بەردەم رۆلی ئەلمانیەکان لە هەلسوڕانی مێژوودا دادەنێین. ئایا ئێمە لەو هێمایە تێدەگەین؟ ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئەگەر تێنەگەین، مێژوو

تۆڵەمان لێدەستێنێت). ئەم دەقە دێر شپیگل بۆ هایدەگەر دەیخوێنێتەوە و هایدیگەر لە وەڵامدا دەڵێ: ئەمەی خوێندتەوە بەشێکە لە وانەکەم بەناوی(The will to pawer as Art)دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1936-1937، لەوانەش دوای ئەو ساڵە نووسرابێت.

ئەرێ! بە بۆچوونی هایدیگەر دەبێ مرۆڤایەتی خۆی بۆ ئەو رۆژە ئامادە و درووست بکات کە نەتەوەی ئەڵمان رۆڵی مێژوویی خۆی دەبینێ و ئەو رۆژە لەناو نەریتی ئۆروپا سەرهەڵدەدات.

کاتێ دێر شپیگل پرسیار دەکات: تۆ ئەم رۆڵە بە ئەڵمانیەکان دەدەیت؟

هایدیگەر بە پڕوییەکەوە دەڵێ: بەڵێ، لەم رووەوە من لەگەل(هۆڵدەرلن) دایەلۆك دەکەم.

دوور نییە د. کەمال هەر بەم ماناو تێگەیشتن و مەبەستە، بانگەوازی کوردان بکات بۆ ناسیونال سۆسیالیزمی کوردی، چونکە ئێستا نەك تەنها22پارت، بەڵکو زیاتر لە22حزب، گروپ، رێکخراو وکۆمەڵەی جۆراوجۆر لە کۆڕەپانی کوردستانی باشوور چالاکن و بۆ ئەوەی کوردان لەم"سەرلێشێواوییە" دەربچن و بەدەوری"نوخبە رۆشنبیرە سەربەخۆکان"وەك د. کەمال، هەندرین، بەکر عەلی، رێبین هەردی، بەختیار عەلی، جەمال پیرە، فاروق رەفیق(بسمارکی کورد کە بێگومان وەك بیسمارك، هاوبیرە کوردەکانی لیبخنت و بیبلێ و مارکس، بە تومەتی خیانەتی گەورە، زیندانی دەکا و هەڕەشەی دەستگیرکردنیان دەدا، ئەگەر بێتو سەردانی کوردستان بکەن!- نامەکانی مارکس و ئەنگلس، لاپەڕە300، 317. ئەو بیسمارکە کە مارکس پیدەڵێ: **وەك ناپلیون، دڕندەیەکی رسوایە)**، مەریوان قانع، شوان ئەحمەد و"کۆمپەنێکە"...هتد کۆببنەوە!

فەیلەسوفی مارکسی جۆرج لۆکاش لە گفتوگۆیەکدا دەڵێ : **پێویست بە گوتن ناکات، هایدیگەر نازی بوو. لەم بارەیەوە هیچ گومانێکم نیە، جگە لەمەش، ئەو بەردەوام کەسێکی کۆنەپەرەست بووە.** (فەلسەفە و میتۆد، لاپەڕەی 112، وەرگێڕ هادی محەمەدی،2006، چاپخانەی بینایی)

کاتێ ڤاریاس هەوڵدەدا بۆ نووسینی شاکارەکەی، دەستنووسی ئەو گفتوگۆیە دەست بکەوێ، ئیدارەی گۆڤارەکە رێگریان لێکرد!

لە وتارێکی(دەستپێشخەری سۆسیالیستەکان لە فرایبۆرگ-ISW-) بە ناوی(ئیدۆلۆژیای دیسکۆرس) دەنووسن:(هایدێگەر فەیلەسوفی کۆمەڵکوشتنە، وەك چۆن کارڵ شمت یاساناسی بووە، ئیدوەڵف هیتلەریش رێکخەریە.)

کێن ئەوانەی وا نیتشە، مارتین هایدێگەرو ئەوانیتر بەرز هەڵدەسەنگێنن؟ دەیانەوێ چی بڵێن و بە چی بگەن؟ بۆچی سەرلەنوێ لە کون و قوژبنی زانکۆکانی ئەڵمانیا، ئێران، وڵاتە عەرەبییەکان، ئوستڕالیاو لەلایەن چەند کوردێکی"سەربەخۆ و بێ ئایدلۆژیا"، لێکۆڵینەوەو مشتومڕو بڵاوکراوە لە بارەیانەوە گەرم دەکەن؟

بە دەگمەن زانای زانکۆ یا نووسەرو سیاسەتمەدار هەیە، باس لە هایدیگەر بکەن، بەبێ ئەوەی بتوانن باز بەسەر کتێبەکەی فاریاس بدەن:

لە25/یونی/1933، بەیادی ئاهەنگێڕانی(Sonnwendfeier) کە لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم، کارەکتەری شێوە پڕۆتێستێکی بینی لە دژ رێککەوتننامەکەی فەرسای، هایدیگەر، وەك سەرۆکی زانکۆ، لە وتەکەیدا لەبەردەم

هەزاران قوتابی و ئاگرێگی گەورە، وتی: (ئەی بڵێسە، ئاگادارمان بکە، رووناکیمان پێبدە، ئەو رێگایە پیشانبدە، کە گەڕانەوەی تێدا نییە!- هەمان سەرچاوە،ل175)

لە نامیلکەی(هێراکلیت)دا گیانی نەتەوە، ئەنتی ئەمریکانیزم-بەو مانایەی ئێستاش- دەردەبڕێ و هێشتا هەر ئومێدی بە سەرکەوتنی هیتلەر دەبێ، هەروا بوونی ئەڵمان بە ئامادەبوونیان بۆ خۆبەکوشتدان لە جەنگی جیهانی دووهەم و لەپێناو سەرکەوتنی فاشییەت هەڵدەسەنگێنێ و دەنووسێ: (ئێمە ئیمڕۆ دەزانین کە جیهانی ئەنکلۆسەکسۆنی ئەمریکانیزم بڕیاریداوە، ئۆروپا، واتە وڵات و واتە سەرەتای رۆژئاوا لەناوببەن...هێشتا تاقیکردنەوەی حەقیقی و گەورەی ئەڵمانەکان لەپێشدایە، رەنگە پێی نەزانن کەوا لە دژی ئیرادەیاندا تاقیدەکرێنەوە، داخۆ تەبا و رێکن لە تەك حەقیقەتی بوون، ئایا ئامادەبوونیان بۆ مەرگ بە قەت پێویست، بەهێزە....).

دەمێکە، پێشی دەسەڵاتوەرگرتنی نازییەت،(ئەنتی سمیتیزم) لەلای هایدیگەر ریشەی هەبووەو لە نامیلکەی (دەروازەیەك بۆ ناو میتافیزیك، لا28، 1953)دەریبڕیوە؛ بۆ نموونە، جوو بە: (جنۆکە)ناودەبا، یا بەم شێوەیە:(**رێکخراوە بێ زەمینەکانی مرۆڤە ئاساییەکان لە رووسیا و ئەمریکا، گەلی ئەڵمانیان گەماروداوە**). جگە لەو بۆچوونانە، هایدیگەر بە شێوەیەکی دڕندانە، وەك بڵێی بەخۆی بڕیاری سووتاندن و کوشتنی جووەکانی دابێ، لە1949، لە وتارێکیدا لە شاری بریمن، دەڵێ: (**ئێستا کشتوکاڵی بووە بە پیشەسازی خۆراکی مۆتۆریزەکراو، لە جەوهەردا، وەك فابریکاتسیونی لاشەکان لە ژووری بە گازکوشتن و ئۆردوگاکانی لەناوبردن، هەمان شتە، وەك ئابلۆقەدان و برسیکردنی وڵاتان و هەمان شتە وەك فابریکاتسیونی بۆمباکانی ماددەی ئاووی**.-هەمان سەرچاوە، ل386))

لە خۆڕا نییە، پرۆفیسۆر(مارتین پوپەر)خەڵاتوەرگری کتێبخانەی ئەڵمانیا لە1953گوتویەتی: (هایدیگەر: هیتلەری هزرە)!؛ یوئاخیم بروین ناوی وتارێکی دەنێ: (**فەلسەفە بۆ لەکەدارکردنی گوڕستان-مەبەستی ئەوەیە، نازییەکان گۆڕی جووەکان بە رەنگ، سمبول و وتەی خۆیان، لەکەدار یان وێران دەکەن**)

لە 28ی ئۆگۆست/1947 ، هێربەرت مارکۆزە نامەیەك بۆ هایدیگەر دەنووسێ و داوای لێدەکا پاشکەزی خۆی رابگەیەنێ لە نازییەت یان لە کوشتنی ملیونان جوو، ئەویش بەم شێوەیە لە 1948/1/20 وڵامی دەداتەوە: (...چەند سەختە گفتوگرکردن لە گەل مرۆڤێکدا کە لە1933وەوە لە ئەڵمانیا نەبووەو سەبارەت بە سەرەتاو کۆتایی بزووتنەوەی ناسیونال سۆسیالیست حوکمدەدا. هەروا سەبارەت بە پابەندبوونی بە رژێمی نازی دەنووسێ:>>لەبارەی خاڵی سەرەکی نامەکەتان دەمەوێ ئەمانەی خوارەوە بڵێم: لەبارەی1933: **من چاوەڕوانی ئەوە بووم لە ناسیونال سۆسیالیزم دەکرد، نۆژەنی رۆحی بکا بۆ هەموو ژیان، ئاشتبوونەوەی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان و بوونی رۆژئاوا لە مەترسی کۆمونیزم رزگاربکا. من ئەم بیروباوەڕە لە گوتارەکەمدا بە بۆنەی بوونم بە سەرۆك زانکۆ، دەربڕیوە(هەمووتان خوێندووەتەوە؟) و لە وتاری(جەوهەری زانست)رامگەیاندووە- ل372-374).**

وڵامەکەی هایدیگەر بە نامەکەی هێربەرت مارکۆزەو بۆچوونەکەی لە نامیلکەی(هێراکلیت)ئەوەیە، لەلایەکەوە، چارەنووسی جووەکان پێشی1945لەگەل ئەلمانیای رۆژهەڵات لەپاش1945دەشوبهێنی وبە یەکچاو تەماشادەکات.

بەم شێوەیە بەربەرییەتی نازیزم وەك بەرپەرچێكی سرووشتی دەنرخێنێ! ئەم هەڵویستە، لایەنێکە لە تیئۆری بیرمەندانی تیئۆری تۆتالیتاریزم کە دەڵێن:(لەجەوهەردا، فاشیزم و دەسەڵاتی سۆڤێتی لێکدەچن-ئۆتۆ ویلز، کارل یوئاخیم-؛ فاشیزم و بەلشەفیزم چومکن- ئۆتۆ ویلز-)؛ لەلایەکیترەوە، هایدەگەر بە زەقی خۆیی رسواکردووە، چونکە لە وڵامی نامەکەی مارکۆزە دەنووسێ:(..ئەوەی لە1945وە روودەدا، لەلایەن رای گشتی جیهانەوە شاراوە نییە، لەکاتێکدا، تیرۆری خوێناوی نازیزم، بە راستی لە بەردەم گەلی ئەڵمانیدا، بە نهێنی راگیرا.)

ئەم بیانووە لەبارەی تاوانە درندەکانی نازییەکان، لە دەم زۆر ئەڵمانیدا گوێمان لێ دەبێ. بەڵێ تاقە وڵام ئەمەیە: نەمانزانی! نەیانزانی لەسەر دیوارو رۆژنامەو گوتارو رادیوی نازییەت بانگەوازی(هیچ لە جوو مەکڕە) بڵاودەکرایەوە؛ نەیانزانی ماڵ بە ماڵ و کۆڵان بە کۆڵان ودانە بە دانە جووەکانیان دەستگیر دەکرد؛ نەیانزانی کێ لەناو ئۆردوگای قەڵاچۆکردنەکان بەندکراوە...هتد!

ئا بەو شێوەیە، هایدیگەر دەیەوێ بە هەموو ئەقڵییەوە، خۆی و گەلی ئەڵمانی لە تاوانەکانی نازییەت ئازاد بکات! لە پاش روخاندنی دەسەڵاتی نازی لە 1945، ماڵی هایدیگەر لەلایەن سوپای فەرەنسانەوە، داگیردەکرێ و خۆیشی لە زانکۆ دەردەکرێ.

ئایا ئەنتی سمتیزم، ئەنتی کۆمونیزم، ئەنتی ئەمریکانیزم ، ئەنتی دیموکراسی و نازیبوونی هایدیگەر، هۆی سەرەکی ئەوە نییە(بۆ نموونە)زاناکانی ئیران وەك عەبدوڵڵا سروش و رەزا داوەری ئەرکانی-سەرۆکی ئەکادیمیای زانستەکانەو بەلایەنگیری"پۆستمۆدێرنە"حیساب دەکرێ-، ئەو بایەخە گەورەیە پێدەدەن؟[1]؛ کتێبی(فەلسەفەی هاوچەرخ لە ئۆروپا) لە نووسینی ا.م. بوشنسکی، بە تاقە ووشەیەکیش ئاماژە بۆ نازییەتی هایدیگەر نەکردووە، بە پێچەوانەوە، بەم شێوەیە وەسپی دەکا (بیرمەندێکی زۆر رەسەنە، بۆیە پرسیارکردن لەبارەی کارتێکردنی ئەوانیتر بەسەریدا، بایەخێکی گەورەی نییە.-ل271).

بەڵام یەکێك وەك بیرمەندی گەورەی ئەڵمان تیودۆر ئەدۆرنۆ لە کتێبی( jagon der Eigentlichkeit)رەخنەی کەمەرشکێنانە ئاراستەی هایدیگەر دەکا و فەلسەفەکەی بە فەلسەفەی نازی، دیاریدەکات. بە بۆچوونی ئەدۆرنۆ، ئەوەی لەلایەن هایدیگەرەوە بە(Seyan) ناودەبرێ، بۆ نازییەت(گەل)و چارەنووسی کۆمەڵە.

فاریاس لە وتارێکدا لە ساڵی1999، بەم شێوەیەی خوارەوە، سەرکەوتنێکی تر بۆ خۆی تۆماردەکا: (سکەنداڵەکە ئەوە نییە کە تا ئیمڕۆ هیچ"زانایەکی رێزدار"لە ئەڵمانیا و ئۆروپا نییە، خۆیی ماندوو کردبێ، لەبارەی زانیارییەکانی ناو ئەو هەموو دوکومێنتە رێگەپێدراوانە بە شێوەیەکی شیاو لێکۆڵینەوە بکەن؛ سکەنداڵەکە ئەوە نییە کە پەیمانگە، کۆنگرەو سمینارەکان لەبارەی ئەو بابەتانە کە بەهۆی کتێبەکەی منەوە ئەکتوێل بووە، بۆ ئەوەی لە گفتوگۆکردنەکاندا بەشدارینەکەم، بودجەکەیان خەرجدەکەن، و هەروا سکەنداڵەکە ئەوە نییە کە رۆژنامەیەکی"لیبڕاڵ"وەك فرانکفۆرتە ئەلگماین و رۆژنامەی(نۆیە تسویرش) ئەو مافەم پێ رەوا نابینن، وەڵامی رەخنەگرەکانم بدەمەوە، تەنانەت دەزگای بڵاوکردنەوەی(ئەڵمانی، ئیسپانی و مەکسیکی)یش رەفزدەکەن، کارەکەم بڵاوبکەنەوە...نەخێر، سکەنداڵەکە ئەوەیە، یاخییەکی"جیهانی سێ"(گی ڤاتیمۆ)، ئارەزوومەندانە"بابەتی

[1](یورگن هابەرماس، گۆڤاری فکر و هونەر، ژمارە76، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بڕوا عەلادین )

سەرەنجڕاکێش"بڵاودەکات؛ (ئیرنس نۆلتە): متمانەی بەخۆی هەیە تف بکاتە ناو شلەی کلتوری ئەڵمانیا و فەرەنسا؛ ئی مارتیناو: بەبێ ئەوەی سەعاتێکیش هایدیگەری خوێندبێتەوە(دریدا)؛ خۆشبەختانە بیرو بۆچوونیتری هەیە کە نەختێك شتی هۆشمەندانە لەبارەی بابەتەکەوە گوتووە...هتد) –Bahamas30,1999-.
هەر لەهەمان ئەو وتارە، ئاماژە کراوە بە رەخنەی چەند نووسەرێك کراوە، بۆ نموونە، ئۆتۆ پوگلەر- دەنووسێ: ئەو کتێبە، رق وکینەی کابرایەکی تشیلییە کە بیرو بۆچوونی ئەڵمانی و یونانی لەمەڕ فەلسەفە، قبووڵ نییە...هتد).

رەچەڵەکی بیروبۆچوونەکانی فەیلەسوفانی"پۆستمۆدێرن"بە پلەی یەکەم، بریتین لە بیرو بۆچوونەکانی نیتشە و هایدیگەر، بە تایبەتی لە پەیوەست بە پەرتووکە هەرە گرنگەکەی یەکەمیان( Zu Genealogie Der Moral لەبارەی ریشەی رەوشت -کە درێژەپێدانی کتێبی(Jenseits von Gut und Boese))یە.

لەراستیدا، لەناو جیهانی ئاڵۆز وچڕوپڕی فەلسەفدا، لە گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکان، باس و رەخنەو لایەنگیری لە مۆدێرنیتە و پۆستمۆدێڕنە دەکرێ، بەڵام بەداخەوە، بەبێ ئەوەی چوار کتێب و سەرچاوەی فەلسەفی بەزمانی کوردی شك ببەین؛ ئێمە باس لە زاراوەی پێشکەوتن و مێژوو دەکەین بە بێ ئەوەی بڵێین بە دیدی کامە رەوت و چین و لە چ قۆناغ و بارودۆخێدا!

هایدیگەر-باوکی"پۆستمۆدێرنەکان"- دەڵێ: ئەمێستا ئەرکی ئەقڵ لەوەدا دەبینم، لە سنوورەکەیدا هاریکارییەك بکا کە مرۆڤ، بەگشتی، یەکەمجار بگات بەپەیوەندییەکی زۆر بەرفراوان لەگەل جەوهەری تەکنیك. ناسیونال سۆسیالیزم بەراستی بەو ئاراستەیە رۆیشت، بەڵام ئەوانە لە بیرکردندا، زۆر نەزان بوون، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی روون و ئاشکرا لەگەل ئەودا دەستکەوێ کە ئەمڕۆ روودەداو300ساڵە بە رێگاوەیە. شبیگل، گفتوگۆ، ل 105)....

بۆ ئەوەی ئیتر دوا گومان لەبارەی فەیلەسوفی درندایەتی لە گۆڕ بنێم، ئەم پرسیارە دەکەم: بۆچی هایدیگەر لە دوا ساڵەکانی ژیانی، دووبارە پەنا بۆ ئەو نووسینە دەبات کە لەسەرەتای نووسینیدا، بڵاوی کردووەتەوە، واتە:(Abraham a Sancta Clara)و لە شارەکەی خۆی(مێسکیرش) سیمینارێك رێکدەخات؟ ئەم کەسایەتییە کێیە کە هایدیگەر بە پزیشکێك<روحی گەل>بەرزنرخاند؟

هایدیگەر لە سیمینارەکەی، دەڵێ:

**(لەنێوەی دووهەمی سەددەی17 و ئاشتی ڤێستڤال لە1648، بەهیچ شێوەیەك کاتی ئاشتەوایی نەما. سەرەڕای جەنگی گەورە، وێرانکاری و برسێتییەکی زۆر بەدوای خۆی بەجێهێشت،** جەنگ و هەڕەشەو برسێتی و نەهامەتی نوێ رووی تێکردن. لەشکری بێگانە وەڵاتەکەیان داگیرکرد. پەتای تاعون لە ڤییەنا بڵاوببوەوەو تورکان بەردەم دیواری شارەکەیان گرتبوو. جەنگ و ئاشتی، ترسناکی مەرگ و ئارەزووی ژیان بەتوندی لەتەنیشت یەکتر راوەستابوون.

ئایا مەبەستی ئەبستراکتی هایدیگەر لەم گەڕانەوەیە بۆ ئەو سەردەمە، سەردەمی روخاندنی دەسەڵاتەکەی نییە؟.

ئەبرەهام، بڵاوبوونی بەتای تاعون خستە ئەستۆی جووەکان و تورکان بە نموونەی بەربەرییەت و شەڕەنگیزی بیانی دەزانی. ئەو رستەیە کە هایدیگەر لەمەیانی قسەکانی درێژەی پێدا، ئەوەندەی تر شتەکەی ئاڵۆزکرد: **(بۆیە**

**ئەبرەهام ئەی سانستا کلارا لەم کاتەدا گوتی: مرۆڤ دەتوانێ لەلای ئێمە بزانێ بۆچی، هەژاری و دلۆڤانی خودا لە یەك رۆژداو ئاشتیمان ئەوەندە لە جەنگ دوورە، وەك دووری ساکسن هاوزن لە فرانکفۆرت)**

لە 1964 هەموو ئەڵمانییەك دەیزانی کە ساکسن هاوزن، بەشێکە لە شاری فرانکفۆرت و لەهەمان کاتدا ناوی زیندانێکی کۆمەڵکوژی رایخی سێهەم بوو لە نزیك بەرلین و بە هەمان شێوە هەموو کەسێك دەیزانی کە پرۆسەی دادگاییکردنی(ئاوسشڤیتس) لە فرانکفۆرت بەڕێوەدەچێت و هەموو رای گشتی ئەڵمانیای دەهەژاند.

ڤاریاس پرسیار دەکات: ئایا ئەو دەربڕینە رێکەوتە؟

هایدیگەر، مەرگە(Der tot ist ein Meister aus deutschlsnd- مەرگ، مایستەرێکی ئەڵمانە!)، بۆیە کتێبی"هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی" خزمەت بە پێشکەوتن و رۆشنبیری هاوچەرخی مرۆیانەی ژێردەستەکانی کوردستان ناکات، هیوادارم دەزگاکانی چاپکردن، کەسانی بەڕاست پسپۆڕ دامەزرێنن بۆ رێگەکرتن لە بڵاوکردنی هزری تاوانکاری- نەك وەك پسپۆڕانی ئەو دەزگایە کە چیرۆکێکی زۆر بۆ منداڵان بڵاوکردەوە، بەڵام سەرتاپایان پڕن لە هەڵەی چاپ و رێزمان و داڕشتن-. خوزگا د. محمد کەمال کە ئێستا لە ئوستراليا دەژێ، خەریکی لێکۆڵینەوە ببێت لەبارەی ژیان و پەروەردەو ژینگەی گەنگەرو کە لەوانەیە لەرادەبەدەر سوودمەند بێت بۆ ئێستا و داهاتووی هەژارانی کوردستان، چونکە: 1- لە قورئاندا، گۆشتەکەی"حەرام نەکراوە"، بەلەزەت و هەرزانە. 2- بەچکەی روح سووکی دەبێ.

ئایا ئێمە دەتوانین لە کوردستان لەبری بڵاوکردنی بیری فاشییەت، کەنگەرو بەخێوبکەین؟!

2007/10/16-9

# (رەش-بیرەکانی) کۆسا نۆسترا لە کوردستان!

(پەیمانگەی ئینتەرپرایزی ئەمریکی و مایکل روبن وەك نموونە)

لەبەر ئەوەی زۆر کەس هەیە خۆیان لە مرۆڤی ئۆروپی و ئەمریکی، کەمتر دەزانن، بۆیە دەبینین حزب و رێکخراو وکەسانی گەندەڵ و تاوانباری ئەو وڵاتانە وەك ئازادیخواز و لایەنگری دایەروەری بە خەڵکی نەگبەتی وڵاتەکەم دەفرۆشنەوە و مایکل رۆبن و پەیمانگەی ئینترپرایزی ئەمریکی نموونەیەکیانە. ئایا پەیمانگەی ئەنتەرپرایز کێن و چیان کردووەو چی دەکەن؟

**وتارەکەی مایکل رۆبن بۆ خەڵك خوێنرایەوە**

لە وتارەکەی ناوبراو بۆ خۆپیشاندەرانی ئازادیخوازی سلیمانی، هاتووە(ئەمریکا پێویستە لە دەسەڵاتدارانی ئێوە زۆر تووڕە بن....ئێمە ئەمەمان کرد بۆ دەستەبەرکردنی حوکمی یاسا و دادپەروەری).

لەبەر ئەوەی رۆبن پێیوایە ئێمە بێئاگاین لە ناعەدالەتی، هەژاری و گەندەڵی و لانەوازی و قەرزاری هاوڵاتییەکانی ئەمریکا، بۆیە هاتووە وەك رزگارکەرێك قسەمان بۆ دەکات. حکومەتی ئەمریکی و پەیمانگەی ئینترپرایز بەهۆی چەندین جەنگ و پشتیوانیکردنی حکومەت و رێکخراوە تیرۆریست و دیکتاتۆرییەکان و پێشێلکردنی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووە، بە گەندەڵی و تاوان، تاوانبارن و پێشی هەموو شتێك خیانەت لە پەیامەکەی ئیبراهیم لینکۆلن دەکەن! رۆبن و پەیکانگەکەی دەبێ بە زووترین کات بۆ بەردەم دادگا راپێچ بکرێن!

**گەندەڵی و تاوانکاری پەیمانگەی ئینتەرپڕایزی ئەمریکی**

هێشتا راپۆرتەکەی کەشوهەوای جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاونەکرابووەوە، لۆبی پیشەسازی بڕە پارەیان تەرخان کرد بۆ لێکۆڵەران تا راپۆرتی نابراو بە هەڵە بخەنەوە. وەك(گاردیان) ئیمرۆ لە کۆتایی دیداری پسپۆڕان لە پاریس بڵاویکرەوە<پەیمانگەی کۆنەپارێزی ئەمریکی(ئینتەرپڕایز) 10هەزار دۆلار و نرخی هاتووچوو بە هەر زانایەك دەدەن بۆ بەرگرتن بە راپۆرتی نابراو>

لە درێژەی وتارەکە هاتووە: ئینتەرپڕایز یەکێکە لە(تینك تانك)ە کاریگەرەکانی کۆنەپارێزە نوێکانە کە رۆڵی سەرەکی بینیوە لە جەنگی عیراق.... کۆمپانیای نەوتی(ExxonMobl) سپۆنسەری ئەم پەیمانکەیە و بۆ ئەو مەبەستە 1،6ملیون دۆلاریان بۆ خەرجکردووە. قسەکەرێکی کۆمپانیاکە وتی کۆمپانیاکەمان ساڵانە 1٪ لە داهاتە گشتییەکەی بۆ ئینتەرپەڕایز تەرخان دەکات. ئەم پەیمانگەیە پەیوەندی نزیك لەگەل ئیدارەی بوش هەیەو زیاتر لە20کارمەندی، جاران وەك راوێژکار لە حکومەتی بوش کاریان کردووە.

زانایان لە راپۆرتەکەی پاریس هیچ گومانێکیان نەهێشت لەوەی کە مرۆڤ هۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوای سەرزەمینە...سووتەمەی وەك خەڵوزو نەوت لەو پەرەسەندنە بەرپرسیارە. مرۆڤایەتی هەڕەشەی رەشەبای زەبلاح و بەرزبوونی ئاستی دەریا و قۆناغی وشکایی لێدەکرێ.

**مایکل خۆی بە قسەکەری خەڵك دەزانێ!**

بین ستیوارد(چالاکوانێکی رێکخراوی ژینگەپارێزی گرین پیس)بە توندی رەخنەی لە ئینتەرپرایز گرت و وتی: ئینتەرپەرایز لە فابریکێکی هزر زیاترەو کرێگرتەن و وەك رۆشنبیر، کۆسا نۆستڕای حکومەتی بوشن. ئەمانە نوێنەری کۆشکی سپین لە بواری حاشاکردن لە گۆڕانی ژینگە....ئەوانە لەئاستی زانست و رەوشت دۆڕاندیان و ئەوەی دەیانەوێت بریتیە لە جانتای پڕ لە پارە.

ئایا مایکل رۆبن و برادەرو دۆستە کوردە رەشبیر و بەرپرسی هەندێ رۆژنامە و گۆڤارە کۆسا نۆستڕای کۆنەپارێزە راستڕەوەکانی ئەمریکا نین لە کوردستان؟!

تۆماس پانی لە2007/2/2لە وتارێك بەناو(هاوپەیمانیەکی بکوژ)دەنووسێ: لە لێکۆڵینەوەکەی ئەنجومەنی کەشووهەوای(UN) کە ئیمرۆ لە دنیا هەڵای نایەوە، هاتووە: (بەڕوونی دەرکەوتووە کە مرۆڤ بەرپرسە لەبەرامبەر گۆڕانی کەشوهەوا...پەیمانگەی ئینتەرپرایز پارەیەکی زۆری تەرخانکردووە بۆ زانا، سیاسەتمەدارو ئابووریناسەکان تا وتار دژ بە راپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەدا بنووسن و لە"گۆڤارە سەربەخۆکان"بڵاوی بکەنەوە....ئەم هەوڵە لە بەرژەوەندی"هاوپەیمانییەکی بکوژ"ی زلهێزە...جاران لی رایموند(جێگری سەرۆکی پەیمانگەی ئینتەرپرایز)بەڕێوبەری کۆمپانیای نەوت(ExxonMob)بوو.

هەروا پەمانگەکەی رۆبن شانبەشانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کۆبوونەکەی(براتسلاڤا)ساڵی2000بەشداری کرد!

لەم کۆبوونەوەیە بڕیاردرا بۆ پێشێلکردنی رێککەوتنەکەی هیلسنکی بۆ(پێکەوەکارکردن و ئاسایشی ئۆروپا). ئیمزاکەرانی ئەم رێککەوتننامەیە(ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی ئۆروپا)بە ئەرکی خۆیان زانیوە ((لە داهاتودا هەرگیز نابێ رێ بدرێ بە بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ گۆڕینی سنوورەکانی دەوڵەتانی ئۆروپا.))

مایکل رۆبن باسی یاسا و عەداڵەت دەکات، بەڵام ئایا دەزانێ ماوەی پتر لە 20 ساڵە زیندانی سیاسی و رۆژنامەنووس مۆمیا ئەبو جەمال(سەر بە رێکخراوی پڵنگی رەش) بەناهەق زیندانی کراوەو لەوانەیە لە هەر کاتێك لەسێدارەی بدەن، بەڵام سەرەڕای نارەزایەتییە جیهانییەکان، هێشتا هەر ئازاد نەکراوە. لە وڵاتە"ئازادەکەی برادەرە بێلایەنەکەمان"مافی مانگرتنیش لە کرێکاران قەدەغە دەکرێ!

شایانی باسە پەیمانگەی ئینتەرپرایز لە1943دامەزراوە وەك دەزگایەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە بۆ بەرگی لە سیستێمی سەرمایەداری و رەفتاری کۆمپانییە گەورەکان و بەرژەوەندیەکانیان، بەڵام پاشان بواری خوازراوی بەرفراوانتر بوو.

**ئایا کوردستانی عیراق هاوپەیمانێکی باشە؟**

ئەوە ناوی ئەو راپۆرتەیە کە لەلایەن ئینتەرپرایز لە 13ی ئاب/2008بلاوکراوەتەوەو نووسەرەکەی(مایکل رۆبن)ەو تێدا بە تووندی رەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگرێ و هەندێ نهێنی ئابرووچوونەو مەترسیدار دەردەخات. لەو راپۆرتە(پارتی کرێکارانی کوردستان)بە تیرۆریست ناودەبات و دەنووسن"تیرۆرستییەکەی دۆزی نەتەوەی کورد پیس دەکات... هەردوو حزبەکە بە بەمامەڵەکردنیان لەگەل ئیران، خیانەتیان لە متمانەی ئەمریکا کرد"...و زۆر شتی تر.

ئینتەرپرایز لە13ی ئاب/2008

**جاش و موستەشارە کوردەکانی ئینتەرپرایز!**

زۆرێك لە رۆژنامە، گۆڤارو كەناڵی تەلەفزیونی بەشێوەیەك باسی پەیمانگەی ئینتەرپرایز و مایكل رۆبن دەكەن، وەك بڵێی رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسایەتی بێلایەنن و کارەکەیان تەنها ئەوەیە بەشێوەیەکی مەدەنی و ئاشتیخوازانە کاردەکەن.

ئەمە درۆیەکی شاخدارو مەترسیدارە، گاڵتەکردنە بە خوێنەر و خەڵکی کوردستان، چونکە:

1- کارل روف یەکێکە لە سەرانی ئەو پەیمانگەیە و هاوکات یەکێك بوو لە گەورە موستەشارەکانی جۆرج بوش و نزیکە لە زانکۆی (بۆب جۆنس) لە ساوت کارۆلینا(سەنتەرێکی راستڕەوە توندڕەوەکان)ەو هەر خۆیشی سەرپەرشتی هەڵبژاردنی (بوش)ی کردووە. کارمەندانی ئەم پەیمانگە"سەربەخۆیە" وەك مایکل لادین و (جاشوا میرۆفیك) پێکەوە لەگەل هەڵۆ کۆنەپارێزەکان وەك جیمس ولسی(سەرۆکی رابردووی هەواڵگری ئەمریکا)، جاك کامب(کاندیدی حزبی کۆمارییەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا1996 و یاریدەری وەزیری بەرگری بۆ سیاسەتی ئاسایشی نیودەوڵەتی)کاردەکەن، واتە"دەستی شاراوە"ی وەزارەتی دەرەوەو بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکان. یەکێك لە گەورە لێکۆڵەری ئەو پەیمانگە"بێلایەن و زانستی و ناحکومییە"ناوی (جۆن بولتن)ە کە بالیوزی ئەمریکا بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەم"ئەستێرە بێلایەنە" لە 2010/8/29بانگەوازی بۆ بۆردومانکردنی بنکەکانی پیتاندی ئەتۆمی ئیرانی کرد. ئەم کامەندەی سەر بە رێکخراوێکی"ngo"ە لە وتارێکیدا لە رۆژنامەی وول ستریت ساڵی 1997نووسیویەتی(ئەو پەیماننامە نیودەوڵەتییانە کە ئەمریکا مۆری دەکات یاساگەلێك نین رێزیان لێ بگیرێت، بەلام وەك پێویستییەکی سیاسی زیانی نییە لەگەل گۆڕانی بارودۆخ لێی پاشگەز ببینەوە).

کۆنەپارێزە نوێکان بەیەکچاو تەماشای نازیەت، شوعییەت و بزووتنەوە ئیسلامیەکان دەکەن، ئێستا ئیتر منیش سەیرم نایەت لەوەی کە (رەش-بیران)، هەندێ گۆڤار لە هەرێم وەك سەگی هار هەمان ئەم کارە ئەنجامدەدەن.

**ئاژاوەی داهێنەرانە!**

ئەمە تیئۆری گەورە فەیلەسوفی کۆنەپارێزە راستڕەوەکانە(لیڤی شتراوس)ە کە کۆنەپارێزە راستڕەوی ئەمریکا کاری پێدەکەن. ناواخنەکەیشی ئەمەیە: جەماوەر لەناو هەرانانەوە غەرق بکەن تا نوخبە بتوانێ جێگیربوونی بارودۆخەکەی دابین بکات). لە ئەمریکا شتراوسییەکان ناسراون و گۆڤاری(کۆمینتەری)دەردەکەن. پرۆفیسۆر نۆرمان پۆتهۆراس سەرپەرشتی دەکات و بە گرنگترین بەرهەمی کۆنەپارێزەرە نوێکانە.

**مافیای چەك و ئەتۆم لەسەرووی یاسان!**

لە وڵاتی(ئازای سەرمایەی دارایی، کۆمپانیای بانناسیونال وجەنگ و هەژاری) بە گوێرەی راپۆرتی لیژنەی چاودێریکردنی ئەتۆم، لە 2011/3/23ئاشکرای کرد کە ئەرکی راگەیاندنی هەڵەی کەرەستە و"لەکارکەوتن" کە لەوانەیە رووداوی کارەساتئامێزیان لێ بکەوێتەوە لە زیاتر لە یەك لەسەر سێی حاڵەتەکان، پشتگوێ خراون).

حکومەتە مەدەنی و دیموکراسیەکەی"بەرێز"رۆبن تەنها لە ساڵی2008دا وەك پەیمانگەی تۆژینەوەی ئاشتی جیهانی بلاویکردووە، بودجەیەکی خەیاڵی بۆ جەنگ تەرخان کردووە(1.464 بلیون دۆلار)!. ئێستا ئۆباما درێژە بە کارو ئەرکەکانی سەرۆکەکانی پێشتری دەداو پشتیوانی لەو دیکتاتۆرانە دەکات کە لە سەدام یان ئەحمەدی نەژاد کەمتر نین، بۆ نموونە بە بڕی 60ملیارد دۆلار 84 فرۆکەی جەنگی(ف.15)، 70هیلیکۆپتەر لە جۆری ئەپاچی، بە سعودیەی عەرەبی دەفرۆشێت. بەلام

ئاشکرایه ئاشتییەکەی(ئینتەرپرایز) شێوەی تری هەیە، بۆ نموونە لە وولّ ستریت جۆرنال نووسراوە: تەنها بە پڕچەککردنی سعودیەی عەرەبی بە فرۆکەی جەنگی، کار بۆ نزیکەی 77هەزار کەس لە کۆمپانیای بۆینگ دابین دەبێت. ئۆباما ئێستا خەریکە زەمینە بۆ بازرگانی بە سیستێمی(تات) خۆشدەکات. راکێتەکانی ئەم سیستێمە دەگاتە دەرەوری و بەرزی ئەتمۆسفێری زەمین. ئیمارات بە بڕی 7ملیارد دۆلار نموونەیەکی هاوشێوەی ئەو سیستێمە کرێوە لەگەل 147راکێت.

وا باشە رۆبن لەبری ئەوەی درووشمی"عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادی" بەخەلّکی کوردستان بفرۆشێ، وا باشە خۆی و پەیمانگە"زانستی و بێلایەنەکەی" خەریکی گەندەڵی بۆرسەی وولّ ستریت و لابردنی قەرزی بانقەکان لەسەر ملیونان هاولاتی ئەمریکا ببێت و وەك کەسێکی"ئازادیخواز"بە بەلگەوە بیسەلمێنێ کە تەرخانکردنی پتر لە یەك بلیون دۆلار بۆ وەزارەتی بەرگری، باشتر وایە بۆ ئاشتی تەرخانی بکەن و بەمە خۆشەویستی گەلانی دنیا دابیندەکەن! وەك هاولاتییەکیش تکا لە برادەرە دژ بە گەندەلّییەکانی دەکەم، بەلکو نەختێ مەشوەرەت بە"سەرۆکی مێژوویی"ولاتەکەی بدەن بۆ خزمەتکردنی خانەشینەکانیان و خزمەتگوزاری تەندرووستی بۆ هەژاران و بێکار و لانەوازەکانیان باش بکەن نەك بە گوێرەی بەرنامەی(Medicaid) کەمی بکەنەوە!، ئاخر باش نییە 23ملیون ئەمریکی بە بێ بیمەی تەندرووستی بژین: ئەمە بۆ ئاشتی جیهانی خراپە و پێشێلکردنی جاڕنامەی ماڤی مرۆڤە! هەروا(باج)یش کەم بکەنەوەو کرێی کار زیادبکەن تا هەموو ئەمریکا لەسەر قەرز نەژێن و تۆزێك کەرامەت بۆ هاولاتییەکانیان دابین بکەن!
ئێمە خۆمان ئەقلّ و توانامان هەیە بۆ خەباتکردن لە پێناو عەدالەتی کومەلایەتی کە حکومەتەکەی ئەو بە ئاگر و ئاسن لە دژیدا رادەوەستێ، وەك نزیکترین مێژووی ئەمریکای لاتین و دژایەتیکردنیان بۆ شوعییەت پێماندەلّێن!
ئەوە چارەنووسی ئەو رەشبیرە جاش قەلّەمانەیە کە خۆیان بۆ ملکەچی و جاشایەتی و خۆفرۆشتن بە ئەم یا ئەولایەن تەرخانکردووەو بەردەوام خۆیان وەك کەسانی دلّسۆزی"بێلایەن"و دژ بە گەندلّی و دلّسۆزی عەدالەتی کۆمەلایەتی بە هەژاران دەفرۆشن و لەراستیدا ئەجندای کۆنەپەرەستی و تاوان جێبەجێ دەکەن...
ئێوە سەری ئازادی دەبڕن!
ئێوە جامبازی بە عەدالەتی کۆمەلایەتییەوە دەکەن!
بەرەی هەژارەکان و ئاواتەکانیان و دژایەتی کەندەلّی لەشوێنێکی ترەو لەو شوێنە دەست پێدەکاتەوە کاتێ دوژمنەکانیان دەناسنەوەو بە خۆیان داخوازییەکان رادەگەینن و پێشکەش دەکەن. داخوازییە رەواکانی ستەمدیدەکان لەبەرچاون، گرنگ ئەوەیە نەهێلّین یاری بە ئازار و نەگبەتییە رۆژانەکانمان و بە قوربانیان بکرێ...

تێبینی: کۆسا نۆسترا رێکخراوێکی تاوانبارییە لە ئەمریکا و خۆیان بەشێوەی مافیەکانی سیسیلیا رێکخستووە.

## ئابوری تاوانبارەکان

## سەرمایەداری مۆدێرن وەك بەرزترین قۆناغی تاوانکاری رێکخراو

نووسەر:Conrad Schuhler

لەژێر ئەم ناوەدا ژمارەی 42 گۆڤاری isw REPORT

بەشی یەکەمی گۆڤارەکە بریتییە لەباسی ئابووری دەوڵەت و بەشی دووهەم باسی گەورەترین خۆ خاوێن کردن یاخود بۆچی ئێستا ڕێ دەدرێت کۆل ـ (حزبی سی دی ئو)

هەلاهەلا بکرێت.بەشی سێهەم: ماسییەکە تەنها لە سەرەوە نەگەنیوە. بەشی چوارەم: بەرتیل دان خراپ نیە. بەشی پێنجەم:ئابووری وتاوانکردنی ڕێکخراو. بەشی شەشەم: پێشبڕکێی مۆدێرن ـ بۆمبانانەوە، ئامێری گوێ گرتنی شاراوەو سیخوڕی. بەشی حەوتەم: جیهانگیری(پلەیەر) ودەوڵەتی ناسیونال.

***************

کۆنراد وەك هاوڕێکانی(لیو مایەر، فرید شمید، هیندریك بولینس، لندە شنایدەر و شارلس پاولی)تۆسقالێك بوار نادات بەخوێنەر بۆ کورتە پشوودانێك، چونکە لە گەڵ هەر بۆچونێکیدا فاکت لەدوای فاکت دەدات بە دەستەوەو خوێنەر تا ڕادەیەکی زۆر تینوێتی بۆ زانین دەربارەی بابەتەکەی دەشکێت؛ هەوڵی جدی دەدات دواگومان لەلای خوێنەری ڕەخنەگر دامرکێنێت!.

لە بەشی یەکەمدا نوسیویەتی: ئەوە چەندین مانگە، ڕای گشتی لە ئەلمانیا، بە هۆی پەردە لەسەر یەکتر لادانی سیستێمی بەرتیل خواردنی حزبی دیموکراتی مەسیحی، هەناسەی سواربووە. لەسەرەتای ساڵانی نەوەت، سەرۆکی دەوڵەت وحزبی ناوبراوی کۆن هیلمۆت کۆل"پێشەنگی ڕۆحی ـ ئەخلاقی گۆڕانکارییەکان" هەوڵیدا بەرتیل خواردنی دوو ملیون مارك(پارەکانی ـ گوێنە)ی لە کۆڵی خۆی بکاتەوە. ئێستا بەرتیلەکان بۆ 30،40،80 ملیون وزیاتر بەرزبونەتەوەو ڕەنگە 200 و 500 ملیون مارك بن. تەنانەت ڕەقیبی ئابوری حزبی CDUکە لەساڵانی حەفتاوە لەسەر بڕیاری سەرکردایەتییەکەیان، ڕاپۆرتی ژمێریاری درۆیانەی بلاّودەکردەوە کە چۆن سەرکردایەتییەکەیان لەهەر کردارێکی نایاسایی بەرتیل خواردن دوورن.

ڕەنگە دوو داتا هەبێت، ڕەهەندی تاوانی زەبروزەنگ بەکارهێنانی بەرتیل خواردنی ئەلمانی کە وەك جاران بە نەبینراوی ماوەتەوە تا ڕادەیەك، پێشان بدەن:

1/ سەروەتی کۆمەڵەکانی هاوولاّتیان کە تەنها لە نێوان 1969 و 1980 دا 214 ملیون مارك بەشێوەیەکی نایاسایی لە ئابوورییەوە بۆ حزبی CDU، FDP،CSU گوێزراوەتەوەو لە1980 ناچاربوون کارتێکردنەکانی ڕاگیرن. ئەو بڕە دراوە لەو کاتەوە دیارنییە.

2/ بەگوێرەی وتەکانی دادپەروەری ژنێف، کۆنزێرنی سیمنز لە سویسرا کۆنتۆی ڕەشی هەیەو سەدان هەزار فرەنکی سویسری لەسەرە. ئەو پارەیە قاسەی بەرتیل دان وجەنگی کۆنزێرنەکەیە. بەگوێرەی قسەکانی د. Uwe Luethje سەرۆکی خەزنەی حزبی ناوبراو، لە 1990 سیمنز نۆ ملیون مارکیان بە دەستی داوە بە خۆی و Kiep سەرۆکی خەزنەی پێشوو.

ئەوانەی وا بە بەرێوەبەرانی سیاسەتی ئەلمانی ملیونان مارك بەرتیل دەدەن پێك هاتوون لە : ئابووری ئەلمانی وئێستا بە بۆنەی جیهانگیرییەوە کۆنزێرنە بیانییەکانن. لەم کاتەدا ڕاگەیاندنەکانی ئەلمانی زۆر باسی بەرتیل دانی کۆنزێرنی نەوتی فەرەنسی(Elf Aquitaine) دەکەن کە پالاّوتنی (لۆینا) وبانزینخانەکانی مینۆل لە ئەلمانیای ڕۆژهەلاّتی کڕیوە، بۆ ئەوەی بە خەڵك ڕابگەیەنن کە کۆنزێرنە بیانییەکان تاوانباری ژمارە یەکن.

ئەوەی راستی بێت دەوڵەت وحزبە دەسەلاّتدارەکانی ئەلمانیا هەر لە دامەزراندنیانەوە تا ئەمڕۆ بەرتیلیان لە ئابووری وەرگرتووەو لە ناوەراستی سالآنی هەشتاوە لە دادگاکان فایلیان بۆ کراوەتەوە.
راسپاردە وەرگرەکان(سیاسییەکان) دەگۆڕێن بەلاّم خاوەن راسپاردەکان(کۆنزێرنەکان) وەك خۆیان دەمێننەوە وبەردەوامن لە بەرتیلدان.

بەرتیلدانی ئابروبەرانەی ژمارە1: راینلەند ـ فەلس ـ لیشتن شتاینی ئەلمانیایە

لە پرۆسێسی تاوانبارەکانی جەنگ لە دادگاکردنەکەی نۆرمبێرکدا، شان بەشانی سەرانی نازی، سەرانی ئابووری ئەلمانیاش لەسەر تەختەی تاوانباران دانیشتبوون. بەرێوەبەری(ئی. گی. فاربن)، گەورەترین خاوەن کاری ئەلمانیا ودەولّەمەنترین پیشەسازی ئەلمانیا(کروپ و فلیك) و وەك تاوانباری جەنگ حوکم دران.
سەرۆکی یەکێتی پیشەسازی ئەلمانیا گوستاڤ کروپ فۆن بولن و هەلباغ بە هیتلەریان وت: ... یەکێتی پیشەسازی ئەلمانیا هەموو شتێك دەکات لە پێناو یارمەتیدانی حکومەتی رایخ لە کارە سەختەکانیدا.(سەرچاوە: ئیبەهارد چیشۆن، لە کتێبی:کێ یارمەتی هیتلەری دا دەسەلاّت بگرێتە دەست؟ کویلن1978،لا.83)
ئەمانە هەر بەراستی هەموو شتێکیان کرد. یارمەتی(هیتلەر)یان دا لە لێدانی سەندیکاکان، سەروەتی جووەکانیان" ئاریزیرن" کرد؛15 ملیون کوێلە و کرێکاران بە کاری زۆرەملی چەوساندەوە؛ زیندانە کۆمەلّکوژییەکانیان دروستکرد؛ بەپێ بەدوای تانکەکانی ئەلمانیا دەکەوتن تا دەست بەسەر ئابووری ولاّتە داگیرکراوەکان بگرن. لەبازنەی برادەرانی هیملەر سەرۆکی(ئێس ئێس) و ئیلیتەکەیان، لەهەموو ئاهەنگەکانیاندا پێکەوە دادەنیشتن. بەگشتی ژمارەیان 36 کەس بوون و، نوێنەرانی شەرکەتی سیمنز، فلیك، بانقی ئەلّمانی، بانقی درێسدن، بانقی کۆمێرتس، ئی. گی. فاربن، ئۆیتکە، راین میتال ـ بۆرزینگ، موینشنە رویك، ئەلیانس، فۆن فینك و بۆش(سەرچاوە: بێرنت ئینگل مان لە کتێبی:ئا بی سی پوولی زۆر، کوێلن، لا.103) هەموو ئەمانە بە پارەیەکی زۆر یارمەتی ئێس ئێس و حزبی نازیان دەدا. تەنها فلیك بە بڕی نزیکەی 5،7 ملیون مارك خزمەتی بواری سیاسی نازی کرد.
کاتێ ئەو دەسەلاّتدارانە لە تارمایی ناو گێژاوەی دادپەروەرییەکانی پاش جەنگدا نوقم نەبوون، پەیوەندی هەبوو بە کۆرس راستکردنەوەی دەسەلاّتدارانی رۆژئاوا. تشرشل لە 1946دا بە بینینی بەهێزبوونی یەکێتی سۆڤێت وتی" بەهەلّە ئەم بەرازەمانە سەربڕی" مەبەستی ئەوە بوو دەبوایە لەبری ئەلمانیا، دژی سۆڤێت بجەنگن. لەگەلّ جەنگی ساردا، جەنەرالی نازی Gehlen بەشی جاسوسێتێکەی"Fremde Heere Ost" کرد بە بەشی موخابەراتی ئەلمانی وبەم شێوەیە ئیلیتەی کۆنی ئابووری خۆیانیان لەبارێکدا بینییەوە سەرلەنوێ بەرزترین جێگای سیاسەت وبەرهەمهێنان بەدەستبهێننەوە:
- کۆنراد ئەدنەوەر بەچەندین رێگاوە خزمایەتی لە گەلّ خێزانی Werhahn دەولّەمەندترین خێزانی ئەلمانی هەیە کرا بە سەرۆك وەزیران.

هێرمان یوسف ئەبس، ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی بانقی ئەلمانی وئەندامی ئەنجومەنی ئیدارەتی(ئی کی فاربن) بەخۆیان لە کۆنسترانسیونی ئاوسشڤیتس 30 000 مرۆڤ لەبەرنامەی" قەلاچۆکردن بەرێگای کارکردنەوە" کوشت، دەبێت بە گرنگترین راوێژکاری سیاسەتی ئابووری سەرۆك وەزیران و بە خاوەن بانقی ژمارە یەك.

- پرۆفیسۆر لودڤیك ئێرهارد"باوکی ئابووری سەرسوڕهێنەر" دەبێت بە وەزیری ئابووری. لەسەردەمی حوکمی نازی لە"گروپی پیشەسازی رایخ" دا پیلانێکی نهێنی بۆ پاش جەنگ کێشا، بەو ئامانجە، لە حاڵەتی جەنگ دۆڕاندندا"خاوەن کارانی ئازاد" بمێننەوە.

لودیگە ڤێستریش دەبێت بە سکرتێری دەوڵەت لەلای پرۆفیسۆری "بلیمەت". لەسەردەمی نازیدا سەرۆکی یەکێتی فابریکەکانی دروستکردنی ئەلەمنیوم، بڕیاردەرترین بەشی دروستکردنی چەکسازی.

- کارل بلێسینگ لەسەردەمی نازی نوێنەری ئونیلیڤەر وئەندامی"بازنەی برادەرانی سەرکردایەتی ئێس ئێس"بوو، دەبێت بە سەرۆکی (بانقی بوند) و لەپاشاندا دەبێت بە سەرۆکی کۆمیتەی ئۆلیمپیای ئەلمانیا.

- فریدریش فلیك پاش پێنج ساڵ زیندانی دەردەچێت و پارێزەرەکەی لە دادگاکردنەکەی نورمبێرکدا دکتۆر ڤۆلڤگانگ پۆلە دەکات بە وەکیلی خۆی وبەرپرسیاری خەزینە ونوێنەری حزبی یەکێتی کریستە سۆسیالەکان لەناو پەرلەمان. هاوسێکەی فلیك لەناو زیندان ئەفسەری ئێس ئێس د. هانزمارتین شلایەر بۆ سەرپەرشتیکرنی شەرکەتەکەی دایملەر بێنز بانگ دەکات ولە پاشاندا شلایەر دەکرێت بە سەرۆکی خاوەن کارەکانی ئەلمانیا ـ لە 1977دا لەشکری سووری ئەلمانیا لە ئەکتسیونێکی نەبردانە رفاندیان وپاشان تۆپاندیان ..

ژمارەیەکی زۆر لە پیشەسازەکان دەبن بە ئەندامی پەرلەمانی ئەلمانی: د.کورت بیرن باخ لەلایەن شەرکەتی تیسن؛ د.گوینتەر هێنلەر لەلایەن شەرکەتی کلۆکنەر؛ د.ئەلکسەندەر ئێلبرێشتەر لەلایەن شەرکەتی ئەوێتکەر؛ د. فرانس ڤورمەلینگ لەلایەن شەرکەتی ڤێرهان؛ د. تیلمان سکرتێری شەخسی فلیك؛ ڤی. ئەلکسەندەر مینە لەلایەن شەرکەتی هۆیشست؛ د. رۆلف دالگروین لەلایەن شەرکەتی فوێنیکس ـ گومی ڤێرکن ...هتد لیسەکە دوورو درێژە.

کاتێك فلیك(بۆ نموونە) بەڕێگای د. پولەوە یەکگرتنەوەیەکی شەخصی لەنێوان بریکارەکانی کۆمپانییەکەی و بەرپرسیاری خەزنەی حزبی CSUرێکدەخات، ئەوا رێگا خۆشدەکات بۆ ئەوەی کارتێکردن وبەرتیلدان بەکورتترین رێگا، هەموو کارەکان ئەنجام بدات.

هەروا ئاساییە کە حزبەکانی خاوەنکاران لە سەردەمی ئەوسای خەباتی سەختیان دژی دوشمنانی بازاڕی ئازاد، پێویستیان بە پارەوپوولێکی زۆر هەبوو. ئەو شەرکەتانە کە هۆشیاری بەرپرسبوونی ئەرکەکانیانن، دەتوانن وئاشکرایە خۆشیان دەیانویست پارەوپوولێکی زۆر بۆ ئەو خەباتە تەرخان بکەن. شان بەشانی ئەمە دروستکردنی سیاسی پیشەیی پێشانیدا، کە نوێنەرەکان ئەوپەڕی پێویستیان بە پشتگیری کردنی خاوەن کارەکان هەیە. بۆیە رێکخراوی یەکێتی پیشەسازانی ئەلمانیا(BDI) لەسەر پێشنیاری ئەدەنەوەر لەساڵی1954"یەکێتی هاوولاتیان"یان ـ SVدامەزراند. یەکەم سەرکردەیSV سەرۆکی AEG فریدریش شپێنرات بوو ولەتەنشتیدا رۆبێرت ڤێردمینگەی خاوەن بانق کە یەکێکە لە برادەرەکانی کانسلەر. لەسەرکردایەتییەکەیشدا فریتس بێرگ و هانز ـ کۆنستەنتین پاولسین سەرۆکی یەکێتی خاوەنکاران ـ و پیشەسازی.

SVکۆمەککردنیان رێکدەخست لە 50 خاوەنکاری پیشەسازی، بازرگانی، بانق وبیمە(سەرچاوە: کیلتس/پرۆیس: فلیك. کۆماری کراو، لە هامبۆرك، لا.80). پارەکان تەنها بەسەر حزبە راستڕەوەکان دەرژا، ئەوەش لە کاتێکدا ئەگەر بەباشی هەڵسوکەوت بکەن. کاتێ حزبی لیبرالەکان(FDP) لە 1956دا لە نۆردهاین - ڤێستفالن پەیمانیان لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان بەست و پارەکەیان لێ بڕی.

کاتێك لە ساڵی 1958 پێیانزانرا، VSلە شاری فادوتس(لیشتن شتاین)/سویسرا سێ ئەدرەسی وەهمییان دانا:

1/Etablissment Aspe گوایە بۆ شیکاری ستڕکتورە کۆمەڵایەتی ولاتە ئۆروپییەکانە، بۆ ئەوەی لەدژی هێزە" مەتەرییە روخێنەرەکان" بەکار بهێنرێت.

2/ Etablissment Wisotestبۆ ئەوەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو دەوڵەتی پیشەسازی مۆدێڕن ببات.

3/ Institut Inter-droitگوایە بۆ بایەخ دانە بە گەشەسەندنی مافی گشتی جیهانییە.

لەراستیدا ئەمانە بۆ (پارە شۆردن)ی کۆمەکەکانی خاوەن شەرکەتەکانە بۆ حزبە راستڕەوەکان. VS تاقە مەکینەی بەدتیلدانە. تەنها گراف لامبسدۆرف"غۆتەی ئابووری ئەلمانی" شەش ئینستیتوتی وەك ئەوانەی ناومان هێنا درووستکرد، گوایە بۆ خزمەتکردنە بە ئامانجی سیاسی دەوڵەت وەك" کۆمەڵەی داخوازی ئابووری بازاڕی ئازاد" و" گروپی ئەلمانی لیبراڵەکانی جیهان" و" بزووتنەوەی لیبراڵەکان لەپێناوی ئۆروپایەکی یەکگرتوو". ئەم گروپەیە بۆ نموونە پارەکان تەحویلی لیبرال ئینتەرناسیونال لە لەندەن دەکەرد، لەوێیشەوە بۆ بانقی C.G.Trinkaus&Burkhardt لە شاری دویسلدۆرف لە ئەلمانیا دەیاننااردەوە. ناوی وەکیلی یەکەمی ئەم بانقە تا 1971: ئۆتۆ گراف لامبسدۆرف. "غۆتەی ئابووری ئەلمانی" کە چەندین ساڵە حزبەکەی بەڕێگای ئەو ئینستیتوتە کەڵەکەبازارانەوە کڕیووەو هەموو کۆمپانیا گرنگەکان دەناسێت:" بانقی ئەلمانی، دایملەر بێنز، بوش، فلیك، مانس مان، فۆلکس ڤاگن، کارشتات، دۆرتمۆندە ئەکسن براوەرای، دیماگ، رۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگماینە تسایتونگ، ریمتسما، BAT - سیگارێتن، پوگنپۆل، کاسترۆل، بارمینیا، ئیدیکا، هێتلاگە، میلیتا، بابکوك، بلیندا گس، ماداوس، ئینتەرلوبیکە، هێکلەر& کۆخ، شتۆلڤێرك، رایین میتال، هۆیش، ئوندەربێرگ، هێنکل، تسێنتیس هتد... لەبەر زۆر دووبارەبوونی پارمەتییەکان و زۆری پارەکە کە هەندێ جار دەگەیشتە 600هەزار مارك، ئاشکرا بووەوە کە بەرێوەبەران و سەرۆکی چاودێرانی کۆمپانییەکە ئاگەداری ئەم مەسەلەیەن و دەوری بەرێوەبەردنی بەرتیلدانەکان دەبینن(ڤێرنە رویگمە لە: ئابووری بەبێ بەرتیلدان؟، فرانکفۆرت لە 1996،لا.101).

بەرپرسیاری خەزنەی حزبی لیبرالەکان هاینتس - هێربەرت کارری کەوتە بەر رەخنەی بەرتیل وەرگرتن و لە 1981 کوژرا و هەتا ئێستا دیار نییە بکوژەکانی کێن. یەکێکی تر بەناوی کرستیان کویلبس سکرتێری یەکەمی کروپی ئەلمانی لە لیبرالی جیهانی و کاروباری ئەوە بوو بەرێگای(لەندەن)ەوە پارەکان رەوانەی سەر بانقەکەی گراف لامبسدۆرف بکات. لە 1981/4/30 لەژێر ناوێکی نهێنیدا، ژوورێك لە هوتێلێکی شاری کوێلن - لندنتال بەکرێ دەگرێت. بۆ رۆژی دوایی ئافرەتی پاککردنەوە بە مردوویی دەیبینێت. لەسەر مێزی ژوورەکە، شریقەکەیەك دانرابوو و لاشەکەی تەشریح نەکرا. لە راپۆرتی پۆلیس نووسیویانە" تاوانی نەناسراوێك".

کۆنراد شوله له کتێبی(بلاك ئەوت. کاره نەشیاوەکانی هیلمۆت کول،له 1986 لا.11) دەنووسێت:" هیلموت کول لەنێوان 1969 تا1976 دا سەرۆك وەزیری ویلایەتی راین لەند ـ فەڵس بوو پێش ئەوەی ببێت بەسەرۆکی فراکتسیونی حزبی دیموکراتی مەسیحی لە پەرلەمان. ئەم ئۆگەرسهایمیە(کول خەڵکی ئەم شارەیە) لە کاتی خوێندنی زانکۆوە ئەندامی(تیپی کاری سیاسی)له کۆنزێرنی شیمی (BASF )بووە و بەوپەڕی کۆشش هەوڵی داوە ویلایەتەکەی بکات بە"لشتن شتاینی ئەلمانیا"وبازرگانی بەرتیلدانی درووستکرد."

له لاپەڕەی 85 له هەمان کتێب هاتووە:"لە 1980وە بەرپرسی خەزینەی حزبی ناوبراو ڤالتر لایزلەر کیپ نامەی بۆ کۆنزێرن و شەرکەتەکان نووسیوە و تێدا ژمارە کۆنتۆی بانقی SVلە شاری کۆپلنس و ژمارە کۆنتۆی وەکیلی یەکەمی خەزینەی حزبی ناوبراو (د. ئوڤە لویچە)یان تێدابووە. لە یەکێك لەو دوکومێنتانە کە لە پشکنیندا بەدەستی(مدعی عام) کەوتووە رۆژژمێرێکی ساڵی 1980 یە. لەلاپەڕەی رۆژی 6/ئۆگۆست نووسراوە:" گراف لامبسدۆرف بە تەلەفۆن پێراگەیەندراوە کە جەنابیX لە شەرکەتی Y وتی کە 150(تێبینی: نەنووسراوە 150 هەزار یا ملیون مارك) بەڕێگای SVوەوە دەدات.3/1 گراف لامبسدۆرف،3/2 رابیتەی ویلایەت."

لە لیستی(تبرعات)ی شەرکەتی بیمەی بارمینیا ساڵی 74 و75 و76دا نووسراوە کە بەرێگای S V وە 100000هەزار مارك بە د.هیلموت کول دراوە....

هەتا لاپەڕە یازدە بەڵگە لە دوای بەڵگە دەدات بەدەستەوە لەسەر بەرتیادان و بەرتیل وەرگرتنی سەرانی حزب وحکومەت. پارەکانیش لە خاوەن کارەکانەوە بۆیان دێت.بۆ نموونە کۆنزێرنی سیمنز 2ملیون مارکی داوە بە سیاسییەکی ئیسپانی. (مدعی عام)ی جنێف بێرنارد بیرتوسا وتی دادگای سویسرا داوای یارمەتی یاساییانە لە ئەلمانیا دەکات، بەڵام ئەوان قبوولیان نەکردووە .بەرێگای بانقی 600UBSملیون مارکی کۆنزێرنی سیمنز دراوە. بەکورتی: بەبێ ئاگاداری و رێپێدانی پەرلەمان یا هەر دەزگای کۆنترۆڵکردنی تر لە نێوان 1975 تا 1982 نزیکەی 53ملیون مارك دراوە بە سەرکردایەتی SPD,CDU,CSU,FDP بەمەبەستی "خزمەتکردنی تایبەتی"گۆرەپانی سیاسی. لە هەرگوێ مەترسی سۆسیالیزم هاتووەتە پێش، ئەمان خێرا بە ملیونە نهێنییەکانی سەر کۆنتۆی موخابەرات لە سویسرا فریای حزبە هاوپەیمانەکانیان کەوتوونە. ئێستا ئیتر نهێنی نیە کە لە رۆژئاوا ئاهەنگدەگێرا بۆ سۆلیدارنۆ وەك گەشەسەندنێکی سرووشتی بزووتنەوەی ئازادی دژی رژێمی شیوعی لە پۆلەندا بەبێ CIAوموخابەراتی ئەلمانی(BND) وسۆسیال دیموکراتەکان نەیاندەتوانی ببن بەو بزووتنەوەیە. هەر پەیامنێرێکی رۆژنامە و تەلەفزیونێك دەتوانێت ئەو راستییە دووپات بکاتەوە کە هەر کام لە دەزگاکانی بەخشین وەك دەزگای بەخشینی ئیبەرت، ئەدەنەوە، زایدل یا ناومان بە هەموو توانایەکیانەوە لە سیاسەتی ناوەوەی دەوڵەتان دەستتێوەردەدەن.

یوسف شتراوس بەرێگای دەزگای بەخشینی هانز ـ زایدل لە سپانیا یارمەتی کۆنە فاشیست (مانویل فراگا ئیریبارنا)ی دا.

سۆسیال دیموکرات هانای فیلیب کۆنسالا کەوتووە داوە لە ئیسپانیا و PS لە پورتوگال. حکومەتی ئیلندی لە شیلی و سەرب وئەلبانەکان بە خوێنرشتنیان هەست بەم ناوانانە کرد.

بەشی شەشەم: پێشبڕکێی مۆدێرن - بۆمبا نانەوە، ئامێری گوێ گرتنی شاراوە، جاسوسێتی.

لەگەڵ راپۆرتی رۆژنامەنوسی بەریتانی(Duncan Campbell)لە بەردەم پەرلەمانی ئەوروپیدا، ئێستا زانیارەکانی پۆی"رەسمی"بەخۆیەوە گرتووە: دەزگای ئاسایشی(National Security Agency)ئەمریکی سیستێمی جاسوسێتی گلوبال"Echelon" بەرێوەوە دەبات. ئەم سیستێمە بەپلەی یەکەم لە جاسوسێتی ئابووری ورد دەبێتەوە(زویدتسایتونگ،2000/2/24). کاری سەد هەزار ئەندامی ئەم دەزگایە ئەوەیە گوێ لە سەتەلایت، تەلەفۆنی جێب دەست، ناومال و هێڵەکانی پەیوەندیکردن بگرن. چاودێری هاتوچوو گۆڕینەوەی هەموو فاکس و تەلەفۆناتکردن و داتا گۆرینەوەی ناو کۆمپیوتەری شەرکەتەکان دەکەن(ئولف ئولفکوتە لە کتێبی:فێرشلوس زاغە بی.ئێن.دی،موینشن،1998،لا.16) ئەم سیستێمە رۆژانە تا دوو ملیارد قسەکردنی تەلەفۆنات تۆمار دەکات(ئینتەرناسیونال هیرالد تریبون، 2000/2/28). بەهەمان شێوە، بەگوێرەی رۆژنامەی واشنتون پۆست، سیستێمی(ئیشەلۆن) بەبەردەوام جاسوسێتی بەسەر بەیوەندێکانی 1330 رێکخراوی و کۆمەڵە سیاسی وئاینی وکۆمەلایەتییەکانەوە دەکەن(لەکتێبی: بازاڕی دزەکان، موینشن/1999،لا.108).

لە بنکەی سەرەکی(ئێن.ئێس.ئا)وە لە فۆرت جورج مید/ماری لاندا 120 بنکەی کۆنترۆل لە هەموو جیهان بەڕێوە دەبرێت. شوێنی یەکێك لەبنکەی سەرەکییەکانیان لەسەر ئاستی جیهان، پاش Menwith Hill لە ئەلمانیایە لە (شتوتگارد-ڤاینگن). لێرەدا بنکەی کۆماندۆی ئۆروپای(NSA-CSS) نیشتەجێ بووە.

بەبۆنەی ئەم سیستێمەوەوە:

* بەگوێرەی زانیارییەکانی سی ئای ئەی، حکومەتی ئەمریکی بە یارمەتیدانی زانیارییەکانی (ئێن ئێس ئا)وەوە لە 51 گفتوگۆی پەیمان بەستندا" فشار بهێنن" بەسەر فرۆشیارە خارجییەکان. بەم شێوەیە توانیویانە بە بەهای 28 ملیارد دۆلار بۆ خاوەنکارە ئەمریکییەکان زامن بکەن. هەڵبەت ئەم پارەیە بەبێ زانیارە نهێنییەکان، دەچوو بۆ گیرفانی خاوەنکارە خارجییەکان.(هەمان سەرچاوە،لا204).

لە بازرگانییەك بۆ کڕینی فڕۆکە لەلایەن سعودیەوە لە ئایەر بوس، ئێن. ئێس. ئا گوێ لەگشت پەیوەندییەکانی نێوانیاندا گرت و هەرهەمووی خستە بەر دەستی کۆنزێرنی بۆینگی ئەمریکایی. بۆینگیش کەوتە راکردن(رۆژنامەی دی تسیت لە 1999.9.30. ئێستا لە بازرگانی فرۆکە و چەك لە گەڵ سعودیە و بەرازلدا، موخابەراتی ئەمریکی بە دەلیل رووبەرووی کڕیارەکان دەبێتەوە، کە فرۆشیارە فەرەنسییەکان بەرتیلیان پێداون... بەرازیلییەکان ناچارکران بازرگانییەکە بدەن بە(Raytheon)وسعودییەکانیش لە مێکدۆناڵد دۆگلاس بکڕن( سەرچاوە ئینتەرناسیونال هیرالد تریبون لە 2000.2.28).

جەنگی نێوان زلهێزەکانی ئۆتۆمبیلی جەنەراڵ مۆتۆرو فۆلکس ڤاگنیش لەلایەن NSA وەوە نەخشە و بڕیاری لەسەر درا. مێنیجەری بەناوبانگ لۆپیتس بەوە تاوانبارکرا کە گوایە لەکاتی دەرچوونی لە جەنەرال مۆتۆردا فایلی نهێنی کۆنزێرنەکەی بردووە و لە بەرژەوەندی کۆنزێرنی فۆلکس ڤاگن بەکاری هێناوە... NSAگوێی لە کۆنفرانسە نهێنییەکەی لۆڤیتس گرتووە و کۆپییەکی داوە بە جەنەراڵ مۆتۆر( رۆژنامەی دی تسایت، هەمان ژمارەی ناوبراو).

CIA\NSA خزمەتی فۆرت، جەنەراڵ مۆتۆر، شرسلی دەکات. بۆ نموونە کاتێك گەشەسەندنە نوێیەکانیانی یابانێکان لە بواری کاتالیزاتۆر پێش فرۆشتنی و تاقیکردنەوەی ئەو مەتریالانەکەی کە رێژەی کارۆسیریەن کەم دەکاتەوە. لە گفتوگۆیەکانی ژنێف لە 1995 دەربارەی نیسبەتی فرۆشتنی ئۆتومبێل یابانێکان هیچ شانسێکیان نەبوو، چونکە بازرگانی ئۆتۆمبێلی ئەمریکی میکی کانتۆر پێشتر دوا هەڵوەستەی گفتوگۆیەکانی بەرەکەی تری دەزانی(ئولف کوتە، هەمان سەرچاوە، لاپەرە197)

کۆۆپیراتسیونی نێوان ئابووری- موخابرات تەنها یەك لایەنە نیە. کاتێك موخابەرات زانیارییەکانی دەخاتە بەردەستی کۆمپانیەکان، ئەوانیش دەرگاکانیان بۆ دەکەنەوە و پاشان موخابەرات دەتوانێت لەژێر ناوی مێنیجەر وەك(noon official cover) کار بکەن. ناوی ئەو شەریکەتانە بەم کارە هەڵدەستن: Nabisco, Prenttice-Hall,Fort Motor Company, Proctor& Gamble, General Electrics, IBM, Bank of America, Chase Manhattan Bank, Rockwell International, Campbell Group, Sears Roebuck, Ross Perot& Malcolm, Bechtel Corp, Citibank)

وچەندین نموونەی تر وەك نهێنی بەرهەمە نوێکانی کۆمپیوتەر کە بەخۆڕایی بە دەزگای ئاسایشی ناوبراو دەدرێن، بەشێوەیەك دروستی دەکەن، دەزگای ئاسایش بە ئاسانی بچن بۆ ناو لاپەڕەی کۆمپیوتەری گشت شەرکەت، کەس و بەرپرسیارەکان. لەشکری ئەلمانیا بەتۆری- سۆفت فێری Lotus-Notes کاردەکات. IBM (لۆتۆس-نۆتس) درووست دەکات و ئەندامی هاوپەیمای(Key Recovery) یە و ئەرکی ئەوەی لە ئەستۆدایە کلیلی کردنەوەی داتاکان بە موخابەراتی ئەمریکی بدات (سەرچاوە : Com ! online لە مارسی1999)...

بەهەمان شێوە دەوڵەتە ئۆروپییەکانیش خەریکە هەمان بازرگانین، بۆ نموونە: فەرەنسا دەزگای موخابەراتی تایبەتی هەیە بەناوی(Direction General de Securite) و 3500 فەرمانبەری هەیە. ئەم دەزگایە تەنها کاری جاسوسیتسی لەبواری ئابوری دەکات. هەروا ئەم و دەزگای موخابەراتی(SGDN) لە پاریس فێرگەیەکیان بەناوی(Ecole de Guerre Economique- فێرگەی جەنگی ئابووری)یان کردووەتەوە... هەموو شوێنەکانی کلاسی یەك ناو فرۆکەکانی ئایەر فەرەنس ئامێری گوێ لێگرتنی تێدایە...

ئەلمانیا سیستێمێکی ئیشیلۆن ئاسای هەیە. لە 1989وەوە گروپی کۆمپیوتەری تایبەت بە BNDدامەزراندووە و ڤیرۆسی کۆمپیوتەری تایبەت درووست کردووە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست هەموو سیستێمی کۆمپیوتەری دەوڵەتەکانی رۆژهەلأت لەکارکردن پەکیان بخات. بۆ زانینیکارتێکردنی ڤیرۆسەکەیان، کاتی خۆی بەسەر تۆری شەرکەتێکی خارجی تاقیکردووەتەوە. راستێکان ئەوەیە، ئۆبێکتی مەبەست، داتا بانقییەکانە لە بریتانیا وئەمریکا...

ڤۆڵفگانگ هوفمان بەرپرسی"ئاسایشی خاوەنکارەکان" لە شەرکەتی (بایرن ئا گی) لە پێشی ئەنجوومەنی ئابوری حزبی دەسەلأتدار لە 1999/1/20 وتی:نزیکەی 1600 شەرکەت کە خواری 1٪ لە کۆی دوو ملیون شەرکەت لە چوارچێوەی پاراستنی ئایسایشی حکومەتیدا پشتگیری وەردەگردن...کەواتە هەموو کۆنزێرنە گەورەکانی ئەلمانیا زانیارێکانیان لەگەڵ موخابەرات و دەزگای پاراستن دەستور ئاڵوگۆڕ دەکەن. بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین، دەزگای BNDبەخۆیان دەڵێن، لە ناو شەرکەتەکانی ئەلمانیا 500000هەزار(لافگە) چێندراوە...ئەمرۆ نزیکەی

250 هەزار کەس لەبواری ئاسایش کاردەکەن، بەقەد ژمارەی پۆلیس...(گۆڤاری دێر شبیگل ژمارە37 ورۆژنامەی دی ڤۆغە لە 1999/2/116)

لە 1998 کۆمپانیای بەرهەمی کیمایی(بایرن ئا گی) گروپێکی درووستکردووە بەناوی(Scouts). ئەم گروپە لەلایەن" Piraten –القراصنە-چەتەکانی دەریای"وە پشتگیری دەکرین وژمارەیان دەگاتە دە کەس. ئەمانە بۆ هەموو سوچێکی جیهان سەفەردەکەن بۆ ئەوەی کۆمپانیای سەرنجراکیش بۆ بایرن ئا گی بدۆزنەوە یا کێبرکێکەرەکانی بکوژێننەوە.

Scoutsو Piratenنوێ نین ...کۆمپانیا ئەمریکاییەکان وموخابەرات و لەشکر مارش دەکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە دەرەوەی ولاتەکەیان. کاتێك گواتیمالا ویستی دیموکراسی پەیرەو بکات و کۆمپانیای(United Fruit Company) خۆماڵی بکەن، مارینزی ئەمریکی کۆتایی بە هەردوو نیازەکەیان هێنا؛ کاتێك لە پەنجاکاندا ئێرانییەکان شایان راونا و کۆمپانیا بریتانی– ئەمریکییەکانیان خۆماڵی کرد، (سی ئای ئەی) کاری کرد بۆ روخاندنی حکومەتی موسەدەق و شایان گەڕاندەوە؛ لەسەرەتای حەفتاکاندا کاتێك لە شیلی یەکێتی گەل بۆ حوکمرانی هەڵبژێردرا، کۆنزێرنی ITT وحکومەتی ئەمریکی کودەتای فاشیستی لە دژی حکومەتی سلڤادۆر ئیلندیان رێکخست. ئەو کاتە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و پاشان هنری کیسنجەر(وەرگری خەلاتی نۆبلی ئاشتی) وتی" ئێمە ناتوانین رێ بە گەلی شیلی بدەین، بە بێ بەرپرسانە مامەڵە بکات".

رەهەندێکی نوێ کە لەهەمان کاتدا هەمئاهەنگ و کێبرککەرانە لەگەڵ هێرش بردن بۆ سەر یوگسلاڤیا لە جیهان بینرا. مەبەستەکەیان" بەرفراوان بوون بەرەو رۆژهەلات" بوو لەلایەن یەکێتی ئۆروپا وناتۆ لە پێناو بازرگانییەك دەگاتە نزیکەی400 ملیارد مارك(ئولفکوتە لە کتێبەکەی(Verschlußsache BND لا.38).

مەسەلەکە تەنها ئەوەیە بە ئاگر هەموو شتێك وێران بکەی تا پاشان راسپاردنی سەرلەنوێ درووستکردن وەربگرێت. گرنگ ئەوەیە، لەو شوێنەدا دەست بەسەر سەروەری ژیانی سیاسی- ئابووری بگرێت، بۆ ئەوەی شەپۆلی پوول بۆ کەناڵەکانی خۆت بڕوات. بۆ نموونە لە کرواتیادا Military Professional Ressources کۆمپانیایەکی"ئاسایش" کە بنکەکەی لە فەرجینیایە وەرگرتووە بۆ ئەوەی رێنمایی ومەشقپێکردنی لەشکری کرواتیا لەئەستۆ بگرێت(سەرچاوە: ئولفکوتە لە کتێبی بازاڕی دزەکان،لا.222)

لە وەزارەتی بەرگری ئەلمانیادا دەنگی ناڕەزایی بەرز بووە دەربارەی بەکارهێنانی خراپ و بێرەحمانەی ئەمریکا بۆ ناتۆ لە یوگسلافیا لە پێناوی ئامانجە ئابورییەکانی. ئەمە نابێ لە دوا رۆژ دووبارە ببێتەوە. ولاتانی ئۆروپا دەیانەوێت لە سەرەتای 2003هێزێك 200000 سەرباز ئامادە بکەن بۆ بەرێوەبردنی"خەباتی دەستوەردان بۆ دامەزراندنی ئاشتی لە ئۆروپا و ولاتانی دەوروبەر". ئەو کاتە ئیتر مێنیجەرە ئەمریکاییەکان نیین کە لە هاتنەخوارەوەیان لە تانکی ئاشتییەوە، یەکەم راسپاردنی سەرلەنوێ درووستکرن مۆر بکەن.

لەراستیدا لە حاڵەتی یوگسلافیادا مرۆ تەنها گوێی لە ناڕەزابوونی بۆن نەبوو، بەڵکو ئەمانە بە هەموو هێزێکیانەوە بۆ پۆزیتسیونی خۆیان کاریان کرد. بەبێ خۆئامادەکردنی ئەڵمانیا نەدەکرا هێرش بردن بۆ کۆسۆڤۆ و بۆسنیا بەو شێوەیە رووبدات. لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، لەشکری ئەلمانیا مەشقی بە هێزەکانی ئەلبانیای دەکرد بۆ بەرنگاربوونەوەی یوگسلافیا و لە 1995وە CIA , BNDپێکەوە مەشق بە ئوچیکا( لەشکری ئازادی

کۆسۆڤۆ) دەکەن. مەشق پێکەرانی ئەڵمانی، تورکی، ئەفغانی وانەیان بە ئۆچیکا دەگوتەوە لەبارەی جەنگی گرلیایی ...( میشائیل شۆسۆدۆڤسکی: ئۆچیکا چۆن درووست بوو، رۆژنامەی یونگە ڤێلت لە 1999/6/30). خەرجەکانی ئۆچیکا زیاتر بە پارەوپووڵی مافیای دەرمانە سڕکەرە ئەلبانییەکان دەدرا. BND لە کرواتیا شتی زۆری بۆ نەکرا لە رووی CIA، بەڵام لە بوسنیا-هێرسەگۆڤینادا لەشکری ئەڵمانی و بێ ئێن دی بەرادەیەکی وا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، کە ئەم وڵاتە نوێیە مارکی ئەڵمانی وەك دراوی خۆیان بەکاری بهێنن. ئەم پەیوەندییە لە نێوان داگیرکردن وئابووری ئێستا بۆ مۆنتینێگرۆ دەمبات. ئەم ئەقلیمە هێشتا بەرەسمی ئەتۆنۆم نیە و هێشتا بە لەشکری ئاشتی داگیر نەکراوە، بەڵام رۆژێك لە رۆژان دەستیان پێکردووە، لێرەشدا مارك وەك دراوی خۆیان بەکار دەهێنن( یورگن ئیلیسێسە، کودەتای – مارك، لە گۆڤاری Konkret 2000/2).

هەروا کۆنگۆ نموونەیەکی تری پێشبڕکێکردنی ئابووری جیهانییە. ئەوە ساڵ و نیوێکە هەشت دەوڵەت شەروشۆر دەکەن لە پێناوی دەس راگردن بەسەر یورانیوم، ئاڵتون، دیامانتی وڵاتەکە. تا ئێستا ملیونێك دەربەدەر کراون، دەیان هەزار گیانیان لەدەستدا...

## بازرگانییەکی گەورە بە مادده سڕکەرەکان

خەباتکردن لە پیناو جیهانێکی ئازاد بۆ خاوەنکارەکان، بەتوندی لە گەڵ چرۆکانی بازرگانی موخەدەرات گرێدراوە. ئەندریاس فۆن بویلۆڤ لە گتێبی: بەناوی دەوڵەتی- BND ,CIA و کرداری تاوانبارانەی موخابەرات، لە موینشن 1998 دەرچووە) هێما بۆ ئەوە دەکات کە لەلانی کەمەوە 70٪لە بازرگانی جیهانی مادده بێهۆشکەرەکان لەلایەن موخابەراتەوە دەپارێزرێت و بەتایبەتیش لەلایەن(سی ئای ئەی)ەوە. فۆن بیلۆڤ بەدرێژایی 25ساڵ لەسەر لیستی سۆسیال دیموکراتەکان ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانی بووە، ئەندامی کۆمیسیونی پەرلەمان بۆ کۆنترۆلکردنی موخابەرات، سکرتێری دەوڵەت لە وەزارەتی بەرگری و هەروا لە کاتی حکومەتی سۆسیال دیموکرات و لیبراڵەکاندا لەسەردەمی هیلموت شمت، وەزیری لێکۆڵینەوە وتەکنەلۆژیا بووە. سەرئەنجامی پشکنینەکانی ئەمەیە: وێنەیەکی ترسناکی لە ئۆپیراتیڤی سیستەماتیك لەناویەك ئاڵاو وەك عەملیاتی دەوڵەتی لە گەڵ تاوانی رێکخراو، بازرگانی موخەدەرات و تیرۆریزم.

یەکێك لە چالاکترین عەمەلیاتی سی ئای ئەی لەم بوارەدا کە تا ئەمرۆ کاری خۆی دەکات، پێك هاتووە لە مەشق پێکردن، چەکدارکردن، پوولدان بە موجاهدینە لە ئەفغانستان کە رژیمی "سەر بە سۆڤێت"یان لە سەر دەسەڵات لابرد. سی ئای ئەی و موخابەراتی سەربازی پاکستان(Inter Service Intellience) بەزۆر مەشقیان بە" خەباتگێرانی ئازادی" دەکردو جوتیارەکانیان لە ناوچە"ئازادکراوەکان" ناچار کرد لەبری گەنم و جۆ، مون بروێنن. لە 200(مختبر)ی پاکستان ئەفیونیان دەپاڵاوت بۆ هیرۆئین. گواستنەوەی ئەم بەرهەمە لەلایەن لەشکری پاکستانییەوە ئەنجام دەدرا و لایەنە فینانسەکەی سی ئای ئەی لە ئەستو دەگرد.(سەرچاوە: بەناوی دەوڵەتی، لا.209)

ئەمرۆ ئەفغانستانی تالەبانەکان ساڵانە 2.700تەن هیرۆئین کە40٪ لە بەرهەمهێنانی جیهانی پێك دەهێنێت بۆ ئارەزوبەندانی دەرمانی سڕکەر لە جیهان دەنێرێت.(تسیگلە:بەربەرەکان دێن، لا.158). بۆ ئەوەی موخابەرات بتوانێت خەرجی پارتیزانەکانی بدات، پێویستی بە نرخی گۆڕینەوەی موخەدەرات هەیە، کەواتە دەبێ زامنی

هێنـانی بـۆ نـاو بـازار بكات وپـێش هـەموو شـتێك شـۆردنەوەی پارەكـان لـەناو سیسـتێمی بـانقی. بـە فرۆشـتنی موخدەرات لە شوێنەكەی خۆیدا هیچ نیە، هەرچەند پێیانكراوە ژمارەی بەكارهێنـەرانی موخـدەرات لـە پاكسـتان لە 5000كەسەوە لە ساڵی1986بۆ 3،1ملیون نەفەر لەساڵی 1989زیاد بكەن.(فۆن بیلۆف.لا210). بەلآم ئەمە بۆ خەباتی ئازادیخوازی وەك لە ئەفغانستاندا بەش ناكات. سی ئای ئەی بە نرخی شەش بۆ نۆ ملیارد دۆلار چەكی گەیانـدووە بـە ئەفغانسـتان( World watch Institute Report:دەربـارەی بـارودۆخی جیهـان 1998فرانكفۆرت/ماین،لا193)بۆ ئەم چەكانە پێویستیان بە پارە هەیە. كەواتە پێویستی بـە بازرگـانی جیهـانی موخدەراتـەوە هەیـە. شـەریكی دارایـی ورێكخراوەییەكـەی" Bank of Credit and Commerce International-BCCI-)كە خاوەنەكەی ئاغا حەسەن عابدییە. ئەم بانقە بەهێزترین كارتێلی تاوانباری بـوو لە جیهان.( تسیگلە،لا.167).

بەگوێرەی بۆچونی سۆسیولۆگ و سیاسەتمەداری سویسری یان تسیگلەر، ئەم بانقـە ئـەم هێـزەی لـەوەوە پێـدراوە، چونكە سی ئای ئەی لەبەر ئامادەبوونی پێكەوەكاركردنی ئەو بانقە لـە گەڵیانـدا لـە جـەنگی ئەفغانستان، لەسـەر ئاستی جیهان پشتگیری وپاراستویەتی. یارمەتیدانی ئەم بانقە كـەم نـەبووە. "تـۆڕە ڕەشـەكانی"كـە پێكهاتووە لـە 1500كەسی بەهێزو پسپۆری تاوانكاری، بۆ ئەوە كاریان كردووە، بۆ نموونـە بـەرێكوپێكی فڕینـی فرۆكـەی هێڵـی پاكستانی جیهانی(PIN) لە كراجی لەدوا چركەدا نەهێڵن بفڕێت و پلانـی فرۆكـەی بـۆینكی خۆیـان بـە ژمـارەی كۆدیPIN) بفڕێت، بۆ ئەوەی بە بێ ڕێگر لە هێڵی فڕینـی جیهانی تێپـەڕێت. بـانقیBCCIهـیچ گیروگرفتێكی نەبووە بۆ گواستنەوەی موخەدەرات،ئاڵتون، پارە، چـەك لـە جیهـان. لـەباری سیاسیشـەوە گرفتـی نـەبووە:وەزیـری بەرگری ئەمریكی جاران كلارك نوێنەرایەتی كردووە؛ سەرۆكی پەنەما نۆرتیگا و سـەرۆكی كۆنگۆ/زائیر كڕیـاری بـوون. بـەلآم لـە كۆتـایی هەشـتاكاندا سـەردەمە خۆشـەكەیان بەسەرچـوو: جـەنگی ئەفغانسـتان سـەركەوت، سۆسـیالیزمی جیهـان وون بـوو، سـی ئـای ئـەییش دەسـتی لـە بازرگانییەكـە راگێشـاوە. كاتێـك بانقەكـە لـە1991 ئیفلاسـی كـرد،400كـەرتی لـە 73 وڵاتـی جیهـان داخـران و12ملیـارد دۆلاریـان دۆڕانـد(هـەمان سەرچاوە.لا.164).بەلآم ئەوەی مایەوە بەرهەمهێنانی ئیفیـون وهیرۆئـین لـە پاكسـتان وئەفغانسـتان و پەیوەنـدی توندوتۆڵی ئیسلامیستەكان و سی ئای ئەی.

هەروا چەندین نمونەی تر دەهێنن دەربارەی بازرگانی سی ئای ئەی بە موخەدەرات دەهێنن وەك پشتگیری كردنی پاشمـاوەی لەشـكری شـین كـای شـیك دژی سـەركەوتنی شۆرشـی چینـی؛ كۆنتراكـان لـە نیكاراگوا و كۆلۆمبیـا. لـە میترۆپۆلەكانیشدا خـەباتی فـەرمی دژ بـە مـاددەی بێهۆشـكەرەكان بـە بۆچـوونی نـەعوم شومسكی: فۆرمێكـە بـۆ تاوانبـاركردن وكۆنترۆلكردنی توێـژێكی كۆمەلآیـەتی كـە بـەرەسمی وەك ترسـناك پۆلانـد دەكـرێن. لـە ناوەرۆكـدا فۆرمێكی ئەمریكیە بۆ پاكسازی كۆمەلآیەتی"(جەنگی موخـەدەرات زۆر پەیوەنـدی لـە گـەڵ موخەدەراتـەوە نیـە: موخەدەرات وجیهانی سێ. Luzern1997،لا150,)...

شایانی باسە كە لە پێشەكی ئەم گۆڤارە بڕگەیەكیان لە كتێبی نووسەر یان تسیگلەر(بەربەرەكان دێن)وەرگرتووە" تارماییـەك بـە ئۆروپـا دێـت ودەچێ:تارمـایی تـاوانكردنی ڕێكخـراو.... كـارتێلی خـاوەن بـەرزترین تەكنـەلۆژیا و سنووربەزێنی تاوانكردن، بەرزترین قۆناغ وناوكی شێوەی خودی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پێكدەهێنێت."

**- لاین مێنجمێنت، لاین پرۆدۆکسیون -**

(له گۆڤاریisw ریپۆرت ژماره 27 وەرگیراوه)

له کۆتایی هەشتاکانەوه، زاراوەیەکی نوێ بەناوی لاین مێنجمێنت بەکارهێنراو له بارەیەوه لافاوێك کتێب بلاّوکرایەوه. راوێژکارانی خاوەن کارەکان، زانگۆ کەوتنە لێدوان و لێکۆڵینەوه لەسەر مەبەست و کارتێکردن و واتاکانی. مەبەستەکەش: سترکتور و فۆرمی رێکخستنی جیهانی کارکردن.

بەدەم لاین مێنجمێنتەوه زاراوەی لاین پرۆدۆکسیون هاتە پێشەوه. نوێنەرەکانیان دەیانەوێت دڵنیامان بکەن کەوا: شۆرشێکن لەبواری بەرهەمێنان وبەهەمان ئەندازه لە نێو کۆمەڵ، بەرادەیەك کە تەنها لەگەڵ دۆزینەوەی(فلیس باند) وئامێری هەڵمی سەردەمی رابردوو بەراورد دەکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدرێت نوێترین گەشەکردنی ناو واقیعی کارکردن پێشان بدەین وپێش هەموو شتێك ئەم پرسیارانه دەکەین:

1/ ئایا بەراستی لاین پرۆدۆکسیون فۆرمێکی نوێی بەرهەمێنانی دامەزراندووه؟ ئەگەر وڵامی ئەم پرسیاره"بەڵێ"بێت، سوودەکەی چییه؟

2/ئایا لاین پرۆدۆکسیون هەوڵدانێکه بۆ رزگاربوون له بەرهەمێنی فراوان(الانتاج الواسع)؟

3/ ئایا چەوساندنەوەی بەرهەمهێنەران بەتینتر یا کەم دەکات؟

4/ئایا رێگای دیموکراتیزەکردنی نێو کارگەکان بەرفرەوانتر دەکات؟

5/ئایا دەسەلاّت و بەرژەوەندی خاوەن کارەکان بەهێزتر دەکات؟

6/ ئایا سیستێمی بیمه کۆمەلاّیەتییەکان مسۆگەر دەکات یا بنەما بۆ بێکاری بە کۆمەڵ و تەکاندنی هاریکارییه کۆمەلاّیەتییەکان خۆشدەکات؟

7/ چ ئەرکێکمان لەبەره بۆ گۆرینی کاری سەندیکایی و بەرپاکردنی سیاسەتێکی ئابووری ئەڵتەرناتیڤ؟

8/ ئایا دەبێ سەندیکا و شورا کرێکارییەکان لەم جۆره نوێیەی بەرهەمهێناندا، پشتگیری له خاوەن کارەکان بکەن یا بەشێوەیەکی لۆژیك هەڵویستی رەفزکەرانەو واقیعی وڵامیان بدەنەوه؟

*******

ئەگەر ئەمرۆ پرسیاری: سیمای بەرهەمێنانی پیشەسازی مۆدێرن چییه؟ بکرێت، رەنگە هەموو یەکسەر بڵێن: تەکنیك، بەرهەمێنانی فراوان، دابەشکردنی هێزی کار، دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ چەند کەسێکی خاوەن سەرمایه و ملیونان له کرێکاری کرێگرته وبێکاران و لانەوازان.

هەڵبەت تەکنیزەکردنی بەرهەمهێنانی فراوان و کارگە گەورەکان هەنگاوه سەرەتاییەکانی دەسپێکردن و هاتنەمەیدانی سەردەمی پیشەسازی پیشاندەدەن( فیلمی سەردەمی نوێ، شارلی شاپلن). ئەو دەسپێکردنه ڕەگی تیئۆری فۆردیزم(لەناوی فۆردەوه سەرچاوەی وەرگرتووه) پێکدەهێنێت. زانا پێشکەوتووخوازەکانی (کۆمەڵناسی و

مێژوونووسەکان) هەوڵ دەدەن لەسەر تیشکی ئەم تیئۆرییەدا، پەرەسەندن لە وڵاتە سەرمایەدارەکان لەسەرەتای ساڵانی بیستەوە شیَ بکەنەوە. مەبەستی ئەم تیئۆرییە ئەوە نییە تەنها تەکنیك و فۆرمی ڕێکخستنی کارگەکان روون بکاتەوە، بەڵکە پەیوەندییەکانی نێوان ڕێکخستنی کار وپێکهاتنی کۆمەڵگاو بەرێوەوەچوونیشی پێشاندەدات و چۆن کاری سەر(فلیس باند) ودابەشکردنی کار(تایلۆریزم) بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵ پێکدەهێنن؛ کارگا کۆنەکانی روخاند و کاری پیشەسازی کرد بە گرنگترین کاری نێو کۆمەڵ و بەو پێیە کرێکارانی پیشەسازی نەشونمای کرد و بەژمارەیش بوون بە بەهێزترین کەرتی ناو کۆمەڵگا، تەنانەت دروستکردنی جلوبەرگ و پێڵاویشی لە چنگی کاری دەست دەرکرد و لە گارگا زلهێزکان دروستدەکرێن.

نیشانەکانی فۆردیزم

- یەکخستنی توندی پرۆسێسی کار بەرێگای پلەیەکی بەرزی کاردابەشکردن و جۆرخستنی لەگەڵ ئاستێکی دیاریکراوی کارکردنی ئامیرەکان ـ کاری سەر فلیس باند نموونەیەکی بەرجەستەیە ـ .
- بەرهەمهێنان زۆر توندو خێرا لە ژێر چاودێریکردن بەرێوەوە دەچێت. بۆ نموونە، مایستەرێك(ئۆستا)یەك پلەکانی بەرهەمهێنان و چۆنێتی کار و ئەنجامی کاری رۆژانە دیاری و چاودێری دەکات.
- جوداکردنی کەرتەکانی بەرهەمێنان. بۆ نموونە جوێکردنی بەشی ئامادەکردن لە بەشی نەخشەکێشان؛ کرێکاری سەر فلیس باند کاری بە پلەی خێرایی فلیس باندەوە نیە.
- کارکردن بە قۆنتەرات تا کرێکارەکە دواهێزی بەکار بهێنێت بۆ زیادکردنی کرێکەی، ئەگەر بەخێرایی کارەکەی ئەنجام نەدات، کرێیەکی کەمتر دەستدەکەوێت.

(بۆنموونە)فۆردیزم وایکردووە سەدان هەزار کرێکاری سەر فلیس باند هەمان گوزەران، چالاکی، کارتێکردن و کرێیان هەبێت. ئەمەش بەهۆی لەیەکچوونی کارەکەیان و بیَ ئیمتیازبوونیانەوە، کاری نەقابی و داخوازییەکانیان بۆ زیادکردنی کرێکانیان ئاسان کردووە. فۆردیزم بنچینەیەك بوو بۆ بەرفراوانی و پێکهێنانی بزووتنەوەی نەقابی جەماوەری کرێکاران لەم سەدەیەدا. هەروا خەباتە سەندیکاییەکان نەك تەنها رێی بۆ دەچوو، بەڵکە سەرکەوتووانەش ئەنجام دەدرا.

- لەسەردەمی فۆردیزم هەمیشە قەیران پێکهاتووە. لەپێشی پێشەوەیان، قەیرانی ئابووری 1929 کەوا سەرئەنجامێکی ترسناکی هەبوو. لەلایەیەنێکی ترەوە، بواری کارکردن فراوانتر بووەوە، بازاری نویَ گەشەیکردووە: ئۆتۆمبیل سازی، ئامێری ئەلکترۆنی، بەرهەمی کیمیاوی، هەروا پیشەسازیکردنی بەرهەمە کۆنەکان وەك خواردەمەنی و جلوبەرگ.

قەیرانەکانی فۆردیزم

لەناوەراستی حەفتاکانەوە گیروگرفت و سیماکانی هەرەسهێنانی فۆرماتسیونی فۆردیزم بەدی دەکریت.

1/ دواکەوتنی رێژەی گەشەسەندن لە وڵاتە پیشەسازییەکان.

2/ مەسەلەی بێکاری لە پەیوەندیدا لە گەڵ پلەی پێشەوەچوونی بەرهەمهێناندا، بووە بە گیروگرفتێکی بەردەوام، تەنانەت لە کاتی زیادبوونی بەرهەمهێنانیشدا لەناو ناچێت.

3/ بەهۆی بەجیهانکردنی بازارو بەکاربردندا، ئاستی کرێ لە پێشبڕکێی راستەوخۆدا رووبەرووی یەکتری دەکرێن. بۆ نموونە بەکاربردنی سەرمایەدارانی ئەلمانیا لەدەرەوە، سوودێکی زیاتریان دەستدەکەوێت، چونکە کرێی کار لە ولاَتەکانی تر وەك تایلەند، بەرازیل، مەغرب، زۆر هەرزانترە لە کرێی کرێکار لە ئەلمانیا...
4/ بەهۆی ئەو کێبڕکییە خاوەن کارەکان فشار لەسەر کار دەهێنن بۆ کەم کردنی کرێ و لە هەمان کاتیشدا بیمە کۆمەلاَیەتییەکان گرانتر دەکەن.
5/ بەکردەوە کرێی کار کەم کراوەتەوە و زیاتر روو لە کەم کردنەوە دەکات، هەژاریش لە زیادبووندایە.

## پۆست فۆردیزم: لە فۆردیزمەوە بۆ تۆیاتیزم؟

ئێمە دەتوانین بلێین، ئێستا قەیرانێکی گەورە لە ئارادایە، بەلاَم نەك تەنها سمبتومی قەیران، بەلکو لە هەمان کاتیشدا ستركتوری نوێ درووست دەبێت. ئەمرۆ مشتومڕی زاناکان لەسەر ئەم پرسیارەیە: ئایا ئێمە لە قەیرانی کۆمەلگای پیشەسازی دەژیین یا خۆمان لە ناو پەرەسەندنی قۆناغێکی زۆر نوێ دەبینینەوە، واتە لەسەردەمی پۆست فۆردیزم( بەهەمان مەبەست لە کۆمەلگای پۆست پیشەسازی).
ئێمە، گۆرانکارییەکی خێرا وسەرلەنوێ رێکخستنی جیهانی کار بەدی دەکەین. لە سالاَنی دوواییەدا، لەژێر فشاری بازاری جیهانی و تەکنیکی نوێدا بەهەموو توانا راتسیونالەکەیەوە، سیمای ناوەوەی کاری پیشەسازی گۆڕاوە یا بەرەو گۆڕان دەچێت. فۆرمی رێکخستنی ناو گارگاو چالاکێکانی بەشێوەیەك دێنە بەرچاو، وەك بلێی کارەکتەرێکی نوێی بە خۆیەوە گرتووە.
کاتێك ئێمە لەسەر قەیران یا کۆتایی پێهاتنی سەردەمی فۆردیزم؛ یا لەسەر پۆست فۆردیزم دەدوێین، مەبەستمان ئەمەیە:
1/ کەم بوونی بایەخی پیشەسازی لە ئابووری ولاَت.
2/ پێگەیشتنی فۆرمێکی نوێی کار و ستركتوری کەسەکان(ئافرەتان و پیاوانی کرێکار) لەناو کارگەکان. بۆ نموونە لە ئەلمانیا: بەشی کارە بەرهەمهێنەرەکان لە بودجەی ولاَتەکە لە 53٪ لە سالَی 1960 بووە بە 36٪ لە سالَی 1993. بەرامبەر بەمە، کاری خزمەتگوزاری گەشەی سەندووە. لە 14٪ بووە بە 35٪(جگە لە بواری بازرگانی و گواستنەوە و هاتووچۆ). لە سالَی 1970دا، دە ملیون مرۆڤ لە بواری پیشەسازی کاریانکردووە. ئەمرۆ تەنها هەشت ملیون مرۆڤن، بەمەرجێك رێژەی بەرهەمهێنان سێ بار زیادی کردووە.
ئەم گۆرانکارییە بەرەو کوێدا ملدەنێت؟
بۆچوونی جیاجیا هەیە. هەندێ بۆچوون هەیە، دەلێن: کۆمەلگای خزمەتگوزاری لە گەلَ هەلی کاری نوێدا پێك دێت...

## لاین مێنجمێنت

کینیش سیکین -یەکێکە لە دۆزەرەکانی سیستیمی بەرهەمێنانی تۆیوتا- لە گۆڤاری مێنیجەر مەگاتسین ژمارە 1993/2دا بە خاوەن کارەکانی ئەلمانیا دەلێت: من نامەوێت هەستی ئێوە بریندار بکەم، بەلاَم ئێوەی ئەلمان،

دەبێ لە بواری بەرهەمهێناندا رێك هەندێ شت بگۆڕن. ئێمە دەتوانین بە ئامیر، رێکخستن و کاتی کارکردنی ئێوە، ئاستی بەرهەمهێنان سێ بەرابەر زیاد بکەین...

ئەگەر کرێکار و ئامێرەکانتان بەڕاستی باش کار بکەن، ئەوا سەرئەنجامەکەیان خراپ نیە، بەلاّم شێوەی رێکخستنتان خراپە، کاتی کارکردنی زۆر بەفیڕۆ دەڕوات و هەروا ئێوە بەرێوەبەر و وەستایەکی زۆرتان هەیە. هەر کەسێکیش لەوانە، لەبەر چاوچنۆکی، سنوری دەسەلاّتەکانیان دەپارێزن و ئەمەیش فشار بەسەر سەرئەنجامی بەرهەمێنان دەهێنێت... لە(یابان)دا هەر کرێکارێك سێ تا چوار شفت کاردەکات، بەلاّم لەلای ئێوە تەنها یەك شفت کاردەکەن. هێزی کار لە ئەلمانیا خراپ نیە، لێ سیستێمەکە(مەبەستی سیستێمی بەرهەمێنانە)خراپە...

لێرەدا دەمانەوێت بنچینەی گۆڕانکارییەکانی ناو کارگەکان لە سالأنی رابردوو وکارتێکردنەکانیان لەسەر بازاڕی جیهان پێشانبدەین. لە هەشتاکاندا، لە ئۆروپا مەترسی لە یابان بلاّو بووەوە؛ فشار بەسەر بازاری جیهان بەهێزتر کرا. ئەم فشارە وای کرد، پێشبڕکێی یابان بەجدی وەربگیرێت. لەراستیشدا خاوەنکارەکانی یابان پێیان کرا بەخێرایی دەست بەسەر بازاڕی ئەلکترۆنی(تەلەفزیون، ڤیدیۆ، کامیرا...) بگرن. پاش ماوەیەکی کورت نهێنی سەرکەوتنەکەیان لە بواری رێکخستنی کار و بەرێوەبردنی کارکرن کەوتە بەرچاو. بەم شێوەیە لاین مەنیجمێنت لە گەلّ ناوی تیوتا بەسترایەوە.

پاش جەنگی جیهانی دووهەم، پیاوێك بەناوی(Eij Toyota) خاوەن کارگەیەکی بچوك بوو بۆ درووستکردنی ئۆتۆمبیلی تۆیوتا. ئەم ئۆستایە دەیویست قازانجێکی زیاتری دەست بکەوێت بەرێگای بەرێوەبردنێکی باشتر، بۆیە مالّئاوایی لە بەرێوەبردنی شێوەی بەرهەمێنانی(تایلۆریزم)ی کرد، واتە: سوودوەرگرتن لە زیرەکی و توانای رۆشنبیری کرێکارەکان، نەك تەنها لە هێزی بازوویان. ئەم تێزەیە بوو بە رێگایەکی نوێ بۆ بەهێزکردنی بازاری بەرهەمێنانی سەرمایەداری. لەپێناو بەئەنجام گەیاندنی ئەم تێزەیە، پێویست بە نوێکردنەوەی بەرێوەبردن دەکات. ئەمرۆش بوارێکی تر هەیە بەستراونەتەوە بەو کارە، وەك: چۆنایەتی گشتی بەرێوەبردن و بەرهەمێنانی جواروجۆر، نەك تەنها بەرهەمێنانی یەك بەرهەم-.

لە کۆتایی هەشتاکاندا تۆژینەوەیەك بەناوی( دووهەم شۆرشی پیشەسازی ئۆتۆمبیل)بلاّوکرایەوە. ئەم لێکۆلّینەوەیە بایەخ بە بەراوەردکرن لە نێوان درووستکردنی ئۆتۆمبیل لە ئۆروپا و ئەمریکا و یابان دا. سەرئەنجامەکەی ئەمەی خوارەوە بوو: خاوەنکارەکانی یابان خاوەن مۆدێلی بەرهەمێنانێکن، زۆر لە پێشەوە ترن لە پێشبڕکێ رۆژئاواییەکان.

لەسەر ئەم بۆچوونە، ئەم راستیە دەرکەوت: بەبێ نوێکردنەوەیەکی رادیکالانەی کاری خاوەنکارەکان بە گوێرەی نموونەی یابانی، پیشەسازی ئۆروپی و ئەمریکی ناتوانن درێژە بە ژیانیان بدەن. راوێژکارانی خاوەنکارەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە پیشەسازی ئەلمانیا دەتوانێت بە گوێرەی لاین مێنجمێتەوە 30، 50٪ بەرهەمێنان زیاد بکەن. ئەم گۆڕانکاریانە ناویان لێنا تۆیوتیزم، واتە گۆڕانکارییەك لە فۆردیزمەوە بۆ تۆیوتیزم.

ئەگەر مەبەست لە فۆردیزم، دابەشکردنێکی بەهێز بۆ کارکردنی بەرهەمهێنانی فراوان بگەیەنێت، ئەی لێ پاشگەزبوونەوە چییە؟

پۆست فۆردیزم، واتە ڕێکخستنی نوێی کارکردن. دەتوانین لەم چەند نموونە هێنانەوەی خوارەوە، سیما سەرەکێکانی بناسینەوە:

1/ کارکردن بە گروپ(Team) ئەنجام دەدرێت.

2/ ئەندامانی گروپەکە بەرپرسیارن بەرامبەر ئەرکی ڕێکخستن و دابەشکردنی کارەکان.

3/ گروپەکە بەرپرسیارە لە بەرامبەر چۆنایەتی بەرهەمەکانی. واتە خودی گروپەکە لە هەمان کاتدا پسپۆرانە هەڵدەستێت بە کاری تاقیکردنەوەو کۆنترۆڵکردنی بەرهەمەکان.

4/ پلەوپایە لەناو دەچێت. سیستێمی کۆنترۆڵکردن لەلایەن بەڕێوەبەر یا ئۆستا بایەخی خۆی لەدەست دەدات.

5/ لەنێو ئەم ڕێکخستنەدا، زانین و توانا و مۆتیڤاتسیونی تاقە کەسەکان پلەوپایەیەکی بەرزتر وەردەگرن. پێشتر چەند کەسێك بەقەد ژمارەی دەست بەرپرسیارێتیان هەبوو.

6/ بەرهەمهێنان نەرمتر دەبێت. چیتر یەك جۆرە بەرهەم و بە فرەیی لە پیلانی کارکردن جێبەجێ ناکرێت. لەبریدا تا بکرێت بەرهەمێکی جۆراوجۆر بەرهەمدەهێنرێت. بەم پێیە ویستی کڕیار دەکرێت بە فیگوری سەرەکی لێکدانەوە و پیلانەکانی کارگەکان( بۆ نموونە، بەرهەم بەقەت داخوازی کڕیار بەرهەمدەهێنرێت، واتە مەسەلەی عەمبارو خەرجەکانی لەناو دەبرێت.)

ئێستا ئەم ئامرازانە لەلایەن پسپۆر و زاناکانی کۆمپانیەکان، کراون بە فێرگەیەی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی کارکردن. ئەمانە وای بۆدەچن، کە شێوەی بەڕێوەبردنیان بۆ پرۆسێسی کارکردن نەك تەنها بەرهەمهێنترە، بەڵکو ئۆمانیترە(ئینسانی ترە) لەوەی پێشەوەی( فۆردیزم): مرۆڤەکان بەپیترو هۆشمەندانەتر کاردەکەن. خۆیان لە نارەزایی و بێزاربوون لە کاتی کارکردندا رزگار دەکەن.

ئێستا تۆیوتیزم لە پراکسیسدا تەنها لە بواری ئۆتۆمبیل سازی، ئەلکترۆن سازی پەیرەو دەکرێت و پەیوەندییەکی نوێی هێناوەتە ئاراوە. بێگومان لە ساڵانی ئایندەدا زیاتر پەخش و بڵاودەبێتەوە.

رەخنەیەکی سۆسیولۆگی لە جیهانی کارکردنی نوێ!

هەندێ لە کارتێکردنەکانی لاین مێنجمێنت بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سترکتورەکانیدا بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی سۆسیولۆگەکان، بەم جۆرەیە:

1/ زیادکردنی رادەی فشاری پیلانەکانی عەقڵانییەتکردنی(راتسیونالیزکردنی بەرهەمهێنان). بۆ نموونە لە کۆنزێرنی فۆڵکس ڤاگندا 15 هەزار کرێکار بێکارکران!

2/ بەئەکادیمکردنی کارکردن: دەرچووی زانکۆ و ئامادەییەکان لە 1976، 1991 دا 2،2ملیون کەس بوون. زۆربەیان ناچاری کرێکاری بوون. ئێستا ژمارەیان بووە بە 1،5 ملیون کەس.

3/ کەم کردنەوەی کاری پیشەسازی دەستی.

4/ نوێکردنەوەی سیستێمی کرێ.

5/ بەبازنەکردنی باری ژیانی کرێکاران: لەناوبردنی کاری ئاسایی و فشارهێنانی سنووردانان بۆ چالاکێکانی مرۆڤ و رادەی بەرهەمێنان( دەبێ بەرهەمەکان بەخێراتر و بەوپەڕی ڕێکوپێکی بەئەنجام بگات).

هەروا رەخنەی زانستییانەی ئەندازیای کارگەکان روو لە لاین مێنیجمێنت دەکەن: نـەبینینی ئاشکرای پرۆسێسی کارکردن لە کەرت وبەشە جیاجیاکاندا، بـەرزبوونی کـرێ بـەهۆی دیسێنترالێکردنی کـارکردن، بڕیـاردانی بەهەڵـە لەبـەر روون نـەبوونی نرخـەکان و مەترسـی هەوڵـدان بـۆ هەرچـی کـەمکردنی خەرجـەکان و گیروگرفتـی زۆری کارکردن لەناو گروپ.

ئـەوەی راسـتی بێـت، دوا ئامـانجی لایـن مێنیجمێـنت بریتیـە لـە بـەرزکردنی ئاسـتی بەرهـەمێنان، لـە پێنـاوی چنگکەوتنی بازارێکی زیاتر لە ناو بازاری جیهان. بەدەمی ئەم مەبەستەوە، دەڵێن: ئێمە دەمانـەوێت ئاسـتی ژیـان بەرزبکەینەوە و بێکاری لە ناو ببەین. بەڵام لە واقیعدا:

1/ ئاستی بەرهەمێنان بەرزدەکەنەوە، بەبێ ئەوەی هەلی کارکردن زیاد بکەن.

2/ فشارهێنان بۆ سەر سیستێمی کۆمەڵایەتی.

3/ بەرزکردنی رادەی( تمرکز)ی سەرمایە.

4/ بەهێزکردنی رادەی هەژاری لە زۆربەی وڵاتانی"جیهانی سێهەم".

5/ وێرانکردنی ژینکە بەرادەیەکی فراوانتر.

لە1990 بەدواوەوە، نموونەی لاین مێنیجمێنت لە ئەلمانیا پەیرەوکرا، هەر بۆیەش لە 1994 دا بەرهەمهێنان لە بواری پیشەسازی 10،7٪ زیادی کرد: لە بـواری پیشەسـازی ئاسـن27٪، پیشەسـازی دروسـتکردنی ئـامێر 11،1٪، پیشەسازی ئەلکترۆنی 13،0٪، پیشەسازی کیمیاوی 21،1٪. بەرامبەر بە زیـادکردنی بەرهـەمهێنان لـە بوارانـەدا بە رێژەی(1لە10)ی کرێکاران رەوانەی کارەساتی بێکاری کران.

ئێمـە لـەو بڕوایـەداین کـە تـەنها کەمایەتییـەکانی نـاو کۆمـەڵ سـوود لـەم رێبـازە وەردەگـرن و زۆربـەی کۆمـەڵ رووبەرووی مەترسی بێکاری بە کۆمەڵ دەبن، بـێ متمانـەیی لـە مـافی بـەردەوام بـوون لـە کـارکردن زیـاد دەکات، ناچارکردنی کرێکاران بۆ خۆگونجاندنی خێرایی لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی ناو کارگەکان. سەرباری ئەمانەیش، لاین مێنجمێنـت، کـارو چـالاکییەکانی خـەباتی سـەندیکایی بنبڕدەکـات، بـووە بـە هـۆی ئـەوەی کاتـژمێری کـارکردنی ئاسایی(هەشت سەعات کار) هەنگاو بە هەنگاو لەناو بچێت و مۆدێلی( 2 سەعات کار لە رۆژێك، واتـە مـانگی620 مـارك) یـا رۆژی 4 سـەعات کـار بـەرپا بکرێـت. ئێسـتا ئـەم سیسـتێمە نوێیـە لـە ئـەڵمانیا بـەرێوەوە دەچێت، لـە ئەمریکادا، لە کۆتاییەکانی ساڵی رابـردوو لـە" چارەسـەری دەگمـەن"ی بێکاری دەدوان، راستییەکەیشی ئەمەیـە: ئەمانە هەوڵ دەدەن بۆ کەمکردنەوەی کرێی کـارکردن، بـۆ ئـەوەی قـودرەتی پێشـبڕکێکردنی یـەکتریان پێبکرێـت( مەبەسـت ئـەمریکا، ئـەلمانیا، یابـان)ە لـە هەوڵدانیانـدا بـۆ سـەرلەنوێ دابەشـکردنی بازاڕەکـانی جیهـان و داگیرکردنیان...

## مارکسیزم، (ئۆپن-سوێرچ)و بەرهەمهێنانی پییر!

ئازادی یەك واتای هەیە: کار و موڵکایەتی هەرەوەزی!

هـەموو مەزهـەبی"وشـە"، مەزهـەبی"ئـاو"و هـەموو قوتابخانـە فەلسـەفییە ئـابووری، سـایکلۆژی، ئـەتیکی کۆمەڵایەتیەکانی جیهانبینی بۆرژوازی لە تاقە یەك قوتابخانەو هێڵ و بڕیاردەر کۆبوونەتـەوە بـەناو قوتابخانـەی شیگاکۆ و ئەمیش بەشێوەیەکی دیکتاتۆییانە لەسەر ئاستی دنیا بـە نـوێترین تەکنـەلۆژیای سـەربازی-زانیـاری بـۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی"ئازادی" ئابووری بازاڕی ئازاد دەکات کە کوێلایەتی نوێ، جەنگ، سێکسیزم، وێرانکردنـی ژینگە، گرانی، بێکاری و لانەوازی لێکەوتۆتەوە. لەم هەلۆمەرجە باڵادەستە(ناتوانین باس لە شارستانییەت بکەین-ڕۆز لۆکسمبۆرك).

پاش بڵاوکردنی بەرهەمەکانی مارکس ئیتر هیچ زانایەك نـەیتوانیوە بـەبێ ئاماژەکردنی ئـەرینی یـان نـەرینی بـۆ بۆچوونەکانی مارکس، بێتە مەیدانی فەلسەفە، ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و زانست! سارتر لـە پێشـەکی(ڕەخنـە لـە ئەقڵی دیالەکتیکی)، دەڵێ: (فەلسەفەی مارکس باڵاترین هزرە کە مرۆڤ لەم سەردەمە پێی گەیشتووە)و بەهـەمان شێوە دریـدا دەڵـێ: هەڵـە دەکـەین ئەگـەر بەرهەمـەکانی مـارکس نەخوێنینـەوە یـان دووبـارە نەیانخوێنینـەوەو توێژینەوە لەبارەی بۆچوونەکانی نەکەین). ئایا دەتوانین بڵێین: تا سەرمایەداری باڵادەست بێت، مارکسیزم وەك فەلسەفەی سەردەم دەمێنێتەوەو بەرپرسە لە لابەلاکردنی ناکۆکی چینایەتی.

گرنگی مـارکس ئیمـرۆ ئەوەیـە کـە دەسـەڵاتی سـەرمایەداری گەرچی لـە پلەیـەکی زۆر پێشکەتووە، بـەڵام هێشتا هەمان خووی هەیە و بە هەموو شێوەیەك بۆ خواوەندە باڵاکەی(قازانج)، نوێژ، تەلیلە و...زۆر شتی تریش دەکات و ئەگەر باری لاربوو، ئەوا خودا ئەگەر دوێنی پەیامی خۆی بۆ بـەرپاکردنی جـەنگی دژ بـە شـوعییەتی بـۆ نـارد، ئەوا ئێستا پەیامی خۆی بۆ بەرپاکردنی جەنگی"پیرۆزی" دژ بە تیرۆریزم بۆ ناردووە!

حکومەتە سەرمایە بانناسیونالەکان ناتوانن تەنانەت زورێك لە داخوازییە سـەرەتاییەکانی جاڕنامـەی مـافی مـرۆڤ لە ناو جەرگەی وڵاتەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن-بۆ نموونە تەنها لە نیویـورك 140 هـەزار لانـەواز هەیـە-، بۆیـە لەسەرتاپای دنیا مانگرتنی گشتی و خۆپیشاندانی ملیونی و بزووتنـەوەی ناڕەزایـەتی، ڕاپـەڕین و شـۆڕش گەشـەی سەندووە: عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە سەرو بـنی زاری مرۆڤایەتییـەو سـەرمایە بـە کەڵـەگایی، سەرشێتی، چـەك و تفاق و دڕندەییەوە پێشێلی مافی ئەو ئازادییانە دەکات کە بەر بە ئازادی بەرژەوەندی و پلان و تێگەیشتنی خـۆی دەگرن، بۆ نموونە سارا ڤاگنکنێشت(سیاسەتمەداری حزبی چەپ) لە ئەڵمانیا ناوی تازەترین بەرهەمی ناوە(ئازادی لەبری سەرمایەداری)و لە وڵامی پرسیارێکی تاگس شبیگل دەڵـێ: سـەرمایەداری لـە فرەلایەنـەوە ئـازادی سنوردار دەکات. هەر کەسێك بەناچاری لەسەر یاسای(هارتس4)بژێ، ئازاد نییە و هەر کەسێك بەبـەردەوام سـەعاتی کـاری زیاتر بکات و بەحاڵیش کاتی بۆ خێزان و برادەرەکانی ئازاد نییەو ئـەوەی لـە کارێکی کـاتی بـۆ کارێکی کـاتی تـر رابکات، ئازاد نییەو ناتوانێ نەخشە بـۆ ژیـانی دابڕێـژێ. تەنانـەت زۆربـەی بازاڕاکـانیش ئـازاد نـین، بـەڵکو لـەژێر دەسەڵاتی چەند بەڵێندەرێکن).

لێرەدا دەتوانین چەند نموویەك بۆ بۆچوونەکەی سارا زیادبکەین: ئەوانەی لەناو کەمپی پەنابەران دەژێن، ئـەو دایکانە کە بەتەنها کارو منداڵ بەخێودەکەن، بەساڵاچووان، خانەنشینان، ئالودەکانی نەخۆشییە دەروونییـەکان، ماددە هۆشبەرەکان، لانەوازان، لەشفرۆشەکان و زۆری تر....

هەر لەم کاتە گرنگی مارکسیزم ئەوەیە وڵامی سەردەمی درۆ هاوچەرخەکانی راگەیاندنی سەرمایەی جیهانگیر و رۆشنبیرە گەمژەکانی وەك(کۆتایی مێژوو، کۆتایی مارکسیزم، کۆتایی سیاسەت، کۆتایی...هتد)دەداتەوەو خودی سەرمایەداری متمانەی مرۆڤایەتی لەدەستداوە.

لە 2010/10/13، دالی مورتێنزم(هەلگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئابووری2010) لە وڵامی پرسیاری رۆژنامەی ئەڵمانیFAZ(ئایا قەیرانی دارایی شکستی سەرمایەدارییە؟)، دەڵی: من لایەنگری مەزهەبیانەی سەرمایەداری نیم، بەڵام نازانم کێی تر هەیە لەم قەیرانە بەرپرس بێت. ئێمە دەزانین کە ئەزموونەکانی تری رێکخستنی ئابوروی بۆ ماوەی درێژخایەن، جێگای قبووڵ نەبوو. سەرمایەداری زۆر کێشەی هەیە، بەڵام ئەڵتەرناتیڤەکە چییە؟

کاتێ تەکنۆکراتێکی ئابووری ئەمریکی و هەلگرێکی خەڵاتی نۆبڵ ئەم پرسیارە لەخۆی دەکات، ئەوا ئێمەش دەتوانین تەنها یەك وڵام بدەین: ئێستا سەردەمی شێوەی بەرهەمهێنانی(پییر) و ئابوروی هەرەوەزییە!

ژێردەستەکان و لەگەلیدا تەواوی مرۆڤایەیتی دەیانەوێت وەك هاورێی سروشت، لە کوێلایەتی هاوچەرخی سیستێمی قازانجی سەرمایە رزگاریان بێت، نەك وەك درندە زەمین و دەریا و ئۆقیانوس و دارستانەکان و ئاو هەوا بەکاربهێنرێ و تەکنۆکراتەکانیان بەشێوەیەکی دیکتاتۆریانەی بێوێنە لە مێژووی مرۆڤایەتی فەرمانرەوایی بکات.

ئابووری لیبرالیزمی نوێ و ئابووری هەرەوەزی ئازاد!

وەك چۆن ترافیکلایت، ژمارەی پۆلیسی هاتووچووی زۆر کەمکردەوە، ئیمرۆ (ئەتمەتە)و تەکنەلۆژیا و شۆرشی زانیاری شوێنی سەدان ملیون مرۆڤیان گرتوۆتەوە، ئامێری پلیت برین، کۆمپیوتەر شوێنی ئەو کارمەندانەی گرتەوە کە زانیاری هاتووچووکەیان بە نەفەرەکان رادەکەیاند، بەکارهێنانی(کارتی زیرەك) لە جیاتی کارمەندەکانی بانق، کامیرای دیگیتال، شوێنی فۆتۆگراف و موختەبەری وێنەگرتن، قەپانی کێشی کاڵاکان، کامیرای چاودێری شوێنی سەدان ملیون مرۆڤیان گرتۆتەوە.

بەرێگای خۆخزمەتکردنەوە لە(سوپەرماکێت یان لە چێشتخانەکان). کۆمپانیای-ئیکیا-سویدی کاڵاکانی (کەنتۆر یان چێشتخانە و شوێنی نووستن و کورسی...هتد)لە گەل نەخشەی دامەزراندنیان بۆ کریارەکانیان بەجێدەهێڵێن و بەمە هێزی کاری کەمتر بەکاردەهێنرێت. لە زۆر شوێندا سەندوقی ئۆتۆماتیکی جگەرە و رۆژنامە دانراوەو مرۆڤ دەتوانێ نرخەکانیان هەڵداتە ناوی و رۆژنامە یان پاکەتە جگەرەی خۆزراوەکەی دەستبکەوێت.

بەهەمان شێوە لە کەرتی پیشەسازی کشتوکاڵی، رەنجی ملیونان جووتیار و هەزاران ئاوایی بێ بایەخ کراوە(جووتیاران 80%ی هێزی کاریان پێکدەهێنا، ئێستا 3-4%پێکدەهێنن، زۆربەیان روو لە شارە گەورەکان کردووەو لەبارێکی سەخت و نە خوازراو ژیان بەسەر دەبەن). لێرەدا دەبێ بیر لە کشتوکاڵی خانووە شوشەکان بکەین کە بە پەینی کیمیاوی-ژەهراوی-دەرخواردمان دەدەن و هەرگیز بیر لە گەشەسەندنی کشتوکاڵی بیۆلۆگی ناکرێتەوە...قازانج لە بەکارهێنانی ژەهر، شوێنی"برایەتی" گرتووەتەوە!).

فریتژۆف بێرگمان(فەیلەسوفی ئەنترپۆلۆژی لە زانکۆی میشیگان) لەبارەی بێکاری و بەرنامەکانی چارەسەرکردنی نموونەی ئەڵمانیا دەهێنێتەوە و دەڵێ: ئیمرۆ حکومەتی ئەڵمانیا بە گرتنەبەری یاسای ریفۆرمی(هارتس4) لەبەرامبەر رادەی ئەو کێشەیە وەك ئەوە وایە یەکێك بیەوێ بە گڵاسێکی ئاو، دارستانێکی ئاگرتێبەربوو بکوژێنێتەوە. ئێستا بێرگمان راوێژکاری ئابووری حکومەتی ئەفریقای خواروو دەکات و لەوێ خەریکە وەك ئەڵتەنارناتیف، بەرنامەی(ئابووری دووهەم)جێبەجێ دەکات، وات: حکومەت تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بە دانیشتوانی ناوچە هەژارەکان دەدات تا بەخۆیان کالا پێویستەکانیان درووست بکەن. ناوبراو ئەم میتۆدە ناوناوە(کاری نوێ)!

سۆفت وێر، دیزاین و سەنتەرو ئاوایی و شارە ئازادەکان!

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم، ئێستا بیروباوەڕی مارکس بەشێوەی بەرنامەی ئازادو هاوبەش و رەخنەگری بونیادنەری دوور لە بازرگانی چاوچنۆکی وجەنگ و چەوساندنەوە بۆ ناو ماڵی دۆست و دوژمنەکانی دزەی کردووەو دوژمنەکانی ب وەبێ ئەوەی بزانن، بوون بە هاوڕێی و تەنانەت وەك مێوانێکی زۆر خۆشەویست، رێزی لێ دەگرن....هاوڕێ گەر ئێوە نەبن!

لە سوچێکی ناو ماڵانی سەدان ملیون مرۆڤ، کۆمپیوتەر دانراوەو کاری لەسەر دەکەن. لێرەشدا ناکۆکی چینایەتی باڵادەستە:

سۆفت وێرە ئازادەکان لەبەرامبەر سۆفت وێری لیسێنس. بیل کاتس(خاوەنی مایکرۆسۆفت)لە چەندین بۆنە و چاوپێکەوتن دژ بە(شوعییەت لە ئینتەرنێت)رای دەربڕیوە و لێرەشدا بۆچوونی جیاواز هەیە و هەندێکیش پێیانوایە(ئۆپن سوێرچ) پەیوەندیان بە شوعییەتەوە نییە!

کرستیان سیفکس(فەیلەسوف، ئینفۆرماتیکی ئەنگلیزی و چالاکوان لە بزووتنەوەی Open- Source و بەرنامەدانەری سوفت وێری ئازاد، دەڵێ: (هێشتا دیباتە لەبارەی کۆمونیزم دەستی پێنەکردووە). کۆمونیزم بە بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە برتییە لە(شێوەی بەرهەمهێنانی هاوبەش بۆ مرۆڤ).

پرەنسپی سۆفت وێری ئازاد بۆ (ریشارد شتالمان) دەگەڕێتەوەو 4پەرەنسیپی ئازادی پێناسەکردووە: 1- ئازادی بنەڕەتی، واتە ئازادی بەکارهێنانی بەرنامەکە بۆ هەموو مەبەستێك. 2- ئازادی زانستی، واتە رێپێدان بە لێتوێژینەوەی شێوەی بەکارهاتنی بەرنامەکەو گونجاندنی لەگەل خۆی. 3- ئازادی کۆمەڵایەتی، واتە ئازادی لەبەرگرتن(ئەستنساخ)کردن. 4- ئازادی بنیاتنان، واتە چاککردنی بەرنامەکە و ئەم چاکسازییە بۆ خۆشگوزەرانی گشت، فەراهەم بکات.

سیفکاس لە بری کۆمونیزم باسی(کۆمۆن)ە دەکات، واتە مولکی گشتی دەکات و پێیوایە ئەم بزووتنەوەیە ناوکی شێوەی بەرهەمهێنانی نوێیە. لەلایەکیترەوە کرستیان شپێر کە لێتوێژینەوە لەبارەی پرەنسیپی کۆمەڵەی ئازاد کردووە، دەڵێ: چاکەی ئازادی و یەکسانی بۆرژوازی تەنها لە کۆمەڵەی ئازاد جێبەجێ دەبێ. کۆمەڵە ئەو کاتە ئازادە ئەگەر یەکسان بێت و تاکەکان بتوانن لەناو کۆمەڵەکە تەنها ئازاد بن. هەروا چوارچێوەی کۆمەڵەی ئازاد

دیاری کردووە: دەبێ هەموو یاسا و ڕێساکان بۆ گۆڕین بن و هەموو بەشداربووان هەموو کاتێك ئازاد بن لە بەجێهێنانی کۆمەڵەکە.

فری سۆفتوێر چەندین کەرتی بەرهەمهێنان لە لۆژیکی قازانجی سەرمایە رزگارکردووە، بۆ نموونە بواری دیزاینی خانوو، جلوبرگ، پەیوەندی بێ تەل، هەروا بەرهەمهێنانی کاڵای هاوبەش و بە خۆڕایی و بێ ململانی و قازانج بەشێوەی ئازادانە لە هاوشێوەی(سۆفێت وێری ئازاد-ئەنسکلۆپیدیای ڤیکیپیدیا، لینوکس، فریفوکس، وۆردپرێس، پرۆژەی ئۆپن- هاردوێر و سەدان بەرنامەی تر)، مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهان بەشێوەیەکی هەرەوەزی گەشەیانپێدەدا و بە خۆشییەوە لەگەل مرۆڤی تر لەسەر بەشی دەکات و یەك بە یەکیان جێژ و سوودی لێ وەردەگرن. گەشەسەندنی ئەم جۆرە بەرهەمهێنانە وای کردووە، سەنتەر و ئاوایی و کارگەی هەرەوەزی دابمەزرێ: ئابووری هەرەوەزی ئازاد و خۆبەخش و داهێنەرانە بێ کڕین و فرۆشتن، واتە شوعییەت لەسەر ئاستی فرتوێل حزووری و برەوی هەیە.

بۆ نموونە هوشیاری موڵکایەتی گشتی زیندووتر هاتووەتە مەیدانی فکرو کاری مرۆڤایەتی. نووسەر زیلکە هیلفرش لە وتارێکیدا دەنووسێ: شتالمان وەك داهێنەری فری سۆفێت وێر، بەشێوەیەکی رادیکاڵانە( دژی موڵکایەتی رۆشنبیرییە)و ئاماژەش بۆ بزووتنەوەی(ئیکۆلۆگی و زانستی گشتی) دەکات کە ناکرێ پرڤاتە بکرێن وەك ئۆڤیانووس، ئەتمۆسفێر، رۆشنایی رۆژ، دەریا و کەشوهەوا...هتد. هەر بەم مانایە، پرۆڤیسۆر و ئیلینۆر ئۆستروم(هەلگری خەڵاتی نۆبلێ و مامۆستای زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئیندیانا لە بلۆمینگتون)لە چاوێکەوتنی رۆژنامەی(F.A.Z)، دەڵێ: لە ئەڵمانیا مەترسی قووڵ بوونی ناعەدالەتی هەیە و هەروا لە ئەمریکاش نائارامی کردووم. ناعەدالەتی مەترسیدارە. ئیلینور کە بەهۆی توێژینەوەی(موڵکایەتی گشتی)، خەڵات کرا دەڵێ: هەمیشە خراپە یەکێك لە خێزانێکی دەوڵەمەند لەدایك ببێ)!.

وتارەکەی کرستیان سیفکاس(بۆ پێشەوە بەبەرو کۆمونیزم)لە رۆژنامەی(نۆیە دۆیشلەند، 2011/3/5)دەستپێکێکە بەرەو ئەو ئاراستەیە. کرستیان دەنووسێ: با جیهانێك بهێنین پێشچاومان کە تێدا بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوە بە پێی پێداویستی لەپێناو خۆشگوزەرانی هەموو رێکدەخرێت و لەلایەن مرۆڤگەلێکەوە رێکدخرێت کە هیچ کەس ناچار نەبێت ژێردەستی یەکێکی تر بێت و ئازادانە لە کارێکی پێویست بەشداری بکات. من ئەك دۆرە کۆمەلگەیە ناودەنێم کۆمەلگەی شوعی، چونکە لەو بڕوایەم، (کۆمون)ەو موڵکایەتی گشتی رۆڵێکی گرنگی تێدا دەبینن.

گرنگ ئەوەیە دابڕانێك درووست ببێ لە نێوان هوشیاری کارو ژیانی هەرەوەزی ئازاد لەگەل هوشیاری قازانجی سەرمایە بگاتە ئاستی ئەو دابڕانە کە لەنێوان گالیلی و ئەرستوو درووست بوو. شێوەی ژیانی ئیمرۆی مرۆڤایەتی کە بەرهەمی هەموو رەوتە فەلسەفییەکانی سەرمایەدارییە کە ئەم هەموو دڕندایەتی لێکەوتووەو ، بەبێ ڤۆلۆنتاریزم و دیتەرمەنیزم، زامنی بەزیندوو راگرتن و گەشەسەندنی بیروباوەڕی مارکس و شوعییەتن: دەمێکە شێوەی(بەرهەمهێنانی پییر)ی کۆمۆناری لە پەراوێزی دەرچووە و بووە بە بەشێك لە جیهانی نوێ.

## گوتارە کۆنەپەرەست و شکستەکانی مەلا بەختیار، فاروق و رەفیقەکانیان!

مەلا(بەختیار عەلی) لە هەینی"پیرۆز"بە دوعا و پاڕانەوە دەیەوێ لە ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی نزیکمان بکاتەوەو ونووسیویەتی: (خودایە بۆ خاتری کەرامەتی ئینسان کە لەوێنەی خۆتدا خەلقتکردووە...خوایە کەرامەتی ئەوانیش بشکێنی....خودایە ئەو سیستێم و یاسا و حوکمڕانییە بە سزا و ئابرووچوونی خۆی بگەیەنی...خودایە ئەم میللەتە لەو نەگبەتی و نەهامەتییانە رزگار بکەین...خۆایە جورئەت و بوێری ببەخشە بەم گەلە قوربانییەبەخشە...خودایە بە حیکمەتی خۆت پڕمانکە لە هەدادان...خودایە خودایە بوێری و سەبر ببەخشە بەو گەنجانە...خودای ئەم تارمایی وەحشەت...خودایە ئێمە لە دۆزەخەوە پەنات بۆ ناهێنین، بەلکو لە کوردستانەوە...)

ئایا ئەوە گوتاری نوێبوونەوەی دونیا و دەسەلاتە؟ ئایا ئەوە خیتابی رۆشنبیرێکە بیەوێ کۆمەلگەکەی بۆ پێشەوە ببات؟!

بەداخەوە ئەو وتارە زیاتر فرەبێژی زۆرو زەوەن، پێوەنان و بێمانەیە کە بەروونی شکستی و دەستپاچەیی گوتاری رۆشنبیری راسترەو کۆنەپەرەستی سەرلێشێواو پیشاندەدا.

ئیمرۆ ئەو دەنگە بە گالتەجاڕییەکی نوێی فاروق رەفیق ئامێتە بوو، چونکە جەنابی"فەیلەسوف"یش هێرش بە بێ بۆنە بۆ مارکسیزمی برد! ئاخر نە مەسعود بارزانی(لینین)ە و نە جەلال تالەبانی ستالین، کەچی ئیمرۆ فاروق رەفیق وەك راسترەوێك، بە ریتوالی"لەبەر خودا"، نەفرەتی لە شوعییەت کرد!

رەفیق هەرگیز بابەت و بیرو هۆشی عەدالەتی کۆمەلایەتی نەبووە بە مێوانی، کەچی بۆ هەلخەلەتاندنی خەلك، هەر باسی عەدالەت دەکات کە لەداوییدا هەر دەسەلاتێکی تیموکراتی، ئۆلیگارشی، فاشستی لێ سەوزدەبێت!

ئەزموونی 1968رۆشنبیری بلیمەتی درووستکرد، بەلام بەردەرگای سەرا شەرمەزاری و کۆنەپەرستی! دەنگی رۆشنبیری ئازادیخوا زمان و گفتارو ئاراستەی تری هەیەو، ئەو نووسین و وتانە رەسەنایەتی و ئەرکی رۆشنبیری ئازادیخوایان تێدا نابینرێت نییە، سوپاس بۆ دەرگای سلیمانی کە ئاوا بە روونی دوو فاقی و شیزۆفرینی مندالە زیرەکەکانی بەردەرگای دەزگا رۆشنبیرییەکانی دەسەلاتی، دەرخست.

رێبوار سیوەلی، بەختیار عەلی، فاروق رەفیق، لەبەر کۆلەوارییان، ستەم و تاوانەکانی پارتی و یەکێتی بە فاشیزم دەشوبهێنن!

لە سلیمانی سەردەمی بەعس، پەردە لەسەر پەیگەرێکی کاوە لادراو بوو بە خۆپیشاندان و تا خوارەوەی نەخۆشخانەکە درێژەی هەبوو، منیش یەکێك بووم لە خۆپیشاندەرەکان. پۆلیسەکان لەسەر ئۆتۆمبیلەکانیانەوە، تەنها تەقەیان بەسەرمانەوە کرد. بە هەمان شێوە کاتێ لە هەولێر دانیشتوانی ئۆردوگای کەسنەزان(خەلکی گوندەکانی سیدەکان بوون)، بە کوتەك و بەرد خۆپیشاندانیان کردو بەردیان بە پۆلیسەکانی خانەقا تێگرد، بەلام تەقەیان لێ نەکردین.

هەرگیز ناکرێ خەتا و حەماقەتی بەراوردکردن لە نێوان حکومەتی هەرێم و رژێمی فاشیستی بەعس بکرێ. بەعسی ئەنفالی کردین، بۆیە بەبێ گوێدان بە ئەتەکێتی نووسین، دەلێم: تەنها گێل و گەمژەکان ئەو کارە دەکەن. نابێ فاشیزم وەك جوێن بهێنرێت. کلیپی ئەشکەنجەدانی ئەو گەنجە تاوانە و مەحکومە، بەلام ئەو جۆرە تاوانانە نە تازەیە و نە دەگمەن، تازەکەی ئەوەیە کە ئەو بەرێزانە تازە بە خەبەر هاتوون...بەخێر نەیەنەوە، ئێوەش کۆپییەکی تری ئەو شەلاق و ماچکردنەن، ئەوە نییە ئاراس فەتاح باسی دەستبڕین و کوژانەی نەیارەکانی کرد و(محسن ئەدیب) کورتەبالا وەك جوێن بەکاردەهێنێت بۆ هەندێ بەرپرس لە هەلەبجە، هەروا بەختیار لە وتارە پیرۆزەکەی رۆژی هەینی پیرۆز، کەوتووەتە هەلەی لەرادەبەدەر کوشندەو کول: لەلایەکەوە بڕیار لەسەر خۆپیشاندەران دەداو دەلێ(ئێوە و ئەوان لە هیچدا لە یەك ناچن)، پاشان بە زمانی مامۆستا پێیان دەلێ(دەبێت دروشمی ژیانی ئێوە بێت، لە هیچدا لەوان نەچن)وپاشان ئامۆژگاریان دەکا(...تا هەولْ بدەن لەوان نەچن)....خۆش ئەوەیە نەمریان پێدەبەخشێ(ئێوە تەنیا هێزن کە پیر نابن و ناڕۆن و هەمیشەیین)....چۆن؟ بۆ؟

من دەمەوێ تێبگەم، خۆپیشاندەران لەوان دەچن یان نا؟ کەس، حزب، شت هەیە پیر نەبێت؟ بۆچی هەمیشەیین؟...

کەنالێ گەلی کوردستان ریکلام بۆ چاوپێکەوتنێك دەکات لەگەل پرۆفیسۆرێکی ئەمریکی-لەوانەیە فاروق نامەکەی بۆ ئۆباما لەگەل ئەم"عەبقریە" دەنێرێ!- و زوو زوو وتەیەکی بلاودەکاتەوەو تێدا بە وەك ترزلێکی ئەمریکی بە ناڕازیبووان دەلێ(بڕۆن کار بکەن!)...ئەزانن مانای چییە؟!

سەرەماگۆ لەبارەی دیموکراسی لە وڵاتی بەڕێز ئۆباما دەڵێ: (کاتێ گەشت بۆ ئـەمریکا دەکـەم، کارمەنـدەکانیان دەتـوانن هـاردوێری کۆمپیوتەرەکەم کۆپی بکەن، کاتێ بازاڕی دراو مایەپوچ دەبێ، داهـاتی دەوڵـەت ئاودیودەکـەن، ئایـا ئـەو کارانـە چ پەیوەندییـەکیان هەیە لەگەڵ دیموکراسی؟ لەساڵانی رابردوو سمینارێکی زۆرم لەبارەی جیهانگیری دەگێراو وەك هزرێکی تۆتالیتێر پێناسەم دەکـرد. بەداخەوە بارودۆخی ئێستا بۆچوونەکەی پشتڕاستدەکات. هەرگیز مارکس وەك ئەم کاتە ئەکتوێل نەبووە.)

بەڕێزان!

رۆشنبیر پارێزەری چاونەترسی بەرگرییە بۆ بەرەوچوونی پرۆسەی رزگاری مرۆڤ لە گشت جۆرەکانی چەوساندنەوەو لـەم رێگایـە هـەرگیز بـیر لـە بەرژەوەندییـەکانی خـۆی ناکاتـەوە، دوور بێـت یـان لەناوچـەرگەی گۆڕەپـانی ململانییـەکان، سەرراسـتانە هـیچ لـە هەڵویستی بەرامبەر هیچ خاوەن دەسەڵاتێك، ناگۆڕێت و زۆر دەمێکە گۆتا پێی وتووین: (هیچ شتێك بەرزتر نییە لە هزری ئاشتی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی)، بەڵام ئەگەر ئەو ئێستا لەناومان بوایە، ئەوا بێگومان بەهەمان شێوە دووبارەی پرسیارەکانی دەکردەوە: لە چ کۆمەڵگایەك دەمانـەوێ بـژین؟ ئایـا بەراسـت دەمـاوێ هـەموو شـاێك ببێـت بـە بازرگـانی و کـاڵاو (رەیـع)لـە هەسـتی مـرۆی و کۆمەڵایەتی گرنگتر بێت؟)

گوتارەکانی ئەو بەرێزانە زۆر حزبین، حزبییەك لە خوارەوەی ئەقڵی مرۆیی ئازادیخوازو تینووی سەرفەرازی لەستەمی سـەرمایەی دارایـــی جیهـــانگیر کـــە پـــەلوپووەکانی لـــەناو گەڕەکـــەکانی ســـایمانی و هـــەولێر.و خانـــەقین تـــەراتێن دەکـــەن، بـــەڵام ئەو"بلیمەتانە"بەچەپڵەرێزان و دوعاو پاڕانەوەو نوێژ و نامەناردن و تکاو جاسووسی و هێرشکردن بـۆ گوڵـە سـوورەکەی ژیـان بـە ئیدیالی خۆیان دەزانن!

(...ناتوانم ئەو زنجیرانە بشکێنم

کە بە زەمین کۆتم دەکەن!

هیچ نابینم،

هیچ ناڵێم...فاوست)!.

سـەرەڕای هـەموو شکسـتییەکان و هەڵویسـتی ئەوانـەی سـەرمان شـۆڕ دەکـەن، داخـوازی هـەژارو سـتەمدیدەکان، داخـوازی بـەرەی ئێمەیەو دەستخستن و پاراستنیان هـەر بـە ئێمـە دەکـرێ و ئـەوەی"ئازادانـە" بمانسـڕێتەوە، بـەخۆی پێشـوەخت بڕیاریـداوە رسـوا بکرێت...ئازادییەکەی دەسەڵات و ئێوە، دەمخنکێنێ!

(نۆمانکلاتۆر)ەکەی بەختیار عەلی!

(سەردێڕی ئەم وتارە بە وشەیەکی بە هەڵەبەکارهێنراوی بەختیار بڵاودەکەوەو وشەکە بەم شێوەیە دەنووسرێ(نۆمنکلاتورە-nomenklatuer و لە پەیڤینیشدا دەگوترێ: نۆمنکلاتوە) دەنووسرێت؛ کۆنزەرڤاتیڤەکان هەڵەیە وبەم جۆرە دەنووسرێ(کۆنزێرڤەتیف)؛ (دونیا)هەڵەیە و دنیا درووستە؛ (مساوەمە)هەڵەیە و (موساوەمە) درووستە. چاکتر وایە ئەم برادەرە دەست لە بەهەڵە بەکارهێنانی وشەی لاتینی و ئەڵمانی هەڵبگرێت، چونکە زۆربەیانی بە هەڵە نووسیوەو پێشووتر لەچەند نووسینێکمدا دانەبەدانەیانم راستکردووە، بەو ئومیدەوە خوێندکاران بەهەڵە بەکاریانەهێنن.

خۆزگا هەڵەکەی بەختیار هەر ئەوەندە بوایە، بەڵام هەرجارێك بابەتێکی بخوێنم، بە دەیان و سەددان هەڵەی پڕ سەیروسەمەر و جەواشەکاری دەبینم و مرۆڤ ناتوانێ لەئاستیاندا بێدەنگ ببێت:

1- بەختیار دەنووسێ: (ناوی یەك کەس لەو چینە ئەرستۆکراتییە تازە بەخراپە بە بەیانی لە دادگا خۆت دەبینیتەوە یان بە رۆژی نیوەڕۆ دەترفێنن)!

ئەمە راست نییەو ئەوەی تۆزێك ویژدانی هەبێت بەچاوی خۆی دەبینی چۆن راستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە رۆژنامە، تەلەفزیون و رادیوکان، نەك هەر بە خراپە، بەڵکو هەندێ جاریش بە زیادرۆییشەوە ناوی کەسانی ئەو چینە ئەرستۆکراتییە دەهێنرێت بەبێ ئەوەی بدرێن بە دادگاو ئەگەر رەخنەگرێك درابێتە دادگا، ئەوا گەرچی پێم باشە کێشەی (قەڵەم بە قەڵم) چارەسەربکرێت، بەڵام لە وەڵاتانی وەك ئەڵمانیا کە خاوەن نزیکەی50 ساڵی ئەزموونی دیموکراسییە، بە بەردەوام نووسەر و خاوەن ئیمتیازی رۆژنامە و گۆڤارەکان دەدرێنە دادگا((بەختیار دەتوانێ لەم بارەیەوە پرسیار لە گۆڤاری تیتانیك، کتێبخانەی جۆرجی دیمیترۆڤ لە فرانگفۆرت- و زۆربەی کتێبخانە چەپەکانی ئەڵمانیا-و تەنانەت لە رۆژنامەی بیلد بکات، چەندین جار رووبەڕووی دادگاکان بوونەتەوە و سزای جۆراوجۆر دراون. لە کوردستانیش، بۆ نموونە من مافی رەوای خۆمە، یەکێك وەك مەحمود قەرەداغی لەبەر ئەو تەشهیرو سوکایەتیپێکردنە کە لە کتێبەکەی بە من دەیکا، بدەم بەدادگا، بەڵام من قەڵەمەکەم پشتوپەنامەو بەهەموو دادگاو یاساکانی دنیا نایگۆڕمەوەو ئەگەر جارێکی تر من و کاك مەحمود رووبەڕووی هەمان بارودۆخی زیندان بووینەوە، ئەوا بێگومان هەر وەکو جاران بەهەمان هەڵویست و رەوشت، رەفتاری لەگەڵ دەکەمەوە.

2- بەختیار دەنووسێ: (...گەنجان گلەییان لەوە هەیە کۆمەڵگا کۆمەکی خێرایان پێناکات و یارمەتیان نادات زوو ببن بە پیاوو گەورە ببن.)

بەختیار بەخۆی لە وەڵاتێکی ئۆرووپی دەژێ و دەبێ بزانێ لەوێ حکومەت، بۆ نموونە(بەڕێوبەرایەتی لاوان)ی دامەزراندووە و بە هەزاران پسپۆڕی بوارە جۆربەجۆرەکانی بۆ لاوانیان دامەزراندووە یان بە رێگای(بەڕێوبەرایەتی کار)ەوە کۆڕو خوول بۆ گەشەپێدان و گەڕان بۆ کارکردن رێکدەخەن و حزب و کڵێساکان لە هەموو بوارێکداو بەشێوەی جۆراوجۆر کۆمەك بە لاوان دەکەن. چاوەڕوانی لاوان لە کۆمەڵگا مەسەلەیەکی تایبەتمەند نییە بە کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتی یان رۆژئاوایی و بەڕاستی حکومەت و کۆمەڵگا بەگشتی دەبێ لەبەرامبەر لاوان بە کچ و کوڕ لە ئاستی بەرپرسیارییەتی بن!

3-بەختیار: (حزب ئێستا وشەیەکی بێمانایە هەمووومان بەکاریدەهێنین ، چونکە بوونی راستەقینەی نەماوە تا کەس لێی بترسێت)

بەختیار لە ئەڵمانیا دەژێ و حکومەتەکەی لەلاین حزبێك یان هاوپەیمانی چەند حزبێکدا بەڕێوەدەچێ و تا سەرئێسقان کۆمەڵگایەکی حزبییەو ئەگەر بەختیار لەبری ئەو بۆچوون سەقەت و بێ بنەمایە، تۆزێ خۆی ماندوو بکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە ناتوانێ ناوی ئەو هەموو حزب، گروپ، کۆمەڵە و رێکخراوانە ریزبکات!

ئایا بەختیار دەتوانێ تەنها نموونەیەکمان بۆ بهێنێت لەبارەی کۆمەڵگایەکی ئەم جیهانە بەرفراوانە، تێیدا حزب وەك پارێزەر یان دەربڕی بەرژەوەندی ئابووری، رۆڵی سەرەکی نەبێ؟! من دڵم بۆ"مێگۆلکەکانی-ئەم وشە قیزەوەنە لە ئەقڵی مامۆستاکانی بەختیارو خۆی بە قەرز وەریگرتووە"ئوستاد دەسووتێ کە بڕوا بەو نەزانی و گەمژایەتییانە دەکەن.

4- مامۆستا دەنووسێ: (حیزب ئێستا تەنیا خزمەتکارە، سوپایەکی یەدەك و هەڵگیراوە بۆ رۆژی تەنگانە، دەمامکێکی سیاسییە بۆ نوخبەیەك کە زۆر بەخێرایی لە سیاسەت دووردەکەونەوە. بوونی حزب ئێستا بوونێکی رەمزییە...)

حیزب؟! کام حزب؟ هەموویان؟!

ئەو سێ پرسیارە پووچەڵی ناوەڕۆکی رستە بێتام و لەزەت و خڕفانەی مامۆستا دەردەخات و لەوەش زیاتر بە گشتگیرکردنی وشەی حزب، دوو شاخیش بۆ خۆی درووستدەکات، ئەوجا بزانن لەبەردەم چ مەهزەلەیەکی پێکەنیناوی راوەستاوین. هەر حزبێك لاگیری لە بەرنامەو پرۆژەو چین و توێژێکی دیاریکراو دەکات و بەکردەوە فەزای ژیانی رۆژگارمانی داگیرکردووە، بۆیە حزب بوونێکی رەمزی نییە و بەختیاریش عەلەشیش!

5-ئوستاد فێرماندەکات کە: (پرۆژەی گۆڕینی مرۆڤی کورد بۆ کۆیلە، پرۆژەیەکی ترسناکی هەموو کۆنزەرڤاتیڤەکانی ئەم ناوچەیەیە، لە رۆحی خۆرهەڵاتەوە هاتووەتەدەرێ.).

سیاسەتی داگیرکردنی وەڵاتان لە روحی کەڵەکەکردنی سەرمایەدایەو ئەمەش پەیوەندی بە"روحی رۆژهەڵات یان رۆژئاوا"وە نییەو ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، دەبینین داگیرکردنی زەوی و زاری خێڵ، ناوچەو هەرێم و وەڵاتانیتر ئەنجامدراوە.

6- کاك بەختیار فرەبێژییەکی بێوێنە دەکات کاتێ لە وەڵامی پرسیارەکان، بانگەشە بۆ(ئازادکردنی مرۆڤی کورد و گەنجی کورد)دەکات! سەیرکەن و فێری ئەم دەربگرینە ببن((مرۆڤی کورد و گەنجی کورد))! دوو رۆژنامەنووسەکەی لیڤین و ئاسۆ(یاسین عومەر و هێمن باقر)زەحمەتی ئەوەش ناکێشن پرسیار لە نهێنی و مانای(مرۆڤی کورد و گەنجی کورد)ەکەی بەختیار بکەن تا"دەوڵەمەنتر"ببین.

7- بەختیار باسی((مرۆڤی کوردی ئازاد و کوردستانێکی دیموکرات)دەکات!

ئایا ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئەسپانیاو ئیتالیایەکی دیموکرات، مرۆڤەکانیان بە ئازادی دەژین؟! ئەگەر وا بێت ئەدی ئەو هەموو ناڕەزایی دەربڕینە لە دژی فاشیزم، بێکاری، سێکسیزم، دیپۆرتاتسیونی زۆرەملێی پەنابەران، سۆزانچێتی، پیاوسالاری، کوشتن و زەوتکردنی ژنان و منداڵان، داگیرکردن و ملیتاریزم لەسەر ئاستی جیهان و چەوساندنەوەی چینایەتییە ئەنجامدەدرێ؟! بەختیار کوردستانێکی دیموکرات و مرۆڤێکی ئازادی دەوێ، بە پەرلەمانێکی ناحزبی(!)و ئەو ئازادییە کە بانگەشەی بۆ دەکات هەر ئازادی بازاڕی ئازاد و لیبڕالیستەیە کە لەگەل سەرکەوتنی دەسەڵاتی سەرمایەداری بە ئاگرو ئاسن پەیڕەودەکرێ...بۆچوونەکەی چەند کۆن و سواو گاڵتەجاڕییەو ئەوجا چەند خوڕافییە!

گەرچی بەختیار سیاسی نییەو دووره لە تێڕوانینی حزبیانە، بەڵام خەم بۆ(رۆحی نەتەوە)دەخوات و دەیەوێت(ستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوەوە)ش لەناو ببات!

پرسیارەکە ئەمەیە: هەموو باس لە لەناوبردنی ستەمی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەڵام لەسەر بنەمای چ ئابوورییەك؟ سامانی کوردستان چۆن بەرهەمبهێنرێت و دابەشبکرێت؟ مانای ئازادی مرۆڤ چییە؟ مرۆڤ چەند کاتژمێر کاربکات؟ چی بە زمانی پیاوسالاری بکەین؟...هتد و لەدواییشدا پرسیار دەکەم ئەگەر ئازادی بەمانا کۆمونیستییەکەی واتە(لەناوبردنی کۆمەڵگای چینایەتی)یە، ئەدی ئازادی بەمانا"بەختیارییەکەی" چییە؟!

بۆچوونەکانی بەختیار عەلی قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێ و ئەو جۆرە خیتابە نموونەیەکە بۆ شکستی خاوەن جۆرە تێفکرینێك کە پێیان وایە بۆچوونێکی هاوچەرخیان داهێناوەو ئەڵتەرناتیڤێك بۆ بیروبۆچوونی کۆمونیزم پێشکەش دەکەن، بەڵام کە مرۆڤ دەیانخوێنێتەوە، دەردەکەوێت کە ئەوانە کەسانی بێتوانان و لەناو بازنەی جەهالەت دەسووڕێنەوە...

26/11/2007

## گۆڕان و موستەشارو بەختیار عەلی و قورئان و شێخەکانی؟!

هەزارجار بۆ گۆڕان، بەڵام بە چ ئاراستەیەك؟ گۆڕان بەرەو چەپ، راست، فاشییەت یان تیوکراتی؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەبێ لە خۆمانی بکەین و وەڵامی بدەینەوە.

کۆمپانیای"وشە"لە راگەیاندنەکانیان درێژە دەدەن بە بڵاوکردنی ئەم جۆرە هەواڵانە: عەشرەتی هەورامییەکان یان برادۆستەکان یان فیسارە شێخ یان دانشتیوانی"گوندەکان"پشتیوانیان لێدەکەن وپاشان بەرپرسی"کۆمپانیا"لەبەردەم کەناڵە تەلەفزیونەکەیەوە، قورئان دەخاتە سەر سەری و وەك سیحربازێکی بێوێنەش، لەیەك کاتدا"عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بازاڕی ئازاد"یان دەوێت(ئەمە بە مەرجێك پەیڕەوانی تەریقەتی بازاڕی ئازاد بە قەت دەریایەك خوێن لە خوازیارانی"خزمانی"عەدالەتی کۆمەڵایەتی رشتووە)و لە دواییدا سوورەتێکی قورئان بە مانای گۆڕان بڵاودەکەنەوە((ئاین هەر ئەمەی مابوو!))و بەهاوکاری موستەشار(خالد خولە سور کە خاوەن 7ژنە)و موستەشار شێخ برایم شێخ نەسەو موستەشار شێخ تەیب لە سلیمانی و رۆشنبیرەکەیان(بەختیار عەلی)و هەندێ ئەفسەری دزو جەردە، ئەمانە بە دەنگی فەرهاد سەنگاوی هاواردەکەن(دەیگۆڕین...دەیگۆڕین...دەیگۆڕین...مردن لە ئێوە دەترسێ) یان دەنوسن و دەڵێن"پەنا بە خوای گەورە"کارەکانیان بۆ پێشەوە دەبەن. ئەم دەنگ زوڵاڵە لە سەردانێکیدا بۆ

ماڵەکەم پێی وتم(ئێمە بە نهێنی خەریکی دامەزراندنی حزبی لیبڕاڵ دیموکراتین و ئەمریکییەکانیش پشتیوانیمان لێدەکەن). بەدەم ئەو وێنەو رەفتارو بۆچوونانەوە، دووپاتی ئەم هەڵویستە دەکەنەوە:"ئێمە خۆمان بە خاوەنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەزانین"، لێ نە کۆمپانیاکەو نە بزووتنەوەکەی(گۆڕان) خۆیان بە حزب دەزانن، بۆیە دەتوانین بڵێین: ئێمە لەبەرامبەر بزووتنەوەیەکین سوود لەگشت شتێك وەردەگرێ، واتە لەگەل ئیسلام، ئیسلامە، لەگەل چەپ، چەپە، لەگەل کۆنەپەرەست، کۆنەپەرەستە، لەگەل لیبڕال، لیبڕالە و لەگەل سۆسیالدیموکرات، سۆسیالدیموکراتە...هتد. هەمو ئەم یارییە بەکۆپیکردنی بانگەشەکەی کوڕی بۆرصەی نیویورگ ئۆباما(گۆڕان...بەلێ دەتوانین)بەرێوە دەچێ، بەڵام:

-1 بەکارهێنانی ئەو هەمووە(کان)ە، واتە گشتگیرکردنی گروپێکی کۆمەڵایەتی و نیشانەی ئەوەیە، ئەو برادەرانە هەرگیز لە واتاو بەهای دەنگدان وەك مافێکی تاك، تێنەگەیشتوون و جۆرێکە لە سڕینەوەی. بێجگە لەوەش درۆیەگەلی شاخدارن. هەروا نەك لەم بوارە، بەڵکو لەبوارەکانی تریشدا بەبەرچاوی هەموانەوە پەڕە چڵکنە گەندەڵ و مافیاییەکانی خۆیان دەردەخەن لە قبووڵکردن لە زانکۆ، دامەزراندن، پلەوپایە، دەربازکردنی دزو جەردەو زۆر شتی تریش.

-2 نەوشیروان بە بەرزکردنی قورئان بۆ سەر سەری یان ماچکردنی بەرماڵی"حەزرەتی شێخ"وەك هەر هەوڵێکی کۆنەپەرەستانەی دژ بە گۆڕانکاری پێشکەوتنخوازانە بۆ هەڵخەڵەتاندن، کۆمیدیا و یارییەکی پێکەنیناوی تۆمارکرد!

ئایا بە ئەقڵ و لۆژیکی دیماگۆگیانە، گۆڕانێکی ئینسانیترو جوانتر و دادوەرانە لە ئەزمونەکەمان بەدیدێت؟

لەدەوری سەرۆکێکی روحی و بزووتنەوەیەکی"ناحزبی"و تورەو عەفەوی، چەند رۆشنبیرێکی ساختە، کۆبوونەتەوە، بۆ نموونە، بەختیار عەلی. ئەم بلیمەتە لە گفتوگۆیەکەی هاوڵاتی لە2009/7/10 کە لە بەر"گرنگی تیوری"بۆچوونەکانی دووبارە لە سایتی سبەی بڵاوکراوەتەوە، دەڵێ: (مێژوو لەکەس قبوڵ ناکات لەژێر پەردەی دیموکراسییەتدا، دیکتاتۆر بیت)

ئەی ئەوە نییە لەژێر پەردەی دیموکراسی، دیکتاتۆرییەتی سەرمایە حوکمڕانی دەکات؟!. بەختیار ئەوەند لەناو سیاسەت قووڵبووەتەوە، زاراوەیەکی نوێی"داڕشتووە"و ناوی لێ ناوە: فاشیزمی سیاسی! خۆزگا نەختێ باسی(فاشیزمی ناسیاسی)شمان بۆ بکات. ئەمەش بوو بە بەزمی بەکارهێنانی"ئیسلامی سیاسی"و دوور نییە سبەی زاراوەی"شیوعی سیاسی"بەکاربهێنێ!

خەڵات وەرگرەکەی فیستیڤاڵی گەلاوێژ ئێستا لەگەڵ باڵی"گۆڕان"راوەستاوەو بەڕوونی هەڵویست وەردەگرێ و دەڵێ: کێشەکە لەوەدایە کە ئەو باڵەی کە مەیلی بەلای فاشیزمی سیاسیدایە، مەیلی بەلای دەمکوتکردنو سڕینەوەو لوتبەرزی ئەرستۆکراتیانەدایە، هەمو دەزگا عەسکەریو ئابورییەکانی بەدەستەوەیە. ئەم گەمەیە لەسەرەتاوە بە بڕینی موچە دەستپێکرد کە »جۆرە کوشتنێکی رەمزییە«، ئەوەی سەرەتا بە »کوشتنی رەمزی« دەستپێبکات بە »کوشتنی فیعلی« کۆتایی بە شانۆگەرییەکە دەهێنێت)وهەر لەم سونگەیشەوە بۆ ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی دەڕوانی و دەڵێ:(خورافەتێکی گەورەیە واتێبگەین کە ئەوە پارتیو یەکێتین وەك دو حیزب ئاشتبونەتەوە، بەڵکو ئەوەی کە ئاشتبوەتەوە دو باڵی ناو یەك نوخبەن کە قازانجی ئابوری بەیەکەوە گرێیان دەدات.). لێرە دەتوانین بڵێین کە ئەو ئاشتبوونەوەیە، وەك ئاشتبوونەوەی نێوان هەر دوو حزبی ترە لە جیهان وئاساییە کە بەرژەوەندی ئابووریش کۆیانیکردووە. ئاخر بەختیار دەزانێ کە شێوەو مەرجەکانی ئەو ئاشتبوونەوەیە بەدڵی باڵەکەی خۆی نییەو هەروا !

بەختیار بە پشتئەستوری بە میتۆدو ئیدۆلۆژیای دژە شیوعییەتی"بەڕێز" نیتشە، هایدەگەرو سلۆتەردایك و هاوشێوەکانیان، وەك(....هار) لەبیری ناچێت بەبۆنەو بە بێ بۆنە دریخی ناکات لە هەوڵی ناشرینکردنی ئەزموونی پڕ سەروەری مێژووی بەلشەفییەکان لەسەر ئاستی جیهان و مێژوو. هیچ کەس وەك ئەم فرەبێژە لە شیوعییەت و شیوعییەکان نەتۆقیوەو بە دوژمنی سەرەکی دەزانێ، بۆیە بەو شێوەیە هانی خەڵك دەداو کار لەسەر زەمینەخۆشکردن دەکات بۆ دووبارەکردنی قرناقاو پشتئاشانێکی ترو دەڵێ: (حیزبی کوردی تاسەر ئێسقان حیزبێکی بەلشەفییە)، هەروا لە درێژەی گفتوگۆکەیدا، نوخبەی کوردی بە(حزبە کۆمۆنیستەکان و حزبی بەعس)دەشوبهێنێ.

دیارە گشتگیرکردن لە دەربڕینی(حزبی کوردی) هیچ نابەخشێ، چونکە ئەحزابی کوردی هەن. ئەوە تەنها ئەحمەقێکی دڵ پڕ لەقینە کە بەو شێوە رەمەکییە، دۆو دۆشاو تێکەڵ دەکات و هیچ پەیوەندی بە زانست و لۆژیکەوە نییە. ئایا ئەوە بەشێك نییە لە پرۆسەی بەگێلکردنی خەڵك بە مەبەستی بەکارهێنانیان بۆ توندونیژی دژ بە چەپ؟!

بەختیارو هاو رێبازەکەی لەپڕ هەڵویستیان وەرگرت و بوون بە بەشێك لە باڵێکی یەکێتی و ئەمە"نموونەترین"بەرهەم و داهێنانیانە، باڵێك کە نیوەی دەسەڵاتی خودی یەکێتی پێکهێنابوو پێگەی خۆی هەبوو لەسەرجەم ئەزموونەکە، بۆیە هەموو بەرپرسیارییەکی لە ئەستۆدایە لە ماوەی18 ساڵ لە: گرانی، ئاودیوکردن، تەلارسازی، گەندەڵی، هەژاری، بیروکراسی، بازاڕی ئازاد، بەهێزکردنی کەرتی تایبەت، بڕینی موچەی 30هەزار دینار بۆ کەمئەندامان، 90هەزار بۆ خانەنشینان و125-165هەزار بۆ پێشمەرگەی خانەنشین، پشتگوێ خستنی گوندەکان، جیاکاری لەنێوان شەهیدان، بە نایەکسانی مامەڵەکردنی ئەوانەی لە دەرەوەوە دەگەڕێنەوە(بۆ حزبییەکانیی خۆیان بە خزمەت دەژمێردرێت و ناحزبییەکان خوا بەهانایان بکەوێت) و خۆ بە زلزانی و بەنزم تەماشاکردنی هێزو کەسایەتی خاوەن مێژوو و فکر، دواخستنی پرۆسەی یەکگرتنی ئیدارەکان...هتد.

بەڵێ بۆ گۆڕان، بەڵام نەك بە ماچکردنی بەرماڵ و قورئان و دیماگۆگی و دژایەتی شیوعییەت، بەڵکو بە ئاراستەی سیاسەت و ئابووری و پەروەردەو کلتوورو شێوازی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای عەدالەتی کۆمەڵایەتی...گوڵەکە لێرەیە، وەرن با لێرە هەڵپەڕکێ بکەین!

100ساڵ لە تاوانی سۆسیال دیموکراتەکان

بەپێچەوانەی زۆر لە وەڵاتانی جیهان، لە هەرێمی کوردستان، 3 حزبی جیاواز هەیە(ینك، پدك، حسدیك)خۆیان بە حزبی سۆسیالدیموکرات دەزانن و یەکەمیان ئەندامی سۆسیالیست ئینتەرناسیونالە و دووهەمیان داوای کردووە ببێ بە ئەندام و سێهەمیان زۆر یان کەم لەگەڵیاندا، پەیوەندی هەیە. بەهەمان شێوە بۆ نموونە لە کوردستانی رۆژهەڵات چەند حزبی کوردستانی هەیە وەك(کۆمەڵەی شۆرشگێرانی زەحمەتکێشی-عەبدوڵلا موهتەدی و حزبی دیموکرات)خۆیان بو(س.د)دەزانن. لێرەدا پرسیار دەکەین: بۆچی رەوتی ناوبراو لە هەرێمی کوردستان برەوی بردووەتەوە؟ چی وای کردووە ئەم 3حزبە بەو رەوتە سەرسام ببن؟! ئایا بەدیلێکی دادوەرو ئازادیخوا هەیە بۆ ئەو ئەو رەوتە؟!

جەنگی جیهانی یەکەم، یەکەم بەرهەمی سۆسیال دیموکراتەکانە لە ئەڵمانیا، چونکە فراکسیونی ئەم حزبە لەلایەکەوە لە 4/ئۆگوست/1914 رەزامەندی خۆی بۆ قەرزپێدان بۆ خەرجەکانی جەنگ راگەیاند(لەکاتی مەترسییدا وەڵاتەکەمان بە تەنها بەجێناهێڵین) و لەلایەکیتریشەوە درووشمی"بەرگری لە نیشتمان"یان بەرزکردەوەو کرێکاران و جووتیاران لە وەڵاتانی ئۆروپا کرد بە قوربانی جەنگی دەسەڵاتدارەکان. لەدژی ئەو بڕیارە، لە 2/دیسەمبەر/1914تاقە یەك پەرلەمێنتار(کارڵ لیبنشت) بە"نەخێر" دەنگی داو بوو بە دەنگی پرۆتێست و بەرگری

لە1915/3/5 گفتوگۆیەکی نهێنی لەنێو چەپەکانی بەرلین رێکخراو بڕیارياندا رێکخراوێکی مارکسی دابمەزرێنن و لە مانگی4/هەمان ساڵ، رۆزا لۆکسمبۆرگ، فرانس میرینگ و کلارا زێتکین یەکەم ژمارەی گۆڤاری(دی ئینتەرناسیونالە)یان دەرکرد. لە وتارەکەی ناوبراواندا، گشت جۆرە پەیوەندییەکیان نەك تەنها لەگەڵ سۆسیال شۆڤێنیستەکان بچڕاند، بەڵکو لەگەڵ گشت رەوتە هەڵپەرستەکان، بۆ نموونە لەگەڵ جەماعەتی(کاوتسکییەکان-USPD)یش. گۆڤاری(دی ئینتەرناسیونالە)هەنگاوێگی گرنگی چەپەکان بوو و دوابەدوایشدا رێکخراوی(گروپی ئینتەرناسیونال)یان دامەزراند کە پاشان ناوەکەیان بۆ(گروپی سپارتاکۆس) گۆڕی. بەهۆی سانسوری سەربازی لەم وەڵاتە، تەنها یەك ژمارەی گۆڤارەکە بڵاوکرایەوە، بەڵام دوایی لە سویسرا لەچاپدراو بەنهێنی بۆ ئەڵمانیا دەیانگواستەوە. لە کۆنفرانسی نهێنی گروپی سپارتاکۆس رۆژی1916/3/19، بڕیاردرا خۆیان ئامادە بکەن بۆ رێکخستنی خۆپشاندانی جەماوەری دژ بە جەنگ و روخاندنی حکومەت. لە 1مای/1916، رۆژی جیهانی کارگەران، رێکخراوی سپارتاکۆس رابەرایەتی خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەرفراوان کرد و کاڕل لیبنشت دروشمی(دوژمنی سەرەکیمان لەناو وەڵاتەکەی خۆمانە)و(نا بۆ جەنگ)بەرزکرد. ئەمە جەنگ راگەیاندنی گروپی ئینتەرناسیونالە لەدژی ئیمپریالیزمی ئەڵمانی و جەنگ شۆڤێنستییەکەی. پۆلیسی ئەڵمانیا هێرشیهێنا بۆ سەر خۆپیشاندەران و زۆریشیان و لەوانە خودی(کاڕڵ)یش دەستگیرکرا.

حکومەتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵلمانیا، گۆستاف نۆسکەیان کرد بەرپرسی گەورەی لەشکر و دەریاوانی ئەڵمانیاو لەسەر داوای ئەم کابرایە، (فڕای کۆرپ)دامەزرا. ئەم هێزە بریتی بوون لە کەسانی خۆبەش و لەسەر داوای سۆسیالدیموکرات لە 1919/1/15رۆژا لۆکسمبۆرگ و کاڕڵ لیبنشت، لەلایەن(فڕای کۆرپ)ەوە

دەستگیرکران و بەشێوەیەکی دڕندانە کوژران. لەسەر فەرمانی نوسکە هێزەکانی حکومەت، بۆیان هەبوو لە مانگی دیسەمپەرەوە بەبێ کێشەو گرفت وبەبێ ئەوەی بکوژ دەستگیر بکرێ یان سزا بدرێ و بە گوێرەی نووسراوێك(بانگەواز بۆ کوشتن) کە لە بەرلین سەددان هەزار نوسخەی لێ بڵاوکرایەوە، رابەرانی پرۆلیتاریای ئەڵمانیا، بکوژن و تێدا هاتووە:
کرێکاران، هاوڵاتیان!
نیشتمانەکەمان خەریکە لەناودەچێت
رزگاری بکەن!
نیشتمانەکەمان لەلایەن هێزی دەرەکییەوە هەڕەشەی لێ ناکرێ،
بەڵکو لەلایەن گروپی سپارتاکۆسەوە.
رابەرەکانیان بکوژن!
لیبنشت بکوژن!
سەربازەکانی بەرەی جەنگ.
پاشان دەرکەوت کە سەرکردەیەکی سۆسیالدیموکرات بەناوی شایدەمان، بەشی 14ی فریاکەوتنی سۆسیالدیموکرات، 100هەزار مارکی بۆ بکوژانی کاڕڵ لیبنشت و رۆزا بۆکسمبۆرگ تەرخان کردووە، بەڵام فەرمانەکە لەلایەن فەرماندەی گشتی سوپاو دەریاوانی ئەڵمانیا(نۆسکە) دەرکرا.
لایەنگرانی قەیسەر، لەشکرو ئیبەرت/شایدەمان(حکومەتی سۆسیالدیموکرات لە1919/1918)ئێستاش رایدەگەیەنن کە کوشتنی کەسانێك وەك رۆزا لۆکسمبۆرگ و کاڕڵ لیبنشت پێویستییەکی بێ چەندو چۆن بوو. فەرماندەی هێزی کوشتن(هاوپتمان پاپست) لە یەنوەری/1962لە گۆڤاری راستڕەوە توندڕەوەکان(دۆیتشە شتۆدێنتن ماگاتسین) وتی: (من فەرمانی گولەبارانکردنیانم دا-سەرچاوە: رۆژنامەی دی تسایت، ژمارە3لە 1989/1/31، لاپەڕەی42)و حکومەتی ئەڵمانیش لە مانگی دووی/1962رایگەیاند: (گولەبارانێکی یاسایی بوو.)
پاش ئەو تاوانە گەورەیە، سۆسیالدیموکراتەکان، کۆماری شوراکانی شاری موینشنیان خەڵتانی خوێن کرد: لە مانگی چواری/1919خەباتگێڕەکانی موینشن بە رابەرایەتی حزبی کۆمونیستی ئەڵمانیا و هاورێ(ئۆیگن لیڤین) شورای کرێکاران و سەربازەکانیان رێکخست و لە ماوەیەکی کورتدا لە ژێر کۆماندۆی دەریاوانی کۆمونیست(رۆدۆلف ئیگلهوفە)، لەشکری سوور کە زیاتر لە 5000کرێکار و سەرباز بوو، پێکهات.
لە 1919/5/1هێرشی دژە شۆرشی حکومەتی سۆسیالدیموکراتی(هوفەمان) دەستپێکردو سەرەڕای بەرگرییەکی سەرسەختانە، لە1919/5/3شکستیان هێناو دەستبەجێ زیاتر لە 1000جەنگاوەریان کوشت و ئیگلهوفە یەکێکیان بوو ونزیکەی 5000 زیندانیکران. هاورێ ئۆیگن لیڤین لەلایەن حکومەتی سۆسیالدیموکراتی موینشن سزای مەرگ دراو لەسێدارەیاندا.
د. نیك پراونس لە وتارەکەی(هەموو دەسەڵات بۆ شووراکان!- پێش 80ساڵ: شۆرش لە بایرن)، دەنووسێ: چیتر(MSPD)کە پاشان ناویان گۆری بۆ سۆسیالدیموکرات لە بایرین ناتوانن لە خیانەتکارییەکانیان ئاسوودە بن. سۆسیالدیموکرات بە هاوپەیمانی لەگەل سوپای پروسی لەبەردەم چاوی کرێکارەکان رسوابوو، بەڵام ئەم فشارە بەبێ سەرئەنجام مایەوە. بانگەوازکردنی(فرای کۆرب)لەلایەن سۆسیالدیموکراتەکانی بایرن بۆ دابینکردنی پشتوپەنا بوو تا لێرەوە روخاندنی پەیوەندییەکانی کۆماری قایمەر ئامادە بکرێ و تەنانەت ئەدولف هیتلەریش توانی لە موینشن یەکەم لایەنگرەکانی کۆبکاتەوە. هەروا لە هەمان ساڵدا چارەنووسی راپەڕینی دەریاوانەکانی(کیل)یش بەدەردی کۆماری شۆراکانی کیل برد.
ئێرنست تیلمان لەبارەی تیرۆری رەشی سۆسیالدیموکراتەکان، نووسی: (کاڕڵ و رۆزا بۆیە بوون بە قوربانی بەربەرییەتی سۆسیالدیموکراتی دژە شۆرەش؛ قوربانی دەستی نوسکە، ئیبەرت و شایدەمان و...، چونکە پرۆلیتاریای ئەڵمانیا هێشتا نەیانتوانی چەکەکەیان درووستبکەن، ئەو چەکە کە پرۆلیتاریای رووسیا بە سەرکەوتن گەیاند: حزبی بۆلشەڤی!- سەرچاوە: ئێرنست تیلمان، جلدی 2، فرانکفۆرت، 1972،لا13).

سۆسیلدیموکرات و دەسەڵاتی هیتلەر
نووسەر لۆتەر بێرتۆڵد لە وتاری(هەڵبژاردنی بەرلەمان لە 1932)، ئاماژە دەکات بە بەشداربوونی 190سۆسیالدیموکرات لە کۆی 1700نوێنەر لە ئەکتسیونی ئەنتی فاشست لە هامبۆرگ...50کرێکاری سۆسیالدیموکراتەکان لە کۆنفرانسی شورای کرێکاران لە ڤوبەرتال بەشداریان کرد...هەموو ئەم هاورێیانە بەو هوشیارییەوە بۆ ئەکتسیونی ئەنتی فاشیست هاتن کە کرێکارە سۆسیالدیموکراتەکان دەبێ شانبەشانی کۆمونیستە هاوچینەکەیان، خەبات بکەن. بەدرێژایی ساڵی1932و لەم کاتە ترسناکەی گەل، سەرکردایەتی سۆسیالدیموکرات و لەدژی ویست و ئارەزووی زۆر لە ئەندامەکانی، هەڵویستی بەرپەرچدانە بۆ کاری هاوبەش لەگەل حزبی کۆمونیستی ئەڵمانی راگەیاند....سەرکردایەتی سۆسیالدیموکرات بەتوندی درێژەیدا بە هەڵویستی دژەکۆمونیستی.
دەستەی نووسەرانی(انپریگۆر) لەبارەی خیانەتکاری سۆسیالدیموکراتەکان: لە1933/5/17پەرلەمێنتارە سۆسیالدیموکراتەکان دەنگیان بە"بڕیاری ئاشتەوایی" هیتلەر دا، چونکە-وەك خۆیان وتیان- دەنگدانی ئێمە بۆ سیاسەتێکی دەرەکی ئاشتیخوازانەی ئەڵمانیا بوو، نەك دەنگی متمانەیی بە هیتلەر.

(ڤالتەر ئولبریشت)تیش لە تەلەفزیونی ئەڵمانی ڕۆژی 18/ئۆگست/1961ڕۆشنایی خستوەتە سەر لایەنێکی تری خیانەتکاری(س.د)و دەڵێ: ئەگەر ئەو 100هەزار پۆلیسە لەلایەن وەزیری ناوخۆی حکومەتی پرۆیسی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانیا(سیڤرینگ)لەبەرامبەر هێرشی کۆنەپەرەستان و فاشیستەکان....بەکاربهێنا، هەموو نەهامەتییەکان لەکۆڵ گەلی ئەڵمانیا وهەموو جیهان دەبووەوە... سیڤرینگ لەبەرامبەر ئەفسەرێك و چەند پیاوێك، خۆیی بەدەستەوە دا.
هەر بە هەمان شێوە، ئێرنست ئیلمان(سکرتێری حزبی کۆکۆمیستی ئەڵمانیا لەسەر فەرمانی راستەوخۆی هیتلەر لە17/ئۆگوست/1944لەلایەن پۆلیس(ڤۆڵفگانگ ئۆتۆ)گولەباران کرا. گەرچی قسەکانی شایەت(ماریان زگۆدا)لەبارەی کوشتنی ئێرنست لەلایەن(ئۆتۆ) لە1947وە، لەبەردەم دادگا بوو و تا ڕۆژی کۆچیدوایی هەردووبارەی دەکردەوە، کەچی لە 1962دەست بە لێپێچینەوەی کرا و یەکەم جار لە 1985لەسەر داوای پارێزەرەکەی کچی ئێرنست سکاڵاکەی لەسەر بەرزکرا. ئێستا لە1986/5/15دا، سزایەکی زۆر سوك درا و دەتوانێ وەکو جاران بە ئازادی بژێ. مەسەلەکە تەنها هەر ئەوە نییە، ئەم پیاوکوژە کە بە سزادانی زۆر سوك ناسراوە، بەهۆی ڕۆڵی لە(کۆماندۆی ئێس ئێس بۆ گولەبارانکردن)، لە 1947 لەلایەن دادگای سەربازی ئەمریکی بە 20ساڵ زیندانی سزادرا، بەڵام لە1952وە ئازادکرا. لە 000 100ئەفسەرو پیاوکوژەکانی دەوڵەتی(ئێس. ئێس) لەماوەی 1945-1985سکاڵاو سزادان لەسەر تەنها 6هەزار کەسیان کراو زۆربەیان سزایەکی خەندەوەریان بۆ بڕایەوەو زۆرجاریش جێبەجێ نەکران.
لە کۆتایی شەستەکان تا حەفتاکاندا حکومەتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانی سەنگەری دژ بە شۆرش و بەرگری پێکهێنا و لوتکەی ئەم سیاسەتە لە کوشتنی زیندانییە شۆرشگێرە ئەڵمانەکان دەرکەوت: زیندانیان(ئولریکە، بادر، کاسبەر...)یان کوشت و لایەن کۆمسیونێکی سەربەخۆی جیهانی لێپێچینەوەی لێ کراو بڕیاریاندا کە ئەو زیندانیانە کوژراون، بەڵام حکومەت ئێستاش هەر دووبارەی هەمان قەوانی سواو دەکەن، واتە((خۆکوژی بە کۆمەڵیان))ئەنجامداوە.
مێژووی نوێی ئەم حزبە، مێژووی بێکارکردن، راسیزم و دژایەتی مافی کرێکاران، ژنان و بزووتنەوەی چەپە.

حکومەتی سۆسیالدیموکرات لە پیرۆ
لە ساڵی 1986سۆسیالدیموکراتەکان حوکمڕانی(پیرۆ)یان دەکرد. لە 18/یونی هەمان ساڵدا زیندانییە سیاسیەکان لە سێ زیندانی وەڵاتەکە، راپەڕینیان بەرپاکرد. زیندانی(ئێل فرۆنتۆ) لەلایەن پاپۆرە جەنگییەکانەوە بۆدومان کراو پاشان هێرشیان بۆ هێناو وردوخاشیان کرد. ئەفسەرێك رایگەیاند(هێرشمان بۆ زیندانەکە هێنا و لەوێ"یەك بە یەکیان بۆ کوشتن")-سەرچاوە: تاگس شپیگل لە 21.6.1986-
بەڵێنی ئەو ئەفسەرە جێبەجێ کرا: (لە هەر سێ زیندانەکە لاشەی 400زیندانیان لەدوای خۆیان بەجێهێشت)و هیچ زانیارییەك لەبارەی ژمارەی بریندارەکان بڵاونەکرایەوە.
لە هەمان ئەم کاتە، واتە لە1986/6/20سەرۆکوەزیرانی ئەڵمانیا(ڤیلی براندت)وەك سکرتێری گشتی سۆسیالیستی ئینتەرناسیونال لە (لیما)ی پایتەختی ئەم وەڵاتە کۆبوونەکەیان کرد.
حزبە سۆسیالدیموکراتەکان لە ژێر درووشمی(ئاشتی و هاریکاری ئابوری) و بە پاسەوانی000 20 پۆلیس و سەرباز کۆبوونەوەکەیان سازداو بەمە هاریکاری خۆیان بۆ سەرۆك(ئالان گارسیا)و سیاسەتە سۆسیالدیموکراتەکەی دابینکرد، بەڵام کۆمەڵکوژی زیندانییە سیاسییەکان، پەردەی لەسەر هەموو درۆدەڵەسەکانیان لەباری ئاشتی لادا. لە ساڵی 1985، (ئالان گارسیا) خۆی وەك خەباتگێر لەدژی هەژاری و بێکاری و وەك"پارێزەری هەژارەکان"بە دانیشتوانی وەڵاتەکە ناساندو توانی دەنگی زۆربەی کرێکارو جووتیارەکان وەربگرێ، بەڵام بەداخەوە هەر بەخۆشیان باجەکەیان دا.
بە گوێرەی ڕۆژنامەی(تاتس)ی ئەڵمانی لە 1985/5/30، حکومەتی سۆسیالدیموکرات لە ئەڵمانیا بڕی 6ملیون مارك وەك سوو لەسەر قەرزپێدان بەناوی(یارمەتی گەشەپێدان)لە پیرۆ، وەرگرت و لە نێوان1979و1985بە بڕی 240ملیون مارك چەکیان پێ فرۆشت(1986/6/21، تاتس). بە چەك و پارەی ئەڵمانیا، حکومەتی سۆسیالدیموکرات لە پیرۆ بەفەرمی دانی نا بە ونبوونی نزیکەی 7هەزار کەس لە 1980وەو ئەشکەنجەدان، رەشبگیری، هەڵواسین، گۆری بە کۆمەڵ بوون بە بەرهەمی کۆبوونەوە جیهانییەکەی سۆسیالدیموکراتەکان لە لیما.

سۆسیالدیموکرات لە فەرەنسا
سۆسیالدیموکراتی فەرەنسا کە لەژێر ناوی(حزبی سۆسیالیستی فەرەنسا)کاردەکا راستەوخۆ لە ئاستی ناوەوە دەسەڵاتی سەرمایەداری و سیستێمی موڵکایەتییەکەی و شێوەی بەرهەمهێنانەکەی پاراستووەو بە سیاسەتێکی راسیستی تێکەڵابووەو ولەهەمان کاتدا دەستی بە خوێنی جەزایرییەکان سوور بووە.
لە وتاری(جەنگی داگیرکەرانەی سۆسیالدموکراتی فەرەنسی لە جەزایەر 1954-1962)کە لەلایەن ماریانە ئارێنس و فرانسیوس تول، هاتووە: (پاش شکاندنە مێژووییەکەی لەشکری فەرەنسا لە(دین بیان ڤو- ڤێتنام)، حکومەتی فەرەنسی بڕیاریدا بەشی زۆری ئەو لەشکرە بۆ جەزایەر بگوێزێتەوەو لە1956، 000 500سەربازیان جێگیرکرد. حکومەتی سۆسیالدیموکراتەکەی(Guy Mollet)، ئازادی ئەشکەنجەدان بە هێزی دەسەڵاتە

داگیرەکەی لە جەزایەر دا، و لە یونی هەمان ساڵ، پەیرەکردنی مافە ئازادییەکانی مرۆڤی راگرت و رێگای بە جەندرمە، پۆلیس و سەربازەکانی دا" لێتوێژینەوەی دووروریژ"و" بەرخوردی زۆرەملی"و "مامەڵەکردنی تایبەت" جێبەجێ بکەن وەك ژەنەڕاڵ پاول ئاوساریس- بەرێوبەری پۆلیسی نهێنی-، رایگەیاندو هەر خۆیشی بوونی 3000زیندانی بێسەروشوێن پشتڕاست کردەوە.
لە 1954/11/5، فرانسوا میتران(وەزیری ناوخۆ) لە کۆبوونەوەی پەرلەمان وتی: یاخیبوونی جەزایرییەکان تەنها تاقە یەك بڕیاری لێدەکەوێتەوە، ئەوەش بڕیاری جەنگە. وتیشی: جەزایەر، فەرەنسایە؛ دەریای ناوەڕاست جەزایەر لە فەرەنسا جیاکردووە، ئەمەش هەر وەك ئەمبەرو و ئەوبەری پاریسە). کاتێ ئەم مرۆڤکوژە پاش دوو ساڵ دەبێ بە وەزیری داد، لە 1957/2/10رەزامەندی پیشان نەدا بۆ لێخۆشبوون لە کۆمونیستی جەزایەری(فێرناند ئیڤیتۆن)و بەمە ئیمزای لەسێدارەدانی دا. لی پا(سەرۆکی راستڕەوە توندڕەوەکانی فەرەنسا)لەبارەی ئەشکەنجەدان لە جەزایەر دەڵێ ئەوە"تۆری درۆکردنن" و بە بۆچوونی ئەم"دەیانەوێ هەموو ئەو شتانە کە هێشتا لە فەرەنسا پاکژن، وێران بکەن.
لەم جەنگە1،7ملیون فەرەنسی بەشداریکردو نزیکەی 25هەزاریان لێ کوژراو 000 60لێ بریندارببوو و بووە هۆی کوشتنی نزیکەی 000 500جەزایەری(جەزایرییەکان ناوی وەڵاتەکەیان ناوە وەڵاتی ملیون شەهید!).
سۆسیالدیموکراتەکان بەوپەڕی هێزیانەوە پشتیوانیان لە یەکێك لە دڕندەترین دیکتاتۆرییەکان جیهان کردووە، بۆ نموونە هاوبیرکەیان(سەددام حوسین)، ئەمەش لەبەر خاتری خودی سەددام نەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی خزمەتکاری سەرمایەن، چاوپۆشی لە تاوانەکانی وەحشێك وەك سەددام دەکەن و گرنگترین چەکی خۆیان پێ دەفرۆشن، بۆ نموونە سوپای ئێراق بە هیلکۆپتەرە فەرەنسییەکان کون بە کون راوە ڕێشمەرگەو گوندنشینیان دەکرد. بێرنهارد شمید لە وتاری(Gallische Hahn oder Friedenstaube)دەنووسێ: تەنانەت شیراك بە بۆنەی سەردانی سەرۆك وەزیرانی ئێراق سەددام حوسین بۆ پاریس لە 5/سێپتێمبەر/1975بە برادەری شەخسی خۆی ناوزەد کرد.
هەروا درووگەی(کۆرسیکا) کە دەکەوێتە ناو جەرگەی دەریای سپی و هەزاران کیلومەتر لە سنووری نیودەوڵەتی فەرەنساوە دوورە، کەچی هێشتا حکومەتە یەك بە یەکەکانی فەرەنسا بە حکومەتە سۆسیالدیموکراتەکانیشەوە، کۆرسیکا بە بەشێك لە زەوی فەرەنسا دادەنێن و داگیریان کردووە، رێك وەك رەفتارو کرداری حزبی کرێکاری بەریتانی و پارتی سۆسیالیستی ئەسپانی لەبەرامبەر مافە رەواکانی گەلی ئیرلەندی و باسك... ئەمە بێجگە لە سیاسەتی رەگەزپەرەستانەی ئەو حزبانە لە هەمبەر مەسەلەی مافی پەنابەرێتی و چەکسازی...

سۆسیالدیموکراتی تورکیا
پۆڵەند ئەجەڤید سکرتێری حزبی گەلی تورکیا، بوو بە سەرۆکوەزیران ئەم وەڵاتە و لە ماوەی دەسەڵاتەکەیدا هەزاران کوردو دێهاتەکانیان، چەپ و کۆمونیست کوژارن و بێشەروشوێن و وێران کران. پرۆفیسۆر نەعوم چۆمسکی لە وتاری(تیرۆر و هەڵەکانی رابردوو) ئاماژە بە حکومەتی سۆسیالدیموکراتی تورکیاو سەرۆکەکەی ئەجەڤید، بەم شێوەیە دەکا: لە نەوەتەکاندا خراپترین پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کۆلۆمبیا ئەنجامدرا. ئەم وەڵاتە، شانبەشانی ئیسرائیل و میسر- کڕیاری سەرەکی چەکی ئەمریکییە-. تورکیا پلەی یەکەمی هەیە لە کڕینی چەکی ئەمریکی تا 1999کە لە 1984وە بەبەردەوام برێکی زیاتری وەرگرتووە....لەبەر ئەوەی ئەنکەرە جەنگی تیرۆر دژ بە کورد بەرپادەکات....سەرئەنجام: 2-3ملیون پەنابەر، هەزاران کوژراو، 350شارو لادێی وێرانکراوی لێکەوتەوە. کاتێ چەوساندنەوە زیادبوو، 80%ی چەکی تورکیا لە ئەمریکاوە بۆی دەچوو....راستە وەڵاتانی تر پیشتوانی تورکیایان کرد لە جەنگ دژ بە کورد، بەڵام هیچێکیان نەگەیشتن بە ئاستی ئازایەتی و پوولی ئەمریکی...)
لە نامەیەکی رێکخراوی(مافەکانی گەلانی ژێردەستە- RUV-)بۆ سەرۆککۆماری تورکیا(سلیمان دیمریل)و سەرۆکی وەزیرا(پۆلەند ئەجەڤید)، هاتووە: دوێنێ لە ئەدەنە، رۆژی1999/10/5دوو مرۆڤ لەناو ماڵی خۆیان لەلایەن پۆلیسەوە کوژران و چەد مرۆڤێکیتریشیان بریندارکردووە. بە گوێرەی زانیاری پۆلیس ئەو ئۆپیراتسیونە دژ بە رێکخراوی(DHKP-C)ە....پێش چەند رۆژێك لەناو زیندانێك لە ئەنقەرە 10مرۆڤ لەسێدارەدران.(لەم تاوانەدا قوتابییەك بەناوی ئیردنیز ئەسلان و کرێکارێك بەناوی موراد ئیرتاش، کوژران)
لە 1999وە تا ئێستا حکومەتە یەك بەدوایەکەکانی تورکیا بەهەمان ئەندازە درێژە بە تاوانەکانی سۆسیالدیموکراتەکان و حکومەتە پێش و پاشەکانی دەدەن!
لە ئیسرائیلیشدا، حکومەتەکەی ئیهود باراك و حزبەکەی(حزبی کاری ئیسرائیلی) نموونەی حیزبێکی راسیست و تاوانبارەو لە حکومەتەکانی تری ئیسرائیل دژ بە مافی کرێکارە ئیسرائیلییەکان و مافە رەواکانی گەلی فەلەستین کەمتری نەکردووە.

حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی
هەردوو حزبی بەعس لە(سوریاو ئێراق)ئەندامی سۆسیال ئینتەرناسیونال بوون و ناویان لە لیستی ناوی ئەو حزبانە دەبینرێن: (الحزب الإشتراکی (فرنسا)، الحزب الاشتراکی النیکاراغوی ، الحزب الجمهوری الاشتراکی

المستقل ، حزب البعپ العربى الاشتراكى ، الحزب الاشتراكى البرتغالى، حزب البعپ العربى الإشتراكى (سەرچاوە.wikipedia.org/wiki) ئەوەی حزبی بەعس لە ئێراق و سوریا بە خەڵكی وەڵاتەكەیان و بەتایبەتی بە كوردستانیان كردووەو دەكەن، لەلای هەر سێ حزبە سۆسیالدیموكراتەكەی كوردستان شاراوە نییە.

بە كورتییەكەی: سۆسیالدیموكرات رەوتێكە لەسەر ئاستی مێژوو سەلماندوویەتی كە لە خزمەتی سەرمایە كاردەكات و بووە بە كۆسپێكی گەورە لەبەردەم خەباتی ئازادیخوای زۆربەی مرۆڤایەتی لەپێناو دادپەروەری كۆمەڵایەتی كە خۆی لە چارەسەركردنی پرسیاری موڵكایەتی دەبینێتەوەو مێژووی تاوان و چەوساندنەوە بەم رەوتەش بەستراوەتەوە، گەرچی درووشمی بریقەدار بەرزدەكاتەوەو لەهەندێ قوناغدا باڵێكی لاوازی چەپرەوانەی لێ درووست بووە، بەڵام لە ئاراستەكەیداو بەگشتی سەلماندوویەتی كە نەوكەرو پارێزەری دەسەڵاتی سەرمایەیەو دەست لە كوشتن و ئەشكەنجە و چەوساندنەوە ناپارێزێ، هەروا لە ماوەی 100ساڵ لە ئەزموونی حوكمڕانیاندا لە وەڵاتانی جیاجیا، نە سۆسیالیست بوون و نە دیموكرات بوون، بۆیە لێرەدا شوێنی خۆیەتی بەوپەڕی پەرۆشییەوەو پێناو دابینكردنی ژیانێكی بەختەوەر بۆ زۆربەی چەوساوەكانی كوردستان، ئەوانەی هەموو رۆژێك گوێم لە بەدبەختی و نەداری و ئاەو نوزەو دەردەسەرییانە، پرسیار لە هەر سێ حزبە سۆسیالدیموكراتەكەی كوردستان بكەین، بۆچی دەیانەوێ ببن بە ئەندام یان شانازی بە ئەندامبوونیان دەكەن لە ریزی ئەو ئینتەرناسیونالە تاوانبارو بەربەرییە؟ ئایا چاكتر نییە بۆ هەر سێكیان بۆ ئەڵتەرناتیڤێكی ئینسانی بگەڕێن تا لە كارەساتی گرانی، گەندەڵی، هەژاری، بێكاری، كێشەی نیشتەجێبوون و بازاڕی"ئازادی" جیهانگیری سەرمایە...هتد رزگارمان ببێت؟!

سەلام عەبدوڵڵا
07701929872

# چۆن فاشیزم پێناسە بكەین؟

**یەكێك لەو كێشە گەورانە كە رووبەڕووی لێكۆڵەرانی بوارە جیاجیاكان دەبێتەوە، كێشەی پێناسەكردنی(فاشیزم)ەو لێرەدا هەوڵدەدەین زۆربەی ئەو پێناسەكردنانە لەلایەن ئەوانەی بایەخیان بەم كێشەیە داوە یان بەرەنگاری بوونەتەوە وەك كۆمونیست، رەوتە چەپەكانی ناو سۆسیالدیموكرات، پیاوە خاوەن ویژدانەكانی كڵێسا جیاجیاكان، رۆشنبیرە بێلایەنەكان، بخەینە بەرچاو تا بتوانین قۆناغ و چۆنێتی گەشەسەندن و بنەماكانی بناسین و پێش هەموو شتێكیش هەوڵبدەین بزانین كێ لەپشتیەوەیەو سوودی لێوەردەگرێ.**

**A- گەشەسەندنی فاشیزم بە (رێگای تایبەت)**

**لە رۆمانیا، ساڵی 1944بە سەرۆكایەتی ژەنەڕاڵ (ئەنتوتسكۆ) فاشیزم سەریهەڵداو (كۆماری سلۆفاكیا)ی بە ئەڵمانیا بەستراو لە مارسی (1939)دامەزراو هەمان ئەو ماوەیەدا، لە كرواتیا، دیكتاتۆری فاشیزمی كلێركی و ڕژێمی ئوستاشیا دامەزرا.**

**هەروەها بزوتنەوەو حیزبی فاشی لەهەر یەكێك لەم وڵاتانە بەدیاركەوتن:**

1. **فنلەندا:- بزوتنەوەی گەلی نیشتیمانی لەساڵی (1932) دامەزراوە لەلایەن كڵێساوە پشتگیری لێكرا كە پێشتر پشتگیری بزوتنەوەی (لابوا) ی فاشی كردبوو.**
2. **بەلجیكا :- ساڵی 1935 رێكخراوێكی فاشی بەناوی (بەرەی گەلی) وە (بزوتنەوەی سۆسیالیزمی) لە دانیمارك (حیزبی سۆسیالیستی نەتەوەی كرێكاری) سەری هەڵدا ساڵی 1924 لە سوید (یەكێتی سۆسیالیتی نەتەوەی سویدی) لەلایەن برایان بیركە كونار و سنكیور فوروكارد دامەزرێنرا هەروەها كۆمەڵەی نەتەوەی ساڵی**

1925 دامەزرێنرا وا باوەڕ دەکرێ کە ڕێکخراوانی ئەم حیزبە پەیوەندییان بە(هیتلەر)ەوە هەبووە و حزبە نوێکەیان ناونا(حیزبی گەلی سۆسیالیستی نەتەوەیی).

3. لە سویسراشدا لە ساڵی 1933 (بەرەی نوێ) و (بەرەی نەتەوەیی) و لە (25)ی دیسەمبەری 1940 دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەیی ڕاگەیەندرا.

هەر بە هەمان شێوەش لە وەڵاتگەلێ وەك پورتوگال، ئیسپانیاو یۆنان فاشییەت سەریهەڵدا و گەشەیکرد.

ئەم ڕووداوانە ئەوە دەردەخەن کە فاشیزم توانای سەرهەڵدانی لەو وولاًتانەشدا هەیە کە سەرمایەداری تێیدا نەگەیشتۆتە قۆناغە مۆنۆپۆلیەکەی .

بۆردیغای سەرکردەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالی کە تا ساڵی 1923 سەرکردەی ئەم حیزبە بووە وای دەبینی کەوا جیاوازی لە نێوان دیموکراتیەتی بۆرجوازی و دیکتاتۆریەتی فاشیدا نیە.

گەلێ پێناسەی دیکە بۆ فاشیزم هەیە، لەوانە، پێناسەی(برایل ستیوارت)ی ئینگلیزە کە دەڵێ: فاشیزم بۆرژوازی بچووکی شۆڕشگێرە کە دەستی بەسەر ئامرازی دەوڵەت گرتوە. هەروەها سۆسیالخوازی نەمساوی (ئۆتۆ باور)دەڵێ فاشیزم شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسەلاًتداریەتی لە سەرووی چینەکانەوە دەوەستێ.

زلکردنی ڕۆڵی بۆرژوای بچوك کە وەك ئامرازێکی نەرم بەدەستی سەرمایەدار دەمێنێتەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندیەکی هەموو زانستیەکی ئەم پیناسەیە هەڵدەبوێرێ و بە گوێرەی پێناسەکەی (باور)یش هەرهەمان شت کە هیچ دەسەلاًتێك نیە لەسەرووی چینەکانەوە بوەستێ .

ئۆتۆ باور وای دەبینێ کە : کاردانەوەی بۆرژوازی جیهانی، فاشیزم لە لووتکەیدا دەردەبڕێ و بەشێوەیەکی تایبەتی بەرپرسیاری دەکەوێتە ئەستۆی شۆڕشی رووسی چونکە بەلشەفیزم بەهەشتی مەنشەفیەکانی لە جۆرجیاو ئەرجینیادا تێکشکاند. هۆی دیکەشی بریتییە لە سیاسەتی داپلۆسێرانەی بەلشەفیەکانە.

ئایا(ئارنست ماندێل) چی لەبارەی بۆچوونەکەی(باوەر) دەڵێ: جگە لە بەشداری کردنەکەی ترۆتسکی، دوو بیروڕای تر هەیە کە لە هەمووان گرنگتر لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوو لە بارەی تێوری فاشیەوە و ئەوانەش بریتین لە هەردوو بیروڕای(ئۆگست تالهایمر) و (ئۆتۆ باوەر). هەروەها ماندێل لە لاپەڕەی (47)ی هەمان سەرچاوە دەڵێ: (لەگەڵ ئەمەدا ئەم شیکردنەوە لە شیکردنەوەکانی ریفۆرمە موبتەزەلەکان پێشکەوتووترە ... کە بیروڕای فاشیەکانیان وەك خۆی دادەڕشت تەوە کەوا( فاشیزم کاردانەوەیە بەرانبەر مەترسی بەلشەفیك).

ئەمەش بەخۆی تەواوکەری باوەڕی ماندێلە. چونکە باوەر هەر هەمان بیروڕای هەیە، بەلاًم ماندێل چاو لەوە دەپۆشێ لەسەر حیسابی شیکردنەوەی زانستی و لە خزمەتی مەبەستە فیکریەکانی بەکاریدەهێنێت.

کلارا زیتکین لە کۆبونەوەی بەرفراوانی ئینتەرناسیونالیزمی کۆمۆنیزم لە ساڵی 1923 لە مۆسکۆ ئەوەی دووپاتکردەوە کە: فاشیزم سێنتراڵ ترین و بەهێزترین گوزارشتی چینایەتیە بۆ هێرشی سەرەکی بۆرژوازی جیهانی لەم کاتەدا.

لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار لەسەر ئەو ڕاپۆرتە درا کە لە ژمارەی 1923/7/8 ی ڕۆژنامەی (ئالاًی سوور-الرایە الحمراء-)ی حیزبی شیوعی ئەڵمانی دا بلاًوکرابووەوە کە فاشیەکانی بۆ دووباڵی لێکجیا دابەشکردبوو و باڵێکیان

بەتـەواوی لەلایـەن سـەرمایەداری گـەورەوە پێکهێنرابـوو و ئەوەکـەی دیکەشـیان لـە نەتـەوە پەرسـتە بـۆرژوا بچووکەکان پێك دەهات و لەلایەن باڵی یەکەمەوە هەڵخەڵەتێنرابوون.

(نولتە) بە ڕوونی سەرسامی خۆی بەرانبـەر بیروڕایـەکانی(ولیام رایـش)دەردەبـڕی لەبـەر ئـەوەی، هەسـتاوە بـە دابڕانـدنی نادیـار لـە نێـوان بـاری ئـابوری و ئیـدۆلۆژی و جـەماوەری پڕۆلیتاریـا و بەمـە، یارمـەتی ئـەوەی داوەو چونکە ئەوەی دۆزیەوە کە فاشیزم پەیوەندی بە بنچینەکانی ئابوری و بیروڕاکانیەوە نییە، بـەڵکو پەیوەنـدی بـە ڕاستیەکەوە هەیە کە زۆر لەسەرمایەداری کۆنترە ... با بڵێین پەیوەنـدی بـە پێکهـاتنی دەسـەڵاتداریەتی ئـاژەڵی و سەرکوتکردنی سێکسیەوە هەیە یان هەر شتێك بە هۆی دوژمنکارییەوە، دەروون ڕازی بکا .

ئەمەش لەگەڵ بۆچوونەکەی(نولتە) دا دەگونجێ کە دەڵێ (ڕەگەکانی فاشیزم لە شتێکی کەم وێنەوە سەرهەڵدەداو نـاتوانرێ بەسـادەی لـە سروشـتی مرۆڤـدا بـەدی بکـرێ (ئـەم بیروڕایانـە بـیروڕای چـۆنیەکن) لەگـەڵ بـیروڕای تیۆرستەکانی ئایدۆلۆژیای (سیاسی دانیشتوانی ) تاوانبار کە دەڵێن هەژارەکان خۆیان هۆی هەژاری خۆیانن.. هتد.

زۆر پێناسەو هەڵسەنگاندنی دیکەش لەلایەن هێزە کۆنەپەرست و پارێزگارو لیبرالەکانەوە بۆ فاشیزم هەیە کە بە خزمەتی ئیمپریالیزم دەشکێتەوە و بەرگری لێ دەکەن و ڕووی تاوانبارانی فاشیزم ئارایشت دەکـەن. لێـرەدا دەبـێ بـەکورتی باسـی یـەکێك لـەو تیـۆرە گومانلێکراوانـە بکـەین کـە بـە تیـوری تۆتالیتـالیزم نـاو دەبـردرێ: سـکرتێری حیزبـی کاسـۆلیکی ئیتـاڵی لیـو کسـتارزو سـاڵی 1926، فاشـیزمی وادانـاوە کـە دیـوی راسـتی بەلشـەفیکە و بەلشەفیکیش چەپی فاشیزمە.

(ئوتو وێلر) سکرتێری حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئـەڵمانی لـە لایبـزك سـاڵی 1931 لـە کـۆنگرەی حیزبەکـەی دا وتی : کۆمۆنیزم، سـەرمایەدار نیـەو فاشـیزم و بەلشـەفیك چومکن. هـەروەها (رودولـف برایـت شـاید) لـە هـەمان کۆبوونەوەدا هەمان بیروڕای دووپات کردۆتەوە.

هەروەها (هێربەرت ماکۆزە)ی قوتابخانەی فرانکفۆرتی چەپ لە کتێبەکەی (عەقڵ و شوڕش، لاپەڕە 269)دا دەڵێ : تێکشـکاندنی فاشـیزم و سۆسـیالیزمی نەتـەوەیی بـەرەو تۆتالیتـاریزم چـونیان ڕانـەگرتووە ... چەوسـانەوەی کۆمـەڵگای سـتالینی کـەمتر نـەبووە لـە چەوسـانەوەی کۆمـەڵگای سـەرمایەداری (...) تـەنیا ئـەوە نـەبێ کـە هەژاریەکەی ئێجگار زۆر بووە. هەر بەهەمان شێوە (کارل یوخائیم) و(تسبکتیف بیرجنسکی) وای بـۆ دەچـن کـە: لە جەوهەردا فاشیزم و ڕژێمی سۆڤیەتی لێکدەچن ...

یەك ئایدیۆلۆژیا "یەك حیزب" یەك پۆلیسی نهێنی بۆ ڕاونـان و دەزگـای ڕاگەیانـدنی مۆنۆپـۆل کـراو "مۆنۆپـۆلی چەك و ئابووریەکی ناوەندیان هەیە " .

بـەڵام (ئێرنسـت نولتـە)لـە ڕەگـەکانی فاشـیزم دەگـەڕێ بـەڵام نـەك بـەو مانایـەی فاشـیزم بەرهـەمی قەیرانـە سەرمایەدارە مۆنۆپۆلەکانەو تۆوەکەی لە ناوەوەی ڕژێمی بۆرژوازی دا هەیـە، بـەڵگو وەك بەرهـەمێکی سرووشـتی مرۆڤ لە قەڵەم دەداو دەڵێ : ئەگـەر بێتـو فاشیزم ڕێـڕەوە سـەربازە کۆنـەکان دەربـبڕێ ئـەوا ڕەگـەکانی دەگاتـەوە چـەند شـتێکی وا کـە نـاتوانرێ بـە سـانایی لـە سرووشـتی مرۆڤـدا دیـاری بکـرێ و ئـەوەش بەرهـەمی ڕژێمـی سەرمایەداری نیە.

ئێمە دەبینین کە (ماندیلی)ش لەگەڵ ئەوەی ڕەخنە لە نولتە دەگرێ بەڵام باوەڕ بەوە دەهێنێ کە ئەم مەیل و ئارەزوە دوژمنکاریانە، پەیوەندیان بە ناوەوەی خودی مرۆڤەوە هەیەو هۆی شەڕو پێکدادانەکانی دیکەن، نەوەك بەرژەوەندیە چینایەتیەکان و دەڵێ: بەداخەوە کە ئەم ئارەزوانە لەو سەردەمانەشدا هەبوون و هۆی شەڕی بازرگانی بە کۆیلەو غەزاکانی گەلە شوانکارەکان بووە بۆ سەر زەوی جوتیارەکان و بەرپابوونی جەنگە خاچ پەرستەکان.

ترۆتسکیەکانیش وا پێناسەی فاشیزم دەکەن کە دیکتاتۆری پۆناپارتیە ئەمەش موزایەدە کردنە لەسەر ئەو ڕۆڵە یەکلاکەرەوە کە تاکە کەس وەك مۆسولینی هیتلەر و ژەنەڕاڵەکان دەیبینین بەلە بیرکردنی ڕۆڵی بۆرژوازیەت و حکومەتی(شلایشەر و فونی)شی بە پۆناپارتی لەقەڵەم داوە.

ئەکادیمی ئەمریکی کاوتسکی لە کتێبی (المتحولات السيا سية في البلدان المتخلفة) چاپی یەکەم / کانونی دووەم 1980 _ درا الحقيقە ) لەلاپەڕەی (38) دا بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕی : ( لەگەڵ ئەوەشدا مۆسولینی کە ڕەنگە لە لینین فێر بووبێ و هیتلەریش لە مۆسولینی هەروەها ستالین و فرانکۆش بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە مۆسولینی و هیتلەر فێربووبن، بەڵام ناتوانرێ ڕووە لێکچووە کانی نێوان تۆتالیتاریە ترسناکەکانی رژێمە جۆربەجۆرەکانیان دیاری بکرێ.

لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی فڕانکفۆرتە ئەلگمانیە لەگەڵ پڕۆفیسۆر(بولوك) لە بەریتانیا لە(1991/12/6)، بەم شێوەیە بیرو بۆچوونەکانی دەردەبڕێ : (جیاوازی لەوەدا دەبینین کە سۆسیالیستە نەتەوە خوازەکان پڕوپاگەندەیان بۆ کۆمەڵگای نەژاد پەرستی کرد و مارکسیەکانیش بۆ کۆمەڵگای چینایەتی. لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ :- ئەم دوو پیاوە لە مەبەستی (هیتلەرو ستالینە) دوو شۆڕشگێڕی توندڕەو بوون و باوەڕیان بەوە هەبوو کە گیروگرفتە سیاسیەکان لە ڕێگای (توندو تیژیەوە) چارەسەر دەکرێ.

کاتێ کە رۆژنامە بەستەزمانەکە هیچ زانیاریەکی لەبارەی مەسەلەی بەراورد کردن ئەو دوو دەسەڵاتەوە نییە، لێی دەپرسێ هیتلەرو ستالین لێکەوە نزیکن لەبەر ئەوەی ئەمانە دوو تاوانباری ترسناکن لەم سەردەمە، چی بوو وای کرد تۆ یەکەم کەس بیت لە کتێبەکەتدا ئەم بەراوردە بکەی و کەسێکی دیکە پێش تۆ بەراوردێکی وای نەکردووە ؟

پڕۆفیسۆر لە وڵامدا دەڵێ : لە ڕاستیدا چۆن یەکەم کەس بووم ئەمەم دۆزیوەتەوە، لەلای رووسەکان شتێکی گرانە کە چۆن ئەڵمانیەك هەنگاوی ناوەو لە دەرگای ئەم بابەتە دەدا. هەروا لەبارەی واقیعی سەدەی بیستەمدا گومان لە زانیاری مێژوونوسەکانی سۆڤیەتەوە دەکا و لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا هەندێ باسی ژیانی خۆی دەکاو دەڵێ: من بەشداریم کردووە لە سەرکردایەتی جەنگی دەروونی و بەشی ئۆڕوپا لە ئێزگەی (بی بی سی)م دامەزراند و منیش یەکەمین کەس بووم کە لەم بەشەدا کارم کرد.

_ ڕۆژنامەنووس :- چۆن ئەم بابەتەتان هەڵبژارد؟

پڕۆفیسۆر:- یەکێك لە خاوەن (دەزگای بڵاو کردنەوەکان) تکای لێکردم کتێبێك لە بارەی هیتلەرەوە بنوسم. ئەوە تێکڕای مەسەلەکەیە.

لێرەدا گەلێ زانای بۆرژوازی دیکە هەن دەیانەوێ بەگەلێ هۆکارەوە پاکانەی جیاجیا بۆ ڕژێمی بۆرژوازی سەرمایە بهێننەوەو ڕاگەیاندنەکانیان بە درۆ و لەسەر بنچینەی نەژاد پەرەستی و کۆنەپەرەستی دژ بە سۆڤێت دامەزراندووە.

بۆ نموونە (لویس ب. بۆخنەر) دەڵێ : ئێمە لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین کە ناتوانرێ پەیدابونی سۆسیالیزمی نەتەوەیی بە سەرمایەداریەوە ببەسترێتەوە یان دروست بوونی حیزبی نازی لەسەر ئەنجامی هێزی کاریگەرێتی گیانی هیتلەرەوە پەیدا بووە.

هەروەها دەڵێ:- پیشەسازی گەورە لە پەرەگرتنی نازیزم بەرپرسیایەکی کەمتر لە تێکڕای چینە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە دەگرێتە ئەستۆ ... هەروەها لە شوێنیکی دیکەشدا بەخۆس دەڵی: ((دەبێ پشتگیریکردنی دارایی پیشەسازکارەکان بۆ هیتلەر بە کلیلی دەرگای دەسەڵاتداریێتیەکە دائەبنرێ ..)

نازییەکان تەنیا بە ڕێگای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردن، هاتنە سەر دەسەڵات، هەر بە هەمان شێوە(هانز ئیکهارد کتابین) دەیەوێ ئەوە دەربخا کە پوول (هیتلەر)ی دروست نەکردووە و نەیکردۆتە هێزێکی گەوەر، بەڵکو چینی بورژوای بچوك و چینەکانی ناوڕاست و ملیونان بێکار کردویانە بە هیتلەر.

(گوستاف شویلەر )(کە یەکێکە لە نوێنەری ئەو پیشەسازکارانەی لە نێوان - تاوانبارکراوەکانی دادگای نورنبێرگ) نکوڵی لەوەی کرد کە پیشەسازکارەکان هیچ رۆڵێکیان لە دەسەڵات گرتنە دەستی هیتلەر نەبینیوە.

هیتلەر تێروانینە ئابووری و سیاسیەکانی لە سەرچاوە سەرمایەداری و فاشیزم و کۆمونیستیەکانەوە وەرگرتوە، بەڵام (هەنری ئاشی) و(تویر نر ڤیرون )وای دەبینن: مەبەست لە پشتگیری کردنی دارایی نازیزم بۆ هێنانە سەرحکومی نەبووە.

ئاماژە بۆ حاڵەتی تیسین وە کیردۆف(نوێنەری پیشە سازکارەکان)دەکەن کەوا زۆربەی جار سمپاتیان لەگەڵ نازیەکان هەبوو وهەر وەها کەسانی وەك(کیپلر)و(کرابسەر)بانگەشەی ئەویان کرد کە: نازی هۆشمەند و نازی مامناوەند هەنە بۆ بەهێزکردنی شوێن پێی ئەوانەو و لاوازکردنی لایەنە رادیکالیەکەی لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەی.

هەروا (کارڵ فرۆرین) وای بۆ دەچێ کە : هەردوو ڕژێمی تۆتالیتاری (فاشیزم و کۆمۆنیزم)لە بنچینەدا لەیەك دەچن. هەروەکو (فرنەر) یش دەڵێ : پیشەساز کارەکان موعارەزەیەکی مەبدەئیانەیان نیە بەرانبەر هیتلەر .. ئەو مامەڵە بەهێزە کە کارگەی (دروست کردنی ڕەنگ)دەیکرد، نموونەی هەموو پیشەسازی ئەڵمانیا نیە. بەڵام (هالکاردن) دەڵێ : لە هەموو حاڵێکدا مۆنۆپۆلە بورژواکان بزوتنەوەی (ns)یان دانەمەزراندوە .

ئەمە ئەگەر هاتوو بە هەموو توانایەکەوە لەلایەن بەشێکی پیشەسازکارەکانیشەوە پشتگیری بە بزووتنەوەی سۆسیالیزمی نەتەوەیی کرابێ.

ئا بەم جۆرە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە جیهانبینە تۆتالیتاریەکان هاوبەشێکی ناکۆك کۆیان دەکاتەوەو ئەویش دوژمنکارییەکانیانە لە بەرانبەر کۆمۆنیزم و دەسەڵاتدارێتی پرۆلیتاری دژ بە ئیمپریالیزم و فاشیزم لە یەکێتی سۆڤیەت. ئەم پشتخانە فیکریانە پاڵنەری سەرەکن لە لێکۆڵینەوە ڕوو زەردەکانیان و پاکانەکردنە بۆ پرۆژوا و پەیوەندیە ئابووری و فیکری و کۆمەڵایەتی و سایکولۆژیەکانیان .. بەو ئیعتبارەی فاشیزم لە ئەڵمانیا بەرهەمی

سیاسـەتی سـەرمایەداری دارایـی مۆنۆپۆڵە، تیـۆری تۆتالیتـاری تیـوری ئیمپرلیبرالەکانـە بـە نـاوی (لێکۆڵینـەوەی زانستی ) و(تێڕوانینی راقیعیانە بۆ مێژوو).
لەگەڵ ئەوەی(ئێرنست نولتە) زانیارییەکی زۆری هەیە لەسەر فاشیزم، بەلاّم وەك جیهانبینێکی ئمپریال لیبڕالـەو وا دەزانـێ کـە سۆسـیال دیمـوکرات وەك مـەرجێکی(سۆسـیال فاشـیزم) لـە سـاڵی 1924 دا لەلایـەن سـتالینەوە خرایەروو )، بەلاّم لە ڕاستیدا هەر یەکێك لە تۆلیاتی و زینۆفیف و کلارا زیتکین ئەم تێورەیان لـە کۆبونـەوەکانی ئێنتەرناسیونالیزمی کۆمونیزم لە ساڵی 1922-1923 دا خستۆتە ڕوو و لە لایەن کۆمبنتێرن و حیزبی شیوعی ئەڵمانیەوە کراوە (سەیری بیرڕرایەکانی فرایمۆت بکەن لە کتێبی (شیکردنەوەو خـەبات لـە دژی فاشیزم) کـە لـە لایەن ئومەمیەی کۆمونیزم و حیزبی شیوعی ئەڵمانیەوە چاپکراوە، لاپـەڕە 23). فرایمـۆت لـە وتارەکەیـدا دەڵێ: سۆسـیال دیمـوکرات ئەوانـەن کـە بـە قسـە دژی فاشـیزم تێدەکۆشـن. ئەوانـە وەزیـرو سـەرۆکی پـۆلیس و کاربەدەسـتەکانی سۆسـیال دیموکراتـەکانن کـە ڕێگـە بـە فاشـییەکان دا خۆپیشـاندان بکـەن و ڕێگایـان لـە خۆپیشاندانی شوعییەکان دژ بە فاشیستەکانی گرت.
ناوێـك وەك سـیفریك- ئیبـەرت ریشـتە هۆپـەرزینك وەك هـەموو سۆسـیال دیموکراتـەکان، دیکتاتۆریـەتی سەرمایەداری دەپارێزن و تیپی پۆلیس و سوپا بە ژمارەو کۆمەڵی گەورە تەرخان دەکەن بۆ مـل پێکـەچ کـردن و خلّتانی خوێن کردنی خۆپیشاندانی کرێکارە کۆمونیستەکان کە دژی فاشیزم ڕادەپەڕین، بۆ ئـەوەی پارێزگاری لـە فاشـییەکان بکـەن و خۆپیشـاندانیان لەگـەڵ دا سـازبدەن). لـەم بارەیـەوە دەتوانرێـت چـاوێك بـە بیرورایـەکانی (کارلاندیز)ی ئیتالیا لە (پلینۆمی دەیەم، بەڵگەنامەکانی ئومەمیەت) بخشێنین. هـەروەها ڕاینهارد کوینیـك باسـی ڕۆڵـی ڕاسـتی سۆسـیال دیموکراتـەکان دەکـا کـە لەگـەڵ ئەفسـەرە پادشـاییەکان یـەکیان گـرت و بزووتنـەوەی شۆڕشگێڕیان لە ئەڵمانیا لە دەریای خوێندا نوقم کرد (ئەمە نموونەیەکی ساکارە بۆ خۆ بەهەڵە بردنی مانديل)و هـەروەها (ریشـارد لوفیتـال) دەڵـێ: دەبـێ بەشـێوە ئەڵمانیـە توندڕەوەکـەی لـە فاشـیزم بگـەین کـە ئـەویش گوزارشتکردنە لە یاخی بوونێکی بێهودە(عەمی) دژی ئەوروپا.
سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا (فرانسیسکۆ نیتی) لەو کتێبـەی کەلـە سـاڵی 1926دا بـۆ ئـەڵمانی وەرگێـڕدراوە و نـاوی (بەلشەفیزم — فاشیزم — دیموکراسی)، دەڵێ :- فاشیزم و بەلشەفیزم لەسەر بنچینە مەبدەئیـەکان لەگـەڵ یەکـدا نـاکۆك نـین ... هـەردووکیان نکوڵی لـە هـەمان مەبدەئـەکانی ئـازادی و (سیسـتەم) دەکـەن یـان هـەردووکیان دژی سەرەتاکەکانی ساڵی (1789)ن هەروەك مۆسۆلینی وتی دژی مەبدەئەکانی دەسـتوری ئـەمریکی سـاڵی (1787) م و دژی یاسا ئینگلیزیـەکانم. ئەمـەش مانـای ئەوەیـە کـە نکوڵیـان لـە هـەموو بنچینـە شارسـتانییە هاوچـەرخەکان کردوە و بانگەشیان بـۆ گەڕانـەوە بـەرەو رەوشـتی پاشـایەتی رەهـا دەکـرد و وا لەشـەڕ تێگەیشـتون کـە مەشـقێکی بەدیهی (ئاساییە) بۆ ئومەمە.
گۆڤاری (der spiegal، ژ 1991/52، لاپەڕە 20)، وتارێکی (ئیبەر هاردیکل)ی پرۆفیسۆری مێژووی هاوچەرخ لە زانکۆی شتۆتگارد، بلاّوکردەوە کە تێیدا دوژمنکاری خۆی بەرانبەر کۆمـۆنیزم دەردەخـا و چ وەك تێـور چ وەك مومارەسە دەریدەبڕێ و دەڵێ : هەر لەگەل شۆڕشی (لینین)دا، کۆمـۆنیزم بـوو بـە دیکتـاتۆری. پاشـان دیتـە سـەر کتێبی (سەرمایە)و لەبارەیەوە دەڵێ: ئەم کتێبە هەڵەیە. ئەم زانایە لە نێوان ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئـاوای ئـەڵمانیا بـەم

شێوەیە بەراورد دەکا: هیتلەر کە هاتەسەر حوکم خۆی لەناو ئەڵمانیا بوو، بەلاّم ئولبریشت (یەکەم سەرەك کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات) لە مۆسکۆوە ڕەوانە کرا. هەروەها هیتلەر لەلایەن جەماوەرێکی بەرفراوانی وولاّت پشتگیری لێکرا، لە کاتێکدا ئولبریشت پشتی بە چەکی داگیرکەری بێگانە بەست و لە ساڵی 1953 کرێکاران لە دژی حوکمی ئولبریشت مەتەرێزیان گرت، بەلاّم شتێکی وا دژی هیتلەر ڕووی نەدا - لێرەدا جەنابی پرۆفیسۆر بەیەك سەرە قەڵەم هەر هەموو خەباتی هەژارانی ئەڵمانیا دژ بە فاشیزم ڕەش دەکاتەوە- میللەت ئەوەندە لە ئولبریشت دوورکەوتەوە، وای لێکرد شورەیەك دروست بکات (مەبەستی شورەی بەرلینە) بەلاّم لەلایەن هیتلەرەوە شتێکی وا نەکرا، چونکە میللەت لە پشتیەوە بوون و فرمانەکانیان جێبەجێ دەکرد. لە کۆتاییدا لە کاتی ڕووخان (مەبەستی ڕژێمی هیتلەرە) زۆر خەڵك لەبارەی هەرەسەوە دەدوان کە مەبەستی زۆریان هەرەسی ئارەزوو هیوایەکانیان بوو. لە بارەی پەیوەندی ئەڵمانیای ڕۆژهەلاّت لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لە نێوان ساڵانی (1924-1953) دا دەڵێ : لەگەڵ مردنی زۆردار- مەبەستی ستالینە- لە ساڵی 1952، شێوە ڕژێمە خوێناویەکەی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەلاّت کۆتایی پێ هات، بەلاّم وەك ڕاستیەك هەر دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەڵمانیای ڕۆژهەلاّت لە هیچ کاتێکدا لە سییەکان و چلەکاندا وەك یەکێتی سۆڤیەت نامرۆڤانە نەبووە یان پڕ بە پێستی ماناکە، ستالینی نەبووە.

هەر لەهەمان ژمارەی گۆڤاردا وتارێك بەناوی : (تاوان بەبێ گوناه نیە) لا 35-38 و لەلایەن (زاشا ئەندرسون) نووسراوە. لەم وتارەدا بە پێی هەمان ڕێڕەو، زاشا دەیەوێ پاکانە بۆ فاشیزم بکا. بۆ نموونە لەبارەی ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە دەڵێ : تەنیا بەشێك لە ئەڵمانیا - زۆر فاشیزمە -ئینجا دێتە سەر باسی مانەوەی زۆر لە نازیەکان لە پێگە هەستیارەکانی حکومەتی دوای رووخانی هیتلەر لەلایەن سوپای سۆڤیەتەوە، بۆ نموونە : (هانز کلوبکە) کە یەکێکە لەو سەرکردانە کە لەسەردەمی هیتلەردا یاسای (نەژاد بەستی)ی داناوە و ئەم پیاوە بۆتە سکرتێری حکومەتی (ئەدەناوەر)و (ئوبەلەند لید شیودۆری)ی کۆنە نازی وەك وەزیری پەنابەران کاری کرد- لێرەدا مەبەست لە پەنابەران (پۆلۆنی و سۆڤیەتە دەرکراوەکان)ە کە زۆربەیان لە نازیەکانن و تا ئیستا ڕۆڵێکی ترسناك لە ئەڵمانیا دەگێڕن و داوای ئەوە دەکەن کە لە ناوچە ئەڵمانیەکانی پۆڵەندا و یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەڵمانیا بگەرێنریتەوە.

لە کۆتایی وتارەکە دا لە لاپەڕە (37)دا نووسەر باسی هاوسانی سۆسیالیزمی نەتەوەیی لەگەڵ کۆمۆنیزم دەکاو دەڵێ : ئەمانە دوو دیاردەن بۆ گومڕاکردنی مرۆڤ، هەروەك تیۆری تۆتالیتالیزم باسی لێدەکا.

هەروەها نووسەر باسی ڕاو بۆچوونەکانی ئارنست نولتە دەکا لە بارەی ئەوەوە کە کرداری (ئاسیایی) بۆ هیتلەرو نازییەکان لەسەرەنجامی ئەوەوە هاتبێ کە خۆیان وەك قوربانیەکی ڕاستەقینەی کرداری ئاسیایی بەلشەڤ دانابێ. نولتە پرسیار دەکاو دەڵێ : ئایا سیبل کولاك لە ئاوسشفیتس کۆنترە؟

ئەوەی شایانی سەرەنجدانە ئەوەیە کە تیۆری تۆتالیتاریزم بوو بە تیۆری فەرمی ئیمپریالیستەکانی ئەڵمانیا و لە 5\ئەیلول\1962، لە کۆنفرانسی وەزارەتی رۆشنبیری ئەڵمانیا، بڕیاردرا کە تیۆری تۆتالیتاری لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن، بگوترێتەوە و ئەمەش تاوەکو ئەمرۆ بەردەوامە.

تیۆری(سەرۆك سەرچاوەی فاشییەتە)

ئەم تێورە بە شێوەیەکی تایبەتی لەلایەن پیاوانی کلاسیکی مێژووی ئەڵمانـەوە گەشـەپێدراو پڕوپاکەنـدەی بـۆ دەکرێ و بە هیچ جۆرێك لە سنوری ئەڵمانیادا نەمایەوە، بەڵکو خۆی لە خۆیدا پارێزگاری لـە هەنـدێ کاریگـەری دیاری کراو کرد لە ڕوانگەی هەندێ نووسراو و بڵاوکراوە لەسەر ژیانی هیتلەرو شێوازی ئـەم لێکدانـەوەش پشت بە تەرکیز کردنە لە سەر ڕۆڵی سەرکردە فاشیەکان دەبەستێ و شێوازی ژیـان و تایبەتمەنـدی و تێڕوانینیـان بـۆ جیهان و مامەڵەکردنیان لەگەڵیداو بانگهێشتی ئەوە دەکەن کە زانستی مێژووی ئێستامان، مێژووی تاکە کـەس و کەسایەتیە ئەفسانەیی و مێژووی ئەو پیاوە مەزنانەیە کە مێژوو دروست دەکەن.
هـەروەها (کۆلۆمـان)دەڵـێ کـە( هیتلـەر پیـاوێکی بـەهێزو قارەمانـەو دیاردەیـەکی مرۆڤایـەتی زۆر ترسـناکە لـە سەردەمەی ئێستاماندا). ك تبلنباغ لە کتێبەکەی (پێداویستی ئـەڵمانیا وەك "گونـاه"ی چارەنووس) کـە لـە سـاڵی 1974 لە شتونگارد بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (12) دا دەڵێ : هیتلەر پیاوێکی غەیبیـەو وڕوو گـرژو سـەر شێتە. (پیتەر هوفمان)یش لـەبارەی( هیتلـەر)ەوە دەڵـێ :- هانـدەرێکی غەیبیـە. (ماینکـە)ش وای دەبـینێ : لـە گەوهـەرو کاریگـەری هیتلـەردا شـتێکی کـەم وێنـە دەبینـرێ کـە بـە خەیاڵدا نایـەت. (دویـر لانـد)یـش دەڵـێ :- لـە مێـژوودا "مێـژووی سۆسـیالیزمی نەتـەوەیی لـە روانگـەی پیاوێـك و سیاسـەتەکەیەوە (کـە مەبەسـت سیاسـەتی ئەڵمانـە) دیاریدەکرێ و ئەم پیاوەش بووە هۆی کارەساتێکی گەورە.
هەروەها (ئەکسیل کوین) دەڵێ :- کەسایەتی هیتلـەر تـا ئیسـتاش لـە ناوەنـدی لێکۆلینـەوە تایبەتیـەکانی مێـژووی سۆسیالیزمی نەتەوەییەوە راوەستاوە؛ (فابری)بـەم شـێوەیە باسـی فاشـیزممان بـۆ ئـەکا :- پیاویـك لـە تاریکیـەوە بەدیاردەکەوێ وخۆی لە لووتکەی ڕاپەڕینێکی بـێ وێنـەدا دەبینێتـەوە و ئـەم ئیمپراتۆریەتـە دەکاتـە بـەهێزترین دەوڵەتی کیشوەرەکەو بەهۆی هێرشە خێراییەکانی بەشی هەرە گەورەی ئەورووپا دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

تیۆری(تایبەتمەندی نەتەوەیی سەرچاوەی فاشیزمە):
کـارل دیتریـش براخـە (سیاسـەتناس لـە زانکـۆی بـۆن) و جـۆرج لۆکـاش (فەیلەسـوفی مارکسـی هـەنگاری)، دوو جیهانیینی ئەم تێورەن بە شێوەیەکی تایبـەتی و بـەم شـێوەیە بـۆ ئـەم مەسـەلەیە دەچـن کـە:- فاشـیزم تـەنیا لـە ژمارەیـەکی کـەمی وولاتانـدا دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت . ئـەو جیاوازیانـەی کـە بـەڕاددەی جیاجیـا لـە نێـوان ڕژێـم فاشیەکاندا هەیە کەم نین :- ئەمانە هەموویان وایان کردووە کە هەندێ لـە زانایـان بگەنـە ئـەو سـەرەنجامە کـەوا بزووتنەوەو سیستەمە فاشیەکان لە مەرجە نەتەوایەتیە تایبەتیەکانی ئەم وولاتانە سەرچاوەیان گرتـوەو زاراوەی فاشـیزم شـتێکی بـێ هۆدەیـە . . . چونکە تایبەتمەنـدێتی ناسیۆنالیستی کـە پـێش ئـەم زاراوە هـەر بـاو بـووە و گەوهـەری راسـتەقینەی بزوتنـەوەو رژێمـەکانی دیـاریکردوە. براخـە بـەم شـێوەیە دەگـەڕێ و وادادەنـێ :- کـە سۆسـیالیزمی نەتـەوەیی وەك شـێوەیەکی تایبـەت بـە فاشـیزم نیـە. بـەڵکو ئەمـە لـە گەشەسـەندنی تایبەتمەنـدی ئـەڵمانیاوە هـاتووە و سـەرەنجام دیـاردە تایبەتیـەکانی مێژووی ئەڵمانیـە و دەڵێ : (فاشـیزم وەك بزوتنەوەیـەکی نەتەوەیی توندڕەو لیژنەیەکی باننەتەوایەتی(فوق القومیە) نەبووە.

لەبەر ئەوە دەبێ تەنیا لە شێوەی جیا جیای توخمە مێژوویی و — سیاسیەکانی لە دیاردە تایبەتیە نەتەوەییکەی دیاری بکرێ).

لە ڕاستیدا پێویستە لەسەر مێژوونووسەکان بپرسن بۆچی فاشیەکان بە پێچەوانەی دەوڵەتەکانی دی توانیان لە ئەڵمانیا بنکەیەکی جەماوەری نەتەوەیی بۆ خۆیان ڕێکبخەن ؟ لەبەر چی هەربەهاتنە سەر حوکم نەوەستانەوە بەڵکو رژێمێکی دڕندانەو پڕۆژەی قڕانکردنیان دارشت کە هیچ رژێمێکی فاشسی دیکە، وانەبووە.

لەدوای ساڵی 1945 گەلێ کەرەت ڕۆژنامەگەری ئەمریکی بەرپرسیاری ڕووداوەکانی خستۆتە ئەستۆی (سرووشتی نەتەوەیی ئەڵمان بە تایبەتیش (گەوهەری ئەڵمانیا ) هەروەها زۆر توێژینەوەی زانستی جیاجیا هەبوو هەوڵیدا پاڵپشتی ئەم بیرو ڕایەی خوارەوە بکا کە دەڵێ :- سرووشتی نەتەوایەتی ئەڵمانی هەر لە زێدیەوە شەڕانی و ترسناکو خوێناوی و دوژمنی شارستانیەت بووە (لۆکاش) لە کتێبی (تحطيم العقل)دا زۆر لە مێژووی پەرەسەندنی فیکری لە ئەڵمانیا وورد بۆتەوە وە هێزە کۆنە پەرەست و ئایدۆلۆژیە لا عەقلانیەکانی بەکاردانەوەی دەسەڵاتداران دانا لە دژی شۆڕشی فەرەنس و ڕێبازە دیموکراتیەکان وەلەدوایشدا دژی بزوتنەوە کرێکاری . لە کاتێکدا ئەمەیان بەشێوەیەکی گشتی خاسیەتی ئەورووپایانە هەبوو لە هەمان کاتدا دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ئەم ئایدیۆلۆژیە کاریگەری زۆر تایبەتی بەسەر ئەڵمانیا هەبوو، هۆیەکانی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی زۆر درەنگ گەیشتە پەرەسەندنی بۆرژوازی هاوچەرخ. هەروەها گەلە ئۆروپیە گەورەکان، دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان بەیەکخستنی ناوچە فیودالیەکان دروستکرد. بەلاّم ئەمە لە ئەڵمانیا ڕووی نەدا (لەسەردەمێکی زۆر درەنگ نەبێ). لۆکاش هۆی ئەم شێوە پێشکەوتنە تایبەتیەی ئەڵمانیا بە تێکشکانی هێزە پێشکەوتووخوازەکان لە شەڕی ساڵانی 1525 و 1528 ی جوتیاران و هەروا لە ئەنجامی شەڕی سی ساڵەی 1618 _ 1648 لەقەڵەم دەدا .

تێکشکانی جوتیاران پەرەسەندتێکی ئابوری و رۆشنبیری گەورەی لە سەدەی شازدەهەم و هەڤدەهەم دا هێنایە ئارا و لەو کاتەشدا بۆرژوازی بە تواناو سەربەخۆ لە ئارادا نەبوو .

لەناوڕاستی سەدەی هەژدەهەم دا ئابوری ئەڵمانی بوژایەوە، هاوشانی ئەمەش، باری رۆشنبیری و ئابوری چینی بۆرژوازی هاتە مەیدان، لەو سەردەمەدا ئەم چینە، هێزێکی نەبوو بۆ وەدیهێنانی نەتەوایەتی خۆی و هێزی (ناپلیۆن)یش ئەوە نەبوو بتوانێ هەموو ئەڵمانیا داگیر بکا.

دەسەلاّتی ناپلیۆن لەلایەن زۆربەی چینەکانی گەل وەکو دەسەلاّتێکی نامۆ و چەوسێنەر لەقەڵەم دەدرا لەبەرئەوەی بزوتنەوەیەکی گەلی نەتەوەیی لە دژی بەرپابوو و بە بزوتنەوەی رزگاریخواز نادەبرا.

لەناو ئەو هەلومەرجانەدا، دەرەبەگ و چینی بۆرژوازی بەهێز توانایان جەماوەر بەوە بخافڵێنن کە (پێویستی بە ئازادی و یەکێتی نەتەوەیی هەیە)، ئاگایان لە باری ناوەوە نەبوو و دژی دوژمنەکانی دەرەوە ئاراستەیان بکەن لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی توندڕەوانە کەلە سەدەی نۆزدەهەم دا بە شێوەیەکی راست و ئامانج پێکانە داگیرسا و بەهۆی ئەم بنەمایانە، فاشیەکان لە ئەڵمانیا بە شێوەیەکی زۆر خێرا و کاریگەریەکی بەهێز بەسەر جەماوەرەوە بەهۆی پڕوپاگەندەی شۆڤینیانەی زۆر کە لە هی تێکڕای دەوڵەتانی دیکە زیاتربوو، توانیان سەربکەون. ئەم حەماسەتە نەتەوەییە شۆڕشگێڕو عادیلە، گۆڕی بۆ سیاسەتێکی کۆنەپەرست و شۆڤینیانە و کاری

بۆ موڵکدارە وا بەستەیە (ئەشراف و خانەدان)و بۆرژوا گەورەکان ئاسانکرد کە لە بارەی سیاسەتی ناوخۆوە، جەماوەری خەڵەفاند و لە لایەکی دیکەوە گرنگترین هاوپەیمان لە شۆڕشی دیموکراتی دزرا. لێرەدا یەکێتی نەتەوەیی بەهۆی جەماوەری گەلەوە نەهاتە دی، بەڵکە بەهۆی هێزە پروسیە کۆنەپەرستە سەربازیەکانەوە لە ساڵانی 1866 _1871 هاتەدی، بەوەش ئایدۆلۆژی ئیستبدادی نەتەوەیی بەهێزکرا.

ئینجا لۆکاش باسی چەند گرێیەك دەکا: یەکەم ناڕەزایی گشتی نەتەوەیی دژی پەیمانی (ڤێرسای)، سیاسەتی هەڵپەرستانەی سۆسیال دیموکرات و لاوازی شیوعیەکان ڕێگای نەدا شۆڕشێکی رادیکالیانە بەرپا بکرێ وەك ئەوەی لە رووسیا بەرپاکرا. تا گەل لەژێر باری مل کەچی سەردەمی کۆن و ئەنجامەکانی شەڕو تێکشکانی شۆڕشی چینە مام ناوەندیەکانی ساڵی 1918و بێ هیوایی جەماوەر لە ئەنجامە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم شۆڕشە رزگار بکرێ.

ئەم پەرەسەندنە تایبەتیە بووە هۆی ئەوەی فاشیزم دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ.

## تیۆری(فاشیزم وەك بزووتنەوەی چینی ناوەند)

## بنکەی کۆمەڵایەتی بزوتنەوە فاشیەکان

ئەم لێکۆڵینەوەیە دوولایەنە لە دوو بەش پێکدێت

- تیئورە کۆمەڵایەتیەکان
- تیۆرە دەرونیەکان

1. تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان :-

(تێودۆر کایگە)ی توێژەری کۆمەڵایەتی لە کتێبەکەی (چینە کۆمەڵایەتیەکانی گەلی ئەڵمانی)دا دەڵێ :- بەر لە هەموو شتێك ئەوانەی پشتگیری حزبە ناوەندە میانڕەوەکان و راستڕەوە موعتەدیلیان کرد بەر لە قەیرانە ئابوریە گەورەکەی چینەکانی ناوەڕاست کە بە هیچ جۆرێك بەشداری هەڵبژاردنیان نەکرد. لەبەر ئەوە دەنگی ئەم حیزبانە لە هەڵبژاردنی (رایخ) لە ساڵی 1928 تاساڵی 1932 بەرێژەی (7 و 38 تا 6 و 9)ی سەرجەمی دەنگەکان کەم بووەوە . لە سەرجەمی (9 و 11) ملیۆن بۆ (5و3) ملیۆن دەنگدەر. بەهۆی بوونی هەلومەرجی ئایینی و نەتەوەیی ناوەندەکانی حیزبی کاسیۆلیکی و حیزبی گەل لە بایرن توانیان لە هەلبژاردن دا پارێزگاری دەنگەکانیان بکەن بە گوێرەی بۆچوونی (geer hard) (گیرهارد ریتە) جەماوەری هاوچەرخ لە کۆمەڵگای پیشەسازی هاوچەرخ (جەماوەری بەرفراوانی شار ناوەندە پیشەسازیەکان) بەرەو هیتلەر چوون. لێرەدا (روبکە فایسس) دەڵێ :- (لە راستیدا سۆسیالیزمی نەتەوەیی بە قولی لەناو چینی پرۆلیتاریا دا ڕەگی داکوتا) تاوەکو یوسف شێرا ویسیش وای دەبینی :- کە شانبەشانی چینەکانی ناوەڕاست زۆریان پێکهێنەری پرۆلیتاری بەهێزیش لەم مەسەلەیەدا هەبوو . هەروەها (ف . هاکمان) نوسیویەتی :- ئەوانە هەر هەمان جەماوەر بوون کە پێشتر لە ریزی حیزبە مارکسیەکان دا بوون.

هەر لەم پەوەیندەدا زانای ئەمریکی (س.م لیبسیت) ڕایگەیاند کە (فاشیزم توندڕەوی ناوەڕاستە- مەبەستی چینەکانی ناوەڕاستە).

هەر یەکێك لە (کایکە) و (لیبسیت) و ئەوانە لەدوای ئەوان هاتون لایەنگری تێوری چینەکانی ناوەڕاستن و هەوڵیانداوە ئەوە روون بکەنەوە کە بۆچی زۆربەی بەشدارانی هەڵبژاردن وەك ئەندامی حیزبە فاشیەکان لە چینەکانی ناوەڕاستن و مەترسیەکی گەورە لە چەپ دەکرا کە دەسەلأتی سۆسیالیزم پسەپێنێ و لەلایەن راستەوە ترسی ئەوەیان لێنیشتبوو کە رێکخستنی ئابووری گەورە پسەپێنن- قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری بۆ موڵکداریێتی چینی ناوەڕاست ئامادەکردنێکی دەروونی بوو بۆ توندڕەوی بۆرژوای بچوك.

لە یەکێ لەو کۆپلانەی کە کەلیبسیت لە بەرنامەی حیزبی نیشتیمانی ناوچەی شلیشفیك هۆلشتاین -ناوچەیەکە لە باکووری ئەڵمانیا- وەرگرتووە، دەڵێ: (ئەوانەی کە لەدوای ئەوەدا لە حیزبی سۆسیالیزمی نەتەوەیی وەرگیران)، بەشێوەیەکی زۆر هورد گوزارشتی لەم سروشتە کردوە: (دەبێ لایەنگری لە پێشەوەران بکەن دژ بە سەرمایەداران چونکە لە هەڕەشە لە فابریکەکانیان دەکەن)لە لایەکی دیکەشدا، لەدژی سۆسیال خوازەکان کە هەوڵ دەدەن بیانکەنە کرێکاری پرۆلیتاری هەروەك لەهەمان کاتدا دەبێ لە ترسی سۆسیالیزم، پارێزگاری لە بازرگانی تاك بکەن ). حزبی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەم بیرۆکەیە بەم شێوەیە بەرزکردۆتەوە: دژی سەرمایەدارو مارکسییەت.

(لیبسیت) دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە پیاوە خاوەن کارە بچووکەکان زۆر ترسیان لە رێبازی گەلەکۆمەکی و دەست بەسەرا گرتنی قەیرانی ئابووری و جەنگ هەیە - ئاماژە بۆ زۆر بوونی رێژەی خزمەتگوزاران دەکا کە بە رێژەی 11.3٪ لەساڵی 1873 تا 21.6٪ لە ساڵی 1914 زیاد کردوە ئەمەش بەهۆی دەست بەسەراگرتنی سەرمایەدارو زۆری پێداویستی کارگەکان بە فەرمانبەرو خزمەتگوزار بۆ بەڕێوەبردن و دابەشکردن و رێکخستن. . . هتد بێگومان ئەم پێداویستیە دام و دەزگای داپڵۆسینی گرتەوە وەك پۆلیس و سوپا زۆربەی ئەمانەش لە چینە بچووکەکانەوە هاتن و لەباری ئابوریەوە بێلایەن بوون و هیوایان بە سیاسەتی سۆسیال دیموکرات و سەندیکاکان نەمابوو ئەمەش بە شێوەیەکی روون لە کۆماری فایمار بەدیارکەوت. بۆیە تێکڕای ئەمانە، هانیدان بۆ ئەوەی بەرەو ڕاست، واتە بەرەو فاشیزم بڕۆن . . . هتد .

تەنیا بۆ تێبینی: ئەم بیرو باوەڕانە لەبارەی ئەم بنکە جەماوەریە بەرفراوانەی فاشیزم لەگەڵ بیرو باوەڕو تێورەکانی (فاشیزمی زادەی سەرکردە)یە بەراورد بکەن.

2. تێورە دەروونیەکان :-

(رایش) لە توێژینەوەکەی دا (لێتوێژینەوە لە بارەی ڕاستی مێژووی پێکهاتنی سروشتی مرۆڤ لەیەکێ لە چەرخەکان و پێکهاتنی ئایدۆلۆژی کۆمەڵگا –سەرچاوە(سایکۆلۆژیەتی جەماوەر - لا 42) کە باسی رۆڵی ئایدۆلۆژی و هەڵوێستی سۆزانەی ئەم جەماوەرە دەکا وەك راستییەکی مێژوویی و کاردانەوەی ئایدۆلۆژیا دەکا بەسەر بنکەی ئابوری (هەمان سەرچاوە لا 37) و کاریگەرێتی سایکۆلۆژی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان بەسەر تاکەکان دەکا.

ئەمەش مانای ئەوەیە کە دروست بوونی ئایدۆلۆژی لە مێشکی مرۆڤ، واتە تەرکیبی ئابووری کۆمەڵ و بونیادی سەرخانی ئایدۆلۆژی وبەم رێگەیە، تێگەیشتن لە هۆکانی و لە تێگەیشتنی مادیانەی مێژوو بە شێوەیەکی گشتی. هەروەها هەڵدەستێ بە لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەو فەرمانبەرانە کە لەسەرەوە سەرۆکایەتیان دەکرێ، بەلأم وەك

نوێنەری دەسەلآت لەبەرانبەر ئەوانەی وەك پلەوپایە لە ژێریانەوەن. چونکە تایبەتمەندی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەسەلآتداری دەوڵەت بەرانبەر کەسانی خاوەن پلەی خوارتر، بە تەواوی پیادە دەبێ. هەرچەندە بواری ئابووریشیان خراپ بێ هەر بۆ سەروی خۆیان دەڕوانن و هەروەها بە شێوەیەکی تایبەتی باسی ڕۆڵی باوکان و خێزانە ئیستبدادیەکان دەکا لە بواری پەروەردەیی و سیستمی ئیستبدادی ئەو باوکانە دەکا وەك نوێنەری (دەسەلآت) لەناو هەر خێزانێك؛ ڕۆڵی باوکان لە شێوەی بەرهەمهێنان و پەریوەندیان لەگەڵ سەرکارەکانیان لە ناو خێزانەکانیان بە تایبەتیش لەسەر کوڕەکانیان ڕەنگ دەداتەوە و دەڵێ: ئا بەم شێوەیە خێزان دەبێتە یەکەم کۆپی و کاکڵەیی بۆ هەموو شێوەکانی بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە. هەروەها ئاماژە بۆ ڕۆڵی ئاین و کلێساو چەوسانەوەی حەزەکان و بەشێوەیەکی تایبەتی پێداویستییە سێکسێکان بە دەکاو دەڵێ :- سەرکوتکردنی ئارەزووی سێکسی ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێ و بە کۆمەکی ئاینەوە ئەنجام دەدرێ. ئا ئەمانە مەرجگەلی گرنگن لە پێکهاتنی خێزانە بۆرژواکان.

ئەمە بنچینەیەکی جەوهەریە لە دروستکردنی بونیەویانەی خەڵکە بۆرژوا بچووکەکان وئەم ترسە وا لە خەلك دەەکا نێگەتیف بن و لە سیاسەت بڕەوێنەوە و هانیان دەدا بۆ گرتنەبەری ڕێگای دیکە وەك جێگرێك بۆ بەدیهێنان و تێرکرنی ئارەزوەکانیان کە ڕەنگە بە شێوەیەکی سادیانە دەرببڕدرێ هەروەها ڕەنگە سەنجڕاکێشانی سێکسی یەك رەنگی جلوبەرگ و نمایشی سەربازی شتی دیکە بێ :

بەپێی ئەو بنچینانەی ئاماژەمان بۆ کرد، چینەکانی ناوەڕاست بەشێوەیەکی تایبەتی ئامادەکران بۆ ئەوەی بەدوای هێزێك بکەون سەرکردایەتیەکەی بە شێوەیەکی تەواو خودی و بابەتیانە دژی بەرژەوەندیەکانی جەماوەری کرێکاران بێت.

(ئەریك فرۆم) هەوڵ دەدا هەر لە سەرەتای سەرمایەداریەوە لە پەرەسەندنی ئەم چینانە توێژینەوەکانی بکا وبەم رێگەوە دووپاتی پەرەسەندنی تایبەتی مێژووی ئەڵمانیا دەکاو لەو باوەڕەدایە کە هیتلەر توانیویەتیردەستکەوتێکی زۆر بەدەست بهێنێ، چونکە ئەو چ لە لایەنی کۆمەلآیەتیەوە و چ لە لایەنی ئیدۆلۆژییەوە، نوێنەری بێ وێنەی بۆرژوای بچوك بوو. ئەو نموونەی بەشێکی گەورەی بۆرژوای بچوکی ئەڵمانیاو وولآتە ئەوروپیەکانی دیکە بوو.

لە ماوەی دوای جەنگ -مەبەستی جەنگی جیهانی یەکەم- پەرەسەندنێکی زۆر گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە تێکچوونی ئابووری چینە کۆنەکانی ناوەڕاست گەیشتە دوا پلەکانی، ئەوەش بە شێوەیەکی خێرا لەماوەی قەیرانی ساڵی 1923 ڕوویدا و ساڵآنی 1924 تا 1928 بە ساڵآنی باشبوونی باری ئابووری لە قەڵەم دراو هیوا و قازانجی نوێی بە چینەکانی ناوڕاست بەخشی، بەلآم ئەو قەیرانە کە لە ساڵی1929 ڕوویدا، هەمووی تێکداو پرۆلیتاریا تووشی گەورەترین کارەسات هاتن.

سەرەنجامی دۆڕاندنی شەڕو ڕووخانی پاشایەتی، هۆشمەندی شڵەقاو ڕژا. فرۆم سادیزم و ماسۆشیزم وسروشتی دەسەلآتداری لەیەك تەرازو دادەنێ، چونکە ئەم دوو حاڵەتە بەسەریەکدا پیادەدەبن و دەڵێ :- هیتلەر توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، تەنیا لەبەر ئەوەی نوێنەری ئیدۆلۆژی و کۆمەلآیەتی بێ وێنەی بۆرژوای بچوك بوو.

قەدەر لە ڕوودانی جەنگەکان بەرپرسیارە کە هەر قەدەر خۆیەتی لەبەر ئەوەی هەندێ کەس دەبنە دەسەڵاتدارو هەندێکیش حوکم بەسەرا دراو و هەر قەدەرە کە ئاوازی ژانەکانی قەت دەنگ دەرناکا. . . فرۆم باوەڕی وایە کە مەترسی فاشیزم قەت تەواو نابێ تا سەرمایەدار مابێ.

4. فاشیزم وەك دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری:

لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی ئەم تێورەم کردو لێرەدا تەنیا دەمەوێ بیروڕایەکانی(راینهال کوینل) بە شێوەیەکی زۆر کورت بخەمە سەر مێژووی سەرەتای ئەم تێورە کە ئەویش دەڵێ : بیروڕای سۆسیال دیموکرات و بە تایبەتی کتێبی (کارل کاوتسی) لە بارەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا -1918-، کاریگەرییەکی تایبەتی بەسەر ئەم تێورەوە هەیە. لە ماوەی (کۆماری ڤایمار)و دوای سالآنی 1933، سۆسیال دیموکراتەکان و لیبراڵ و پارێزکارەکانیش دوای بەزاندنی هێزەکانی فاشیزم لە ساڵی 1945 لە قۆناغی گوێزانەوە بۆ شەڕی ساردی ساڵانی (1947-1948)، هەموویان، کۆمۆنیزمیان بە تاکە ترسێکی جەوهەری دادەنا. لە ساڵی 1917شدا هەمان شت لە دژی شۆڕشی رووسی ڕوویدا...ئەمەش لەبارەی بەراوردکردنی نێوان دیکتاتۆری و دیموکراتیەوە بوو.

5- فاشیزم وەك مۆدیرنیست :

بنچینەیەکی تێوری گشتیە لە بارەی تێوری کۆمەڵگای پیشەسازیەوە (ف.ف روستون)و تێورەکەی وەك(جیگری گەشەسەندنی تێوری مارکسی) داناوە. خەسلەتە سەرەکیەکانی ئەم تێورە توێژینەوەیە لە ئاستە جیاجیاکانی پەرەسەندنی زانست و تەکنیك لەم کاتەشدا وەك بەرزترین قۆناغ لە هەندێ لەو وولاتانە کە کۆمەڵگای پیشەسازی تێدا گەیشتۆتە قۆناغێکی پێشکەوتو. هەروەها شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگاو پەیوەندی موڵکدارێتی لەم لێتۆژینەوەیەدا شتێکی جەوهەری نییە.

بەم شێوە دەری دەخەن کە سۆسیالیزم جێگری سەرمایەداری نییە، بەڵکو شێوەیەکی دواکەوتوەو بەرەو گەیشتن بە کۆمەڵگا پیشەسازی بەڕێگاوەیەو ئەم پرسیارەش دەخەنە ڕوو: چۆن دەکرێ پێناسەی فاشیزم بکرێ لە ڕوانگەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازی و کرداری نوێکردنەوە.

مێژوونووسی کۆمەڵایەتی ئەمریکی بارینکتون مور ئەم لێتۆژینەوەیە دەنووسێ و لەگەڵ چاوپێداخشاندنەوەیەکی تایبەتی بە ئەڵمانیاو ژاپۆن و ئیتاڵیا، ئەم جۆرە تایبەتمەندی و حەتمیەتانە بەدیاردەخا:

لە کاتی پەرەسەندن بە ڕێگای یەکەم و دوای زنجیرەیەك لە شۆڕشی بۆرژوازی بەستنەوەی سەرمایەداری بە دیموکراتی-هەروا ڕێگای دووەمیش هەر هەمان ڕێگای سەرمایەداری بوو. لێرەشدا هیچ تەوژمێکی شۆڕشگێری نەبوو و سەرەنجام بە گرتنەبەری سیاسەتی جۆراجۆی کۆنەپەرستانە، دەسەڵات درا بەدەست فاشییەت و بنچینەیی بەرنامەکەیان بریتی بوو لە( سەرکوتکردنی ناوخۆیی و گرتنەبەری سیاسەتی فراوانخوازی لە دەرەوە). ئەمەش هاوپەیمانێتی نێوان چینە سەرکردەکانی بازرگانی و پیشەسازی و چینە تەقلیدیەکانی بوو؛ هاوپەیمانێتیەك بوو لە دژی جووتیار و کرێکارە پیشەسازەکان راوەستا هەروەك راینهارد کونیل دەڵێ:- بەبێ هیچ

گومانێك(مۆر)بەشێوەیەکی باوەرپێکراو سەلماندی کە بەردەوام بوونی نەریت دەرەبەگی و چینەکانی سەرەوەو مولکداریتی لە هەندێ ولاتدا وایکرد، زەمینە بۆ ئیدۆلۆژیەتی فاشیزم خۆش ببێ و بووە هۆی سەرکەوتنیشی.
بەلام لەناو چینە دەسەلاتدارەکان و بەشێوەیەکی سەرەکیش تەنیا دەرەبەگەکان نەهاتنە ناو رێکخستنی رژێمی فاشیەوە "واتە بالی برپاردەر لە ناو پیشەسازی و سەرمایەی بانکی"بوو .

فاشیزم وەك دیکتاتۆری سەرمایەی دارایی :

کورت کوسفایلە لێتوێژەرێکی مارکسییە لەبارەی بابەتی فاشیزم و یەکێکە لە گەورە ئەکادیمیەکانی زانستی سیاسی لە ئەلمانیای رۆژهەلات- لە بارەی بۆچوونی زانستیانەی مارکسیزم لە ماهیەتی فاشیزم، کۆسفایلە دەلێ : شێوەکانی پەیدابوونی فاشیزم بە شێوەیەکی سەرەکی لا گرنگ نیە بەلکو سرووشتە چینایەتییەکەیم لەلا گرنگە. بەلام ئەمە نە رەچەلەکی کۆمەلایەتی ئەو سەرکردە فاشیانە دەردەخات، نە پێکهاتی کۆمەلایەتی سەرکردە فاشیەکان نە ئەوانەش کە پێوەوەی بەندن، هەروا پەیوەندیشی نە بە بەرنامەو ئەو درووشمانەوە هەیە کە پروپاگەندەی فاشی دەیەوێ بە هۆیەوە جەماوەر بۆ لای خۆی رابکێشێ. سرووشتی چینایەتی وەك هەر هێزێکی دیکەی سیاسی دیکە تەنیا بۆ خۆی لە سیاسەتەکەی دا دیاری دەکرێ. ئەمەش مانای ئەوەیە دەتوانرێ هەر( هەلۆیستێکی فاشی) لە روانگەی وەرگرتنی هەلوێستی بەرانبەر بە تێکۆشانی چینایەتی لەنێوان پرۆلیتاریاو بورژوا " لەنێوان جەماوەری گەل و سەرمایەداری داراییی"دا دیاری بکرێ.
کۆسفایلە لەسەر بناغەی تیۆری لینین لەبارەی ئیمپریالیزمەوە پێناسەی فاشیزم دەکاو دەلێ: فاشیزم داو مەبەستی بەندە بەوە تا بەرەو کونەپەرستی و راودونان بچێ. ئەمەش دەسەلاتی ئیمپریالیزم لەسەردەمی سەرمایەی دارایی مۆنۆپولی کە بۆقۆناغی وەرگرتنی دەسەلاتداریتی دەگویزریتەوە، نەوەك بەرەو ئازادی. ئەم دەسەلاتەش لەژێر هەر سیستەمێکی سیاسی جیاجیادا بێ هەر لەیەك دەچێ و بەدرێژایی رێگاکە هەر کونەپەرستەو لووتکەی پوکانەوەی ناکۆکیەکان دەنوینێ کە ئەمەش ئەنجامەکانی ئەم رێبازەیە.
مۆنۆپۆلەکان بەرەو ئەوە دەچن لەبوارە ئابووری و سیاسیەکاندا بەتەنیا دەست بەسەر دەسەلاتداریتی دابگرن.
دیمکراتی و پەرلەمانی بۆرژوازی توانایەکی دیاریکراو بەزەحمەتکێش و بورژوازی نامۆپۆل دەدەن بۆ بەرگریکردن لەخۆی دژی چەوسانەوەو بەتالان بردنی بێ ئەندازە بەهۆی سەرمایەی دارایی لەبەر ئەوە سەرمایەی داراییش هەولدەدا ئەم توانایە بەرێگای دامەزراندنی دەسەلاتە سیاسیەکەی خۆی ــ وەك ــ تەوژمێکی سیاسی و شێوەی حوکمدان لەناو ببا.
فاشیزم وەك رەوتێکی سیاسی و شێوەیەکی دەسەلاتداریتی لەگەل ئیمپریالیزم لەیەك وەخت نەهاتە سەر شانۆی مێژوویی جیهانی، بەلکو یەکەمین جار دوای شەری جیهانی یەکەم دەسەلاتی گرتەدەست. ئیمپریالیزم لەبارێکی مێژوویی دیاریکراو بەرەو کۆنەپەرستی و راونانی شێوە فاشیانە رۆیشت. ئەم بارە بەر لە هەموو شتێك ئەوەمان پێ رادەگەیەنێ کەوا سەرمایەداری پێی ناوەتە ناوە قەیرانێکی گەشتیدا.

(لێرەدا دەمانەوێ لەبارەی مێژووی پەیوەندی نێوان پارتی ناسیونال سۆسیالیستی کرێکاری (NSDAP )و سەرمایەی دارایی لە نێوان ئۆکتۆبەری 1923 و 30 یەنیوەری 1933 بخەمە ڕوو کە لەگۆڤاری ((ڤایلە)) دا بلاّوکراوەتەوە.

1923/9/8: هەر لە کودەتایەکەی هیتلەرو لودن دورف لە میونیخ لە ئۆکتوبەری1923: مریتس تیس لە ڕێگای لۆدۆن دۆرفەوە بڕی (100,000)مارکی زێرین بۆ حزبی سۆسیالیزمی نەتەوەیی کرێکاری ئەڵمان دەنێرێ.

2/24 – 1924/4/1 : دادگایی کردنی هیتلەرو لودن دورف و ئەوانی دیکە لەمیونخ. دادگا ماوەی بە هیتلەردا ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی پروپاگەندە بۆ حیزبەکەی بکا.

دوای ساڵی 1925 : تیس جارێکی دیکەش پشتگیری (NSDAP) دەکا لەگەڵ ئەوەشدا لە حیزبێکی دیکە کاری دەکرد کە ناوی حیزبی گەلی نەتەوەیی ئەڵمانی بوو .

1926 : هیتلەر لە کۆبونەوەی جیاجیا لەگەڵێ ناوچەی ئەڵمانیاو هەروەها لەبەردەم سەرمایەدارە گەورەکان ووتار دەدا...

1927 : (ڤیلهیم کیلبەر) کە سەرمایەدارێکی کەرتی پیشەسازی کیمیایەکان بوو دەچێتە ریزی (NSDAP) .

1927/7/4 : (ئیمیل کیرۆڤ )یەکێکە لە پیاوە هەرە گەورەو خاوەن دەسەلاّتەکانی پیشەسازی خەڵوز لەگەڵ هیتلەر دا پەیوەندی شەخسی دروست دەکاو ریزەکانی حیزبی گەلی نەتەوەیی ئەڵمانی بەجێ دەهێلێ و دەچێتە ناو (NSDAP) وژمارەی ئەندامێتیەکەی (71022)و، کاری بۆ ئەوە دەکرد(NSDAP) پارە لە سندوقی یارمەتیە سیاسیەکانی یەکێتی پیشەسازی کانەکان وەرگرێ.

1928/8 : دوای ئەوەی (هوکن بیرك) سەرۆکایەتی حیزبی گەلی نەتەوەیی بەدەستەوە گرت، (کیرۆف) بۆ ناو حیزبی ناوبراو گەڕایەوە.

بەلاّم درێژەی بە پەیوەندی شەخسی خۆی لەگەڵ هیتلەر دا و بەردەوام هەوڵی دەدا (NSDAP)پشتگیری پۆلی لە پیشەسازیە قورسەکان دەستبکەوێ.

1928/9 : ئۆتۆ دیتریش "مێردی کچی سەرۆکی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی پیشەسازیە قورسەکان لە ناوچەی ((راین فیستیڤال)) کە ناوی رایس مان کرۆنە یە تا ئەوکاتە بەرێوبەری بازرگانی ڕۆژنامەی ئێوانی ئەڵمانی نەتەوەیی میونخ ـ ئۆکست بورگ ـ بووە، دەچێتە ریزی NSDAP و پەیوەندیەکانی بە پیشەسازی خەڵوز درێژە پێدەدا و دەبێتە بەرێوبەری کاری رۆژنامەگەری حیزبی ناوبراو.

1928 - 1929 : بەرنامەی ناوبراو کە بەناو(بەرنامەی 25 خاڵیNSDAP)ناسراوە، ئەو هێرشانە کە لەدژ سەرمایەداران کراوە، لادەباو تەنیا ئەو هێرشە نەبێ کە کراوەتە سەر سەرمایەداری (جولەکەی چاوچنۆك).

ئابی 1929 _1930 : هاوپەیمانێتی بەهێز لە نێوان (حیزبی ناسیۆنالی) ئەڵمانی و (NSDAP) لەسەر هەڵمەتی هەڵبژاردن (joun plan)

کۆتاییەکانی 1930: سەرەتای پشتگیریکردنی(کورت فون سترویدە)ی خاوەن بانك لە (NSDAP).

سـێپتێمبەری 1930: سـەرکەوتنی مـەزنی(NSDAP) لـە هەڵبـژاردنی پەرلـەمان" ملیۆنـان مارکەکـەی سەرمایەدارەکان، (6) ملیۆن دەنگی هێنا"

1930\9\25 لە دادگای دەوڵەت دژ بە ناسیونال سۆسیالیست و ئەفسەرانی سوپا وەك لودین و شیرنکەو فینـدت، شەرعییەت بە هیتلەر درا.

کۆتـایی سێپتێمبەری (1930) هـاتنی (فالتـەر تینکل مـان) بەڕێوەبـەری کانـە خـەڵوزەکان لـە ناوچـەی (کلیـزن کیرشە) بۆ ناو (NSDAP) .

پایزی 1930 : (هابلیمار شاخت) بۆ ئەمریکا سەفەر دەکات ولەگەڵ گەورە پیـاوانی دارایـی وسامانداری ئـەمریکا گفتوگۆ دەکا تـا قەناعـەتیان پـێ بهێنێ کـە هـاتنی حکومـەتێکی نـازی تـرس بـۆ سـەر پڕۆژەکـانی سـەرمایەداری ئەمریکا لە ئەڵمانیا دروست ناکا،بەڵکو لە بۆلشەویەکان دەیپارێزێ.

1930\1\5 : چاوپێکەوتنی هیتلەر لەگەڵ سەرۆکوەزیران(درینیـك) کـە یـەکتربینین لەگـەڵ بەڕێوەبـەری بـانقی ئەڵمانی و کۆمپانیای (دیسکونتۆ) و(ئەمیل کیورك و فون شتراوس) بە دوا هات و لـەو ساتەوە تـا ئیستا ئەنـدامی حیزبی گەلی نەتەوەیی ئەڵمانیە و ئەمەش سەرەتای پشتگیریکردنی بوو بۆ (NSDAP).

کۆتـایی سـاڵی 1930 : (فالتـەر فونـك) کـە سەرنوسـەری ڕۆژنامـەی (بۆرسـەکان) لـە بـەرلین بـوو، چـووە ریزی(NSDAP) و دوایی دەبێتـە ڕاوێـژکاری ئـابووری حـزب و بەرپرسیاری پەیوەندیـەکانیان لەگـەڵ ناوەنـدە بانکی و پیشەسازییەکان.

1930 : (ئوگیست فیلهیلم) ئەمیری گومرگەکان دەداتە پاڵ (NSDAP).

1930-12-25 : ڕاگەیاندنێکی ژەنەڕاڵ (فۆسیکت) لە ڕۆژنامەی سەراپای ئەڵمانیا لەسەر پرسیارێك کە دەڵێ: ئایا حیزبی هیتلەر حەزدەکا بەشداری حکومەت بکا ؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: من بەبێ دوودڵی دەڵێم بەڵێ.

هەر لە هەمان ژمارەدا (یونگە فون ئولدنبورگ) وتویەتی: بە قەناعەتی من (NSDAP) بێ هیچ دەمەتەقێیەك مافی ئەوەی هەیە لە پاشەڕۆژدا حکومەت دابمەزرێنێ.

سەرەتای ساڵی1931: یەکێك لەسەرکردە نازیەکان کە(پـاول شـولس)ی پیـاوکوژ بـوو لـە ئیسن(شـارێکی گـەورەی پیشەسازی)یە چاوپێکەوتنی لەگەڵ گەورە پیاوان و خاوەن کانـە خـەڵوزەکان سازدا. لـەم چاوپێکەوتنانەدا بڕیـار درا مانگانە بە (10) هەزار مارك پشتگیری(NSDAP) بکرێ.

1931/3/1 : خێزانی(تیسن) چونە ریزی(NSDAP)یەوە.

سەرەتای هاوینی 1931 وەلی عەهد (ڤیلهێلم) پەیوەندی شەخسی لەگەڵ هیتلەردا پەیداکرد.

هـاوینی 1931 هیتلـەر لـە چاوپێکەوتنێکی نهێنیـدا لەگـەڵ پیـاوە پیشەسـازەکان بـە ئاشـکرا بـۆ خـەڵکێکی زۆر قسەدەکا.

یۆنی 1931 : پاشا (ئوغست) بە ئاشکرا چاوی بە هیتلەر دەکەوێ.

1931/6/19 : چاوپێکەوتنی (ئەدمۆند شتنس) بە هیتلەر.

1931/7/9 : نامەی (ئەدمۆند شتنس) بۆ هیتلەر کە تێدا هاتووە: بەرفراوان کردنی ناوچەکانی ئەڵمانیا بـەرەو ڕۆژهەڵات و خوارووی ئەوروپا لەم ساتەوەختەدا بەدی بهێنین.

بەڵام لە ڕوانگەی بەردەوام بوونی لەسەر نەهێشتنی هەموو سەرکەتن و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانمان لە ڕۆژهەلات(ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا ) کە داوامان لێ دەکا ڕەزامەندی لەندەن و واشونتن وەرگرین. من لەکاتی چاوپێکەوتنەکانماندا زۆر باش دەزانم کە ئێوە ئەی هیتلەری بەڕێز بێ گومان سنوری تواناکانی ئیستامان دەزانن. تەنیا دەبێ ئاگادار بین ودەبێ هەنگاو بە هەنگاو بڕۆین و پلە بە پلە سەربکەوین.

گەشبینم بەوەی کە ئیوە لە ئەرکە قورسەکانی ئەرشانتان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و دەتوانن بە نۆرە جڵەوی ڕابوونی ئەم هەستە بە نۆرە بەدەستەوە بگرین.

1930/7/27 : کۆمەڵەی ئابوری سیاسی فرانکفۆرت بە ڕەزامەندی سکرتێری کۆمەڵەی یەکێتیە نیشتیمانیەکان داوایان کرد (رویدنکە فون دیرکولتس) سەرۆکایەتی بداتە (هندن بیرك) و باسی ئەوە دەکات ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوایەتی هیتلەر، دوا یەدەکی ئەڵمانیایەو ئێمەش وەك بنکەیەکی ئابووری ئەڵمانیا لە پشتتانەوە دەوەستین.

1931/10/10 : یەکەم گفتوگۆی سەرۆکی دەوڵەت(هندن بورگ) لەگەڵ (هیتلەر) و(کورنیك) لە بارەی بەشداربوونی نازیزم لە حکومەتدا.

1931/10/11 : سازدانی ئەو کۆبوونەوانە کە بە بەرهەڵستی نەتەوەیی ناوبراو بە (NSDAP) ناوبرا کـــــــــــە (شتال هیلم) و حیزبی گەلی نەتەوەیی ئەڵمانی و هەندێکی دیکە تێیدا بەشداربوون.

1931/10/27 : (س. ف) لە کۆمپانیای (سیمنز)ەوە لە کاتی ئەو میواندارییە کە کۆمپانیای (جەنەراڵ ئەلکتریك) لە نیویۆرك پێهەڵدوستێ، لەبەردەم نوێنەری گەورە پیاوانی دارایی ئەمریکیەکاندا قسە دەکاو دەڵێ: ڕەگی بزووتنەوەی هیتلەر، تێکۆشانە دژ بە سۆسیالیزم واتە مارکسیزم.

دیسەمبەری 1931 : فریتس تیسن دەبێتە ئەندامی (NSDAP)) .

1932/1/16 : کۆڕێکی هیتلەر لەبەردەم سەردات پیاوی مۆنۆپۆل لە یانەی پیشەسازی لە شاری (دیسلدۆرف) ئەم کۆڕە لەگەڵ (فریتس شیسن) ڕێکخرابوو .

1932/1/27 : کۆبونەوەی نهێنی سەرکردایەتی نوێنەرنی یەکێتی کۆمپانیاکانی ئاسن (تیس بوینسکن فویلکر)لەگەڵ هیتلەر و(کوبرینك) و(زویم). ئەم کۆبونەوەیە بووە هۆی دامەزراندنی حکومەتی نازیزم.

فیبریوەری 1932 : گفتوگۆ لەنێوان فردریش فلیك و هیتلەر کرا.

1932/3/19 : یەکێك لە گەورە پیشەسازان(پاول روشن) ڕێککەوتنێك لەگەڵ هیتلەر دەکا کە ناوەرۆکەکەی ئەوەیە، لە کاتی هەڵبژاردن لە لایەن هیتلەرەوە هێرشی لە سەر نەکرێ بەو سیفەتەی دەزگای ڕاگەیاندنی لە ژێر دەسەڵاتدایە (ڕۆژنامەی (احدث الابناء) میونیخ و فرینکشە کوریر).

1932/4/3 : هایملەر شاخت نامەیەك بۆ هیتلەر دەنێرێ و تێیدا دەنووسێ : کۆمەڵێك پیاوماقول لەگەڵ من ئامادەن پشتگیری ماددی ئەوانە بکەن کە دەیانەوێ لە تێورە ئابوریەکانی سۆسیالیزمی نەتەوەیی بکۆڵنەوە و (بیبەستنەوە بە ئابوری تاکە کەسی بەرفراوان). دوای چەند هەفتەیەك نوسینگەیەك بە ناوی وەکارخستنی کرێکاران لەلایەن هایملەر شاخت دامەزرا و (تیسن) و (پاول رویتش) پشتگیریەکی زۆریان لێکرد.

یولی 1932 : هیتلەر دڵنیای (کورنیك فیلیك)دەکاتەوە لەبارەی لەبارەی زامنکردنی بەرژەوەندییەکانی و پەیوەندی بە مەسەلەی(کیلزن کیرش)بە ڕێگای حکومەتی نازی.

له سەرەتای ساڵی 1932 : دامەزراندنی (نووسینگەی داواکاری) لە لایەن مۆنۆپۆلەکانەوە بە بەڕێوەبەرایەتی (فینهل کیبلەر) کە لە دواییدا ناوی نرا (برادەرەکانی هیتلەر)و لەکاتی دامەزراندنی، (12) کەس لە سەرکردە مۆنۆپۆلەکان بەشداریان تێدا کرد کە ئەمانەش مانگانە بۆ فرمان وەرگرتن لە بارەی داخوازییەکانی (NSDAP) و چۆنیەتی ئامادەکرنی سیاسەتەکەی چاویان بە هیتلەر دەکەوت.

1932/8/5 : چاوپێکەوتنی وەزیری بەرگری شلایشەر فۆن لەگەڵ هیتلەرو ڕازی بوونی بەوەی هیتلەر دەست بخاتە ناو سەرۆکایەتی رایخ تا ببێتە سەرۆك.

1932/8/13 : چاوپێکەوتنی هیتلەر بە (فون هندن بیرگ)ی سەرۆك دەوڵەت.

سێپتێمبەری 1932 : چاوپێکەوتنێکی نوێی هیتلەر لەگەڵ (لاندس بیرك) بە ئاگاداری تیسن).

پایزی 1932 : (پاول سیڤەر بیل) سەرۆکی پیشەسازیەکانی خەڵوز وئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی بانکی ئەڵمانی پەیوەندی بە هیتلەرو (کریکۆر شتراسە)وە دەکا.

1932/11/19 : مۆنۆپۆل و ئەشرافەکان داوا لە سەرۆکی رایخ (فۆن هند بورگ) دەکەن تا سەرۆکایەتی بداتە دەست هیتلەرەوە.

نۆڤەمبەری 1932 : (ئۆتۆ مایر) و(فرانسس رویتەر) سەرنووسەری گۆڤاری بڕوا پێکراویان پیامنێری سەرمایەدارەکان، نامەی سەرکردە ئەڵمانیەکان بلاّودەکاتەوە کە لەسەر داوای (پاول سیڤەر بیرگ)و(هیتلەر) ئاهەنگێك لە بەرلین(بارەگای سەرەکی) لە ئوتیلی کیرهوف، دەگێڕن.

نۆڤەمبەری 1932 : (ای جی . فارین) و(بۆتێ فش) و لەسەر داوای (کارل بۆش) سکرتێری کۆمپانیای ناوبراو ئاهەنگێك لەگەڵ (هیتلەر)دا ساز دەکەن .

سەرەتای دیسەمبەری 1932 : زۆرانبازی لە نێوان (کرنیك و کریکۆر شتراسە) لەسەر دەستخستنی ڕۆڵی کارتێکرنی سەرەکی لە هێڵی سیاسی (NSDAP).

1933/1/4 : هیتلەر لە کۆشکەکەی (کورت فۆن شرۆید)ە کە یەکی لە خاوەن بانکەکان بوو لە کوێلن ئاهەنگێك دەگێڕێ.

یەکگرتن لەسەر گۆڕینی وەزارەتی چاوەڕێ کراو بە سەرۆکایەتی هیتلەر و لە بارەی سیما بنچینەییەکانی بەرنامەی ئەو حکومەتەوە.

1933/1/7 : چاوپێکەوتنی پیاوی مۆنۆپۆلەکان لەکەڵ هیتلەر لە مالی کیردۆف.

1933/1/28 : ناچارکردنی شلایشەر بۆ واز هێنان لە دەسەلاّت

1933/1/30 دامەزراندی وەزارەتی هیتلەر (سەرەتای دیکتاتۆری فاشیزم لە ئەڵمانیا) .

(سەرچاوە . بابەت لەمەڕ فاشیزمەوە – کورت کوسفایلە – لاپەڕە (341 – 348)) .

سەرچاوەکان


-1 ڤۆلڤگانگ فیبرمان- فاشیزمی ئەوروپی لە بەراوردکردندا 1922-1982/لاپەڕەی12-13، پرۆتۆکۆلی کۆنفرانسی ئینتەرناسیونالیزمی کۆمونیستی لە پترۆگراد/1922، بە ئەلمانی

-2 دەربارەی فاشیزم، گۆڤاری(الرابطة)، ژمارە4/ئیتالیا

-3 تیۆرە سیاسی و ئیدۆلۆژییەکان، فرانس نویمان، لاپەڕەی 485-486، بەئەڵمانی
-4 نصوص حول الفاشیە(تروتسکی-ماندیل)، لا20، ترجمە کەمیل داغر
-5 بالیرۆ تۆلیاتی، محاضرات حول الفاشیة، صفحة 37-38
-6 جۆن کاوتسکي، التحولات السیاسیة في البلدان المتخلفة، لا138
-7 پاشکۆی ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگماینە، لا100لە 12/6/، بە ئەڵمانی،1991
-8 ریتشارد زاگە، تیۆرییەکان لەبارەی فاشیزم، لا13026، بە ئەڵمانی
-9 گۆڤاری دێر شپیگل، وتاری ئیبەرهارد یگل، ژمارە 1991/52، لا 38-39
-10 گۆڤاری دێر شپیگل، وتاری زاشا ئەندرسوون، هەمان سەرچاوە، لا35-38
-11 پرۆتۆکۆلی ئینتەرناسیونالیزمی کۆمونیستی لە 1935بە زمانی ئەڵمانی
-12 گۆڤاری یویۆس ڤالیم، ژمارە1/بەرلین، لا 17، 27، 29
-13 نۆلتە ئیرنست، تیۆرییەکان لەبارەی فاشیزم، لا 89
-14 شیککردنەوەی فاشیزم و خەباتی دژ بە فاشیزمی ئینتەرناسیونایزمی کۆمونیستی و حزبی شیوعی ئەڵمانی 1922-1945
-15 بابەتگەلێ لەبارەی فاشیزم، کۆسڤایلە کورت، لا 341-348


# ڕۆشنبیرانی جەنگی پیرۆزی ئەمریکی، عیراقی و ئیسلامی

ئەمرۆ ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە سۆسیولۆگی بەناوبانگی ئەمریکی فۆکۆیاما شانبەشانی پرۆفیسۆر ساموئیل هونتنگتون، ڕاستەوخۆ پروپاگەندەچی جەنگی ئەمریکین، بیرمەندی سەرمایەی ئەمریکی و تاوانەکانین. ئەم دوو کەسایەتییە ئیمزاکەری ئەو مانیفێستەن کە تێدا نووسراوە: ***(لە مێژوودا، هیچ نەتەوەیەکی تر، ناسنامەکەی، ئاوا ڕاستەوخۆ وابەست لە گەل مافە مرۆییە جیهانییەکان، یەکانگیر نەبووە. بۆ ئێمە هیچ فاکتۆمێکی تر لە سەرووی ئەم وەڵاتەوەمەبەستیان ئەمریکایە- بایەخێکی باڵاتری نییە...)***

مەترسی ئەم ڕستانە ئاشکرایە، لە بەر ئەوەی ڕەهایی بە دادوەری ڕۆڵی ئەمریکی دەدا لە سەر ئاستی جیهان و دەیخاتە سەرووی هەمووەوە، ڕێك بە هەمان لۆژیکی"گەلی هەڵبژراوی خودا" یا درووشمی"ئومەیەکی یەکگرتوو، خاوەن پەیامێکی نەمر"ی حزبی فاشتی عەرەبی. جیاوازییەکەیان ئەوەیە، یەکەمەکان وەك فیلسوف، ڕۆشنبیرگەلێکی بێلایەن پاکانە بۆ تاوان دەکەن، دووهەمەکەیان ڕاستەوخۆ سەرتاپای سوورە بە خوێنی خەڵکی عیراق و کوردستان.

گفتوگۆ لە سەر جەنگی ڕەوا دوا پەردەی لە سەر ڕوخساری درۆی فۆکۆ و برادەرەکانی لابرد کاتی ئیمزای ئەم دێڕانە دەکەن: ***(جەنگی دادوەر دەکرێ تەنها لە لایەن ئۆتۆریتێکی شەرعییەوە بەرپا بکرێ، کە هەڵگری بەرپرسیارییە بۆ ڕێکخستنی گشتی. هەرگیز نابێ بیانووی بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە لایەن هێزێکی ناحکومی ئۆپۆرتۆنیست یا تاکە کەس، لە باری ڕەوشتییەوە قبووڵ بکرێ...)***

لەم دەربڕینە ئەوەمان بۆ ڕوونتر دەبێتەوە کە خەباتی بەرگری چینایەتی یا گەلانی داگیرکراو لە دژی ئیمپریالیزم، بە خەباتی ناڕەوا ناونووس دەکەن، ڕەوشتی باڵای ئەم خەباتە ئینسانییە قبووڵ ناکەن، ئەوجا، زەبروزەنگ بۆ دەسەڵاتداران مۆنۆپۆڵ دەکەن. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، ئەم جانەوەرانە

دەنووسن: ***(...ڕۆشنبیرە ئەمریکییەکان ناوی ئەوانەی کە ئەمریکای کردووە بە بەرپرسیار بۆ ڕێکخستنی گشتی لە هەموو سەرزەمین، نادرکێنن....***

داخۆ کێ بن ئەوانەی کلیلی ڕێکخستنی جیهان بە ڕێکخەری کودەتای شیلی، جەنگ دژی خەلکی ڤێتنام و کەمبۆدیا، قەلاچۆکەری هیندە سوورەکان، باوکی بەرەحمی کۆنترا لە نیکاراگوا، داگیرگەری پەنەما، پەروەردەکەری بن لادن لە جەنگی پیرۆز دژ بە یەکێتی سۆڤێت(لیستەکە درێژە)؟پاشان پرسیار ئەوەیە، بۆچی ئەم کەڵە قەڵەم خوێناویانە، ناوەکان نادرکێنن؟!

فۆکۆ و هونتنگتۆن و برادەرەکانیان، بە ڕۆشنبیرە برادەر ئەڵمانییەکانیان، دەڵێن"**ڕەوشتی کوێرانەتان هەس**"، نووسەری ئەڵمانی پیتەر شنایدەر، لە ووتارێکیدا، بانگەوازی ڕۆشنبیرە ئەمریکییە برادەرەکانیان دەڵێ" **دیکۆمێنتێکە بۆ کەپوبەرزی و گویرایەتی ڕۆشنبیر، لایەنەك، پێش وەخت بە ڕەها دادەنێ کە لە دیموکراسی سێکولار شوێنی نابێتەوە".**

بەلاّم واقیع ئەوەیە، بنچینەی بۆچوونی ڕۆشنبیرە ئەمریکییەکان لە هەمان دەسەلاّتی 51سەرمایەداری تایبەت و 100شەرکەتی زلهێزی جیهان سەرچاوەی وەرگرتووە. ئوسامە بن لادن و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کۆرپەی هەمان سیستێمن و هەر خۆشیان لەبەرامبەر تاوانەکان بەرپرسیاری هەڵدەگرن. بەلاّم ڕۆشنبیرە ئەمریکییەکان دەنووسن: **ئێمە پشتگیری لە بڕیاری حکومەتەکەمان دەکەین(و کۆمەڵگاکەمان) بۆ بەکارهێنانی زەبری چەك لە دژی ئیسلامییە رادیکالەکان و ڕێکخراوە تاوانبارەکەی لە سەر ئاستی جیهان)**. پرسیار ئەوەیە، بۆچی ئەم ڕۆشنبیرانە خودی سیاسەتی حکومەتەکەیان ناخەنە ژێر پرسیارەوە لە پشتگیری کردنی تۆرانییەت لە تورکیا؟ لەپشتگیری کردنی بن لادن؟ لە پشتگیری سعودییە، کوەیت، قەتەر، ئیمارات کە هیچ مافێکی مرۆڤ بە ڕەوا نازانن؟ لە پشتگیری کردنی عیراق لە جەنگ دژی ئیران؟ بۆچی وەك ڕۆشنبیرێك ڕەخنە لە سیاسەتی دەرەوەی وەلاّتەکەیان ناگرن؟ لە بێکاری، هەژاری، ملیتاریزم ولە کوشتنی پەنابەرانی سەر سنووری مەکسیك؟. ناکرێ 11سیپتێمەر بە جیا مامەڵەی لە گەڵ بکرێ و تەنها فوندەمنتالیستە ئیسلامییەکان بکرێ بە بەرپرسیار لە بەرامبەری، بەڵکو خودی حکومەتی ئەمریکی و نوێنەرەکانی وەك تاوانبار بیرژنسکی(سەرۆك حکومەتی راستەقینەی ئەمریکا و ئەندازیاری ئەو پرۆژەیە کە ئیسلامییەکانی بەهێزکرد) و (سی ئای ئەی) و شەرکەتەکانی نەوتیش بەرپرسیارن.

ئەوەی جێگای داخە، زۆر ڕۆشنبیری کورد لە دەرەوەی وەلاّتدا دەژین، کەمیان هەیە، خۆیان بە پسپۆڕ و خاوەن هەڵویست نەزانن، کەچی فزەیان لێ نایەت لە بارەی کێشەیەکی جیهانی لە نێو ڕۆشنبیرانی بەناوبانگی جیهان، ڕەنگە دەنگ نەکردیان باشتر بێت، چونکە زۆربەیان زۆر هەست بە دوونییەت دەکەن، بەشان و باڵی ئەم یا ئەو"فیلسۆفی"زانکۆ هەڵدەڵێن، گرنگ ئەوەیە، دژ بە شیوعییەتن، زانای جیهانی"مافی مرۆڤ و دیموکراسی"پۆست مۆدێرنن!! ماوە بڵێم، مێژوو کۆتایی پێنەهات و ئەلتەرناتیف هەیە بۆ سیستێمی بالاّدەست و نەخشەکێشانی جیهانگیری سەرمایە، بەرگری ئێستایش ئالاّی سوورە، بۆچوونەکانی فۆکۆیش دەرکەوت لە بە چ بەرژەوەندییەکەوە دەدوێ و لێدەکۆڵێتەوە! بیروباوەڕ و ئامانجی فرانسیس فۆکۆیاما، سامۆئیل هوتنگتۆن و بەرپرسی ڕاگەیاندنەکانی سەددام، بن لادن خزمەت بە یەك مەبەست دەکەن: بیانووهێنان بۆ جەنگی پیرۆز! ڕۆشنبیرە ئەمریکییەکان، پاڵپشتی سیاسەتی حکومەتی بۆش دەکەن، ئەوانەی دووهەم بۆ دەسەلاّتی فاشی سەددام و تاوانبارانی ئیسلامی.

نە ڕێگای تایبەتی ئەڵمانی و ئەنتی ئەمەریکانیزم، نە جەنگی پیرۆزی دکتاتۆری فاشی بەغدا، نە تیرۆر و جەنگی ئەمریکی و ئیسلامی. بەڵێ بۆ خەباتی نیونەتەوەیی کرێکاران و زەحمەتکێشانی جیهان لە دژی هەموو ئاین و بیرو باوەڕو بالاّدەستەکان بە هەموو ناو و ناتوریانەوە!

ڕۆشنبیری شیوعی کۆنترا ڕۆشبیرەکانی جەنگی پیرۆزی باڵەکانی بیری باو!

2002/8/11

## تەوەرێك بۆ دیالۆك: ئەرکەکانی ئیمرۆی راگەیاندنی کۆمونیستی چییە؟

وەك چۆن ڕۆژنامەی ئیسلامییەکان، یەکێتی و پارتی، دەربڕی بیروباوەڕی خۆیانن، ئەوها دەبێ راگەیاندنی شیوعی، دەربڕی بیروباوەڕی شیوعییەکان بێت. دیارە هەفتەنامەی(ڕێگای کوردستان)ئۆرگانی ناوەندی حیزبی شیوعی کوردستانە(حزبی چینی کرێکارو جووتیارو توێژە ستەمدیدەکانی کوردستان)ەو ئەرکی سەرەکی ئەوەیە بیروباوەڕی کۆمونیستی لەبارەی هونەر، سیاسەت، کۆمەڵگا، ئابووری، پەروەردەو ڕەوشت...هتد بە ئەندامان، خوێنەران و رای گشتی بگەیەنێت.

هەڵبەت ئەم ئەرکە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر، جیاوازە، بۆ نموونە، ئەرك و مەهامەکانی سەردەمی خەباتی پەرلەمانی وریفرۆم جیاوازە لە سەردەمی شۆڕش. لە یەکەمیاندا(ئەمیان مەبەستی ئەم نووسینەیە)، دەبێ ڕاگەیاندنەکانی حزب ببن بە دەربڕی فەلسەفە، پەروەردە، ئەگیتاتسیون، هەواڵ، چالاکی، گفتوگۆ، ڕیپۆرتاژ، وتار، بانگەواز، مۆسیقا، فیلم، کۆبوونەوەو شێوە جیاوازەکانی خەباتی چینە ژێردەستەکان لە ئاستی ناوەوەو جیهان. راگەیاندنە زاڵەکانی جیهان و ناوخۆ بە شێوەیەکی زۆر دیکتاتۆرییانە خەرجێکی زۆر بۆ مەکتەب، تەلەفۆن، مووچەو ئامرازی ڕاگەیاندنەکانی لەشکری نووسەرە چڵێس و کاسۆلێسەکانیان دەکەن و بەو شێوەیە کە خۆیان مەبەستیانەو دەیانەوێت، گوزارشت لە بارودۆخی جیهان و ناوەوە دەدەن. بۆ

نموونە، رەنگە بڕوا نەکەن ئەگەر بڵێم کە لە18ساڵی ژیانم لە ئەلمانیا، بۆ یەکجاریش نەمبینی و نەمبیست لە کەناڵە زاڵەکان-بە کەناڵە"سەربەخۆکانەوە"- سەرەڕای ئازادی بیروڕا دەربڕین، تاقە یەك گفتوگۆ لەگەل بیرمەند، بەرپرس یان کادرێکی حیزبی شیوعی سازبدەن-بێجگە لە چەند دەقەیەك لە کاتی هەڵبژاردن- یان باسی دەرکردنی مامۆستاکان بکەن لە کارەکەیان لەبەر ئەوەی شیوعی یان ئەنتی فاشیستن یان باسی دەرکردنی زۆرەملی نامرۆیانەی پەنابەران بکەن یان باسی زیندانە زۆرو زەوەنەکانی دیپۆرتاتسیونی پەنابەران و هەواڵی خۆپیشاندانە ئەنتی راسیستی و ئەنتی فاشیستی یان بارودۆخی زیندانییە سیاسییەکان بکەن. گەرچی دەیان ئەلمانی لە کوردستان و عیراق دەژین، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەلمانیا بەبەردەوامی بانگەوازی ئەلمانەکان دەکەن بۆ ئەوەی عیراق بەجێبهێڵن، بە مەرجێ باش دەزانن کە لە کوردستاندا ئاسایش و ئارامی- تەنها بەوە مانایە کە تاوانی بەعسییە ئیسلامییەکان ئەنجام نادرێت- باڵادەستە.

بەداخەوە بەزەقی دەبینم بەشەکانی راگەیاندنی حزب بەحاڵ هاوکاری یەکتردەکەن! دەبێ کەناڵەکانی راگەیاندن(رادیو، تەلەفزیون و رۆژنامەو گۆڤارە)کانی حزب، پێکەوە کاربکەن و دەکرێت لە زۆر لایەنەوە پێکەوە سوودێکی زۆر باش لە ئینترنێت، وەربگرن. هەروا نابێ کاتی بە پێزی هاوڕییان بە فیلمی دوور لە ئامانج و ئاکار و ئەقڵ و فکری شیوعی بەفیڕۆ بدرێ.

کۆمەڵگای کوردستان، تاسەر ئێسقان، کۆمەڵگایەکی چینایەتییەو لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا، کرێکاران لە کەرتی جۆراوجۆری بەرهەمهێنان و بواری خزمەتگوزاری کاردەکەن و بەبێ هێزی بازوویان، ژیان رادەوەستێ وبۆ چاخی بەردین دەگەڕێینەوە، وەك کرێکارانی(چیمەنتۆسازی، گەچسازی، کارەبا، چاپەمەنی، شیرینیسازی، ئاوو کۆلاسازی و خواردنەوەکانیتر، کلاشسازی، بلۆکسازی، شەراب و مەیسازی، هوتێل، ئاوسازی، نەوتسازی، بیناسازی، تێلیکۆمنکاتسیون، شارەوانی، گواستنەوە، بارهەڵگری، بۆیاغچی، چێشتخانەو مایخانە و چایخانەو بارو یانەکانی خواردنەوە، فرۆکەخانە، کرێکارانی کشتوکاڵی، ئەلبسە، دەواجن، دارستان، تەندرووستی، ئاووئاوەڕۆ، بیناسازی و نیشتەجێکردن، تەختەسازی، چنینسازی، خشتسازی، سەرتاشخانەو ئارایشگا، بەرگدور، فرۆشیارانی سوپەرمارکت، فیتەرچی، تەنەکچی، بووریچی، نانەوایی، بەنداو کۆمپوتەرسازی...هتد) و جووتیارو دێهاتنشینە هەزارەکانیش لە پاڵیاندا. ئایا لە هەموو ژمارەکانی رێگای کوردستان و رادیوو تەلەفزیونی ئازادی(هەواڵ، گفتوگۆ، داخوازی، خەبات...هتد)ی بارودۆخ و مەرجی ژیانی رۆژانەی ئەوانە وەك سەڵت و خاوەن هاوسەرو بە منداڵ و بێ منداڵ بە دەنگ و وێنەوە، بەوپەڕی بایەخدانەوە، رەنگیان داوەتەوە؟ ئایا رۆژنامەکانی حکومەت یان پارتی و یەکێتی هەواڵی-بۆ نموونە- شیوعییەکان بە مانشێت لەسەر یەکەم لاپەڕەکانیان بلاودەکەنەوە؟!لەسەر بۆ نموونە، کوا وتارە وەرگێڕاوەکانی دەستی یەکەمی شیوعی و بیرمەندە کلاسیك و نوێیەکانی کۆمونیزم؟ لە هیچ رۆژنامەیەکی شیوعی لە ئەلمانیا نەمبینیوە ریکلام بۆ خاوەن کارو بازاڕەکانیان بکرێت!!! بۆچی رووی ناشرین و تاوانباری شێوەی بەرهەمهێنان و بیرو رەوشتی سەرمایەداری لە جیهان و لە کوردستان ناخرێتە بەر رەخنەو و ئاڵتەرناتیڤی مرۆیی خۆمان رابگەیەنین؟ بۆ نموونە: ((ئەوە سیاسەتی لیبڕالیزمی نوێیە وای لە مامۆستا و کارمەندانی تەندرووستی و باری لاری نەخۆشخانە و قوتابخانەکان کردووە یان بەرفراوانبوونی دیاردەی بێکاری و سۆزانچێتی چ لە کوردستان یان ئۆروپا و وڵات و کیشوەرەکانیتر)). بۆچی ئێمە لەوە بترسین کە رەخنەگرتن لە سەرمایەداری بۆ بەرژەوەندی هێزە راستڕەوەکان دەشکێتەوە؟ ئەگەر وابوایە، دەبوو شیوعی و چەپەکانی ئەلمانیا لە ئاستی حوکمڕانی ئەلمانیا بێدەنگ ببن، چونکە(ئێن. پی. دی- حزبی قەومی ئەلمانیا-)یان(ئێن. ئا. پی- حزبی قەومی کرێکارانی ئەلمانیا-)لە زۆر لایەنەوە رەخنەی شیوعی وچەپەکانیان هەیە لە سەرمایەداری و ئیمپریالیزم!!




هێزە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا لە ئاستی گشت دیاردەیەکی لۆکالی یان جیهانی بیروڕای تایبەتی خۆیان دەردەبڕن و لەبارەیەوە ململانی دەکەن. ئەمە زۆر ئاساییە و ئێمەش وەك کۆمونیست قسەی خۆمان هەیە لە ئاستی گشت دیاردەکان. بۆ نموونە پێش ماوەیەك وتارێکم ئامادەکرد لەبارەی(کۆکاکۆلاو بیبسی)و هەواڵی تیرۆرکردنی سەندیکاییەکان وچالاکی و بۆچوونەکان لە دیدو بەرژەوەندی چینی کرێکاران و حزبەکەی بوو، بەڵام بڵاونەکرایەوە، لەبەر ئەوەی لایەنەکانیتریش رەخنەیان لەو کۆمپانییە هەیە! ئەمە چ ناوێکی لێ بنێین؟! ئایا مەعقولە بێدەنگ بین لە ئاستی تیرۆر، زیندانی و دەرکردنی سەندیکاییەکان وبەگشتی کرێکارانی ئەو دوو کۆمپانییەو داخوازییەکانیان؟ بێدەنگی ئێمە بەخزمەتی کێ دەشکێتەوە؟ بە کورتییەکەی بێدەنگیمان بە گوێرەی فکرو بەرژەوەندییەکانی خۆمان لە ئاستی هەر رووداوێك، مانای ئەوەیە ئێمە بە خۆڕایی و ئازادانە بەشداری دەکەین لە بەهێزکردنی بیروباوەڕە دواکەوتوو و تاوانبارەکان.

کاتێ وەزارەتی نێوخۆی کۆماری چیك، رێکخراوی یەکێتی لاوانی کۆمونیستی یاساغ کرد، چەند هەواڵ، گفتوگۆ و راپۆرتم ئامادەکرد و بۆ سایتی(ئازادی)ناردم، بەڵام ئەوان لەبری ئەوەی بڵاوی بکەنەوە و بە خۆشیان ناڕەزایەتی دەربڕن، چوون هەواڵێکی تریان بڵاوکردەوە: (کۆماری چیك لە پێشانگای نیودەوڵەتی لە سلیمانی بەشداری دەکات)!!





ئەمە هەڵەی هاوڕێیەکی کۆمونیستی لاو نییە کە دەکرێت راستبکرێتەوە، بەڵکو تێنەگەیشتن و نەزانینی هاوڕێیەکە بە

منداڵییەوە لەناو خێزانێکی تێکۆشەری شیوعی، گەورە بووە! ئەمە مەسەلەیەکی بچووك نییە تا لە ئاستیدا چاوبنوقێنین! دیارە منیش چاوەڕوانی ئەوەم، هاوڕێیان لە سلیمانی-بۆ نموونە- بڕۆن بۆ پێشانگا نیونەتەوەییەکە کە لە11-2006/11/14دەکرێتەوە و لە بەردەم بەشی کۆماری چیك نارەزایەتی خۆیان پیشان بدەن!((ئایا ئەمە خەیاڵێکی رۆمانسی بەندەیە، یان بە راستی ئەنجامدانی ئەرکێکی نیونەتەوەیی کۆمونیستەکانە؟!)). پێش ماوەیەك حکومەتی کۆریای باشوور هێرشێکی دڕنانە لە دژی کرێکاران ئەنجامدا و ئەم کرێکارە شەهیدکرا(تەرمە پۆشراوەکە) و دەیان کرێکار بریندار و زیندانی کران، بەڵام ئەم بابەتە بڵاونەکرایەوە. راستییەکەی ئەوەیە من چاوەڕوانی ئەوە بووم، چەند رۆژنامەنووسێکی راگەیاندنی حزب سەردانی هێزی(زەیتون)بکەن و پرسیاریان لێ بکەن بۆچی حکومەتەکەیان کرێکاران دەکوژن و بریندارەدەکەن؟!_ئەوانە هاتوون ئێمە بپارێزن و "زۆر سوپاس و پێزانیانمان هەیە" و بەتایبەتی زۆر سوپاسیان دەکەین بۆ ئەوەی کوردستانیان کردووە بە بازاڕی خۆیان(ساردکەرەوە، تەلەفزیون، ئۆتۆمبیل و شۆفەڵ....هتدی کۆریای باشوور کوردستانی پڕکردووە)

لێرەدا، پێش ئەوەی رەخنە و تێبینییەکانم رووی بەرپرسە ماندوونەناسەکانی بەشەکانی راگەیاندن بگرێ، ئاراستەی (لیژنەی بەدواچوونی)حزبیان دەکەم، چونکە ئەوان بەرپرسی یەکەمن لە رەنگنەدانەوەی فکر، سیاسەت و خەباتی شیوعی لە راگەیاندنەکاندا و بڵاوکردنی هەندێ وتار و بابەت کە هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. هیوادارم هیچ کەس ئەم بۆچوونانە بە گلەیی لە قەڵەم نەدا!

ئێمە دەبێ ئەم نووقسانی و کەمتەرخەمیانە چارەسەربکەین. هەر بابەت و وتارێك پەیوەندی بە بیروهۆش و مێژوو و بەرهەمی ئێمەوە نەبێ، بڵاویان نەکەینەوەو با خاوەنە بەرێزەکانی ئەو بەرهەمانە، لەو شوێنانە بڵاوی بکەنەوە کە بەرگریان لێدەکەن. ئەمە مانای ئەوە نییە، راگەیاندنەکانمان پەیڕەوی ئازادی بیروڕا ناکات، بە پێچەوانەوە، ئەمە کەمترین مافی خۆمانەو دەبێ سەرسەختانە بەرگری لێ بکەین و شوێنی ئەو وتارانە بۆ بیروڕا، هەڵسەنگاندن و بۆچوونی...هتد کرێکار، جووتیار، کادرەکانی حزب و مارکسییەکان بهێڵینەوە.

بۆ بەهێزکردنی راگەیاندن و سیاسەتی حزب، دەبێ سەرکردایەتی وەك بڕیار، هەموو لیژنەو ئەندامانی حزب لە هەر شوێنێکدا بن، بخاتە بەر ئەرکی گەیاندنی هەواڵ بە کەناڵەکانی راگەیاندن و بەتایبەتی بە هەفتەنامەی رێگای کوردستان.

من زۆرم پێناخۆشە، کاتێ دەبینم خوێنەری هەندێ رۆژنامەی لیبراڵ"سەربەخۆ"پاش تەمەنێکی زۆر کورت و بەتوانایەکەوە کە هەرگیز ناگاتە ئاستی ئەزموونی6-7ساڵی کادرەکانی راگەیاندنی حزب، لە((رێگای کوردستان))زیاتربن. بەداخەوە رێگای کوردستان تەنها لە سلیمانی و هەولێر لە بازاڕ دەفرۆشرێت و لە شارو شارۆچکەکانیتر تەنها پشت بە((بەشداریکردن))دەبەستن و زۆربەی کڕیارەکانیش هەر ئەندامانی حزبن و لە هەندێ شاریدا، تەنها یەك رۆژنامە بۆ فرۆشتن بە کتێبخانەکان دەدرێت! ئەمە زۆر خەمگینە و نابێ شتی وا رووبدات! بەڕاستی دەبێ کارێکی بە پەلەو ئەوپەڕی جدی بکەین بۆ ئەوەی رێگای کوردستان بە16لاپەڕە یان هەفتەی دووجار، دەربکرێت و بۆ فرۆشتن بدرێتە کتێبخانەکان.

راستە ئێمە لە کەشوهەوای ژیانی پەرلەمانی دەژین((کاتی راپەڕین و شۆڕش یان خەباتی پارتیزانی نییە))، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لە هەڵویست و جیهابینی خۆمان وازبهێنین وبیروبۆچوونە سۆسیال دیموکراتەکان قبووڵ بکەین((ئاخر مەهزەلەی سیاسی لە کوردستان لێرەوە دەستپێدەکات: یەکێتی ئەندامی ئینتەرناسیونال سۆسیالستە، پارتی داوای ئەندامبوونیان کردووە وحزبی سۆسیال دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانیش هەیە!!)).

نەخێر: سۆسیال دیموکراتی حزبی تاوان و بەرگریکەریە لە سیستێمی سەرمایەداری و بۆ مانەوەی ئەم سیستێمە هەیە، بۆیە سەرسەختانە لە دژی کۆمونیستەکان خەبات دەکەن. پێش چەند ساڵێك، حکومەتی سۆسیال دیموکراتی بیرو، 600زیندانی شیوعی کە بە کوشتن سزانەدرابوون، لەناو زیندانەکانی گولەباران کرد؛ سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا هەردوو رابەری شیوعی بەناوبانگی ئەڵمانیا-رۆزا لۆکسمبۆرگ و کارل لیبخنت-یان کوشت و هەروا چەندین شۆڕشگێری تر لەناو زیندانی شتامهایم کوشت وبە شێوەیەکی زۆر دڕندانە زیندانی تاکەکەسی درێژخایەنیان بەسەر سەدان شۆڕشگێرو شیوعی سەپاندو هەروا سەدان کۆمونیست و ئەنتی فاشیستیان لەسەر کار دەرکردوە؛ سۆسیال دیموکراتەکانی تورکیا-پۆلەند ئەجەوید نموونەی شۆفێنیست و راسیستی تورکن؛ لە سایەی حکومەتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، رێژەی بێکاری زیادی کردو گەیشتە نزیکەی6ملیون بێکار و سیاسەتی دژ بە پەنابەران توندوتیژتر بوو؛ سۆسیال دیموکراتەکانی ئێران نموونەی شۆفێنیزمی ئێرانین؛ حزبی بەعس ئەندامی ئینتەرناسیونال سۆسیالیست بوو و پێش داگیرکردنی کوەیت لە ریزەکانیاندا دەرکرد؛ حکومەتی سۆسیال دیموکراتی بەریتانیا-حکومەتی بلیر- بەریتانیای بۆ کارەسات بردووە و تەنانەت پێی ناکرێت ساکارترین مافی ئیرلەندییەکان پاش نزیکەی 600ساڵ چارەسەر بکات...هتد. شیوعی و چەپەکانی ئەڵمانیا دروشمێکی بەناوبانگیان هەیە لەبارەی سۆسیال دیموکراتی: کێ بوو ناپاکی لێ کردین...سۆسیال دیموکراتەکان( Wer hat uns verraten, sozial demokraten). بەڵام حەقیقەتێکی تریش هەیە لەبارەی ئەزموونی سۆسیال دیموکراتی کە دەتوانن لە زۆر لایەنەوە شانازی پێوە بکەن، ئەوەش ئەزموونی سۆسیال دیموکراتەکانی سویدەو ئەگەر یەکێتی وپارتی بە راستی لایەنگیری لەو رەوتە دەکەن، دەبا بفەرموون بە کردەوە جێپێی سۆسیال دیموکراتەکانی سوید هەڵگرن! بە کورتییەکەی کارکردن بۆ دابینکردنی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان ئەرکی کۆمونیستەکانە و مانەی ئەوە نییە لە ئەرکە رۆژانە چینایەتییەکانمان وازبهێنین.هەروا-بۆ نموونە- لە ئاستی پرسیاری ژنان، دەبێ بە روون و ئاشکرا رووبەڕووی راگەیاندنە لیبراڵ و کۆنەپەرەستەکان ببینەوە کە پرسی ژنان وەك بابەتی سێکس یان تەنها وەك"دایکی پیرۆز" تەماشا دەکەن و دەبێ بە هەزاران بەڵگەوە ئەو جەواشەکارییە رسوابکەین وبە راشکاوی هەڵویستی شیوعی لەم بارەیەوە رابگەیەنین: سیستێمی بۆرژوازی هەرگیز ناتوانێت چەوسانەوەی ژنان چارەسەر بکات، بە پێچەوانەوە قوڵتری دەکات و لە لاینی کەم تەنها شێوەی چەوساندنەوەیان دەگۆڕێت.

ئێمە لە قۆناغێکدا دەژین، باری جەماوەری خەڵك زۆر خراپترو نائارامتر بووە، بۆیە دەبێ ئەم قۆناغە بۆ پەروەردە، مەشقپێکردن، راهێنان، رێکخستن، بەشداریکردن لە دامەزراندن و بەهێزکردنی رێکخراوە چینایەتییەکانمان تەرخان بکرێ و راگەیاندنەکانی حزب بکرێت بە قوتابخانەی بەهێزکردنی خەباتی بزووتنەوەی کۆمونیستی لە کوردستان و بە رێگای دیالۆك و رەخنەوە لەناو پەرلەمان و لە دەرەوەیدا، هێزی فشار پێکبهێنرێت بۆ باشکردنی بارودۆخی ژیانی زۆربەی کۆمەڵگاکەمان. (بۆ نموونە) پێش ماوەیەك بەڕێز(مەسعود بارزانی) نائارامی خۆی دەرخست لەبارەی  ناعەداڵەتی لە کوردستان. ئەمە دڵخۆشکەرەوەیە، بەڵام دەبێ بە روونی و ئاشکرا و سەرڕاستییەوە پێی بڵێین، فەرموو، ئەگەر دادپەروەری کۆمەڵایەتیتان دەوێت، ئەوا دەبێ موستەشارە مشەخۆرەکانی دەوروبەری کە کار بۆ بەرقەرارکردنی بازاڕی ئازاد  دەکەن، کناربخات، چونکە ئەم جۆرە سیستێمە لە سەر ئاستی عەمەلی و لە دەیان وڵاتی دنیا تەنها هەژاری و چەوسانەوەی بەرهەمهێناوە، بۆیە بە بەردەوام رووبەڕووی بەرگری بووەو دەبێ. من ناڵێم کاك مەسعود ببێت بە کۆمونیست، ئەمە رێگای نەجاتی مرۆڤایەتییە، بەڵام دەکرێت داوای لێ بکەین-بۆ نموونە- حکومەت بیمە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خەڵك دابین بکات؛ کتێب و پێداویستییەکان بۆ قوتابخانەکان ئامادە بکات((هێشتا قوتابیانی پۆلی شەشی ناوەندی راپەڕین لە کتێبی فیزیا بێبەشن و سبەی2006/10/31 نیازیان وایە بۆ جاری دووهەم، بۆ لای بەڕێوبەرایەتی پەروەردە بڕۆن))؛ هەموو سەرمایەکان لە شارە گەورەکان خەرج نەکەن و ئەوەندە بە هەژارەکان نەڵێن"بە پەلە نابێ" >ئەی بۆچی سەدان ملیونان دۆلار بۆ شاری هەولێر، سلیمانی و دهوك خەرجکرا؟<، با روو لە گەرمییانەکان بکەن((بۆ نموونە نەخۆشخانەی خانەقی نە ئۆکسجینی هەیە، نە دەستکێش بۆ نەشتەرگەری، نە دەرمانی پێویست و نەخۆش و برینداره سەختەکان بۆ کەلار دەنێردرێت و لەوێشدا هیچیان بۆ ناکرێت و رەوانەی  سلیمانی دەکرێن!! ئایا ئەمە بێحورمەتی و کەمتەرخەمی و نامەسئوولییەت نییە لە ئاستی دانیشتوانی خانەقی؟ کێ لەم بارەیەوە بەرپرسە؟ چۆن چارەسەری ئەم کێشەیە دەکرێت؟))...هتد...بۆ ئاگاداری سبەی لە سەر ئەرکی حزبێکی نەدار وەك حزبی شیوعی کوردستان، ئۆکسجین بۆ چەند رۆژێك بۆ بەشی فریاکەوتن و نەشتەرگەری نەخۆشخانەی خانەقی دابیندەکرێ و پۆلێك بۆ قوتابخانەی ئەرکەوزای درووستدەکرێت...؛ دەبێ راستەوخۆ گرانی بازاڕی ئازاد کە هەژارەکان نرخەکەی دەدەن، سەرکوت بکرێت>ئەوە ئازادی دەوڵەمەندە چڵێس و خوێڕەکانە کە قەت لە پڕکردنی گیرفانی خۆیان ناگەڕێن<. ئەگەر دەوروبەری حکومەتی کوردستان و شوێنی بڕیاردان لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان، لە کەسانی خەباتگێری هەژارو چەوساوە پێکبهاتبا، باری کوردستان ئەوەندە لار نەدەبوو و گەندەڵی لەناو شادەمارەکانی هاتوچۆی نەدەکرد؛ ئەوەندە چاش، موستەشارو بەعسی"خەت مایل"و ئەنفالچی دەسەڵاتیان نەدەبوو. ئەمە تەنها چەند نموونەیەکن و دەزانم((رێگای کوردستان))زۆر سکاڵا و داخوازی بڵاوکردووە، بەڵام ئەرکی ئەوەشمان لەسەرە دوابەدوایان بڕۆین و ئەگەر داخوازییەکان وڵامیان نەبوو، هەر بەناوی حزبەوە پەنا بۆ شێوەکانی پرۆتێست ببرێت. راگەیاندنی حزبی شیوعی بووە بە خولی دەرکردنی کادری رۆژنامەوانی بۆ پارتی و حزبەکانی تر، بۆیە داواکارم لە مەکتەبی سیاسی ئەو جۆرە رۆژنامەنووسانە بناسێت>لە نووسین و شێوەی بەڕێوەبردن و هەڵبژاردن وبڕیاردان لەسەر بابەتەکان<دەردەکەون.  کێ بڕوا دەکات کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی راگەیاندنی حیزب بەڕێز(زیرەك کەمال) بنووسێ: (ئێمە ئێستا پێویستیمان بە رۆشنبیرێکە لە رێگای هەیبەتێکی مەعنەوی و ئاکارە ئەدەبی و رۆشنبیریەکانی گوشاری رای گشتی درووست بکات بۆ راگرتنی هێرشەکانی حزب و ئاین و سیاسەت بۆ سەر کۆمەڵگا-ئاسۆ، ژمارە298لە 2006/11/19،لاپەڕەی 8). ئەگەر برای ناوبراو بەو شێوەیە بیردەکاتەوە، چی دەکات لەناو کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی و ئەرکی گەورە و سەختی راگەیاندنەکەی لەئەستۆ گرتووە؟؟! ئەمە هەرگیز لە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبێکی شیوعی ناوەشێتەوە. ئەم برادەرە لەوەش سڵ ناکاتەوە وتار بۆ رۆژنامەیەکی ئیسلامیشدا(رۆژنامەکەی یەکگرتوو)بنێرێ، لەوانەیشە بڵاوکردنی نووسینەکەی لەو رۆژنامەیە بە دەستکەوت بزانێ!

تاقە چاوەڕوانی و هیوای من ئەوەیە، راگەیاندنی حزبی شیوعی بەهێز ببێ: رەنگ، بۆن، ناو و خوێنی هاوڕێیانی رێگای شیوعییەت لە کوردستان، عیراق و جیهان لێی بێت. من تەنها لەم سوچەنیگایەوە ئەم بابەتەم نووسی و پاوقدومی هەرچی رەخنە و تێبینی هەیە، بەخێر بێت...

تێبینی: من ئەم وتارە بۆ رێگای کوردستان ناردوە، بەڵام تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوەو بەرپرسێکی سایتی ئازادی وتی((هەموو بۆچوونەکانت راستن))وبۆ ماوەیەکی زۆر کورت بڵاویکردەوە و لایبرد، بەم بۆنەیەوە دەڵێم: ئێمە دەبێ بەو پەڕی رێزەوە راستییەکان بناسین و هەوڵ بدەین پیشانیانبدەین و هەوڵی راستکردنی هەڵەکان بدەین، چونکە ئەمە زامنی پێشکەوتنمانە.

سەلام عەبدوڵا      2006/12/3-/11/9      dwaroj@yahoo.de      ژمارەی پەیوەندی: 07701929872

## لە دژی رۆشنبیرانی جەنگی پیرۆزی ئەمریکی، عیراقی و ئیسلامی

دەمێك نییە چەند هەرزەکارێك بە زمانی"رۆشنبیر"پرۆپاگەندەیان بۆ بۆچوونەکانی لیبرالیستێك وەك فۆکۆ و"کۆتایی مێژوو"دەکرد. ئەمڕۆ دەرکەوت کە فۆکۆ شانبەشانی پرۆفیسۆر سامۆئیل هونتنگتون، پروپاگەندەچی جەنگی ئەمریکین، بیرمەندی سەرمایەی ئەمریکی و تاوانەکانین. هەردووکیان

ئیمزاکەری ئەو مانیفێستەن کە تێدا نووسراوە: ***(لە مێژووودا، هیچ نەتەوەیەکی تر، ناسنامەکەی، ئاوا ڕاستەوخۆو وابەست لە گەل مافە مرۆییە جیهانییەکان، یەکانگیر نەبووە. بۆ ئێمە هیچ فاکتومێکی تر لە سەرووی ئەم وەلآتەوە- مەبەستیان ئەمریکایە- بایەخێکی بالآتری نییە...)***

مەترسی ئەم ڕستانە ئاشکرایە، لە بەر ئەوەی ڕەهایی بە دادوەری ڕۆڵی ئەمریکی دەدا لە سەر ئاستی جیهان و دەیخاتە سەرووی هەمووەوە، ڕێك بە هەمان لۆژیکی"گەلی هەلبژراوی خودا" یا درووشمی"ئومەیەکی یەکگرتوو، خاوەن پەیامێکی نەمر"ی حزبی فاشتی عەرەبی. جیاوازییەکەیان ئەوەیە، یەکەمەکان وەك فیلسوف، ڕۆشنبیرگەلێکی بێلایەن پاکانە بۆ تاوان دەکەن، دووهەمەکەیان راستەوخۆ سەرتاپای سوورە بە خوێنی خەلکی عیراق و کوردستان.

گفتوگۆ لە سەر جەنگی ڕەوا دوا پەردەی لە سەر روخساری درۆی فۆکۆ و برادەرەکانی لابرد کاتی ئیمزای ئەم دێڕانە دەکەن: ***(جەنگی دادوەر دەکرێ تەنها لە لایەن ئۆتۆریتێکی شەرعییەوە بەرپا بکرێ، کە هەلگری بەرپرسیارییە بۆ ڕێکخستی گشتی. هەرگیز نابێ بیانووی بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە لایەن هێزێکی ناحکومی ئۆپۆرتۆنیست یا تاکە کەس، لە باری ڕەوشتییەوە قبوول بکرێ...)***

لەم دەربڕینە ئەوەمان بۆ ڕوونتر دەبێتەوە کە خەباتی بەرگری چینایەتی یا گەلانی داگیرکراو لە دژی ئیمپریالیزم، بە خەباتی نارەوا ناونووس دەکەن، ڕەوشتی بالآی ئەم خەباتە ئینسانییە قبوول ناکەن، ئەوجا، زەبروزەنگ بۆ دەسەلآتداران مۆنۆپۆل دەکەن. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، ئەم جانەوەرانە دەنووسن: ***(...ڕۆشنبیرە ئەمریکییەکان ناوی ئەوانەی کە ئەمریکای کردووە بە بەرپرسیار بۆ ڕێکخستنی گشتی لە هەموو سەرزەمین، نادرکێنن....***

داخۆ کێ بن ئەوانەی کلیلی ڕێکخستنی جیهان بە ڕێکخەری کودەتای شیلی، جەنگ دژی خەلکی ڤێتنام و کەمبۆدیا، قەلآچوکەری هیندە سوورەکان، باوکی بەرەحمی کۆنترا لە نیکاراگوا، داگیرگەری پەنەما، پەروەردەکەری بن لادن لە جەنگی پیرۆز دژ بە یەکێتی سۆڤێت(لیستەکە درێژە)؟پاشان پرسیار ئەوەیە، بۆچی ئەم کەلە قەلەم خوێناویانە، ناوەکان نادرکێنن؟!

فۆکۆ و هونتنگتۆن و برادەرەکانیان، بە ڕۆشنبیرە برادەر ئەلمانییەکانیان، دەلێن"**ڕەوشتی کوێرانەتان هەس**"، نووسەری ئەلمانی پیتەر شنایدەر، لە ووتارێکیدا، بانگەوازی ڕۆشنبیرە ئەمریکییە برادەرەکانیان دەلێ" **دیکۆمێنتێکە بۆ کەپوبەرزی و گویرایەتی ڕۆشنبیر، لایەنەك پێش وەخت بە ڕەها دادەنێ کە لە دیموکراسی سێکولار شوێنی نابێتەوە".**

بەلآم واقیع ئەوەیە، بنچینەی بۆچوونی ڕۆشنبیرە ئەمریکییەکان لە هەمان دەسەلآتی 51سەرمایەداری تایبەت و 100شەرکەتی زلهێزی جیهان سەرچاوەی وەرگرتووە. ئوسامە بن لادن و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کۆرپەی هەمان سیستێمن و هەر خۆشیان لەبەرامبەر تاوانەکان بەرپرسیاری هەلدەگرن. بەلآم ڕۆشنبیرە ئەمریکییەکان دەنووسن: **ئێمە پشتگیری لە بڕیاری حکومەتەکەمان دەکەین(و کۆمەلگاکەمان) بۆ بەکارهێنانی زەبری چەك لە دژی ئیسلامییە رادیکالەکان و ڕێکخراوە تاوانبارەکەی لە سەر ئاستی جیهان)**. پرسیار ئەوەیە، بۆچی ئەم رۆشنبیرانە خودی سیاسەتی حکومەتەکەیان ناخەنە ژێر پرسیارەوە لە پشتگیری کردنی تۆرانییەت لە تورکیا؟ لەپشتگیری کردنی بن لادن؟ لە پشتگیری سعودییە، کووەیت، قەتەر، ئیمارات کە هیچ مافێکی مرۆڤ  بە ڕەوا نازانن؟ لە پشتگیری کردنی عیراق لە جەنگ دژی ئیران؟ بۆچی وەك ڕۆشنبیرێك ڕەخنە لە سیاسەتی دەرەوەی وەلآتەکەیان ناگرن؟ لە بێکاری، هەژاری، ملیتاریزم ولە کوشتنی پەنابەرانی سەر سنووری مەکسیك؟. ناکرێ 11سیپتێمەر بە جیا مامەلەی لە گەلێ بکرێ و تەنها فوندەمنتالیستە ئیسلامییەکان بکرێ بە بەرپرسیار لە بەرامبەری، بەلکو خودی حکومەتی ئەمریکی و نوێنەرەکانی وەك تاوانبار بیرژنسکی(سەرۆك حکومەتی راستەقینەی ئەمریکا و ئەندازیاری ئەو پرۆژەیە کە ئیسلامییەکانی بەهێزکرد) و (سی ئای ئەی) و شەرکەتەکانی نەوتیش  بەرپرسیارن.

ئەوەی جێگای داخە، زۆر ڕۆشنبیری کورد لە دەرەوەی وەلآتدا دەژین، کەمیان هەیە، خۆیان بە پسپۆڕ و خاوەن هەلۆیست نەزانن، کەچی فزەیان لێ نایەت لە بارەی کێشەیەکی جیهانی لە نێو ڕۆشنبیرانی بەناوبانگی جیهان، ڕەنگە دەنگ نەکردیان باشتر بێت، چونکە زۆربەیان زۆر هەست بە دوونییەت دەکەن، بەشان و بالی ئەم یا ئەو"فیلسۆفی"زانکۆ هەلدەلێن، گرنگ ئەوەیە، دژ بە شیوعییەتن، زانای جیهانی"مافی مرۆڤ و دیموکراسی"پۆست مۆدێرنن!! ماوە بلێم، مێژوو کۆتایی پێنەهات و ئەلتەرناتیڤ هەیە بۆ سیستێمی بالآدەست و نەخشەکێشانی جیهانگیری سەرمایە، بەرگری ئێستایش ئالآی سوورە، بۆچوونەکانی فۆکۆیش دەرکەوت لە بە چ بەرژەوەندییەکەوە دەدوێ و لێدەکۆلێتەوە! بیروباوەڕ و ئامانجی فرانسیس فۆکۆیاما، سامۆئیل هوتنگتۆن و بەرپرسی راگەیاندنەکانی سەددام، بن لادن خزمەت بە یەك مەبەست دەکەن: بیانووهێنان بۆ جەنگی پیرۆز! ڕۆشنبیرە ئەمریکییەکان، پالپشتی سیاسەتی حکومەتی بۆش دەکەن، ئەوانەی دووهەم بۆ دەسەلآتی فاشی سەددام و تاوانبارانی ئیسلامی.

نه ڕێگای تایبەتی ئەلمانی و ئەنتی ئەمەریکانیزم، نە جەنگی پیرۆزی دکتاتۆری فاشی بەغدا، نە تیرۆر و جەنگی ئەمریکی و ئیسلامی. بەڵێ بۆ خەباتی نیونەتەوەیی کرێکاران و زەحمەتکێشانی جیهان لە دژی هەموو ئاین و بیرو باوەڕو باڵادەستەکان بە هەموو ناو و ناتوریانەوە!

ڕۆشنبیری شیوعی کۆنترا ڕۆشبیرەکانی جەنگی پیرۆزی باڵەکانی بیری باو!

سەلام عەبدوڵلا

2002/8/11

# (پەرژینی بێ دەنگی) یان لافاوی جەهل و ئیستاتیکای تاوان

**مەسعود مەحەمەد لە "پەرژینی بێدەنگی دەڵێ:"*دز و درۆزنەکانی کوردی پەنابەر بۆ ئەوروپا, تەرەس و بێ شەرەف و ریسواو ئابرووتکینترین گوناحی نامەردایەتین، دەبوو لە سەر پەردەی نامووسی دایك و خوشكەکانیان لوقمەی گەوادی بخۆن, دەك هەزار لەعنەت و نەفرین لەچارەی خۆیان و پشتاو پشتیان هەتا دەگەنە کەشتیەکەی نوح* ".**

نووسەرێکی پەنابەر بەناوی(هەندرین) ئەو رستە زۆر نزم و سووکەی سەرەوەی خوێندووە، کەچی ئەمیش بەداخەوە لەبری هەر رەخنە و توانج و وەڵام و هەڵویستوەرگرتنێك، بێدەنگی هەڵبژاردووەو لە هەمووی خراپتر، بەهەمان ئەقڵییەتەوە، لە نووسینەکەی(ئیستاتێتیکای هززینێکی خۆکرد)لەژێرکارتێکردنی خوێناویترین هزرڤانی ئەڵمانی(نیتشە و هایدەگەر)، دەنووسێ: (ئەو بە پێچەوانەی مارکسیزمە ستالینستییە <u>مێگەلییەوە</u> باوەو کوردایەتییە <u>سافیلەکەییە</u> بوو...)

ئەمە چ جۆرە ئیستاتێتیکای زمانە کاك هەندرین؟ ئایا پێتوایە شتێکی جوانە خەڵك بە مێگەل وەسپ بکەی؟!

لەناوەڕاستی مانگی دوانزەی1996، کۆمەڵەی فەرهەنگی سوید-کوردستان کتێبێکیان بڵاوکردەوە بەناوی(پەرژینی بێدەنگی). ئەم کتێبە بریتییە لە گفتوگۆیەك لەگەڵ مەسعود مەحەمەد و پرسیارەکان لەلایەن هەڵۆ بەرزەنجی ئاراستەی کراوە. پاش ئەوەی چەندین جار خوێندمەوە، بە ئەرکی خۆمم زانی لەبارەیەوە تێبینی و رەخنەکانم بنووسم،

پرسیاری یەکەم بەهەڵە داڕێژراوە. دەربڕینێك وەك(فەلسەفەی مرۆڤ)، هیچ نابەخشێت، چونکە مرۆڤەکان بەشێوەی جۆراوجۆر تێدەفکرێن و لە گۆڕەپانی فکر، دەیان فەلسەفەی جۆراوجۆر ململانی دەکەن، بۆیە دەبوو مەسعود مەحەمەد وەك ئوستادی زمان، دوو وشەی لەسەر داڕشتنی پرسیارەکەی بگوتابا.

"مامۆستا"لە لاپەڕەی(9)دا دەڵێ: *(لە بارەی گۆڕانکاری ئەم دواییەوە، واتە هەڵوەشاندنەوەی سۆڤێتستان و نسکۆی کۆمۆنیزم)*، هیچ بزووتنەوەیەك نییە لە مێژووی مرۆڤایەتی تووشی هەڵدێر و نشێو نەبێت و هۆکانی ژێرکەوتن و سەرکەوتن و لە ڕێگا ئێستاندن، بێ شومارن. ئەمە یاسایەکە دەبێ جیاواز لە بیروبۆچوونمان، تێی بگەین و دانیپێدابنێین. ئەوەی بزووتنەوەی کۆمونیستی رووبەڕووی بوو، نە یەکەم جارە تووشی بوو و نە دواجاریشی دەبێ و تاقە بزووتنەوەش نییە، تووشی بووە: بزووتنەوەی نەتەوایەتی-لەسەر ئاستی کوردایەتی، عەربایەتی، ئەڵمانیایەتی و تورکایەتی و فارسایەتی- یان سۆسیال دیموکراتی، فاشیزم، ئەنارشیزم و لیبڕالیزم و بزووتنەوە ئاینییەکان..هتد، چەندین سەرکەوتن و ژێرکەوتنیان بەخۆیان بینیوە. ئیمڕۆ شیوعییەکان(کۆمونیستەکان) بەگەرمی سەرقاڵی پشکنین و گەڕانن بەدوای هۆکانی ئەو بارودۆخە و لەبارەیەوە مشتومڕی لە رادەبەدەر دەکەن. بزووتنەوەی کۆمونیستی لە منداڵێك دەکات تازە فێری زمان دەبێ و هەڵەیەکی زۆر دەکات، بە هەڵە وشەکان بەکاردەهێنێت و ه ەندێ شتیش دەکات لێی ناوەشێتەوە، بەڵام وەك دەبینین، سەرەڕای نەهامەتییەکان، ئێستا، وەك میراتگەری

جوانترین مێژووی خەباتی مرۆڤایەتی لەپێناو نەهێشتنی چەوسانەوە، دووبارە لەسەر گۆڕەپانی جیهان چالاکانە لەپێشەوەی خەباتن لە دژی بەرنامەی سەرمایەداری جیهانگیر و ئەو وەحشیگەرییەی لێ کەوتووەتەوە.ئاخر 150ساڵ لە سەر ئاستی مێژوو، هیچ نییە!

مەسعود مەحمەد لە رستەی دواییدا دەفەرموێ: (*من لە رۆژانی هەرە زووی1950و هەرە دوایی 1969گوتوومە و لە هەندێ نووسینی ئەوسامدا، کە مومکین نەبوو بڵاوی بکەمەوە، گوتوومە مارکسیزم ئەگەر تەعدیلاتی بنەڕەتی تێدانەکرێ، ناشێ بەردەوام بێت، چونکە لەگەل مرۆڤ و سروشت و راستییە کۆمەڵایەتییە بێ تاویلەکان، ناگونجێ*)

ئەو بۆچوونە زۆر بەرتەسکانەیە، بەتایبەتی بۆ کەسێك ناوی مفکر و زانای پێدرابێ و زاتی ئەوە بکات، باسی بەردەوام نەبوونی مارکسیزم بکات-تەنها لە زاری دەربچێت!، لە کاتێکدا خودی ئەم پیاوە خۆی بە شارەزا دەزانێ لەبارەی مەتریالیزمی دیالەکتیك و مێژوویی. ئەمجار دووان لە تەعدیلات هەر مەسخەرەیە. چونکە لە ناو خودی بزووتنەوەی شیوعییەت چەندین بۆچوون‌و تاویل‌و لێکۆڵینەوە و ڕێگەی جیاوزا هەیە. بزووتنەوەی شیوعی رۆژانە لە ریزەکانی خۆیدا تووشی چەندین گیروگرفت‌و هەڵە دێت‌و ناچارە بەردەوام چاویان پێ بخشێنێ‌و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. بۆ نموونە فریدریك ئەنگلس بۆ نووسینی مانیفێست لە پێشەکی چاپێکیدا تێبینی ئەوە دەکات کە هەندێك شت(لەبارەی هەندێك حیزب‌و گروپ) وەلاوە بنێت, چونکە بەسەر چوون، بەڵام ئەو کارە ناکا, چونکە مانیفێست بەپلەی یەکەم کارڵ مارکس نووسیویەتی‌و دەیەوێت وەکو دیکۆمێنتێك لێی گەڕێ. رابەرانی کۆمونیزم بەبەردەوام رەخنەیان لە خۆی یان بزوتتنەوەکەیان گرتووەو بۆ ئەلتەرناتیڤ گەڕاون. بەردەوام بوونی هەر بزتنەوەیەك ڕووداوێك, بەندە بە باری پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی کار و مەرجەکانی بزووتنەوەکە-زاتی‌و بابەتی-لە پروسەی گەشەکردندا.

مسعود پێمان دەڵێ بۆچی مارکسیزم ناشێ بەردەوام بێت ولە وەڵامدا دەڵێ:

((*چونکە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ‌و ڕاستیەکانی کۆمەڵایەتی بێ تەئویل ناگونجێت*))

بۆچی ئەو هەموو بزوتنەوانە بۆیان هەیە بەردەوام بن، تەنها مارکسیستەکە نا؟ ئەمجارە چ بەشێکی شوعییەت لەگەڵ سروشتی مرۆڤ ناگونجێت؟ شوعییەت لەگەڵ کامە راستی کۆمەڵایەتی,بێ تەئویل ناونجێت؟ ئەو بنەما تیورییانە چین کە مەسعود لەسەریاندا ئەو بۆچوونەی پێکهێناوە؟

مەسعود لەوەڵامدا دەنوسێت:

((بەشێکی گرنگی پەیوەندی بە واقیعەوە نیە، پتر بەلای گریمانەو ئارەزووی خاوەنەکەیدا دەچێتەوە کە ویستویەتی(چینی ڕەنجدەر) لەنەزەریدا بکاتە خاوەنی مێژوو و لە ئایندەدا حکوم بەدەستەوە بگرێت)) (لاپەڕە9)

ئەم بۆ چوونەی مەسعود لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕاست نین‌و بێ مانان.

1- بزتنەوەی کۆمونیستی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی حەفتا ساڵ پێش مارکس‌و ئەنگلز. ئەوە نەزانینە کە مارکس بەخاوەنی شوعییەت, سوشیالیزم دابنرێت.مارکس‌و ئەنگلز. پشت ئەستور بەمشتومڕێکی ڕەخنەگرانە لەسەرجەمی ئایدۆلۆژیاکانی پێش خۆیان، بە شوعییەتی خەیاڵاوی و جۆرەکانی سۆسیالیزم و لە کۆنەپەرەستی و خەیاڵەوە بۆ زانست پەرەیانپێدا.

2- مسعود، چینی ڕەنجدەر بەخاوەنی مێژوو نازانێت, ئەی کێ خاوەنی مێژووە؟ لەوە دەچێت مەلیك‌و پاشا وقەیسەرە گۆڕبەگۆڕەکان بەخاوەنی مێژوو بناسێت. ئەمەیان مافی خۆیەتی ولە گەڵ بیروڕاکانی دەگونجێت, بەلام بۆ شوعییەکان, کۆیلە و جووتیارو کرێکاران بەخاوەن مێژوو دەزانن, بۆ ئێمە چەوساوەکان، بۆ ئەوپش چەوسێنەران‌و خوێن ڕێژان. پاڵەوانەکانی مەسعود جوتن لەگەڵ زۆربەی زۆری کتێبەکانی مێژوو کە هەر باس لە پاشاو خەلیفەکان دەکەن. مێژووی چەوساوەکان لە واقیعدا هەیەو مارکس لەسەردەمی خۆی ناویانی بردووە, هەر لە سپارتاکۆس, قەرامیتەکان, بابەکییەکان تا دەگاتە"شێخ بدرالدین "وەکەی نازم حیکمەت یان ڕاپەڕینە کرێکاری‌و جووتیارییەکانی فەرەنسا, مەکسیك, ئەڵمانیا..هتد, وەکو بزووتنەوەیەکی چینایەتی، جا با

مەسعود هەر ناکوڵی لێ بکات. بێجگە لەوەش ئەگەر مارکسیش باسی نەکردبا, مەسەلەی ناکۆکی چینایەتی هەر لە ئارادابووە و هێشتا لە ئارادایە.

3- شتێکی ئاساییە کە چەوساوەکانیش هەوڵی حوکمڕانیاندەوە دەیدەن. مەسعود وشیارانە هەوڵدەدات چاوی ئەو کرێکارو زەحمتکێشانە ببەستێت, بۆ ئەوەی ڕێگای خۆیان نەبینن و بەژێردەستی بمێننەوە.

زانا مەسعوود لە لاپەڕە (9) دا دەنووسێت : "یەکێك لە گوتە مەشهوورەکانی ئەنگلس دەڵێ کارکردن خالقی مرۆڤە! ڕاستییەکی هەرە سەرەکی و بنەڕەتییەکی کۆمەڵایەتی سەرەوبن کردووە, چونکە مرۆڤ خالقی کردەوەی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵایەتیش بریتییە لە هەموو مێژوو. بە پێی ئەم گوتەیە دەبوو هەموو جانەوەرێك ببێتە مرۆڤ. خۆ مێروو بە شەو و بە ڕۆژ لە هاتوو چۆدایە ".

ئای جەهالەت، چی لە مرۆڤ ناکەی، تەنانەت پاش مردنی خاوەنەکەت، وازی لێناهێنن. مارکس وای نەگوتووەو ئەمە ئەو دەقەیە کە مارکس لە(سەرمایە، جلدی یەکەم، لاپەڕەی 243نووسیویەتی و مەسعود لێی تێنەگەیشتووەو بە هەڵە ئاماژەی پێکردووە :

(ان العنكبوت تقوم بعمليات تشبة عمليات الحائك، والنحلة تفوق ببناء خلاياها الشمعية براعة كثير من المهندسين. ولكن ما يميز منذ البدء، اسوأ المهندسين عن ابرع نحلة هو انه بني الخلية في رأسه قبل بنائها في القفير، والنتيجة التي يودي اليها العمل تكون موجودة سلفا، ذهنيا في مخيلة العامل وليس كونه يحدث فقط تغيرا شكليا في المواد الطبيعية؛ وهو يحقق فيها في الوقت نفسه غايته التي يعيها و التي تعين كالقانون أسلوب عمله والذي عليه أن يخضع له ارادته...)

بۆیە من گومانم نییە لەوەی کە مەسعود هۆشی خۆی لە گەڵ هۆشی مێروولە بەراورد ناکات. کارتێکردنی کار لە سەر مرۆڤ جودایە لە کارتێکردنی لە سەر ئاژەڵ و جانەوەر. ئەمە زانینێکی سەرەتاییە کە دەبوایە "فەیلەسووفەکەمان" پێشبینی بکردایە.

بە هەر حاڵ سەیرم لەوە هات کە مەسعود لە لاپەڕەی پەنجا بەرپرچی بۆچوونەکەی لە میسالی مێروولە- مرۆڤن دەداتەوەو دەنووسێت:

"بیر کاری هۆشە, لە ئاژەڵدا نییە. مەبەستیش لەو بیرە لێکدانەوەیە نەك یادکردنەوە"

ئەری! مرۆڤ لە پەیوەندییەکانیدا شتەکان پێشتر لێکدەداتەوە،"داخەکەم میروولە لەو بەهرەیە بێ بەشە". پاشان مەسعود باسێکی زۆر درامیمان بۆ دەکات و نەزاکەتێکی زۆر جوانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

" وا رچەی شارە گێرکەیەك (هی مێروولەکان) بە بەردەمی دەرگای مندا دێت و دەچێت بەشەویش پشوو نادات, چ ئاگاشی لە عەزابی من نییە بە دەست خۆپاراستن لە شیلانیان ."

بڕوا بەو قسەیەی مەسعوود دەکەم. بریا هەندێ باسی خۆ نەپاراستنی دەسەڵاتە دیموکراتییەکانی دنیا بۆ رەش و رووتەکان بکات کە چۆن ملیۆنان مرۆڤ دەشێلن بەبێ ئەوەی چرکەیەك عەزاب بکێشن، یان مووچرکەیەك بە گیانیاندا بێت. نازانم بۆچی مەسعوود"لە گەیشتنی چینی رەنجدەر بە حکومەت –لاپەڕەی10-"، تۆقی چووە؟!

بۆ نموونە زۆربەی دانیشتوانی کوردستان کرێکارو رەنجدەرن. چی تیایە ئەگەر ئەم زۆربەیە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بێت و بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان باری ژیانیان بەڕێوە ببەن؟ بۆچی دەبێ هەر سەرمایەدار، بازرگان و ئاغا حوکمڕانی بکەن؟! بۆچی دەسەڵات بۆ کرێکاران و رەنجدەران بە رەوا نازانێت؟!

مەسعوود بە زمانێکی"ستاندار"، ئەم بۆچوونە نزمە دەردەبڕێ:"بیروڕای مارکسیزم ئەفسانەیەکی (وەیان تەڵەیەکی)دەسچین کراوە"

لێرەدا بە ناماقووڵی دەزانم، "زانایەك" فەلسەفەو خەباتی ڕۆژانەی پتر لە 200 ساڵی خەڵکی کرێکارو رەنجدەر بە شێوەی ریفۆرم و ئاشتی خوازانە تا دەگاتە سەپاندن و ناچارکردنیان بە ڕاپەڕین و خەباتی چەکدارانە بە ئەفسانەو تەڵەی سیاسی دەسچینکراو ناو ببات.

بە راستی شەرمەزاری خۆم دەردەبڕم بۆ ئەوەی کە"زانایەکی" کورد هێشتا بە ئەقڵییەتی حیکایەتەکانی شەو بردنە سەری ناو دێوەخانی ئاغاکان لە شیوعییەت دەدوێت.

زانا مەسعوود دەڵێ : " وەزیر, کرێکار و نەخوێندەوار چ دەستێکی نەبووە لە داهێنانی نووسینو فەلسەفە و یاسا و هەرچی دیاردەی ژیانە."

مامۆستا بۆ چی و لە بەر چی ؟ دەبوایە بەر لەوەی قسەی وا بکات بۆ بنجو بناوانی هۆکارەکانی بگەڕێتەوە. من لێرەدا چەند خاڵ دەخەمە پێش چاو :

1. دەسەڵاتیان بە دەستەوە نەبووە.
2. زانست هەمیشە بە دەست دەسەڵاتدارەکانەوە بووە. هەر بۆیەش کتێبەکانی مێژوو بە شەرەفنامەشەوە باسی ئەوان دەکات, بەڵام سەرەڕای ئەوەش زانستی جووتیار لە بەرهەم هێنانی گەنم, مشتێکی ئەو گەنمە, بەهەر حاڵ زۆر زۆر بە پیترو پڕبەهاترە لە زانستی مەسعوود محەممەد. یەکێك لە ئەرکەکانی شیوعییەکان, ئەوەیە، زانست بدەن بە دەستی وەزیرو کرێکارو بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان فێری ببن. ئەو کاتە فەلسەفەو یاسای باڵادەستی مەسعود مەحەمەد لە قەبر دەنێنو یاساو فەلسەفەی ژیانێکی هەرەوەزی هاوبەش قەرار دەدەن، وەك چۆن کرێکارو هەژارە کۆمۆنارییەکان لە شۆڕشی فەرەنسا، تەخت و تاجی برادەرەکانی مامۆستا مەسعودیان خاپور کرد.
3. عیلمەکەی مەسعوود بەوە ڕاناوەستێ, بە بێ ئەوەی پێی بزانێت کە (مەعلوولەکان) سەرچاوە لە ئایدۆلۆژی ئەوەوە وەردەگرن دەنووسێت:

" وەزیر لە پێنج هەزار ساڵەوە بەدوای کلکی گارشدا زەوی دادەرووشێنێو یەك هەنگاو بەرەو پێشەوە نەچووەو لە مێردەزمە تۆقییوەو شیخولکە و شەعبەدەبازی پەرستووە. تەنانەت گاسنو داسەکەشی لە شارەوە بۆ دەچوو ."

سەر لە نوێ پرسیار دەکەم بۆ؟ هەر بۆ زانین , هەر لە " ئۆروپای پڕ زانستو دەگمەن نەخوێندەوار و شارستانیەتدا " شومارێکی کەم نین ئەوانەی لە مێردەزمەو غەیب دەترسن, یان شەیتان دەپەرستن, یان بڕوا بە جادو کردن و خوێندنەوەی دواڕۆژ لە توی تاسە قاوەیو وەرەقەی یاری کردن دەکەن. ناسیاوێکم خەریکی دەورەی صۆفێتییە, شێخەکەی ناوی حوسێنە (نازناوی کابرایەکی ئەڵمانییە) هەر خەریکی حەیو حووە, دوو تەکیەی گەورەی هەیە لە شاری "کوێلنو لە نزیکی ڤین".

مەسعوود لە باری تیورییەوە, پەنا بۆ نوێنەرانی تاوانو دزی و جەردەیی مێژوو دەرهەق بە ستەمدیدەکان دەبات. بەمە" بە زمانە جوانەکەی" دووپاتی نەزانیو جەهالەتی دەکات. بۆ چی وادەڵێم ؟ لە بەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

چونکە دەنووسێت: " ئەگەر شیوعییەت چاوەڕوانی ئەو مەرجانەی بکردایە کە مارکس بۆ هاتنەوەی شیوعییەت بە بنەمای داناون. کوردستانە وێرانەکەی خۆمان کە بە هۆی مێژووی کۆنو نوێیەوە نەك بانك بەڵکو صڕافێکی خۆماڵی بە خۆیەوە نەدیوە. چوناوچوونی بە مێشکی کراوەیەوەو چاوی دنیا بین جورئەت وەبەر خۆی دەنێ بڵێ شیوعیم."

1. جارێ دەبێ بڵێم کە هەر لە شاری خانەقین چەندین صەڕاف هەبووەو مەسعوود بەبێ بەڵگە دەدوێ. ئەوجا ناچارم بڵێم کە شیوعییەت بزووتنەوەیەك بووە بەر لە مارکس, لە سەرەتاکانی ساڵانی دامەزراندنی فابریکەکان ڕێگای خەباتی گرتووتە بەر کە هێشتا نە جادەی قیرو نە ئەلکترۆن, نە داڕاسەو نە ئۆتۆمبیل, نە پیشەسازی بە مانای ئێستا یان سەد ساڵ لەمەو پێش لە ئاراد بووە.
2. ڕاستە حزبەکانی کرێکاران و ڕەنجدەران ناوی حزبی شیوعی لە خۆیان ناوە, بەڵام بەش بە حاڵی خۆم تاقە یەك حزبی شیوعی ناناسم کە باسی شیوعییەت بکات وەك سیستم بۆ سەردەمی ئەمڕۆ, تەنانەت لە ئۆروپاش, تێکڕای حزبە شیوعییەکان لە سەر شیوعییەت وەکو دوا ئامانج دەدوێن, واتا پاش بڕینی چەندین قۆناغی گەشەسەندنی سۆسیالیزم ... هتد.

با کرێکارانو زەحمەتکێشانی کوردستان سەرگەشو بەختەوەر بن بە هەڵگرتنی ناوی کۆمونیزمی زانستی(بەرزترین سەروەری مرۆڤایەتی).

قەیرانی بیرکردنەوەی مەسعوود لەوێدا دەست پێدەکات کە لینگەو قووچ لە کونی دەرزییەوە بۆ بابەتەکانی دەڕوات، لە بری ئەوەی لە قرناقەو نیلەگین بدوێت کە بەشێك پێکدەهێنێت, دەبوایە لە سەنتەری دەسەڵات، واتە لە بەغداوە بدوێت((لە

گشت))وە راڤەبکات. مەبەستم ئەوەیە کە دەسەڵات لە عێراقدا بە دەست کێ بوو؟ بەدەستی دەسەڵاتی پلەی تیرۆری فاشی سەرمایەدارییە؟ شیوعییە؟ لیبراڵە؟ دیموکراتە؟ ئیسلامییە؟ دەرەبەگایەتییە؟ ... چییە ؟

رەنگە مەسعوود بڵێ من باسی کوردستان دەکەم. باشە، پەیوەندی ئابووری, کۆمەڵایەتی, پەروەردەیی لە کوردستان.... هتد لە گەڵ چ دەسەڵاتێکە؟ ئەو پەیوەندییانە چۆن کاریان بەسەر کوردستان کردووە؟

لە لاپەڕەی 11دا مەسعوود دەڵێت " بێگومان هەر بیرو باوەڕێك کەندی قووڵی جوداوازی و لیك دەردونگبوونی ئادەمیزاد، چ لە مەیدانی نێونەتەوەییداو چ لە مەیدانی نێوان ریزەکانی یەك نەتەوەدا هەڵکەنێت, بە دوژمنی مرۆڤایەتی دەژمێردرێت, با موژدەی ئاوی حەیاتیشی لە گەڵدا بێت ."

ئا ئەمەیە رۆشنبیر! حاجی سەلیمی خەڵکی دێی(قەرەئەنگوێ )و مام عەوڵای میلان, زۆر زیرەکانەتر باسەکانیان دەردەبڕی; چونکە: بیرو باوەڕ رەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە. واتا کەندی قووڵی جوداوازی خۆی لە خۆیدا هەیە(زەحمەتکێش, ئەفسەر, ئاغا, مەلا, مامۆستا, خاوەن کارگە, کرێکار... هتد، خۆیان بوونیان هەیەو لە بارەی فکر, شێوەی ژیان, شێوەی خانوو, قسەکردن, پەیوەندییەکان، جوودان). ئیتر هەڵکەندنی چی؟ راستە منو مەسعوود هەردووکمان کوردین, بەڵام بۆچوونەکانی مەسعوود کەندی قووڵی جوداوازییە بۆ من. هەر بە هەمان شێوەش بۆچوونەکانی من بۆ جەنابی عالی مەسعوود. جەلادو قوربانی هەردووکیان مرۆڤن. کەس هەیە لەمە حاڵی نەبێ؟

من سەر بە نەتەوەی(چادرنشینکراو, بێکار, قەرزار, لانەواز, کرێنشین, کرێکار, جووتیار...)م و ئەویش سەر بە نەتەوەی(ئۆرستوکرات, سەرمایەدار, ئاغا, بەگ, مشەخۆر, گەندەڵ و مستەشار...)ە.

لە هەمان لاپەڕەدا مەسعود, شیوعییەت بە مەتەڵ ناو دەبات. بەڵێ مەتەڵ, بەڵام چی مەتەڵێك؟ مەتەڵی بەرخودانی مرۆڤە بەشمەینەتەکان بۆ ئەوەی جەنگو ستەمو چەوساندنەوە بنبڕ بکەن نەك مەتەڵی مەسعود محەممەدو ئاوی حەیات.

لە لاپەڕە 12 دەڵێ :

" شیوعییەتو رەگەزپەرستی جوداوازی ئاینو ئەوان, جۆرە دەمار هەل بدەوی پەیوەندی نێوان خەڵكو خوا, تێکڕایان تاوانی کوێرکردنەوەی شەقامی پێکەوە هەڵکردنی(تعایش)مرۆڤ بە ئەستۆ دەگرن ".

چ نەنگییەکە بۆ کەسێك ناوی شیوعییەت لەتەنیشت رەگەزپەرستییەوە ریزبکات. مەسعود بە هەموو هۆشێکییەوە داوای ئەوە دەکات گورگو مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە, ئەو شیوعییەتو رەگەزپەرستی بە یەك چاو سەیر دەکات.

دیسان دەنووسێت :

" ئێمە دەبێت هەموو ئەو بەهانانەی خەڵك بە شەڕ دەهێنن تاوانبار بکەین, هەرچەندە نیازو داوایان لە سەر بنەمای راستو دروستەوە هەڵسا بێت ."

ئەمەیە"گەورەیی ئوستادەکەمان"! ، بەڵام باشە فریای خۆی دەکەوێت وپاش یەك دێر دوای ئەو قسانەی پێش ئێستا کردی هەر هەمووی بە خۆی پووچ دەکاتەوەو دەڵێت:

"بەکار هێنانی دندان و چەمبووڵە لە رەوتی ئادەمیزاددا تەنها لە حاڵەتی خۆپارێزی لە سەر کردنەوەی ستەمو دیدە رەوایە"، واتە قسەکەی پێشووی گەر چی بە لە ئاستی زمان زۆر"جوانە"، بەڵام بێ مانا و تام و لەزەتە!

لێرەدا با خوێنەری رەخنەگر قسەی خۆی لە سەر ئەو ناکۆکییە بکات.

لە لاپەڕە 14دا بە زمانی عەرەبی دەنووسێت:

" فاني لم اجد شيئا من ثمار حسن التدبير و حكم المنطق وداعيه المصلحة وراحمه المعدلة ."

(تەئکیدەکە هی خۆیەتی ).

بە راستی من لەو عیلمە تێناگەم, چونکە دەربڕینێکی گشتینو هیچ شتێك بەدەستەوە نادەن, لەبەر ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

1. حسن التدبير من؟
2. وبحكم أي منطق؟

3. وداعيه أي مصلحة ؟
4. وراحمة لأي معدلة ؟

تەدبرکردن، لۆژیك، بەرژەوەندی و عەدالەت فرە مانا هەڵدەگرن و لە بیرێکەوە بۆ بیرێکی تر واتای جیاوازیان هەیە، بۆیە گشتگیرکردنی ئەم زاراوایانە، نەزانی و جەهالەتە نەك زانست.

پاشان مەسعوود لە لاپەڕە 15دا بەم شێوەیە لە یەك بوونی ئۆروپا دەدوێت :

" لەو ناوەشدا یەك بوونی ئۆروپا هێزێکی گەورەی بەرەو (تفاهم) نەك بە حەقی کوتەك پێك دەهێنێت."

1. یەکگرتنەوەی ئۆروپا بەندە بە دەوری شوومی ئەڵمانیا لە قۆناغێکی دیاری کراوداو بەرەیەکی ترە لە رووی ئەمریکاو یابان, هەروەها ناکۆکییەکانیش هەر ئێستا پڕ مەترسیو بە حەقی کوتەکە لە بواری سەر لە نوێ دابەشکردنی بازاڕەکانی جیهان. (ئەڵمانیا دەڵێت: ئێمەش دەمانەوێت لەو دابەشکردنە نوێیەدا بەشی خوشمان هەبێت) و دابەشکردنی بازاڕیش بە شەڕوشۆڕی فەوتێنەر ناسراوەو با ئوستاد(مەسعود)یش بۆ خۆی لە جەهلیەوە، باسی بەرەی تەفاهومی یەکێتی ئۆروپا بکات!

لە لاپەڕە 16دا مەسعوود سەر لە نوێ باس لە " لەمەپری تیژرۆیی شیوعییەکان لە نوختە نیگای شەڕی چینایەتیو گومان کردن لە هەرچی شیوعی نییە گەلێك تەختو بێ پۆز دەبێت" دەکات .

مەسعوود ئازادانە چاوی دەنووقێنێ, گوێو لووتی دەبەستێت, بۆ ئەوەی تەنهاو تەنها خەریکی مەحکوومکردنی تیژڕۆیی شیوعییانو شەڕی چینایەتییان بێت. ئەگەر مەسعوود نەختێك چاوی بکاتەوە، ئەوا تیژڕۆییو شەڕی چینایەتی(یەکێتی خاوەن کارەکان)یش دەبینێت. شەڕی چینایەتی حکومەتەکانی پیرۆ و ئەمریکاو ئیسپانیاش دەبینین, تەنانەت شەڕی فاشستەکانی عێراقو نیشتیمانپەروەرانی کوردستانی عێراقو حکومەتی خوا لە سعودیەو ئێرانو سوودانیش دەبینین. بە هۆی سیاسەتەکانی G7 (گەورە حەوت وڵاتی پیشەسازی جیهان) و بانکی جیهانی, گەلانی جیهان( نەك تەنها کورد یان عەرەب) لەرەودایە. کاتێکیش شیوعییەکان چەندین رێگای خەبات(رێپێوان, ئەرزەحاڵ نووسین, مانگرتن, باڵدانی کۆتری ئاشتی) بەرپا دەکەن، پاش ئەوەی لە ریزی پێشەوەی دژی ئەتۆمو بەرهەمهێنانی< فرۆکەی 2000 > ئەڵمانیا، ئیمزا کۆدەکەنەوە...هتد، پاش ئەوەی هیچ رێگایەکیان لە بەردەمدا نامێنێت، پەنا بۆ خەباتی چەکداری دەبەن. لەم کاتەدا مەسعوود قیت دەبێتەوەو دەڵێت :

" بڕوانە شیوعییەکان چەند دڕندەو تیژڕەون ".

ئەمە هەموو فەلسەفەو زیرەکی مەسعوودە. من ترسی ئەوەم هەیە بڵێن شتی تازە دەڵێت. ئەوەی ئەو دەیڵێت تەنها جوێنو بیرو باوەڕی هەندێ لە زاناکانی ئۆرۆپایەو مەسعوود دووبارە دەیڵێتەوە. مەسعوود مژدەی تەختو بێ پۆزبوونی شیوعییەکانو خەباتی چینایەتی دەدات کە گوایە ئایەتی باشیان دەبێت لە مەیدانی 1- سیاسی 2- ئابووری 3- ئاسوودەیی. مەسعوود بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە بارەی سیاسی , ئابووری , ئاسوودە بژی مەرجی کپکردنەوەو تەختو بێپۆزکردنی شیوعییەکان دادەنێت. وەك ئەم جیهانە کاولکراوەی دەستی حکومەتی دیموکراسی ئەمریکاو ئۆروپا (بە رابەرایەتی ئەڵمان) و یابانو کلکە دڕندەکانی لە جیهانی سێ و سەرجەم ئاینەکان بە هەموو ناوو ناتۆریانەوە پیرۆزی بێت.

لە هەمان لاپەڕەدا بانگەوازی چاولێکردن لە خەباتی خوێن گەرمەکان دژی رژێمو (ئیستعیمار) دەکاتو دەڵێت :

" کەسانی پرۆشی خۆربوو رێبازی دیموکراسیو ئاشتیو دادیش تا رادەیەك لە سیستمی کونینە یان ترسی تۆمەتی شیوعی بوونیان دەربازبنو لە سەر کەرامەتی خۆیانو ئادەمیزاد بە تێکڕای دەنگ دلێرو چاوقایم لە پێویستدا جەربەزە بن " .

لێرەدا تەماوی بیری مەسعوودمان بۆ دەردەکەوێت

1. دیموکراتی چەندین شێوەی هەیە, بۆ نموونە دیموکراسی پەرلەمان, دیموکراسی گەلی, دیموکراسی پەتی , دیموکراسی پاشایەتی , دیموکراسی کرێکاری , دیموکراسی دەستووری... هتد, ناکرێ مەسعود مەبەستی لە دیموکراتی روون بکاتەوە ؟

2. ئاشتی؟ ئاشتی کێ بوو کێ؟ کەس نییە داوای ئاشتی نەکات لە دوای هەموویانەوە شیوعییەکان(بۆ پێکەنین)، مەسعوودیش دەزانێت تەنانەت سەدامیش داوای ئاشتی دەکرد, ئەمریکاو ئێرانو تەنانەت مەسعوود محەممەدیش...

هتد, بەراستو چەپو ناوەڕاست لە ئاشتی دەدوێن، بۆیە ئاشتی من مانا و ناوەڕۆکی تری هەیە لە ئاشتی سەددام، ئیران، ئەمریکا و مەسعود

3. داد؟ ئەو دادپەروەرییە کە من لێی حاڵی بوومە ئاگری جەهەننەمە بۆ سەرمایەدارە دەسەڵاتدارەکان, بە هەمان ئەندازە ئەو دادپەروەرییەی کە لە جیهانی ئیمڕۆدا حاکمە، ئاگری جەهەننمە بۆ کرێکارەکان و ملیۆنان مرۆڤ.

بۆ باسەکانی لاپەڕەی (16و17) دەمەوێت ئەم چەند تێبینیە بدەم.

1- توندڕەوی هەر لایەنێك( توندڕەوی ئیسلامی, فاشی چەپ, دیکتاتۆری عەسکەری) بنەمای چینایەتی خۆیان هەیە, بۆیە ڕستەی ((لە هەر بابەتێك بێت)) نابەجێیەو دوورە لە زانست.

2- کێن ئەو هۆشکراوانەی کە دوستی بێ تەئویلی کەرامەت و چارەنووسی مرۆڤن؟ ئەگەر ئەوان وەك مسعود بیر دەکەنەوە, ئەوا دۆستی بێ کەرامەتیو چارەڕەشی چەوساوەکانن.

3- بێ ئەوەی دەنگی خۆم بخەمە پاڵ باری ئەمڕۆی چین، مەسعود دەڵێ:

((چین زۆر پێویستی بە گلاسنوست و پیرۆسترۆیکایەکی تایبەت بە خۆیەوە هەیە))

ئەرێ بەرهەمی هەموو زانستەکەی مەسعود بووە بە ئەوەی کە گورباچوفو"پیروسترۆکا"کەی بە مەزن بزانین: ئەو مەزنیەی گورباچوف کە لە سەر ئەنجامدا وەلاتی سۆڤێت کرد بە سۆزانی خانەیەکی گەورە، بێکاری، مافیا,شەڕو شۆڕی خەجالەت ئاوەڕ.

مەسعود دڵی بەدیموکراتیەتی هند و یابان خۆشە. هیچ ناڵێم غەیری پیرۆزبایی لێکردن, تەپڵ لێدانو دیموکراسیو مافی مرۆڤ, مەهزەلەی هەرە گەورەی وەلاتە سەرمایەدارەکانە, کەلەسەر بنەمای دژایەتی شیوعییەت دامەزراوە. نازانم مەسعود ئاگاداری دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئەوروپا ئازیزەکەی هەیە؟ بەلام من دڵنیام کە لێرەشدا خۆی کەڕو کوێر دەکات. بانگەوازی دیموکراتی و مافی مرۆڤ, گەلان و چینەکان لەگەڵ ئیمزاکردنی یەکەم پروتوکۆلی کڕین و فرۆشتن تەواو دەبێ.

مەسعود تەنها دیوی چەپ دەبینێ و تەنها باسی((نەمانی ترسی هەڕەشەی سۆفیت لە کپکردنی دەرونی ئەوروپا بە گشتی، رەها کردنی دەنگێکی دلێری دیموکراسی و مافی مرۆڤ پێوە دەبێت کە ئەمە بەلای چاکەی ئێستاکەو دوارۆژی هەموو ئادەمیزادەو بەرهەمیشی لە کژی خۆیدا دەبێ.))دەکات.

مەسعود باسی دەسەلاتە دیموکراتەکان و ئابلۆقەکەیان لەسەر ولاتی سۆفیت (لە سەردەمی لینین) ناکات و بەڕەوای دەزانێت. ڕێکخراوی خاچی سوور فرمێسکیان بۆ ملیۆنان برسی و نەخۆشی ناوچەی فولگا دەرشت، بەلام لەتەنانیکی رەقیان بۆ رەوانە نەکردن. ئەمەیە دیموکراتی و مافی مرۆڤی ستاندار وەك زمانەکەی مەسعود!.

مەسعود لە لاپەرەی 26دا سۆشیالیزم بە ((بەرپرسیار دەزانی بۆ چارەسەرنەکردنی مەسەلەی کوردستان)). بۆچوونەکەی بە دوو خاڵ و نیو(پاش چەن دێرێك دەیکات بە سی) پوخت دەکات. (( سۆشیالیزم قەت بە لای چاکەی کورددا نەچووە و فلسێکی لێ خەرج نەکردووە. ستالین مەهابادی فرۆشت بە ریکەوتن لەگەڵ قوام السلطة.... هتد))

لەم خالەشدا مەسعود راست نابێژێ؛ دەبوایە نەختێك راستی بپارێزێت. لێرەدا چەند بەلگەیەك دەخەمەروو :

1- دەسەلاتی سۆڤێت چاپەمەنییەك پێشکەش بە کۆماری مەهاباد دەکات. خەرجی ئەو چاپەمەنییە دەکاتە دوو فلس و نیو !

2- کۆمەك کردنی چەك و تەقەمەنی و دروست کردن, چەك و خۆراکی بە خۆرایی بۆ کۆماری مەهاباد دەنارد.با بلێین نرخی ئەمانەش (5) فلس بوو!!

3- لە ئەپریلی 1946، حکومەتی سۆفیەت پەیمانی ئابووری لەگەڵ کۆماری مەهاباد مور کرد. پەیمانەکە لەسەر کڕینی توتن بە قیمەتی یەك ملیۆن دۆلار(لەو سەردەمە) لە کۆماری مەهاباد! هیچ نەبێت سوود وەرگرتنی کۆمارەکەمان لەم پەیمانەدا دەگەیشتە ( 4) فلس!

4- وەلاتی شوراکان ژمارەیەکی زۆری قوتابی کورد لە زانکۆکانی سۆڤێت لە بواری زانستی و سەربازی وەرگرت. با مەسرەفی ئەمانەش بگاتە (2) فلس. ئەوا بە گشتی دەکاتە(13) فلس. واتا مەسعود (13) جار درۆ دەکات !

له پەیمانی تاران که لە1942/1/29 بەستراو مەبەست ئەوە بوو کە ئێران لەگەڵ هاوپەیمانەکان دژ بە فاشیەکانی ئەڵمانیا کاربکات؛ ئەم خاڵانەی تێدا بوو: (( ئەو پەری شەش مانگ پاش کۆتایی پێهاتنی جەنگ، هەموو هێزی هاوپەیمانەکان دەبێت ئێران بەجێبهێلن)). واتا لە مارسی1946 دا. دوایی هێزەکانی "ڕەزا شا"ی گور بە گور بە پشتیوانی هیزەکانی بەریتانیا و ئەمریکا, هێرشێکی درندەیان هێنایە سەر کۆمارەکەمان و بە کۆتاییەکی جەرگ بر تەواو بوو. مەلا مستەفاو هەمیارانی پەنا دەبەن بۆ سۆفیەت و لەوێ مافی پەنابەری"سیاسی"نەك "ئینسانی"یان وەرگرت. تۆ بڵێیت کۆمونیستەکان پێیان ناخۆشبێت، لەشکری سوور لە مەهاباد نەمێنێ؟ یان هاوپەیمانی نێوان کۆمارەکەمان و سۆفیەت قوولترو باشتر نەبێت؟ ئەم ڕاستیانە بەلگەنەویستن؛ با(مەسعود محەممد)یش بە ئارەزوی خۆی، کەمتەرخەمی نەکاو چی زەهری پێیە هەڵی ڕێژێت ؟

له لاپەرەی (( 30_31)) مەسعود محمد دەفەرموی ((... دەرمانی شیووعی کورد لە دەست ئەو کوردە خاوەن دەسەلاتانە دایە کە بەکردەوەو بە خەباتی ڕۆشن و بە دادو دیموکراسی و بە تەبایی و برایەتی گشتی و یەکبوونی دڵ و دەروونی هەموو ئەوانەی کورد پەرستن ئیسپات بکەن، کوردایەتی بە دیلێکی بە شەرەفە بۆ هەرچی کوردی بەشەرەفە..))

ئەمانە ئیتر قسەی حەلەق و بەلەقن! کورد پەرەستی یەعنی چی؟ هەزارو یەك بۆچوونی جۆراوجۆر لە نیو کورددا هەیە. ئەی کوردی بە شەرەف و کوردی بێ شەرەف کێن؟ ئەوا زانیمان کە (( کوردە شیوعیەکان بێ شەرەفن)). ئەی "یەکێتی" ، "پارتی" ، "حسك" ، "پ.ك.ك" ، "پارتی کاری سەربەخۆ"، ئیسلامیەکان بە هەموو جۆر کانیانەوە، "زەحمەت کێشان" ، "ڕزگاری" ، "دیموکراسی"... هتد تکایە ئەم لیستەمان بۆ بدەن لە بێژنگ ! باسی داد دەکرێ، دادپەروەری کێ بۆ کێ ؟ چونکە دادپەروەری ئیسلامیەکان جودایە لە دادپەروەری نەتەوەپەرستەکان، یان زەحمەتکێش و کرێکاران ... هتد .

ئەم جار تەبایی کێ لەگەڵ کێ ؟، برایەتی گشتی و یەك بوونی دڵ؛ ئاخر کوردی بە شەرەف و کوردی بێ شەرەف چۆن برایەتی گشتی دەکەن؟!! کورد پەرستی چی؟ کوردیش وەك هەموو گەلانی دنیا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە و ئەو جیاوازیانە بە هیچ(لەحیم چیەك)) پێکەوە نانرێن. مەگەر وەك هیتلەر بکەن و چی شیوعی و ئەنتی فاشست, کەئەندام، سەنتی و ڕۆماو جولەکە هەیە، سەریان ببرن یان بیانسوتێنن؛ ئەمجا جاری کورد پەرستی بدەن. هەروەها لە کوردستانیش چەندین گەلی تریش لەگەلماندا دەژین.

( تێبینی: تکایە ئەو بیرو ڕایانەی مەسعود لەگەڵ بیروراکانی عەفلەقی گوڕبە گور بەراورد بکەن).

له هەمان لاپەرە دەفەرمێ: ((لە حال و باری ئیستاکە دا ڕەفتاری پیرەوی کەرانی مامۆستا عبداللە ئۆجەلان هێزێکی بەرهەست دەداتە بزوتنەوەی شیووعی کورد لە هەر شوێنێك بن)). ئەبێ بڵێم لە بێ خەبەران کەشکەك صەلەوات ! بۆ خۆشحاڵ بوون و گەش بوونەوەی مەسعود محمد پێویستە سەرنجی ڕابکێشم بۆ وتەکانی خودی ئۆجەلان لە وەلامی ئەم پرسیارەدا: (فکرك اقرب الی الاسلام ام اقرب لمارکس و لینین؟)، واتە( بیرو باوەرت لە ئیسلام نزیکە یان لە مارکس و لینین؟)

دەڵێت:

((انا اقرب الی الاسلام، ونطبق جوهر وتعالیم القران الکریم.)) (من لە ئیسلامەوە نزیکم و ناوەرۆك و فێرکارەکانی قورئانی پیرۆز جێ بە جێ دەکەن)

هەروەها دەڵێت: ((من المعجبین بشخصیه و عبقریه محمد صلی الله علیه وسلم)) (من موعجبم بە کەسایەتی و بلیمەتی موحەمەد دروودی خوای لێ بێت) ((گۆڤاری المصور 96/9/13))

واتە مەسعود محمد دەبێ هەوڵ بدا باشتر ئاگاداری عبدولای برای بێت ! لە هەمان لاپەرە، مەسعود دەنووسێت: ((*باری گوزەران و ژیان پەکی ناکەوێ. کەچی بوون بە ئیشتراکی شووعیی، بەندە بە ((نمو)). ئەوجا هەر وەك منداڵی 10 ساڵی ناتوانێ گەنجی 18 ساڵ بێت، میللەتێکی وەك کوردیش کە لە پلەی سەرمایەداری بەرەو ژوور نەچووبێ ، لە ڕێی بەرەوژوور چوونی ژێرخان و ژوورخانی ماددی و شارستانەتی ناتوانێ بەرهەم هێنانی تایبەت بە تاك، بگۆڕین بە شکڵی کۆمەکی. کە هاتیت تاك و خێزانی کوردی ئەم سەردەمەت مەنع کرد لە کاری گوزەرانی سەربەخۆ و خستتە جغزی شێوە و ئوسلووبی شیوعییەوە ، نازانێت چ لەو خەڵکە دەقەومێت..*))

مەسعود بـە ئەنقەسـت بـۆ سـەرلێ شـێواندن ئـەو قسـەیە دەکـات، چـونکە هـیچ حیـزب و کەسـێك باسـی ئوسـلووبی شـیووعی بەرهەمهێنانی نەکردووە بۆ ئیمڕۆی کوردستان، تەنانەت بۆ ئیمـڕۆی وڵاتـانی ئـەورووپاش کـە ژێرخـانی پڕپێسـتیان هەیـە!! لەبـەر هەمان هۆ پێویست بە باسی گەشەسەندن، ژێرخان، سەرخانی مەسعود ناکا. لـە لاپـەڕەی (35) دەڵێـت: ((بـاوەر دەکـەم لـە پلـەی وەها بەرزی شارستانیەتی کە هەولێرو کوردی تێدا دەژێت، ئەگەر هەموو خەڵکەکە و بزن و مـەرەکان و مریشـك و قەلەموونـەکان و دارو بەردەکەشـی یـەك دەنـگ بڵێـن بـژی شـوعی هـەر فایـدەی نیـە))- لـە جـوانی و ئەفسـووناوی ئـەم رسـتەیە، (هەنـدرین)م بیرکەوتەوە!!-.

وەکو دەبینین، مەسعود دوو شتی جیاواز لە یەك وەکو (قۆناغ) تێکەڵ و پێکەڵ دەکات، بۆ ئەوەی ژێردەستەکان لـە خـەبات، رێبـاز، بەرنامەو مقاوەمەتیان بێ ئومێد بکات. ئەوەی بڵێ بژی شوعی، یان رێکخراوێك نـاوی شـوعی هـەڵگرتبێت، ئـەوە ناگەیـەنێت ئـیتر لەگەڵ دەسەلأت گرتنە دەست، بەرنامەی قۆناغی شوعی بەرپا دەکەن، ئەمە دوو بابەتی جیاوازن. سوککردنی شـوعیەکان، تـەنها و تەنها خزمەتی بەعس و هەموو تاوانبارەکان دەکات. لە هەمان لاپەڕەی (32) دەنووسێت: (*خولاسـە قسـە کـردن لـە بـارەی وەڵاتـی دواکەوتەی 5000 ساڵی بۆ سەر نیزامی ئیشـتراکی وە یا شـیوعی خـەیاڵ پلاّویش نیـە، چـونکە خـەیاڵ قوزەڵقورتـە.. نەڕەنـەڕێ چەند زمان هەراش و حەز و شەهوەتی چەند نەفس برسی و سۆڤیەگەریی خەیاڵبازانە. با بێن لە هەولێرو سلێمانی یـەك یانـەی سەر بە فرۆکەوانان دابنێن...*)

هەروەها کوردە شوعیەکان بە گومرای سەر لێشێواو و رو دەبەنگ ناو دەبات. ئەرێ کاك هەندرین زمانی حاڵی زاناو مفکر وایـە؟؟. ئەم هەموو رقوقینە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ دامەزراندنی حیزبی شوعی، بە هەوەس و خـەیاڵ پـلاّو دانەمـەزراوە. نزیکـەی 10-20 ساڵ پێش دامەزراندنی لە 1934 چەندین گروپ، شانەی، کەسایەتی (لە کوردستانیش)جیا جیا هەبووە، کرێکاران( بەبێ ئەوەی شوعی بن، سەندیکای خۆیانیان دامەزراندوە، جوتیاران بەرگری خۆیان نواندوە. ئەمانە شان بە شانی کـارتێکردنی شۆڕشـی ئۆکتۆبەری مەزن بەسەر هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و هەموو دنیا، شتێکی ئاساییە کە ئەو بـیرو بـاوەڕە لـە نێـو بەش مەینەتەکانی کوردستانیش بلاّوببێتەوە. چما یەك تەن وەکو مەسـعود پێـی دەکرێـت رێگـا لـە ئـەم جـۆرە پروسـە واقیعییـە بگرێـت. مەسـعود داوا لـە شـوعیەکان دەکـا هۆشـە چـینایەتیەکەیان، مێژووەکـەیان بـە دەسـتی خۆیـان، لـە گـۆڕ بنـێن. وابـزانم شوعییەکان نیازێکی وایان نییە، پێش ئەوەی چی هۆکاری دواکەوتوویی، درندایەتی و چەوساندنەوە بـە هـەموو جۆرەکانیـەوە لـە گۆڕ نابێ. مەسعود بە هەموو عیلم و هۆشیەوە پێمان دەڵێ (*ورو سەرلێشێواو*). مـن بـە مـافی خـۆمی دزانم هـەمان ئـەو جوێنانـە ناشیرینانە بـە ڕووی جـەناب العالیەکـەی بدەمـەوە. چـونکە ئیرهـابێکی ئیـدۆلۆژی گـومڕا و پۆخـل، دژی بزوتنـەوەی ژێردەسـتەو کۆیلەکان بەکاردەهێنێت. ورِو دەبەنگ و سەر لێشێواو ئەو کەسانەن هۆشیارانە خزمـەتی فکـر و دەسـەڵاتی سـەرمایەداران دەکـەن، ئەوانـەن وا شـەوی درێـژی بەشمەینـەتان درێـژتر دەکـەن. لـە هـەمان لاپـەرە دەنووسـێت: "ژیـانی سـەردەم لـە وڵاتـی پێشـکەوتوو گەیشتووەتە رادەیەك لەرێی کۆمپیوتەرەوە، هەر مەعلوماتێکت گەرەك بێت لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا دەتگاتێ.." ئەمەشـیان وانیە؛ نەك هەر لە ولأتی پێشکەوتوو، بـەڵکو لـەناو مزگەوتـەکانی ئێـرانیش، مەسعود زۆر شـەیدای وڵاتـە پێشکەوتووەکانە، ئـەو پێشکەوتنە پیشەسازییە کە لە سەر کەلەکەکردنی خوێن و کەرەسـتەی خـاوی جیهـانی سـێ و ژێردەسـتەکانی وڵاتـەکانی خۆیـان و شەرە جیهانیەکاندا بە درێژایی ((500))ساڵ بەدەستیان هێناوە.

مەسعودی زمان و قەلەم پیس، بۆ ئیسلام بـەڕەوای دەزانـی پـێش هـەزارو ئەوەنـدە سـاڵە ئـاڵای (وامـرهم شـوری) بـەرز بکەنـەوە. ڕەنگە داخوازی بابەکیەکان و قرامیطـە بۆ یەکسانی بە ڕەوا بزانی، (شێخ بدرالدین)ە کەی نازم حیکمـەت رەنگـە بـە ڕەوا بزانێـت، داخوازییەکانی بۆڤی و (امثالە) بەرەوا بزانێت، بەلاّم کە ڕەنجدەران، نەخوێندەوار و کرێکاران و ئافرەتـانی لـە ژیـان بێبـەش کـراو داوای دادوەری کۆمەلأتی و، ژیانی هـەرەوەزی هاوپشـتی بکـەن، ئـەوا ئـیتر ئاسمـانی مەسـعود بـە سـەریدا دەرووخـێ؛ حـاڵی شـپرزە دەبێت و هەرچی جنێوی سوکی ناو فەرهەنگی ناشیرینی سوکایەتی کوردی دایـە لـە دەمیـەوە دادەبـارێ. لای مەسعود، شوعیەکان جەردەن و نمونەی رەفتارو کرداری پیسن. هەر بۆیەش جەنابی عالی هەموو خەڵك بێجگە لە شیوعیەکان ئامۆژگاری دەکات. قوڕ بەسـەر ئـەو خەڵکـە کـە مەسـعود ئامۆژگـاری کـەری بێـت!! لـە هـەمووی سـەیرتر ئەوەیـە تـرس دەخاتـە بـەر غـەیرە شـوعیەکان

(ئامان،وریابن، ئەگەر من ئامۆژگاریتان نەکەم ئـەوا خەڵکەکە بـە ناچاری دەچنە پـاڵی سـەر شێواو و دەبەنگەکان.) ئـەو کاتـەش مەترسی دەچێتە گیان و عەرشی مەسعود ! ئا ئەمەیە دادپـەروەری و دیموکراتیەکەی مەسعود. باشـە ئـەو لـە پێنـاوی چ فکـرو چ چینێك ئەم خزمەتکاریە دەکات؟

لە لاپەرەی ((33))دا دەنووسێت: *((خولاسە لە جیاتی ئامۆژگاری کردنی بێ سوودی شیوعی کورد، دەبـێ ئامۆژگـاری کاربەدەسـتان و ئیش هەڵسورێنان و رۆشنبیران و ئەگەر مومکن بێ، هی هەموو خەڵکی ناشیوعی بکرێت کە نمونـەی رەفتـار و کـرداری خـاوێن بن، خۆ ئەگەر ئەو تاقمانە وا نەکەن بە ناچاری خەڵك گوێ بۆ ئەو کەسانە رادەهێڵن کە لـە زەمینـەی بـێ مەسـئولیەتی و پەنـدی ((خەنجەر لە کا ))و قسەی لوس و لیك و شیرن و چەور و ئومێد بەخش شەکری کەلامیان دەبێ))*.

من پێم باشترە بۆ ئامۆژگاری وەرگـرتن بچین بـۆ لای کرێکـاران و جووتیارەکـانی پشـدەر و کفـری و دیهاتـەکانی عـەقرەو بازیـان. مەسعود لەسەر ئامۆژگاریێکانی هەر بەردەوامە.

زانا مەسعود لە وەڵامی پرسیاری ((11)) لە لاپەرەی ((35)) بەم شێوەیە عەرزی حاڵمان دەکات:

*(( لە لایەن ئیمکانی بەیەکتر گەیشتنی دوو بەرەی کورد لەسەر کوردایـەتی و مرۆڤایـەتی، هـەتا کۆمـۆنیزمی لینینـی مـارکس نێـو کوردان سور بێ لە سەر :*

1- *تێك بەردانی خەڵك کە هەمووی هەر ناکا هیچ بە گەورەو گچکەیەوە.*

2- *مارە کردنی خەباتی کورد بۆ شیوعیەتی جیهانی، بەیەکتر گەیشتن لە چاکەی کوردایەتی نابێت..))*

بەڵی مەسعود شوعیەکان بەر پرسیار دەکات بەرامبەر رۆژگاری رەشی گەلی کورد، بەردێك بەسەر کورد دابەزێت، مەسعود یەخـەی شیوعیکان دەگرێت و تەنها و تەنها شیوعیەکان دەبینێت. شەو و رۆژیش بە گیانێکی وەرزشکار نەعلەتمان لـێ دەکات، ئـاخر هـەر خۆمان و هـەم خەڵکەکە دەزانـین کـە شـیوعیکان کەمایـەتی پێـك دەهێـنن و بەرامبـەر بـە یەکگرتنـەوەی دوبـەرەی کـورد لەسـەر کوردایەتی و مرۆڤایەتی و هەر جۆرە بەیەك گرتنەوەیەك کە خۆیان لەسەری رێك بکەون, هیچیان پێ ناکرێت. مەسـعود چـی لـە شیوعیەکان دەوێت؟ با ئـەوان هـەر خـەباتی زەحمـەتکیش و کریکـار وبێکـاری کـورد((مەسـعود تـەنها کـورد بـە کاردەهێنێـت)) بـۆ شـیوعیەکانی جیهـان مـارە بکـەن. مـن بـە چـاکی دەزانـم مەسـعود خـەریکی بـەزمی خـۆی بێـت باشـترە لـەو هـەموو تـاوان و قسـە ئاستنزمانە.

مەسعودی زانا لـە درێـژی گفتوگۆکـە هـەنگاو بـە هـەنگاو هێرشـی بـێ ئابروانـە دژی شـوعییەت بـەرپا دەکـات, کەچـی لـە لاپـەرەی ((49)) دا دەڵێ:

*((بەڵام پێویستە بڵێم من لە لای خۆمەوە بە هیچ جۆرێك مافی چەپرەوم زەدە نەکردووە ))*

ئەمـە هێشـتا مافمـانی زەدە نـەکردووە، ئـەی ئەگـەر ئـەو مافـە پێشـێل بکـات دەبـێ چـی تـر بەدەمیـدا بێـت؟ لەلاپـەرەی( 52) دەنووسێت:

*"دەبـێ نەتـەوە ویسـتی کـورد ژیرتـر, هـێمن تـر, دورە ئەندێشـتر و دەسـتپارێزتر و بـەرژەوەنتربێت, لـە بـرا کۆمونسـتێکی کـە سەرکەوتنی کرێکاری جابوڵقاو جەزیرەی واقلواق بەمیراتی خۆی دەزانێ ".*

ئەرێ باشتر نیە مەسعود ئـەم پرسـیارە لـە خـۆی بکـات کـە ئایـا تـەنها کۆمەنیسـتەکان بـەو شـێوەیە بـیر دەکەنـەوە؟ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە ئاشـکرایە. قسـەکەی مەسـعود جـەهالتێکی رووتـە, چـونکە سوسـیال دیموکاتـەکانی ئـەڵمانیا, سـەرکەوتنی سوسـیال دیموکراتـەکانی سوید, فەرەنسا..هتـد بـەمیراتی خۆیـان دەزانـن, سـەرکەوتنی پۆلیسـی ئینتـەرپول لـە کارێکـدا لـە یۆنـان دەبێتـە میراتکـەری بـۆ پۆلیسـی ئینتـەرپولی بـەلجیکا, نەتـەوە پەرسـتەکانیش هـەروا؛ سـەرکەوتنی بزووتنەوەیـەکی ئیسـلامی لـە کەعبـە, لەلایەن ئیسلامەکانی جەزیرەی واقلواق بـە میراتـی خۆیـان دەزانـن. بریـا بیزانیایـە نەتـەوە پەرسـت و فاشـیکانی تـورك, عـەرەب, کورد, چۆن چین چین فرمێسکیان دەرشت کاتێك ئەڵمانیای رۆژئاوا، ئەڵمانیای رۆژهـەڵاتی داگیرکـرد (ئەڵمانـە نەتەوەپەرەسـتەکان ئێستا هەر خەریکن نەخشەی ئەڵمانیا دەکێشن و داوای دامەزراندنی کۆماری فولگا دەکەن.....)

مەسعود، بۆ هەموو ئەوانەی باسکران، بە ڕەوای دەزانێت کە سەرکەوتنی یەکتر بەمیراتی یەکتر بزانن، تەنها بو کۆمونیستەکان بەڕەوای نازانێ. ئەگەر زەحمەتکێش یان کرێکارێکی کۆمونیستی ژیان لێ تاڵکراوی کوردستان بۆ سەرکەوتنی داخوازی و خەباتی کرێکاران لەجەزیرەی واقلواق خۆشحاڵ ببێت ئەوا مەسعود ئیتر کۆستی دەکەوێت.

لە لاپەرەی 53 دا مەسعود وەکو باوکسالارێك ئامۆژگاری کوردی هەندەران دەکات. نازانم کوردە کۆمونیستەکانیش دەگرێتەوە یان نە؟!.دەڵێ:"بەتایبەت لەرۆژئاوادا "، بەندە لەوەش حاڵی نەبووم، بۆچی بەتایبەتی لە رۆژئاوا؟ چونکە لەهەمان لاپەرە نووسیویەتی: "خۆ دەبێ لە غەریبایەتی میوانی بەشەرم و شکو بین، بەتایبەتی ئەوانەی بەبژێوی خانە خۆیەکان گوزەران دەکەن".

A جارێ با مەسعود بزانێ پەنابەری دیاردەیەکی جیهانیە. بەملیونان مرۆڤ ناچاری رەوە کراون. قوربانی گیانی ڕێگای هەڵاتن بۆ وڵاتەکانی ئۆروپای رۆژئاواو ئەمریکاو کەنەدا کەم نین. ئەم رووداوە بەرهەمی لیبرالیزمی نوێ و سیستمی جیهانی نوێیە کە لەلایەن هاوسەنگەرەکانی مەسعودەوە بەرپا دەکرێ.

B پەنابەران لە ئەڵمانیا یان لە وەڵاتەکانی تر جیاواز لەوەی کورد بن یان ئێرانی یان موزەمبیقی، ناچارکراون کۆمەکی کۆمەلآیەتی وەربگرن، ئەگینا بەدەگمەن کەسێك دەبینێت بە ئارەزوی خۆی بیەوێت ئەو کۆمەکە وەربگرێت. ئەمەش بەندە بە باری نەبونی هەلی کارکردن، بۆ نموونە رێژەی بێکاری لە ئەڵمانیا بە گوێرەی ئامارەکانی حکومەت 3/5 ملێون وکەسن، بەلآم بەگوێرەی ئامارەکانی ئۆپۆزیسیون دەگاتە 6ملێون !! ئەوە دەسەلآتە دیموکراتەکەی مەسعودە بەرپرسیارە بەرامبەر تەحقیرکردنی مرۆڤ، نەك پەنابەر؟!! نازانم عالی گەورەمان ئاگاداری سوتاندن،رکوشتن لەسەر جادە، لێدان، دەرکردن و تەحقیرکردنی پەنابەران هەیە یان نا؟ پێش ماوەیەك فاشیستەکان ئوردوگایەکی پەنابەرانیان سوتاند، کەچی پەناهە ندەیەکی لوبنانی بەناوی(عید، دانشتوی ئۆردکاکە) دەستگیرو تاوانباری دەکەن. یاسا لە ئەڵمانیا لە لاستیك خراپترە، بەئارەزوی خۆیان دەیکێشن. تێکرای پەنابەرانی ئۆردوگاکە دەلێن ((ئێمە —عید-مان لەخەو هەستاندوە)). عید بێتاوانە بەلآم کەس گوێی لێ نەگرت.. ئیتر زانای گەورەم خانەی خۆی چی؟ شەرم و شکوی چی؟ بەراستی ئەو قسانە لە بێ نرخی و حەماقەتدا زۆر دەوڵەمەندە !. ئەم بۆچوونەم ئەوە ناگەیەنێت کە کوردستان بە هەشتە و خەڵکەکەی دەبێ لێرە بمێننەوە. نەخێر، خەڵك لە نێو دوو ئاگردان، دوو گێروگرفت، هەر یەکەیان جیاوازە لەوەیتر. مرۆڤەکان بەدەست وەحشیەتی عەرەبایەتی فاشیەکانی بەغدا دەناڵێنن، بۆیە رێگای هەڵاتنیان گرتووەتە بەر، حاڵ ومالی خۆیان دەفرۆشن، خۆیان قەرزاربار دەکەن، ئیتر، ئازارەکان لەبن نایەن، مەگەر زانایەك وەك مەسعود لێ حاڵی ببێت !!

لە هەمان لاپەرە مەسعود وەکو خاوەن زمانێکی زۆر بازارِیانە، دەڵێ :"*دز و درۆزنەکانی کوردی پەنابەر بۆ ئەوروپا، تەرەس و بێ شەرەف و ریسوا ئابرووتکینترین گوناحی نامەردایەتین: دەبوو لە سەر پەردەی ناموسی دایك و خوشکەکانیان لوقمەی گەوادی بخۆن، دەك هەزار لەعنەت و نەفرین لەچارەی خۆیان و پشتاو پشتیان هەتا دەگەنە کەشتیەکەی نوح* ".

لەوە ئەچێت مێشکی زانا ومفکرە بلیمەتەکەی کورد زۆر خەریکی خوارەوەی پشتینەکەی بێ. مەسعود زەرەر ناکات ئەگەر مێشکی نەختێك بهێنێتە سەرەوەی پشتینەکەی! بەش بەحاڵی خۆم پەردەی پەنجەرەی ژوورەکەم زۆر لەلا پڕ بایەخترە لەو پەردەیە کە مەسعود باسی دەکات و هەروا پەردە بەشێکە لە جەستەی کیژان و هەر خۆیان لە ئاستیدا بەرپرسیارن، نەك کەسێکی تر. ئەو پەردەیە لەبەر هەزاران هۆ، نامێنێت، یەکێك لەو هەزاران هۆیە، ئەوەیە، کچ و کور یەکتریان خۆش بوێت، تا رادەی تواندنەوە تێکەڵی یەکتر دەبن. ئەمە خۆی لەخۆیدا شەرەف و ناموسی ئافرەتانە یان لەبەر هەڵگرتنی باری قورس، راکردنی، کەوتن، لێدان، راچەڵەکاندنی توند یان کچەکە لە کاتی دەستپەرِلێدان، پەردەکەی بەردەستی دەکەوێ...هتد، ئەوجا وا بزانم دایکان پەردەیان نییە! با مەسعودیش پەردە بە ناموسی مێینە بزانێت.

لە کوردستان زۆربەی پیاوان، مەسعود ئاسا، باس لە شەرەف دەکەن. ((خوشکەکەم یان کچەکەم بۆی نیە لەگەڵ هیچ پیاوێك پەیوەندی هەبێت))، یان ((ئەگەر کچەکەم یان خوشکەکەم پەیوەندیی لە گەڵ کوڕێك هەبێت، قاچی دەبرم )). یاخود بە شانازییەوە دەڵێن: کچەکەم شەریفە، عیلاقەی لەگەڵ کەس نیە، بەلآم ئەو جۆرە پیاوە شەریفانە نازانن یان نایانەوێ ئەو راستیە

بزانن: ئەگەر کچەکان لە خۆشەویستی و ئارەزوی جوان و ناسك, کە مەسەلەیەکی زۆر سروشتیە, بێ بەش بکرێن, ئەوا ناچاری دەستپەرلێدان دەبن؛ ئافرەتان تووشی کۆمپلیکس دەکرێن, گەشەکردنیان وەکو مرۆڤێکی خولقێنەر دادەمرکێ. من دلنیام لەو کاتەی پیاوان لەناو مەجلیسەکانیاندا باسی شەرەف دەکەن, کچەکانیان یان خوشکەکانیان هەوڵدەدەن بە هەر شێوەیەك بێت، پەیوەندی بە خۆشەویستەکانیانەوە بکەن یان دەستپەڕلێدەدەن. جا بۆ؟ بۆچی هەستی پیرۆزی کچان جێگای ڕێزو خۆشەویستیمان نە بێت؟ بۆچی باسی پەردە بکرێت؟ بۆچی تیرور؟ با ئێمە ڕێك دانی پیادەبنێین: ئێمە کۆمەڵگای دەسپەرلێدان و لاقەکردنی کەرین!

ئەقل و دەسەڵاتی باوکسالاری-بیرو باوەڕی باو-, دزیوترین بەرپرسیارە لەبارەی هەموو تاوانەکان دژی مێینە. هەندێ هەیە دەڵێن ئەمە ئیباحیەتە و لە نەزرەی ئەوروپیەوە تەماشای کوردستان دەکات . منیش دەڵێم: نەخێر و بە دڵنیاییەوە دەڵێم: زۆربەی باوکان و براکان کچ و خوشکەکانی خۆیان ناناسن.

من تەنها لەگەڵ گۆڕانی کوێلایەتی و تیرۆر و کەمکردنی بەهای ئافرەتانم وەك مرۆڤ و هێنانیان بۆ ئاستی جەستەکەیان، لەگەڵ پەیوەندیەکی هاوسانم، لەگەڵ خۆشەویستیم و هیچی تر.

ئافرەتان، لە ترسی کوشتن و سوتاندن بە دەست ئەو پیاوانەی وەك مەسعود فکر دەکەنەوە، دەچن بۆ لای پزیشك بۆ دوورمان و تەقەڵ لێدانی"ناموسی پیاوەکان"، هەندێ ئافرەت ناچارن چەند جار ئەو کارە بکەن. لیستی ئەو ئافرەتانە زۆر دوورو درێژن، پزیشکەکانی تەقەڵ لێدان و دوورمان بە نهێنیترین شێوە، ئەو کارە پیرۆزە(کە ئەسلەن یەك زەرە پێویست نیە) ئەنجام دەدەن. مەترسی و زیندان هەمیشە هەڕەشەیان لێ دەکات و قوربانیشیان داوە. ئەمە لەکەیەکی ڕەشە لە نێوچەوانی مەسعود و هەموو هاوبیرەکانی. ماڵی دەسەلاتدارێتی بڕمێت، ئەگەر دەسەلات بەدەست ئافرەتانەوە بوایە، کارەکە بە جۆرێکی تر دەبوو ! جەهالەت و دەبەنگی مەسعود لەوەدایە ئەو پەردەیە بە ناموس و شەرەف لە قەلەم دەدات و لە دووتوێی ئەو پەردەیەوە کە ڕەنگە چەند جارێ لە لای پزیشك کاروباری خەیاتی تەقەڵی لێدرابێ، بۆ جوێن دان و تەوهین بە کاردەهێنێت لە دژی پەنابەرە بەشمەینەتەکان.

هەروا لەم پەیوەندییەدا، کەسایەتی ئافرەت وەکو مرۆڤ، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، هەست، خۆشەویستی مەچەکی موقاوەمەت و خەباتیان... هتد، لەو پەردەیە زۆر گەورەترە. لێرە(لە ئەڵمانیا)، هەندێ ئافرەت بۆ لای دکتۆر دەچن بۆ لابردنی پەردەی "ناموس"یان خۆیان لایدەبەن بۆ ئەوەی تووشی ئازار نەبن. بەڕای من ناموس، نەهێشتنی چەوسانەوەو جەنگە، نەهێشتنی هەموو شتێکی ڕێگرە لە ڕێگای پەرەسەندنی مرۆڤ دا.

ئەمە شەرەفی شوعییەکانە، ئەگینا هیچی تر! ئەوەکانی تر پێشکەش بە مەلا مەسعود دەکەم ! ئەگەر (عالیمەکەمان) بەو شێوەیە بدوێت، بۆچی لە کەسانی تر گلەیی بکەم؟ هەموو دزو درۆزنەکانی کوردی پەنابەر" لەگەڵ دزو درۆزنەکانی پەنابەرانی گەلانی تر کۆ بکاتەوە، هێشتاش ناگاتە چرکەیەك لە تەرەسی و بێشەرەفی و دزو درۆزنی سەرمایەداران و یاسا و دەزگا پۆلیسی و موخابەرات و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان. دەسەڵاتی دیموکراتەکانی ئەوروپا لەسەر بنج و بنەمای دزی و درۆزنی و خوێنڕشتن دامەزراوە .

لە لاپەرە (81) دەفەرموێ :

*"سۆسیالیزم و دیموکراتی باوەڕی لووت بەرزن و بەناز و فیزن لەگەڵ پرزولە کوردی عەبابەیلێ و هەلاتووی هەندەران دانووکی ناکولی ..."*

ئەمە ئیتر پەت پچڕاندنە. من تێناگەم لەم سوکایەتی پێکردنەی مەسعود بە کوردی عەبابەیلێ . دەبوایە هەڵۆ بەرزنجی، وەگو پەنابەرێك لە (پیشەکییە پێویستەکە)ی دوو ووشەی لەسەر ئەم دەربڕینە بنووسیبایە؛ ئاماژەیەك بۆ پروپوچی لێدوانی فەیلەسوکەمان لەسەر پەنابەران بکردایە، یان لەسەر ترزلیەکەی لەڕووی دانیشتوانی عەبابەیلێ. ئەم دەربڕینە هەست بە (دونیەت)ی مەسعود دەردەخات. چما دانیشتوانی ئەوروپا و ئەمەریکای باکوور یان هەر شوێنێکی تر هیچیان لە خەڵکی ئێمە

زیاترە؟، ئەمەی مەسعود دەیڵێتەوە، ناگاتە یەك لەسەر سەدی پروپاگەندەكانی حوكمی سەرمایەداری پوولی بەناوی (دیموكراتی پەرلەمانتاری) لە وەڵاتانی باكووری گیتی .

لەوە دەترسم بڵێن مەسعود شتی تازە دەڵێت، یان داڕشتنی خۆیەتی، نەخێر ئەمەیانیش نیە، بۆ؟

مەسعود لە وەڵامی پرسیاری چواردا، بروا فەلسەفیەكەی بەم جۆرە باس دەكات :

نموونەیەكی تر دەهێنمەوە لە سەر بۆچوونەكانی، لە پرسیاری 16 دا (لاپەرە 55) "كوردایەتی"چۆن پێناسە دەكەن؟ مەسعود لە وەڵامدا دەڵێت: "*وەك عەتارێك پێناسە دەكەم: دوكاندارێكە ماڵی عەتاری دەفرۆشێت*" یان لە لاپەرە54 و 56 دەڵێت

"*من بە زمانی واقیعە و واقیعە دەخەمە گفتوگۆ...*"

مەسعود واقیع دوور لە گشت تیۆرییەك دەبینێت، ئیتر واقیع چیە، یان تیۆرییەكان(هەركامەیان بێت) تا چ ڕادەیەك بەرپەرچی واقیعن، ئەمە بە گرنگ نازانێت. بە هەمان ئەندازە مەسەلەی بەراوردكردنی كوردایەتی بە دوكاندارێك، نموونەیەكی ترە بۆ جەهل و ئەقڵی بازرگانان كە لەگەل جەنگ هاوجووتن وەك شاعیری گەورەی ئەلمان(غۆتە)دەڵێ. پراگماتیزمەكان تەنها بایەخ بە (تعامل) كردن دەدەن، ئیتر هەرچیەك نیازیان بێت، ئەو مافە بەخۆیان دەدەن، گشت ڕێگایەك بگرنە بەر، بۆ نموونە گران كردنی نرخەكان، فیل كردن...، گرنگ ئەوەیە شتەكانی بفرۆشێت.

پاشان"حیسابی كەرامەتی تاك و دادی كۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ، واتە شتەكان بۆ هونەری(معمیل)یان خزم بە هەرزانتر بفرۆشێت...... هتد.

مەسعود محمد نموونەیەكی زەقمان پیشان دەدات بۆ رۆشنبیرێك لە بواری زانستی زمان و شارەزا لە بواری ئەدەب و هونەرو بەم ئەندازەیە نەبروانە بەكاریان دەهێنێت بۆ دژایەتی فكرو سیاسەتی كۆمونیستی، لە سەرتاسەری كتێبەكە بە شێوەی جۆراوجۆر سوكایەتی، جوێندانی گرتوتەبەر كەچی لە لاپەرە (68) دا دەنووسێت:

"*سەقافەت دەشێ چ دەخلێ بەسەر كاری سیاسیەوە نەبێت وە یا سیاسەت بە تەواوی سەربەخۆ بێت*

*و یەكی لەسەر سەقافەت نەكەوتبێ*". دەبوایە مەسعود بەخۆی پێش هەموو كەسێكی تر پەیڕەوی ئەم بۆچوونەی كردبا، ئەمجار داوا لە خەلك بكات سیاسەت و سەقافەت جودا بكەن و تێكەڵیان نەكەن كە هەرگیز جودا ناكرێن و خودی مەسعود نموونەیەكی بەرجەستەیە بۆ لە یەك جودا نەكردن و دەخالەتی ئەو دوو بوارە.

ماركس دەڵێ: (مرۆڤ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە و چالاكییە داهێنەرانەكەی لە چالاكییە زانستییەكەی سەرچاوە وەردەگرێ و هەر ئەو چالاكییەیە گۆڕان و چاككاری لە سرووشت دەكاو هونەریش دەربڕینێكە بۆ ئەو چالاكییە). بە هەمان بۆچوونەكەی ماركس، چالاكی رۆشنبیریش بەندە بە ژیانی مرۆڤەكانەوەو پەرچدانەوەی هەست و نەست، شێوەی بینین، ئازار، خۆشی، هیوایەو رۆشنبیری و هونەر بە یەك ملیۆن شێوە بەیەكەوە بەستراونەتەوە. میتۆدۆلۆجی تیفكرینی ئینسانەكان سەرچاوەی چینایەتی خۆیانیان هەیە: بۆ نموونە (بەزەقی) لە چركەیەكدا یەكێك دەگرێ بۆ قوربانیە بێتاوانەكانی شەری ناوخۆ لە جەزیرەی واقلواق و ئەوەی تر دەگرێ لەبەر ئەوەی پشیلەكەی نەخۆشكەوتووە یان لە بۆرصە زیانی لێ كەوتووە. (بەبێ ئەوەی لە نرخی پشیلەكەم كەم بكەمەوە) !

مەسعود محمد نموونەیەكە بۆ یەكانگیری رۆشنبیری و سیاسەت، یەكانگیری سەقافەت و سیاسەتی رەوت، لایەن، حزب و كەس و دەوڵەتێك دژ بە رۆشنبیری و سیاسەتی، مێژوو، خەبات، گریان، هەست، سۆز، برسێتی و قوربانیانی... هتد ئەوانەی خۆیان بە شیوعی دەزانن. (سیان، ان كان ملتزم بحزب ام غیر ملتزم).

كاتێك گەیشتمە خوێندنەوەی "*ئەگەر شیوعیەت نەبووبێتە دین*" (لاپەرە 11) پسام لە پێكەنیندا.

مەسعود ئەو فتوایەی زۆر بە كوێرانە دەربڕیوە، چونكە زانستەكەی بەو ڕادەیە گەیشتووە، بیرو باوەڕی شوعی بە ئایین دابنێت؟ شوعییەت چۆن دینێكە كە لە كۆنگرە بۆ كۆنگرە، لە كۆنفرانس بۆ كۆنفرانس، لە بەرنامە بۆ بەرنامە، بۆ چوون، بڕیار و هەڵوێستەكانی سەر لاپەرەكانی دەگۆڕێن، رەخنەی لێ دەگرن؛ هەندێك بە (مساحە) دەسڕنەوە، گاڵتە بە هەندێ لاپەرەی شەرم ئاوەر دەكەین؛ هەندێ لاپەرەشی جێگای توورەیی و ناڕەزابوونە.

ئەگەر ئەمە "دین"ە من قبووڵمە. دینێکی وا کە هیچی لە دین ناچێ(تەنها لە فکری مەسعود و ئاوەڵەکانی نەبێت)، تەنها ئەوە نەبێت کە لاپەرەی دینەکان و لاپەرەی"دینەکەی" من بەیەك ئامێر لە چاپخانە لەچاپ دەدرێن. من دینی وا، کە لە ئارەقەو چەوساندنەوەی و خۆشەویستی و سۆزی مرۆڤە ژێردەستەکان پێك هاتووە بۆ لەناو بردنی کۆمەڵگەی کاڵا و بازاڕە رسواکەی، قبووڵمە.

ئێمە خوازیاری ئەوەین زانست و نووسین و لێکۆڵینەوە بدەین بە دەست زەحمەتکێش و نەخوێندەوارو کرێکارەکان.

مەسعود لە لاپەرە (83) دا دەنووسێت :

*((سیاسەت پیشەیەکی گلاوە، لە کاری مەیمون دەکات، هەر بۆیەش بوو تێکەڵیم لەگەڵ سیاسەت قووڵ نەبوو، نەکا بەرپرسی کاری ناڕەوا ببم، چی لە من بیرو ڕا دەربارەی سیاسەت بیسترابێ و خوێندرابێتەوە لە گۆشەی (فکری)ەوە بووە، هیچ شتێکیشم لە بواری سیاسەت دا ئەنجام نەداوە زەرەری بە کەس گەیاندبێت، ئەگەر نەڵێم هەمووی بەرژەوەندی خەلقی خوای تێدا بووە ....*"

لێرەدا پرسیار دەکەم: چ سیاسەتێك گلاوە و لە کاری مەیمون دەچێت؟ سەیرم لە ڕستەکەی دوای دێت کە دەڵێت (هەر بۆیەش بوو تێکەڵیم لەگەڵ سیاسەت قوول نەبوو"، ئەمە جارێ قووڵ نەبووە ئەوەندە دەبێژێ ئەی ئەگەر قووڵ بێ چی دەڵێ؟! بە ئەقڵێ مەسعود فکرو سیاسەت دوو شتی جیاوازن، ئەمەیە گاڵتەجاڕی!

مەسعود بە درێژایی تەمەنی وەك ئیدۆلۆژستێك بەربەرەکانی مارکسیزم و کۆمونیستەکانی کردووە، لەلای هەموومان ئاشکرایە کە کاری سیاسی کاری فیکریە، واتە خەتەرترین ئەرکی کاری سیاسی، چونکە لێرەوە ڕێگا خۆش دەکرێت بۆ سەلماندن، چالاکی و پروپاگەندە... هتدو فکرەکان و چالاکی مرۆڤەکان لە یەك جودا نین، گەرچی فلانە مرۆڤ لە ناو قەوارەی حیزبێك، یان دەزگاکانی کار ناکات. مەسعود کارتێکردنی کارە فیکریەکانی و بۆچوونەکانی لە"پەرژینی بێدەنگی"بە کاری سیاسی و تێکەڵ بوون بە سیاسەت لە قەڵەم نادات. نازانم بە چ قەناعەتێکەوە دەڵێ "هیچ شتێکم لە بواری سیاسەت ئەنجام نەداوە". بۆ ئەم وتەیە هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنراوی نیەو بۆچوونەکانی لە"پەرژینی بێدەنگی" بەدرۆی دەخاتەوە، چونکە بە راستی هەوڵیداوە زەرەر بە شوعیەکان بگەیەنێت. بە هەمان ئەندازە بۆچوونە سیاسیەکانی هەمووی بەرژەوەندی خەلقی خوای تێدا بووە، تەنها کۆمۆنیستەکان نەبێت، چونکە خۆیان بە خەلقی خوا نازانن ! هەر بۆیەش لەسەر ئەساسی قسەکانی خۆی پێی دەڵێم: پیشە سیاسیەکەی مەسعود گلاوەو لە کاری مەیمون دەکات و دواڕۆژ هەر ماڵی خۆمانە...هەر ماڵی شەپۆلی نۆهەمی سوپای سپارتییەکانە!

ئەم نووسینە لە کاتی بلاوکردنی(پەرژینی بێدەنگی) نووسیوە و لەم ماوەیە مەسعود مەحەمەد لە ژیان ماڵئاوایی کرد، بەڵام بزووتنەوەی جیهانی کۆمونیستەکان دووبارە لە کۆڕەپانی بەرینی خەبات درێژە بە موقاوەمەت دەدەن لە دژی شێوەکانی چەوساندنەوەو بیرمەندەکانیان.

ئێستا کەسانێ بە"زمانێکی ستاندار" لە رۆژنامەو سایتە"سەربەخۆ، لیبراڵ، بێلایەن و دیموکرات"ەکانی کوردستان و هەندەران، درێژەدەدەن بە نموونەی ئیستاتیکای تاوانکاری و تیرۆری فکری لە دژی کۆمونیستەکان و کاك (هەندرین)چووتە ریزیانەوە. ئەم"بیرمەندانە" دەروێشی خۆیان هەیە و سەرسامن بە مێتودی(رەخنە لە پێناو رەخنە). زۆر ئاساییە کە لەسەردەمی بەهێزبوونی ئاین، کۆنەپەرەستی، جەنگ و چەوسانەوەو بیروباوەڕی ئوستادانی تیرۆرو تاوانکاریش گەشەبکات، بەڵام، ئەرکی ئێمەی شوعی بریتییە لە لەگۆڕنانی کۆمەڵگای کاڵا و بازاڕەکەی و سەرخستنی جوانناسی، ئابووری، هونەر، شانۆ، هۆنراوەو دەسەڵاتی کۆمونیستی!

تێبینی: ئەم نووسینە دەمێکە بلاوکراوەتەوە، بەڵام وتارەکەی کاك هەندرین هاندەرێك بوو، دووبارە بە دەستکارییەکی زۆرەوە، بلاوی بکەمەوە.

شەرکەت و ریَکخراوە ئەلمانییانە کە پشتگیری
نیستی (ئیراق)یان کردووە
داوای دادگاییکردنی ئەم تاوانبارانەش بکەین!
کانی دەسەلاَتی فاشیزم و تاوانەکانی لە ماوەی35ساڵدا لە دژی گەلانی ئیراق، کورستان، ئیران و کویَت بە پشتیوانی
کردن لەگەل ئەم تاوانبارانە کە ناویان لە خوارەوە هاتووە، بەرنامەریزیان بۆ کراوە. کاتیَ ئەم راستییانە بۆمان دەردەکەویَت،
ن بۆ ساغدەبیَتەوە: رژیَمی سەدام و وەحشیگەرییەکانی بەرهەمی یەکانگیری بیروهۆش و عەسکەریتاریاو پەیوەندی
ئەلمانیایە لەگەل بیروهۆش و عەسکەریتاری ناسیونالیزمی عەرەبی و ئیسلامییە بە پلەی یەکەم.
ئیَمە چیتر پیَویستیمان بەوە نییە پرسیاربکەین، بۆچی حکومەتی ئەلمانیا لە بارەی جەنگی ئەمریکا-ئیراق، راستەوخۆو
ۆ بەرەو ئالاَی"ئاشتی"هەڵگرتووە یان بۆچی ئەلمانیا مۆڵگای هیَرشکردنی ئەلقاعیدە بوو لە9/11. حکومەتی چەکسازی
ەلمانی و حزبەکەیان بە سەرۆکایەتی هیتلەر بە تەواوەتی لە1945 ژیَرنەکەوت، بەڵکو لە جەنگی(ئەمریکا-ئیراق)دا: بازاری
ەشیَکی زۆر گرنگ بوو بۆ کۆمپانییە زلهیَزەکانی چەکسازی و بانقەکانی ئەلمانیا، بەیەکجاری بە زەبروزەنگی دوا چەکی
ارستانییانەی ئەمریکا لە چنگی دەرکراو ئیَستا سەرتاپای ئەم بازارە لە خزمەتی بەرهەمی ئەمریکی و
ەکانییە. نەزانترین چاودیَری سیاسی دەتوانیَت بە زەقی ئەم راستییە ببینیَت، بەڵام لە راگەیاندنەکاندا بەدەگمەن بەم
سدەکریَت. بازار هەمیشە، بازاری هیَزە سەرکەوتووەکانە"بەپیشتوانی خوا" لە جەنگ. ئەم کۆمپانیانە لەخوارەوە ناویان
ۆمپانیای وڵاتە دۆراوەکانەو ماوە داوا بکەین شانبەشانی سەرانی حکومەتی گۆربەگۆر، بۆ بەردەم دادگا راپیَچیان بکەین:

وخابەراتی ئەلمانی بە چەك، پوول و تەکنیك پشتگیری لە کودەتای بەعس دەکەن(سەرچاوە: گۆڤاری پۆگروم/65-1979،

ەرکەتی سیمنز(ئەلمانی-فەرەنسی)، بۆمبای ئیلیوشین-بۆدگەر،بۆ بۆردومانی شەوان بەکاردیَت. سەرچاوە: هەمان
لا.62
ەلمانیا راکیَتی کوبرا بە لەشکری عیراق دەدا. هەمان سەرچاوە، لا.61
فرۆشتنی بیَ سیم. سەرچاوە:Mierzwa .
ردنی 35لۆری لە جۆری1513 لەلایەن کۆمپانیای دایملەر بیَنز(مرسیدس)، سەرچاوە: بارت/گوتمان،1987لە کتیَبی
.702
7موختەبەری پیَستیسیدەPestizide شەرکەتی کارل کۆلپ و پیلۆت پلان. ئەم دوو مەتریاڵە بۆ درووستکردنی چەکی
ەکاردەهیَنریَت. سەرچاوە:(30.7.1984BULO, Breg-It.dpa,)
ەشقپیَکردنی ئەفسەرانی ئیراقی لەلایەن سوپای ئەلمانی. سەرچاوە: پاکس کرستی1-2

ۆپتەری-105Bo، شەرکەتیMBB، لە 1978وە ئەم شەرکەتە بە پیَی سەرچاوەکانی خۆیان هاریکاری سەربازی لەگەڵ
ەن. 6پسپۆری ئەم شەرکەتەش بۆ ئیراق چوون.، رۆژنامەی زوید تسایتونگ لە 1990/9/8
26 فرۆکەی ئەلفا-جیَت(Alpha-jet) ، شەرکەتی(Dassault Dornier)ئەلمانی-فەرەنسی. سەرچاوە: رۆژنامەی
ئەلگەماینە، لە 86/11/20.
150راکیَتی دژە ئاسمانی(Roland Flugabwwehr)، شەرکەتیMBBی ئەلمانی و Euro-Missileفەرەنسی. سەرچاوە:
سوپا،85/5و زوید تسایتونگ لە 82/7/28
ئیلکترونیکی فرۆکەوانی شەوان، سیمنز. سەرچاوە: 63,S1989WulfوDVZلە 84/1/27.
سیستیَمی دیاریکردن وپیَکاندنی ئامانجی مەبەست، MBBئەلمانی. سەرچاوە: میرزوە، 1989.
سیستیَمی کۆمپیوتەر، ئەلمانیا، هیَزی دەریاوان، ئاسمانی و بەشەکانیتری سوپای ئیراق بە سیستیَمی کۆمپیوتەری
ەیەك بەستراونەتەوە. سەرچاوە: میرزوا((1989Mierzwa.
ئیلوکۆپتەری(-Atl1150Breguet.-وAluette)،شەرکەتی(ئیَم.بی.بی)،فەرەنسی-ئەلمانی. سەرچاوە/ پوگروم، ژ.65،
.62
فرۆکەی گواستنەوەی سوپا، (ئەلمانیا-ئیتالیا-ئەسپانیا-ئەنگلتەرا)، شەرکەتی ئیَم بی بی و دۆرنیر. سەرچاوە: گۆڤاری
65،1979، لا 62.
، 50زریپۆشی جۆری-Uruta11EE، شەرکەتی دایملەر بیَنزو ئینگیسا، بەرازیل-ئەلمانیا. مۆتۆری کارپیَکردن لە لایەن
ەوە درووستکرا. سەرچاوە: Brasilien
24,48S. <86, Military Tectical VS IDR IV/10,S.87/94Nac
50زریپۆشی-Sucuri17EE، شەرکەتی دایملەر بیَنزو ئەنگیسا، ئەلمانیا-بەرازیل. هەمان سەرچاوە.
1979زریپۆشیEE-Cascaval، شەرکەتی دایملەر بیَنز، ئەنگیسا(Engesa Zahnradfabrik) ، هەمان سەرچاوەی پیَشوو.
پەیمانبەستنی نهیَنی چەکی ئەتۆمی لە گەل بەرازیل، حکومەتی ئەلمانیا و بەرازیل، سەرچاوە: رۆژنامەی فرانکفۆرتە
ە(FAZ)لە 1990/9/4.
، 350 زریپۆشی-Cascaval9EE ,Sucuri17Urutu,EE11EE،، شەرکەتی دایملەر بیَنز، ئینگیسا(ئەلمانیا و بەرازیل)

24,48S. <86, Military Tectical VS IDR IV/10,S.87/94Nac
شاحینەی-50/EE-25/EE-15EE، شەرکەتی دایملەر بیَنز و ئینگیسا(ئەلمانیا و بەرازیل)هەمان سەرچاوە.(ئەم هەواڵە
ەواڵی جیاجیا بلاَوکراونەتەوە، من پیَکەوە نووسیومن)
، 500 شاحینەی گواستنەوەی زریپۆش، شەرکەتی Blumenhard/Hella, Taurus/Fulda، سەرچاوە: گۆڤاری:

. BUKO Krieg Iran-Irak48,S1982/103W 3Blaet
، شەرکەتکارل کولپ، دەزگای درووستکردنی چەکی کیمیاوی لە سامەرا. لە1980وە ئیراق توانای هەیە ساڵانە48تۆن
ابون(Sarinو Tabun)بەرهەم بهێنێت.ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە روندشاو،3/20 /1990
چەکی کیمیاوی، پیلۆت پلانت، بە نرخی30ملیون دۆلار بە عیراق فرۆشراوە(.فرانکفۆرتە ئەلگماینە تسایتونگ لە 18-
1
، 5000چەکی دژە ئاسمانی بە ناوی(HOT)، شەرکەتیMBB/Euromissileئەلمانی-فەرەنسی. سەرچاوە: دێر شبیگل،
1990، لا.33، Soldat u. Technik7/S.81, 374 WT1/S.82, 52
456زرێپۆشی دژە ئاسمانی(MILAN)، شەرکەتی ئێم بی بی و Euromissileئەلمانی-فەرەنسی. سەرچاوە: دێر
، 1990، لا.33.
، 24هیلیکۆپتەری-105Bo، لەلایەن شەرکەتیMBBوCASA. ئەلمانیا-ئەسپانیا. سەرچاوە دێرشبیگل1990/39.ڵا.33.
، 100زرێپۆش، شەرکەتیFaunوRotzler. سەرچاوە: BUKO-Ruestungsexport info7/S8.6..
، چەکی کیمیاوی(Toxikol.Labors)، لەلایەن ئەم شەرکەتانەوەReinbayern, Karl-Kolbوسوپای ئەلمانی. سەرچاوە:
ر شبیگل، ژمارە 1989/4،لا.24.
650زرێپۆشی-Urutu11EE، -Jararce3Suouri,EE-17EEشەرکەتی دایملەر بێنز و شەرکەتی ئێگیسا(ئەلمانیا-بەرازیل).
1414.S.1985/9IWR
، کارگەی ئاسنسازی بۆ بەرهەمهێنانی تەقەمەنی، شەرکەتیThyssen, Lasco, AEG Remscheid
، 50شاحینەی بۆ گواستنەوەی زرێپۆش، شەرکەتیGoodyear . ,Faun, Kloekner-Humbold-Deutz. سەرچاوە:
48.S1982/103w3Blaetter des
Militaerunimogs ، شەرکەتی دایملەر بێنز. هەمان سەرچاوە.
، 1050رۆکێتی رۆناڵد، شەرکەتی ئێم بی بی، ئا ئی گی و ئۆیرۆمیسیلیە.
ستێمی چاودێریکردنی هاتوچۆی فرۆکە، شەرکەتیSEL، سەرچاوە: بوکۆ، جەنگی ئیراق-ئیران، لا.13.
، تفەنگ، بە شاحینە نێردراوەو لەسەریان نووسیوە چەمنتۆ!. ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە روندشاو لە82/8/14.
، رادار و(Sendenanlagen)، شەرکەتیSchwarz&Rhodeی ئەلمانی. سەرچاوە: ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە روندشاو لە
1.
، 70 چەکی(Exocet-Lenkwaffen)، شەرکەتیMBBو Aerospatiale، سەرچاوە: Sipri yearbook1987S,251.
، چەك و تەقەمەنی زرێپۆش، شەرکەتی Fritz Werner Geisen. سەرچاوە: شبیگل1987/31، لا48.
، مەشقپێکردن بە 25 کەس لە ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی عیراقی لە لایەن Carl-Duisberg-Zentrum
GmbHو لەشکری ئەلمانی. سەرچاوە: DVZ1984/1/27، بەرنامەی مۆنیتۆر.
یقۆشیEE-Urutu، شەرکەتی دایملەر بەنز و شەرکەتی ئینگیسا.
شەرکەتیKarl ,Kolb Rhema Labortechnikو,Quast Herberger Bau hammerدەزگای درووستکردنی چەکی کیمیاوی
نارد. سەرچاوە: پانۆراما لە 86/10/27
، شەرکەتی ئێم بی بی و ئایرشبیسیال28(ئەلمانی-فەرەنسی)0Exocet-Lenkwaffenبۆ ئیراق دەنێرن. سەرچاوە: ipiri
251,S1987
، 6000راکێت بۆ سیستێمی ASTROS-IIلە لایەن شەرکەتی H Metalform&Hو شەرکەتی بەرازیلیAvibrasبۆ ئیراق
هەمان سەرچاوە، لا250 و گۆڤاری شبیگل1989/51،لا.94
، 6هیلیکۆپتەری-117BKلەلایەن شەرکەتیMBB ,Denzel و Nagel&Kuehneی نەمساوی. سەرچاوە: گۆڤاری شتێرن لە
.
ەش وپێکهاتەکانی(کۆمپیوتەر، ئامێر، ئەزمایش...هتد)سەنتەری لێکۆڵینەوەو گەشەپێدنای سەربازی سعد -16 لەلایەن
کەتانەوە نیردراوە: Kar Kolb ,Fritz Werner ,Rheinmetall ,MBB ,(Generalunternehmer)Gildemeister, ,Siemens
Koerber,(Firmengruppe)mbH/BP/Degussa/Mauser/Tesa/Zeiss Integral/Sauer Informatic/CMES. سەرچاوەکان:
شبیگل، ژمارە13، لە1989 و ڕۆژنامەی تاتس لە1989/4/28، فرانکفۆرتە روندشاو، شبیگل لە 1989/3/27. لە لیستەکەدا
ی هەر مەتریالێك بە ژمارەیەکی جیا بڵاوکراوەتەوە. من هەمووم کردووە بە ژمارەیەك.
،مەشقپێکردن لە بوارەکانی سەعد 16، لە 38شەرکەتی ئەلمانی مەشق پێکردنی ئەفسەرانی ئیراق بەرێوەچووە. ،
سەرەکییەکان: ئێم بی بی، Koerber. سەرچاوە: Profil 20.3.1989
، شەرکەتی Water Engineering Ttading GmbH(W.E.T), Merkur 50تون لەم مادده کیمیاوییانەی خوارەوە بۆ عیراق
Phosphor, Tabun-Grundstoffe, Natriumfluorid, Isopropylamin, Methylenchlorid.. سەرچاوە: گۆڤاری شتێرن لە
فرانکفۆرتە روندشاو لە 88/4/28، ڕۆژنامەی تاتس لە 87/12/10.
کەتی(دووبل یو.ئی.تی)پرۆژەی چەکی کیمیاوی بە ئیراق(لە فەلوجە)دا. ئەم پرۆژەیە بۆ درووستکردنی ماددەی تابون،
ە7V. سەرچاوە: کۆپن/کۆغ1990، لا239.
، شەرکەتی ئێم بی بی(ئەلمانی)و ئایەر شپیسیال(فەرەنسی)پێکەوە96چەکی Exocet-Lenkwaffen بۆ ئیراق
ەرچاوە: سەرچاوەی پێشوو، لا251
، 176زرێپۆشی ئی.ئی-9کاسکەڤال. سەرچاوە: بەرازیلیشە ناخرشتن1987/94، ڵا10. بە دووهەواڵی جودا
ەوە. یەکەم جار 26زرێپۆش و دووهەم جار 150. من کردوومن بە یەك هەواڵ.
، شەرکەتی Magirus-Deutz, ، و شەرکەتی Leitzی ئەفریقای خواروو، -G 5Haubitzen 155mmبۆ ئیراق دەنێرن. هەمان
لا254.
، 180شاحینە لەلایەن شەرکەتیSteyr-Daimler-Puch, MTUنەمساوی بۆ ئەدرەسی وەزارەتی بەرگری ئیراق دەنێرن.
گۆڤاری بوکو، جەنگی ئیراق - ئیران، لا.12، گۆڤاریiz 3Blaetter des 128W/1985.s 3K.
، ناردنی چەکی بیولۆگی، لەلایەن شەرکەتیRhema Laborttechnikئەلمانی.
شبیگل1990/33.
، شەرکەتی Kuehn Sigma Chemie, Platoچەکی بیۆلۆگی Pilzgiftبۆ ئیراق دەنێرن. پێکهاتەکانی: T-500 2mg .u100mg
To,2000 ,Diacetozyscripenol 100mgVerracarol. سەرچاوە: فرانکفۆرتە روندشاو لە1989/1/31.
شەرکەتی(دوبل یو. ئی.تی) ئامیری تری ناردووە بۆ بەکارخستنی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی لە فەلوجە کە لە

1۹کەوتووەتە کار کردن. سەرچاوە: شبیگل 1989/4.
کەتی دایملەر بێنز(مێرسیدس)6737شاحینەی سەربازی بۆ ئیراق دەنێرن. سەرچاوە: گۆڤاری دێر شبیگل، ژمارە 31 لە

، شەرکەتی Deutschland Philips50چاویلکەی-Typ MB8028. فرۆکەوانی هیلیکۆپتەر بەکاریدەهێنن. نرخی4،5ملیون
رچاوە: رۆژنامەی تاتس لە1989/6/7وگۆڤاری دژ بە ملیتاریزم (بوکۆ)، ژمارە25.
، شەرکەتی Krupp Atlas Elektronikمەشق بە ئەفسەرانی ئیراقی دەکەن. سەرچاوە: بوکۆ، جەنگی ئیراق-ئیران، لا13
، شەرکەتی ( Sigma Chemie, Plato Kuehn HT-100Pilzgift 2mg T .2u)چەکی کیمیاوی بەنرخی600هەزار مارك بە
رۆشن. سەرچاوە: رۆژنامەی فرانکفۆرتە روندشاو لە 1989/1/30.
، شەرکەتی(دووبل یو.ئی.تی)ئەلمانی و شەرکەتی(Atochem) ی فەرەنسی، مەشق بە پسپۆرە ئیراقییەکان دەکەن
ەکی کیمیاوی. سەرچاوە: رۆژنامەی تاتس لە 89/1/26.
، شەرکەتی ماوزە(یونان)، سیمینز، چەکی دژ ئاسمانی Artemis30بە ئیراق دەفرۆشن. سەرچاوە: شبیگل، ژمارە 31 لە

، شەرکەتی دایملەر بێنز و ئینگیسا200زرێپۆشی Jararcaبە ئیراق دەفرۆشن. سەرچاوە: کتێبی سیپری یارس
لا.250.
، شەرکەتی ئەلمانی داایملەر بێنز250زرێپۆشیCascavalبە ئراق دەفرۆشن. سەرچاوە: هەمان سەرچاوەو هەمان

کەتیPaul Heinrich Reederei، 2085لەFliegerbombengehhaeuse بۆ ئیراق دەنێرن، سەرچاوە: EI Pais, 10.5.1987
، 6ئەفسەری ئیراقی لە لایەن سوپای ئەلمانییەوە لە قوتابخلنەی بالاَی سەربازی، مەشقیان پێدەکرێ. سەرچاوە:
زوید تسایتونگ لە 1987/7/29.
، شەرکەتیMBB، دەزگای پرۆژەی 395 بۆ درووستکردنی رۆکێتی ناوەند هاوێژ بە نرخی 1000ملیون بۆ ئیراق دەنێرن.
Koppe/Koch1990.S/293-343
، ئەم شەرکەتانەی خوارەوە، بەرپرسن لە درووستکردنی پرۆژەی395و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی:
Meyer(ROM), Schaeftlmaier  Boswau(Wtb), BBC, Nickel Klimatechnik, Siemens(Erlangen), Rudolf Otto Walte
,MBB ,Elektroanlag
Industrieofenanlagen-. سەرچاوە: Koppe/Koch 1990S ,293, Spiegel 1990/39S,32.
، شەرکەتی Firmen H Metalform und weitere BRD&Hپرۆژەی راکێتی -1728بە ئیراق دەفرۆشتن و بۆی دادەمەزرێنن
ەرچاوە، لا244.
شەرکەتیLoI Industrieofenenlagn(Rorgas-Tochter) کۆمپانیای درووستکردنی بۆمبا لە شاری تاجی درووستدەکەن.
شبیگل1990/32
شەرکەتیLeyboldبەشداری لە درووستکردنی فابریکی بۆمبادرووستکردن لە تاجی دەکەن. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
شەرکەتی بیناسازی Zueplin (ئێستا لە سلیمانی مەکتەبیان کردووەتەوەوHochtiefکۆمپانیای بۆمبادرووستکردن لە
وستدەکەن. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارەی1990/28.
شەرکەتی H Metalform&H ماشینی چەکی ئەتۆمی بۆ درووستکردنی، Gaszentrifugen . هەمان سەرچاوەی
1990/3
شەرکەتیExport-Union, Saarstahl، مەعدەنی تایبەت بۆ چەکی ئەتۆمی بە نرخی3،8 ملیون مارك بۆ ئیراق دەنێرن و
پسپۆرە ئیراقییەکان دەکەن. سەرچاوە: رۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگماینە تسیتونگ و گۆڤاری دێر شبیگل1990/33.
کەتیInwako GmbH، ماگنێتی بازنەیی بۆ درووستکردنیultrazentrifugeدەنێرن. سەرچاوە: شبیگل1990/400.
شەرکەتیGraeser GmbH، بەشدلری دەکەن لە دامەزراندنی کۆمپانیای بۆمبادرووستکردن لە تاجی. هەمان سەرچاوەو

ەتی ئێم.بی.بی،16هیلیکۆپتەری-BK117بەئیراق دەفرۆشن. سەرچاوە:Sipri yearbook1990S,280.
، شەرکەتیLeico&Hertl, Leifeld)Co)، بەشداری لە پرۆژەی راکێتی 1728کردووە. سەرچاوە:
Wirtschaftwoche22.6.90, S54-58
انقیDresdnerی ئەلمانی وبانقی ئیتالیاییBNLبەپوول پشتگیری لە درووستکردنی پرۆژەی1728یان کرد. سەرچاوە:
BUKO Rund27و رۆژنامەیFinancial T8.9.89<
شەرکەتی GmbH MAN, SMS Hasenclerverبەشداریانکرد لە پرۆژەی1728. سەرچاوە: شبیگل1990/28.
کەتیFerrostahl, Rheinmetall, Buderusبەشداریانکرد لە درووستکردنی کۆمپانیای درووستکردنی بۆمبا لە تاجی.
شبیگل1990/28.
، شەرکەتیKloecknerفرنی کولاَندنی ئاسن بۆ کۆمپانیای بۆمبادرووستکردن لە تاجی نارد. سەرچاوە: سەرچاوەی
.2
 بەرنامەی پانۆراما لە 1990/10/4، ئەندامی"سەربەخۆی"موخابەراتی ئەلمانی دەستیان لە ناردنی چەکی کیمیاوی

یکایش رۆڵی خۆیی گێراوە لە بەهێزکردنی رژێمی سەددام: هەروا بەگوێرەی سەرچاوەی نیویۆرك تایمز، وەزیری بەرگری
ەمریکا(رامسفیڵد)، لە کاتی جەنگی ئیراق-ئیران، لە1983سەردانی ئیراق کردووەو بە رێپێدانی وەزارەتی ئیکسپۆرتی
ەکی بیولۆگییان بە رژێم داوە.
ەرکەتیتر.
 سەرەکی ئەم لیستەیە، لە دوو گۆڤاری ئەلمانی دژ بە ملیتاریزم و خەباتدەکەن لە پێناو رێگەگرتن لە بەرهەمهێنان،
 ناردنی چەك و تفاقەکانی چەکسازی بەناوی:
TATORT I1990و,Die Totes Kremer1991.
ەم وتارە لە رۆژنامەی ئاسۆ بە دوو بەش لە 29-2006/6/30 بڵاوکراوەتەوە

2

## کۆمونیزمی کرێکاری چییە؟



C. G. Babeuf (nach einem Kupferstich von de Sève)

پێشەکییەکی کورت: وەك ئاشکرایە،مارکس/ئەنگلس لە ئاشنابوونیان بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمونیستی فەرەنسی، شان بەشانی ئابووری بەریتانیا و فەلسەفەی ئەلمانی، گەشەیان بە بیروڕاکەیان دا. هەردوکیان، لە ئیدۆلۆژی ئەلمانی، مانیفێستی حیزبی کۆمونیست، نامەکان و یەکێتی کۆمونیستەکانی ئەلمانیاهێمایان بۆ ناوی بابیف کردووە. ئێمەیش، هەر بە حوکمی بارودۆخەکەمان زانیاریمان زۆر کەمە لە بارەی قۆناغی بزووتنەوەی کۆمونیزم لە فەرەنسا، پێشی کۆمونیستی زانستی. لە پاش شۆشی گەلانی ئێران لە دژی شا، سێ ڕەوت بە دەستی دوو و سێ و بە گاڵتەجاڕییەکی مێژوویی، بۆ چارەڕەشی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە ڕێگای ئێرانەوە(شوێنی دەرکەوتنی مەهدییەکانە) روویکردووەتە کوردستان و زۆر یا کەم ئەمانیش کارتێکردنی نەگەتیڤانەی خۆیان کردووە:

1/ بزووتنەوە، تاوان، بەربەرییەت و دواکەوتوویی ئیسلامییەکان.

2/"مارکسیزمی شۆرشگێڕ"ترۆتسکیزم کە مەلا بەختیار، لە ژێر کارتێکردنی"هاوڕێ"مەنسوورو ئەندامی ئومەمییەتی چوار سەلاحی موهتەدی، بوو بە شاگردیان، هیچی پێ نەچوو،"بەهۆی گۆڕانکارییە جیهانییەکان!"بۆ ناو یەکێتی گەڕایەوە، بەڵام هێشتا هەر خەریکەو ناراستەوخۆ بە یارمەتی شاگردەکانی کە ئێستا"ڕۆشنبیر"و"بێ لایەن"نن، خەریکی پرۆژەی"سەربەخۆ"و"مۆدێرن"ن کاری خۆی دەکات. باڵێکی تری ئەم ڕەوتە، ئێستا بە ناوی کۆمونیزمی کرێکاری کاردەکەن، ئەمانیش بە سوونەتی خوردەبۆرژوای ناڕازی، بە هاتوهاوارو بۆچوونی ناواقیعی کەسێکی نارسیس، وەك گروپێك کاردەکەن و هێشتا پەیوەستن بە"تاقە بلیمەتی تیئۆرستی سەردەم"کە ناوی کۆمونیزمی کرێکاری لە گروپەکەی ناوە، بە بێ ئەوەی بۆ خەڵك روونی بکاتەوە، ئەم ناوەی لە کوێ هێناوە، بۆچی ناوێکی هەڵبژاردووە کە پەیوەندی بە قۆناغی کۆمونیستی پێش مارکس و ئەنگلس هەیە؟ بۆچی ئەم بارە زانیارییە لە خەڵك شاردووەتەوە؟ مەبەستیان کامە باڵی کۆمونیزمی کرێکارییە؟ چ جیاوازییەك هەیە لە نێو بزووتنەوە چینایەتی، جەماوەری بەهێز و ڕەسەنی کۆمونیزمی کرێکاری ئەو سەردەمەو ئەم گروپە؟ بۆچی مەنسور لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێ(من ووشەی کۆمونیزمی کرێکاری لە بری ووشەی"کۆمونیزم"بەکار دەهێنم)گوایە بە قسەی خۆی"ووشەی کۆمونیزم، تایبەتمەندە چینایەتییەکەی لە دەستداوە، وەك لە سەردەمی بلاوبوونەوەی بەیانی شیوعی لە 1848...) ئەمە راستە؟ یا گاڵتەجاڕییەکە بە سەر هەندێ برادەر تێپەڕیوە! هەندێ لە ئەندامەکانیان تەنها بەوە بەس دەکەن، کە ئەم ناوە بۆ ئەوەیە، خۆیان لە ڕێکخراوەکانی تر جیا بکەنەوە!(بەڵێ ڕێکخراوەکانی تر، چونکە ئەم برادەرانە بەو قەوارەو ئاستە فکرییەوە هیچ لایەکی تر بە کۆمونیست نازان). پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشان دەبێ مێژووی خەباتی پتر لە100ساڵی رابردوو، بە

ملیونان قوربانی و وەك بزووتنەوەیەكی واقیعی وەلا بنێن و بكەونە دووی ئەم گروپە!. ئەم برادەرانە خۆیان كردووە بە ئالأی دژایەتی خەباتی كۆمونیستی جیهان و بە خێر دەیانەوێ بەوحالە شوێنی بگرنەوە![3]/ گروپە جوانەمەرگەكەی"زمان نو"! ئا بەم شێوەیە، جووتبوونێكی نارەسمی، بێ ئاهەنگێرانی"مۆدێرن"لە نێو پەروەردەبووەكانی رەوشتی چینی بازرگانی بالأدەست و تێروانینی دوور لە مێژووی بزووتنەوەی كۆمونیستی هاتە ئاراوە و تەنها لە سەر هەڵەو كاری نابەجێی و پێ نەگەیشتوویی بزووتنەوە راستەقینە دەڵەوەرێن. وەك دەڵێن، شتە پیرۆزەكان هەمیشە سێ دانەن، ئەم"سێ پیرۆزە خوڵقێنەرانە"لە كوردستان وەك ئاجبایەتییەك سەیر دەكرێن، هەر دەڵێی قازە سەیرەكەی(ڤلادیمیر سووتاییف)ن[2] .

لەگەڵ ناوی(**Babeuf** Francois Noel) ناسراو بە(Gracchus)1760-1797، زاراوەی كۆمونیزم بۆ یەكەم جار وەك دەربڕینێكی هاندەرانەی واقیعی حیزبێكی شیوعی، بەكارهێنرا[3] . وەكو بزووتنەوەیەكی جەماوەری عەوامی پێشی پرۆلیتاریا، واتە ئەوانەی كە قورسایی شۆڕشی بۆرژوازییان گرتبووە ئەستۆ، لە كۆتاییدا لە بەرهەمەكەی بێ بەش كران. بابیف لە سەردەمی رۆشنگەری لە كۆتایی سەدەی هەژدەهەم، وەك هزرو كردار، نوێنەرایەتی كۆمونیزمی دەكرد، و پشتئەستور بە ئەزموونی شۆرشگێرانەی گەل لە دژی سەرمایەداری تازەپێكهاتوو. ئەم بزووتنەوەیە(لە روانگەی پرۆلیتاریاوە، كۆمونیزمی كردبوو بە بەرنامەی خەبات، چونكە تەنانەت تاكە یەك كێشەی كۆمەلأیەتیش لە لایەن كۆماریی و دەرەبەگەكانەوەچارەسەر نەكرابوو)[4] . لە بەر ئەم هۆیانە، بابیفێكان بە هۆی جەنگی سەرسەختانەی دەوڵەمەندەكان لە دژی هەژارەكان، بڕوایان(بە كردەوەیش پەیڕەویان دەكرد)بە پێویستی خەباتی چینایەتی شۆڕشگێڕی نەدارەكان لە دژی چەوسێنەران هەبوو و لە پێناوی بە ئەنجام گەیاندنی كۆمونیزم.

لە پاش كۆتایی پێهاتنی هەردوو راپەڕینە جەماوەرییەكەی ساڵی1795كە بە سەركەوتنی بۆرژوا تەواو بوو، بابیف بە ئاشكرایی پەرەنسیپی گۆڕانگاری كۆمونیستی كۆمەڵگای راگەیاند، ئەو پەرەنسیپانە كە لە ساڵی1787وە تێدا سەرقاڵی بوو. نووسینەكانی ناوەڕۆكی كۆمونیزمی عەوامی هەبوو، ناسراو بە كۆمونیزمی یەكسانی. ئەم بۆچوونانە تا دۆزینەوەی یاساكانی پەرەسەندنی كۆمەڵگا لە لایەن ماركس و ئەنگلسەوە، بە بڕبڕەی ئیدۆلۆژی پرۆلیتاریا مایەوە. پاش چەندین ساڵ لە هەژاری بێ وێنەی گەڵ، بابیف مەسەلەی دابەشكردنی،خستە ژێر پرسیارەوەو موڵكداری بە دیلكەری راستەقینەی مرۆڤایەتی ناساند. ئیدیای لیبڕالیستەكان كە ئیدیای ئازادی بزووتنەوەی موڵكداری تایبەتە، وەك ئیدۆلۆژی بۆرژوازی دەستنیشان كردو داوای دەستراگرتن بە سەر موڵكداری دوژمنانی گەل دەكرد و بڕوای بەوە هەبوو یاساكانی میرات، رۆژ لە دوای رۆژ لە ناو ببات.

بابیفییەكان سەرمەستی دامەزراندنی كۆمارێكی گەلی بوون و بانگەوازی چەكداركردنی گشتی گەلیان هەڵگرتبوو، بڕیارنامەی دیكتاتۆریانە بۆ چەوساندنەوەی چالاكییەكانی دەوڵەمەندە دژە شۆڕشیان دەردەكرد. وەك

---

[2]/ ضیرۆكیَكة بۆ مندالاَن، ئیَش دوو سالَ وةرمطیَرا و لة ریَطای كوردستان بلاَو كرایةوة. سةرنووسةرةكةی جارانی كولاَن، لة هیض و خۆرِایی، با بلَیَم تةنها لة حةماقةتةوة، لة سةروتاری طولاَن هیَمای بۆ ئةو ضیرۆكة كرد و نازانم بة ض ئةقلَیَك وا تیَطةیشتبوو، كة مةبةستی ئةو ضیرۆكة، ئارتییة. من ئیَستاش سةرم سورِماوةتةوة بة بلیمةتي ئةو برایة!

[3]/ ماركس/ئةنطلس، جلدی ضوار، لاثةرِة341.

[4]/ هةمان سةرضاوة.

مانۆڤەرێکی تاکتیکی، ڕێگای یەکگرتنەوە لە گەڵ یاقووبییە چەپەکان و هەموو دیموکراتەکان لە سەر بنچینەی دەستووری ساڵی1797گرتە بەر بۆ دامەزراندنی کۆمارەکەیان. بە پێی ئەم دەستوورە، بانگەوازی گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ گەل دەکرد. ئەم بەرنامەیەش، بەرنامەی لایەنی کەم بوو کە لە داخوازییە دیموکراتی بۆرژوازی دەرنەدەچوو، بەڵام بابیف لە سەر بنچینەی ئەزموونی دیکتاتۆرییەتی یاقوبییەکان، هوشیاری ئەوەی هەبوو کە بیری دیموکراسی شۆڕشگێڕ، تەنها لە کۆمونیزم بە ئەنجام دەگات.

ئەم بزووتنەوەیە، بزووتنەوەیەکی پیلانگێر نەبوو، بەڵکو پشتی بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەرینەوە بەستبوو. ئۆرگانی(Le Tribun du Peuple) تریبوونی گەلیان دامەزراند وەك بنکەیەکی ڕاگەیاند، بەیاننامەی هاندەرانەیان بلاّودەکردەوەو لە گشت گەڕەك و جادەکانی پاریس و دەوروبەری چالاك بوون. کاتێ لە ساڵی1796ناچارکران خەباتی نهێنی بکەن، دەستیان کرد بە ئامادەکردنی ڕاپەڕینی چەکداری، بەڵام بابیف خیانەتی لێ کرا و بڕیاری سەرپەڕاندنی درا.

هەوڵی دامەزراندنی سیستێمێکی کۆمونیستی پێش پەرەسەندنی کۆمەڵگای سەرمایەداری، بە زۆریش بێ، ناکرێ بە سەرکەوتن بگات، بەڵام ئەو خەباتە پیرۆزەی بابیف و چاوەڕوانییەکانی، بوون بە مامانی لەدایك بوونی بزووتنەوەیەکی گەورە و بەرەو تروپکی دامەزراندنی کۆمونیزمی زانستی و حیزبی مارکسی پرۆلیتاریا ڕێگای گرتە بەر. پاش شۆرشەکەی 1831بەهۆی شۆرشی پیشەسازی، هاوڕێیەکانی بابیف سەرلەنوێ درێژەیان بە ڕێگاکەی بابیف دا. ئەم جارەیان بە رابەرایەتی هاوڕێیەکەی(Filipo Buonarroti) 1761-1836. فیلیپۆ لە 1830دا کتێبێکی بە ناوی(پیلانگێڕی بابیف لە پێناوی یەکسانیدا)بلاّوکردەوەو نووسینەکانی بابیف کران بە فێرکاری بۆ شۆرشگێڕە کۆمارییەکان و ڕێکخراوە پرۆلیتارییەکان. کۆمونیستی کرێکاری، پاش ڕاپەڕینە دووهەمەکەی شاری لیون لە ساڵی 1834، کە پاریس و دەوروبەرەکەیشی گرتەوە، لەدیموکراتە بۆرژواکان دوور کەوتنەوەو حەیرانی ئیدۆلۆژی خۆیان بوون و ڕووبەرووی بەرەوپێش کەوتنی ئابووری و کلتوری سەرمایەداران بوونەوە. وەك ڕەوتێکی تایبەت درووست بوو. بابیفە نوییەکان پەنایان دەبرد بۆ بووچونەکانی بابیف و سۆسیالیستە ڕەخنەگرە ئۆتۆپییەکان وەك سان سیمۆن، فۆرییەو بەرابەرایەتی ئەمانەی خوارەوە هاتنە مەیدانی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا: jean jacgues Pillot, Auguste Blanqui, .Theodore Dezamy, Albert Laponneraze ئەمان کۆمونیزمیان لە سەر بنەمای مەتریالیزمی سەدەی هەژدەهەم بە ناوەڕۆکێکی پرۆلیتاری تیئۆریزە دەکردو سەرسەختانە لە دژی بۆرژواو خوردە بۆرژوا خەباتیان دەکرد لە پێناوی مافی یەکسانی بۆ ژنان و خوانەناسی بابیف دەدا، بێجگە لە چەند کەسێ نەبێ وەك(ئەلفۆنسۆ ئیکورۆس، ئەلفۆنسۆ کۆنستانت) و لە دواییدا ڤایتلینگ، کە دەیانویست کۆمونیزم شوێنی مەسیحییەت بگرێتەوە.

شان بەشانی باڵی شۆرشگێری کۆمونیزمی کرێکاری بابیف، باڵێکی ریفۆرمیستیش هەبوو. ئەمانە لەو بڕوایە بوون، کۆمونیزم لە سەر بنەمای پەیوەندی بۆرژوازی-دیموکراسی، بڕواپێهێنان بە زۆربەی زەحمەتکێشان، فشاری ئیدۆلۆژی بۆ سەر چەوسێنەران بە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە جێبەجێ دەبێ. ئەم باڵە کە لەلایەن(گابێت)1856-1788وەرابەری دەکرا، تووشی هەڵدێر بوون، چونکە ستروکتوری چینایەتی دیموکراسی بۆرژوازی لە شۆرشی1848و تا ئێستا نەناسی. گابیت هەوڵی دەدا کۆمونیست و دیموکراتەکان بەیەکەوە گرێ بدا و پێکەوە

خەبات لە پێناوی کۆماری بۆرژوازی بکەن، وەك بنەمایەك بۆ ئەوەی زۆربەی گەل بڕوا بە ئاقڵداری و یەکسانی کۆمونیزم بکەن و بە یارمەتی بیروڕا دەربڕین لە ماوەی پێنج ساڵ بڕوا بە سەرمایەدان بهێنن. گابێت فەرەنسای بەجێهێشت و لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی بۆ ئەمریکا سەریانهەلگرت.، بەو مەبەستە لەوێ کۆلۆنییەك درووست بکا، وەك نموونەیەکی عەمەلی بۆ باشی و چاکەی کۆمونیزم.

باڵی شۆرشگێڕی کۆمونیزمی کرێکاری لە دیژامی و بلانکی بەرجەستە بوو و لە1840گەورەترین خۆپیشاندانی کۆمونیستەکان لە پاریس رێکخست. دیژامی بوو بە بیرمەندی ئەم باڵەو کتێبێکی بە ناوی(یاساکانی بەرهەمی هاوبەش)بلاّوکردەوە. پاش تێکشکاندنی(یاخیبوونی یونی)، بزووتنەوەی کۆمونیزمی کرێکاری تیرۆر دەکران و چوونە ژێرباری خەباتی نهێنی وبایەخی خۆیی لەدەستدا، لە پاشاندا زۆربەی ئەندامەکانی کەوتنە ژێر کارتێکردنی ئینتەرناسیونالی یەکەم بەتایبەتی پاش کۆمونەی پاریس....

بەگشتی، بزووتنەوەی کۆمونیزمی کرێکاری بڕوایان بە:

1/ بزووتنەوەی کرێکاری لە باری ئیدۆلۆژی و رێکخراوەیی وەك هێزێکی سیاسی خۆی رێکبخات.

2/ پرۆلیتاریا بەرهەمهێنەری راستەوخۆی بەروبوومی کۆمەڵگایە، بەهۆی بارودۆخی چەوساندنەوەی ئەم چینە، بایەخ بە شۆرشی کۆمونیستی دەدەن کە ئامانجەکانی لە هەمان کات، ئامانجی سەرتاسەری مرۆڤایەتییە.

3/ ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان تەنها بە لابردنی موڵکایەتی تایبەت و بە موڵکداریێتی و شێوەی بەرهەمهێنانی کۆمونیستی چارەسەر دەکرێن، واتە بە رێگای کۆمەڵایەتیکردتی بەرهەمهێنان.

4/ بەرنامەریزکردنی هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا، لە بری فەوزای ئابووری سەرمایەداری، بۆ ئەوەی پەرەسەندنێکی بێ قەیران لە بواری بەرهەمهێنان، تەکنیك، زانیاری و هونەری دابین بکرێت و بۆ خۆشگوزەرانی هەموو گەل تەرخان بکرێت.

5/ بانگەوازی یەکسانی واقیعی لە بواری پەیوەندییە ئابوورییەکان لە سەر بنەمای موڵکداری گشتی. بەم شێوەیە ئازادی راستەقینە و برایەتی نێوان مرۆڤ دابین دەکرێت و رەوشتێکی نوێ بتەو دەکرێت.

6/ ماف و ئەرکی یەکسان بۆ هەموو: پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی و فێربوونی یەکگرتوو. بەشداری بوونی هەر تاکە کەسێك لە کارکردنی هاوبەش بە شێوەیەك کە هەر ئەندامێکی ناو کۆمەڵگا، رێگای ئەوەی هەبێت، تواناکانی پەیڕەو بەهێز بکاتو لە خزمەتی کۆمەڵگا بەکاری بهێنێت، بەهەمان ئەندازەیش داخوازی ماددی و رۆحییەکانی تێر بکرێت.

7/ کۆمەڵگای چینایەتی، مانای پیچشێلکردنی یاسا سرووشتییەکانی کۆمەڵگا دەگەیەنێت. هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ خۆ پەرەستی خاوەن سەروەت و سامانەکان.

سەرەڕای ئەك خاڵە گشتیانە، کۆمونێزمی کرێکاری رەوت و فراکسیون و گروپی جیاجیای هەبووە، هەروەکو بارودۆخی بزووتنەوەی کۆمونیستی ئەمرۆ.

کۆمونیزمی کرێکاری لە بەریتانیا

لێرەدا، ئەم بزووتنەوەیە لە سەر بنچینەی ئەزموونی خەباتی ئابووری و سیاسی پرۆلیتاریای پیشەسازی پێکهات و بە بووچوونەکانی(Owen)وە بەستراییەوە کە لە سەر مەتریالیزمی فەرەنسی دامەزرێندرا بە تیئۆرییەکانی ریکاردۆ لە سەر نرخی کار(کار سەرچاوەی هەموو بەهاکانە)و لە باری عەمەلییەوە، لە سەر بنەمای بزووتنەوەی هەرەوەزی سالآنی(20و30)کانی سەدەی رابردوو خەباتیان دەکرد. بەگشتی هەوڵیان دەدا، نموونەیەکی واقیعی لە سەر ئەڵتەرناتیڤی سیستێمی سەرمایەداری بخەنە بەرچاو و بۆچوونە تیئۆرییەکانیان لە واقیع پیشان بدەن. بە هۆی بزووتنەوەی سەندیکالییەوە ئەم بزووتنەوەیە ئەوەندی تر بەهێز بوو. ریکاردە چەپەکان و ئەوینە کۆمونیستەکان وەك(وەلییەم تۆمسون)1783-1833روویان ئاراستەی سەندیکاکان کرد بە ئومیدی ئەوەی، بەرێگای دامەزراندنی هەرەوەزییەکان دەسەلاتی سەرمایەداری لەناو ببەن و کۆمەڵگای کۆمونیستی لە سەر بۆچوونەکانی ئەوین بنیات بنێن. سەرەڕای سەرهەڵدانی شارتییەکان، کۆمونیزمی کرێکاری درێژەی بە کارە سیاسییەکانی دا. باڵە بەهێزەکەی لە ناو شارتییەکان(وەلییەم لۆڤیت)1800-1874و هنری هیترنیکتون1792-1849بڕوایان بە ریفۆرمکردنی پەرلەمان بەرێگای ئاشتیانەوە هەبوو شان بە شانی واقعی کردنی پیلانی هەرەوەزی سۆسیالیستی باڵی چەپی ناو شارتییەکان لە لایەن(جۆرج یولیان)و(بیرین برۆنتیری)1805-1864رابەری دەکرا.ئەم هێزە پشت ئەستوور بوون بە بۆچوونەکانی رۆبسبیر و بابیفو لە ناوەراستی بیستەکان هێڵی کۆمونیزمی کرێکارییان دامەزراند....لە پاش تێکشکاندی شارتییەکان لە کۆتایی1832، کۆمونیزمی کرێکاری دوا پلەی خۆی لە دامەزراندنی(Fruternal Democrats)یان پێکهێنا. لە 1845لە مارکس و ئەنگلس نزیك بوونەوە.

مارکس لە بارەی کۆمونیزمی کرێکاری لە ئەڵمانیا دەڵێ: ئەمانە یەکەم بزووتنەوەی سەربەخۆی تیئۆری پرۆلیتاریای ئەڵمانیایان پێکهێنا)-جلدی21،لاپەڕەی209....

بەشێك لە مانیفێستی یەکسانی خوازان کە لە لایەن بابیفەوە نووسراوە:

یەکسانی! یەکەم بەروبوومی سرووشتە!یەکەم پێداویستی مرۆڤە...

هەمیشە لە هەموو شوێنێکدا قسە وباسی جوان بۆ مرۆڤ دەکەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەك و لە هیچ شوێنێکدا بەڵێنەکانیان جێبەجێ ناکەن. لە دێرزەمانەوە دووبارەی دەکەنەوە: مرۆڤەکان یەکسانن. بەڵام لەوساوەوە تا ئەمرۆ، بە بێ شەرمەزاری لاشەی مرۆڤ لە ژێر بێ چارەیی و لێ قەوماوترین شێوە و لە ژێر بێ یەکسانیدا دەناڵێنن.

ئێمە چۆن لە دایك دەبین، ئاوا دەمانەوێت بە یەکسانی بژین و بمرین. ئێمە یەکسانی راستەقینەمان دەوێت یا مەرگ. ئەمەیە داخوازییەکانمان بە هەر نرخێك بێ، ئەم یەکسانییە راستەقینەیەمان چنگ دەکوێت....

ئەم زەمینە موڵکی هیچ کەسێك نییە، بەروبوومەکەیشتی موڵکی گشتمانە...

گەلی فەرەنسا

چاوەکانت بکەرەوە. دڵت بۆ هەموو بەختەوەرییەکان بکەرەوە، دان بە کۆماری یەکسانی بنێ و لە گەڵ ئێمەدا بانگەوازی بۆ بکە.[5]

## کورتە باسێکی ژیانی بابیف

لە 1760/11/23 لە (Asine saint-Quentin)لە خێزانێکی هەژار لە دایك دەبێ، بە تەمەنی 15ساڵییەوە ناچاری کارکردن بووە. یەکەم جار وەك فەرمانبەرێك لە لای خاوەن زەوییەك کاری کردووە. پاشان وەك فەرمانبەرێکی(سجل عەقاری)سەربەخۆ لە شاری پیکاردی کاری کردووە. بەهۆی ئەم کارەوە، شارەزاییەکی باشی دەبێت لە ناوەرۆکی چەوسانەوە لە لایەن دەرەبەگ و سەرمایەداران و چۆن ژیانی جووتیارە بچووکەکان وێران دەکەن. لە 1786/78بیر لە نامەگۆڕینەوە دەکات لە گەڵ سکرتێری ئەکادیمی( Dubois du Fosseux)لە شاری (ئاراس)بۆ دامەزراندنی ئابووری هەرەوەزی و لە پاشاندا کاری سیاسی و رۆژنامەگەری دەکات. لە رۆژنامەی(لی کۆرسپۆندیس پیکارد)داوای ریفۆرمی زەوی و نەهێشتنی باجی ناراستەوخۆ دەکات. شان بەشانی رۆبسپیر، مارات و(L Ange)بانگەوازی هەڵبژاردنی گشتی و کۆنترۆلکردنی(کۆبوونەوە دیموکراتییەکان)و دیموکراتیکردنی لەشکر دەکات...دەبێ بە سەرنووسەری (رۆژنامەنووسی ئازاد...کاتێ لە زیندان دەبێ، هەواڵی مەرگی کچەکەی(سۆفی) پێ رادەگەیەنن. سۆفی لە برساندا گیانی لەدەستدا. لە سەر بڕیاری بۆناپەرت، لە سەرەتای1796دا، (کلوپی پانتسیون) و رۆژنامەکەیان کە بوو بە ناوەندی هێزە شۆرشگێرەکان، قەدەغە دەکرێ. بابیف ناچاری خۆشاردنەوە دەبێ و لە گەل هاورێکانی، کۆمیتەی ناوەندی نهێنی راپەرین دادەمەزرێنێت کە پەیوەندیان لە گەڵ هەموو گەڕەگ و جادەکانی پاریس دەبێ. ئەو راپەرینە بە(پیلانگێران لە پێناوی یەکسانی)دا لە مێژوو، ناوبانگ دەردەکات

لە 1797/5/27 ملی دەپەڕێنن.

**بەشێك لە نامەکەی بۆ هاوسەر و منداڵەکەی:**

خۆشەویستەکانم، بەشادی بژین. من ئامادەم بۆ نووستنی ئەبەدی، کفن بکرێم. لەو بڕوایەدا نەبن داوای لێبووردن بکەم بۆ ئەوەی کە خۆمم بۆ باشترین مەسەلە قوربانی کرد. تەنانەت ئەگەر مەرگیشم بێ هودە بێ، بەلأم من ئەرکەکانی سەرشانم جێبەجێ کرد...

2002/6/7

## کام جیهان؟ جیهانی ئاشتی یا تیرۆر؟

ئەوەی ئیمانۆئیل کانت بە کۆڵەکەی رێکخستنی ئاشتی جیهانی ناوبردووە(دەستوری دیموکراسی دەوڵەتانی ئەندام، پەیوەندی چڕوپڕی بازرگانی و دەزگا جیهانییە هاوبەشەکان)، بە هەموو رەهەندەکانیانەوە، لە سەر ئاستی پراکسیس هاتنە کایەوە(نەتەوە یەکگرتووەکان، دادگای هاوبەش، سەدان رێککەوتننامەی بازرگانی، ئابووری، سەربازی، پەروەدەیی جیهانی...هتد). بەلأم چونکێ ئەو سێ کۆڵەکەیە، بوون بە ئامێر بە دەستی

[5] /Gracchus Babeuf, Die Verschwoerung fuer die Gleichheit

بەرژەوەندی تایبەتی مۆنۆپۆلە پیشەسازی-بانقییە زلهێزەکان، بۆیە تا ئێستا"ئاشتی هەمیشەیی"*، وەك خەونێکی دێرینەی مرۆڤایەتی وەك خۆی ماوەتەوە. بە دەربڕینێکی تر، بۆچوونەکەی کانت نەك هەر شکستی هێنا، بەڵکو، بوو بە زەمینەی شەڕوشۆڕ و تیرۆری هەتا هەتایە تا ئەم چرکەیە، وەك بڵێی"دەسەڵاتی ئەقڵ-پەیمانی کۆمەڵایەتی جان جاك ڕۆسۆ-"لە شۆڕشی فەرنسا سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە، ئەو دەسەڵاتە کە ئەنگلس لە بارەیەوە دەڵێ: بەڵام ئێمە ئەورۆ دەزانین ئەو دەسەڵاتی ئەقڵە جگە لە دەسەڵاتی بۆرژوازی کە بە وێنە نموونەی باڵا پیشاندەدرا هیچیتر نەبوو، ئەو دادپەروەرییە نەمرە لە دادپەروەری بۆرژوازی خۆی پیشانداو یەکسانی بۆ یەکسانی مەدەنی لە بەرامبەر یاسا کورتکرایەوە...بینیمان چۆن فیلسوفە فەرەنسییەکان لە سەدەی هەژدەهەم، ڕێگەخۆشکەرانی شۆڕش، ئەقلیان کرد بە تاقە دادپەروەری باڵا بۆ هەموو بوونێك. بە بۆچوونی وان، دەبوایە کۆمەڵگا و دەوڵەت لە سەر ئەقڵ دابمەزرێت و ئەوەی پێچەوانەی ئەقڵە، بەبێ بەزەیی پێهاتنەوە لەناوببرێت. هەروا لە ڕاستیشدا، بینیمان کە ئەم ئەقڵە نەمرە هیچ شتێکی تر نەبوو، جگە لە تێگەیشتنی کراوە بە ئیدیال لە لای هاووەڵاتی چینی ناوەڕاست کە ئەو کاتە ڕێك لەسەرە ڕێگای بوون بە بۆرژوازی بوو. بەڵام کاتێ شۆڕشی فەرەنسی ئەم کۆمەڵگای و دەوڵەتی ئەقڵە جێبەجێ کرد، دەرکەوت، ئەك دەزگا نوێیانە کەرچی لە بەراوردا لە گەڵ سیستێمی کۆن، ئەقلانیترە، **بەڵام هەرگیز مەعقووڵ نەبوو. دەوڵەتی ئەقڵ بە تەواوەتی سەرنەکەوت**•

نزیکەی 180جەنگ لە جیهان بەرپابووە و دەبێ. کفوکوڵی مۆنۆپۆلەکانی چەکدرووستکردن دامرکاندن نازانێ، تا دێ بازنەی زەبروزەنگ، شێتانە بەرفراوانتر دەبێ: پار ساڵ، بۆ یەکەم جار لە مێژووی سویسرا، کەسێك هێرشی هێنایە ناو پەرلەمانی کانتۆنێك و چەندین پەرلەمێنتاریستی کوشت. پاش 400ساڵ، بۆ یەکەم جارە، لە نیدەرلەند(هۆڵەندا)، کوشتنی سیاسی ئەنجامدرا*. حەفتەی ڕابردووش، لە ئێرفۆرت قوتابییەکی گەنج،17مامۆستا و قوتابی کوشت پاشان"خۆیشی کوشت"*! تا دێ سەرجەم وەڵاتەکانی ئۆروپا بەرەو ڕاستڕەوی هەنگاو دەنێن(سپانیا، ئیتالیا، دەنیمارك، هۆلەند، نەمسا،

---

* ناوی نووسینێکی(کانت)ة

• Ausgewaehlte Werke, Band V, Die Entwicklung des Sozialismus von der Utopie zur Wissenschaft,Engels, S432-477

* لة 4.5.2002بؤ يةكةم جار لة تةلةفزيونى ئةلمانى طفتوطؤيةكم بينى لة طةلَ ثرؤفيسؤر و سؤسيولؤط و سياسةتمةدارى هولَةندى ثيم فؤرتوين(54سالَ). لةم طفتوطؤيةدا وتى: ئةطةر ئؤروثا ناتوانىَ سنورةكةى بة رووى بيانييةكان دابخات، ئةوا من سنورى هؤلَةندا بة رووياندا دادةخةم. هةروا ثرؤثاطةندةكةى بؤ هةلَبذاردن بريتى بوو لة"هؤلَةندييةكان ثرِن...ئيسلام طةورةترين مةترسيية بؤ جيهان...ثةنابةر زؤرن"داخوازيية سةرةكييةكةى"قةدةغةكردنى هاتنة ذوورةوةى بيانى و موسلمان بؤ ناو نيدةرلةند بوو". تشرشل، برلسكؤنى و سؤسيال ديموكراتى هؤلَةندى بةناوبانط جوث دىَن ئؤيل نموونةى بالاَى بوون. خؤش ئةوة بوو، لة كاتى قسةكردنةكةيدا بؤ رؤذنامةنووسان، لة دوو بؤنةى جياوازدا، دوو كض سةروطويَلاكيان داية بةر كيَك و رسوايان كرد. ثيم وةك ثيَشةنطيَكى ثؤستمؤديَرن خؤيى ثيشان دةدا، راسترِةويَكى راديكال بوو، بةلاَم وةك يورطن هايدةر يا مارى لى ثيَن هيض رابردوويةكى بؤرى نةبوو. كابرا، ضروتى دةكيَشا، مؤديَلى جلوبةرطى ئيتاليايى لةبةر دةكرد، سةرى سفركردبوو، هةروا تؤى نيَرينةى لةناوبردبوو و حيز بوو، لة تةلةفزيونى بةريتانى دايملةر زوو زوو دةيطوت"من ضيتر ثيَويستيم بة ثوولَ نيية، بة تيَروتةسةلى ثوولم هةية". وةك رؤذنامةى دى ظيَلَت نووسيبووى"سةرروووتيية تايبةتمةندةكةى وةك ريكلامى بيرةى هاينكن، ببوو بة ريكلام". لة بةر قسة زلةكانى و شيَوةى خؤ دةرخستنى، تةمةنى لايةنطرةكانى لة نيَوان15-25 سالَ و 45-60 سالَ بوون. بة طشتى وةك بلَيَى سياسييةكى نوىَ بؤ هؤلَةندا لة دايك بووة!
ئةمرؤ6.5.2002 ئيَوارة، لة لايةن نةناسراويَكةوة كوذرا، بةبىَ ئةوةى شايةنى فرميَسك رشتن بىَ! سةركةوتنى ئةم كابراية كة لة ماوةيةكى زؤر كورتدا، ببوو بة هيَزى سيَهةم لة ولاَتةكةى، مةترسييةكى جيددى ثيَكدةهيَنا بؤ هةزاران ثةنابةرى كورد و غةيرة كورد كة رؤذانة هةرِةشةى ديثؤرتكردنيان لىَ دةكرىَ، هةر تةنها ئةم هةرِةشةية تيرؤر و تاوانيَكى بىَ ويَنةية دذى مرؤظايةتى. كةسيَك بة ناوى زاشاوة لة مالَثةرِى ئيندى ميديا، نووسيبووى: فاشيزم تاوانة، **مرؤظيش لة طةلَ تاوان نادوىَ!** سةير ئةوةية، بكوذةكةى، بة طويَرةى ثشكنينى ثؤليس، يةكيَك بووة لة ثاريَزةرانى ذينكة! بةراستى بيرى راسيزم و رةطةزثةرةستى زيانيان بؤ ذينكة هةية
راستة بة كوشتنى ئةم كابراية، بيرى راسيزم لة نيدةلةند كؤتايى ثىَ نايةت، سبةى يةكيَكى تر شويَنى ئةم"جوانةمةرط" دةطريَتةوة، بةلاَم ئةوةش حةقيقةتة كة بزووتنةوةى ئةنتى راسيزم، فاشيزم بة شيَوةى جؤراوجؤر ثرؤتيَست دةكةن. هةلَبةت لة ناو ئةم بةرطرييةدا، كةسانيَك هةن بىَ ئارام و ثةلةثةلكةر، بؤية ريَطاى ئةكتسيونى شؤرشطيَرانة دةطرنة بةر. بةطشتى، زةحمةتة لة ئؤروثا، ضةث، كؤمونيست يا ثةنابةرو كؤضكراويَك بدؤزريَتةوة، بة كوشتنى ئةم ثياوة"مؤديَرِنة"، خؤشحالَ نةبىَ، مةطة"اللةهومة"كابرا هةر بة جاريَك لة طويى طادا نوستبىَ!ئةم ئةكتسيونة بةشيَكة لة هاوارى NO pasaran(ناهيَلَين تيَثةرِن).
*زانيارييةكان لة بارةى ثيم، لة مالَثةرِى ئيندى ميديا، بابةتى زانيارى لة بارةى ثيم فؤرتؤين وةرطرتووة.
* لةم ثةيوةستةدا، بؤ ضارةسةرى كيَشةى توندوتيذى و كوشتن، سةرؤك حكومةتى ئةلمانيا، ديداريَكى لة طةلَ بةريَوةبةرانى تةلةفزيون كرد و داواى لىَ كردن ئةو فيلمانة كة كوشتن و زةبروزةنطى تيَداية، ثيشانى نةدةن! هةر هةموو ميدياى ئةلمانى تازة بة تازة باسى رؤلَى ئةو يارى و فيلمة توندوتيذةكان دةكةن لة زؤربوونى توندوتيذى لة نيَو جوانان. هةروا برِياريان دا ياساى ضةك هةلَطرتن سةختتر بكةن! كلاراى كضم(10سالَ)لة بارةى تاوانةكةى ئيرفؤرت طفتوطؤى لة طةلَ كردم، قةناعةتم ثىَ هيَنا نامةيةك بؤ شرؤدة بنووسىَ، ثيَشنيارةكةمى ثةشةند كردو نووسى: ...زؤر بة باشى دةزانم كة بةريَوةبةرانى

یونان، فینلەند)و هەنگاو بە هەنگاو(بۆ نموونە) مافی پەنابەران پێشێلدەکەن، سیستێمەکەیان نەخۆشە، لەوەتی هەیە، بێکاری بە بەرهەم دەهێنێ، **کەچی ئێستا پاش 300ساڵ، پەنابەری کورد دەکەن بە بەرپرسیار لە بەرامبەر بێکاری**، بۆیە بە بەردەوام لە سەر ئاستی دەوڵەتانی"مۆدێرن و دەسەڵاتی ئەقڵ و یاسا"هەڕەشەی دیپۆرتکردنیان لێ دەکەن! سیستێمەکەیان ڕەوی بە کۆمەڵ لەسەر ئاستی جیهانی بەرهەمدەهێنێ، ئاستی گوزەرانی مرۆڤەکانی باشوور لە گەڵ باکوور زۆر قوڵتر کردووە، بۆیە خەڵك ڕێگای هات و نەهات دەگرنە بەر. کەچی هەندێ کەسی کورد زمان پێیان وایە،"تۆپ و تانك و چەکی ئەتومی و دەسەڵاتی جیهانی، ئەو دوو ئیدارە داماوەی کوردستان، کە هیچ کاریگەرێتییەکی بە سەر سیاسەتی جیهانییەوە نییە، پەنابەری و کۆچکردن بە سەر باشووری گیتی سەپاندووە!(لە گشتەوە بۆ تایبەت، نەك بە پێچەوانەوە، ئەم یاسایەش ڕۆڵی تایبەت ناسڕێتەوە!). لە گفتوگۆیەکانیان دەڵێن، بۆ ئەوەی کۆتایی بەم وەزعە بێ، دەبێ لە کوردستان ریفرەندوم بکرێ! ئەم خۆشەویستانە پرسیار لە خۆیان ناکەن بۆچی خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە 2-3هەزار ساڵە دەوڵەتیان هەیە، لە پێشی کوردان بە چەندین دەیە، داوای پەنابەری یا کۆچ کردووە! لەوەیش خۆشتر ئەوەیە ئەم داخوازییە فەنتازییە، لە بەر لووتی تورکیاوە، لە مام گورگی دەکەن!...

سەرمایەداران، بەچکی دیموکراسی و بە ناوی مافی مرۆڤەوە، جەنگ ڕادەگەیەنن بەلاّم لە بەر ئەوەی بە قووڵی بیریان لەلای پیلانگێران و مسۆگەرکردنی بازاڕ و قازانجی زیاترە، ڕەنگە لە بەر کەرایەتیشیان بێ(مێشکیان پێ ناشکێ)، بە درێژایی چرکە، ڕۆژ، مانگ و ساڵەکان، لە بیریان دەچێت کە بە خۆیان ڕاگەیاندنی گشتی مافی مرۆڤ، لە 1948لە بارەی **مافی کارکردن**(پەرەگرافی 23)، **مافی ئاسایشی کۆمەلاّیەتی**(پەرەگرافی 22)، **مافی فێربوون**(پەرەگرافی 26) لە ناو وڵاتەکانی خۆیاندا پێشێل دەکەن، **بە بێ ئەوەی خۆشیان بە پێشلکەری مافی مرۆڤ بزانن**!هەواڵەکانی دوێنێش وایان ڕاگەیاند کە یورگن هایدەرو حزبەکەی لە نەمسا دەیانەوێت ئەمڕۆ8.ئایار ڕۆژی ڕزگاری لە فاشیزم، پرسە ڕابگەیەنن! نامۆیی ئەوەندە قووڵ بووە، تەنانەت کۆنفرانسی(buko)لە5.9لە فرانکفۆرت لە ژێر ئەم ناوەوە دەستپێدەکات:"جیهانگیری یا"ئیمپریالیزم"یا: بەڕاستی، لە چ جیهانێکدا دەژێین؟جاران گوێمان لە جەنگی درێژخایەنی هاورێ ماو دەبوو، ئێستا لە پاشی 9.11وە گوێمان لە جەنگی درێژخایەن لە دژی تیرۆریزم دەبێ، بەبێ ئەوەی پێناسەیەکی سەرەتایی بۆ تیرۆریزم بکەن.

لەوەتی دەسەلاّتی سەرمایەداری"سەرکەوتن"یان بە سەر شوورەوی و بلۆکی سۆسیالیستی بەدەست هێناوە، ئەوەندەیتر، بە ملهوڕییەکی لەبەرچاوتر، بوون بە مرۆڤخۆرێکی جیهانی و بەسەر لاشەکان دەڕوِن، تەنها حیساب بۆ مانەوە، قازانج و هەرچی قازانجی زیاتر دەکەن، ئاشتیش تەنها، یەك واتای هەیە: ئاشتی بۆ بەرژەوەندی خاوەن کار و زامنکردنی پەرەسەندنی بواری دەسەلاّتەکەیان لەناو کێبرکێیەکی نەپساوی جیهانی بازاڕەکانی.

یەکەم هەنگاوی جیهانی سەرمایەداری ڕێکخستنی **هاتوچۆی کالاّ** بوو، دووهەم هەنگاو، **ئاڵوگۆڕی سەرمایە** و ئێستا وەك سێهەم هەنگاو، **خودی بەرهەمهێنان جیهانگیر** دەکا، ئەمەیش هەر بە هەمان ڕۆحی بەربەری جارانی: بە هێزی لەشکرکێشی. بەربەرییەتی مۆدێرن لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا، نەك هەر کورتی نەهێنا، بگرە بە پێشکەوتووترین بەرهەمی چەکی ستراتیژی سەربازی ئەوپەڕی بەربەرییەت ئەنجام دەدا.

ئەنگلس دەنووسێ: **بۆ ئەوەی ئاشتی جیهانی دابین بکرێ**، سەرەتا دەبێ هەموو پێکدادانێکی ناسیونال نەهێڵدرێت، دەبێ هەر گەلێك سەربەخۆ و گەورەی ماڵی خۆی بێ. لە گەڵ پەرەسەندنی بازرگانی، گشتوکاڵ و پیشەسازی و لەتەکیاندا شوینی دەسەلاّتی بۆرژوازی، لە هەموو شوێنێکدا، سۆزی قەومی بەرزبووەوە، نەتەوە بەش بەشبوو و چەوساوەکان داوای یەکێتی و سەربەخۆییان کرد.*** . دەسەلاّتی ئەقڵی بۆرژوازی پاش نزیکەی 200ساڵ، هێشتا ئەم سەرەتایەی جێ نەکردووە، ئەی کەی و چۆن کۆتایی بە بێ ئەقلی و لۆژیکەکەی دێ؟ پرسیاری کام ئەقڵ، کام مەدەنییەت؟ باشترین دەسپێکە بۆ وەلاّمدانەوە!

2002/5/8

## دنیا نویَکانی کارکردن

---

تەلەفزیون دەبینن، بۆ ئەوەی زەبروزەنط لە فیلمی منداڵاَندا کۆتایی ثیَ دیَ. هەروا ثرسیاریَکی تریشم هەیە: ئەی ضی تریش دەکەن، بۆ ئەوەی هەموو ماشینە جەنطییەکان لەناو ببەن". ضونکە زەبروزەنط تەنها لە فیلمی منداڵاَن نییە!

Marx/Engels, werke21, Ueber Rolle der Gewalt in der Geschichte, S407 ***

**- لاین مێنجمێنت، لاین ثرۆدۆکسیون -**

لە کۆتایی هەشتاکانەوە، زاراوەیەکی نوێ بەناوی لاین مێنجمێنت بەکارهێنراو لە بارەیەوە لافاوێك کتێب بڵاوکرایەوە. راوێژکارانی خاوەن کارەکان، زانگۆ کەوتنە لێدوان و لێکۆڵینەوە لەسەر مەبەست و کارتێکردن و واتاکانی. مەبەستەکەش: ستركتور و فۆرمی رێکخستنی جیهانی کارکردن.

بەدەم لاین مێنجمێنتەوە زاراوەی لاین پرۆدۆکسیون هاتە پێشەوە. نوێنەرەکانیان دەیانەوێت دڵنیامان بکەن کەوا: شۆرشێکن لەبواری بەرهەمێنان وبەهەمان ئەندازە لە نێو کۆمەڵ، بەرادەیەك کە تەنها لەگەڵ دۆزینەوەی(فلیس باند) وئامێری هەڵمی سەردەمی رابردوو بەراورد دەکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدرێت نوێترین گەشەکردنی ناو واقیعی کارکردن پێشان بدەین وپێش هەموو شتێك ئەم پرسیارانە دەکەین:

1/ ئایا بەراستی لاین پرۆدۆکسیون فۆرمێکی نوێی بەرهەمێنانی دامەزراندووە؟ ئەگەر وڵامی ئەم پرسیارە"بەڵێ"بێت، سوودەکەی چییە؟

2/ئایا لاین پرۆدۆکسیون هەوڵدانێکە بۆ رزگاربوون لە بەرهەمهێنانی فراوان(الانتاج الواسع)؟

3/ ئایا چەوساندنەوەی بەرهەمهێنەران بەتینتر یا کەمتر دەکات؟

4/ئایا رێگای دیموکراتیزەکردنی نێو کارگەکان بەرفرەوانتر دەکات؟

5/ئایا دەسەڵات و بەرژەوەندی خاوەن کارەکان بەهێزتر دەکات؟

6/ ئایا سیستێمی بیمە کۆمەڵایەتییەکان مسۆگەر دەکات یا بنەما بۆ بێکاری بە کۆمەڵ و تەکاندنی هاریکارییە کۆمەڵایەتییەکان خۆشدەکات؟

7/ چ ئەرکێکمان لەبەرە بۆ گۆرینی کاری سەندیکایی و بەرپاکردنی سیاسەتێکی ئابووری ئەڵتەرناتیڤ؟

8/ ئایا دەبێ سەندیکا و شورا کرێکارییەکان لەم جۆرە نوێیەی بەرهەمهێناندا، پشتگیری لە خاوەن کارەکان بکەن یا بەشێوەیەکی لۆژیکی هەڵویستی رەفزکەرانەو واقیعی وڵامیان بدەنەوە؟

*******

ئەگەر ئەمرۆ پرسیاری: سیمای بەرهەمێنانی پیشەسازی مۆدێرن چییە؟ بکرێت، رەنگە هەموو یەکسەر بڵێن: تەکنیك، بەرهەمێنانی فراوان، دابەشکردنی هێزی کار، دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ چەند کەسێکی خاوەن سەرمایە و ملیونان لە کرێکاری کرێگرتە وبێکاران و لانەوازان.

هەڵبەت تەکنیزەکردنی بەرهەمێنانی فراوان و کارگە گەورەکان هەنگاوە سەرەتاییەکانی دەسپێکردن و هاتنەمەیدانی سەردەمی پیشەسازی پیشاندەدەن( فیلمی سەردەمی نوێ، شارلی شاپلن). ئەو دەسپێکردنە رەگی تیئۆری فۆردیزم(لەناوی فۆردەوە سەرچاوەی وەرگرتووە) پێکدەهێنێت. زانا پێشکەوتووخوازەکانی (کۆمەڵناسی و مێژوونووسەکان) هەوڵدەدەن لەسەر تیشکی ئەم تیئۆرییەدا، پەرەسەندن لە وڵاتە سەرمایەدارەکان لەسەرەتای سالآنی بیستەوە شیبکەنەوە. مەبەستی ئەم تیئۆرییە ئەوە نییە تەنها تەکنیك و فۆرمی رێکخستنی کارگەکان روون بکاتەوە، بەڵکو پەیوەندییەکانی نێوان رێکخستنی کار وپێکهاتنی کۆمەڵگاو بەرێوەوەچوونیشی پێشاندەدات و چۆن کاری سەر(فلیس باند) ودابەشکردنی کار(تایلۆریزم) بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵ پێکدەهێنن" کارگا کۆنەکانی روخاند و کاری پیشەسازی کرد بە گرنگترین کاری نێو کۆمەڵ و بەو پێیە کرێکارانی پیشەسازی نەشونمای کرد و بەژمارەیش بوون بە بەهێزترین کەرتی ناو کۆمەڵگا، تەنانەت دروستکردنی جلوبەرگ و پێڵاویشی لە چنگی کاری دەست دەرکرد و لە کارگا زلهێزکان دروستدەکرێن.

نیشانەکانی فۆردیزم

- یەکخستنی توندی پرۆسێسی کار بەرێگای پلەیەکی بەرزی کاردابەشکردن و جۆرخستنی لەگەڵ ئاستێکی دیاریکراوی کارکردنی ئامێرەکان - کاری سەر فلیس باند نموونەیەکی بەرجەستەیە - .

- بەرهەمهێنان زۆر توندو خێرا لە ژێر چاودێریکردنەوە بەرێوەوە دەچێت. بۆ نموونە، مایستەرێك(ئۆستا)یەك پلەكانی بەرهەمهێنان و چۆنێتی كار و ئەنجامی كاری رۆژانە دیاری و چاودێری دەكات.
- جوداكردنی كەرتەكانی بەرهەمێنان. بۆ نموونە جوێكردنی بەشی ئامادەكردن لە بەشی نەخشەكێشان، كرێكاری سەر فلیس باند كاری بە دیاریكردنی پلەی خێرایی فلیس باندەوە نیە.
- كاركردن بە قۆنتەرات تا كرێكارەكە دواهێزی بەكار بهێنێت بۆ زیادكردنی كرێكەی، ئەگەر بەخێرایی كارەكەی ئەنجام نەدات، كرێیەكی كەمتر دەستدەكەوێت.

(بۆنموونە)فۆردیزم وایكردووە سەدان هەزار كرێكاری سەر فلیس باند هەمان گوزەران، چالاكی، كارتێكردن و كرێیان هەبێت. ئەمەش بەهۆی لەیەكچوونی كارەكەیان و بێ ئیمتیازبوونیانەوە، كاری سەندیكایی و داخوازییەكانیان بۆ زیادكردنی كرێكانیان ئاسان كردووە. فۆردیزم بنچینەیەك بوو بۆ بەرفراوانی و پێكهێنانی بزووتنەوەی سەندیكایی جەماوەری كرێكاران لەم سەدەیەدا. هەروا خەباتە سەندیكاییەكان نەك تەنها رێی بۆ دەچوو، بەڵكو سەركەوتووانەش ئەنجامدەدران.

- لەسەردەمی فۆردیزم هەمیشە قەیران پێكهاتووە. لەپێشی پێشەوەیان، قەیرانی ئابووری 1929 كەوا سەرئەنجامێكی ترسناكی هەبوو. لەلایەكیترەوە، بواری كاركردن فراوانتر بووەوە، بازاری نوێ گەشەیكردووە: ئۆتۆمبیل سازی، ئامێری ئەلكترۆنی، بەرهەمی كیمیاوی، هەروا پیشەسازیكردنی بەرهەمە كۆنەكان وەك خواردەمەنی و جلوبەرگ.

## قەیرانەكانی فۆردیزم

لەناوەراستی حەفتاكانەوە گیروگرفت و سیماكانی هەرەسهێنانی فۆرماتسیونی فۆردیزم بەدی دەكرێن.

1/ دواكەوتنی رێژەی گەشەسەندن لە وڵاتە پیشەسازییەكان.

2/ مەسەلەی بێكاری لە پەیوەندیدا لە گەڵ پلەی پێشەوەچوونی بەرهەمهێناندا، بووە بە گیروگرفتێكی بەردەوام، تەنانەت لە كاتی زیادبوونی بەرهەمهێنانیشدا لەناو ناچێت.

3/ بەهۆی بەجیهانكردنی بازارو بەكاربردندا، ئاستی كرێ لە پێشبڕكێی راستەوخۆدا رووبەرووی یەكتری دەكرێن. بۆ نموونە بەكاربردنی سەرمایەدارانی ئەڵمانیا لەدەرەوە، سوودێكی زیاتریان دەستدەكەوێت، چونكە كرێی كار لە وڵاتەكانی تر وەك تایلەند، بەرازیل، مەغرب، زۆر هەرزانترە لە كرێی كرێكار لە ئەڵمانیا...

4/ بەهۆی ئەو بۆربۆرینەوە خاوەن كارەكان فشار بەسەر كار دەهێنن بۆ كەم كردنی كرێ و لە هەمان كاتدا بیمە كۆمەڵایەتییەكان گرانتر دەكەن.

5/ بەكردەوە كرێی كار كەم كراوەتەوە و زیاتر روو لە كەم كردنەوە دەكات، هەژاریش لە زیادبووندایە.

## پۆست فۆردیزم: لە فۆردیزمەوە بۆ تۆیاتیزم؟

ئێمە دەتوانین بڵێین، ئێستا قەیرانێكی گەورە لە ئارادایە، بەڵام نەك تەنها سمبتومی قەیران، بەڵكو لە هەمان كاتدا ستركتوری نوێ درووست دەبێت. ئەمرۆ مشتومڕی زاناكان لەسەر ئەم پرسیارەیە: ئایا ئێمە لە قەیرانی كۆمەڵگای پیشەسازی دەژێین یا خۆمان لە ناو پەرەسەندنی قۆناغێكی زۆر نوێ دەبینینەوە، واتە لەسەردەمی ۆست فۆردیزم( بەهەمان مەبەست لە كۆمەڵگای پۆست پیشەسازی).
ئێمە، گۆرانكارییەكی خێرا وسەرلەنوێ رێكخستنی جیهانی كار بەدی دەكەین. لەم ساڵانەی دواییەدا، لەژێر فشاری بازاری جیهانی و تەكنیكی نوێدا بەهەموو توانا راتسیونالەكەیەوە، رووخسار ناوەوەی كاری پیشەسازی گۆڕاوە یا بەرەو گۆران دەچێت. فۆرمی رێكخستنی ناو گارگاو چالاكێكانی بەشێوەیەك دێنە بەرچاو، وەك بڵێی كارەكتەرێكی نوێی بە خۆیەوە گرتووە.
كاتێك ئێمە لەسەر قەیران یا كۆتایی پێهاتنی سەردەمی فۆردیزم، یا لەسەر پۆست فۆردیزم دەدوێین، مەبەستمان ئەمەیە:

1/ كەم بوونی بایەخی پیشەسازی لە ئابووری وڵات.

2/ پێگەیشتنی فۆرمێکی نوێی کار و سترکتوری کەسەکان(ئافرەتان و پیاوانی کرێکار) لەناو کارگەکان. بۆ نموونە لـە ئـەڵمانیا: بەشـی کـارە بەرهەمهێنـەرەکان لـە بودجـەی وڵاتەکـە لـە 53٪ لـە سـاڵی 1960 بـووە بـە 36٪ لـە سـاڵی 1993. بەرامبـەر بەمـە، کـاری خزمەتگوزاری گەشەی سەندووە. لە 14٪ بووە بە 35٪(جگە لە بواری بازرگـانی و گواسـتنەوە و هاتووچـۆ). لـە سـاڵی 1970دا، دە ملیون مرۆڤ لە بواری پیشەسازی کاریانکردووە. ئەمرۆ تەنها هەشـت ملیـون مـرۆڤن، بەمـەرجێك رێـژەی بەرهـەمهێنان سـێ بـار زیـادی کردووە.

ئەم گۆرانکارییە بەرەو کوێدا ملدەنێت؟

بۆچوونی جیاجیا هەیە. هەندێ بۆچوون هەیە، دەڵێن: کۆمەڵگای خزمەتگوزاری لە گەڵ هەلی کاری نوێدا پێك دێت...

## لاین مێنجمێنت

کینیش سیکین = یەکێکە لە دۆزەرەکانی سیستیمی بەرهەمێنانی تۆیوتا= لە گۆڤاری مێنیجەر مەگاتسین ژمارە 1993/2دا بە خاوەن کارەکانی ئەڵمانیا دەڵێت: من نامەوێت هەستی ئێوە بریندار بکەم، بەڵام ئێوەی ئەڵمان، دەبێ لە بواری بەرهەمهێناندا رێك هەندێ شت بگۆڕن. ئێمە دەتوانین بە ئامێرەکان و رێکخستن و کاتی کار کردنی ئێوە، ئاستی بەرهەمهێنانی ئێوە سێ قات زیاد بکەین...

ئەگەر کرێکار و ئامێرەکانتان بەراستی باش کار بکەن، ئەوا سەرئەنجامەکەیان خـراپ نیـە، بـەڵام شـێوەی رێکخسـتنتان خراپـە، کـاتی کارکردنی زۆر بەفیڕۆ دەڕوات و هەروا ئێوە بەرێوەبەر وەستایەکی زۆرتان هەیە. هـەر کەسـێکیش لەوانـە، لەبـەر چاوچـنۆکی، سـنوری دەسەڵاتەکەیان دەپارێزن. ئەمەیش فشار بەسەر سەرئەنجامی بەرهەمێنان دەهێنێت.... لەیاباندا هەر کرێکارێك سێ تا چوار شفت کار دەکات، بەڵام لەلای ئێوە تەنها یەك شفت کـار دەکـەن. هێـزی کـار لـە ئـەڵمانیا خـراپ نیـە، وەلی سیسـتێمەکە( مەبەسـتی سیسـتێمی بەرهەمێنانە) خراپە...

لێرەدا دەمانەوێت بنچینەی گۆرانکارییەکانی ناو کارگەکان لە ساڵانی رابردوو وکارتێکردنەکانیان لەسەر بازاڕی جیهانی پێشـان بـدەین. لە هەشتاکاندا، لە ئۆروپا مەترسی لە یابان بلاو بووەوە" فشار بەسەر بازاری جیهـان بـەهێزتر کـرا. ئـەم فشـارە وای کـرد، پێشـبڕکێی یابان بەجدی وەربگیرێت. لەراستیشدا خاوەنکارەکانی یابان پێیان کرا بەخێرایی دەست بەسەر بازاری ئـەلکترۆنی(تەلـەفزیون، ڤیـدیۆ، کامیرا...) بگرن. پاش ماوەیەکی کورت نهێنی سەرکەوتنەکەیان لە بواری رێکخستنی کار و بەرێوەبردنی کـارکرن کەوتـە بەرچـاو. بـەم شێوەیە لاین مەنیجمێنت لە گەڵ ناوی تیوتا بەسترایەوە.

پاش جەنگی جیهانی دووهەم، پیاوێك بەناوی(Eij Toyota) خاوەن کارگەیەکی بچوك بۆ درووسـتکردنی ئۆتـۆمبیلی تۆیوتـا بـوو. ئـەم ئۆستایە دەیویست بەرێگای بەرێوەبردنێکی باشترەوە، قازانجێکی زیاتری دەسـت بکـەوێت، بۆیـە ماڵئـاوایی لـە بـەرێوەبردنی شـێوەی بەرهەمێنانی(تایلۆریزم)ی کرد، واتە: سوودوەرگرتن لە زیرەکی و توانای رۆشنبیری کرێکارەکان = نەك تەنها سوود وەرگرتن لـە هێـزی بازوویان =. ئەم تێزە بوو بە رێگایەکی نوێ بۆ بەهێزکردنی بازاری بەرهـەمێنانی سـەرمایەداری. بـۆ بەئـەنجام گەیانـدنی ئـەم تێزەیـە، پێویست بە نوێکردنەوەی بەرێوەبردن دەکات. ئیمرۆش بوارێکی تر هەیە بەستراونەتەوە بەو کارە، وەك: چۆنایەتی گشتی بەرێوەبردن و بەرهەمێنانی جوارۆجۆر = نەك تەنها بەرهەمێنانی یەك بەرهەم=.

لە کۆتایی هەشـتاکاندا تۆژینەوەیـەك بـەناوی( دووهـەم شۆرشـی پیشەسـازی ئۆتۆمبیـل)بڵاوکرایـەوە. ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بایـەخی بـە بەراوەردکرن لـە نێـوان درووسـتکردنی ئۆتۆمبیـل لـە ئۆروپـا و ئـەمریکا و یابـان دا. سـەرئەنجامەکەی ئەمـەی خـوارەوە بـوو: خـاوەن کارەکانی یابان خاوەن مۆدێلی بەرهەمێنانێکن، زۆر لە پێشەوەترن لە پێشبڕکێکەرە رۆژئاواییەکان.

لەسەر ئەم بۆچوونە، ئەم راستیە دەرکەوت: بەبێ نوێکردنەوەیەکی رادیکالانەی کاری خـاوەن کارەکـان بـە گـوێرەی نموونـەی یابـانی، پیشەسازی ئۆروپی و ئەمریکی ناتوانن درێژە بە ژیانیان بدەن. راوێژکارەکانی خاوەن کارەکان باسی ئـەوەیان دەکـرد کـە پیشەسـازی ئەڵمانیا دەتوانێت بە گوێرەی لاین مێنجمێتـەوە 30 = 50٪ بەرهـەمێنان زیـاد بکـەن. ئـەم گۆڕانکاریانـە ناویـان لێنـا تۆیـاتیزم، واتـە گۆرانکارییەك لە فۆردیزمەوە بۆ تۆیوتیزم.

ئەگەر مەبەست لە فۆردیزم، دابەشکردنێکی بەهێز بۆ کارکردنی بەرهەمهێنانی فراوان بگەیەنێت، ئەی لێ پاشگەزبوونەوە چییە؟

پۆست فۆردیزم، واتە رێکخستنی نوێی کارکردن. دەتوانین لەم چەند نموونە هێنانەوەی خوارەوە، سیما سەرەکێکانی بناسینەوە:

1/ کارکردن بە گروپ(Team) ئەنجام دەدرێت.

2/ ئەندامانی گروپەکە بەرپرسیارن بەرامبەر ئەرکی رێکخستن و دابەشکردنی کارەکان.

3/ گروپەکە بەرپرسیارە لە بەرامبەر چۆنایەتی بەرهەمەکانی. واتە خودی گروپەکە لە هەمان کاتدا پسپۆرانە هەڵدەستێت بە کاری تاقیکردنەوەو کۆنترۆڵکردنی بەرهەمەکان.

4/ پلەوپایە لەناو دەچێت. سیستێمی کۆنترۆڵکردن لەلایەن بەرێوەبەر یا ئۆستا بایەخی خۆی لەدەست دەدات.

5/ لەنێو ئەم رێکخستنەدا، زانین و توانا و مۆتیڤاتسیونی تاقە کەسەکان پلەوپایەیەکی بەرزتر وەردەگرن. پێشتر چەند کەسێك بەقەد ژمارەی دەست ئەم بەرپرسیارەیانە هەبوو....

6/ بەرهەمهێنان نەرمتر دەبێت. چیتر یەك جۆرە بەرهەم و بە فرەیی لە پیلانی کارکردن جێبەجێ ناکرێت. لەبریدا تا بکرێت بەرهەمێکی جۆراوجۆر بەرهەمدەهێنرێت. بەم پێیە ویستی کڕیار دەکرێت بە فیگوری سەرەکی لێکدانەوە و پیلانەکانی کارگەکان( بۆ نموونە، بەرهەم بەقەد داخوازی کڕیار بەرهەمدەهێنرێت، واتە مەسەلەی عەمبار(مخزن) و خەرجەکانی لەناو دەبرێت.)

ئێستا ئەم ئامرازانە لەلایەن پسپۆر و زاناکانی کۆمپانیەکان، کراون بە فێرگەیەی نوێ بۆ بەرێوەبردنی کارکردن. ئەمانە وای بۆدەچن، کە شێوەی بەرێوەبردنیان بۆ پرۆسێسی کارکردن نەك تەنها بەرهەمهێنترە، بەڵکو ئۆمانیترە(ئینسانی ترە) لەوەی پێشەوەی( فۆردیزم): مرۆڤەکان بەپیترو هۆشمەندانەتر کاردەکەن. خۆیان لە نارەزایی و بێزاربوون لە کاتی کارکردندا رزگار دەکەن.

ئێستا تۆیوتیزم لە پراکسیسدا تەنها لە بواری ئۆتۆمبیل سازی، ئەلکترۆن سازی پەیرەو دەکرێت و پەیوەندییەکی نوێی هێناوەتە ئاراوە. بێگومان لە ساڵانی ئایندەدا زیاتر پەخش و بلاّودەبێتەوە.

رەخنەیەکی سۆسیولۆگی لە جیهانی کارکردنی نوێ!

کارتێکردنەکانی لاین مێنجمێنت بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سترکتورەکانیدا بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی سۆسیولۆگەکان =هەندێکیان= بەم جۆرەیە:

1/ زیادکردنی رادەی فشاری پیلانەکانی عەقلانییەتکردنی(راتسیونالیزکردنی) بەرهەمهێنان. بۆ نموونە لە کۆنزێرنی فۆلکس ڤاگندا 15 هەزار کرێکار بێکارکران!

2/ بەئەکادیمەکردنی کارکردن: دەرچووی زانکۆ و ئامادەییەکان لە 1976= 1991 دا 2،2ملیون کەس بوون. زۆربەیان ناچاری کرێکاری بوون. ئێستا ژمارەیان بووە بە 1،5 ملیون کەس.

3/ کەم کردنەوەی کاری پیشەسازی دەستی.

4/ نوێکردنەوەی سیستێمی کرێ.

5/ بەبازنەکردنی باری ژیانی کرێکاران: لەناوبردنی کاری ئاسایی و فشارهێنانی سنووردانان بۆ چالاکێکانی مرۆڤ و رادەی بەرهەمێنان(دەبێ بەرهەمەکان بەخێراتر و بەوپەڕی رێکوپێکی بەئەنجام بگات).

هەروا رەخنەی زانستییانەی ئەندازیاری کارگەکان روو لە لاین مێنیجمێنت دەکەن: نەبینینی ئاشکرای پرۆسێسی کارکردن لە کەرت وبەشە جیاجیاکاندا، بەرزبوونی کرێی بەهۆی دیسێنترالیکردنی کارکردن، بڕیاردانی بەهەڵە لەبەر روون نەبوونی نرخەکان و مەترسی هەوڵدان بۆ هەرچی کەمکردنی خەرجەکان و گیروگرفتی زۆری کارکردن لەناو گروپ.

ئەوەی راستی بێت، دوا ئامانجی لاین مێنیجمێنت بریتیە لە بەرزکردنی ئاستی بەرهەمێنان، لە پێناوی چنگکەوتنی بازاڕیکی زیاتر لە ناو بازاری جیهان. بەدەمی ئەم مەبەستەوە، دەڵێن: ئێمە دەمانەوێت ئاستی ژیان بەرزبکەینەوە و بێکاری لە ناو ببەین. بەلاّم لە واقیعدا:

1/ ئاستی بەرهەمێنان بەرزدەکەنەوە، بەبێ ئەوەی هەلی کارکردن زیاد بکەن.

2/ فشارهێنان بۆ سەر سیستێمی کۆمەلآیەتی.

3/ بەرزکردنی رادەی( تمرکز)ی سەرمایە.

4/ بەهێزکردنی رادەی هەژاری لە زۆربەی ولآتانی "جیهانی سێهەم".

5/ وێرانکردنی ژینکە بەرادەیەکی فراوانتر.

لە1990 بەدواوەوە، نموونەی لاین مێنیجمێنت لە ئەڵمانیا پەیرەوکرا، هەر بۆیەش لە 1994 دا بەرهەمهێنان لە بواری پیشەسازی 7،10٪ زیادی کرد: لە بواری پیشەسازی ئاسن27٪، پیشەسازی دروستکردنی ئامێر 1،11٪، پیشەسازی ئەلکترۆنی 0،13٪، پیشەسازی کیمیاوی 1،21٪. بەرامبەر بە زیادکردنی بەرهەمهێنان لە بوارانەدا بە رێژەی(1لە10)ی کرێکاران رەوانەی کارەساتی بێکاری کران.

ئێمە لەو بڕوایەداین کە تەنها کەمایەتییەکانی ناو کۆمەڵ سوود لەم رێبازە وەردەگرن و زۆربەی کۆمەڵ رووبەرووی مەترسی بێکاری بە کۆمەڵ دەبن، بێ متمانەیی لە مافی بەردەوام بوون لە کارکردن زیاد دەکات، ناچارکردنی کرێکاران بۆ خۆگونجاندنی خێرایی لە گەڵ گۆرانکارییەکانی ناو کارگەکان. سەرباری ئەمانەیش، لاین مێنجمێنت، کارو چالاکییەکانی خەباتی سەندیکایی بنبڕدەکات، بووە بە هۆی ئەوەی کاتژمێری کارکردنی ئاسایی( هەشت سەعات کار) هەنگاو بە هەنگاو لەناو بچێت و مۆدێلی( 2 سەعات کار لە رۆژێك، واتە مانگی620 مارك) یا رۆژی 4 سەعات کار بەرپا بکرێت. ئێستا ئەم سیستێمە نوێیە لە ئەڵمانیا بەرێوەوە دەچێت، لە ئەمریکادا، لە کۆتاییەکانی ساڵی رابردوو لە" چارەسەری دەگمەن"ی بێکاری دەدوان، راستییەکەیشی ئەمەیە: ئەمانە هەوڵ دەدەن بۆ کەمکردنەوەی کرێی کارکردن، بۆ ئەوەی قودرەتی پێشبڕکێکردنی یەکتریان پێبکرێت( مەبەست ئەمریکا، ئەڵمانیا، یابان)ە لە هەڵدانیان بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنی بازارەکانی جیهان و داگیرکردنیان...

(لە گۆڤاریisw ریپۆرت ژمارە 27 وەرگیراوە)



# بەرەو چەپ!

# بەرەو دامەزراندنی بەرەی سوور!



**زەرەرمەندانی گرێبەستی کاتی!**

**ژنان و کچانی ماڵ!**

**ئەکادیمییە بێکارکراوەکان!**

**بێکاران، خانەنشینان،**

**جووتیارە هەژارەکان!**

**رۆژنامەنووسان**

**خوێنداران**



**تمساحەکان!**

**ئێمە چیتر نامانەوێ لەسەر پاشماوەی نێو ددانەکانتان بخۆین!**

## لە خانەقینەوە شنەبای عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و داواکارییە رەواکانمان و هەر لێرەشەوە بەر بە رەشەبای کۆنەپەرەستی دەگرین!

## "پەتاکەی"تونس لە کوردستان هەیە؟!

**هەمان قەیرانە ئابوورییەکەی تونس لە کوردستانیش لەبەرچاوە: گرانی شێتانەی بازاڕ، بێکاری، گەندەڵی، دەستگرتنی بەرپرسەکان و بازنە تەسکەکانی دەوروبەریان بەسەر دەمارە سەرەکییەکانی ژیانی ئابووری و ئیداری لەچوارچێوەی(بازاڕی ئازاد).**

ئەمە زۆر بە خراپی بەسەر بژێوی زۆربەی هاوڵاتیان شکاوتەوەو زۆرێك ناچارکراون لە هەژاری یان لە خوارەوەی ئاستی هەژاری و لەسەر قەرز بژێن و نەفرەت لە رەنگ زەرکردنیان بکەن. هیچ بەدووری نەزانن بارودۆخەکەی کوردستانیش بگاتە ئاستی ئەو وڵاتە و بەرپرسەکان رووبەڕووی هەمان چارەنووسی بن عەلی ببن.

بەرپرسەکان گوێ لە موستەشارە زگتێرەکانی دەوروبەریان دەگرن کە بەخۆشییەوە شانیان بۆ دەتەکێنن، بەڵام راستییە پەتییەکانیان لێ دەشارنەوە و لەگەڵیدا وێنەی گەورە وپانوپۆڕەکانیان لە ئیدارە، قوتابخانە و لەسەر شەقامەکان بەرزڕادەگرن.

لەوانەیە بڕوا نەکەن، بەڵام هەژاری و نەگبەتی و بێ هیوایی هیچ ناناسێ و پێش ئەوەی بارودۆخەکە وەك تونس ئاڵۆز ببێت، هێشتا دەتوانن لا لەم چەند خاڵانەی خوارەوە بکەن:

1- کار لەسەر درزی زۆر قووڵی جیاوازی چینایەتی بکەن.

2- نرخی کاڵای بازاڕە زۆر کافر، بێڕەحم، مەلعون و کەرامەت شکێنەکەتان، هەرزان بکەن!

**<u>من وتم و ئێوەش ببیستن، هیوادارم وانەبێت!</u>**

# هاوپشتی لەگەڵ راپەڕینی هەژارانی تونس

قەیرانی سەرمایەداری بەدەوری وەڵاتان دەچەرخێ: لە وەڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بەرەو(سیاتل)ی ئەمریکا، لە ئیسلەندەوە بۆ مۆڵداڤیا و کەنەداو لەم ماوەیە لە مەغرەبەوە بۆ یونان و بەرەو تونس بازیدا.

هەژارەکانی(تونس)یش دژ بە بێکاری، گەندەڵی و نەبوونی ئازادی راگەیاندن و جەردەیی سیاسەتی لیبڕالیزمی نوێ و مشەخۆرەکانی، راپەڕین و(بن عەلی)یان شاربەدەر کرد.

شایانی باسە هەمان هۆکارەکانی راپەڕینی تونس لە وڵاتی ئێمەشدا هەیە، وەك:

ناعەدالەتی کۆمەلایەتی، لەپڕ دەوڵەمەندبوونی خەیاڵی زۆرێك لە بەرپرسەکانی حزب، ئیدارە، عەسکەر و پۆلیس ئاسایش، هاوکات هەژارەکان رووبەڕووی گرانی بازاڕ و قەرزاری بوون. لەناو ئیدارە و حزب و پۆلیس و سوپا بەعسی، جاش، موستەشار فەرمانڕەوایی دەکەن!

ئێمە لە شاری(خانەقین)ەوە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین هاوپشتی و هاوسۆزی خۆمان لەگەڵ هەژارانی تونس دەربڕین و هیوای سەرکەوتنی ئامانجەکەیان دەخوازین بۆ دامەزراندنی دەسەلاتی دادوەری کۆمەڵایەتی!

**کەمپینی(رەشید باجەڵان لەپێناو حوکمی رەشید)**

2011/1/15

## هاورێ! هاوپشتی خۆت لەگەڵ راپەڕینی هەژارەکانی تونس دەربڕە!

# تضامنا مع انتقاضة فقراء تونس

**ان الازمه** الراسمالية تنتقل من دولة الى اخرى: فمن دول جنوب شرق اسيا الى سياتل في امريكا و من ايسلندا الى مولدافيا و كندا و في هذه الفترة انتقل من المغرب الى اليونان و منها الى تونس: ان فقراء تونس انتفضوا ضد البطالة و الغلاء و الفساد الاداري و قمع حرية الرأي و سياسة النهب للليبرالية الجديدة ومتطفليه واجبروا حاكمه(بن علي)على الهرب من البلاد.

ان الاسباب التي ادت الى انتفاضة فقراء تونس والبلدان الاخرى موجودة في بلادنا ايضا: الظلم الاجتماعي، الغنى الخيالي لبعض المسؤولين في قيادة الاحزاب و الادارة و الجيش و الشرطة والامن و في نفس الوقت يواجه الفقراء غلاء السوق و العيش بالدين!

وكما هو معلوم ان البعثيين و مرتزقته و مستشاريه اصبحوا الان رغم انف المناضلين و الشرفاء و الشخصيات الطيبة، صاحب قرارات في المؤسسات الحزبية و الحكومية.

نحن و من مدينة خانقين نرى انه من واجبنا التعبير عن تضامننا و تعاطفنا مع فقراء تونس و انتفاضتهم و نامل انتصار هدفهم النبيل في تحقيق نظام العدالة الاجتماعية.

حملة(رشيد باجلان من اجل حكم رشيد)

2011/1/15

## فكرو دەسەڵاتی تەکنۆکراتی بێلایەن، تاوانبارە!

**فکر و دەسەڵاتی تەکنۆکراتی لە دیدی فەیلەسوفان پۆپەر، مارکۆزە و بۆدیو**

**کارڵ پۆپەر پێیوایە دەسەڵات و فکری تەکنۆکراتی، (دیموکراسی تۆتالیتر)ەو فەیلەسوفی فەرەنسی بۆدیو کە لیبڕالیزم بە دڕندە ناودەبات، دەڵێ(لەچوارچێوەی هەوڵی گەڕاندنەوەی داهێنان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان پێمانوایە هەر رۆشنبیر، نووسەر، هونەرمەندو زانایەك...هتد رۆڵی چارەنووسازیان هەیە کە دەبێ بیگێڕن و دەتوانن یەکەمجار بەرێگای پەخش و بڵاوکردنەوەوە بەشداری بکەن لە وردوخاشکردنی فۆرخکردن وباڵادەستی تەکنۆکراتە ئەرتەدۆکسەکان...).هەروا دەڵێ: بەڕاستی من لەو بڕوایەم کە ئێمە ناتوانین بەرگرییەکی کاریگەر بکەین دژ بە تەکنۆکراتی نیشتمانی و جیهانی تەنها بە رووبەڕووبوونەوەیان لە گۆڕەپانی خوازراوەکەیان نەبێت، واتە لەبواری زانست و بەتایبەتی لە بوارە ئابوورییەکەی و دەبێ لەهەمبەر ئەو مەعریفە موجەرەد و شێواوە کە شانازی پێوە دەکەن، مەعریفەی رێزگرتنی زیاتر لە مرۆڤ و راستییەکان دابنێین...هتد-کتێبی: دژ بە ئاگر-).**

**بە بۆچوونی (هیربەرت مارکۆزە)، ئەکسپێرتۆکراتی تێکەڵەیەکە لە بەڕیوەبردن و شارەزایی کە لەبارەیەوە بەبێ ماندووبوون لاپەڕەیەکی ستراتیژی و ئەو زانیارییانە دەنووسن کە بە بڕوای خۆیان دەبێ سیاسەتمەدارەکان بیزانن. هاوڵاتیان لەم پرۆسەیەدا بەتەواوەتی پەراوێزدەکرێن. عاقیبەتە ترسناکەکەی ئەوەیە کە لەئاستی تەکنیکدا هەموو شێوەکانی بزاوتە پەرلەمانییەکان رادەگیرێت-هاوکات پرۆسەی پلاندانان بەبەردەوام نادیموکراسانە، بڕیاریان لەسەر دەدرێ، چونکە تەنها لە دوالیتێتی نێوان تەکنیك و سیاسەتی سیاسەتمەداران تێدەپەڕێن. لەدواییدا دەڵێن: ئەوەی لەبارەیەوە بڕیارمان، ئەڵتەناتیف نەبوو).**

**بە کورتییەکەی ئەوە بۆچوونی کەسانێکی سەر بە رەوتی جیاجیان کە لەوانەیە رۆشنبیرە لیبڕاڵ و"سەربەخۆ" کوردزمانەکان و دەڵاڵەکانی لیبڕالیزم لێی فێر ببن و بزانن تەکنۆکراتەکان چ رۆڵێکی دڕندە و نامرۆیی دەبینن لەم قەیرانە جیهانگیرە کە کوردستانیشی گرتووەتەوە. دەبێ ئەو بەڕێزانە بزانن کە بە هوشیارییەوە دەیانەوێ بە رێگای تکنۆکراتکردنی دەسەڵات، گەلەکەمان لە هەڵدێرەوە بۆ هەڵدێرێکی تر دەبەن: شۆڕەسوارەکانی لیبڕالیزمی نوێ(تاتشەر و ریگانیزم)وا دەگەنە مەنزل! !**

**هەینییەکی شووم و دگان تیژەکان:**

**لەلایەکەوە هەینی شووم تێپەڕی، ئازادی پیاوچاك و بێوەی و هوشیارییە ئاوژووەکەیان، ئازادی ئێمەی هەتك کردو بۆنی بخور و حیکایەتەکانی جنۆکە و پەری و جیهادی پیرۆز و(قەپانی یەکسان)شانبەشانی بانگەشەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ حکومەتی تەکنۆکراتی سەربەخۆ، تەمومژی بەدەور تێکەیشتنی ئەم باروذۆخە درووستکردووەو لەهەوڵی ئەوەن تەواوی ناڕەزایەتییەکان بخەنە ناو سەبەتەکانیان و بۆ سەوداکارییەکی ئاشکرا بەکاریانبهێنن. لەلایەکی ترەوە دوێنێ رۆژێکی رەش بوو بۆ خودی حکومەت: سوتاندنی خێوەتەکانی بەردەم سەرا و لێدانی مانگرتووان تا لێدانی پەرلەمەنتارێك و تێکدانی رادیوی دەنگ لە کەلار. بەم شێوەیە کەشوهەوای کۆنەپەرەستی دژ بە ئازادی، کەناڵەکانی راگەیاندن داگیرکرد.**

**ئێمە چی ئەکەین؟!**

**هێزە بەرهەڵستکارەکانی دەرەوەی پەرلەمان نە بە هێزە بەرهەڵستکارەکانی ناو پەرلەمان رازین ونە خۆشمان گوێ لە یەکتری دەگرین و پەرتەوازین و بەم شێوەیە خۆمان لە ئەرکەکانمان دزیوەتەوەو لە شوێنی"گونجاو"ی خۆمان، واتە لە پەراوێزی**

رووداوەکان خۆمـان دەبیـنین: بەشێکمان بەشـەرمەوە لـە دوای هەمووانـەوە بـەدەنگ دێـت، ئەمـەش پـاش ڕێگەپێـدانی فـەرمی و ناراستەوخۆ تا هاوپەیمانەکانیان زوێر نابن و پڕۆژەیەکی شەرمنانە پێشکەش دەکەن.
گروپی وا هەیە لە سەر ئاستی رووداو و سەنگدا بـە زەڕەبینـیش نـابینرێن کەچـی خۆیانیـان لـێ بـووە بـە پاڵـەوانی گۆڕەپانەکـە و رۆشنبیرەکانیشمان خەویان لێکەوتووە. ئەوانە نموونەی نەزانی و دواکەوتوویی ئێمەیە لەسەر ئاستی گۆڕانکارییەکان و دواکـەوتنی ئەم بانگەواز بۆ یەکگرتنەوەمان لەسەر پلاتفۆرمێکی لایەنی کەم، گەواهی ئەم رەخنەیە لەخۆمان!
ئێمـە هێشـتا لـەنێوان داخـوازی رەوای خـەڵك و بـەکارهێنانیان لەلایـەن ئۆپۆزیتسـیونی نـاو پەرلـەمان و حکومـەتی تـێگلاو لـە گەندەڵی، ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و بازارگرانی، بە چەند بەیاننامەیەکەوە بە بۆڵەبۆڵکردنەوە تەراتێن دەکەین.
لە هـەموو نووسـینەکان نـەك هـەر تـەنها بـە وشـەیەکیش نـاوی دوژمـنی مرۆڤایـەتی(سـەندوقی دراوی جیهانی، بـانقی جیهـانی و سیاسـەت و ئـابووری لیبرڕلیزمـی نـوێ و دەسـەڵاتە تەکنۆکراتـەکانیان)ناهێنرێـت، بـەڵکو بـەهۆی گەمـژەیی ئاشکرا، پشـتیوانی لـە پڕۆژەکانیان دەکرێت.
ئێمـە لەبەرامبـەر سـیناریۆیەکی سـەیر و پێکـەنیناوین: بـە چـەپڵە ڕێزانـەوە پێشوازی لـە دەسـەڵات و ئـەقڵی بکـوژو برسـیکەرو چەوسێنەران دەکرێت: دەسەڵات و ئەقڵی خودی تەکنۆکراتی گەندەڵ، شەڕەنگیز ودەزگاکانی شکستی هێناوەو لەسەر ئاستی جیهان رسوابوون، کەچی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەڵەواتدانی ئیسلامییەکان، بانگەواز بۆ ئەم مۆدێلە دژە ئینسانییە رزیـوە دەکات، واتـە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: بەراستی ئەقڵ لەم دەڤەرە باری کردووە، بۆیە گردبوونی هەموو حزب و لاین و گروپ و رێکخراوە پەیەکان لـە بەرەیەکدا تاقە ئەڵتەرناتیڤە بۆ بارووداۆخی ئیمرۆ!
سـەرمایە ئەڵتـەرناتیڤی مرۆیانـەی پـێ نـەماوە کـە تۆسـقاڵێك خـەڵك دڵـی پـێ خـۆش بکـات و ئیمـرۆ لـە قۆنـاغی پۆسـتدیموکراتی(باڵادەسـتی تەکنـەلۆژیا، دیکتاتۆرییـەتی دەزگـا نیونەتەوەییـەکان، بـەرفراوانکردنی کـۆنترۆڵ و جاسووسـیکردن، پەکخسـتنی(گـەل سەرچـاوەی بڕیارەکانـە)و لەشـوێنیدا"تـەکنۆکرات سەرچـاوەی بڕیارەکانـە"و بەشـێوەیەکی زۆر دڕانـدە و دیکتاتۆریانە فەرمانەکانی دەردەکات و دەبێ حکومەتەکان بەخۆشی یـان بـە ناخۆشـی جێبـەجێیان بکـەن-بۆ نموونـە لاوازکردنـی کەرتە گشتییەکان-، گرانی بازاڕ و لەگەلیدا هەرزانکرپنی رەنجی مرۆڤی کارکـەران، دووبـارە بـەرپاکردنی جـەنگ لـە کۆلۆنـەکان و سـەرلەنوێ دابەشـکردنیان و درێـژەدان و بـەهێزکردنی ئـابووری جـەنگ و گـەرمکردنی کاڵاکـەی، زیـادکردنی رێـژەی بێکـاری، وێرانکردنی ژینگە، بە کاڵاکردنی بەرفراوانتر بۆ هەست و سۆزی مێیینە-نموونەیەك بۆ کویلایەتی هاوچـەرخ-، رەوەی بەکۆمـەڵ و کۆچپردن، لەناوبردنی دامەزراندنی جێگیر...هتـد)ە و نموونـە باڵاکەیشی(پەرلـەمانی نوێنەرایـەتی)شکستی هێنـاوە. ئەمـە بـەری دەسەڵاتی"شارەزایانە"لەدنیا بە وڵاتانی ئۆروپاشەوەو ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بێت: بازاڕ دەچەرخێ!
نا ئێمە هەوڵدەدەین بەشداری بکەین لـە هەڵوەشـاندنی بنـەماکانی هۆشـیاری سـاختە و تـەپوتۆزەکانی و بیـانووە حـەقیرەکان بـۆ درێژەپێدان بە سیستێمی چەوسێنەری سەرمایە!

درۆ شاخدارەکان بۆ گێلکردنی هاوڵاتیان!

1- لیبرالەکان جاڕی(حزب باوی نەماوە)لێدەدەن، بەڵام راستییەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە تەواوی دەسەڵات و دەزگاکان لەم پـەڕی دنیا بۆ ئەوپەوپەڕی لە لایەن حزبەکانەوە بەڕێوە دەبرێن، بۆ نموونە لەهـەر یـەك لـە ئـەڵمانیا یـان هۆڵەنـدا زیـاتر لـە **<u>60حزب</u>** لایەن هەیە(بڕوانە ڤیکیپیدیا)!

2- هەمیشە راستی شۆڕشگێرە: پاڵەوانەکانی گێلکردنی جەماوەر هاواردەکەن(شوعییەت باوی نەماوە...روخا). ئەوانـە نـازانن کـە دوژمنانی مارکسیزم لەسەرەمی مارکسەوە تا ئێستا هەر دووبارەی نا عیلمییەت و بەتاڵی مارکسیزم دەکەنـەوە، بـەڵام بەبەرچاوی هەموانەوە بەدرێژایی ئەو مێژووە لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان بە ئیمرۆیشەوە، ئاڵای سوور و داس وچـەکوش لـە کشورەی ئۆروپا و جیهان دژ بـە گرانـی بـازاڕ، هـەژاری، بێکاری و گەنـدەڵی و جـەنگ دەشـەکێتەوە. ئایا ئـەو رۆشـنبیرانە لەگـەل خۆیـان و خەڵك درۆی شاخدار دەکات؟ ئەی ئەگەر لەهەر بۆنەیەك بێنە گۆ و دووبارەی درۆکانیان بکەن، چییان پێ بڵێین؟!

سەرمایەداری لەناو بۆگەنی و تاوان نغرۆبووە، کەچی هەندێ لایەن و بەناو"رۆشنبیر" ئێستا بە خەڵك ناڵێن(ئەمە قەیرانی سەرمایە و بازاڕەکەیەتی).

3- بەدرێژایی مێژوو عەدالەتی کۆمەڵایەتی تەنها و تەنها بە مێژوو و خەبات و بەرگری سۆسیالیستەکان و ژیانی هەرەوەزی هاوبەش بەستراوەتەوە)، کەچی ڤیژەو هاواری حزب و لایەنە ئاینییەکان و گۆڕان بۆ تەفرەدانی خەڵك باسی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەبێ ئەوەی بڵێن چۆن! لێرەدا هیچ بە پێویستی نازانم تاکە وشەیەك لەبارەی عەدالەتەکەی پارتی و یەکێتی بدۆڕێنم!

خەمی خاك و خەمی نان؟!

هەموو وشە، وتارو هاوارێك بەناوی ئازادییەوە بەتاڵە ئەگەر مەبەست و ماناکەی دەقاودەق گوزارشت لە شێوەی ژیانی رۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگە نەکات و لێرەشدا هەڵویستی روون و ئاشکرا لەبارەی موڵکایەتی تایبەت و کاریگەرییەکانی نەداتەبەر رەخنە و ئەڵتەرناتیڤەکەی رانەگەیەنرێت. ئەمە هەموو مەسەلەکەیەو لەدەرەوەیدا تەنها سحر و دوعا و فرتوفێڵی جانبازە بێمروەت و کەڵەکەبازەکانە.

لێرەدا پرسیار دەکەین: ئایا بەرپرس و کۆمپانیا و تۆرە بانناسیونالەکانی خۆراك، پۆشاك، بیناسازی، تێلیکۆمۆنیکاتسیون، نەوت و گاز، فرۆکەوانی...هتد چ رۆڵێك لە ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان دەبینن؟ ئەی رێکخراوە جیهانگیرەکان چ نەخشەیەکیان بۆ ئێمە دیاریکردووە؟

شێوەی رێکخستنی ئابووری ئێستا وای کردووە زۆربەی خەڵك هەست بە ناعەدالەتی بکەن و لەئەنجامدا هەست بە نامۆیی دەکات و ئینتماکەی بۆ هەموو شتێکە، تەنها نیشتمان نەبێت، بۆیە خەمی نان و تەندرووستی و نیشتەجێبوون و دوارۆژ جێگای(خەمی خاك و نیشتمان)ی گردۆتەوە، بەڵام"موستەفیدکان" بەڵێندەرەکان، خاوەنەکانی کەرتی تایبەت، مودیر عامەکان و بۆ سەرەوە، وەزیر و بەرپرسە حزبی و پەرلەمانییەکان و نووسەر و رۆژنامەنووسەکانیان زیرەکانە باسی خەمە هاوبەشەکان دەکەن!

ئێمە بەئاشکرا لەگەڵ داخوزییەکانماندا پەیامان پێیە، پەیامی هاومرۆڤبوونمان لەسەر ئاستی پێکەوەژیان و کار چارەنووسی هاوبەشمان رادەگەیەنن، حاکمان، گۆڕان و رەوتە ئیسلامییەکان دژمانن!

ئەزموونەکانی دوێنێ و ئیمرۆ دووپاتی وەحشیگەری فکرو دەسەڵاتی تەکنۆکراتی دەکەن و گەندەڵی، گرانی بازاڕ، ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی بەچەی شەرعی سەرمایەداری هاوچەرخن لەهەموو شوێنێکی دنیا، بۆیە ئێمە ئەڵتەرناتیڤی ژیانی هاوبەشی کوردستانیان بەشێوەی هەرەوەزی لەبەردەم بزووتنەوەی جەماوەر دەخەینەروو کە تاقە زەمانەتە بۆ بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی ولەگەڵیدا ئازادی و ئاشتی و ئاسایشی تاك و تەواوی گەلەکەمان مانای پڕاوپڕی خۆی دەبێت.....تۆش وەرە لەم بەرەیە شوێنی خۆت بگرە!

## زمانێکی فاشیستی، مەلا کرێکار و چۆمسکی!

فاروق رەفیق دەڵێ: ئەوان مردوون

بەختیار عەلی: ئەو مردووە...خۆش ئەوەیە پاش دەرکردنی فەرمانی کوشتنی نەیارانی، دەنووسێ: ئەوان دەڕۆن!!(مردوو دەڕوات؟!))

مەلا کرێکار ئایەتێك دەهێنێتەوە: ئەوانەی رێی کوفریان گرتەبەر و ستەمکارییان کردە پیشە، نامومکینە خوای گەورە لێیان خۆش بێت و رێیان نیشان دات، مەگەر رێی دۆزەخ- سورەتی ژن)

وشە دەلالەتی گەورەی خۆی هەیەو ئەو دوو بەرێزە لە لاوەعی خۆیاندا بە لۆژیکی کوشتن و تیرۆر بیردەکەنەوە، بۆیە وەك فەرمانبەری باری رەگەزنامە، نەیارەکانیان لە ئەکتەکاندا بە مردوو ناونوسدەکەن!

بە بۆچوونی فەیلەسوفە پۆستمۆدێرنەکان(مرۆڤ هەمیشە بە رێگای زمانەوە مامەڵە لەگەڵ حەقیقەت دەکات و هەموو چالاکییە عەقلییەکان لەسەر زمان دامەزراوەو ئێمە بە رێگای وشەکانەوە بیر و پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دەکەین...).

دیاره پێش ئەوەی چاومان بەم سروشتە ئەفساناویە گەشببێت، هەبووەو مرۆڤ نازانێ زمانی ئێمە چ رۆڵێك لەو حەقیقەتە دەبینێ!

ئایا یەكانگیری وەهمی پاڕانەوەو تەكفیركردن لەسەر زاری مەلا بەختیار و مەلا كرێكار و لە پەیامی رۆژی هەینی یەكەمەكەیان و پەیامە پێنجمی دووهەمەكەیان كە تێدا دەڵێ: (خوایە ئەم كوردەی ئێمە بە گشتی و ئیسلامییەكانی بەتایبەتی و ئێمە و رەوتەوانانمان بە تایبەتی تڕ زۆرمان زوڵمی پارتی و یەكێتی كەوتۆتە سەر، خوایە خۆمان بكە بە ئەداتی قەدەری خۆت بۆ لابردنی زوڵم ورادانی زاڵمان...ئامین) چی كۆیان دەكاتەوە؟

سەیر ئەوەیە پاڕانەوەكەی بەختیار بستێك لە مەلا"فتیش!"، درێژتربوو. یەكێكیتری ئەم جۆقە"فرەڕەگە" هەر بانگەشەی دیالۆگ، ماڤی مرۆڤ...هتد دەكات و لە هەمان كاتدا دەڵێ: لە سەوی خێوەت سوتاندنەكە، بەعسم بینی)

## لەنێوان نەعوم چۆمسكی و ئاراس فەتاح كێ راست دەكات؟!

ئاراس فەتاح لە چاوپێكەوتنەكەی هاوڵاتی 3/21، دەڵێ: (لە دونیای دیموكراسیدا دۆخەكە روونە، تاوانباران دەستگیردەكرێن و بە سزای یاسایی خۆیان دەگەیەنرێن....حكومەت بۆیە مەدەنییە، چونكە مەدەنییەتی ژیان دەپارێزێت، بەڵام ئەمە سەد دەر سەد لە كوردستاندا بەپێچەوانەیە).

ئەمە درۆ شاخدارە بۆ گەمژەكردنی مرۆڤە لە وڵاتەكەم. كاتێ ئۆباما لەبارەی ریگان دەڵێ(سەرۆك ریگان-وەك سەرۆكەكانی تر- بەشداری لە بتەوكردنی گەشبینی كردو رۆحی لە سیاسەت و باسە توندەكانی ئیمڕۆ ئامادەیی هەیە)، فەیلەسوفی ئەمریكی نەعوم چۆمسكی لەوڵامدا دەڵێ(...ئێمە لە سێنترالی ئەمریكا سەددان هەزار مرۆڤمان كوشت وبەمە هەموو هیوایەك بە دیموكراسی و ئازای پێشێل كردو...پشتیوانی لە دەوڵەتی ئەپارتەهایدمان كرد كە لە وڵاتە دراوسییەكانی نیو ملیون مرۆڤی كوشت...)

كێ لە بەرپرسانی ئەو تاوانانە دەستگیر كرا؟ ئایا حكومەتی مەدەنی ئەمریكا، مەدەنییەتی ژیانی پاراستووە؟. بۆ ئاگاداری خوێنەران، چۆمسكی لە بزووتنەوەی(دیموكراسی ئێستا)لە ئەمریكا چالاكە...ئایا ئەمریكا وڵاتێكی دیموكراسی نییە؟!

مایكل رۆین(نووسەرو لێكۆڵیار لە پەیمانگەی ئینتەرپرایزی ئەمریكی) زۆر بە حكومەتە"دیموكراتەكەی" سەرسامە، بۆیە لە وتارێكیدا بەناو(سەدام لە كوردستان)دەنووسێ(ئەو هەڵمەتە ناعەقلییەی حكومەتی كوردی كە بە دیموكراتی ناودەبرێت، وا لە ئێمە دەكات لەو هۆكارانە بیرسین چۆن سەركردایەتی ئەمریكا باروزانی و تالەبانی بەهاوپەیمانی ئەمریكا لە قەڵەمداوە)!

### شۆڕشی ئیران، درۆ شاخدارەكان

مەلا بەختیار دەنووسێ: (.... هیچ كەسێك ناتوانێتو ناوێرێت بڵێت ئەمە هیی منە بە تەنها، لەبەرئەوەی فەزایەكی سیاسیی كراوە هەیە كە لەناو ئەو فەزایەدا، ئەگەری ژیانەوەو مانەوە ئەوەیە تەنها وەك خاڵێك تەماشای خۆت بكەیت، نەك تەواوی دیمەنەكە داگیربكەیت .كێشەو مەترسییەكە ئەو ساتە دروستدەبێت كە یەكێك لە ئەگەرەكان تەواوی دیمەنەكە داگیربكات. بۆیە ئەم ساتە جگە لە كارلێكی فیكریو دیالۆگو بیری رەخنەیی، ئەگەرێكی ترو ئەڵتەرناتیڤێكی ترمان لە بەردەستدا نییە كە ئەو نوقسانییە پربكەینەوە كە نەبوونی ئایدۆلۆژیا دروستی كردووە.)

لێرەدا نموونەی شۆڕشی 1979لە ئێران وەك نموونە دەهێنمەوەو پرسیار دەكەم: ئایا كێ خاوەنی ئەو شۆڕشە بوو؟ چریكەكانی فیدائی خەڵك؟ حزبی تودەی ئیران؟ موجاهدینی خەڵك؟ خومەینی؟ كێ؟

ئازادی و پلورالیزمی شۆڕشەكە بوو بە حوكمی"ئیمامی زەمان"و باقی چیرۆكەكە بۆ ئێوە بەجێدەهێڵم. ئەی لەو فەزا كراوەیە كە راپەڕینی ئازاری 1991 لە كوردستان هێنایە ئاراوە، كێ بوو بە خاوەنی؟!

بمانەوێ یان نا، هێلكەكان چووە و دەچێتە ناو سەبەتەی ئەو لایەنانە كە خۆیان باشتر رێكخستووەو توانایان هەیە. بەختیار لەوەشدا بەهەڵە چوووە كە نارەزایەتییەكانی بۆ ئاستی(كارلێكی فیكری و دیالۆگ و بیری رەخنەیی)بچووك كردووە، بەڵام

حەقیقەتەکە شتێکی ترە: یەکگرتوو، کۆمەڵ، مەلا کرێکار و گۆڕان بوونیان هەیە و لەدواییدا ئەمانە دەبن بە خاوەنی و لەسەر مێزی گفتوگۆکان سەوداکارییان لەسەر دەکرێت.
گاڵتەجاڕییەکە لەوێیە کە مەلا کرێکار باسی(ئازادی، کەرامەت و نان)دەکات، کامە ئازادی و کەرامەت؟ ئەوەی لە بیارە و تەوێڵە پەیڕەوی دەکرد؟! نەفرەت لەو نانە کە لە سایەی دەسەڵاتی ئەم"بەڕێز"دەستبکەوێت. پەیامەکەی کرێکار زۆر پێکەنیناوییە، چونکە نووسیویەتی(بەڵێ بۆ بنیاتنانی دەسەڵاتی سیاسی کوردستانی و بەڵێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەردوو حزبی حاکم: پارتی و یەکێتی). لێرەشدا دیار نییە مەلا چ دەسەڵاتێکی سیاسی دەوێت؟
کوشتن تاوانێکی زۆر قورسە و ئێمە دەمانەوێت لە کوردستان یاساغ بکرێت، کەچی جەنابی مەلا بە ئایەتی(بەهەق نەبێ نابێ یەکتریش بکوژن، خودا دەربارەی هەمووتان دڵۆڤانە-ژن، ئایەی83)کاردەکات. بەم شێوەیە دەیەوێ کەرمەتمان بپارێزی؟!
ئایا ئەو جۆرە تێفکرانە ئەڵتەرتیڤی ژیانی بە کەرامەتی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادین؟!

## رۆشنبیری ئەتککراو، پەردەیەکی زۆر ئەستوور و(یان تسیگلەر)!

ئیمڕۆ مەلایەك لەبەردەم دەرگا بەناهەق ئابروو براوەکەی سلیمانی، وتی(پەردە لەنێوان مەزلۆم و خودا نیە)! راستی مێژوو ئەو قسەیە پشتڕاست ناکاتەوەو ئەگەر وابووایە، دەمێك بوو گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە. من بڕوام نەکرد بەو هەواڵە کە دەڵێ تلیاق زۆر هەرزانە و رۆژانە بەهەزاران شێوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام دیارە هەواڵەکە راستە!
عەلی قەراغی(پرۆفیسۆر، دکتۆر و سەرۆکی زانایانی ئیسلام لە جیهان)لە دیمانەکەی هەفتەنامەی(ئاوێنە)، دەڵێ(لەسەرمایەداریدا خاوەنداریێتی دەوڵەت نییە). ئەوە حاڵی پرۆفیسۆرو دکتۆرەکەیانە! ئاخر فەرموودەکەی راست نییە. بۆ نموونە پۆست، شەمەندنەفەر، بانق، کۆمپانیای فۆلفسڤاگن لە ئەڵمانیا...هتد موڵکی دەوڵەتن و لە هەندێکیشیاندا دەوڵەت پشکی هەیە. دختۆر دەڵێ(...بیمە سەدوهەشتا نمرە دژی سیستێمی سەرمایەدارییە، بیمە و دڵنیایی شوعییەتە، بیمە ئیسلامە لە هەندێك حاڵەتدا). دیسان وانییە، چونکە بۆ نموونە لە تەواوی ئۆروپا، بەبێ ئەوەی شوعی یان ئیسلام بن، سیستێمی بیمەی کۆمەڵایەتیان هەیە، هەر بۆیە ناوی هەندێکیان بە دەوڵەتی کۆمەڵایەتی ناودەبرێ.)!
هەر لەو ئاستە نزمە، هەندێ کەناڵی تەلەفزیونی بە پارەی بەفیڕۆدراوی خەڵك، کەناڵەکانیان ماوەی نیو کاتژمێر تەرخانکرد بۆ د.ئاراس فەتاح. ئەم هاککەرە، لە ئەڵمانیاوە ڤیرۆسی(ئەنتی شوعییەت)ی لەگەڵ خۆی هێناوەو شانبەشانی چەندین جۆری هاکەر هەوڵی تێکدانی"هاردڤێرك"ەکان دەدا، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە، دکتۆر بە میتۆدی ئیسلامییەکان کاردەکات و بەئاشکرا لە کۆڕەکەی بانگەشەی **دەست بڕین** و کۆتاییهاتنی مارکسیزمی کرد. دانیشتوانی کۆڕەکە بە بێدەنگیەکی تایبەت گوێیان لە عیلمی ڤیرۆس و چەقۆ دەگرت((هوڕا!))!
زۆربەی هەرە زۆری کەس و لایەنەکان باسی شۆڕش و شۆڕشگێڕی تونس و میسر و وڵاتانی تر دەکەن کە لە هەموو کاتێك ئەگەری داگیرساندنی لە چەندین وڵاتی تر دەکرێ، بەڵام ئاراس بە کۆدێکی نهێنی فەرمووی:(سیستێمە شۆڕشگێرەکان ترسناکترن لە سیستێمەکانی تر).
کێ لەو رستەیە تێدەگات؟
لێرەدا بە گونجاوی دەزانم گفتوگۆی هەفتەنامەی(دی تسایت)ئەڵمانی لەگەڵ پرۆفیسۆری زانکۆ، راوێژکاری نەتەوە یەکگرتووەکان و نووسەر(یان تسیگلەر) کە دی تسایت نازناوی(ویژدانی مرۆڤایەتی)بە مانشێت بڵاوکردووە، بە نموونە بهێنمەوە(دی تسایت: تاوانبارەکان کێن؟
تسیگلەر: من نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە. لە لووتکەی قەیرانی دارایی، سەرۆك حکومەتەکانی وڵاتانی ئۆیرۆ رۆژی2008/10/12 لە پاریس کۆبوونەوەو لەپێناو هێورکردنەوەی بارودۆخی بانقەکان بڕیاریاندا بڕی 1700ملیارد ئۆیرۆ قەرزیان پێبدەن. 1700ملیارد ئۆیرۆ!

پێش ئەوەی ئەو ساڵە تێپەڕێت، هەمان ئەو سەرۆك حكومەتانە بودجەی بەرنامەی خۆراكی جیهانی بۆ نیوە كەمكردەوە، واتە لە 6ملیارد ئۆیرۆ كردیان بە3ملیارد ئۆیرۆ. ئەزانن ئەوە مانای چی دەگەیەنێت؟ لە قوتابخانەكانی هۆندۆراس یان بەنگلادش خۆراك لە قوتابیان دەبڕێ. ئەو بەشە خۆراكە كە بە پێوەری پزیشكی كەمترین كۆلۆرینیان تێابێ و لەخوار ئاستی مانەوەی مرۆڤە بۆ بنكەكانی پەنابەرانی دارفور دەبڕێت.

لەوێدا مرۆڤ دەمرن، تێگەیشتی؟

دی تسایت: پێتانوایە تاوانی سیاسەتمەدارەكانە؟

تسیگلەر: سیاسەتمەدارەكان دەستی درێژی ئەو چەتانەن كە تا ئەو كاتە هەموو شتێك دادەروخێ لە بۆرسەكان جامبازی دەكەن. ئەو مرۆڤانە كە لە برساندا گیان لەدەستدەدەن، جەستەكەیان لە باخچەی بەردەم پەرلەمانی ئەڵمانی نەكەوتوون. لەم جیهانەدا هەر پێنج چركەیەك منداڵێك لەبرساندا گیان لەدەستدەدا. ئەمە لە راپۆرتی رێكخراوی جیهانی خۆراك سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان بڵاوكراوەتەوە. بەڵێ هەر 5چركەیەك، ئێستا لەم كاتە كە گفتوگۆ دەكەین!لە هەر 4دەقەیەك ئینسانێك رووناكی چاوی لەدەست دەدا، تەنها لەبەر ئەوەی بڕێكی كەم لە ڤیتامین(A)یی دەستدەكەوێت. لە هەر 6كەس، مرۆڤێك بەبەردەوام بە سەختی خۆراكی دەستدەكەوێت.

دی تسایت: ئێوە بە بەردەوام ئەو ژمارانە دووبارە دەكەنەوە.

تسیگلەر: ئەو ژمارانە چەكن، چەكگەلێكی كاریگەرن، چونكە تەنانەت لەلایەن كارمەندەكانی بانقی جیهانیش گومانی لێ ناكەن. هەروا لەبەر ئەوەی راپۆرتی خۆراكی جیهانی رایدەگەیەنێت كە گشتوكاڵەكەمان لە توانیایدا هەیە 12ملیارد مرۆڤی تر تێربكات. نوقسانییەكی بابەتی خۆراك لەئارادا نییە. ئەو منداڵە كە ئیمرۆ بە هۆی برسێتی گیان لەدەست دەدا، دەگوژرێت و دەبێ بكوژەكەی بۆ بەردەم دادگای نۆیرنبێرگ راپێچ بكرێت. نوقتە، تەواو.

دی تسایت: ئێوە زێدەڕۆیی دەكەن.

تسیگلەر: نەخێر. زێدەڕۆیی ناكەم.

دی تسایت: لە سویسرا چیای زێر هەیەو لە ئەفریقا چیای لاشەكان؟

تسیگلەر: مرۆڤ دەبێ هاوار بكات تا لەناو قەرەباڵەغی میدیای جیهانیدا، گوێی لێ بگیرێت.

دی تسایت: هەر كەسێك زۆر هاوار بكات، رۆژێك دێت بڕوای پێ ناكرێت.

تسیگلەر: هەندێجار هاوكارەكانم لە زانكۆ بەمە تۆمەتبارم دەكەن: من بەشێوەیەكی نازانستی دەنووسم و وردبین نیم. بیركردنەوەی گیتۆیانەی ئەكادیمەكان! مەسەلەكە توانایە.

دی تسایت: ئێوە باوەشێك جوێن بەكاردەهێنن بۆ سەرمایەداری وەك: سەرمایەداری مرۆڤكوژ، سەرمایەداری گازینۆ، سەرمایەداری دارستان. هەڵبژادەی تازەتان چییە؟

تسیگلەر: سەرمایەداری دڕندە کەرچی ئەمە بریندارکردنی هەستی دڕندەکانە.

دی تسایت: بە بڕوای ئێوە بۆچی وایە؟

**تسیگلە: ماوەی500ساڵە دەسەڵاتی سپی پێست کە کەمایەتی پێکدەهێنێت بەبەردەوام سیستێمی چەوساندنەوە لە جیهان جێبەجێ دەکات. یەکەمجار دزی و جەردەیی و کۆمەڵکوژی لە ئەمریکای خواروو ئەنجامدا کە مارکس پێی دەڵێ کەڵەکەکردنی سەرەتایی سەرمایە. پاشان بازرگانی سێگۆشەیی: کۆیلەکراوەکان لە ئەفریقاوە بۆ ئەمریکا گواستەوەو لەوێوە شەکر بۆ ئۆروپا. ئەوجا 150ساڵ لە کۆمەڵکوژی داگیرکردن و ئێستا سیاسەتێك کە لە گشتی خراپترە: دیکتاتۆرییەتی جیهانی سەرمایەداری دارایی جیهانگیرە. ئەوپەڕی چاوچنۆکی و چەوساندنەوەی مرۆڤ و وێرانکردنی سرووشت. بەگوێرەی سەرچاوەکانی بانقی جیهانی 500کۆمپانیای بانناسیونال لە ساڵانی رابردوو کۆنتڕۆڵی 53,8٪ لەداهاتی جیهان دەکەن. ئەمە داهات و دەسەڵاتێکی زۆر گەورەیە و هیچ قەیسەرو پاشا و پاپایەك نەیبووە.**

دی تسایت: ئێوە ئەوەی کە ئەم سیستێمە ناخرێت ژێر پرسیاری ریشەیی، تەنانەت ئێستاش کە خەریکە دادەروخێت چۆن رووندەکەنەوە؟

تسیگلەر: بڕواموایە، وەهمی هزری لیبڕالیزمی نوێ، هوشیاری گشتی وێرانکرد. حەقیقەتی مردنی منداڵان لەبرساندا لەو تێڕوانینەوە بە یاسایەکی سرووشتی دەبینرێت. هەروەك قازانجکەران...سەیرە، گەورەترین بانقی سویسری(ئو. بی. ئیس) موکافەئەی 1,9ملیارد فرەنك بە کارمەندەکانی بەخشی پاش ئەوەی بەخۆی ساڵێك پێشتر 61ملیارد فرانك لە باجدەرەکانی دەستکەوت.

دی تسایت: ئێوە رقوقینتان لەو کەسانە دەبێتەوە؟

تسیگلەر: نەخێر. من هیچم دژ بەوان نییە. ئێوە برابێك(بەڕێوبەری جێبەجێکرن لە کۆمپانیای نەستەلە) دەناسن؟ لە خلیسکانی سەر بەفر پێکەوە یاری دەکەین. پیاوێکی خراپکار نییەو کەسێکی بەرێزە، تەنها خواستی خاوەن بەشەکانی کۆمپانیاکە جێبەجێ دەکات. سارتەر وتی: بۆ ئەوەی مرۆڤێکت خۆش بوێت دەبێ زۆر بە توندی رقت بێتەوە لەوەی چی دەیچەوسێنێتەوە، نەك کێ دەیچەوسێنێتەوە. مەسەلەکە دوژمنایەتی شەخسی نییە، بەڵکو دژایەتی ستروکتورەکانی ئەم جیهانەیە.
تسیگلەرە یەکێکە لە هەزاران رۆشنبیر کە بەو شێوەیە بیردەکەنەوەو هەوڵی لە گۆڕانی حکومەتە "ئازاد و فرەرەنگە"کان دەدەن. جیاوازیی لەنێوان رۆشنبیری رەسەن و چەقۆکێشە دژ بە کۆمونیست و بە گشتی چەپەکان زۆر قووڵە. بەڵام لێرە کێشەکە لە شوێنێکی ترە، لەو شوێنەیە کە مێژووی کۆمونیستی بازرگانی پێدەکرێ و سوك و پوچ و رسوا دەکرێت...کێشەکە لەوە نییە کە ئەو نووسەرە زەلیلانە لە هەندێ راگەیاندن دەنگیان باشتر بە خەڵك دەگات...هەرگیز!
مێژوو و گۆڕانکارییەکانی، مێژووی شۆڕشەکانەو بەڕاستی هەموویان سیستێمی تایبەتی خۆیان هەبووەو هەیە و هەمیشە بۆ یەکتری ترسناك بوون و لەداهاتووشدا هەر بۆ یەکتری ترسناك دەبن.
ئاراس بە هووشیارییەکی"دەگمەن"هەوڵی لەخشتەبردنی دانیشتوان و بیسەرانی دا و مارکسیزم، بەعس، پارتی و یەکێتی تێکەڵ کرد، بەبێ ئەوەی ئامادەبووانی کۆڕەکە لە بارەی ئەو مەعریفەتە، پرسیارێك یان گومانێك دەربڕن، چ جا لە پرۆتێستکردن! ئەوەی بزانم لایەنگرانی مارکسیزم لە چەندین وڵات حوکمڕانی سەدان ملیون مرۆڤ دەکەن و سەدان ملیون مرۆڤی تر هیوای رزگاربوونی مرۆڤایەتی بە مارکسیزمەوە گرێداوە.

هەر کەسێ دەم لە بواری رۆشنبیری بکوتێ، دەبێ سەڕاستی بپارێزێ و لەم رێگایە هەموو باجێك قبووڵ بکات، بەپێچەوانە دەبێت بە کاسەلێسێکی بەردەرگا سوڵتانی ئەقڵی پارەو پلەوپایە، نەك سوڵتانی ئەقڵی ئازادی لە ستەمکاری.
لەبەر دەرگای بەناهەق ئەتککراوی سەرا، "رۆشنبیرەکان"خوێنی منداڵ و گەنجە بەناهەق رژاوەکان لە کاسە دەنێن و بۆ بەڕێز ئۆباما دەینرێن و لەگەڵیدا داوای یارمەتی لێدەکەن تا فشار بخاتە سەر پارتی و یەکێتی!
بەداخەوە"هێژا"ئۆباما بەرنامە ئاشتیخوازەکەی لەکاتی هەڵبژاردن لەبیرکردووەو ئێستا وەك بوشی باوك بەشێوەیەکی دیموکراسی شانبەشانی هاوپەیمانە شارستانەکانی سەرقاڵە بە ناردنی فرۆکەی(شەبەح) بۆ پشتگیری لە "شۆڕشگێرەکان"ی لیبیا
تەنها حەقیقەت شۆڕشگێڕەو هەرگیز سیستێمی شۆڕشگێر لەم قەیرانە گشتییە کە هۆکەی سەرمایەداری دارایی جیهانگیرە، گرانی و سەد دەردی تری لێکەوتووەتەوە. شتراوس-خان(سەرۆکی سەندوقی دراوی جیهان)، دەڵێ(شەپۆلی گرتنی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی دەهێنێ...)و لەژێر کاریگەری ئاژاوەگێری و فەوزای دەسەڵاتی سەرمایە، دوێنێ سەرۆکوەزیرانی(پورتوگال)یش ناچار بوو دەستلەکاربکێشێتەوە، لە بەریتانیا 600زانکۆ مانی گشتیان دەستپێکرد، بەڵام چەپەکان لە ئیرەلەند دەنگی زیاتریان بەدەستهێناوە، لە بەنغالی رۆژئاوای هیندستان شوعییەك بە سەرۆکوەزیران هەڵبژێردرا، لە فەرەنسا بەرەی چەپ بەرفرانتر بووە. سۆسیالیزم تاقە ئەڵتەرناتیڤە، ئێوەش بۆ خۆتان فەتوای مەرگ یان کوشتنی مارکسیزم بدەن، بپارێنەوەو لەگەڵیاندا پروپاگەندە بۆ سیستێم و رژێمی تاوانی تەکنۆکراتی فرەڕەنگەکەتان بکەن...چڵکنی بیرو بۆچوونەکانتان لە گەندەڵی و ستەمی دەسەڵات باشتر نییەو وەك دەزانن (ڤۆڵفگانگ شتراوس)یش لاف(دەستپاکی، ئاشتی، برایەتی، ویژدان و ئیرادەی خەبات)دەدا...تێگەیشتن!

## وەك ئازادییەکەی میلتون فریدمان!

نوخبەی دەسەڵاتدار بۆی هەیە، بە بێ رەقیب پێداویستییەکانی بە زیادەوە پڕبکات، بەڵام هەژارەکان ئەگەر تەنانەت بیانەوێ لەبارەی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان ناڕەزایەتی دەربڕن، ئەوا دەبێ لە دەستوپێ پڕچەکەکانی نوخبە رێگایان پێ بدرێ. نوخبە خۆی وەك خواوەندەکان رەفتاردەکەن و هیچ کەس ناتوانێ بۆ بەردەم دادگا راپێچیان بکات، تەنانەت نەك خۆیان بەڵکو دەستوقاچەکانیشیان.
لەسایەی دیموکراسی، پەرلەمان، مافی مرۆڤەوە، لەسەرشەقامەکانمان مرۆڤدەکوژرێت، ئەندام پەرلەمان بەبەرچاوی خەڵکەوە سەری دەشکێنرێ، بۆمبی دەنگی لە دەرگای سەرا دەچێندرێت، بە کوتەکچی و چەقۆچی بەردەدرێنە گیانی خۆپیشاندەران و خێوەت دەسوتێندرێت، کامیرای هەندێ کەناڵی تەلەفزیونی دەشکێندرێت، کەناڵی تەلەفزیونی دەستوتێنرێ، ژیان ملیتاریزە دەکرێت و زۆر تاوانی قورسی تر کە لایەن"دەستی نهێنی"یەوە ئەنجامدەدرێن.
ئەو فایلانە چەند بەشێکی بچووکن لە سیناریۆی رەشی حکومەتی باگەردێن و تازە پاسەوانانی نەوت و خاوەن بەنزینخانە، بازرگانی و خانوبەرە...هتد و "هاوپەیمانە" بێدەنگەکانیان.
لەئەنجامی ئەو کردەوە قیزەوەنانەو بێدەنگی و خۆگێلکردنی چەپەکان لە ئاست ئەکەرکەکانیان و پەرتەوازبوونیان، ئێستا هێزە کۆنەپەرەست و لیبڕاڵیستەکان لەمەیدانەکان تەراتێن دەکەن. ئایا ئەوە گاڵتەجاڕی مێژوو نییە، مەلاکان بە سەرۆکی هەرێم و حکومەت و هەموو ئەوانەی خۆیان بە دیموکرات، ئازادیخواز، پارێزەری مافی مرۆڤ و پێشکەوتنخواز دەزانن، دەڵێن: خۆپیشاندان مافی ئازادی هاوڵاتیانە....هتد
مرۆڤ دەتوانێ لەباشترین حاڵەت بڵێ: ئەو تاوانانە درێژەپێدانی ئەقڵ و فکرو تێگەیشتنی دەسەڵاتی ستەمکاری کۆمەڵایەتی، گەندەڵی بەمانا بەرفراوانەکەی و بوحرانییەکی پێکەنیناوی دەسەڵاتێکن لاف چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەکەی دەدات، بەڵام بە روونی مانا"شارەوەکانی"وەك پێکەنینە هەستیری و زەرد و بێماناکانی بەشار ئەسەد پێوەی دیارە!
حکومەتە"هەڵبژێردراوەکەمان لەلایەن زۆرینەی گەل پشت بە چەکداری دەمامەکدراو دەبەستێت؟
حکومەتە خەباتگێڕ و خاوەن قوربانی و سەروەرییەکان، لەماوەی پتر لە40رۆژ بەدەنگ بەشی داخوازییە سارەتاییەکان هاتووە؟

ئەگەر ئازادییە سەرەتاییەکانمان پارێزراون، بۆچی ئەو هەموو تاوانانە ئەنجامدەدرێن؟
بۆچوونەکەی رۆماننوسی پورتوگالی خوسێ سەرەماگۆ، رەفتاری حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەم بارودۆخە بۆ ئاشکرا دەکات: (ئێمە روناکی چاومان هەیە، بەڵام هیچ نابینین، لەگەڵ تۆقاندن دەژین، بەڵام فێربووین سەیری نەکەین)!
دیارە خاوەن بڕیارەکان بێ باکن لەو راستییە کە رقوقینەی زۆرێك لەو پۆلیسانە کە فەرمانی پاراستنی هەندێ شاریان پێ سپاردووە، لە خۆپیشاندەرەکان بەتینترە، بەڵام دەنگ ناکەن و نایانەوێ ئێستا دوا پارووی دەمی خۆیان و منداڵەکانیان لەدەست بدەن!
ڤالدن بێلۆ(هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئەلتەرناتیف) لە وتاری(چاوی هوریکانس: میلتون فریدمان و باشووری جیهانگیر)دەڵێ: (ئابووریناسان یادی کۆچکردوو میلتون فریدمان وەك"پێشەنگی ئازادی" کردەوە، وەك کەسێك کە"کتێبەکانی ئابووری و جیهانی گۆڕی". بەپێچەوانەوە، مرۆڤەکانی باشووری گیتی پرۆفیسۆرەکەی زانکۆی شیکاگۆ وەك چاوی هوریکانسێك کە بەدەستی مرۆڤ درووستکرابێ، دەبینن و لەیادیان دەمینێتەوە، هوریکانسێك کە لە کتێبە ئابووریێکانیدا پێشنیاری گرتنە بەری رێگای وێرانکاری کرد. فریدمان لە وڵاتانی باشوودا لە پەیوەند بە دوو شتەوە یاد دەکرێتەوە: ریفۆرمکردنی شیلی-لەسەردەمی بینۆشیت- بۆ ئابووری بازاڕی ئازاد و "بەرنامەی خۆگونجاندنی سترکتوری ئابووری".
فریدمان لە1976خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووەو، یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی شیگاکۆ و راوێژکاری نیکوسن، پینۆشیت، ریگان، تاتشەر بووە، بۆیە بۆ سیستێمی سەرمایەداری بە گەورەترین و گرنگترین و بڕیاردەرترین کەسایەتی سەدەی رابردوو و باوکی سیستێمی جیهانی"نوێ" ناودەبرێ.
بەڵام ئەو ئازادییە کە فریدمان مەبەستی بوو، هەژاری، تیرۆر، تۆقاندن، زیندان و پەنابەری بۆ سەدان ملیون مرۆڤ لێکەوتەوە، بەڵام ناوبراو پێش کۆچیدوایی لە دیمانەیەکدا، ئەڵێ: (ئازادی، داوا و ئامانجی سەرەکیم بووە لە ژیان. ئازادی گرنگترین لایەنی بوونی مرۆڤە).
ئایا ئازادی، بازاڕ و پشتگوێخستنی داواکاری رەوای خۆپیشاندەران کە دەسەڵاتدارانی هەرێم شانازی پێوەدەکەن و لە کردەوەدا ئەو هەموو ناعەداڵەتییە کۆمەڵایەتی و گەندەڵی و تاوان و ستەمەی لێکەوتووە و ئەو ئۆپۆزیتسیونە کە داوای دامەزراندنی حکومەتی تەکنۆکراتی بێلایەن دەکات، هەمان سیستێم و ئیدۆلۆژیای بازاڕی ئازادی فریدمان و رووناکبیرە هاوبیرەکانی نییە؟!
هێشتا نە باسی حیکایەتە گەورەکان، نە مێژوو و نە ئیدۆلۆژییەکان کۆتاییان پێهاتووە. ئەگەر دەسەڵاتداران بیانەوێ لەوە زیاتر لەناو ماڵان، لەسەر شەقام و لە پایتەختەکانی جیهان بێحورمەتر نەکرێن...دەبێ دەست لە بێ کەرامەتکردنی هاوڵاتیان هەڵگرن و داخوازییە جەماوەرییەکان جێبەجێ بکەن!

## گوتارە کۆنەپەرەست و شکستەکانی مەلا بەختیار، فاروق و رەفیقەکانیان!

مەلا(بەختیار عەلی) لە هەینی"پیرۆز"بە دوعا و پاڕانەوە دەیەوێ لە ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی نزیکمان بکاتەوەو ونووسیویەتی: (خودایە بۆ خاتری کەرامەتی ئینسان کە لەوێنەی خۆتدا خەڵقتکردووە...خوایە کەرامەتی ئەوانیش بشکێنی....خودایە ئەو سیستێم و یاسا و حوکمڕانییە بە سزا و ئابرووچوونی خۆی بگەیەنی...خودایە ئەم کیللەتە لەو نەگبەتی و نەهامەتییانە رزگار بکەین...خۆایە جورئەت و بوێری ببەخشە بەم گەلە قوربانیبەخشە...خودایە بە حیکمەتی خۆت پڕ مانکە لە هەدادان...خودایە خودایە بوێری و سەبر ببەخشە بەو گەنجانە...خوداەی ئەم تارمایی وەحشەت...خودایە ئێمە لە دۆزەخەوە پەنات بۆ ناهێنین، بەڵکو لە کوردستانەوە...)
ئایا ئەوە گوتاری نوێبوونەوەی دونیا و دەسەڵاتە؟ ئایا ئەوە خیتابی رۆشنبیرێکە بیەوێ کۆمەڵگەکەی بۆ پێشەوە ببات؟!
بەداخەوە ئەو وتارە زیاتر فرەبێژی زۆرو زەوەن، پێوەنان و بێمانەیە کە بەروونی شکستی و دەستپاچەیی گوتاری رۆشنبیری راستڕەو کۆنەپەرەست سەرلێشێواو پیشاندەدا.

ئیمرۆ ئەو دەنگە بە گاڵتەجاڕییەکی نوێی فاروق رەفیق ئامێتە بوو، چونکە جەنابی"فەیلەسوف"یش هێرش بە بێ بۆنە بۆ مارکسیزمی برد! ئاخر نە مەسعود بارزانی(لینین)ە و نە جەلال تالەبانی ستالین، کەچی ئیمرۆ فاروق رەفیق وەك راستڕەوێك، بە ریتوالی"لەبەر خودا"، نەفرەتی خۆی لە شوعیەت کرد!

رەفیق هەرگیز بابەت و بیرو هۆشی عەدالەتی کۆمەڵایەتی نەبووە بە مێوانی، کەچی بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵك، هەر باسی عەدالەت دەکات کە لەداوییدا هەر دەسەڵاتێکی تیموکراتی، ئۆلیگارشی، فاشی لێ سەوزدەبێت!

ئەزموونی 1968رۆشنبیری بلیمەتی دروستکرد، بەڵام بەردەرگای سەرا شەرمەزاری و کۆنەپەرستی! دەنگی رۆشنبیری ئازادیخوا زمان و گفتارو ئاراستەی تری هەیەو، ئەو نووسین و وتانە رەسەنایەتی و ئەرکی رۆشنبیری ئازادیخوایان تێدا نابینرێت نییە، سوپاس بۆ دەرگای سلیمانی کە ئاوا بە روونی دوو فاقی و شیزۆفرینی منداڵە زیرەکەکانی بەردەرگای دەزگا رۆشنبیرییەکانی دەسەڵاتی، دەرخست.

رێبوار سیوەلی، بەختیار عەلی، فاروق رەفیق، لەبەر کۆڵەوارییان، ستەم و تاوانەکانی پارتی و یەکێتی بە فاشیزم دەشوبهێنن!

لە سلیمانی سەردەمی بەعس، پەردە لەسەر پەیگەرێکی کاوە لادراو بوو بە خۆپیشاندان و تا خوارەوەی نەخۆشخانەکە درێژەی هەبوو، منیش یەکێك بووم لە خۆپیشاندەرەکان. پۆلیسەکان لەسەر ئۆتۆمبیلەکانیانەوە، تەنها تەقەیان بەسەرمانەوە کرد. بە هەمان شێوە کاتێ لە هەولێر دانیشتوانی ئۆردوگای کەسنەزان(خەڵکی گوندەکانی سیدەکان بوون)، بە کوتەك و بەرد خۆپیشاندانیان کردو بەردیان بە پۆلیسەکانی خانەقا تێگرد، بەڵام تەقەیان لێ نەکردین.

هەرگیز ناکرێ خەتا و حەماقەتی بەراوردکردن لە نێوان حکومەتی هەرێم و رژێمی فاشیستی بەعس بکرێ. بەعسی ئەنفالی کردین، بۆیە بەبێ گوێدان بە ئەتەکێتی نووسین، دەڵێم: تەنها گێل و گەمژەکان ئەو کارە دەکەن. نابێ فاشیزم وەك جوێن بهێنرێت. کلیپی ئەشکەنجەدانی ئەو گەنجە تاوانە و مەحکومە، بەڵام ئەو جۆرە تاوانانە نە تازەیە و نە دەگمەن، تازەکەی ئەوەیە کە ئەو بەڕێزانە تازە بە خەبەر هاتوون...بەخێر نەیەنەوە، ئێوەش کۆپییەکی تری ئەو شەلاق و ماچکردنەن، ئەوە نییە ئاراس فەتاح باسی دەستبڕین و کوژانەی نەیارەکانی کرد و(محسن ئەدیب) کورتەباڵا وەك جوێن بەکاردەهێنێت بۆ هەندێ بەرپرس لە هەڵەبجە، هەروا بەختیار لە وتارە پیرۆزەکەی رۆژی هەینی پیرۆز، کەوتووەتە هەڵەی لەرادەبەدەر کوشندەو کول: لەلایەکەوە بڕیار لەسەر خۆپیشاندەران دەداو دەڵێ(ئێوە و ئەوان لە هیچدا لە یەك ناچن)، پاشان بە زمانی مامۆستا پێیان دەڵێ(دەبێت دروشمی ژیانی ئێوە بێت، لە هیچدا لەوان نەچن)وپاشان ئامۆژگاریان دەکا(...تا هەوڵ بدەن لەوان نەچن)....خۆش ئەوەیە نەمریان پێدەبەخشێ(ئێوە تەنیا هێزن کە پیر نابن و ناڕۆن و هەمیشەیین)....چۆن؟ بۆ؟

من دەمەوێ تێبگەم، خۆپیشاندەران لەوان دەچن یان نا؟ کەس، حزب، شت هەیە پیر نەبێت؟ بۆچی هەمیشەیین؟...

کەناڵی گەلی کوردستان ریکلام بۆ چاوپێکەوتنێك دەکات لەگەڵ پرۆفیسۆرێکی ئەمریکی-لەوانەیە فاروق نامەکەی بۆ ئۆباما لەگەڵ ئەم"عەبقریە" دەنێرێ!- و زوو زوو وتەیەکی بڵاودەکاتەوەو تێدا بە وەك ترزلێکی ئەمریکی بە ناڕازیبووان دەڵێ(بڕۆن کار بکەن!)...ئەزانن مانای چییە؟!

سەرەماگۆ لەبارەی دیموکراسی لە وڵاتی بەرێز ئۆباما دەڵێ: (کاتێ گەشت بۆ ئەمریکا دەکەم، کارمەندەکانیان دەتوانن هاردوێری کۆمپیوتەرەکەم کۆپی بکەن، کاتێ بازاڕی دراو مایەپوچ دەبێ، داهاتی دەوڵەت ئاودیودەکەن، ئایا ئەو کارانە چ پەویەندییەکیان هەیە لەگەڵ دیموکراسی؟ لەساڵانی رابردوو سمینارێکی زۆرم لەبارەی جیهانگیری دەگێراو وەك هزرێکی تۆتالیتێر پێناسەم دەکرد. بەداخەوە بارودۆخی ئێستا بۆچوونەکەی پشتڕاستدەکات. هەرگیز مارکس وەك ئەم کاتە ئەکتوێل نەبووە.)

بەڕێزان!

رۆشنبیر پارێزەری چاونەترسی بەرگرییە بۆ بەرەوچوونی پرۆسەی رزگاری مرۆڤ لە گشت جۆرەکانی چەوساندنەوەو لەم رێگایە هەرگیز بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی ناکاتەوە، دوور بێت یان لەناوچەرگەی گۆڕەپانی ململانییەکان، سەراستانە هیچ لە هەڵویستی بەرامبەر هیچ خاوەن دەسەڵاتێك، ناگۆڕێت و زۆر دەمێکە گۆتا پێی وتووین: (هیچ شتێك بەرزتر نییە لە هزری ئاشتی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی)، بەڵام ئەگەر ئەو ئێستا لەناومان بوایە، ئەوا بێگومان بەهەمان شێوە دووبارەی پرسیارەکانی دەکردەوە:

لە چ کۆمەڵگایەك دەمانەوێ بژین؟ ئایا بەڕاست دەماوێ هەموو شاێك ببێت بە بازرگانی و کاڵاو (رەیع)لە هەستی مرۆی و کۆمەڵایەتی گرنگتر بێت؟)

گوتارەکانی ئەو بەرێزانە زۆر حزبین، حزبییەك لە خوارەوەی ئەقڵی مرۆیی ئازادیخوازو تینووی سەرفەرازی لەستەمی سەرمایەی دارایی جیهانگیر کە پەلوپووەکانی لەناو گەڕەکەکانی سایمانی و هەولێر.و خانەقین تەراتێن دەکەن، بەلام ئەو"بلیمەتانە"بەچەپڵەرێزان و دوعاو پاڕانەوەو نوێژ و نامەناردن و تکاو جاسووسی و هێرشکردن بۆ گوڵە سوورەکەی ژیان بە ئیدیالی خۆیان دەزانن!

(...ناتوانم ئەو زنجیرانە بشکێنم

کە بە زەمین کۆتم دەکەن!

هیچ نابینم،

هیچ نالێم...فاوست)!.

سەرەڕای هەموو شکستییەکان و هەڵویستی ئەوانەی سەرمان شۆڕ دەکەن، داخوازی بەرەی ئێمەیەو دەستخستن و پاراستنیان هەر بە ئێمە دەکرێ و ئەوەی"ئازادانە" بمانسرێتەوە، بەخۆی پێشوەخت بڕیاریداوە رسوا بکرێت...ئازادییەکەی دەسەلات و ئێوە، دەمخنکێنێ!

## هەڕاجخانەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی!

هیچ کاتێك بازاڕی عەدالەتی کۆمەیلایەتی ئەوەندە گەرم نەبووە.

-عەدالەتە کۆمەڵایەتییەکەی حکومەتەکانی پارتی و یەکێتی، گەڕەکی فیرعەون، دۆلارو ملیونێرو خاوەن کۆمپانیای زەبەلاحی سەیریان لێ هەڵکەوت و بە دەسەلات و پارە وپەیوەندییەکانیان گێژ بوون و ئاگایان لە ژیانی راستەقینەی"براو خوشکەکانیان"نەماوە، بەلام لێرەو لەوێ بەردەستەکانیان"خێر"پێشکەش بە خەڵك دەکەن.

- عەدالەتە کۆمەڵایەتییەکەی گۆڕان پێمان ناڵێ چۆن، بۆیە هەر قاوخە. خواتان بێت فکری لیبراڵ دیموکرات و دەسەڵاتی تەکنۆکرات و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە قوتی چ عەتارێك دۆزیوەتەوە؟!

- زمان و قەڵەمی سەددان رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی تەتەڵە دەکات، خەریکی عەداڵەتی ماستاوکردن و شا تەکاندن وپێهەڵدانن!

- رۆشنبیرە لیبرڵەکان و تازە سۆسیالدیموکراتەکانیش دەم لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و"تەنانەت" ئازادیش دەکوتن، بەلام کە باسەکە گەرم دەبێت وباسی سیستێم و فکر و بیری عەدالەت و چۆنییەتی هەنگاونان دێتەپێش، دەبن بە چەقۆکێش و رێگریدەکەن و هەزار نەفرەت لە سۆسیالیزمی زانستی دەکەن!

- زۆربەی نووسەر، رۆشنبیر و رۆژنامەنووسەکان خۆیان لە هەڵویستوەرگرتن دەدزنەوە. ئەمانەش خەریکی عەداڵەتی گیرفانەکانیانن و دەڵێن ئێمە هیچمان پێناکرێ!

-ئیسلامییەکان پاش1400 ساڵ هێشتا هەر خەریکی(تەرازووی یەکسان-ئەی ئەوەی لە دیوەکەی تری تەرازووییەکەی؟!-...بەیەکچاو تەماشاکردنی بەرتیلوەرگر و بەرتیلدەر)، ئەمانیش ئەگەر خێریان هەبوایە، باری ژێردەستەکان پاش ئەو هەموو ساڵانە ئەوەندە لێژ نەدەبوو. ئەم بەرێزانە تازە بە تازە بە چەقۆی بن لادن یان بە لیبرالییەکەی یەکگرتو یان بە وزەلاتەی"میانڕەوەی"و سەلەفییەکەی کۆمەڵ و کۆنەپارێزی بزووتنەوە وەعدی پاداشتی ئەو دونیامان دەدەنێ.

لەم ناوەڕاستە هەژارەکان تەماشای چاوەڕوانییەکانی منداڵەکانیان و کیرفانیان وردەبنەوە، خەم دایان دەگرێ، هەست بەنامۆبوون دەکەن، بۆیە هیچیان بۆ نامێنێتەوەو بە رەنگزەردی شوکری خوا دەکەن و دەڵێن خۆی چاکی دەکاتەوە!

لەم ناوەڕاستە کەمایەتییەك دەمێننەوە نە بۆ پارە و نە بۆ دەسەلات و موزایەدەکردن ماونەتەوە: ئەمانە باش لە یارێکە سەردەردەکەن، بەلام ناتوانن بەر بە لێشاوی درۆو دەلەسەکان بگرن.

عەدالەتفرۆشەکان لەخۆشییەوە خەنیون، رۆژ رۆژی خۆیانە، بەلام هەر کە باسی ئابووری کەرتی گشتی و هەرەوەزی بکرێت، روونتر بڵێم داوای(خۆماڵیکردنی ئاسیاسێل، کۆڕەك، بازرگانی، نەخۆشخانە، زانکۆ...هتد تایبەتەکان)بکرێ، هەر هەموویان خۆیان کەڕ دەکەن و دەچنە سەنگەری ئازادی کەرتی تایبەت و لەپێناویدا هاواری(ئازادی، ئزادی، ئازادی!... نابێ مافی تاك پێشێل بکرێ)دەکەن و دەڵێن: اعوز باللە، ئەوە سۆسیالیزمە...باوی نەماگە!

دووڕووی، فرتوفێڵ، پاشقوڵدان، خۆگێلکردن و گێلکردنی خەڵك لە ڕاگەیاندنی دەسەڵاتدارەکان بووە بە"مۆدێل"، هەڵویستفرۆشتنی"نیشتمانپەروەری و خەباتگێڕی قەزافییەکان" بوون بە گاڵتەجاڕی ناو خەڵك و درۆی شاخداری"وەزعی کوردستان وەك فلان و فیسارە وەڵات نییە" زۆر بێتام و لەزەتە...ئەوە خەریکە خەڵکی مەکەی بنەماڵە ئەبدییەکەی خادمەکەیان بەر شەق و تف و نەعلەت دەدەن، پاشا لەترساندا 140ملیار دۆلاری تەرخان کردووە بۆ هەژارەکان: بۆچی لە سعودیەش هەژار هەیە؟!

ئەم ئەزموونە حەقیقەتێ دەسەلات و دەسەلاتدارە خاوەن کۆمپانیا"نیشتمانپەروەرەکان" لەسەرتاسەری دنیا دەرخست و ڕسواو بێحورمەت بوون و تازە بە هیچ دوو لەشکری تریش لە هەزاران نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئەقڵ و فکرە قەڵەمفرۆشەکان پینەوپەڕۆ ناکرێت.

سوپاس بۆ قەزاڤ کە تاکە کەسە"شایەنی"سەرۆکایەتیکردنە، چیرۆکی(مشکە ئازاکان)ی بەبیرهێنامەوە، ئاخر ئێمەش وەك(شی شی)و هاوڕێکانی لەسەرتاسەری دنیا داوای عەدالەت لە پشیلەکان دەکەین نەك عەدالەتی هەڕاجخانەکان، بەلام دەترسم پشیلەکان هێشتا تێنەگەن، بۆیە چیرۆکەکە دووبارە بۆ بلاوکردنەوە دەنێرم، هیوادارم تێبگەن!

## مەلا کرێکار بانگتان دەکات بۆ شەهیدبوون لەپێناو حکومەتی تەکنۆکراتی!

کەناڵە جیهانییەکانی سەرمایە و ئاینەکانی، ڕۆشنبیرو فەیلەسوفەکانی بەڕێوەن بۆ لەخشتەبردنی ژێردەستەکان. وشەی سیحراوییان"گۆڕان"ە، بەبێ ئەوەی بڵێن چ جۆرە گۆڕانێك و بۆمان ڕوونی ناکەنەوە: ئایا درووشمی گۆڕانەکەی ئۆباما چی لێ سەوز بوو بۆ دەیان ملیون بێکار، لانەوازو هەژارەکانی ئەمریکا؟!

کۆمەڵناسی ئەمریکی تۆرستن فێبلن ڕێپیشاندەری بیری تەکنۆکراتییە و بەبۆچوونی ئەم زانایە دەبێ ئەندازیاران بەڕێوبردنی دەوڵەت لەئەستۆ بگرن...)، بەلام تێڕوانینی تەکنۆکراتی زۆر لەوە کۆنترەو بۆ نموونە(دەوڵەتی ئەستێرەکان) لە نووسینی تۆماسۆ کامپانێلا(1602)و(ئەتلەنتیکی نوێ)ی فرانسیس باکون بە یوتۆبیای تەکنۆکراتی دادەنرێت و هەندێکیش بۆ بۆچوونە سیاسیەکانی ئەفلاتۆن دەیگەڕێننەوە. لەم بارەیەوە جۆرج ئۆرویل لە وتارێکیدا دەڵێ: (تەکنۆکراتی قۆناغی پێش هاتنی فاشیزمە)و هەر یەك لە یورگن هەبەماس، هێربەرت مارکۆزە، ئێریش فرۆم و زۆرێکتر بەشێوەی جۆراوجۆر ڕەخنەی توندیان لەم جۆرە دەسەلاتە گرتووە. ئێستا کاك نەوشیروان دەیەوێت بە پشتیوانی"خوای گەورە"و هێزە ئیسلامییە ناموبارەکەکان بەرەو ئەو شێوە دەسەلاتە بمانبات!

مەلا کرێکار کە شارەزاییەکی لەبەرچاوی هەیە لە زانستی جەلدکردنی مرۆڤ لە بەیاننامەیەکیدا لە 2011/1/30بەناوی"خوای گەورەو میهرەبان"**دوە نووسیویەتی (ئێمە(من و هاوبیرانم) ووردەکارانە ئاگاداری جەمسەری بۆچوونی شاراوەو دیاری ڕوداوو هەڵوێستەکانین، پێمان وایە ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان داوای کردووە، کە بە بەیاننامەیەک ڕوونی کردوونەتەوە داخوازی شەرعین و خەبات لە پێناویاندا. وەکو بەشداریی جەماوەر، فەرمانە بە چاکەو بەرهەڵستییە لە خراپەو کوژرانیش لە ڕووبەڕووبوونەوەکاندا شەهیدبوونە، لە جۆری شەهیدبوونی بەرەی بەرگریی کردن لە ماف و نامووس و سامان و ڕێزی مرۆڤایەتی خۆو خەڵکی بەو مەرجەی کابرا نیەتەکەی ڕەزامەندی خوا بوویێت، پاشان لابردنی ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی لەو میللەتە دەکرێت.. بە تایبەتی کە بە داخەوە ئەو دوو حزبە ئیسلامیەی کوردستان (یەکگرتوو، کۆمەڵ (لایەنی ئەو سیستمە میلیشیاییە لاکۆڵانیەو ئەو دەسەڵاتە سازشکارەیان گرتووە.. کە بە لای ئێمەوە هەڵەیەکی گەورەیەو دینداران نابێت لە سایەی فیرعەون و نەمروودەکاندا بن).**

ڕەخنەگرتن لە ئەدای حکومەت و حزبەکانی ئاسانترین کارەو ڕۆژانە بە هەزاران و ملیونان شێوە دەگوترێ و دەنووسرێ و تەنانەت ئەندامەکانی پارتەکانی دەسەڵات بە خۆشیان ڕەخنەی توند لە حزب و حکومەتەکەیان دەگرن. ئەوەی گرنگ بێت ئەم پرسیارەیە: ئێمە چی بەو ڕەخنانە بکەین و ئەزموونەکەمان بەرەو کوێ ببەین؟

مەلا لەسونگەی تاوانی ئیسلامییەوە تەقەی خۆی دەکات و دەیەوێت ئەزموونەکەمان بداتە بەر ڕەشەبای ئیمانەکەی. ئەم جەلادە، خەڵك بۆ شەهادەت لەپێناو حکومەتی تەکنۆکرات واصحاب اعمالە شارەزاکان- وەك نەوشیروان لە قسەکانی بۆ ك.ن.ن وتی- بانگدەکات.

لەلایەکیترەوە جۆقەی رۆشنبیرو فەیلەسوفە لیبرالە کوردەکان کە پارتی و یەکێتی و گۆڕان بە ڕێزەوە کەناڵەکانیان دەخنە خزمەتیان تا بەئارەزووی خۆیان بەسەر خەڵکی رەشورووتی کوردستان برژێنەوەو سەری رمە ئەنتی کۆمونیست و"حکمەت"ەکەیان لە خزمەت"ئازادی" بازاڕ و قازانجی"رەها"ی سەرمایە لەسەریان ساغبکەن.

یەکێك لەو جۆقە حەکیمە زەحمەتی کێشا و "بەرچاومانی رۆشن کرد"و وتی(راپەڕینەکانی تونس و میسر دژ بە رۆژئاوا نییە)...یەکێکی تریان وتی(راپەڕینی دژ بە مۆدێلی دەسەڵاتی تاك حزبین!)، بەبێ ئەوەی پرسیار لە خۆیان بکەن(ئایا حکومەتی یۆنان و فەرەنسا و ئیسلەندا و کەنەداو روسیا...هتد کە خەڵك لە دژیاندا مانگرتنی گشتیان بەرپاکرد و دروشمی دەستلەکارکێشانەوەو روخاندنیان بەرزکرایەوە، حکومەتگەلی تاك حزبین؟!) بۆچی لە ئەمریکای لاتین چەپەکان برەویان هەیەو حکومڕانی وڵاتەکانی دەکەن!

یەکێك لە سوودە گرنگەکانی ئەم راپەڕین و بەرگریانە ئەوەیە کە بە روونی دەبینین چۆن حکومەتەکانی تورکیا، ئێران، ئەمریکا، ئەڵمانیا....هتد بە ئاشکرا نیفاق و درۆ دەکەن و دوێنی بە بینینی هەواڵی نارەزایەتی چەپەکانی رووسیا دژ بە حکومەتە تەکنۆکراتە فرەحزبییەکەی لە کەناڵی(ك.ن.ن) زۆر پێکەنیم بە بۆچوونە تەکنۆکراتییەکەی نەوشیروان لەبارەی روخاندنی بلۆکی رۆژهەڵاتی تاك حزبی!

ئەوەی ئیمڕۆ روودەدەن راستەوراست دژ بە دیکتاتۆرییەتی سەرمایەو قەیرانەکانییەو ژێردەستەکان لە هەموو قوژبنێکی سەرزەمین بە ژێردەستەکانی کوردستانیشەوە، چیتر ناتوانن لە بەرامبەریدا بێدەنگ بن و تاقە ئەڵتەرناتیف ئەوەیە کەرتی تایبەت و دەسەڵات و فکری قازانجی سەرمایەداری هەڵبووەشێتەوەو لە گەڵیدا گەندەڵی، گرانی، بێکاری و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی رەوانەی نزیکترین زبڵخانە دەکرێ.

گۆڕان و رەوتە ئیسلامییەکان بەرهەمی ناعەدالەتی، گەندەڵی و خۆزلزانینی و بێمنەتبوونی حکومەت و حزبە دەسەڵاتدارەکانن و هەردوولایان یارییەکی قیزەوەن بە ماف، چارەنووس و هەست و ژیانی چەوساوەکان دەکەن و هەردوو لایان-بێجگە لە ئیسلامییەکان- خۆیان لە ئەڵتەرناتیفی سۆسیالیزمی زانستی و ئابووری هەرەوەزی کە تەمەنێك خۆیان بە شۆڕەسواری دەزانی کەڕکردووەو تا پێیان کراوە برەو بە کەرتی تایبەت دەدەن و خۆیان خاوەنین(سەرچاوەی هەموو گەنەڵی و چاوچنۆکییەکان) ئایا حکومەت و گۆڕان ئامادەن کەرتە تایبەتەکان خۆماڵی بکەن؟! مەخابن زۆرێك لەوانەی دەزانن چارەسەرەکە لێرەیە، خۆیان کڕکردووە و تەنانەت وەك پێشنیاریش سەرڕاستانە بە هاوپەیمانەکەیان نالێن(گوڵەکە لێرەیە!)

تا خاوەن ماڵ و کار و رەنجە بە زۆرەملی هەرزانکراوەکان لە زانستی رزگاربوونی خۆیان تێنەگەن، مەحاڵە رزگاریان ببێت بە مێوانی شارو لادێ و دەشت و چیاکانمان!

## حکومەتێکی ئاژاوەچی و توندڕەو تێکدەر، ئۆپۆزیتسیونێکی گەندەڵ!

فکر و ئەقڵی لیبڕاڵیزمی نوێ و شێوە دەسەڵاتە تەکنۆکراتییەکەیشی بووە بە هۆی هەموو نەهامەتییەکانی سەر گوێی زەمین، کەچی لەبە دەرگای سەرا، رۆشنبیرێك بە هەمان ئەو ئەقڵە بە بۆن و تامی دژ بە شوعییەت، لاف دژایەتی گەندەڵی ئابووری کوردستان دەدا کە بە ملیارد پەت بە ئابووری جیهانی گرێدراوە، زۆرێك لە حزبە سۆسیالدیموکراتەکان خەریکی بازرگانی بە مادده بێهۆشکەرەکان و دەلالی بۆ کۆمپانیا و چەکفرۆشتن دەکەن، کەچی کەلە"فەیلەسوف"ەکەمان وتی: با ئابووری کوردستان بە بازاڕی جیهان ببەسترێت...هیچ حزبێکی سۆسیالدیموکرات لە ئۆروپا خاوەن کۆمپانیا نییە! هەر ئەم فەیلەسوفە سەرسوڕمانی خۆی بە شوعی کوژێك و خاوەن یاسای دژ بە سۆسیالیستەکان(بسمارك)دەربڕێ!(نوقتە)!

لەولاوە خەلتەی ئەقڵ و فکری تەکنۆکرات و لیبڕال بە هاوپەیمانی لەگەل رەوتە ئیسلامییەکانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی، وەك شەریکە دزی"محترم و شارەزا"ی دەسەڵاتدارانی دنیا و پارێزەری دڵسۆزی تاوانەکانی، هاواری عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەڵام ئەوەندە"بلیمەتن"بە بێ سۆسیالیزمی زانستی، بەبێ سیاسەت و ئابووری هەرەوەزی!

ئیمڕۆ لەو شوێنە کە گوایە بانگەشەی ئازادی و چاکسازی دەکات، کرا بە مزگەوت!!

ئایا ئەو بەڕێزانە چەند لەگەل خۆیان و خەڵك ڕاستگۆن؟

ئایا ئەگەر خەڵك لە نسێی حزبە دەوڵەمەندو خاوەن كۆمپانیاكان بۆ سێبەری ئۆپۆزیتسیونی ناو پەرلەمان هەنگاو بنێن، خێر دەبینن؟!

ئەوەی زاڵە و برەوی هەیە ئەمانەن: شەڕی خاوەن فكری گەندەڵ و كۆنەپەرەست لەگەل دەسەلات و حوكمڕانی ئاژاوەچی و توندوتیژ. لەم ناوەڕاستە گەنجە بێ كار، بێ دواڕۆژ، بێ پڕۆژەو بەرنامەی لایەنی كەمی جیهانبینی ڕاستەقینەی عەداڵەتی كۆمەلایەتی، بوون بە سوتەمەنیان و یاری بە چارەنووسیان دەكرێ!

ئەو بەرەیە وەك گۆڕانەكەی ئۆباما ڕەنگ زەردەو عەداڵەتەكەی، درێژەپێدەری ناعەداڵەتییەكەی حكومەتی ئاژاوەچی، توندوتیژ و تێكدەری هەرێمە.

ئایا ئەوەی بازاڕ گران بكات، لەپڕ ببێت بەخاوەن ملیونان دۆلار، ناعەداڵەتی بكات، ئاژاوەو كێشەو گرفت بۆ هەزاران خێزان و كەس درووست ناكات؟

ئایا ئەوەی كلاشینكۆف لەبەرامبەر خۆپیشاندەران بەكاربهێنێت، توندڕەو نییە؟

ئەو ئازادییە كە لە مزگەوتی دەرگای سەرا بانگەشەی بۆ دەكرێت، كۆپلایەتییەكەی سعودیە و سودان وئەردۆغانە!

ئەو دەسەلاتە كە بەناوی تەكنۆكراتەوە بانكەشەی بۆ دەكرێ، هەمان ئەو دەسەلاتەیە بە هەموو شێوەیەك بەرەو هەڵدێری هەزار بە هەزارمان دەبات!

ئەو ڕۆشنبیرە لیبڕالانە كە بوون بە بەشێك لە سەرقافڵەی ئەو جۆرە دەسەلات و ئازادییە، بە ئەمتیازەوە گەندەڵن و نە ڕێگاو نە دوارۆژمان بۆ ڕۆشن دەكەن و ئێوەش كەیفی خۆتانە!

## "ڕۆشنبیران"، پ.د عەلی قەرەداغی، سەرۆكی هەرێم و داواكارییەكانی خەڵك

زۆر هەیە خۆیان بە شۆڕەسواری(یەكسانی، ئازادی، برایەتی)دەزانن، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوەڕۆكی چینایەتی ئەو زاراوانە بكەن، وەك وەزیری دەرەوەی سعودیە دەریدەبڕن و هەر بە تەماوی دەیهێڵنەوە؛ لەنووسین و لەسەر زاری هەندێ سیاسەتمەدارو"ڕۆشنبیری سەربەخۆ و ناسیاسی"یەكان دووبارە دەبنەوەو لەگەلیدا یەكێكیان بە نەزانییەكی تایبەتەوە، شۆڕش و ئامانجەكانی كە جیاوازن، بەم شێوەیە پێناسەدەكەن(شۆڕش بە چەمكە مۆدێرنەكەی مانای گەڕانەوەی چەمكی ئازادییە بۆ ناو سیاسەت و دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و دابەشكردنی دەسەڵاتەكان و دەستاودەست پێكردنیانە لەڕێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە و بنیاتنانی عەدالەت و یەكسانیی كۆمەڵایەتیی و كردنی نرخی ئینسانە بە نێوەندی هەموو پێوەرەكان.). لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم بۆچوون و هەڵویستی(بلزاك)ێكی كۆنەپەرەست، كاسۆلیك و لایەنگری پاشایەتی پێشی پتر لە200ساڵ زۆر لەو بەناو"ڕووناكبیر"انە پێشكەوتووترو واقعیتر و ڕوونترە.

لەڕوونكردنەوەكەدا نوسەران بە ئاماژە بە نامەكەی پێشوویان بۆ تاڵەبانی دەڵێن: ئێمە لەو نامەیەدا وەكو ئەركێكی ئەخلاقی تەنها مەبەستمان ئاگاداركردنەوەی دەسەڵات بوو لە خۆبەدوورگرتن لە هەموو جۆرە بەكارەێنانێكی توندوتیژی دژ بە خۆپیشاندەرانو دروستبوونی دۆخێك كە لە دەرئەنجامدا بە هیچ كەسو لایەنێك كۆنترۆڵنەكرێتو ئاسایشی كۆمەڵایەتیمان بخاتە مەترسییەوە.

ئەو نارۆشنبیرانە باسی خستنە مەترسی(ئاشتی كۆمەڵەكەمان)دەكەن، بەلام خۆزگا پێمان بڵێن كامە ئاشتی؟ ئاشتی جەردەیی داهاتی گشتی؟ ئاشتی بالادەستی كەرتی تایبەت؟ ئاشتی هەژاری؟ ئاشتی بێكاركردن؟ ئاشتی گرێبەستی كاركردنی كاتی؟ و زۆری تر...؟ كامەیان؟!

پرۆفیسۆر و پێشنوێژی بۆ بازاڕی ئازاد

ئەو"فەیلەسوفانە ڕوویتری دراوە عەنتیكەكەی ئیسلامییەكانن، بۆ نموونە مەبەستم(پرۆفیسورو دكتۆر عەلی قەرەداخی)یە كە دەڵێ(دەكرێت بڵێین ئیشەڵا بەرەو بازاڕی ئازاد دەڕوا )

بۆچی ئەم تەكنۆكراتە ئیسلامییە لەبواری دارایی، نازانێ بازاڕی ئازاد، چی بەسەر جیهان هێناوە؟ نازانێ گرانی، هەژاری، بێكاری، جەنگ و وێرانی لە شێوەی بەڕێوبردنی ئابووری سەرمایەوە سەریانهەڵداوەو خەباتی ژێردەستەكان دژ بە ئامانجەكانی بازاڕی ئازادەكەیانە؟!

ئێمە شێوەی ڕێکخستنی کارو بازار دەخەینە ژێر پرسیارەوەو پێمانوایە ئەوە بووە بە هۆی ئاژاوەو تێکدانی ژیانی خەڵك.
سەرۆکی هەرێم ئەزموونەکەمان تێکدراوە!
سەرۆکی هەرێم لە وتارەکەیدا بەیادی ڕاپەڕین لە هەولێر وتی: (ئەم ئەزموونە تێك ناچێت و کەسیش ناتوانێ تێکی بدات).
لە وڵامدا دەڵێین: ئەم ئەزموونە بە خوێن و بەدبەختی خەڵکی هەژار و ستەمدیدە هاتووەتە کایەوە، بەڵام دز و جەردەو مشەخۆر و ملیونێری لەپڕ و زەبەلاح و خاوەن ڤیلای خەیاڵی بەرهەمهێناوەو لەگەلیدا زوڵم و بێویژدانی چینایەتی کە ڕۆژانە خەڵکی هەژار بە هەزار شێوە باجی دەدەن، بۆیە شایەنی ئەوە نییە بەم شێوەیە بمێنێتەوە(بۆ نموونە: نابێ دەستکورتەکانی کۆمەڵگەکەمان وەك سواڵکەر مامەڵە بکرێن("یارمەتیدانەکەیان"لە30هەزار دەکەن بە75هەزار دینار! ئایا ئەوە چارەسەرە؟)و شەڵەقاندنی بە ڕوح و هیمەتی مرۆڤی پێشمەرگە و قوربانیانی ڕاپەڕین و زیندانییە سیاسییەکان ئەرکی مێژووییە و دەبێ **لە لانە کەمەوە** بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ **پێشەوە ببرێت**:

1- جێبەجێکردنی(یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی).
2- جێبەجێکردنی(یاسای کار).
3- گشتگیرکردنی کەرتە تایبەتەکان.
4- داماڵینی عەسکەرتاریا لە ژیانی ڕۆژانە.
5- دابینکردنی ماف ئازادییە دیموکراتییەکان.
6- بەرفراوانکردنی خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی ژێرخانی پیشەسازی و گشتوکاڵی.
7- نزیککردنی داهاتی بەرپرسەکان لەگەل داهاتی هاوڵاتیان

## لەجیاتی بڕینی دەستی خەڵك، دەستی گرانی، بێکاریو ناعەدالەتی ببڕن!

ئێمە قسەکانی بەڕێز فازل میرانی ڕەتدەکەینەوەو پێمان وایە زۆر دوورن لە فکرو ڕەفتاری دیموکراتییانەو سەلماندی کە شایانی حوکمڕانی و بەرپرسیارییەتی نییە. ئەگەر بەڕێزی دەسەڵاتی حکومەتێکی ئۆروپی بەدەستەوە بوایە ئەوا هەموو ڕۆژێك دەیان کەس دەبوون بە قوربانی، بەڵام وەك دەبینین و دەزانین هەفتە نییە لە وڵاتە ئۆروپییەکان ناڕەزایەتی توندوتیژ، دژ بە حزب و لایەنە فاشیستەکان یان دژ بە جەنگ، گرانی، بێکاری یان یادی یەکی ئایار ئەنجام نەدرێ کە تێیاندا مۆلۆتۆف کۆکتێل، بەرد و دار بەکاردەهێنرێت، بەڵام زۆر زۆر بەدەگمەن خۆپیشاندەرێك کوژراوە. نموونە(خۆپیشاندانە توندوتیژەکانی فەرەنسا، یونان، سوید، دەنیمارك، ئەڵمانیا، ئیتالیا و ئەسپانیا).
فازڵ میرانی بەهۆی بۆچوونەکانی، بەرپرسە لە بەهێزکردنی گیانی عەسکەریتاری و ڕەوایەتی بە چەك بەکارهێنان دەدا وبەمە گیانی خەڵك بە هەرزان دەزانێ.
دەبێ کاك فازڵ بزانێ کە زۆربەی حکومەتەکان دژ بە خۆپیشاندانە توندوتیژەکان گازی فرمێسك ڕژ، ئاوڕژ و کێبڵ بەکاردەهێنن.
کاك فازڵ و بەرپرسەکانیتری حزب و حکومەت و لایەنەکان هۆی سەرەکی ناڕەزایەتییەکانیان لەبیرکردووە و باسی ئەوە ناکەن کە خەڵکی کوردستان داخوازی هەیە. ئێمە داوا دەکەین و دەڵێین با لەجیاتی گێرەشێوێنی، گرژکردنی بارودۆخەکەو موزایەدەکردن بەسەر یەك، بە عەقل و هوشیاری و حیکمەتەوە چاو لە ناعەدالەتییەکان بکەن و چارەسەری بکەن.
ئێمە لەکاتێکدا بەهەموو شێوەیەك دژ بە بەکارهێنانی توندوتیژین و خۆپیشاندانەکەمان لە کاتژمێری 3.45کۆتایی پێهێنا و بەهیچ شێوەیەك بەرپرسیار نین لە ڕووداوەکانی پاش ئەو کاتژمێرە.
ئێمە داوادەکەین:

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان داخوازییەکانی جەماوەر جێبەجێ بکات.
2-بەرپرسان لە کوشتن و بریندارکردنی خۆپیشاندەران و سوتاندنی بارەگاکانی گۆڕان دادگایی بکرێن.
3-پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لێبووردن بکات بۆ بۆچوونە نابەجێکانی فازڵ میرانی.

**تۆڕی بەرگری لەماف‌و ئازادیەکانی خەڵك**

2011/2/18

# نا بۆ توندوتیژی، بەڵێ بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی!

## بانگەواز بۆ خۆپیشاندانی سپی

**جەماوەری کوردستان**

ئێمە وەك تۆڕی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵك، لە چوارچێوەی(جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ)، داخوازیمان هەیە بۆ بنەبڕکردنی گرانی بازاڕ، گەندەڵی، بێکاری‌و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و دەمانەوێ دوور لەهەر شێوەیەکی توندوتیژی‌و بشێوی رایبگەیەنین.

سیاسەتی لیبڕالیزمی نوێی سەندوقی دراوی جیهان و بانقی جیهانی لەهەموو دنیا بووە بەهۆی قووڵکردنی جیاوازی چینایەتی، جەنگ، توندڕەوی رەگەزپەرەستی و ئاینی، کۆچکردن و نامۆیی، بۆیە لەبەرامبەریاندا خەڵك لە تەواوی جیهان بە کوردستانەوە، ناڕەزایەتی دەردەبڕن وەك ڕێگاچارەیەك بەرەو دابینکردنی ئاشتی، ئاسایش و خۆشگوزەرانی.

ئێمە بەم مانایە بانگەوازی جەماوەری کوردستان دەکەین لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان بۆ خۆپیشاندانی سپی و داوای:



1-بەگشتیکردنی کەرتی تایبەت(بانق، نەخۆشخانە، زانکۆ، بیناسازی، تەلەفۆن و ئینتەرنێت...هتد).

2-کاراکردنی لیژنەکانی چاودێریی(رقابە)ی پەرلەمانی کوردستان،

3-باشکردنی باری ژیانی خانەنشینان، جووتیاران و فەرمانبەران،

4-هاوکاریکردنی تەواوی ماددی و مەعنەوی بێکاران و لانەوازان،

5- خزمەتگوزاری بۆ دێهات و شارۆچکە پەراوێزخراوەکان،

6- دەرکردنی پیاوانی بەعس لە بەرپرسیارێتی حزبی و حکومی، دەکەین.

ئەگەر حکومەتی هەرێم لەماوەی دوو هەفتە دوای خۆپیشاندانەکان، چەند هەنگاوێکی سەرەتایی نەنێت بە ئاراستەی ئەم چاکسازییانە و بارودۆخەکە هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەوا پشتیوان بە ئیرادە و ماف و خواستی خەڵك، شۆڕشی سپی بەرپادەکەین.



**تۆڕی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵك**

2011/2/20

# ڕۆژی خۆپیشاندان: هەینی، ڕێککەوتی 2011/2/25

# کات: کاتژمێری 2ی نیوەڕۆ

**تێبینی: بۆ بەشداریکردن لەم خۆپیشاندانانە پێشوەخت رایدەگەیەنین کە هەر کەس، گروپ و لایەنێك بەشداری بکات، دەبێ دەست بۆ هیچ شێوە توندوتیژییەك نەبات و پارچەیەکی سپی لە قۆڵ یان ناوچەوانی ببەستێت. بەپێچەوانەوە ئەوانەی توندوتیژی بەکاردەهێنن نەك هەر لەگەلماندا نییە، بەڵکو کەسانی گێرەشێوێنن و دژ بە ئامانج و داخوازییەکانمانن.**

## تەنها عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ئاسایش و ئارامی تاك، وڵات و گەلان دابیندەکات!



**بۆ پەیوەندیکردن:**

Tb_max@yahoo.com

## لەنێوان رۆشنبیر و حزب و بزووتنەوە راستڕەوەکان و بەرەی چەپ

**کارو بازاڕ چارەنووسسازترین ناوەندی ژیانی مرۆڤە لە گشت سات و سەردەمێك و حکومەت بە روونی کەرتی تایبەت بەهێزدەکات(قوولکردنی گەندەڵی، فەرهودکردنی سەروەت و سامانی خەڵك، بەهەرزان کڕینی هێزی بازوو، گرانی، هەژاری و درووستکردنی مافیای خانوبەرە) و ئۆپۆزیتسیونی ناو پەرلەمانیش هەمان سیاسەتی ناوبراو دەپارێزێ و کار بۆ بەجێهێنانی ستراتیژی سەرۆکی عولەمای ئیسلامی جیهان پ.د عەلی قەراخی دەکەن(ئینشەڵڵا ئابووری کوردستان بەرەو بازاڕی ئازاد هەنگاودەنێت!). هەردوو لایەن هاوڕان، بەڵام بۆ گاڵتەکردن بە ئەقڵی"مێگەل"، لافوگەزافی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لێدەدەن کە تا ئەم چرکەیە تەنها قوولکردنی جیاوازی چینایەتی و دەریایەك لە ئازار و بەدبەختی بۆ هەژاران لێکەوتووە. من لێرە هەوڵدەدەم وەهم و پلانەکانی دەوروبەری کارو بازاڕ دەربخەم و بە سەرڕاستی درێژە بە پەیام و ئەرکە رەزاقورس و بێزارکەرەکەم بدەم.**

**فرەڕەنگی:**

**لە سەرای"ئازادی"، مەلاکان بەدەم بانگەشەی جیهاد و نوێژەکانی هەینی"بەرگری...رەوا..."، فاروق رەفیق هاوار دەکات...دەیگۆڕین....دەیگۆڕین...دەیگۆڕین...بژی ئازادی...بژی ئازادی و لەگەلیاندا بەختیار عەلی وەك رۆشنبیرێکی"سەربەخۆ"باسی مەترسی شۆڕشی مارکسییەکان و دووپاتی ئیرادەی نیتشەوی بزووتنەوەکە دەکات و دەڵێ(مارکسیەکان کێشەیان لەگەل ئەدەب و هونەر هەیە). ئەی ساراماگۆ، ماکسیم گۆرگی، داریو فو، گولسورخی، عەبدولەجید لوتفی، گۆران، نازم حیکمەت، بریخت، نیرۆدا، گارا، لۆرکا و سەدان ئەدیب و هونەرمەندی جیهانی بەری کامە قوتابخانەن؟!)؛ئەم** بەڕێزە لە لێدوانێکی تایبەت بەماڵپەری NRT وتی"هەستدەکەم لە ئاستێکی دیاریکراودا ئەو وشیاریەی کە ئێستا لەناو کۆمەڵگادا هەیە، من و چەند نوسەری تر لە رێگەی کارو نوسینەکانمانەوە کاریگەریمان لەسەر ئەم وشیارکردنەوە هەیە، چونکە هەمیشە نوسەر پیاوی وشەیە و کەرەستەی سەرەکیش بۆ گۆڕینی دونیا وشەیە) **لەتەنیشتیەوە"رۆشنبیرێکی"بێلایەن"دەڵێ(دوای روخاندنی مارکسیزم...!)و"سەرۆك" د. کەمال میراودەلی لەسایەی دەسەڵاتی بنەماڵەی پاشاکانی بریتانیاوە هاتووەو دژ بە"مێردەزمەی"کۆمونیزم دەدوێ و لەگەل دەسەڵاتی بنەماڵەیی بەراوردی دەکات و چۆن هەردووکیان بەسەرچوون و باویان نەماوەو تازە ناتوانن سەرهەڵبدنەوە. پاشان نەوشیروان موستەفا" کارێزمای فرەڕەنگی"وەك یەکەم سەرۆك لە رۆژی نەورۆز((لەناو جەماوەر وون دەبێت))، ئەمیش لەبیری ناچێت بەبۆنەی نەورۆزەوە بلێ: (ئەم راپەڕینە بۆ رێکخستنی ماڵی کوردە لەسەر ئەساسی عەدالەتی کۆمەڵایەتی).**

**وتەبێژی ئەنجومەنی سەرای"ئازادی"دەفەرمێ:** ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادیش پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا عەلی باپیر دەکات و بە قسەی جەماوەری دەزانێت.
لە لێدوانێکیدا بۆ کۆمەڵنیووز ناسك قادر وتەبێژی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی ڕایگەیاند: ئێمە پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا عەلی باپیر دەکەین، قسەکانی بەڕێزی قسەی جەماوەری خۆپیشاندەر بوون و لە خزمەتی ئەم بزووتنەوە جەماوەریەدان.
وتەبێژی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی وتیشی: بە داخەوە دەسەڵات فێر بووە کە دژی ئۆپۆزسیۆن بن و هیواداریین کە مامۆستا عەلی باپیر و بەڕێزانیتریش پشتیوانی زیاتری ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە بن.)

**دوا هەواڵەکان وایان راگەیاند کە عەشرەتی(سورچی) هاتووەتە پێشەوەو یەکرپیزی لەگەل فەتواو مەعریفەتی پرۆفیسۆر و دکتۆر عەلی قەراغی وتەوای"سەربەخۆکان" دووپاتدەکەنەوەو دەبن بە زەمانەت بۆ ئەوەی بە شەرعییەتی ناشۆڕشگێڕ، مەترسی ترسناکتر(شەرعییەتی شۆڕشگێر) دووربخەنەوە....!**

**مەریوان وریا قانع بەو دیمەنە راستڕەوە کە شوێنەکەی سەرای"مێگەل"ەکانە دەڵێ: (سەرای ئازادی شوێنێك بۆ خەون و ئازادی)!**

**فرەڕەنگی راستڕەوەکان!**

**نە سەرۆکی هەرێم، نە سەرۆکی حکومەت و نە زۆرینەی پەرلەمانی کوردستان مارکسین و نە حزبێکی شوعی بەهێزو نە بەرەیەکی چەپ لە گۆڕەپانەکە هەیە و نە مارکسیزم بووە بە هۆی ناعەدالەتی و گەندەڵی و ستەمکاری، کەچی دەبینن چۆن ئەو"رۆشنبیر و بزووتنەوەو مەلا و دکتۆر و زانای ئاینی و پرۆفیسۆر و عەشرەتە"سەربەخۆ"یانە بەشێوەیەکی زۆر حەقیر و جاهیلانە سەری رمەکەیان ئاراستەی بزووتنەوەیەك دەکەن لە لاوازترین ئاست و ئەدای سیاسییە.**

**ئایا ئەو قسەکەر، نوێنەر و رۆشنبیرانە دڕندە و ناپاك و تاوانبار نین؟! جاهیل نین؟ ئەرکی رۆشنبیر بە پێوەرە جیهانییەکەی ئەنجام دەدەن؟! ئایا قسەو باس و هەڵوێستەکانیان بەمەبەستی لەخشتەبردنی هەژاران نییە؟ ئەجندای دژ بە هەژاران پەیڕەو ناکەن؟ لەداوییشدا: بۆچی ئەو جۆقە کەرامەتشکێنە"مردووکە"ی دوێنێ لە قەبر دەردەهێنن و بە سیحرو جادوو زیندووی دەکەنەوە تا سوکایەتی و جوێنی پێبدەن و دووبارە لە گۆڕی بنێن؟!**

**چەندین جار شوانەکانی ئەو بەرەیە، گەل و جەماوەریان بە"مێگەل"ناوبردووەو ئێستا هەر بەو شێوەیەش رەفتاریان لەگەل دەکەن و ئوستادانە داوا رەواکانیان و خوێنی بەناهەق رژاوی گەنج و لاوەکان بۆ مەبەستێکی ترسناك بەکاردەهێنن...**

**وریابن، وریا، لەم سات و کاتە کە وەحشیگەری لیبرالیزمی نوێ بەسەر لاشەی مرۆڤ دەروات، هیزەکانی بەر دەرگای سەرای ئازادی لیبڕاڵ و ئیسلامییەکان تاقە رەخنەیەك ئاراستەی سیستێمی باڵای سەرمایەداری و کەرتی تایبەتی ناکەن. ئەوانە مومکین نییە بتوانن ببن بە خاوەنی پرۆژەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادی هەژارو ژێردەستەکان.**

**ئایا ئەو ئازادییە، ئازادی و عەداڵەتە کۆمەڵایەتییەکەی بەعس نین بە زمانی کوردی؟**

**فرەڕەنگی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی!**

**ئەو هەموو زانا و بیرمەندە بلیمەتانە پێمان نالێن بۆچی لەسایەی حکومەتە حزبییە فرەڕەنگەکانی ولاتانی ئۆروپا، پاش ئەزموونێکی سەدان ساڵی، هێشتا کێشەی( گەندەڵی، رەگەزپەرەستی، سێکسیزم، چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی، بێکاری، کۆلاپسی ئابووری، جەنگ)بەرهەمدەهێنن.**

**عەدالەتی کۆمەڵایەتی واتە(کار و بەرهەمهێنان و ژیانی هەرەوەزی)کە ئەڵتەرناتیڤی بازاڕی ئازادو کەرتە تایبەتە فەرمانڕەواکانە کە پرۆفیسۆر(یان تسیگلەر) لەبارەیانەوە دەڵێ: (چیتر دوژمنەکەمان قەیسەر یان پاشایەکی تۆتالیتێر نییە، بەڵکو دوژمنێکی زۆر ترسناکە، دیکتاتۆری دڕندەیی سەرمایەداری دارایی جیهانگیرە.)**

**لەم بارەیەوە نموونەی شەهرستانی(وەزیری نەوتی عیراق)دەهێنمەوە: کاتێ خەڵك لە گرانی بانزین وەڕس ببوون و رەخنە و گازندەی خۆیان ئاراستەی وەزیری نەوت دەکرد، شەهرستانی وتی: (نرخی بانزین بەدەستی من نییەو سەندووقی دراوی جیهانی نرخەکەی دیاری دەکات.)**

**دەڵێن رۆشنبیر ویژدانی مرۆڤایەتییە، بەڵام کام رۆشنبیر؟ ئەو رۆشنبیرە"بێلایەنانە"، بێلایەن نین و خزمەتکاری فرەبێژی خاوەن بازاڕ و ئاینەکانیان و وەك دەزگایەکی ئەمنی داپلۆسێن لە بواری راگەیاندن تیرۆر و تۆقاندن بەکاردەهێنن کە لەدواییدا**

ڕێگری دەکەن لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئازادی و دادپەروەری لەلایەن خاوەنە راستەقینەکانی و وەك زۆرێك لـە رۆشـنبیرەکانی دەسەڵات پشکی شێریان بەردەکەوێت لە گێلکردنی خەڵك.

ئەی پێگەی چەپ؟!

هێشتا ئەو رەوتانە کە لە بەرەی چەپ راوەستاون لەوپەڕی لاوازیدان و هوشیاری و ئیرادەی کاری هاوبەشیان نییـە. حزبـی شـوعی کوردستان دەستی بە دوا فارگۆنی حکومـەت گرتـووە و هـیچ دەستپێشخەرییەکی نـەکردووە، بـەڵام پـاش ئـەوەی سـەرۆکی هـەرێم داوای لە حزبەکان کرد پرۆژەی چاکسازی پێشکەش بکەن، حزبیش پرۆژەیەکی بڵاوکردەوە.

چەپ هێشتا سەرەڕای ئەوەی لە دەیـان داخـوازی و بۆچـوون هـاوڕان و دەتـوانن بـە یـەکگرتوویی لەسـەر داخوازییـە هاوبەشـەکانی لایەنی کەم بێنە مەیدان کە هیچ نەبێت ببن بە ئەڵتەرناتیف بۆ بەرەی لیبڕاڵ، ئیسلام و ناسیونالیست و هەڵپەرەستەکان و، بـەرە و پرۆژەی روونتر و ئینسانیتر پێشکەش بکەن، بەداخەوە هێشتا پێی نەکراوە ئـەو ئەرکـە بچووکە ئـەنجام بـدا، هێشـتا لەلایەکـەوە بەشـێوەیەکی منداڵانـە هەڵویسـت بـە یـەکتری دەفرۆشـن بـەبێ ئـەوەی پێویسـتیان پـێ هـەبێت و لـەولاوە لایـەنیتر درێـژە بـە پشتگوێخستنی ئەرکە مێژووییەکەی؛ هەیشە بـە هـیچ وخـۆڕایی نـاکۆکی وەهمـی درووسـتکردووەو پێـی باشـترە بـە پەرتـەوازی و ملکەچی لەگەڵ بەرەی ناڕاستەوخۆی ئیسلامی-گۆڕان-لیبراڵ کار بکەن کە لەدواییدا دەخرێنە ژێرپێ. هێزە ئیسلامییەکان دەرگای سەراشیان لێکردووین بە مزگەوت، کەچی هەندێ کەس پێیانوایە ئەم"شۆڕشە"دژ بە ئیسلامییەکانە!

رەفتارێکی بۆرژوایی!

هەموو حزب و لایەنەکان بۆ کۆبوونەوەی14مانگی سێ کۆبوونەوە(بێجگە لە حشك)و بە گیـانی بەرپرسـیارییەتی هاوڕێیانـە گـوێ لەبیروبۆچوونی یەکتر گیراو بوو بە ئومێدێك بـۆ هـەنگاونان بـۆ پێشـەوە. لیژنـەی هەڵبـژێردرا بـۆ دارشـتنی پلاتفۆرمێك. چـەند رۆژێك پـاش کۆبوونەوەکە، لیژنـەی نـاوبراو پلاتفۆرمیـان گەڵاڵـە نـەکردبوو، بـەڵام بەیاننامەیـەك بـەناوی(کۆبوونـەوەی چـەپ و پێشکەتنخوازان و کۆمونیستەکان)بڵاوکراویەوە کە هەمان بروای گردبوونەکەی هەموومان لەسەرە(2011/3/14)!

هێشتا هیچ نەبووە، چەند کەسێك کە وەك هاوڕێ بـەرێزو حورمەتـەوە گوێیـان لـێگیراو بۆچوونەکانیان بـە هەنـد وەرگیـرا، بـەبێ ئەوەی پێویستیان پێ بێت، دەستیان بە پاشقولدان و پیلانگێڕی دژ بەیەکتری کرد و ئەمەش هیچ پەیوەندی بـە فکرو هەڵویسـتی شـوعیەت(کۆمونیسـتی) یـەوە نییـە، بـەڵام بـۆ ئـەوەی ئـەو برادەرانـە تێبگـەن کـە جیاوازییـەکانمان زۆر نـین و پەرتـەوازیمان شـەرمەزارییەو ئیمـرۆ هـاودەنگی و یـەکگرتوویی چـەپەکان لەگشـت شـتێکی تـر گـرنگترە، ئیمـزای ئـەو بەیاننامەیـە بـە کەموکوڕییەکانیەوە کردو چاوەڕێ بووم تەواوی خاڵ و داخوازییـەکانی کۆبوونەوەکە یـەکبخرێن و پێکەوە بە یەکدەنگ روو لـە گۆڕەپانەکە بکەین. خۆش ئەوەیە 10خاڵەکە لەناو 18خاڵەکەی لیژنەی هەڵبـژێردراو بـوو و خـەریکی رەخنـەگرتنی بنیاتنەرانـە بووین لەیەك بەیەکی خاڵەکانی و پێشنیاری تازە هاتە ئاراوە بۆ ئەوەی پلاتفۆرمێکی هاوبەش گەڵاڵە بکەین.

ئایا ئەو برادەرانە رەخنە لەخۆیان دەگرن؟! ئایا ئەو کـارە نەفامانـە و بـەری ئـەقڵی سیکتاریسـتی نـەبوو؟! ئایـا پشـتکردنی حزبـی شوعی کوردستان لە هێزو لایەنە چەپەکان پاساوی عەقلانی بۆ بزووتنەوەکەمان هەیە؟!

چی بکەین؟

ئێمە دەبێ بەر بەو بەرە کۆنەپەرەست و راستڕەوە بگرین کە سواری ملی داوا رەواکانی جەماوەر بوون. لـەم پێنـاوە هـیچ پاساوێك بۆ پەرتەوازی و خۆ بەزلزانی و خۆ بە"پێشرەو"زانین نییەو تەواوی بوونمان لە ئێستا و چەند ساڵی داهاتوو، بە یەکگرتنـەوەمان بەستراوەتەوە...دەبێ لەنێو خۆمان ئامادەیی رێککەوتنمان هەبێت، چـونکە ئـەمیان هـەزار جـار لـەو سازشکارییە کـە لێـرەو لـەوێ لەگـەڵ نـەیاران و دوژمنانمـان ئـەنجام دەدرێ، مـرۆییتر، سەراسـترەو پێشـکەتنخوزاترو بەرچـاو روونکـەرترە، واتـە خـراپترین رێککەوتنی چەپەکان لە باشترین رێککەوتن لەگەڵ دوژمنەکانمان، باشترە.

دەکرێ بە هەمان روح و هەڵویستی هەردوو گردبوونەوەکەمان، دەستبەجێ بەناوی هەموومانەوە، هەموو خاڵ و پێشنیارەکان گەڵاڵەو بلاو و بانگەواز بۆ چالاکی هاوبەش بکرێ، بەپێچەوانەوە شایانی ئەوەین ببین بە گاڵتەجاڕی شەقام!

من زێدەڕۆیی دەکەم و دەڵێم: هاوڕێیان با بەرەو"خراپترین"بەرەی چەپ هەنگاو بنێین...بەرەو بەدەستهێنانی(دەستووریکی علمانی کە ماف و ئەرکی هاوڵاتیان بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی رەگەزی دابین دەکات، بیمەی کۆمەلایەتی، یاسای کار، ئازادی چالاکی و رێکخستنی سیاسی بێقەید وشەرت، جێبەجێکردنی داخوازییە جەماوەرییەکان، سڕینەوەی گشت دیاردە ملیتاریستەکان، بەهێزکردنی کەرتی گشتی، ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسان، دادگاییکردنی گەندڵکاران، دادگاییکردنی هەموو ئەوانەی دەستیان لە کوشتنی خەڵك هەیە).

هەڵویست و ئەرك و رۆڵی چەپ لە کوردستان وەك هاو چین و حزبە چەپەکانی جیهانە و پرسیاری(دەتانەوێ بە پشتیوانیتان لە داخوازیەکانی خەڵك و رەخنەکانتان، کۆمەڵگا بەرەو کوێ ببەن؟!)دەکەین، بۆیە دامەزراندنی بەرەکەمان و بە درووشم و داخوازییەکانمان بچینە مەیدان، تاقە ولامی عەمەلی و مومکینە بۆ بارودۆخی ئیمڕۆ کە مێژوو، کەرامەت، هاوڕێ خۆبەختکەرانمان دەپارێزێ وئیعتبارو توانای گەشەکردنمان لەدەستنادەین و بە کردەوە متمانەی هەزاران خەباتگێر دەستدەکەێتەوەو رێگری لە هێزە راستڕەو کۆنەپەرەست و سەوداکارییەکانیان بە داخوازی جەماوەری ستەمدیدە، دەگرین...

لەنێوان ئۆپۆزیتسیونی ناو پەرلەمان و حکومەت، رێگای ئۆپۆزیتسیونی چەپ دەگرینەبەر!

سەلام عەبدوڵڵا

2011/3/23

## سەرۆك گەلەکەت لە جەنگی گرانی بازاڕ، هەژاری و گەندەڵی و ناعەدالەتی رزگار بکە!!

کابرای رۆدۆسی:

کاتێ یەکێك لە گەشتێکی دوور دەگەڕێتەوە، بۆ ناسیاوەکانی باسی بازدانێکی گەورەی خۆی دەکا کاتێ دەگاتە دوورگەی رۆدۆس و لەو کاتە کە دەیویست ناوی شایەتەکانی بڵێ، یەکێك لە گوێگرەکان پێی دەڵێ: (ئێرە رۆدۆسە، فەرموو بازەکەت بدە!)

جیهانگیری لە بەردەم دەرگای ماڵەکامان!

ئەو جەماوەرە کە دژ بە گرانی بازاڕ، گەندەڵی، بێکاری و ناعەدالەتی کۆمەلایەتی نارەزایەتی دەردەبڕێ، هێشتا نازانێ هاوکات دژ بە سیستێمی ئابووری جیهانی خەباتدەکات؛ نازانێ ئەم بارودۆخە بەرهەمێکی لەبەرچاوی دکتاتۆرییەتی رەهای سەندوقی دراوی جیهانی و بانقی جیهانی و بۆرصە و مەنیجەرە ئابووری و سیاسی و میدیاکانیانە، بۆیە داخوازییە باڵابەرزەکانی بەشێوەیەکی هەرزەکارانە و خێرا لەبەردەم(لقی 4 ی پارتی و بارەگاکانی تریان لە کەلار و سەید سادق) دەتەقێنێتەوەو بە روونی هەندێ لایەن بە ئایەت هێنانەوەو سیاسەتی یاری بە چارەنووسیان دەکرێ!

## خیانەتکردن لە داخوازی هەژارەکان...نەفرەت لە جیهادەکەتان!

مەلایەك لە بەر دەرگەی سەرا وەك مەلا کرێکار بەشێوەیەکی"ئاشتیانە"وتی(ئەمەی ئێوە دەیکەن جیهادە)!

ئیسلامییەکان یەکێك لەو هێزانەن کە هەوڵدەدەن سوود لە نارەزایەتییەکە وەربگرن. لێرەدا ئێمە وەکو کابرای رۆدۆسی، پێویستیمان بە شایەت نییەو با حزب یان رێکخراوێکی ئیسلامی تەنها ناوی یەك دەوڵەت و حکومەیەتی ئیسلامی بهێنن کە لەناو گەندەڵێ، ناعەدالەتی، بێکاری و تاوان و دواکەوتوویی نغرۆ نەبێ(سعودیە؟ سودان؟ ئێران؟ ئەفغانسانەکەی جارانی قاعیدە؟ تورکیا؟!

گەرچی ئیسلامییەکان توانیان هەزاران کەس لە بەر دەرگەی سەرا بۆ نوێژەی هەینی کۆبکەنەوەو بەمە(بازوو نیشاندان)ێکی سەرکەوتوویان پیشاندا، نە ئەڵتەرناتیفن و نە بە حوکمی مێژوو دەتوانن ببن بە ئەڵتەرناتیف... رۆژی جومعە، بەردەرگەی سەرا بێحورمەت کرا، تەپوتۆزی ئەسپەکانی ئاین و قەومی قەعقاع و سەعدی لێهەستا

رۆژی جومعە، رۆژێکی شووم بوو، ئەو رۆژە بوو کە زەلیلی، برسێتی، رەنگ زەردی و دەربەدەریم پێ باشتر بوو لەوەی دەنگ و رەنگی مێردەزمە بە پاڕانەوە، دوعا، وەهەم بەسەر شەرەفمەندی مێژووی سەرا بەرزببێتەوە...تف لە جیهادەکەتان...تف لەوەی یاری بە هەست و سۆزی لێقەوماوانی ولاتەکەم دەکات!

بەهەمان شێوە پرسیار لە بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین: ئێوەی نەتەوەیی، سۆسیالدیموکرات و لەپڕ تەکنۆکرات دەتوانن ناوی تاقە یەك حکومەتی تەکنۆکرات بهێنن کە بەرژەوەندی گەلەکەی پاراستووە؟ جەردەو چەك و تلیاق و جەنگ فرۆش و ناعادڵ و گرانفرۆش نەبێت؟ ئێوەش پێکەوە لەگەڵ ئەولادەکانی قەعقاق، سەوداکاری بە بەرژەوەندی رەوای خەڵك دەکەن.

هێشتا ئیسلامییەکان(بە ئیسلامییەکانی دەرەوەی پەرلەمان)یش و لەگەڵیاندا خوازیارانی دەسەڵاتی تەکنۆکراتی، کاتیان هەیە بۆ موزایەدەکردن، گێلکردن و چاوبەستنی خەڵك.

بەرتەسککردنی سەقفی داخوازییەکان بۆ هێرشکردن بۆ بارەگاکانی پارتی خەیانەتە بە داخوازییە جەماوەرییەکان و بردنیان بەرەو ئاقاری کردەوەیەك کە زەرەو زیانی گەورەی بە بزووتنەکە گەیاندو حکومەتیش بە بەهێزکردنی کەشوهەوای میلیتاریستی و بە بەکارهێنانی چەکی بکوژ و دەستگیرکردن و تۆقاندن و هەڕەشەکردن، بارودۆخەکەی ئالۆزتر کردووە:

ئەقڵ و فکری راستڕەو باڵادەستی هەیەو بوون بە بەربەست لەبەردەم بەرەوپێشبردنی ئەزموونەکە.

تارمایی شوعییەت!

نزیکەی50ساڵە بەسەر بەرنامە و یاسای ئەمریکی دژ بە سۆسیالیزم تێدەپەڕێ، بەڵام(دەزگای راسموسن)لە9/4/2009 سەرئەنجامی راپرسییەکەی(سەرمایەداری یا سۆسیالیزم پێباشە)بلاودەکاتەوە، جیهان تووشی سەرسوڕمان دەبێت:20٪ی هاولاتیان سۆسیالیزمیان هەڵبژاردو ولامی 27٪"دڵنیانین"، 33٪لەوانەی خوار تەمەنی30ساڵن سۆسیالیزمیان هەڵبژاردووە و30٪ یان"دڵنیانین". لەلایەکیترەوە ئەگەر راگەیاندنی ئەمریکا رووی تری ولاتەکەیان پیشانمان بدەن، ئەوا وێنەی ملیونان هاولاتیان لەسەر شەقام و بن پرد و ژێرزەمین لانەوازن، رێژەی بێکاری بەرفراوانتر بووەو بیمە تەندروستی بە گرێبەستی کار بەستراوەتەوە، واتە قەیرانەکە بەتوندی بەرۆکی ئەمریکایشی گرتووەو ناتوانن چارەسەری بکەن. ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی ولاتانی ئەمریکای لاتین لەلایەن حزبە چەپەکانەوە حوکمڕانی دەکرێن و بەرنامەی سۆسیالیستیان گرتووەتەبەر.

کورد هەموو برانە

ئەگەر دەتانەوێ خۆڵ نەکەنە چاوی خەڵك

ئەگەر تاانەوێ بە کردەوە بیسەلمێنین کە"کورد هەموو برانە-ئەی مێینەمان هەیە-؟!"

ئەگەر دەتانەوێ ببن بە چرای رۆژهەلاتی ناوین

ئەوا تاقە ولام بەم قەیرانە تەنها و تەنها: ئابووری هەرەوەزییە، بە کورتییەکەی واتە:

-ئەم خاك و ئەزموونە کە خۆتان دەڵێن بە خوێنی شەهیدان ئاودراوە، نابێ لە دەڵاڵخانەکانی زەوی، بازرگانی پێوە بکرێت. هەر هاولاتییەك پارچە زەوی نییە، بە خۆڕایی ئەم مافەی پێ بەڕەوا بزانرێت و بە خۆڕایی و بە حورمەت خانوو بۆ خێزانە هەژارەکان دروست بکەن!

- نابێ کوردستانیان بە دوو شێوەی جیاواز رەفتاریان لەگەڵ بکرێت، واتە نابێ چاوچنۆکی و ئەقڵییەتی قازانجی کەرتی تایبەت لەسەر حیسابی خەڵك بمێنێ!

ئەوەی ئیمڕۆ هەیە دژ بە برایەتی و هاونیشتمانیبوونمانەو کۆمەڵگەی بۆ دوو بەرەو چین و بەرژەوەندی جیاواز دابەشکراوە.

ئاشتی و ئاشتی و سێ بارە ئاشتی

ئەوەی ئاشتی دەوێت، دەبێت: جەنگی بەرفراوانی چەندین ساڵەی حکومڕانی دژ بە کوردستانیان کە قوربانی و ئاژاوەو بشێوی کۆمەڵایەتی زۆری لێکەوتۆتەوە(بێکاری، تەڵاق، هەڵهاتن، خۆکوشتن، نەخۆشی دەروونی، ئەعتیاد، مردنی پێشوەخت) کە لە تەنیشتیاندا دەوڵەمەندی کەمایەتییەکی چاچنۆك، بێ ویژدان و رەوشت و کەرامەت، رابگرێت...ئاشتی چەوسێندەران بکەن بە ئاشتی چەوساوەکان!

ئەم هاوارو ناڕەزایەتییە ئیمڕۆ لە سەر شەقامەکان ئەنجام دەدرێ، رەنگدانەوەی باری قورسی زۆربەی دانیشتوانی وڵاتەکەیە کە دەیەوێت بەر بە جەنگی هەژاری، بێکاری، گەندەڵی و ناعەدالەتی بگرێت و تۆش ئەی سەرۆك: کات زۆر گرنگەو تا زووە بڕیار بدە...هەر من نیم وا دەڵێم!

**داخوازییەکانمان**

**1- دژ بە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی:**

1-(بەگشتیکردنی کەرتە تایبەتەکانی نەخۆشخانە، زانکۆ، پرۆژەکانی نەوت و گاز، ئاسیاسێل، کۆرەك و میدیاتیلیکۆم...هتد).ب- یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی. ج-کارەبا و ئاو بەخۆڕایی

**2- دژ بە گرانی:**

ا-گاز و بەنزین بە نرخێکی رەمزی بە جووتیارەکان بدرێ، عەلوەکان لەلایەن شارەوانییەکان بەڕێوەببرێن.

ب- رێگەکرتن لە قاچاخچێتی بە مەرومالات. ت- دیاریکردنی نرخی کاڵاکان

**3- دژ بە گەندەڵی:**

ا-کاراکردنی لیژنەی چاودێری پەرلەمان و سەرچەم دامودەزگاکانی حکومەت لەلایەن کەسایەتی ناسراو بە دەستپاکی و دڵسۆزی.

ب- نزیکردنی مووچەی بەرپرسان لەگەل داهاتی زۆربەی دانیشتوانی هەرێم.

4- دژ بە بێکاری:

أ-کەمکردنی کاتی کارکردنی رۆژ و شەو بەبێ داشکان لە موچەی کارمەندان.

ب- بوژاندنی کەرتی کشتوکاڵی بە هەموو هێزو توانایەك. ج- جێگیرکردنی دامەزراندنی کاتی.

## لەپێناو عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئاشتی

ناڕەزایەتییەکان لەسەر ئاستی جیهان دژ بە سیاسەتی لیبڕالیزمی نوێی سەرمایەداری جیهانییە کە بووە بە هۆی(گرانی، گەندەڵی، بێکاری و زوڵمی کۆمەڵایەتی)وچەندە ئەو هۆکارانە لە وڵاتێك کەڵەکەی بکات، توڕەیی قوربانییەکانی دەتەقێتەوە وەك لە(سیاتل، پاریس، ئەسین، مەراکش، روما)و وڵاتانی رۆژهەڵاتی باشووری ئاسیاو گەیشتە تونس، میسر و ئەردەن و یەمەن.

کارتێکردنەکانی ئەم قەیرانە جیهانگیرە لە شارەکەمان رەتگیداوە و گەیشتووەتە دوا کوێرە دێی سەر ئەم زەمینە.

لەپێناو چاکسازی و سەلماندنی ئەوەی کە ئێمە وەك مرۆڤ شایانی ئەوەین بە کەرامەت، برایەتی و دادپەروەری پێکەوە بژین و رێگری لە پاشماوەکانی بەعس و تیرۆریستەکانی قاعیدە و هێزە راستڕەو و کۆنەپارێزەکان بکەین و بۆ ئەوەی رەوڕەوەی ئەزموونەکەمان بۆ پێشەوە ببەین، بە ئەرکی خۆمان دەزانین ئەم داخوازی و پێشنیارانە رابگەیەنن:

1- شارەوانی و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان راستەوخۆ سەرپەرشتی عەلوە، گەراج، باخچە گشتییەکان و پاکژکردنی شار بکەن.
2- بانزینخانەکەی مەنزەرییە بخرێتە کار.
3- جێگیرکردنی هەموو دامەزراندنە کاتییەکان.
4- پشتیوانیکردنی جووتیاران بە ئامێرو کەرەستە پێویستەکان و بانزین و گاز بە نرخێکی رەمزی پێیانبفرۆشن.
5- کرێی مانگانەی کارەبا لە 10هەزار دینار تێنەپەڕێنێت.

6- بەعسی، موستەشار،جاش و ئەوانەی لە دەزگاکانی رژێمی روخاو کاریان کرد لە بەرپرسیاری حزبی و حکومییەکان لابدرێن.
7- داوای برێك لە داهاتی دەروازەی مەنزەرییە بۆ ئیدارەی شار بکرێ.
8- تەرخانکردنی پارچە زەوییەك بۆ هەر کەسێك تا ئێستا لەم مافە بێبەشە.
9- لێپرسینەوە لەگەڵ گەندڵکاران و بەرتیلخۆران کە پلەوپایەکانیان لەناو حزب و حکومەت بەکاردەهێنن بۆ دەوڵەمەندی لەسەر حیسابی گەل.
10-بەهێزکردن و باشکردنی خزمەتگوزاری تەندرووستی بۆ هاولاتیان لە نەخۆشخانەی گشتی.
11-کەمکردنی بیروکراسی لە فەرمانگە حکومەتییەکان.
12-نۆژەنکردنی وێستگەی ئاوی شارەکەمان کە لەگەڵ گەشەی دانیشتوان بگونجێ.
13-بەهێزکردنی چاودێری لەسەر نرخ و چۆنایەتی کاڵاکان.
14-کاراکردنی دەزگا چاودێرییەکانی حکومەت و هەڵسوکەوتی شەفاف لەگەڵ هەموو ئەو زانیاریانە کە پەیوەندیان بە پڕۆژەو داراییەوە هەیە.
15-هەڵوەشاندنی بڕیاری وەرگرتنی"باج" لەو کرێکارانە کە بە مەبەستی کارکردن بۆ شارەکەمان دەهاتن.
16-دامەزراندنی بنکەی خزمەتگوزاری لانەوازان و بەتەمەنچوان.
17-گەراندنەوەی هەموو زەوییەکان بۆ خاوەنەکانیان.
18-وەرگرتنی خوێندکارانی شار لە کۆلیجەکانی خانەقین و هەوڵ بدرێ بۆ دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگەکان.
19-کارکردن بۆ جێبەجێکردنی دەسبەجێی ماددەی140لە دەستووری عیراق و کۆتاییهێنان بە پاشماوەی عەقلێیەتی شۆفێنیستی دژ بە کوردستانیان.
20-پەرچدانەوەو مەحکومکردنی بەکارهێنانی چەکی بکوژ لەژێر هەر بیانوویەك دژ بەوانەی نارەزایەتی دەردەبڕن.

**ئەم داخوازییانە بەبێ خۆپیشاندان پێشکەش بە بەرپرسان دەکەین و بڵاوکرایەوە**

لیژنەی بەرگری لە بەرژەوەندییە گشتییەکان لە خانەقین
بۆ پەیوەندیکردن: سەلام عەبدوڵڵا 07700595583
تێبینی: ئێمەبە هیچ شێوەیەك لە هیچ دەزگایەکی راگەیاندن قبووڵ ناکەین گرتبوونەکەمان بە گرتبوونی هیچ حزب ناوبنێن.

## حکومەتێکی ئاژاوەچی و توندڕەو تێکدەر، ئۆپۆزیتسیونێکی گەندەڵ!

فکر و ئەقڵی لیبڕالیزمی نوێ و شێوە دەسەڵاتە تەکنۆکراتییەکەیشی بووە بە هۆی هەموو نەهامەتییەکانی سەر گوێی زەمین، کەچی لەبە دەرگای سەرا، رۆشنبیرێك بە هەمان ئەو ئەقڵە بە بۆن و تامی دژ بە شوعییەت، لاف دژایەتی گەندەڵی ئابووری کوردستان دەدە کە بە ملیارد پەت بە ئابووری جیهانی گرێدراوە، زۆرێك لە حزبە سۆسیالدیموکراتەکان خەریکی بازرگانی بە ماددە بێهۆشکەرەکان و دەلالی بۆ کۆمپانیا و چەکفرۆشتنن، کەچی کەڵە"فەیلەسوف"ەکەمان وتی: با ئابووری کوردستان بە بازاڕی جیهان ببەسترێت...هیچ حزبێکی سۆسیالدیموکرات لە ئۆروپا خاوەن کۆمپانیا نییە! هەر ئەم فەیلەسوفە سەرسوڕمانی خۆی بە شوعی کوژێك و خاوەن یاسای دژ بە سۆسیالیستەکان(بسمارك)دەربڕێ!(نوقتە)!
لەولاوە خەلتەی ئەقڵ و فکری تەکنۆکرات و لیبڕاڵ بە هاوپەیمانی لەگەڵ رەوتە ئیسلامییەکانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی، وەك شەریکە دزی"محترم و شارەزا"ی دەسەڵاتدارانی دنیا و پارێزەری دڵسۆزی تاوانەکانی، هاواری عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەڵام ئەوەندە"بلیمەتن"بە بێ سۆسیالیزمی زانستی، بەبێ سیاسەت و ئابووری هەرەوەزی!
ئیمڕۆ لەو شوێنە کە گوایە بانگەشەی ئازادی و چاکسازی دەکات، کرا بە مزگەوت!!

ئایا ئەو بەڕێزانە چەند لەگەڵ خۆیان و خەڵك ڕاستگۆن؟
ئایا ئەگەر خەڵك لە نسێی حزبە دەوڵەمەندو خاوەن كۆمپانیاكان بۆ سێبەری ئۆپۆزیتسیونی ناو پەرلەمان هەنگاو بنێن، خێر دەبینن؟!
ئەوەی زاڵە و برەوی هەیە ئەمانەن: شەڕی خاوەن فكری گەندەڵ و كۆنەپەرەست لەگەڵ دەسەڵات و حوكمڕانی ئاژاوەچی و توندوتیژ. لەم ناوەڕاستە گەنجە بێ كار، بێ دوارۆژ، بێ پڕۆژەو بەرنامەی لایەنی كەمی جیهانبینی ڕاستەقینەی عەداڵەتی كۆمەڵایەتی، بوون بە سوتەمەنیان و یاری بە چارەنووسیان دەكرێ!
ئەو بەرەیە وەك گۆڕانەكەی ئۆباما ڕەنگ زەردەو عەداڵەتەكەی، درێژەپێدەری ناعەداڵەتییەكەی حكومەتی ئاژاوەچی، توندوتیژ و تێكدەری هەرێمە.
ئایا ئەوەی بازاڕ گران بكات، لەپڕ ببێت بەخاوەن ملیونان دۆلار، ناعەداڵەتی بكات، ئاژاوەو كێشەو گرفت بۆ هەزاران خێزان و كەس درووست ناكات؟
ئایا ئەوەی كلاشینكۆف لەبەرامبەر خۆپیشاندەران بەكاربهێنێت، توندڕەو نییە؟
ئەو ئازادییە كە لە مزگەوتی دەرگای سەرا بانگەشەی بۆ دەكرێت، كۆیلایەتییەكەی سعودیە و سودان وئەردۆغانە!
ئەو دەسەڵاتە كە بەناوی تەكنۆكراتەوە بانكەشەی بۆ دەكرێ، هەمان ئەو دەسەڵاتەیە بە هەموو شێوەیەك بەرەو هەڵدێری هەزار بە هەزارمان دەبات!
ئەو ڕۆشنبیرە لیبڕاڵانە كە بوون بە بەشێك لە سەرقافڵەی ئەو جۆرە دەسەڵات و ئازادییە، بە ئەمتیازەوە گەندەڵن و نە ڕێگاو نە دوارۆژمان بۆ ڕۆشن دەكەن و ئێوەش كەیفی خۆتانە!

## توندوتیژی دەستبەجێ ڕاگرن!

**دیسان ڕەفتاری نابەرپرس شارەكانی(كەلار، چەمچەماڵ و سەیدسادق)ی گرتەوەو لەپێناو چاكسازی نەك شۆڕش، كوژراو برینداریشیان لێكەوتەوە.**
**ئێمە داخوازی ڕەوامان هەیەو دەتوانین لەم قۆناغە بە ئەقڵ و حیكمەت لە خۆپیشاندان و مانگرتنی گشتی و هەر جۆرە چالاكییەكی تر بەشێوەیەكی ئاشتیانە بەیان و داوای جێبەجێكردنیان بكەن.**
**لە ڕاگەیاندن و كۆڕو كۆبوونەوەكان ئەڵێی دیموكراسی لە كوردستان لەدایكبووە، كەچی دەبینین هەندێ خۆپیشاندەر تەنها زمانی توندوتیژی ڕەفتار دەكەن و دەسەڵاتداران بە كلاشینكۆف وڵامیان دەدەنەوە.**
**ئێمە وەك چالاكوانی مەدەنی، ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی بێلایەن و سەربەخۆ داوادەكەین:**

1- **خۆپیشاندەران ڕووی خۆپیشاندانەكانیان ئاراستەی بارەگا حزبی و حكومییەكان نەكەن و داخوازییەكانیان بەشێوەیەكی مەدەنییانە پێشكەش بكەن.**
2- **بەتوندی ڕەفتاری هەردوو لایەن ڕەتدەكەینەوەو داوادەكەین دەستبەجێ بۆ هەڵویست و ڕەفتارو كرداری ئەقڵانی بگەڕێنەوە، بەبێ ئەوەی زەرەیەك لە سەقفی داخوازی یان لایەنگیری بێنەخوارەوە!**

2011/2/25

**گۆران مامە عەلە ڕەش، چالاكوانی مەدەنی، دەربەندیخان**
**عەدنان قوربانی(كۆمەڵەی پەیامی گەرمیان)**

سواره محەمەد، خوێنکار له کۆلیژی ئاداب له خانەقین

ناسیاو محەمەد(گروپی بەگژداچوونی گەندەڵی)

ئەمیر عەلی، چالاکوانی مەدەنی، خانەقین

دڵشاد ئەنوەر، رۆژنامەنووس(هاولاتی)

فەرمان خیلانی، تۆری بەرگری له ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان

سەلام عەبدوڵڵا، نووسەر، بێلایەن، خانەقین

## کێ خاوەنی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە؟!

## لەپەراوێزی قسەکانی نەوشیروان

هەموو حکومەت و حزب و سەرۆکەکانی ئەم سەرزەوییە، هەر له ئۆباما تا خامەنەئی، له پاشا سعودیه تا بەشار ئەسەد و مێرکل و بەرلسکۆنی...هتد) خۆیان بە دادپەروەر دەزانن و نەوشیروان وەك هەموویان دەڵێ(خوای گەورەو گەلەکەمان پشتیوانمانە).

بەهۆی قەیرانی سەرمایه و حکومەتە تەکنۆکراتەکانی و بازاڕە گرانەکەی و گیرفانی گەندەڵی بەرپرسە حزبی حکومەتەکانی، بووه بە هۆی راپەڕین و نارەزایەتی یەك لەدوا یەکەکانی ژێردەستەکانی جیهان. لەم ناوەڕاستە گەورەترین گاڵتەجاڕی بەناو(خودا و دیموکراسی)بە هەژارەکان دەکرێ: خودا لەباشترین حاڵەت هەمیشە پشتیوانی لایەنە بەهێزەکان بووە، دیموکراسیش وەك شێوەی دەسەڵاتداری سەرمایه، بەخۆی هۆکاری قەیرانەکەیە و بووە بە زامنی زۆرداری و جەنگەکانی! قسەکەری سەرمایەی ئەمریکی(ئۆباما)بەخۆی لەناو کێشەی قووڵی بێکاری، گرانی و لانەوازی ملیونان مرۆڤی وەلاتەکەی و گەندەڵی و ناعەدالەتی حکومەتە تەکنۆکراتەکەی غەرق بووە، کەچی وەك"فریادڕەس"لەبارەی تونس و میسرو جیهان لێدوانیدەدا و بەهەمان شێوە قسەکەرانی حکومەتی پەت و سێدارەی ئیران یان رەگەزپەرەستێك وەك ئۆردۆگان و سەرۆك حکومەتەکانی تر.

هەموو ئەو مرۆڤکوژانە، خاوەن کەرت و موڵکایەتی تایبەتی جۆراوجۆرن، بەڵام لەپێناو تەفرەدان وگێلکردن و لەخشتەبردنی ژێردەستەکان زاراوەی سیحراوی(عەدالەتی کۆمەڵایەتی) بەکاردەهێنن، بەبێ ئەوەی پێمان بڵێن مەبەستیان لەو زاراوەیه چییە و چۆن جێبەجێی دەکەن.

رەخنەگرتن له حکومەتی هەرێم پێویستی به هونەرو زانستییەکی گەورە نییەو لەراستیدا کێشەکە لێرەدا نییە، بەڵکو ئێمە دەبێ بزانین چی به رەخنەکانمان بکەین و ئەزموونەکەمان بەرەو گوێ ببەین.

گۆڕان گرفتاری درووشم و بۆچوونی بەسەرچوو بووەو رەخنەی جددی لە سیستێمی حوکمڕانی نییە. هەموو کێشەی خەڵکی کوردستان هێناوەتە ئاستی گەندەڵی، بەمەرجێك ئەمە تەنها یەك خاڵە لە زنجیرەی کارەساتی سیستێمی ئابووری سەرمایەداری!

((ئەگەر کارمەند و وەزیرەکان گەندەڵ نەبن مانای ئەوە نییە عەدالەتی کۆمەڵایەتی چێ دەبێ و هەر ئێستا بە سەدان و هەزاران کارمەندو وەزیر و بەرپرس هەیە کە گەندەڵ نین.))

گۆڕان ئێستاشی لەگەل بێت لا لە رەخنە لە سیستێمی سەرمایەداری ناکاتەوەو تەنها بەس بە هەندێ درووشم(قاوخ)ی مەسەلەکان دەکات. عەدالەتەکەی گۆڕان لە ریکلامکردن بۆ بازرگانی حکومەتی لەسێدارەدانی ئیران و کۆمپانییەکانی تر کۆتایی پێدێت و پێویست بەوە ناکات پێمان بلێین(بە پارەی ریکلام هەندێ لە خەرجییەکانمان پڕدەکەین)...زۆر رۆژنامە، گۆڤار و کەناڵ هەیە بەبێ ئەو بازرگانییە قیزەوەنە، خۆیان بەرێوەدەبەن و بوون بە پڕفرۆشترین رۆژنامە!

گوێ لە غزرائیل بگرن...دوا قسەکەی نەوشیروان!

بەکورتی: ئەوەی عزرائیل بە برادەرەکەی وت، نەوشیروان بە پارتی و یەکێتی دەڵێ: گیانی دراوسێی ئەم و ئەولاتم کێشا(میسر و تونس) و دەبێ بەخۆت بزانی کە نۆرەی تۆ هاتووە!

سۆسیالیزم غائیبە!

هەموو هاواری گۆڕان و نەوشیروان ئەوەیە حکومەتێکی تەکنۆکرات دابمەزرێ!

ئایا بەگوێرەی ئەزموونی تەکنۆکراتەکان لە ولاتانی جیهان، توانیویانە چەوسانەوەو هەژاری لەناو ببەن؟ ئایا دەبێ ئێمە لە کوردستان چ پەندێك لە دەسەلاتە تەکنۆکراتەکان وەربگرین؟! ئایا هاتوهاواری گۆڕان دەتوانێ کێشەی هەژاران چارەسەر بکات؟

ئەمەیە گاڵتەجاڕی بە جەماوەری خەڵکی کوردستان...ئەمەیە رێگای پوچەڵکردنی مافی رەوای جەماوەر...ئەمەیە جەواشەکاری، گەوجاندن و گێلکردنی خەڵك!

پوچەڵی بزووتنەوەی گۆڕان!

ئیمڕۆ نەوشیروان بەڕوونی مەبەستی گۆڕانی باس کرد و حاڵی بووین کە بە مانای روخاندنی ئەزمونی ولاتانی سۆسیالیستی بەکاردەهێنن و تاقە وشەیەکی بەکارنەهێنا بۆ تاقە رەخنەیەك لە رژێمی وەحشیگەری سەرمایە....ئایا ئەگەر بزووتنەوەیەك بەم شێوەیە بیربکاتەوە دەیەوێ عەدالەتی کۆمەلایەتی جێبەجێ بکات؟! ئایا روخاندنی ولاتانی رۆژهەلاتی ئۆروپا چی لێ سەوز بوو؟ ئایا لەوێش دووبارە ناڕەزایەتی و راپەڕین و بەرگری دەستی پێنەکردووە؟

دەبێ بەشخوراو و چەوساوەکانی کوردستان لە بۆچوونەکانی نەوشیروان و"رۆشنبیرەکانی"گۆڕان و نیاز و مەبەستیان باش تێبگەن و خۆیان و ناڕەزایەتییە رەوا و مرۆییەکەیان نەکەن بە قوربانی بزووتنەوەیەك پێشوەخت وەك حکومەتەکانی پاش روخانی بلۆکی رۆژهەلاتی ئۆروپا بیردەکاتەوەو کار بۆ حکومەتی تەکنۆکراتی سەرمایەداری دەکات کە بەکردەوە دژ بە ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتین و پارێزەری تەواوی دیاردەکانی گەندەلی، بێکاری و چەوساندنەوەن: ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی خاوەنی خۆی هەیە!

هیچ جارێك ئەم رەوتە کە دەم لە عەدالەتی کۆمەلایەتی دەکوتێ، باسی ئەلتەرناتیڤی سۆسیالیستی نەکردووەو وەك بلێی سوێندیان خواردووە ناوی گوم بکەن.

ئایا عەدالەتی کۆمەلایەتی بەبێ سۆسیالیزم بوونی هەیە؟

ئایا ئازادی بەبێ کارو خزمەت و ئەرکی ژیانی هەرەوەزی مانای دەبێ؟

به كورتی: وڵامی سەرڕاستانە بۆ بارودۆخی ئیمڕۆ نە ئەوەیە كە گۆڕان، كۆمەڵ و یەكگرتوو كاری لەسەر دەكەن و نە ئەو بەڵێن و خیتابانەیە كە حكومەت دەیڵێتەوە.
هەر لایەنێك بییەوێ گەندەڵی، بێكاری، جیاوازی بۆگەنی چینایەتی، گرانی لەناوببات و بەڕاست بەفاداری بۆ خوێنی شەهیدان و قوربانیان بنوێنێ و ئەزموونەكەمان بەرەو پێشەوە ببات و بە كردەوە ئاسایشی نەتەوەیی بپارێزێ، دەبێ هەنگاوە سەرەتاییەكانی جیهانبینی و كرداری عەدالەتی كۆمەڵایەتی بە مانا سۆسیالیستییەكەی پەیڕەو بكات، بەمەرجێك سوود لە هۆكارەكانی روخاندنی وەربگرێ، بە پێچەوانەوە ئێوە هەر كێیەك بن، تەنها تەفرە بە خەڵكی هەژار دەدەن و تەنها زیقوزاقی دەسەڵات و پارەو چاوچنۆكی دەكەن و ئیمڕۆبێت یان سبەی دەكەونە بەر نەعلەت و نەفرەتی چەوساوەكان و، مێژوو رەحم لەكەس ناكات.

**چەك و پوولی ئەلمان،**

**مرۆڤكوژن لە جیهان**

ئەمە دروشمێكە لە زۆربەی خۆپیشاندانەكانی دژ فاشییەت ، هاوپشتی لە گەڵ پەنابەران، زیندانییە سیاسییەكان یا دژی چەكسازی بەرزدەگرێتە. منیش لێرە هەڵمبژاردووە بۆ سەردێڕی ئەم ووتارە. هەڵبەت من گۆمانم نیە لەوەی ئەم دەوڵەتە زۆر پێشكەوتووە، مۆدێرنە، لانەكەی چەندین فەلسەفەی جیهانییە. زووزوو باسی دیموكراتسییەت، مافی مرۆڤ، كۆمەڵگای مەدەنی، ئازادی و دەوڵەتی سەروەری یاسا دەكەن. زۆر كەسیش هەن، بەبێ لێكدانەوە، لە ژێر كارتێكردنی ماشینی ژەهراوی پروپاگەندەكانیان، بڕوایان پێدەكەن، و وەك توتی قسەكانیان دەڵێنەوە. بەداخەوە نموونەی ئەم جۆرە كەسانە زۆرن. هەر لە هەندێ بەناو رۆشنبیر، نووسەر تا دەگاتە كەسانێك، دەكرێت سەرەرای پلەوپایەیان، تیتڵی ئەكادیمییان لەبواری سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەی تێدا دەژین،بە نەخوێندەوار ناونووس بكرێن.

**ئێمە دەبێ دوژمنەكانمان باش بناسین، تا بە بەراستی بتوانین بە توندییەوە لە دژیان خەبات بكەین.**

لە 2001/6/20پرۆتێستێك بۆ پەكخستنی كاری كۆمپیوتەری كۆمپانیای فڕین (لوفتهانزا) بە رێگای پۆستی ئەلكترۆنی كرا. لەكاتێكی دیاریكراودا(هەزاران كەس بەرێگای

کۆمپیوتەرەوە نامە بۆ شوێنێك بنێرن). هۆی ئەم چالاکییە ئەوە بوو، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ(پرو ئەزیول، وادی، میدیکۆ ئینتەرناسیونال...هتد) لە دژی بەشداریکردنی ئەم کۆمپانیایە لە دەرکردنی پەنابەران: سالی 40 000 پەنابەر دیپۆرتدەکرێن.

ئەمە بوو بەهاندرێك بۆ من. بەچاکم زانی ئەم راپۆرتە بنووسم:

بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی (ئینیتیەتیڤی ئەنتی راسیزم لە بەرلین) بۆ تیرۆری دەوڵتی دژی پەنابەران لە ماوەی نێوان 1993- 1999و بەپشتبەستن بەسەرچاوەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی جیاجیاکان:

- 78 پەنابەر لە ترسی دیپۆرتکردن خۆیان دەسووتێنن یا لەکاتی هەوڵدان بۆ دەربازبوونیان لە دیپۆرتکردن گیانیان لەدەستداوە.
- ⋆ 113 پەنابەر لەسەرە ڕێگا یا لەسەر سنوورەکانی ئەلمانیا، گیانیان لەدەستداوە،

97کەسیان لەسەر سنووری رۆژهەلاتی ئەلمانیا.

- 267 لە کاتی پەڕینەوەیان بۆ ناو ئەلمانیا بریندارکراون، 141پەنابەر لەسەر سنووری رۆژئاوای ئەلمانیا.
- 185پەنابەر لەترسی دیپۆرتکردن خۆیانیان بریندارکردووە، یا هەوڵیانداوە خۆیان بسووتێنن.
- 5 پەنابەر لەکاتی دیپۆرتکردنیان گیانیان لەدەستداوە.
- 97 پەنابەر لە کاتی بەکارهێنانی زۆرداری پۆلیس بریندارکراون.
- 9 پەنابەر پاش دیپۆرتکردنیان بۆ وەلاتەکەیان، کوژراون.
- 239 پەنابەر پاش دیپۆرتکردنیان لەلایەن پۆلیس و ملیتێری وەلاتەکەیان بەخراپی ڕەفتاریان لەگەڵ کراوەو ئەشکەنجە دراون.
- 33 پەنابەر پاش دیپۆرتکردنیان بێ سەروشوێن کراون.
- 9 پەنابەر بەهۆی زەبروزەنگ بەکارهێنانی پۆلیسی ئەلمانی گیانیان لەدەستداوە، 97 کەسیان بریندارکراون.

ئەم لیستەیە بەشێکن لەو تیرۆرە دەوڵەتییە کە پێیانزانراوە!لە 2000دا نزیکەی 5000 هێرشی راسیستانە لەدژی پەنابەران ئەنجدام دراون، لەوانە(بۆ نموونە):

- نعیمە هاجر، هاوەڵاتی جەزایەری پاش بەسەربردنی 238ڕۆژ لە زیندانی دیپۆتکردن لە فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت، لە 5/6 خۆیی کوشت. داوای پەنابەری ئەم ئافرەتە بەرپەرچ درایەوە، لەبەر ئەوەی یەکەم ڕۆژی زەوتکردنی لە لایەن سەربارزە جەزایریێکان لە بیر چوبووەوە. تەنها لەچەند مانگی رابردوو، لە زیندانی فرۆکەخانەی فرانکفۆرت 18 هەوڵی خۆکوشتن درابوو.(سەرچاوە: رۆژنامەی مانگانەی ئەنالویزە و رەخنە، ژمارە439لە 8/یونی/2000).
- ئەلبیرتۆ ئەدریانو، لە شاری پاساو(لە 12/یونی) لە باغچەی شارکە، لەلایەن نازێکانەوە بەشەق و تێهەڵدان نیوەمردوویان کرد، جلوبەرگەکەیان لەبەر داکەندبوو و فرێیاندابووە ناو دەوەن. لە 15/ یونی گیانی لەدەستدا(تاتس لە 20006//15).
- کلاوس گیریکە(لانەواز) لە شەوی24/یونی لە گرایفس ڤەڵد بەدەستی نازێکان کوژرا(تاتس لە 26/یونی).
- فالکۆ لویدکە(ئەنتی فاشیست) لە 5/31 لەلایەن میلکە بیدەر(نازی) بە ئۆتۆمبیلەکەی لێیدا و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا.(تاتس لە 6/5و بەیاننامەی ئەنتی فاشیستشە ئەکتسیون لە ئێبەرس ڤێڵد)
- (لە 5/6)لەکاتێکدا ئەنتی فاشیستە سوورەکان نمایشی شانۆی سەرجادە بوون، فاشیست( مانفرید هوك) بەچاقۆوە بەربووە گیانیان و یەکێکیانی بەسەختی بریندار کرد و دەستی یەکێکی کەیشی بەسووکی برینداركرد(یونگە ڤێڵت لە 5/11)
- لایبزك، شەوی 6/28 نازییەك پاش ئەوەی یەکەم جار بەجوێنی نازییانە هەستی پەنابەرێکی عیراقی بریندارەدەکات، بە چاقۆ دەکەوێتە گیانی و سنگی بریندار دەکات( یونگە ڤێڵت لە 6/29).
- لە 5/1 دا 10 نازی لە(لودڤیگس هافن)، هەوڵیاندا سەنتەری لاوان(فریدریش دویر) لە مانهایم بسووتێنن. لە هەمان شەو، دوو پەیگەری ئەنتی فاشیستیان وێرانکرد.

(لە نووسراوەیەکی ئەنتی فاشیست لە مانهایم بلاّوکراوەتەوە)

★★ لە دارستانێك نزیك شاری ئولم، پۆلیس لە نزیکی 10 مەترەوە، تەقە لە کەم

ئەندامێکی ڤێتنامی(لەسەر کورسی پێچکەدارەکەی دانیشتبوو) دەکەن. 21 فیشەکی پێوە دەنێن. لە 20/سێپتێمبەر/2000 گیانی لەدەستدا.

- لە 11/ئەکتۆبەر، لە فرانکفۆرت، پۆڵۆنییەك(37ساڵ) لەترسی کۆنترۆڵی پۆلیس،

  گیانی لەدەستدەدات.(ئەگەر بیگرن، بۆ پۆڵەندا دیپۆرتی دەکەن).
- لەبەرلین، شەوی 30 ئۆغوست، پەنابەر ئەلێناکۆف گاگڤاسۆیندیل( خەڵکی مەنغۆلیا)، لە کاتی هەوڵی دەربازبوون لە زیندانی دیپۆرتکردن، گیانی لەدەستدەدات.(یونگە ڤێلت لە 2000/9/19)
- لە 8/ دیسەمبەر، پەنابەرێکی سریلانکی بەناوی ئارومۆگاسامی سوبرەمانیام(17

  ساڵە) لە زیندانی دیبۆرتکردن لە هانۆڤەر-لانگن هاگن، لە ترسی دیپۆرتکردن خۆی دەگوژێت. لە 1993وە تا کۆتایی 2000دا 79 پەنابەر بەهۆی تیرۆری دەوڵەتییەوە بەرەو چارەنووسی خۆکوشتن براوون(یونگە ڤێلت2000/12/14)

** هێرش بە بۆمبا دژی جووەکان لە دیسلدۆرف و بووە هۆی بریندارکردنی 9 کەس

لە خەڵکی رووسیا، 6یان جوو بوون.(یونگە ڤێلت لە 2000/7/29). پۆلیس خێرا

رایانگەیاند کەوا لە دیسلدۆرف گروپی نازی نییە. کە گومانلێکراوێك دەسگیرکرا،

سەرلەنوێ پۆلیس رایگەیاند، کە (راڵف شپیس) سەر بە نازێکان نییە. بەڵام ئەم

دوو درۆیە، لەلایەن ئەنتی فاشیستەکانەوە ئاشکراکران. راڵف پێشتر پەیوەندی هەیە بەنازێکان و بەهۆی چەندین چالاکی راسیستانەی جۆراوجۆر سزا دراوە.

- 7/ئۆگۆست، لە شاری بامبێرگ، بۆمبێکی کاتی بە دەرگای ماڵی جوویەك توند دەکەن، بۆ ئەوەی لە کاتی رۆیشتن بۆ کارکردن پێوەوەی بتەقێتەوە.
- لە شاری ئایزناخ، بینگن، ڤوپەرتاڵ- بارمن، دیلکیرشن، رۆکنهاوزن(راینلەند فەڵس)، گویسترۆڤ، ڤایدن، دیسلدۆرف، شڤێبشە هال، بەرلین، پۆتسدام، هالە،

بەرلین- کوپنیك، گلوکشتات(شلیزڤیگ- هۆلشتاین)، لانداو، گرابۆڤ لە نزیك لودڤیکسلوست، (جارێکی تر لە بەرلین)، ئۆیکەمویندن، ئەنکلام، گێانهاوزن( هێسن)، گوینتەبێرگ(براندنبۆرگ) شڤیدت، هێرش کراوە بەسەر کۆڕستان، سیناگۆگ( شوێنی خواپەرەستی جوو) جووەکان. هەندێکیان رووخاندووە، هەندێکیان بە رەنگ و درووشمی نازییەت پیسیانکردوون.

- لە 1989وە تا 2000لەلانی کەمەوە 107 لانەواز بەدەستی ئەم تروپە بۆرانەوە

کوژراون( زۆربەیان بەتەمەن بوون).

- لە یولی – دیسەمبەر/2000: لە 22-23 نازێکان لەسەر ئاستی ئەلمانیا هێرشی دڕندانەیان ئەنجامداوە:
- لە تریپتۆڤ، 15 نازی بەبەر هێرشدەکەنە سەر پیاوێکی تونسی. لە موینشن، 30 نازی لە (ئێس بان) لە پیاوێکی ئاسیایی دەدەن. لە ڤیسمار مۆلۆتۆفێك فڕێدەدەنە ناو ماڵێك، نازێکان لەو بڕوایەدابوون، لانەوازەکان تێدا دەژین. لە دیتلیتس و هەلبەشتات چەندین هەوڵی کوشتنی پەنابەران دراوە.
- لە ڤوپەرتاڵ – بارمن، لە 23/ سێپتێمبەر نازێکان بۆمبێك فڕێدەدەنە ناو لاگەری پەنابەرە یوگسلافێکان(جاران). لەئەنجامیدا دوو منداڵ سووك بریندار بوون(فرانکفۆرتە روندشاولە 2000/9/25)
- لە شڤیرین، لە 30/ ئۆکتۆبەر، دوو نازی هێرش دەکەنە سەر خێزانێکی رووسی و ئافرەتەکە بەسەختی بریندار دەکەن.(تاتس لە 10/4)
- لە فالەرس لێبن(نزیك ڤۆلڤسبۆرگ) لە شەوی24-10/25 بە مۆلۆتۆڤ کۆکتیل هێرشیان کردە سەر لاگەرێکی پەنابەران(راتس، ژمارە127)
- لە فینستەر ڤەڵد(براندنبۆرگ) 20نازی هێرشدەکەن بۆ سەر ماڵێکی ئەنتی فاشیست و هەمو شتەکانیان وەردوخاش کرد.
- لە لویکن ڤەڵدە، نازێکان هێرش دەکەنە سەر پەنابەرێکی سیرالیونی و بریندارێدەکەن(تاتس،2000/11/18)
- لە زاربروکن، نازێکان هێرش دەکەنە سەر پیاوێکی میسری و بەخەستی بریندارێدەکەن( فرانکفۆرتە روندشاو، لە 12/14)
- لە شڤالمشتات، نازێکان هێرش دەکەنە سەر 3پەنابەری ئەفریقایی و لێیاندەدن و

دەیاندەنە بەر جوێنی راسیستانە(یونگە ڤێلت لە 12/14).

- لە کوپن، نازێکان بە چاقۆ لە پشتی قوتابییەکی مۆنغولی(پاسی ئەلمانی پێبووە!!)و بەخەستی بریینداری دەکەن(یونگە ڤێلت لە 12/27)

و سەدان ئەکتسیونی دڕندانەی تری نازێکان شانبەشانی تیرۆری دەوڵەتی.

لە تسێشۆباو، لە کاتی پشکنینی ماڵێکی نازی، دەستبەسەر 30 دەمانچە، تفەنگ، چەندین نارنجۆکی دەستی و هەزاران فیشەك گیرا(یونگە ڤێلت لە 12/19).

حکومەتی ئەلمانی بەشێوەی جۆراوجۆر دەستی لەم تاوانە هەیە و تا پێیان بکرێت نازی و ڕێکخراوەکانیان دەرباز دەکەن، تاوانەکانیان، بە تاوانی بزووتنەوەی نازێکان ناونابەن و هەوڵدەدن بیکەن بەکاری چەند تازەپێگەیشتوویەکی گێل، کەلەشەق و ئەلکهولیکە!! بەڵام فراوانی تاوانەکان، ئاستی ڕێکخراوەییان و کە قوربانییەکان زۆربەی زۆریان پەنابەر، لانەواز، جوو و ئەنتی فاشیستن، ئەو بەڵگەیە دەدەن بەدەستەوە کە ئەم تاوان و تیرۆرانە تەنها بە فاشیستەکان ناکرێت، بەڵکو بەشێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەستی دەوڵتیشی تێدایە.

سەرەرای ئەم هەموو تیرۆرەی تروپە فاشیستەکان، دەوڵەتی ئەلمان بەرپرسی و ڕۆڵی ڕێکخستن ئەم تیرۆرانە ئەگرێت ئەستۆ. ئەوە دەیان ساڵە ئەنتی فاشیستەکان، هەندێ لە کلێسەکان، پارێزەرانی مافی مرۆڤ تا دەکات بە کۆمونیستەکان، داوای قەدەغەکردنی ڕێکخراوە فاشیستەکان دەکەن، بەڵام حکومەتە جیاجیاکان، هەر لە کۆنزەرڤاتیڤەکان تا حکومەتی ئێستای کوالیتسیونی سۆسیال دیموکراتەکان لەگەڵ سەوزەکان، ئەم کارەیان ئەنجام نەداوە!!

چەندین بەڵگەی تر هەیە بۆ سیاسەتی تیرۆریستی دەوڵەتی ئەلمان:

- 1000000مرۆڤ مافی مانەوەی کاتی، بەبێ دڵنیاییان هەیە.
- 6 00 000 پەنابەر و موهاجر بەگوێرەی ئاماری رەسمی، هەڕەشەی دیپۆرت و دەرکرنیان لێ دەکرێت.
- نزیکەی 5 00 000 کەس بە شێوەیەکی"ناشەرعی"لەژێر سەختترین باری ئابووری، سایکلۆژی و کۆمەلایەتی لە ئەلمانیا دەژێن.
- لە بەر دەرکردنی یاسای کۆنەپەرەستانەی تایبەت دژی"خارجییەکان" لە یولی 1997، لەهەمان کاتدا دیپۆرتکردنی ئاسانکردۆتەوە. بۆ نموونە

ئەگەر"خارجییەك"بە 3ساڵ زیندانی سزابدرێت، دەتوانن پاش تەواوکردنی سزاکەی، بەشێوەیەکی"شەرعی" دیپۆرتی بکەن.

- ئەوەی لە خۆپیشاندانێکی مۆڵەت پێنەدراو بەشداریبکات، بە گوێرەی دەستور دەریدەکەن.
- ناچارکردنی پەنابەران بە مانەوە لەناو کۆنتینە یا لەناو لاگەرەکان.
- لێدان و سووکایەتی پێکردن لەلایەن پۆلیسەکانەوە. کاتێك( کوللا بانکولو، لە دژی دیپۆرتکردنی بۆ نیجیریا دیفاع لەخۆی دەکات. دەستوقاچی دەبەستنەوە دەمی بە زەمق دەگرن و شریقەی هێمنکردنەوەی لێدەدەن. لە 94/4/15 گیانی لەدەستدەدات. هاووڵاتی سودانی( ئەمیر عومەر ئەحمەد ) لە 99/5/28 لەکاتی دیپۆرتکردنی لە ناو فڕۆکەکە لە نێوان فرانکفۆرت و موینشن دەیکوژن.
- سیاسەتی دیپۆرتکرد و درووستکردنی زیندانی تایبەتی بە دیپۆرتکردن. نزیکەی 3000-5000پەنابەر لەناو زیندانەکانی دیپۆرتکردنن. د. زاادرادڤاکۆ نیکۆلۆف دیمترۆڤ( پەنابەرێکی بولغاری) پۆلیس ویستویانە بۆ زیندانی دیپۆرتتاتسونی براونشڤایگ ببەن. پۆلیسەکان تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن. لە 1999/12/21گیانی لەدەستدەدات. بەڕاستی لیستی کوژراو برینداراەکان زۆر درێژە. من لێرەوە لێی دەگەڕێم.
- بەدەستدانەوەی راستەوخۆی پەنابەران بە حکومەتەکانی ئەشکەنجەدان و تیرۆر لە تورکیا، ئێران نیجیریا و تۆگۆ، تەنانەت لە فڕۆکەخانەکان، بەهۆی رێککەوتنەکان لەسەر پەیمانەکانی"گەڕاندنەوە" لە گەڵ چەندین دەوڵەت.

بۆیە گران و دوور نیە ئەگەر بڵێن(شیلی- وەزیری ناوخۆ) تا دەگاتە جێگەرکەرانی فەرمانەکان لەباری ئەتێکییەوە لە ئاستی فاشیستە مرۆڤکوژەکانن!

وەك دەبینن، بەرێگای ئەم ئیجرائاتانەوە، ئەم سیاسەتانەی ئیمپریالیستی ئەڵمانیا، بەکردەوە دروشمە شۆڤێنیستەکەی فاشیستەکان"دەرەکی بۆ دەرەوە" پەیڕەودەکەن.

دەبێ ئەوەیش بزانین کە ئەنتی فاشیستەکانیش بە بەردەوام بە هێرشکردن، خۆپیشاندان، و ملیتانت رووبەروویان دەبنەوە.

لە 2001/7/6

ناوی ئەو شەرکەت و ڕێکخراوە ئەلمانییانە کە پشتگیری
ڕژێمی فاشیستی (ئیراق)یان کردووە
با پێکەوە داوای دادگاییکردنی ئەم تاوانبارانەش بکەین!
مەترسییەکانی دەسەلاتی فاشیزم و تاوانەکانی لە ماوەی35ساڵدا لە دژی گەلانی ئیراق، کورستان، ئیران و کوێت بە پشتیوانی و پێکەوەکارکردن لەگەل ئەم تاوانبارانە کە ناویان لە خوارەوە هاتووە، بەرنامەریزیان بۆ کراوە. کاتێ ئەم ڕاستییانە بۆمان دەردەکەوێت، ئەمەشمان بۆ ساغدەبێتەوە: ڕژێمی سەدام و وەحشیگەرییەکانی بەرهەمی یەکانگیری بیروهۆش و عەسکەریتاریاو پەیوەندی فاشیزمی ئەلمانیایە لەگەل بیروهۆش و عەسکەریتاری ناسیونالیزمی عەرەبی و ئیسلامییە بە پلەی یەکەم.
لەڕاستیدا ئێمە چیتر پێویستیمان بەوە نییە پرسیاربکەین، بۆچی حکومەتی ئەلمانیا لە بارەی جەنگی ئەمریکا-ئیراق، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەرەو ئالآی"ئاشتی"هەلگرتووە یان بۆچی ئەلمانیا مۆلگای هێرشکردنی ئەلقاعیدە بوو لە9/11. حکومەتی چەکسازی و بانقی ئەلمانی و حزبەکەیان بە سەرۆکایەتی هیتلەر بە تەواوەتی لە1945 ژێرنەکەوت، بەلکو لە جەنگی(ئەمریکا-ئیراق)دا: بازاری ئیراق کە بەشێکی زۆر گرنگ بوو بۆ کۆمپانییە زلهێزەکانی چەکسازی و بانقەکانی ئەلمانیا، بەیەکجاری بە زەبروزەنگی دوا چەکی مۆدێرن وشارستانییانەی ئەمریکا لە چنگی دەرکراو ئێستا سەرتاپای ئەم بازارە لە خزمەتی بەرهەمی ئەمریکی و هاوپەیمانەکانییە. نەزانترین چاودێری سیاسی دەتوانێت بە زەقی ئەم ڕاستییە ببینێت، بەلام لە ڕاگەیاندنەکاندا بەدەگمەن بەم شێوەیە باسدەکرێت. بازار هەمیشە، بازاری هێزە سەرکەوتووەکانە"بەپیشتوانی خوا" لە جەنگ. ئەم کۆمپانیانە لەخوارەوە ناویان هاتووە، کۆمپانیای وڵاتە دۆڕاوەکانەو ماوە داوا بکەین شانبەشانی سەرانی حکومەتی گۆڕبەگۆڕ، بۆ بەردەم دادگا ڕاپێچیان بکەین:

1/ 1963موخابەراتی ئەلمانی بە چەك، پوول و تەكنیك پشتگیری لە كودەتای بەعس دەكەن(سەرچاوە: گۆڤاری پۆگروم/65-1979، لا.61).
1963/2شەرکەتی سیمنز(ئەلمانی-فەرەنسی)، بۆمبای ئیلیوشین-بۆدگەر،بۆ بۆردومانی شەوان بەکاردێت.
سەرچاوە: هەمان سەرچاوە،لا.62
3/ 1968 ئەلمانیا ڕاکێتی کوبرا بە لەشکری عیراق دەدا. هەمان سەرچاوە، لا.61
4/ 1969 فرۆشتنی بیَ سیم. سەرچاوە:Mierzwa .
1972/5 ناردنی 35لۆری لە جۆری1513 لەلایەن کۆمپانیای دایملەر بێنز(مرسیدس)، سەرچاوە: بارت/گوتمان،1987لە کتێبی دایملەر،لا702.
6/ 1975، 7موختەبەری پێستیسیدەPestizide شەرکەتی کارل کۆلپ و پیلۆت پلان. ئەم دوو مەتریالە بۆ درووستکردنی چەکی کیمیاوی بەکاردەهێنرێت. سەرچاوە:(30.7.1984BULO, Breg-It.dpa,)
1976/7 مەشقپێکردنی ئەفسەرانی ئیراقی لەلایەن سوپای ئەلمانی. سەرچاوە: پاکس کرستی1-2 .1984
60/8هیلکۆپتەری-105Bo، شەرکەتیMBB، لە 1978وە ئەم شەرکەتە بە پێی سەرچاوەکانی خۆیان هاریکاری سەربازی لەگەل ئیراق دەکەن. 6پسپۆڕی ئەم شەرکەتەش بۆ ئیراق چوون.، ڕۆژنامەی زوید تسایتونگ لە 1990/9/8
9/ 1978، 26 فرۆکەی ئەلفا-جێت(Alpha-jet) ، شەرکەتی(Dassault Dornier)ئەلمانی-فەرەنسی. سەرچاوە: ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگەماینە، لە 86/11/20.
1978/10، 150ڕاکێتی دژە ئاسمانی(Roland Flugabwwehr)، شەرکەتیMBBی ئەلمانی و Euro-Missileفەرەنسی.
سەرچاوە: تەکنیکی سوپا،85/5و زوید تسایتونگ لە 82/7/28
1979/11، ئیلکترونیکی فرۆکەوانی شەوان، سیمنز. سەرچاوە: 63,S1989WulfوDVZلە 84/1/27.
1979/12، سیستێمی دیاریکردن وپێکاندنی ئامانجی مەبەست، MBBئەلمانی. سەرچاوە: میرزوە، 1989.
1979/13، سیستێمی کۆمپیوتەر، ئەلمانیا، هێزی دەریاوان، ئاسمانی و بەشەکانیتری سوپای ئیراق بە سیستێمی کۆمپیوتەری ئەلمانی بەیەك بەستراونەتەوە. سەرچاوە: میرزوا((1989Mierzwa.
1979/14هیلوکۆپتەری(Aluetteو.-Atl1150Breguet-)،شەرکەتی(ئێم.بی.بی)،فەرەنسی-ئەلمانی. سەرچاوە/ پوگروم، ژ.65، 1979، لا.62.
1979/15، فرۆکەی گواستنەوەی سوپا، (ئەلمانیا-ئیتالیا-ئەسپانیا-ئەنگلتەرا)، شەرکەتی ئێم بی بی و دۆرنیر.
سەرچاوە: گۆڤاری پوگروم، ژ.65،1979، لا 62.
16/ 1979، 50زریپۆشی جۆری-Uruta11EE، شەرکەتی دایملەر بێنزو ئینگیسا، بەرازیل-ئەلمانیا. مۆتۆری کارپێکردن لە لایەن مرسیدسەوە درووستکرا. سەرچاوە: Brasilien
24,48S. <86, Military Tectical VS IDR IV/10,S.87/94Nachrichten-
1979/17 50زریپۆشی-Sucuri17EE، شەرکەتی دایملەر بێنزو ئەنگیسا، ئەلمانیا-بەرازیل. هەمان سەرچاوە.
18/ 150، 1979زریپۆشیEE-Cascaval، شەرکەتی دایملەر بێنز، ئەنگیسا(Engesa Zahnradfabrik) ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
1980/19 پەیمانبەستنی نهێنی چەکی ئەتۆمی لە گەل بەرازیل، حکومەتی ئەلمانیا و بەرازیل، سەرچاوە: ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگەماینە(FAZ)لە 1990/9/4.
20/ 1980 ، 350 زریپۆشی-Cascaval9EE ,Sucuri17Urutu,EE11EE،، شەرکەتی دایملەر بێنز، ئینگیسا(ئەلمانیا و بەرازیل) Brasilien
24,48S. <86, Military Tectical VS IDR IV/10,S.87/94Nachrichten-
1980/21، شاحینەی-50/EE-25/EE-15EE، شەرکەتی دایملەر بێنز و ئینگیسا(ئەلمانیا و بەرازیل)هەمان سەرچاوە.(ئەم هەواڵە بەسێ هەواڵی جیاجیا بلاَوکراونەتەوە، من پێکەوە نووسیومن)

22/ 1980 ، 500 شاحینەی گواستنەوەی زرێپۆش، شەرکەتی Blumenhard/Hella, Taurus/Fulda، سەرچاوە: گۆڤاری:
. BUKO Krieg Iran-Irak48,S1982/103W 3Blaetter des iz
23/ 1980، شەرکەتکارل کولپ، دەزگای دروستکردنی چەکی کیمیاوی لە سامەرا. لە1980وە ئیراق توانای هەیە سالآنە48تۆن سارین و تابون(Sarinو Tabun)بەرهەم بهێنێت.رۆژنامەی فرانکفۆرتە روندشاو،3/20/ 1990
1980/24، چەکی کیمیاوی، پیلۆت پلانت، بە نرخی30ملیون دۆلار بە عیراق فرۆشراوە(.فرانکفۆرتە ئەلگماینە تسایتونگ لە 18-1990/8/19
25/ 1981، 5000چەکی دژە ئاسمانی بە ناوی(HOT)، شەرکەتیMBB/Euromissileئەلمانی-فەرەنسی. سەرچاوە: دێر شبیگل، ژمارە39، 1990، لا.33، Soldat u. Technik 52, S.82/1WT 374, S.81/7
1981/26، 456زرێپۆشی دژە ئاسمانی(MILAN)، شەرکەتی ئێم بی بی و Euromissileئەلمانی-فەرەنسی. سەرچاوە: دێر شبیگل39، 1990، لا.33.
27/ 1981، 24هیلیکۆپتەری-105Bo، لەلایەن شەرکەتیMBBوCASA. ئەلمانیا-ئەسپانیا. سەرچاوە دێرشبیگل1990/39.لا.33.
28/ 1981، 100زرێپۆش، شەرکەتیFaunوRotzler. سەرچاوە: BUKO-Ruestungsexport info 6.S8/7..
29/ 1982، چەکی کیمیاوی(Toxikol.Labors)، لەلایەن ئەم شەرکەتانەوەKarl-Kolb ,Reinbayernوسوپای ئەلمانی. سەرچاوە: گۆڤاری دێر شبیگل، ژمارە 1989/4،لا.24.
30/ 1982 650زرێپۆشی-Urutu11EE ،Jararce3Suouri,EE-17EE-شەرکەتی دایملەر بێنز و شەرکەتی ئێگیسا(ئەلمانیا-بەرازیل). سەرچاوە: IWR 1985/9 S.1414
31/ 1982، کارگەی ئاسنسازی بۆ بەرهەمهێنانی تەقەمەنی، شەرکەتیThyssen, Lasco, AEG Remscheid
32/ 1982، 50شاحینەی بۆ گواستنەوەی زرێپۆش، شەرکەتیGoodyear . ,Faun, Kloekner-Humbold-Deutz.
سەرچاوە: گۆڤاریBlaetter des iz3W 1982/103 S.48
/1982 33، Militaerunimogs ، شەرکەتی دایملەر بێنز. هەمان سەرچاوە.
34/ 1982، 1050رۆکێتی رۆناڵد، شەرکەتی ئێم بی بی، ئا ئی گی و ئۆیرۆمیسیلیە.
35/ سیستێمی چاودێریکردنی هاتوچۆی فرۆکە، شەرکەتیSEL، سەرچاوە: بوکۆ، جەنگی ئیراق-ئیران، لا.13.
36/ 1982، تفەنگ، بە شاحینە نێردراوەو لەسەریان نووسیوە چەمنتۆ!. رۆژنامەی فرانکفۆرتە روندشاو لە82/8/14.
37/ 1982، رادار و(Sendenanlagen)، شەرکەتیSchwarz&Rhodeی ئەلمانی. سەرچاوە: رۆژنامەی فرانکفۆرتە روندشاو لە 1982/8/14.
38/ 1983، 70 چەکی(Exocet-Lenkwaffen)، شەرکەتیMBBو Aerospatiale، سەرچاوە: Sipri yearbook1987S,251.
39/ 1983، چەك و تەقەمەنی زرێپۆش، شەرکەتی Fritz Werner Geisen. سەرچاوە: شبیگل1987/31، لا48.
40/ 1983، مەشقپێکردن بە 25 کەس لە ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی عیراقی لە لایەن Carl-Duisberg-Zentrum وGmbH/Dornier لەشکری ئەلمانی. سەرچاوە: DVZ1984/1/27، بەرنامەی مۆنیتۆر.
41/ 180زریقۆشیEE-Urutu، شەرکەتی دایملەر بەنز و شەرکەتی ئینگیسا.
1984/42، شەرکەتیHerberger Bau hammer,Quastو,Kolb Rhema Labortechnik, Karlدەزگای دروستکردنی چەکی کیمیاوی لە سامەرا نارد. سەرچاوە: پانۆراما لە 86/10/27
44/ 1984، شەرکەتی ئێم بی بی و ئایرشبیسیال28(ئەلمانی-فەرەنسی)Exocet-Lenkwaffen0بۆ ئیراق دەنێرن. سەرچاوە: Sipiri Yearbook 1987S,251
45/ 1984، 6000راکێت بۆ سیستێمی ASTROS-IIلە لایەن شەرکەتی H Metalform&Hو شەرکەتی بەرازیلیAvibrasبۆ ئیراق نێردراوە. هەمان سەرچاوە، لا250 و گۆڤاری شبیگل1989/51،لا.94
46/ 1984، 6هیلیکۆپتەری-117BKلەلایەن شەرکەتیDenzel, MBB و Nagel&Kuehneی نەمساوی. سەرچاوە: گۆڤاری شتێرن لە 1985/2/7.
1984/47بەش وپێکهاتەکانی(کۆمپیوتەر، ئامێر، ئەزمایش...هتد)سەنتەری لێکۆڵینەوەو گەشەپێدنای سەربازی سعد - 16 لەلایەن ئەم شەرکەتانەوە نیردراوە: Gildemeister(Generalunternehmer),MBB,Rheinmetall,Fritz Werner, Kar Siemens, Integral/Sauer Informatic/CMES(Firmengruppe),Koerber AG, PBG ,Kolb mbH/BP/Degussa/Mauser/Tesa/Zeiss. سەرچاوەکان: گۆڤاری شبیگل، ژمارە13، لە1989 و رۆژنامەی تاتس لە1989/4/28، فرانکفۆرتە روندشاو، شبیگل لە 1989/3/27. لە لیستەکەدا هەر ناردنی هەر مەتریالێك بە ژمارەیەکی جیا بلآوکراوەتەوە. من هەمووم کردووە بە ژمارەیەك.
48/ 1984،مەشقپێکردن لە بوارەکانی سەعد 16، لە 38شەرکەتی ئەلمانی مەشق پێکردنی ئەفسەرانی ئیراق بەرێوەچووە. ، شەرکەتە سەرەکییەکان: ئێم بی بی، Koerber. سەرچاوە: Profil 20.3.1989
49/ 1985، شەرکەتی Water Engineering Ttading GmbH(W.E.T), Merkur 50تون لەم مادده کیمیاوییانەی خوارەوە بۆ عیراق دەنێرن: Methylenchlorid, Isopropylamin, Natriumfluorid, Tabun-Grundstoffe ,Phosphorti..
سەرچاوە: گۆڤاری شتێرن لە 88/3/30، فرانکفۆرتە روندشاو لە 88/4/28، رۆژنامەی تاتس لە 87/12/10.
50/ شەرکەتی(دووبل یو.ئی.تی)پرۆژەی چەکی کیمیاوی بە ئیراق(لە فەلوجە)دا. ئەم پرۆژەیە بۆ دروستکردنی مادەی تابون، سارین و VXە. سەرچاوە: کۆپن/کۆغ1990، لا239.
51/ 1985، شەرکەتی ئێم بی بی(ئەلمانی)و ئایەر شپیسیال(فەرەنسی)پێکەوە96چەکیExocet-Lenkwaffen بۆ ئیراق دەنێرن.سەرچاوە: سەرچاوەی پێشوو، لا251
52/ 1985، 176زرێپۆشی ئی.ئی-9کاسکەڤال. سەرچاوە: بەرازیلیشە ناخرشتن1987/94، لا10. بە دووهەواڵی جودا بلآوکراوەتەوە. یەکەم جار 26زرێپۆش و دووهەم جار 150. من کردوومن بە یەك هەواڵ.
53/ 1985، شەرکەتی Magirus-Deutz, ، و شەرکەتی Leitzلای ئەفریقای خواروو، -5Haubitzen G 155mmبۆ ئیراق دەنێرن. هەمان سەرچاوە، لا254.
54/ 1985، 180شاحینە لەلایەن شەرکەتیSteyr-Daimler-Puch, MTUنەمساوی بۆ ئەدرەسی وەزارەتی بەرگری ئیراق دەنێرن. سەرچاوە: گۆڤاری بوکو، جەنگی ئیراق - ئیران، لا.12، گۆڤاریBlaetter des iz3W 1985/128 s.3K.

55/ 1986، ناردنی چەکی بیولۆگی، لەلایەن شەرکەتیRhema Laborttechnikئەلمانی.
سەرچاوە: شبیگل1990/33.
56/ 1986، شەرکەتی Kuehn Sigma Chemie, Platoچەکی بیۆلۆگی Pilzgiftبۆ ئیراق دەنێرن. پێکهاتەکانی:
Verracarol100mg Diacetozyscripenol, 2000,Toxin, 2HT- mg100u. 2mgT-500. سەرچاوە: فرانکفۆرتە روندشاو لە1989/1/31.
57/ 1986شەرکەتی(دوبل یو. ئی.تی) ئامیری تری ناردووە بۆ بەکارخستنی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی لە فەلوجە کە لە ساڵی1991کەوتووەتە کار کردن. سەرچاوە: شبیگل 1989/4.
58/ شەرکەتی دایملەر بێنز(مێرسیدس)6737شاحینەی سەربازی بۆ ئیراق دەنێرن. سەرچاوە: گۆڤاری دێر شبیگل، ژمارە 31 لە 1986.
59/ 1986، شەرکەتی Deutschland Philips50چاویلکەی-8028Typ MB. فرۆکەوانی هیلیکۆپتەر بەکاریدەهێنن. نرخی4،5ملیون مارك. سەرچاوە: رۆژنامەی تاتس لە1989/6/7وگۆڤاری دژ بە ملیتاریزم (بوکۆ)، ژمارە25.
60/ 1986، شەرکەتی Krupp Atlas Elektronikمەشق بە ئەفسەرانی ئیراقی دەکەن. سەرچاوە: بوکۆ، جەنگی ئیراق-ئیران، لا13.
61/ 1987، شەرکەتی ( Sigma Chemie, Plato Kuehn2u. T 2mg Pilzgift HT-100)چەکی کیمیاوی بەنرخی600هەزار مارك بە ئیراق دەفرۆشن. سەرچاوە: رۆژنامەی فرانکفۆرتە روندشاو لە 1989/1/30.
62/ 1987، شەرکەتی(دووبل یو.ئی.تی)ئەلمانی و شەرکەتی(Atochem) ی فەرەنسی، مەشق بە پسپۆرە ئیراقییەکان دەکەن لەبواری چەکی کیمیاوی. سەرچاوە: رۆژنامەی تاتس لە 89/1/26.
63/ 1987، شەرکەتی ماوزە(یونان)، سیمینز، چەکی دژ ئاسمانی Artemis30بە ئیراق دەفرۆشن. سەرچاوە: شبیگل، ژمارە 31 لە 1987.
64/ 1987، شەرکەتی دایملەر بێنز و ئینگیسا200زریپۆشی Jararcaبە ئیراق دەفرۆشن. سەرچاوە: کتێبی سیپری یارس بوغ1987،لا.250.
65/ 1978، شەرکەتی ئەلمانی داایملەر بێنز250زریپۆشیCascavalبە ئراق دەفرۆشن. سەرچاوە: هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەرە.
66/ شەرکەتیPaul Heinrich Reederei، 2085لەFliegerbombengehhaeuse بۆ ئیراق دەنێرن، سەرچاوە: EI Pais, 10.5.1987
67/ 1987، 6ئەفسەری ئیراقی لە لایەن سوپای ئەلمانییەوە لە قوتابخلنەی باڵای سەربازی، مەشقیان پێدەکرێ. سەرچاوە: رۆژنامەی زوید تسایتونگ لە 1987/7/29.
68/ 1987، شەرکەتیMBB، دەزگای پرۆژەی 395 بۆ درووستکردنی رۆکێتی ناوەند هاوێژ بە نرخی 1000ملیون بۆ ئیراق دەنێرن. سەرچاوە: Koppe/Koch1990/S.343-293
68/ 1978، ئەم شەرکەتانەی خوارەوە، بەرپرسن لە درووستکردنی پرۆژەی395و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی:
Meyer(ROM), Boswau(Wtb), BBC, Nickel Klimatechnik, Siemens(Erlangen), Rudolf Otto Walter Thosthi ,MBB ,Schaeftlmaier Elektroanlagen GmbH
Industrieofenanlagen(Rohrgas-. سەرچاوە: Koppe/Koch1990 ,293, S1990/39Spiegel ,32,S.
69/ 1988، شەرکەتی Firmen H Metalform und weitere BRD&Hپرۆژەی راکێتی -1728بە ئیراق دەفرۆشتن و بۆی دادەمەزرێنن. هەمان سەرچاوە، لا244.
70/ 1989شەرکەتیLoI Industrieofenenlagn(Rorgas-Tochter) کۆمپانیای درووستکردنی بۆمبا لە شاری تاجی درووستدەکەن. سەرچاوە: شبیگل1990/32
71/ 1989شەرکەتیLeyboldبەشداری لە درووستکردنی فابریکی بۆمبادرووستکردن لە تاجی دەکەن. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
1989/72 شەرکەتی بیناسازی Zueplin (ئێستا لە سلیمانی مەکتەبیان کردووەتەوە)وHochtiefکۆمپانیای بۆمبادرووستکردن لە تاجی درووستدەکەن. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارەی1990/28.
73/ 1989شەرکەتی H Metalform&H ماشینی چەکی ئەتۆمی بۆ درووستکردنی، Gaszentrifugen . هەمان سەرچاوەی پێشوو/ژ1990/33
1989/74شەرکەتیExport-Union, Saarstahl، مەعدەنی تایبەت بۆ چەکی ئەتۆمی بە نرخی3،8 ملیون مارك بۆ ئیراق دەنێرن و مەشق بە پسپۆرە ئیراقییەکان دەکەن. سەرچاوە: رۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگماینە تسیتونگ و گۆڤاری دێر شبیگل1990/33.
75/ شەرکەتیInwako GmbH، ماگنێتی بازنەیی بۆ درووستکردنیultrazentrifugeدەنێرن. سەرچاوە: شبیگل1990/400.
76/ 1989شەرکەتیGraeser GmbH، بەشدلری دەکەن لە دامەزراندنی کۆمپانیای بۆمبادرووستکردن لە تاجی. هەمان سەرچاوەو ژمارە.
77/شەرکەتی ئێم.بی.بی،16هیلیکۆپتەری-BK117بەئیراق دەفرۆشن. سەرچاوە:Sipri yearbook1990S,280.
78 / 1989، شەرکەتیCo(Leico&Hertl, Leifeld)، بەشداری لە پرۆژەی راکێتی 1728کردووە. سەرچاوە: رۆژنامەی,Wirtschaftwoche22.6.90, S54-58
1989/79بانقیDresdnerی ئەلمانی وبانقی ئیتالیاییBNLبەپوول پشتگیری لە درووستکردنی پرۆژەی1728یان کرد. سەرچاوە: BUKO Rund brief,Nr.27و رۆژنامەیFinancial T8.9.89<
80/ 1989شەرکەتی GmbH MAN, SMS Hasenclerverبەشداریانکرد لە پرۆژەی1728. سەرچاوە: شبیگل1990/28.
81/ شەرکەتیFerrostahl, Rheinmetall, Buderusبەشداریانکرد لە درووستکردنی کۆمپانیای درووستکردنی بۆمبا لە تاجی. سەرچاوە: شبیگل1990/28.
82/ 1989، شەرکەتیKloecknerفرنی کولاندنی ئاسن بۆ کۆمپانیای بۆمبادرووستکردن لە تاجی نارد. سەرچاوە: سەرچاوەی پێشوو، ژ28.
83/ بەپێی بەرنامەی پانۆراما لە 1990/10/4، ئەندامی"سەربەخۆی"موخابەراتی ئەلمانی دەستیان لە ناردنی چەکی

کیمیاوی هەبووە.
بەڵام ئەمریکایش ڕۆڵی خۆیی گێراوە لە بەهێزکردنی ڕژێمی سەددام: هەروا بەگوێرەی سەرچاوەی نیویۆرك تایمز، وەزیری بەرگری ئێستای ئەمریکا(رامسفیڵد)، لە کاتی جەنگی ئیراق-ئیران، لە1983سەردانی ئیراق کردووەو بە ڕێپێدانی وەزارەتی ئیکسپۆرتی دەرەوە، چەکی بیولۆگییان بە ڕژێم داوە.
و دەیان شەرکەتیتر.
سەرچاوەی سەرەکی ئەم لیستەیە، لە دوو گۆڤاری ئەلمانی دژ بە ملیتاریزم و خەباتدەکەن لە پێناو ڕێگەگرتن لە بەرهەمهێنان، فرۆشتن و ناردنی چەك و تفاقەکانی چەکسازی بەناوی:
1991Die Totes Kremer,و1990TATORT Irak,NOV/.
تێبینی: ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی ئاسۆ بە دوو بەش لە 29-2006/6/30 بڵاوکراوەتەوە
سەلام عەبدوڵلا ، خانەقین/سەرکەوتن

2003/2/23

## بۆ ئەنجومەنی وەزیران: پاراستنی کەرامەت بە 75هەزار دینار؟

**جیهان بە کوردستانەوە دژ بە سەرمایە و مۆدێلە گرانفرۆش، گەندەڵ، شەرەنگیز و ناعەدالەتییەکەی، هاتووەتە هەژاندن و هاواری بەشمەینەت و ژێردەستەکان بۆ ژیانی بە کەرامەت، هەموو شەقام و کۆڵانەکانی گرتووەتەوە.**

**بەهۆی ئەم بارودۆخە، ئیمڕۆ ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی داوە بۆ زیادکردنی(موچەی تایبەت بە خەڵکی هەژار و کەمدرامەت و لە30هەزار دینار دەکرێت بە75هەزار)!**

**ئەم هەواڵە بە ئاشکرا نموونەیەکی لەبەرچاوە بۆ ناسینی کەسانێك بە شێوەیەکی نامەسئوول دەسەڵاتدارێتی و گاڵتە بەخۆ و بەخەڵك دەکەن.**

**هەژاری و کەمدەرامەتی سەرئەنجامی سیاسەتێکی ناعادڵی حوکمڕانییەو خەڵکیش سواڵکەر نییە!**

**ئایا بژێوی لانی کەمی تاکێك بە75 هەزار دینار بۆ مانگێك بەشدەکات؟**

**ئایا کەسێك هەیە بە 75هەزار دینار لانی کەمی کەرامەتی بپارێزێ؟**

**ئایا ئەو جۆرە بڕیارە نموویەیەکی زەق نییە بۆ کەسانێکی"دڵ ناسك و مرۆڤدۆست" کە بەلایانەوە گرنگ نییە هەژارانی وڵاتەکەیان بە بێ کەرامەتی بژین؟**

**ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بەم شێوەیە دەیەوێ کێشەو گرفتەکان چارەسەر بکەن، ئەوا زۆر بەهەڵەدا چوون و باشتر وایە خۆیان ماندوو نەکەن و بۆ ماڵەوە بڕۆن، چونکە سەلماندیان کە کەمترین شارەزاییان نییە بۆ دژایەتیکردنی هەژاری و کەمدرامەتی.**

**ئێمە داوا لە ئەنجومەنی وەزیران دەکەین دەستبەجێ کۆببێتەوەو کار لەسەر دەرکردنی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بکات کە لانی کەمی بژێوی بە کەرامەت بۆ هاوڵاتیانی کوردستان دابیندەکات.**

2011/3/2

**تۆڕی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان**

# داخوازییەکانمان

### 1- دژ بە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی:

1-(بەگشتیکردنی کەرتە تایبەتەکانی نەخۆشخانە، زانکۆ، پرۆژەکانی نەوت و گاز، ئاسیاسێل، کۆرەك و میدیاتیلیکۆم...هتد).ب- یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی. ج-کارەبا و ئاو بەخۆڕایی

**2- دژ بە گرانی:**

ا-گاز و بەنزین بە نرخێکی رەمزی بە جووتیارەکان بدرێ، عەلوەکان لەلایەن شارەوانییەکان بەڕێوەببرێن.

ب- رێگەکرتن لە قاچاخچێتی بە مەڕوماڵات. ت- دیاریکردنی نرخی کاڵاکان

**3- دژ بە گەندەڵی:**

ا-کاراکردنی لیژنەی چاودێری پەرلەمان و سەرچەم دامودەزگاکانی حکومەت لەلایەن کەسایەتی ناسراو بە دەستپاکی و دڵسۆزی.

ب- نزیکردنی مووچەی بەرپرسان لەگەل داهاتی زۆربەی دانیشتوانی هەرێم.

4- دژ بە بێکاری:

أ-کەمکردنی کاتی کارکردنی رۆژ و شەو بەبێ داشکان لە موچەی کارمەندان.

ب- بوژاندنی کەرتی کشتوکاڵی بە هەموو هێزو توانایەك. ج- جێگیرکردنی دامەزراندنی کاتی.

# کۆبوونەوەی هێز و لایەنە چەپەکانی کوردستان

ئێمە منداڵی ماڵێکین!

دوێنێ دوور لە لافیتە و درووشمی گەورەو راگەیاندنەکان بۆ یەکەمجارە هێزو لایەنە چەپەکانی کوردستان لە کەشوهەوایەکی هاوڕێیانە، لە بنکەی(CSI)کۆبووەوە.

بەدەنگ هاتنی ئەو هەموو حزب و لایەن و کەسایەتییانە خۆی لەخۆیدا گەشبینی و هەست بە بەرپرسیارێتی چەپەکانی سەلماند کە پێش و لەکاتی نارەزایەتییەکان بەشێوەیەکی پەرتەواز ئامادەییان هەبووەو لەگەڵیدا بە گیانێکی دڵفراوان، سەراست بەڵام بەبێ موجامەلەو موهاترەو هەڵویستفرۆشتن گوێ لە خواست و بۆچوونی یەکتر گیرا...دنیایەك هیوا و هێزو ئومیدی پێبەخشی و بە کردەوە هەستکرا کە ئێمە منداڵی ماڵێکین و ئامادەین لەپێناو ماڵەکەمان، بەوپەڕەی بەرپرسیارێتییەوە بزووتنەوەو ئەزموونی کوردستان بۆ پێشەوە ببەین.

کۆبوونە بەدەرووی ئاڵا، ئامانج و هەڵویستی سوور:

سەرەتا هاوڕێ محەمەد پشدەری بەخێرهاتنی بەشداربووان کرد. لەسەر پێشنیاری هاوڕێیان، هەر کەسێك بۆی هەیە 5خولەك قسەبکات. بەداخەوە نوێنەرانی حزبی شوعی کوردستان نەیانتوانی بەهۆی نەبوونی کات و درەنگ ئاگاداربوونیان لە بانگەواز بۆ کۆبوونەوەی چەپەکان، بەشداری بکەن. لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە پوختەی بۆچوونی هاوڕێیان دەکەم.

بەندە زۆر بە کورتی ئاماژەم کرد بۆ قەیرانی سەرمایەداری جیهانی و لیبڕالیزمی نوێ و شکستی تەکنۆکراتەکانی سیستێمەکە و چۆن بوون بە هۆی تێکچوونی بۆصەی جیهانی، گرانی بازاڕ، زیادبوونی بێکاری و جەنگ و قووڵبوونی درزی نێوان سەرمایەداران و چینە ژێردەستەکان لەسەر ئاستی جیهان بە کوردستانەوە، بۆیە خەڵك لە زۆربەی وڵاتان بە شێوازی جۆراوجۆر وڵام دەدەنەوە. ئێمە وەك چەپ دەبێ لەنێوان حکومەتێکی ناعادل و گەندەڵ و ئۆپۆزیتسیونێکی راسترەو هەڵپەرست-کە خاوەن بەرنامەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی نییە- دژ بەم قەیرانە بە هەڵویست و ئەڵتەرناتیڤی خۆمان زیاتر و روونتر لە نێو خەڵك چالاکی بنوێنین.

هاوڕێ خەسرەو سایە: پێویستیمان بە یەکریزی سیاسی سەربەخۆیە

هاوڕێ خەسرەو جەختی لەسەر بنیاتنانی یەکڕیزی سیاسی سەربەخۆ و پێویستی بەرزکردنی درووشمی(نان، کار، ئازادی، حکومەتی شوورایی)کرد. لەمەیانی قسەکانیدا قۆناغەکەی بە قۆناغی سەرەتای شۆڕش هەڵسەنگاندو وتی: ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین لە ناو کارگە، زانکۆ و گەرەك و شوێنەکانی تر لیژنەی داخوازییەکانی خەڵك دابمەزرێنین. ئەم شۆڕشە لەراستیدا دژ بە ئیسلامییەکانە.

محەمەد پشدەری: خوازیار دەستوورێکی دیموکراتی بین بۆ مافەکانی خەڵك

هاوڕێ پشدەری ئاماژەی بە پێویستی بوونی دەستوور و داڕشتنی بەرنامەیەکی واقعی داخوازییەکانمان بۆ ئێستای کوردستان کرد. هاوکات وتیشی: ئێمە نەمانتوانیوە لەسەر ئاستی ناحییە و قەزاکان درێژە بە ناڕەزایەتییەکان بدەین.
لەدواییدا دووبارە ئاماژەی بۆ گرنگی دەستوورێکی دیموکراتی بۆ مافەکانی خەڵك.

عەلی محمود: پێویستیمان بە سیاسەتێکی واقعییە

هاوڕێ عەلی محمود سەرەتا دەقی نامەی هاوڕێ هیشام ئاگرەیی خوێندەوە کە داوایکردبوو(بەشداربووانی کۆبوونەکە بەرگری لە ئازادی بیرکردنەوە، دامەزراندنی ئەنجومەن بکەن، تاك ماق بوون بە ئەندامی هەبێت لەبەرەکەو لابردنی ناوی چەپ. پاشان بۆچوونی خۆی راگەیاند و تی: ئێمە پێویستیمان بە سیاسەتێکی واقعی هەیە کە بەرگری لە ئازادی و یەکسانی خەڵك، گەشەپێدانی خەباتی سەندیکایی هەیە.

د. محەمەد: حکومەت گەندەڵە و دەبێ بەرگری لە داخوازی جەماوەر بکەین

هاوڕێ د. محەمەد بەم بۆچوون و پێشنیارانە بەشداری کرد: هەردوو لایەنی(حکومەت و ئۆپۆزیتسیونی ناو پەرلەمان)بەدیل نین و دەسەڵات گەندەڵە، بۆ نموونە منداڵی بەرپرسان و کەسوکارەکانیان دەکرێن بە بەرپرس و زەمینی خەڵك داگیردەکەن. هەروا پێشنیاری کرد(ماڵپەرکی ئەلکترۆنی)دابمەزرێت بۆ گەیاندنی راگەیاندن و زانیاری و پەویەندیکردن لەگەل خەڵك و داکۆکی لە بەژەوەندییەکانیان و بە ئەقلێکی زانستی و دوور لە موهاتەرات رەفتار بکەین.

هاوڕێ نەجیبە عومەر: ئێمە لە قۆناغی شۆڕشی دیموکراسی گەلانین

هاوڕێ نەجیبە ئاماژەی بە 6خاڵی پڕۆژەی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان کرد و وتی: خەڵك ناڕازین و پێویستە بە پشتیوانی ئیرادەی خەڵك، ئەنجومەنی جەماوەری دابمەزرێ لەپێناو گۆڕانکاری ریشەیی. حزبێکی سیاسی ناتوانێ بە تەنها بریاردەر بێت، چونکە خەڵکی تریش لەدەرەوەی ئێمە هەیە. لە درێژەی قسەکانی، وتی: گرنگە چەپی دیموکرات بایەخ بە لایەنە نەتەوەییەکەمان بداو نابێ بە نەزەری تەسکی چەپ، ئیسلامییەکان پەراوێز بخرێن. سیاسەتی لیبڕالیزم ئیفلاسی هێناوە. حزبی شوعی لە دەسەڵات نزیکە و ئەمە وای کردووە متمانەی خەڵك بە چەپ لاواز بێ.

هاوڕێ سەردار ستار: خەڵك لەپێش چەپەوەیە

کاك سەردار وتی: ئێمە خوێندنەوەی باشمان نەبووە بۆ شەقام و دەبێ قووڵتر بیربکەینەوە. خودی حکومەت لەلایەن تەکنۆکراتەکانەوە بەرێوە دەبرێ، بەڵام ئێمە پێویستیمان بە حکومەتی خەڵکە. ئێمرۆ لیبڕالیزم لە قەیرانەو ئێمە پێویستیمان بە پڕۆژەیەکی درێژخایەنەو دەبێ کار بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی خەڵکی دیموکراتیخواز بکەین.

هاوڕێ هیوا رەش: بە زمانی شەقام قسەبکەین

بە بۆچوونی هیوا: دەبێ لەپێناو بەرژەوەندی گشتی کاربکەین و نەزەری حزبی لابدەین و بەشێوەیەکی هاوبەش کاربکەین. دەبێ دەستی حزب لە دەسەڵات دووربخرێت، مەحسوبییەت نەمێنێ و بەدوای داخوازییەکانی خەڵك بین.

جەلال دەباغ: سەرمایەی مشەخۆو و قازانج

هاوڕێ جەلال وتی: هیوادارم درێژە بەم جۆرە کۆبوونەوەیە بدەین. جەدەل لەکتری نزیکمان دەکاتەوەو و دەمانگەیەنێتە حەقیقەت. لە کوردستان سەرمایەدارییەکی مشەخۆر پشتیوانی لە کەرتی تایبەت دەکات و سەرمایەکەی بۆ قازانجی زۆرتری خۆیان تەرخان دەکرێ، بۆیە پێویستە هەوڵ بۆ بەهێزکردنی بەرەی چەپ بدەین. ئێمە نابێ بارودۆخی خۆمان بەشێوەیەکی میکانیکی لەگەل تونس و میسر بەراورد بکەین.

هاوڕێ نەجات: بۆرژوازی ئێمە خیانەت لە نەتەوە دەكات.
نەجات وتی: هیچ كات ئۆپۆزیتسیون بی خراپ نازانم و ئەوان داوای ئازادی سیاسی دەكەن و بەباشی دەزانم ببین بە بەشێك لە ئۆپۆزیتسیون.

هەروا هەریەك لە هاوڕێیان رزگار تاهر، ستیف شەمزینانی و عەلی پێنجوینی ئاماژەیان بە یەكریزی و هاودەنگی هەموو قوربانیانی سیستێمی باڵادەستی كرد. بەداخەوە د. محەمەد و نوێنەرانی بزاڤی ژینگە و یەكسانی پێشوەخت كۆبوونەوەكەیان بەجێهێشت.
لەدواییدا لیژنەیەك لە7هاوڕێ دیاریكرا بۆ نووسینی دەقی بۆچوون و داخوازییەكانمان و دیاریكردنی رۆژ و كاتی كۆبوونەوەی داهاتوو.

بەگوێی هاوڕێ(پیپە)مان كرد!
لە وڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسێكدا، پیپە(سەرۆكی ئێستای ئۆروگوای)وتی: نهێنی سەركەوتنی چەپەكان لە ئۆروگوای ئەوەیە بڕوامان بە(گفتوگۆ، گفتوگۆ و گفتوگۆیە). لەم كۆبوونەوەیە قسەكانی هاوڕێی ناوبراومان جێبەجێكردو ئێمەش لەمەودوا هەر بەم شێوەیە لە ئەقلییەت و رەفتاری پەراوێزكردنی یەكتر، خۆبەزلزان و خاوەن تاقە حەقداری موتڵەق دووریكەینەوە. ئێمە بەیەكەوە بەهێزین، واتە بەرەو چەپ!

حزب، لایەن و كەسایەتییە بەشداربووەكان:
دەستەی داكۆكی لە زیندانە سیاسییەكان
پارتی چەپی كوردستان
پارتی چارەسەریی دیموكراتی كوردستان
حیزبی كۆمونیستی كرێكاری كوردستان
پارتی كاری سەربەخۆی كوردستان
بزاڤی ژینگە و یەكسانی
كومەڵێك لە ئەندامانی پێشووی سەركردایەتی و كادیری پێشكەوتووی حیزبی شیوعی كوردستان
كەسایەتی سیاسی، رۆشنبیری، هەڵسووڕاوی چەپ، رۆژنامەنووس و دیموكراتخواز.

# گفتوگۆی كەناڵی(ARD) لەگەل جۆرج بوش

تۆم بۆرۆڤ: سەرۆكی بەرێز، سەردانەكەتان بۆ ئۆروپا، مێواندارییەكی گرنگە. ئێستا مرۆڤێكی زۆر پرسیار لە خۆیان دەكەن، ئایا ئێوە چ شتێكی جەوهەریتان پێیە بۆ باشكردنی پەیوەندی هاوپەیمانی باتئەتلەسی. سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیا(شرویدەر)، پێشنیاری ریفۆرمكردنی ناتۆی كرد، تا فۆغومێكی هەبێ بۆ گفتوگۆ لە بارەی هێڵی سیاسی سەرەكی. ئێوە چۆن لەو بارەوە بیردەكەنەوە؟

جۆرج بوش: لە دواییدا من پێموایە كە ناتۆ بڕیاردەرترین مانای هەیە. من خۆشحاڵم بەوەی بە بیر(شرۆیدەر)ی سەرۆك وەزیران بهێنمەوە كە ئەمریكا، وەك یەكێتی ئۆروپا، ئەو دەزگایە(واتە ناتۆ) بە گرنگترین دزگا دەبینێ. ئێمە خۆشحاڵین بە پێكەوەكاركردن لە گەل یەكێتی ئۆروپا.

ئێمە دەتوانین پێکەوە چ بکەین تا جیهان باشتر بکرێ؟ ئێمە درێژە دەدەین بە خەبات لە دژی نەخۆشی و برسییەتی. ئەمریکا، لەسەر ئاستی کیشوەری ئەفریقا چالاکە تا ڤیرۆس و نەخۆشی ئایدز لەناو ببەین. ئێمە دەمانەوەی لەم بارەیەوە، لەگەل برادەرە ئۆروپییەکانمان پێکەوە کاربکەین و لەبارەی پرسیارە ئابوورییەکانیش گفتوگۆ دەکەین، تا هاولاتی ئەمریکاو ئۆروپا لە بازرگانی قازانج بکەن. هەروا پێکەوە کارکردن زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی ئازادی و ئاشتی بەرفراوان بکەین، بۆیە دەمەوێ لەبارەی ئاشتی بۆ رۆژهەلاتی ناوین بدوێم. تێروانینی من ئەوەیە، دوو دەولەتەکە پێکەوە بە ئاشتی لەگەل یەکدا بژین: ئیسرائیل و فەلەستین؛ دەمەوێ لە بارەی ئێران، سوریا و لوبنان بدوێم. من وای بۆ دەچم، زۆر خالی کۆنکریت هەیە کە دەبێ کاریان بۆ بکەین تا بتوانین بلێین: هەموو شتێك گوترا و کرا تا جیهان بۆ مندالەکانمان پڕ ئاسایش بکەین.

بۆرۆڤ: ئێوە ناوی ئێران و سوریاتان هێنا، دوو قەیرانی گەرم و گۆڕەپانی جەنگی بەهێزن. بە گوێرەی پرسیارە هەنوکەییەکان،70٪ی هەموو ئەلمانەکان بڕوایان وایە، ئێوە نەخشە بۆ لێدانێکی سەربازی دەکێشن لە دژی ئێران.(سەرۆك پێدەکەنێ) ئێوە چی دەلێن تا ئەو مەترسییە لەناوببەن؟ وەکو دەزانن، بلێر، شرۆێدە و شیراك دەیانەوێ ئێوە رۆلێکی ئەکتیڤ لە دیپلۆماسی....

بوش: جارێکی تر دەلێم: من گوێم لە دەعایەکان لەبارەی لێدانی سەربازی ئێران، بووە و بە ئاسانی دەلێم، ئەوانە راست نین. ئێمە بە راستی هیواوان وایە کە هەولە دیبلۆماسییەکان کاریگەر بن. من لەو بڕوایەم کە دەتوانن تا ئەو رادەیە کاریگەر بن، ئێرانییەکان هەولْ نەدەن، کەلێن لە نێوان ئۆروپا و ئەمریکا درووستبکەن. ئامانجی هاوبەشی هەردوو لایەن ئەوەیە، رێگە نەدرێ بە ئێران ببێ بە خاوەن چەکی ئەتۆمی. ئەوە لە بەرژەوەندی هاوبەشی ئەلمان، ئەمریکاییەکان و هەموو مرۆڤەکانیترە، ئێران نەتوانێ پەرە بە چەکی ئەتۆمی بدات. هەر بۆیە دەمەوێ چەپلە بۆ گێرهارد شرۆێدەو هەموو ئەو سەرۆك حکومەتانە لێ بدەم کە پەیامێکی روونیان بۆ ئێران ناردووە. ئێرانییەکان دەزانن دەبێ چی بکەن. لەم کاتەدا هەولدەدەن بە شێوەیەك لە شێوەکان بیانو بهێنن و بلێن: ئێمە ئەو کارە ناکەین، چونکە ئەمریکا لەو کۆبوونەوانە بەشدار نییە. با، ئەمریکا بەشداریکردووە. ئێمە لە ئەنجومەنی وزەی ئەتۆمی جیهانی(IAEO)بەشدارین و هەروا لە گەل برادەرو هاوپەیمانەکانمان دریژە دەدەین بە کارکردن بۆ روونکردنەوەی ئەم لایەنە. هەروەها ئێران دەبێ لێگەڕێ لەوەی، بە رێگای حیزبوللا تیرۆر ئیکسپۆرت بکات، کە دەتوانێ مانای لێدانێکی بە زەبری هەبێ لە دژی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان ئیسرائیل و گەلی فەلەستین. لە دواییدا دەبێ ولاتەکەیان بۆ دیموکراسی و ئازادییەکی زیاتر بکەنەوە، وەك چۆن لە ئەمریکا و ئەلمانیادا، هەیە. ئەو ولاتە دەبێ ئەو شانسە بە گەلەکەی بدات، ئازادانە بیروڕای خۆیان دەرببڕن.

بۆرۆڤ: کاتێ ئێوە دەلێن، ئێمە هیچ پیلانێکمان نییە بۆ دەستتێوەردانی سەربازییانە. هەمان ئەم بۆچوونە لە سەردەمی پێش جەنگی عیراق، بەبیر هەندێ چاودێر دەهێنێتەوە. ئەو کاتەش فەرمووتان، لەسەر مێزی بیرۆکەتان هیچ پیلانێکی جەنگی دانەنراوە و پاش نۆ مانگ....

بوش: بەلێ(پێدەکەنێ)

بۆرۆڤ: ئەم جارە جیاوازییەکان چییە؟

بوش: جیاوازییەکی گەورەی هەیە. قەیرانی عیراق، بارودۆخێك بوو، کە تێدا هەولێکی دیبلۆماسی لەلایەن کەسانی زۆرەوە درا، تا کێشەکە چارەسەر بکرێ. بە بیرتان بهێننەوە، هەموو جیهان پێی وابوو کە ئەو پیاوە چەکی کۆکوژی

هەیە. نەتەوە یەکگرتووەکان پێیان وابوو چەکی کۆکوژی هەیە. من بڕوام وایە کە ئەوە بوارێك بوو، هەموو هەوڵە دیبلۆماسییەکان بۆی درا.
کاتێ من بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان رۆیشتم، گوتم، با جارێکیتر پاڵی پێوە بنێین، تا ئەرکەکانی ئەنجامبدا. نەتەوە یەکگرتوەکان پێیانگوت کە دەبێ پێکهاتە چەکدارییەکانی پیشانبدا و لەناویان ببات یان سەرئەنجامێکی زۆر قورسی دەبێ. ئەمەیە کە کۆمەڵگەی جیهانی پێیگوت. ئەنجومەنی ئاسایشی جیهانی بە 15دەنگی(بەڵێ) بۆ ئەو بڕیارە دەنگیانداو لەدژیدا هیچ دەنگێ بەرزنەبووەوە. بابەتی ئیران، تەنانەت هێشتا لەبەردەم نەتەوە یەکگرتوەکانیشدا گفتوگۆی لەسەر نەکراوە. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکیتر دەریببڕم: هێشتا زۆر کاری دیپلۆماتی ماوە، ئەنجام بدرێن. من هەموو دەعایەکان دەزانم و گوێم لە هەموو قسە هەڵەکانی ناو دێوەخانەکان بووە، بەڵام دانیشتوانی ئەڵمانیا دەبێ بزانن کە ئێمە لە هەموو بارودۆخێکدا دەمانەوێت هەوڵی دیبلۆماسی بدەین.
بۆرۆڤ: ئایا ئێوە لە بارەی بارودۆخی عیراق رازین؟ پێش ماوەیەك لە هەڵبژاردنەکەدا، شیعە(رادیکاڵەکان)، پشتیوانییەکی زیاتریان کەوتەدەست لە ئەلاوی. بۆچی ئێوە لەم بارودۆخەدا داوا لە ئەڵمانیا دەکەن، کاری زیاتر لە مەشقپێکردن بە پۆلیسی عراق، بکەن؟

بوش: کەواتە، من بڕوام وایە کە گێرهارد شرویدە بە پەیامی مەشقپێکردن، ئاسوودیە، بەڵام من چاوەڕوانی ئەوە دەکەم، داخۆ بەرژەوەندی ئەوەیشی هەیە، بە شێوەیەکیتریش، بەشداری بکات. ئەگەر بەرژەوەندی هەبێ، ئەوا لەناخی دڵمانەوە، پێشوازی لە حکومەتی ئەڵمانیا دەکەین. من وای دەبینم، چەند شتێك هەیە، ئەڵمانیا زۆر بە باشی دەیزانێ، رێك وەك ئێمە چەند شتێك هەیە، دەتوانین زۆر بە باشی ئەنجامیبدەین. ئەڵمانیا زۆر باشە بۆ مەشقپێکردن، بەڕێوەبەرایەتی دامەزرێنن و کۆمەکی مرۆیی بکات. تیمی سەرلەنوێ دامەزراندنی لە ئەفغانستان نموونەیەکی بەرزە بۆ هاریکارییەکانی ئەڵمانیا. ئەوەی برادەران لە ئاستی یەکتردا دەیکەن، ئەوەیە، لە ئاستی یەکتر پرسیاردەکەن، داخۆ برادەرەکەی ئاسوودەیە. من نیازم هەیە ئەو پرسیارە لە(گێرهارد شرویدە)بکەم، داخۆ ئەڵمانیا بەرژەوەندی هەیە لە یارمەتیدانی ئەم دیموکراسییەتەو تێدا بەشداری بکات تا زیاتر گەشەبکات. ئەگەر وتی(بەڵێ)، ئایا دەتوانێ چ لێکدانەوەیەك بکا و چی نەکا؟من خۆشحاڵ دەبم بەوەی لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ بکەم. ئێوە ناوی شیعەکانتان هێنا. عەلاوی بەخۆیشی شیعەیە. هەڵویستی من ئەمەیە: حکومەتێکی لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، رێك دەبێ بە حکومەتێکی هوشیار. بە وشەیەکیتر: حکومەتێکی دیموکراسی بەو ئاراستەیەدا دەڕوات، نوێنەرایەتی ئیرادەی دانیشتوانەکەی دەکات و گەلی عیراق دەیەوێ بە ئاشتی بژێ. دایکوباوکە عیراقییەکان دەیانەوێ منداڵەکانیان لە دەوروبەرێکی ئاسایشدا، گەورە بن. لەبارەی ململانی سیاسی لە عیراق، هەست بە ئازایەتی دەکەم. بە بڕوای من، بینینی ئەوەی چۆن بەشە جۆراوجۆرەکانی حکومەت، دادەمەزرێت، زۆر چارەنووسسازە. یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی ئەوەیە، هەموویان عیراقێکی یەکگرتوویان دەوێت و رێز لە مافی کەمایەتییەکان بگیرێت.
لە عیراقدا هەستێکی ناسیونالیستی بەهێز هەیە. هەندێ کەس پرسیارم لێدەکەن، داخۆ خەمخۆری دەکەم لە بارەی کارتێکردنەکانی ئیران. ئەگەر ئێستا حکومەتی ئیران هەوڵبدات، توکمەیی حکومەتێکی هەڵبژێردراو، لاواز بکات، دەڵێم بەڵێ. بەڵام من دڵنیام لەوەی کە عیراقییەکان، زیاتر لە ئیرانییەکان عیراقیان خۆشدەوێت. عیراق نەتەوەیەکی شانازەو لە بارەی میراتە نەتەوەییەکەیانەوە هۆشیارن و هەروا بایەخێکی بەهێزدەدەن بە نەریت و دواڕۆژیان.
بۆرۆڤ: چی دەڵێن لە بارەی هەوڵەکانی ئەڵمانیا، کورسییەك لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان وەربگرێت؟
بوش(پێدەکەنێ): لە بارەی ئەم ریفۆرمەوە، هێشتا هیچ بۆچوونێکم نییە. من دەمەوێت، چاوەڕوانی مۆدێلە جۆراوجۆرەکانی ریفۆرمکردن ببن، بەڵام ئەڵمانیا نەتەوەیەکی گەورەیە و مانایەکی بڕیاردەری هەیە بۆ دواڕۆژی ئۆروپا. من بۆ هەموو پێشنیارێك کراوەم.

ئەم گفتوگۆیە لە 20. 2. 2005 پەخش کرا

# بۆ گۆڤاری لڤین:

# ئەو بیروباوەڕە کە مرۆڤکوژەکان هەڵدەتەکێنێ:

# لافـــاوی جـــەهل، ئیســـتاتیکای تـــاوان و ڕاگەیانـــدنی کۆنەپەرەست

## مرۆڤ بە مێشکی چۆلەکە:

هەرەسی سۆڤێت و شکستی وەلاتانی ئۆروپای رۆژهەلات لەرادەبەدەر زۆر زەبەلاح بوو و بەڕاستی بزووتنەوەی کۆمونیستی تـەخت کـرد، بـەلام وەك دەبیـنین ئیمـرۆ بزووتنـەوەی شـیوعی و چـەپ لـە جیهـان دووبـارە حوکمڕانی چەندین وەلات دەکەن و هەر ئەم بزووتنەوەیە هێزی سـەرەکی پێکدەهێنن لـە خـەبات دژ بـە جیهـانگیری سـەرمایە و سیاسـەتی لیبڕالیزمـی نـوێ و قەیرانـە وێرانکەرەکـەیان؛ مانگرتنـە گشـتی وخۆپیشاندانەکانی فەرەنسا، ئیتالیا و یۆنان و وەلاتانی تر نموونەی لەبەرچاون. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەو هەرەسە بێوێنەیە نەیتوانی بیروباوەڕو حزب و مێژوو و هونەرو رۆشنبیری کۆمونیستی نە لـە کوردستان و نە لە هیچ شوێنێکی جیهان هەلتەکێنێ، چۆن مەسعود محەمـەد دەتـوانێ فکری شـیوعی لـە کوردستان هەلتەکێنێ؟

بەدلنیاییەوە دەلێم، نەك نووسەری لافاوی جەهل، ئەگەر هەموو هێـزە کۆنەپەرەسـت، لیـبڕاڵ و فاشیسـت وپاشایەتیخوازەکان بەفکرە کول و تۆپ و فرۆکەیشەوە لەگەل مەسعود محەمەد کۆببنەوە، ناتوانن بەر بە فکرو خەباتی شیوعییەکان(کۆمونیستەکان) بگرن و تاقە هێزو فکر بتوانێ ئەم کـارە بکـات، تـەنها خـودی بزووتنەوەکەیە لەگەل خۆی، مەبەستم لادان، هەلەکردن، دۆگما، بێهەلویستی، رەخنە لەخۆ نەگرتن...هتد.

لێرەدا بۆم هەیە بپرسم: ئەگەر گۆڤاری لڤین لەم بابەتە بە مێشکی چۆلەکەوە بیرنەکەنەوە، بۆچوونی وایان دەکرد بە مانشێتی نووسینەکەیان؟!

پاشان هەلتەکاندنی ئەم فکرە چ سوودێك بە گەلەکەمان دەبەخشێ؟ بۆچی بیر لە هەلتەکاندنی دەکەن؟ ئایا ئێوە بەسەرکەوتنی ئەم بیروباوەڕە چی لەدەستدەدەن؟

دەربارەی هەردوو نووسینەکەی لیڤین، ژمارە 89، لە2009/5/15: 1- لـە نووسـینەکە هـاتووە: مەسـعود محەمەد باوەڕی رەهای بە بوونی خودا هەبوو، دەشیوت<<مارکسیەت ئەفیونی گەلانە نەك دین). لەراستیدا مارکس نەیوتووە(ئاین ئەفیونی گەلانە)، بەلکو(ئاین ئەفیونی گەلە). 2- سوپاس بۆ بەرێز مودریك ژالێ کە زانیاری بەپیتی بلاوکردەوە، مەبەستم دروشمەکەی مەسعودە(کرێکارانی جیهان لێکجیابن و دەسەلاتدارانی جیهان یەکبگرن)! "بەڕاستی"ئەو بۆچوونە نموونەی مەعریفەت و مانایەکی زۆر قوولی هەیە"، بەلام(مالی قەلب سەر بەمالی ساحبێتی). 3- مەسعود محەمەد بەوە قەلس بووە و پێڕوا نەبووە خەلکی ژێردەستە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردستان یان گوێزەوی پێکدەهێنن، حوکمڕانی بکەن و وتویەیی: (...ئەو شیوعییەتەی وا دادەنێ کە دەبێ کرێکار و جووتیارو پرۆلیتاریا ببن بە حکومەت). ئەمە مانای وایە مفکرە کۆچکردووە هەر ویستویەتی دزو جەردەو مرۆڤکوژەکانی مێـژوو، واتـە سـەرمایەو وەك خـۆی دەلـێ هەتیوکـەوتووانی حوکمڕانی بکەن. ئەی ئەگەر بەو شێوەیە بیری کردووەتەوە، ئەدی چۆن بـڕوای بـە دادوەری کۆمەلایـەتی

**بووه؟! بۆچی دادوەری کۆمەڵایەتی یاری منداڵانەو هەر کەسێك بێت و بڵێ من یارییەکە دەزانم؟!4- مەسعود وتویەیت: (هەمیشە بە قەناعەتەوە دەیوت شیوعییەت گشت دەنگە جیاوازەکان دەکوژێ و بە کوردی و کرمانجی دژی مرۆڤە....ئەو پێی وابوو شیوعییەت رژێمێکی دیکتاتۆریسازو درۆسازو دەنگخەفەکەرە، هەتا مردن بەرگری لە روانینەکانی دەکرد لەمەڕ شیوعییەت و شیوعییەکانی کوردستان). ئەزموونی ئیمڕۆی مرۆڤایەتی بەکردەوە پیشانیدەدا چەندە ئەو کۆچکردووە راستگۆ و حەقبێژ بووە: ئەوە دۆست وبرادەرەو هاوفکرەکانی مەسعودن، مرۆڤایەتیان بەرەو گەندەڵێ، بێکاری، جەنگ و تاوان و لانەوازی و هەژاری بردووەو نازانن چۆن بەر بە قەیرانە نامرۆڤایەتییەکەیان ببەن-بۆچوونەکانی پرۆفیسۆر یان تسیگلە کە شیوعی نییە و لەدەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووەو هەڵگری خەڵاتی نۆبل بۆ ئابووری یوسف شتگلیس کە دیسان شیوعی نییە، باشترین گەواهی ئەم بۆچوونەن و بۆ ئاگاداری بۆچوونەکەیان لە رۆژنامەی هاوڵاتی لەچەند هەفتەی رابردوو بڵاوکراونەتەوە- لەبری ئەوەی وەڵامی هەردوو نووسینەکەی گۆڤاری لڤین بدەمەوە، بەباشی دەزانم ئەم نووسینە کە کاتی خۆی لەبارەی(پەرژینی بێدەنگی) نووسیبوو، دووبارە بخەمە بەر دیدی خوێنەران:**

**مەسعود مەحەمەد لە "پەرژینی بێدەنگی دەڵێ:*"دز و درۆزنەکانی کوردی پەنابەر بۆ ئەورووپا, تەرەس و بێ شەرەف و ریسواو ئابرووتکینترین گوناحی نامەردایەتین، دەبوو لە سەر پەردەی ناموسی دایك و خوشکەکانیان لوقمەی گەوادی بخۆن, دەك هەزار لەعنەت و نەفرین لەچارەی خۆیان و پشتاو پشتیان هەتا دەگەنە کەشتیەکەی نوح* ".**

نووسەرێکی پەنابەر بەناوی(هەندرین) ئەو رستە زۆر نزم و سووکەی سەرەوەی خوێندووە، کەچی ئەمیش بەداخەوە لەبری هەر رەخنە و توانج و وەڵام و هەڵویستەیەك، بێدەنگی هەڵبژاردووەو لە هەمووی خراپتر، بەهەمان ئەقڵییەتەوە، لە نووسینەکەی(ئیستاتێتیکای هزرینێکی خۆکرد)لەژێرکارتێکردنی خوێناویترین هزری ئەڵمانی(نیتشە و هایدەگەر)، دەنووسێ: (ئەو بە پێچەوانەی مارکسیزمە ستالینستییە <u>**مێگەلییەوە**</u> باوەو کوردایەتییە <u>**سافیلەکەییە**</u> بوو...)

ئەمە چ جۆرە ئیستاتێتیکای زمانە کاك هەندرین؟ ئایا پێتوایە شتێکی جوانە خەڵك بە مێگەل وەسپ بکەی؟!

لەناوەڕاستی مانگی دوانزەی1996، کۆمەڵەی فەرهەنگی سوید-کوردستان کتێبێکیان بڵاوکردەوە بەناوی(پەرژینی بێدەنگی). ئەم کتێبە بریتییە لە گفتوگۆیەك لەگەل مەسعود مەحەمەد و پرسیارەکان لەلایەن هەلۆ بەرزەنجی ئاراستەی کراوە. پاش ئەوەی چەندین جار خوێندمەوە، بە ئەرکی خۆمم زانی لەبارەیەوە تێبینی و رەخنەکانم بنووسم،

پرسیاری یەکەم بەهەڵە دارێژراوە. دەربڕینێك وەك(فەلسەفەی مرۆڤ)، هیچ نابەخشێت، چونکە مرۆڤەکان بەشێوەی جۆراوجۆر تێدەفکرێن و لە گۆڕەپانی فکر، دەیان فەلسەفەی جۆراوجۆر ململانی دەکەن، بۆیە دەبوو مەسعود مەحەمەد وەك ئوستادی زمان، دوو وشەی لەسەر دارشتنی پرسیارەکەی بگوتابا.

"مامۆستا"لە لاپەڕەی(9)دا دەڵێ: *(لە بارەی گۆڕانکاری ئەم دواییەوە، واتە هەڵوەشاندنەوەی سۆڤێتستان و نسکۆی کۆمۆنیزم)*،

هیچ بزووتنەوەیەك نییە لە مێژووی مرۆڤایەتی تووشی هەڵدێر و نشێو نەبێت و هۆکانی ژێرکەوتن و سەرکەوتن و لە رێگا ئێستاندن، بێ شومارن. ئەمە یاسایەکە دەبێ جیاواز لە بیروبۆچوونمان، تێی بگەین و دانیپێدابنێین. ئەوەی بزووتنەوەی کۆمونیستی رووبەڕووی بوو، نە یەکەم جارە تووشی بوو و نە دواجاریشی دەبێ و تاقە بزووتنەوەش نییە، تووشی بووە: بزووتنەوەی نەتەوایەتی-لەسەر ئاستی کوردایەتی، عەربایەتی،

ئەڵمانیایەتی و تورکایەتی و فارسایەتی- یان سۆسیال دیموکراتی، فاشیزم، ئەنارشیزم و لیبڕالیزم و بزووتنەوە ئاینییەکان..هتد، چەندین سەرکەوتن و ژێرکەوتنیان بەخۆیان بینیوە. ئیمڕۆ شیوعییەکان(کۆمونیستەکان) بەگەرمی سەرقاڵی پشکنین و گەڕانن بەدوای هۆکانی ئەو بارودۆخە و لەبارەیەوە مشتومڕی لە رادەبەدەر دەکەن. بزووتنەوەی کۆمونیستی لە منداڵێك دەکات تازە فێری زمان دەبێ و هەڵەیەکی زۆر دەکات، بە هەڵە وشەکان بەکاردەهێنێت و هەندێ شتیش دەکات لێی ناوەشێتەوە، بەڵام وەك دەبینین، سەرەڕای نەهامەتییەکان، ئێستا، وەك میراتگەری جوانترین مێژووی خەباتی مرۆڤایەتی لەپێناو نەهێشتنی چەوسانەوە، دووبارە لەسەر گۆڕەپانی جیهان چالاکانە لەپێشەوەی خەباتن لە دژی بەرنامەی سەرمایەداری جیهانگیر و ئەو وەحشیگەرییەی لێ کەوتووەتەوە.ئاخر 150ساڵ لە سەر ئاستی مێژوو، هیچ نییە!

مەسعود مەحمەد لە رستەی دواییدا دەفەرموێ: (*مـن لـە رۆژانـی هـەرە زووی1950و هـەرە دوایـی 1969گوتوومە و لە هەندێ نووسینی ئەوسامدا، کە مومکین نەبوو بڵاوی بکەمەوە، گوتوومە مارکسیزم ئەگەر تەعدیلاتی بنەڕەتی تێدانەکرێ، ناشێ بەردەوام بێت، چونکە لەگەڵ مرۆڤ و سروشت و راستییە کۆمەڵایەتییە بێ تاویلەکان، ناگونجێ*)

ئەو بۆچوونە زۆر بەرتەسکانەیە، بەتایبەتی بۆ کەسێك ناوی مفکر و زانای پێدرابێ و زاتی ئەوە بکات، باسی بەردەوام نەبوونی مارکسیزم بکات-تەنها لە زاری دەربچیت!، لە کاتێکدا خودی ئەم پیاوە خۆی بە شارەزا دەزانێ لەبارەی مەتریالیزمی دیالەکتیك و مێژوویی. ئەمجار دووان لە تەعدیلات هەر مەسخەرەیە. چونکە لە ناو خودی بزووتنەوەی شیوعییەت چەندین بۆچوون‌و تاویل‌و لێکۆڵینەوە و رێگەی جیاوزا هەیە. بزووتنەوەی شیوعی رۆژانە لە ریزەکانی خۆیدا تووشی چەندین گیروگرفت‌و هەڵە دێت‌و ناچارە بەردەوام چاویان پێ بخشێنێ‌و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. بۆ نموونە فریدریك ئەنگلس بۆ نووسینی مانیفێست لە پێشەکی چاپێکیدا تێبینی ئەوە دەکات کە هەندێك شت(لەبارەی هەندێك حیزب‌و گروپ) وەلاوە بنێت, چونکە بەسەر چوون، بەڵام ئەو کارە ناکا، چونکە مانیفێست بەپلەی یەکەم کاڕل مارکس نووسیویەتی‌و دەیەوێت وەکو دیکۆمێنتێك لێی گەڕێ. رابەرانی کۆمونیزم بەبەردەوام رەخنەیان لە خۆی یان بزوتنەوەکەیان گرتووەو بۆ ئەلتەرناتیف گەڕاون. بەردەوام بوونی هەر بزتنەوەیەك ڕووداوێك، بەندە بە باری پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی کارو مەرجەکانی بزووتنەوەکە-زاتی‌و بابەتی-لە پروسەی گەشەکردندا.

مسعود پێمان دەڵێ بۆچی مارکسیزم ناشێ بەردەوام بێت ولە وەڵامدا دەڵێ:

*((چونکە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ‌و ڕاستیەکانی کۆمەڵایەتی بێ تەئویل ناگونجێت))*

بۆچی ئەو هەموو بزوتنەوانە بۆیان هەیە بەردەوام بن، تەنها مارکسیستەکە نا؟ ئەمجارە چ بەشێکی شوعییەت لەگەڵ سروشتی مرۆڤ ناگونجێت؟ شوعییەت لەگەڵ کامە راستی کۆمەڵایەتی، بێ تەئویل ناونجێت؟ ئەو بنەما تیورییانە چین کە مەسعود لەسەریاندا ئەو بۆچوونەی پێکهێناوە؟

مەسعود لەوەڵامدا دەنوسێت:

((بەشێکی گرنگی پەیوەندی بە واقیعەوە نیە، پتر بەلای گریمانەو ئارەزووی خاوەنەکەیدا دەچێتەوە کە ویستویەتی(چینی ڕەنجدەر) لەنەزەریدا بکاتە خاوەنی مێژوو و لە ئایندەدا حکوم بەدەستەوە بگرێت)) (لاپەڕە9)

ئەم بۆ چوونەی مەسعود لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕاست نین‌و بێ مانان.

1- بزتنەوەی کۆمونیستی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی حەفتا ساڵ پێش مارکس‌و ئەنگلز. ئەوە نەزانینە کە مارکس بەخاوەنی شوعییەت, سوشیالیزم دابنرێت.مارکس‌و ئەنگلس. پشت ئەستور

بەمشتومڕێکی ڕەخنەگرانە لەسەرجەمی ئایدۆلۆژیاکانی پێش خۆیان، بە شوعییەتی خەیاڵاوی و جۆرەکانی سۆسیالیزم و لە کۆنەپەرەستی و خەیاڵەوە بۆ زانست پەرەیانپێدا.

2- مسعود، چینی رەنجدەر بەخاوەنی مێژوو نازانێت، ئەی کێ خاوەنی مێژووە؟ لەوە دەچێت مەلیك و پاشا وقەیسەرە گۆڕبەگۆڕەکان بەخاوەنی مێژوو بناسێت. ئەمەیان مافی خۆیەتی ولە گەڵ بیروڕاکانی دەگونجێت, بەلام بۆ شوعییەکان، کۆیلە و جووتیارو کرێکاران بەخاوەن مێژوو دەزانن، بۆ ئێمە چەوساوەکان، بۆ ئەویش چەوسێنەرانو خوێن ڕێژان. پاڵەوانەکانی مەسعود جوتن لەگەڵ زۆربەی زۆری کتێبەکانی مێژوو کە هەر باس لە پاشاو خەلیفەکان دەکەن. مێژووی چەوساوەکان لە واقیعدا هەیەو مارکس لەسەردەمی خۆی ناویانی بردووە, هەر لە سپارتاکۆس, قەرامیتەکان، بابەکییەکان تا دەگاتە "شێخ بدرالدین "وەکەی نازم حیکمەت یان ڕاپەڕینە کرێکاریو جووتیارییەکانی فەرەنسا، مەکسیك، ئەڵمانیا..هتد، وەکو بزووتنەوەیەکی چینایەتی، جا با مەسعود هەر ناکوڵی لێ بکات. بێجگە لەوەش ئەگەر مارکسیش باسی نەکردبا, مەسەلەی ناکۆکی چینایەتی هەر لە ئارادابووە و هێشتا لە ئارادایە.

3- شتێکی ئاساییە کە چەوساوەکانیش هەوڵی حوکمڕانیانداوەو دەیدەن. مەسعود وشیارانە هەوڵدەدات چاوی ئەو کرێکارو زەحمتکێشانە ببەستێت, بۆ ئەوەی ڕێگای خۆیان نەبینن و بەژێردەستی بمێننەوە.

زانا مەسعوود لە لاپەڕە (9) دا دەنووسێت : "یەکێك لە گوتە مەشهوورەکانی ئەنگڵس دەڵێ کارکردن خالقی مرۆڤە! راستییەکی هەرە سەرەکیو بنەڕەتییەکی کۆمەلایەتی سەرەوبن کردووە، چونکە مرۆڤ خالقی کردەوەی کۆمەلایەتییەو کۆمەلایەتیش بریتییە لە هەموو مێژوو. بە پێی ئەم گوتەیە دەبوو هەموو جانەوەرێك ببێتە مرۆڤ. خۆ مێروو بە شەو و بە ڕۆژ لە هاتوو چۆدایە ".

ئای جەهالەت، چی لە مرۆڤ ناکەی، تەنانەت پاش مردنی خاوەنەکەت، وازی لێناهێنن. مارکس وای نەگوتووەو ئەمە ئەو دەقەیە کە مارکس لە(سەرمایە، جلدی یەکەم، لاپەڕەی 243نووسیویەتی و مەسعود لێی تێنەگەیشتووەو بە هەڵە ئاماژەی پێکردووە : (ان العنکبوت تقوم بعملیات تشبة عملیات الحائك، والنحلة تفوق ببناء خلایاها الشمعیة براعة کثیر من المهندسین. ولکن ما یمیز منذ البدء، اسوأ المهندسین عن ابرع نحلة هو انه بني الخلیة في رأسه قبل بنائها في القفیر، والنتیجة التي یودي الیها العمل تکون موجودة سلفا، ذهنیا في مخیلة العامل ولیس کونه یحدث فقط تغیرا شکلیا في المواد الطبیعیة؛ وهو یحقق فیها في الوقت نفسه غایته التي یعیها و التي تعین کالقانون أسلوب عمله والذي علیه أن یخضع له ارادته...)

بۆیە من گومانم نییە لەوەی کە مەسعود هۆشی خۆی لە گەڵ هۆشی مێرووله بەراورد ناکات. کارتێکردنی کار لە سەر مرۆڤ جودایە لە کارتێکردنی لە سەر ئاژەڵ و جانەوەر. ئەمە زانینێکی سەرەتاییە کە دەبوایە "فەیلەسووفەکەمان" پێشبینی بکردابا. بە هەرحاڵ سەیرم لەوە هات کە مەسعود لە لاپەڕەی پەنجا بەرپرچی بۆچوونەکەی لە نموونەی مێرووله- مرۆڤن دەداتەوەو دەنووسێت:

"بیر کاری هۆشە, لە ئاژەڵدا نییە. مەبەستیش لەو بیرە لێکدانەوەیە نەك یادکردنەوە"

ئەری! مرۆڤ لە پەیوەندییەکانیدا شتەکان پێشتر لێکدەداتەوە،"داخەکەم میروولە لەو بەهرەیە بێ بەشە".

پاشان مەسعود باسێکی زۆر درامیمان بۆ دەکاتو نەزاکەتێکی زۆر جوانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

" وا رچەی شارە گێرکەیەك (هی مێرووڵەکان) بە بەردەمی دەرگای مندا دێتو دەچێت بەشەویش پشوو نادات, چ ئاگاشی لە عەزابی من نییە بە دەست خۆپاراستن لە شیلانیان ."

بڕوا بەو قسەیەی مەسعوود دەکەم. بریا هەندێ باسی خۆ نەپاراستنی دەسەڵاتە دیموکراتییەکانی دنیا بۆ ڕەشو رووتەکان بکات کە چۆن ملیۆنان مرۆڤ دەشێلن بەبێ ئەوەی چرکەیەك عەزاب بکێشن، یان

مووچـرکەیەك بـە گیانیانـدا بێـت. نـازانم بۆچـی مەسـعوود"لـە گەیشـتنی چـینی رەنجـدەر بـە حکومـەت – لاپەڕەی10-"، تۆقی چووە؟!

بۆ نموونە زۆربەی دانیشتوانی کوردستان کرێکارو رەنجدەرن. چی تیایە ئەگـەر ئـەم زۆربەیـە دەسـەڵاتیان بـە دەستەوە بێتو بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان بـاری ژیانیـان بـەڕێوە ببـەن؟ بۆچـی دەبـێ هـەر سـەرمایەدار، بازرگان و ئاغا حوکمڕانی بکەن؟! بۆچی دەسەڵات بۆ کرێکاران و رەنجدەران بە رەوا نازانێت؟!

مەسعوود بە زمانێکی"ستاندار"، ئـەم بۆچـوونە نزمـە دەردەبـڕێ:"بـیرورای مارکسیزم ئەفسانەیەکی (وەیـان تەڵەیەکی)دەسچین کراوە"

لێـرەدا بـە نامـاقووڵی دەزانم، "زانایـەك" فەلسـەفەو خـەباتی رۆژانـەی پـتر لـە200 سـاڵی خـەڵکی کرێکـارو رەنجـدەر بـە شـێوەی ریفـۆرم و ئاشـتی خوازانـە تـا دەگاتـە سـەپاندنو ناچـارکردنیان بـە راپـەڕین و خـەباتی چەکدارانە بە ئەفسانەو تەڵەی سیاسی دەسچینکراو ناو ببات.

بە راستی شەرمەزاری خۆم دەردەبڕم بۆ ئەوەی کە"زانایەکی" کورد هێشتا بە ئەقڵییەتی حیکایەتەکانی شـەو بردنە سەری ناو دێوەخانی ئاغاکان لە شیوعییەت دەدوێت.

زانا مەسعوود دەڵێ : " وەزیر, کرێکار و نەخوێندەوار چ دەستێکی نەبووە لە داهێنـانی نووسـینو فەلسـەفە و یاسا و هەرچی دیاردەی ژیانە."

مامۆستا بۆ چی و لە بەر چی ؟ دەبوایە بەر لەوەی قسەی وا بکات بۆ بـنچو بنـاوانی هۆکارەکـانی بگەڕێتـەوە. من لێرەدا چەند خاڵ دەخەمە پێش چاو :

4. دەسەڵاتیان بە دەستەوە نەبووە.
5. زانست هەمیشە بـە دەسـت دەسـەڵاتدارەکانەوە بـووە. هـەر بۆیـەش کتێبـەکانی مێـژوو بـە شەرەفنامەشـەوە باسی ئەوان دەکات, بەڵام سەرەڕای ئەوەش زانستی جووتیار لـە بەرهـەم هێنـانی گـەنم, مشـتێکی ئـەو گەنمـە, بەهـەر حـاڵ زۆر زۆر بـە پیـترو پڕبـەهاترە لـە زانسـتی مەسـعوود محەممـەد. یـەکێك لـە ئەرکـەکانی شیوعییەکان، ئەوەیە، زانست بدەن بە دەستی وەرزیرو کرێکارو بە گوێرەی بەرژەوەندییـەکانیان فێـری بـبن. ئـەو کاتـە فەلسـەفەو یاسـای باڵادەسـتی مەسـعود مەحەمـەد لـە قـەبر دەنـێنو یاسـاو فەلسـەفەی ژیـانێکی هەرەوەزی هاوبەش قەرار دەدەن، وەك چۆن کرێکارو هـەژارە کۆمۆنارییـەکان لـە شۆڕشـی فەرەنسا، تـەخت و تاجی برادەرەکانی مامۆستا مەسعودیان خاپور کرد.
6. عیلمەکـەی مەسـعوود بـەوە ڕاناوەسـتێ، بـە بـێ ئـەوەی پێـی بزانێـت کـە (مەعلوولـەکان) سەرچـاوە لـە ئایدۆلۆژی ئەوەوە وەردەگرن دەنووسێت:

" وەزیـر لـە پێـنج هـەزار سـاڵەوە بـەدوای کلکی گارشـدا زەوی دادەرووشـێنێو یـەك هـەنگاو بـەرەو پێشـەوە نەچووەو لە مێردەزمە تۆقییەوو شیخولکەو شەعبەدەبازی پەرستووە. تەنانەت گاسنو داسەکەشی لە شارەوە بۆ دەچوو ."

سـەر لـە نـوێ پرسـیار دەکـەم بـۆ؟ هـەر بـۆ زانـین، هـەر لـە" ئۆروپـای پـڕ زانسـتو دەگمـەن نەخوێنـدەوار و شارستانیەتدا " شومارێکی کەم نین ئەوانەی لە مێردەزمەو غەیب دەترسن, یان شەیتان دەپەرستن, یـان بـڕوا بە جادو کردن و خوێندنەوەی دواڕۆژ لە توی تاسە قاوەیو وەرەقەی یاری کردن دەکەن. ناسیاوێکم خـەریکی دەورەی صۆفێتییە, شێخەکەی ناوی حوسێنە (نازناوی کابرایەکی ئەڵمانییە) هەر خەریکی حەیو حـووە، دوو تەکیەی گەورەی هەیە لە شاری "کوێلنو لە نزیکی ڤین".

مەسعوود لە باری تیورییەوە, پەنا بۆ نوێنەرانی تاوانو دزی و جەردەیی مێژوو دەرهەق بە ستەمدیدەکان دەبات. بەمە" بە زمانە جوانەکەی" دووپاتی نەزانیو جەهالەتی دەکات. بۆ چی وادەڵێم ؟ لە بەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

چونکە دەنووسێت: " ئەگەر شیوعییەت چاوەڕوانی ئەو مەرجانەی بکردایە کە مارکس بۆ هاتنەوەی شیوعییەت بە بنەمای داناون. کوردستانە وێرانەکەی خۆمان کە بە هۆی مێژووی کۆنو نوێیەوە نەك بانك بەڵکو صراڤێکی خۆماڵی بە خۆیەوە نەدیوە. چوناوچوونی بە مێشکی کراوەیەوەو چاوی دنیا بین جورئەت وەبەر خۆی دەنێ بڵێ شیوعیم."

3. جارێ دەبێ بڵێم کە هەر لە شاری خانەقین چەندین صەڕاف هەبووەو مەسعوود بەبێ بەڵگە دەدوێ. ئەوجا ناچارم بڵێم کە شیوعییەت بزووتنەوەیەك بووە بەر لە مارکس، لە سەرەتاکانی ساڵانی دامەزراندنی فابریکەکان ڕێگای خەباتی گرتووتە بەر کە هێشتا نە جادەی قیرو نە ئەلکترۆن، نە داڕاسەو نە ئۆتۆمبیل، نە پیشەسازی بە مانای ئێستا یان سەد ساڵ لەمەو پێش لە ئارادا بووەو ئەگەر قووڵتر بڕوین دەتوانین بڵێین شیوعییەت میراتی هەموو بزووتنەوەو ڕاپەڕین و بەرگی و بۆچوونی سۆسیالیستە لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتی.

4. ڕاستە حزبەکانی کرێکاران و ڕەنجدەران ناوی حزبی شیوعی لە خۆیان ناوە, بەڵام بەش بە حاڵی خۆم تاقە یەك حزبی شیوعی ناناسم کە باسی شیوعییەت بکات وەك سیستم بۆ سەردەمی ئەمڕۆ, تەنانەت لە ئۆروپاش, تێکڕای حزبە شیوعییەکان لە سەر شیوعییەت وەکو دوا ئامانج دەدوێن, واتا پاش بڕینی چەندین قۆناغی گەشەسەندنی سۆسیالیزم ... هتد.

با کرێکارانو زەحمەتکێشانی کوردستان سەرگەشو بەختەوەر بن بە هەڵگرتنی ناوی کۆمونیزمی زانستی(بەرزترین سەروەری مرۆڤایەتی).

قەیرانی بیرکردنەوەی مەسعوود لەوێدا دەست پێدەکات کە لینگەو قووچ لە کونی دەرزییەوە بۆ بابەتەکانی دەڕوات، لە بری ئەوەی لە قرناقەو نیلەگین بدوێت کە بەشێك پێکدەهێنێت, دەبوایە لە سەنتەری دەسەڵات، واتە لە بەغداوە بدوێت((لە گشت))وە ڕاڤەبکات. مەبەستم ئەوەیە کە دەسەڵات لە عێراقدا بە دەست کێ بوو؟ بەدەستی دەسەڵاتی پلەی تیرۆری فاشی سەرمایەدارییە؟ شیوعییە؟ لیبراڵە؟ دیموکراتە؟ ئیسلامییە؟ دەرەبەگایەتییە؟ ... چییە ؟

ڕەنگە مەسعوود بڵێ من باسی کوردستان دەکەم. باشە، پەیوەندی ئابووری, کۆمەڵایەتی, پەروەردەیی لە کوردستان.... هتد لە گەڵ چ دەسەڵاتێکە؟ ئەو پەیوەندییانە چۆن کاریان بەسەر کوردستان کردووە؟

لە لاپەڕەی 11دا مەسعوود دەڵێت " بێگومان هەر بیرو باوەڕێك کەندی قووڵی جوداوازی و لیك دەردونگبوونی ئادەمیزاد، چ لە مەیدانی نێونەتەوەییداو چ لە مەیدانی نێوان ریزەکانی یەك نەتەوەدا هەڵکەنێت, بە دوژمنی مرۆڤایەتی دەژمێردرێت, با موژدەی ئاوی حەیاتیشی لە گەڵدا بێت ."

ئا ئەمەیە ڕۆشنبیر! حاجی سەلیمی خەڵکی دێی(قەرەئەنگوێ )و مام عەوڵای میلان, زۆر زیرەکانەتر باسەکانیان دەردەبڕی; چونکە: بیرو باوەڕ ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە. واتا کەندی قووڵی جوداوازی خۆی لە خۆیدا هەیە(زەحمەتکێش, ئەفسەر, ئاغا, مەلا, مامۆستا, خاوەن کارگە, کرێکار... هتد، خۆیان بوونیان هەیەو لە بارەی فکر, شێوەی ژیان, شێوەی خانوو, قسەکردن, پەیوەندییەکان, جوودان). ئیتر هەڵکەندنی چی؟ ڕاستە منو مەسعوود هەردووکمان کوردین, بەڵام بۆچوونەکانی مەسعوود کەندی قووڵی جوداوازییە بۆ من. هەر بە هەمان شێوەش بۆچوونەکانی من بۆ جەنابی عالی مەسعوود. جەلادو قوربانی هەردووکیان مرۆڤن. کەس هەیە لەمە حاڵی نەبێ؟

من سەر بە نەتەوەی(چادرنشینکراو، بێکار، قەرزار، لانەواز، کرێنشین، کرێکار، جووتیار...)م و ئەویش سەر بە نەتەوەی(ئۆرستوکرات، سەرمایەدار، ئاغا، بەگ، مشەخۆر، گەندەڵ و مستەشار...)ە.

لە هەمان لاپەڕەدا مەسعود، شیوعییەت بە مەتەڵ ناو دەبات. بەڵێ مەتەڵ, بەڵام چی مەتەڵێك؟ مەتەڵی بەرخودانی مرۆڤە بەشمەینەتەکان بۆ ئەوەی جەنگو ستەمو چەوساندنەوە بنبڕ بکەن نەك مەتەڵی مەسعود محەممەدو ئاوی حەیات.

لە لاپەڕە 12 دەڵێ :

" شیوعییەتو رەگەزپەرستی جوداوازی ئاینو ئەوان, جۆرە دەمار هەل بدەوی پەیوەندی نێوان خەڵكو خوا, تێکڕایان تاوانی کوێرکردنەوەی شەقامی پێکەوە هەڵکردنی(تعایش)مرۆڤ بە ئەستۆ دەگرن ".

چ نەنگییەکە بۆ کەسێك ناوی شیوعییەت لەتەنیشت رەگەزپەرستیەوە ریزبکات. مەسعود بە هەموو هۆشێکییەوە داوای ئەوە دەکات گورگو مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە, ئەو شیوعییەتو رەگەزپەرستی بە یەك چاو سەیر دەکات.

دیسان دەنووسێت :

" ئێمە دەبێت هەموو ئەو بەهانانەی خەڵك بە شەڕ دەهێنن تاوانبار بکەین, هەرچەندە نیازو داوایان لە سەر بنەمای راستو درووستەوە هەڵسا بێت ."

ئەمەیە"گەورەیی ئوستادەکەمان"! ، بەڵام باشە فریای خۆی دەکەوێت وپاش یەك دێر دوای ئەو قسانەی پێش ئێستا کردی هەر هەمووی بە خۆی پووچ دەکاتەوەو دەڵێت:

"بەکار هێنانی دندان و چەمبووڵە لە رەوتی ئادەمیزاددا تەنها لە حاڵەتی خۆپارێزی لە سەر کردنەوەی ستەمو دیدە رەوایە"، واتە قسەکەی پێشووی گەر چی بە لە ئاستی زمان زۆر"جوانە"، بەڵام بێ مانا و تام و لەزەتە!

لێرەدا با خوێنەری رەخنەگر قسەی خۆی لە سەر ئەو ناکۆکییە بکات.

لە لاپەڕە 14دا بە زمانی عەرەبی دەنووسێت:

" فاني لم اجد شيئا من ثمار حسن التدبير و حكم المنطق وداعيه المصلحة وراحمه المعدلة ."

(تەئکیدەکە هی خۆیەتی ).

بە راستی من لەو عیلمە تێناگەم, چونکە دەربڕینێکی گشتینو هیچ شتێك بەدەستەوە نادەن, لەبەر ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

5. حسن التدبير من؟
6. وبحكم أي منطق؟
7. وداعيه أي مصلحة ؟
8. وراحمة لأي معدلة ؟

تەدبرکردن، لۆژیك، بەرژەوەندی و عەدالەت فرە مانا هەڵدەگرن و لە بیرێکەوە بۆ بیرێکی تر واتای جیاوازیان هەیە، بۆیە گشتگیرکردنی ئەم زاراوایانە، نەزانی و جەهالەتە نەك زانست.

پاشان مەسعوود لە لاپەڕە 15دا بەم شێوەیە لە یەك بوونی ئۆروپا دەدوێت :

" لەو ناوەشدا یەك بوونی ئۆروپا هێزێکی گەورەی بەرەو (تفاهم) نەك بە حەقی کوتەك پێك دەهێنێت."

2. یەکگرتنەوەی ئۆروپا بەندە بە دەوری شوومی ئەڵمانیا لە قۆناغێکی دیاری کراوداو بەرەیەکی ترە لە رووی ئەمریکاو یابان, هەروەها ناکۆکییەکانیش هەر ئێستا پڕ مەترسیو بە حەقی کوتەکە لە بواری سەر لە نوێ دابەشکردنی بازاڕەکانی جیهان. (ئەڵمانیا دەڵێت: ئێمەش دەمانەوێت لەو دابەشکردنە نوێیەدا بەشی

خوشمان هەبێت) و دابەشکردنی بازاڕیش بە شەڕوشۆڕی فەوتێنەر ناسراوەو با ئوستاد(مەسعود)یش بۆ خۆی لە جەهلیەوە، باسی بەرەی تەفاهومی یەکێتی ئۆروپا بکات!

لە لاپەڕە 16دا مەسعوود سەر لە نوێ باس لە " لەمەپری تیژرۆیی شیوعییەکان لە نوختە نیگای شەڕی چینایەتیو گومان کردن لە هەرچی شیوعی نییە گەلێك تەختو بێ پۆز دەبێت" دەکات .

مەسعوود ئازادانە چاوی دەنووقێنێ, گوێو لووتی دەبەستێت, بۆ ئەوەی تەنهاو تەنها خەریکی مەحکوومکردنی تیژڕۆیی شیوعییانو شەڕی چینایەتییان بێت. ئەگەر مەسعوود نەختێك چاوی بکاتەوە، ئەوا تیژڕۆییو شەڕی چینایەتی(یەکێتی خاوەن کارەکان)یش دەبینێت. شەڕی چینایەتی حکومەتەکانی پیرۆ و ئەمریکاو ئیسپانیاش دەبینین, تەنانەت شەڕی فاشستەکانی عێراقو نیشتیمانپەروەرانی کوردستانی عێراقو حکومەتی خوا لە سعودیەو ئێرانو سوودانیش دەبینین. بە هۆی سیاسەتەکانیG7 (گەورە حەوت وڵاتی پیشەسازی جیهان) و بانکی جیهانی, گەلانی جیهان( نەك تەنها کورد یان عەرەب) لەرەودایە. کاتێکیش شیوعییەکان چەندین رێگای خەبات(رێپێوان, ئەرزەحاڵ نووسین, مانگرتن, باڵدانی کۆتری ئاشتی) بەرپا دەکەن، پاش ئەوەی لە ریزی پێشەوەی دژی ئەتۆمو بەرهەمهێنانی< فرۆکەی 2000 > ئەڵمانیا، ئیمزا کۆدەکەنەوە...هتد، پاش ئەوەی هیچ رێگایەکیان لە بەردەمدا نامێنێت، پەنا بۆ خەباتی چەکداری دەبەن. لەم کاتەدا مەسعوود ڤیت دەبێتەوەو دەڵێت :

" بڕوانە شیوعییەکان چەند درەندەو تیژڕەون ".

ئەمە هەموو فەلسەفەو زیرەکی مەسعوودە. من ترسی ئەوەم هەیە بڵێن شتی تازە دەڵێت. ئەوەی ئەو دەیڵێت تەنها جوێنو بیرو باوەڕی هەندێ لە زاناکانی ئۆرۆپایەو مەسعوود دووبارە دەیڵێتەوە. مەسعوود مژدەی تەختو بێ پۆزبوونی شیوعییەکانو خەباتی چینایەتی دەدات کە گوایە ئایەتی باشیان دەبێت لە مەیدانی 1- سیاسی 2- ئابووری 3- ئاسوودەیی. مەسعوود بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە بارەی سیاسی , ئابووری , ئاسوودە بژی مەرجی کپکردنەوەو تەختو بێپۆزکردنی شیوعییەکان دادەنێت. وەك ئەم جیهانە کاولکراوەی دەستی حکومەتی دیموکراسی ئەمریکاو ئۆروپا (بە رابەرایەتی ئەڵمان) و یابانو کلکە درندەکانی لە جیهانی سێ و سەرجەم ئاینەکان بە هەموو ناوو ناتۆریانەوە پیرۆزی بێت.

لە هەمان لاپەڕەدا بانگەوازی چاولێکردن لە خەباتی خوێن گەرمەکان دژی رژێمو (ئیستعیمار) دەکاتو دەڵێت :

" کەسانی پرۆشی خۆربوو رێبازی دیموکراسیو ئاشتیو دادیش تا رادەیەك لە سیستمی کونینە یان ترسی تۆمەتی شیوعی بوونیان دەربازبنو لە سەر کەرامەتی خۆیانو ئادەمیزاد بە تێکڕای دەنگ دلێرو چاوقایم لە پێویستدا جەربەزە بن " .

لێرەدا تەماوی بیری مەسعوودمان بۆ دەردەکەوێت

4. دیموکراتی چەندین شێوەی هەیە, بۆ نموونە دیموکراسی پەرلەمان, دیموکراسی گەلی, دیموکراسی پەتی , دیموکراسی پاشایەتی , دیموکراسی کرێکاری , دیموکراسی دەستووری... هتد, ناکرێ مەسعود مەبەستی لە دیموکراتی روون بکاتەوە ؟

5. ئاشتی؟ ئاشتی کێ بوو کێ؟ کەس نییە داوای ئاشتی نەکات لە دوای هەموویانەوە شیوعییەکان(بۆ پێکەنین)، مەسعوودیش دەزانێت تەنانەت سەدامیش داوای ئاشتی دەکرد, ئەمریکاو ئێرانو تەنانەت مەسعوود محەممەدیش... هتد, بەراستو چەپو ناوەڕاست لە ئاشتی دەدوێن, بۆیە ئاشتی من مانا و ناوەڕۆکی تری هەیە لە ئاشتی سەددام، ئێران، ئەمریکا و مەسعود

6. داد؟ ئەو دادپەروەرییە کە من لێی حاڵی بوومە ئاگری جەهەننەمە بۆ سەرمایەدارە دەسەڵاتدارەکان, بە هەمان ئەندازە ئەو دادپەروەرییەی کە لە جیهانی ئیمڕۆدا حاکمە، ئاگری جەهەننەمە بۆ کرێکارەکان و ملیۆنان مرۆڤ.

بۆ باسەکانی لاپەڕەی (16و17) دەمەوێت ئەم چەند تێبینیە بدەم.

4- توندڕەوی هەر لایەنێك( توندڕەوی ئیسلامی, فاشی چەپ, دیکتاتۆری عەسکەری) بنەمای چینایەتی خۆیان هەیە, بۆیە ڕستەی ((لە هەر بابەتێك بێت)) نابەجێیەو دوورە لە زانست.

5- کێن ئەو هۆشکراوانەی کە دوستی بێ تەئویلی کەرامەت و چارەنووسی مرۆڤن؟ ئەگەر ئەوان وەك مسعود بیر دەکەنەوە, ئەوا دۆستی بێ کەرامەتیو چارەڕەشی چەوساوەکانن.

6- بێ ئەوەی دەنگی خۆم بخەمە پاڵ باری ئەمرۆی چین، مەسعود دەڵێ:

((چین زۆر پێویستی بە گلاسنوست و پیرۆسترۆیکایەکی تایبەت بە خۆیەوە هەیە))

ئەرێ بەرهەمی هەموو زانستەکەی مەسعود بووە بە ئەوەی کە گورباچوفو"پیروسترۆکا"کەی بە مەزن بزانین: ئەو مەزنیەی گورباچوف کە لە سەر ئەنجامدا وەلاتی سۆڤێت کرد بە سۆزانی خانەیەکی گەورە، بێکاری، مافیا,شەڕو شۆڕی خەجالەت ئاوەڕ.

مەسعود دڵی بەدیموکراتیەتی هند و یابان خۆشە. هیچ نالێم غەیری پیرۆزبایی لێکردن, تەپڵ لێدانو دیموکراسیو مافی مرۆڤ, مەهزەلەی هەرە گەورەی وەلاتە سەرمایەدارەکانە, کەلەسەر بنەمای دژایەتی شیوعییەت دامەزراوە. نازانم مەسعود ئاگاداری دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئەوروپا ئازیزەکەی هەیە؟ بەلام من دڵنیام کە لێرەشدا خۆی کەڕو کوێر دەکات. بانگەوازی دیموکراتی و مافی مرۆڤ، گەلان و چینەکان لەگەڵ ئیمزاکردنی یەکەم پروتوکۆلی کڕین و فرۆشتن تەواو دەبێ.

مەسعود تەنها دیوی چەپ دەبینێ و تەنها باسی((نەمانی ترسی هەڕەشەی سۆفیت لە کپکردنی دەرونی ئەوروپا بە گشتی، رەها کردنی دەنگێکی دلێری دیموکراسی و مافی مرۆڤ پێوە دەبێت کە ئەمە بەلای چاکەی ئێستاکەو دوارۆژی هەموو ئادەمیزادەو بەرهەمیشی لە کژی خۆیدا دەبێ.))دەکات.

مەسعود باسی دەسەڵاتە دیموکراتەکان و ئابلۆقەکەیان لەسەر ولاتی سۆفیت (لە سەردەمی لینین) ناکات و بەڕەوای دەزانێت. ڕێکخراوی خاچی سوور فرمێسکیان بۆ ملیۆنان برسی و نەخۆشی ناوچەی فولگا دەرشت، بەلاَم لەتەنانیکی رەقیان بۆ رەوانە نەکردن. ئەمەیە دیموکراتی و مافی مرۆڤی ستاندار وەك زمانەکەی مەسعود!.

مەسعود لە لاپەرەی 26دا سۆشیالیزم بە ((بەرپرسیار دەزانی بۆ چارەسەرنەکردنی مەسەلەی کوردستان)). بۆچوونەکەی بە دوو خاڵ و نیو(پاش چەن دێرێك دەیکات بە سی) پوخت دەکات. (( سۆشیالیزم قەت بە لای چاکەی کورددا نەچووە و فلسێکی لێ خەرج نەکردووە. ستالین مەهابادی فرۆشت بە ریکەوتن لەگەڵ قوام السلطة.... هتد))

لەم خالەشدا مەسعود راست نابێژێ؛ دەبوایە نەختێك راستی بپارێزێت. لێرەدا چەند بەلگەیەك دەخەمەروو :

1- دەسەلاتی سۆفێت چاپەمەنییەك پێشکەش بە کۆماری مەهاباد دەکات. خەرجی ئەو چاپەمەنییە دەکاتە دوو فلس و نیو !

2- کۆمەك کردنی چەك و تەقەمەنی و دروست کردن, چەك و خۆراکی بە خۆرایی بۆ کۆماری مەهاباد دەنارد.با بڵێین نرخی ئەمانەش (5) فلس بوو!!

3- له ئەپریلی 1946، حکومەتی سۆفیەت پەیمانی ئابووری لەگەڵ کۆماری مەهاباد مور کرد. پەیمانەکە لەسەر کڕینی توتن بە قیمەتی یەك ملیۆن دۆلار(لەو سەردەمە) لە کۆماری مەهاباد! هیچ نەبێت سوود وەرگرتنی کۆمارەکەمان لەم پەیمانەدا دەگەیشتە ( 4) فلس!

4- وەڵاتی شوراکان ژمارەیەکی زۆری قوتابی کورد لە زانکۆکانی سۆڤێت لە بواری زانستی و سەربازی وەرگرت. با مەسرەفی ئەمانەش بگاتە (2) فلس. ئەوا بە گشتی دەکاتە(13) فلس. واتا مەسعود (13) جار درۆ دەکات !

لە پەیمانی تاران کە لە1942/1/29 بەستراو مەبەست ئەوە بوو کە ئێران لەگەڵ هاوپەیمانەکان دژ بە فاشیەکانی ئەڵمانیا کاربکات؛ ئەم خاڵانەی تێدا بوو: (( ئەو پەری شەش مانگ پاش کۆتایی پێهاتنی جەنگ، هەموو هێزی هاوپەیمانەکان دەبێت ئێران بەجێبهێلن)). واتا لە مارسی1946 دا. دوایی هێزەکانی "ڕەزا شا"ی گور بە گور بە پشتیوانی هیزەکانی بەریتانیا و ئەمریکا, هێرشێکی درندەیان هێنایە سەر کۆمارەکەمان و بە کۆتاییەکی جەرگ بر تەواو بوو. مەلا مستەفاو هەمیارانی پەنا دەبەن بۆ سۆفیەت و لەوێ مافی پەنابەری"سیاسی"نەك "ئینسانی"یان وەرگرت. تۆ بڵێیت کۆمونیستەکان پێیان ناخۆشبێت، لەشکری سوور لە مەهاباد نەمێنێ؟ یان هاوپەیمانی نێوان کۆمارەکەمان و سۆفیەت قوولترو باشتر نەبێت؟ ئەم راستیانە بەلگەنەویستن؛ با(مەسعود محەممد)یش بە ئارەزوی خۆی، کەمتەرخەمی نەکاو چی زەهری پێیە هەڵی ریژێت ؟

لە لاپەرەی (( 30_31)) مەسعود محمد دەفەرموی ((... دەرمانی شیووعی کورد لە دەست ئەو کوردە خاوەن دەسەڵاتانە دایە کە بەکردەوەو بە خەباتی رۆشن و بە دادو دیموکراسی و بە تەبایی و برایەتی گشتی و یەکبوونی دڵ و دەروونی هەموو ئەوانەی کورد پەرستن ئیسپات بکەن، کوردایەتی بە دیلێکی بە شەرەفە بۆ هەرچی کوردی بەشەرەفە..))

ئەمانە ئیتر قسەی حەلەق و بەلەقن! کورد پەرەستی یەعنی چی؟ هەزارو یەك بۆچوونی جۆراوجۆر لە نیو کورددا هەیە. ئەی کوردی بە شەرەف و کوردی بێ شەرەف کێن؟ ئەوا زانیمان کە (( کوردە شیوعیەکان بێ شەرەفن)). ئەی "یەکێتی" ، "پارتی" ، "حسك" ، "پ.ك.ك" ، "پارتی کاری سەربەخۆ"، ئیسلامیەکان بە هەموو جۆر کانیانەوە، "زەحمەت کێشان" ، "رزگاری" ، "دیموکراسی"... هتد تکایە ئەم لیستەمان بۆ بدەن لە بێژنگ ! باسی داد دەکرێ، دادپەروەری کێ بۆ کێ ؟ چونکە دادپەروەری ئیسلامیەکان جودایە لە دادپەروەری نەتەوەپەرستەکان، یان زەحمەتکێش و کرێکاران ... هتد .

ئەم جار تەبایی کێ لەگەڵ کێ ؟، برایەتی گشتی و یەك بوونی دڵ؛ ئاخر کوردی بە شەرەف و کوردی بێ شەرەف چۆن برایەتی گشتی دەکەن؟!! کورد پەرستی چی؟ کوردیش وەك هەموو گەلانی دنیا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە و ئەو جیاوازیانە بە هیچ(لەحیم چیەك)) پێکەوە نانرێن. مەگەر وەك هیتلەر بکەن و چی شیوعی و ئەنتی فاشست, کەئەندام، سەنتی و رۆماو جولەکە هەیە، سەریان ببڕن یان بیانسوتێنن؛ ئەمجا جاڕی کورد پەرستی بدەن. هەروەها لە کوردستانیش چەندین گەلی تریش لەگەلماندا دەژین.

( تێبینی: تکایە ئەو بیرو رایانەی مەسعود لەگەڵ بیروراکانی عەفلەقی گوڕبە گور بەراورد بکەن).

لە هەمان لاپەرە دەفەرمێ: ((لە حال و باری ئیستاکە دا رەفتاری پیرەوی کەرانی مامۆستا عبداللە ئۆجەلان هێزێکی بەرهەست دەداتە بزوتنەوەی شیووعی کورد لە هەر شوێنێك بن)). ئەبێ بڵێم لە بێ خەبەران کەشکەك صەلەوات ! بۆ خۆشحاڵ بوون و گەش بوونەوەی مەسعود محمد پێویستە سەرنجی رابکێشم بۆ وتەکانی خودی ئۆجەلان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا: (فکرك اقرب الی الاسلام ام اقرب لمارکس و لینین؟)، واتە( بیرو باوەرت لە ئیسلام نزیکە یان لە مارکس و لینین؟)

دەڵێت:
((انا اقرب الی الاسلام، ونطبق جوهر وتعالیم القران الکریم.)) (من لە ئیسلامەوە نزیکم و ناوەرۆك و فێرکارەکانی قورئانی پیرۆز جێ بە جێ دەکەن)
هەروەها دەڵێت: ((من المعجبین بشخصیە و عبقریە محمد صلی الله علیە وسلم)) (من موعجیبم بە کەسایەتی و بلیمەتی موحەمەد دروودی خوای لێ بێت) ((گۆڤاری المصور 96/9/13))
واتە مەسعود محمد دەبێ هەوڵ بدا باشتر ئاگاداری عەبدولای برای بێت ! لە هەمان لاپەرە، مەسعود دەنووسێت: ((*باری گوزەران و ژیان پەکی ناکەوێ. کەچی بوون بە ئیشتراکی شووعیی، بەندە بە ((نمو)). ئەوجا هەر وەك منداڵی 10 سالی ناتوانێ گەنجی 18 ساڵ بێت، میللەتێکی وەك کوردیش کە لە پلەی سەرمایەداری بەرەو ژوور نەچووبێ ، لە رێی بەرەوژوور چوونی ژیرخان و ژوورخانی ماددی و شارستانەتی ناتوانێ بەرهەم هێنانی تایبەت بە تاك، بگۆرین بە شکڵی کۆمەکی. کە هاتیت تاك و خێزانی کوردی ئەم سەردەمەت مەنع کرد لە کاری گوزەرانی سەربەخۆ و خستتە جغزی شێوە و ئوسلووبی شیوعییەوە ، نازانێت چ لەو خەڵکە دەقەومێت..*))
مەسعود بە ئەنقەست بۆ سەرلێ شێواندن ئەو قسەیە دەکات، چونکە هیچ حیزب و کەسێك باسی ئوسلووبی شیووعی بەرهەمهێنانی نەکردووە بۆ ئیمرۆی کوردستان، تەنانەت بۆ ئیمرۆی وڵاتانی ئەورووپاش کە ژیرخانی پرپێستیان هەیە!! لەبەر هەمان هۆ پێویست بە باسی گەشەسەندن، ژیرخان، سەرخانی مەسعود ناکا. لە لاپەرەی (35) دەڵێت: ((باوەر دەکەم لە پلەی وەها بەرزی شارستانیەتی کە هەولێرو کوردی تێدا دەژێت، ئەگەر هەموو خەڵکەکە و بزن و مەرەکان و مریشك و قەلەموونەکان و دارو بەردەکەشی یەك دەنگ بڵێن بژی شوعی هەر فایدەی نیە))- لە جوانی و ئەفسووناوی ئەم رستەیە، (هەندرین)م بیرکەوتەوە!!-
وەکو دەبینین، مەسعود دوو شتی جیاواز لە یەك وەکو (قۆناغ) تێکەڵ و پێکەڵ دەکات، بۆ ئەوەی ژێردەستەکان لە خەبات، رێباز، بەرنامەو مقاوەمەتیان بێ ئومێد بکات. ئەوەی بڵێ بژی شوعی، یان رێکخراوێك ناوی شوعی هەڵگرتبێت، ئەوە ناگەیەنێت ئیتر لەگەڵ دەسەڵات گرتنە دەست، بەرنامەی قۆناغی شوعی بەرپا دەکەن، ئەمە دوو بابەتی جیاوازن. سوککردنی شوعیەکان، تەنها و تەنها خزمەتی بەعس و هەموو تاوانبارەکان دەکات. لە هەمان لاپەرەی (32) دەنووسێت: (*خولاسە قسە کردن لە بارەی وەڵاتی دواکەوتەی 5000 ساڵی بۆ سەر نیزامی ئیشتراکی وە یا شیوعی خەیاڵ پلاویش نیە، چونکە خەیاڵ قوزەڵقورتە.. نەرەنەرێ چەند زمان هەراش و حەز و شەهوەتی چەند نەفس برسی و سۆفیەگەریی خەیاڵبازانە. با بێن لە هەولێرو سلێمانی یەك یانەی سەر بە فرۆکەوانان دابنێن...*)
هەروەها کوردە شوعیەکان بە گومرای سەر لێشێواو و رو دەبەنگ ناو دەبات. ئەرێ کاك هەندرین زمانی حاڵی زاناو مفکر وایە؟؟. ئەم هەموو رقوقینە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ دامەزراندنی حیزبی شوعی، بە هەوەس و خەیاڵ پلاو دانەمەزراوە. نزیکەی 10-20 ساڵ پێش دامەزراندنی لە 1934 چەندین گروپ، شانەی، کەسایەتی (لە کوردستانیش)جیا جیا هەبووە، کرێکاران( بەبێ ئەوەی شوعی بن، سەندیکای خۆیانیان دامەزراندوە، جوتیاران بەرگری خۆیان نواندوە. ئەمانە شان بە شانی کارتێکردنی شۆرشی ئۆکتۆبەری مەزن بەسەر هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و هەموو دنیا، شتێکی ئاساییە کە ئەو بیرو باوەرە لە نێو بەش مەینەتەکانی کوردستانیش بلاوببێتەوە. چما یەك تەن وەکو مەسعود پێی دەکرێت رێگا لە ئەم جۆرە پروسە واقیعییە بگرێت. مەسعود داوا لە شوعیەکان دەکا هۆشە چینایەتیەکەیان، مێژووەکەیان بە دەستی خۆیان، لە گۆر بنێن. وابزانم شوعییەکان نیازێکی وایان نییە، پێش ئەوەی چی هۆکاری دواکەوتوویی، درندایەتی و چەوساندنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە لە گۆر نابێ. مەسعود بە هەموو عیلم و هۆشیەوە پێمان

دەڵـێ (*وڕو سەرلێشـێواو*). مـن بـە مـافی خـۆمی دزانم هـەمان ئـەو جوێنانـە ناشـیرینانە بـە ڕووی جـەناب العالیەکەی بدەمـەوە. چـونکە ئیرهـابێکی ئیـدۆلۆژی گومـڕا و پۆخـل، دژی بزوتنـەوەی ژێردەسـتەو کۆیلـەکان بــەکاردەهێنێت. وڕو دەبــەنگ و ســەر لێشـێواو ئــەو کەســانەن هۆشـیارانە خزمــەتی فکــر و دەســەڵاتی سەرمایەداران دەکەن، ئەوانەن وا شەوی درێژی بەشمەینـەتان درێـژتر دەکـەن. لـە هـەمان لاپـەرە دەنووسـێت: "ژیانی سەردەم لە وڵاتی پێشکەوتوو گەیشتووەتە رادەیەك لەڕێی کۆمپیوتەرەوە، هـەر مـەعلوماتێکت گـەرەك بێت لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا دەتگاتێ.." ئەمەشیان وانیە؛ نەك هەر لە وڵاتـی پێشـکەوتوو، بـەڵکو لـەناو مزگەوتەکانی ئێرانیش، مەسـعود زۆر شـەیدای وڵاتـە پێشـکەوتووەکانە، ئـەو پێشـکەوتنە پیشەسـازییە کـە لـە سـەر کەلەکـەکردنی خـوێن و کەرەسـتەی خـاوی جیهـانی سـێ و ژێردەسـتەکانی وڵاتـەکانی خۆیـان و شـەرە جیهانیەکاندا بە درێژایی ((500))ساڵ بەدەستیان هێناوە.

مەسعودی زمان و قەلەم پیس، بۆ ئیسلام بەڕەوای دەزانی پێش هەزارو ئەوەندە ساڵە ئـالای (وامـرهم شـوری) بەرز بکەنەوە. ڕەنگە داخوازی بابەکیـەکان و قرامیطـە بـۆ یەکسـانی بـە ڕەوا بزانـی، (شـێخ بدرالـدین)ە کـەی نازم حیکمەت رەنگە بە ڕەوا بزانێت، داخوازییەکانی بـۆفی و (امثالـە) بـەرەوا بزانێـت، بـەڵام کـە ڕەنجـدەران، نەخوێنـدەوار و کرێکـاران و ئافرەتـانی لـە ژیـان بێبـەش کـراو داوای دادوەری کۆمـەڵاتی و، ژیـانی هـەرەوەزی هاوپشتی بکەن، ئەوا ئیتر ئاسمـانی مەسـعود بـە سـەریدا دەرووخـێ؛ حـاڵی شـپرزە دەبێـت و هەرچـی جنێـوی سـوکی نـاو فەرهـەنگی ناشـیرینی سـوکایەتی کـوردی دایـە لـە دەمیـەوە دادەبـارێ. لای مەسـعود، شـوعیەکان جەردەن و نمونەی رەفتارو کرداری پیسن. هەر بۆیەش جـەنابی عـالی هـەموو خـەلك بێجگـە لـە شـیوعیەکان ئامۆژگاری دەکات. قوڕ بەسەر ئەو خەلکە کە مەسعود ئامۆژگـاری کـەری بێـت!! لـە هـەمووی سـەیرتر ئەوەیـە ترس دەخاتە بەر غەیرە شوعیەکان (ئامان،وریابن، ئەگەر من ئامۆژگاریتان نەکەم ئەوا خەڵکەکـە بـە ناچـاری دەچنە پاڵی سەر شێواو و دەبەنگەکان.) ئەو کاتەش مەترسی دەچێتە گیـان و عەرشـی مەسـعود ! ئـا ئەمەیـە دادپەروەری و دیموکراتیەکەی مەسعود. باشە ئەو لە پێناوی چ فکرو چ چینێك ئەم خزمەتکاریە دەکات؟

لە لاپەرەی ((33))دا دەنووسـێت: ((*خولاسـە لـە جیاتـی ئامۆژگـاری کردنـی بـێ سوودی شیوعی کـورد، دەبـێ ئامۆژگاری کاربەدەستان و ئیش هەڵسوڕێنان و ڕۆشنبیران و ئەگەر مومکن بـێ، هـی هـەموو خـەڵکی ناشـیوعی بکرێت کە نمونەی ڕەفتار و کرداری خاوێن بن، خۆ ئەگەر ئەو تاقمانە وا نەکـەن بـە ناچـاری خـەڵك گـوێ بـۆ ئەو کەسانە ڕادەهێڵن کە لە زەمینەی بێ مەسئولیەتی و پەنـدی ((خەنجـەر لـە کـا ))و قسـەی لـوس و لیـك و شیرن و چەور و ئومێد بەخش شەکری کەلامیان دەبێ*)).

من پێم باشترە بۆ ئامۆژگاری وەرگرتن بچین بۆ لای کرێکاران و جووتیارەکانی پشدەر و کفـری و دیهاتـەکانی عەقرەو بازیان. مەسعود لەسەر ئامۆژگارێکانی هەر بەردەوامە.

زانا مەسعود لە وەڵامی پرسیاری ((11)) لە لاپەرەی ((35)) بەم شێوەیە عەرزی حاڵمان دەکات:

*(( لە لایەن ئیمکانی بەیەکتر گەیشتنی دوو بەرەی کـورد لەسـەر کوردایـەتی و مرۆڤایـەتی، هـەتا کۆمـۆنیزمی لینینی مارکس نێو کوردان سور بێ لە سەر :*

3- *تێك بەردانی خەڵك کە هەمووی هەر ناکا هیچ بە گەورەو گچکەیەوە.*

4- *مارە کردنی خەباتی کورد بۆ شیوعیەتی جیهانی، بەیەکتر گەیشتن لە چاکەی کوردایەتی نابێت..))*

بـەڵێ مەسـعود شـوعیەکان بـەر پرسـیار دەکـات بەرامبـەر ڕۆژگـاری ڕەشـی گـەلی کـورد، بـەردێك بەسـەر کـورد دابـەزێت، مەسـعود یەخـەی شـیوعیکان دەگرێـت و تـەنها و تـەنها شـیوعیەکان دەبینێـت. شـەو و ڕۆژیـش بـە گیانێکی وەرزشکار نەعلەتمان لێ دەکات، ئاخر هەر خۆمان و هەم خەڵکەکە دەزانین کە شـیوعیکان کەمایـەتی پێـك دەهێـنن و بەرامبـەر بـە یەکگرتنـەوەی دوبـەرەی کـورد لەسـەر کوردایـەتی و مرۆڤایـەتی و هـەر جـۆرە

بەیەك گرتنەوەیەك كە خۆیان لەسەری رێك بكەون, هیچیان پێ ناكرێت. مەسعود چی لە شیوعیەكان دەوێت؟ با ئەوان هەر خەباتی زەحمەتكیش و كریكار وبێكاری كورد((مەسعود تەنها كورد بە كاردەهێنێت)) بۆ شیوعیەكانی جیهان مارە بكەن. من بە چاكی دەزانم مەسعود خەریكی بەزمی خۆی بێت باشترە لەو هەموو تاوان و قسە ئاستنزمانە.

مەسعودی زانا لە درێژی گفتوگۆكە هەنگاو بە هەنگاو هێرشی بێ ئابروانە دژی شوعییەت بەرپا دەكات, كەچی لە لاپەرەی (($49$)) دا دەڵێ:

((*بەڵام پێویستە بلێم من لە لای خۆمەوە بە هیچ جۆرێك مافی چەپڕەوم زەدە نەكردووە* ))

ئەمە هێشتا مافمانی زەدە نەكردووە، ئەی ئەگەر ئەو مافە پێشێل بكات دەبێ چی تر بەدەمیدا بێت؟ لەلاپەڕەی( $52$ ) دەنووسێت:

"*دەبێ نەتەوە ویستی كورد ژیرتر, هێمن تر, دورە ئەندێشتر و دەستپارێزتر و بەرژەوەندتربێت, لە برا كۆمونستێكی كە سەركەوتنی كرێكاری جابوڵقاو جەزیرەی واقلواق بەمیراتی خۆی دەزانێ* ".

ئەرێ باشتر نیە مەسعود ئەم پرسیارە لە خۆی بكات كە ئایا تەنها كۆمەنیستەكان بەو شێوەیە بیر دەكەنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشكرایە. قسەكەی مەسعود جەهالەتێكی رووتە, چونكە سوسیال دیموكاتەكانی ئەڵمانیا, سەركەوتنی سوسیال دیموكراتەكانی سوید, فەرەنسا..هتد بەمیراتی خۆیان دەزانن, سەركەوتنی پۆلیسی ئینتەرپول لە كارێكدا لە یۆنان دەبێتە میراتكەری بۆ پۆلیسی ئینتەرپولی بەلجیكا, نەتەوە پەرستەكانیش هەروا؛ سەركەوتنی بزووتنەوەیەكی ئیسلامی لە كەعبە، لەلایەن ئیسلامەكانی جەزیرەی واقلواق بە میراتی خۆیان دەزانن. بریا بیزانیایە نەتەوە پەرست و فاشیكانی تورك, عەرەب, كورد, چۆن چین چین فرمێسكیان دەرشت كاتێك ئەڵمانیای رۆژئاوا، ئەڵمانیای رۆژهەلاتی داگیركرد (ئەڵمانە نەتەوەپەرەستەكان ئێستا هەر خەریكن نەخشەی ئەڵمانیا دەكێشن و داوای دامەزراندنی كۆماری فولگا دەكەن.....)

مەسعود, بۆ هەموو ئەوانەی باسكران, بە رەوای دەزانێت كە سەركەوتنی یەكتر بەمیراتی یەكتر بزانن, تەنها بو كۆمونیستەكان بەرەوای نازانێ. ئەگەر زەحمەتكێش یان كرێكارێكی كۆمونیستی ژیان لێ تالكراوی كوردستان بۆ سەركەوتنی داخوازی و خەباتی كرێكاران لەجەزیرەی واقلواق خۆشحاڵ ببێت ئەوا مەسعود ئیتر كۆستی دەكەوێت.

لە لاپەرەی $53$ دا مەسعود وەكو باوكسالارێك ئامۆژگاری كوردی هەندەران دەكات. نازانم كوردە كۆمونیستەكانیش دەگرێتەوە یان نە؟!.دەڵێ:"بەتایبەت لەرۆژئاوادا ", بەندە لەوەش حالی نەبووم, بۆچی بەتایبەتی لە رۆژئاوا؟ چونكە لەهەمان لاپەرە نووسیویەتی: "خۆ دەبێ لە غەریبایەتی میوانی بەشەرم و شكو بین, بەتایبەتی ئەوانەی بەبژێوی خانە خۆیەكان گوزەران دەكەن".

A جارێ با مەسعود بزانێ پەنابەری دیاردەیەكی جیهانیە. بەملیونان مرۆڤ ناچاری رەوە كراون. قوربانی گیانی رێگای هەلاتن بۆ ولاتەكانی ئۆروپای رۆژئاواو ئەمریكاو كەنەدا كەم نین. ئەم رووداوە بەرهەمی لیبرالیزمی نوێ و سیستمی جیهانی نوێیە كە لەلایەن هاوسەنگەرەكانی مەسعودەوە بەرپا دەكرێ.

B پەنابەران لە ئەڵمانیا یان لە وەڵاتەكانی تر جیاواز لەوەی كورد بن یان ئێرانی یان موزەمبیقی, ناچاركراون كۆمەكی كۆمەلایەتی وەربگرن، ئەگینا بەدەگمەن كەسێك دەبینێت بە ئارەزوی خۆی بیەوێت ئەو كۆمەكە وەربگرێت. ئەمەش بەندە بە باری نەبونی هەلی كاركردن, بۆ نموونە رێژەی بێكاری لە ئەڵمانیا بە گوێرەی ئامارەكانی حكومەت $3/5$ ملێون وكەسن, بەلام بەگوێرەی ئامارەكانی ئۆپۆزیسیون دەگاتە $6$ملێون !! ئەوە دەسەلاتە دیموكراتەكەی مەسعودە بەرپرسیارە بەرامبەر تەحقیركردنی مرۆڤ, نەك پەنابەر؟!! نازانم عالی گەورەمان ئاگاداری سوتاندن,ركوشتن لەسەر جادە, لێدان, دەركردن و تەحقیركردنی پەنابەران هەیە

یـان نـا؟ پـێش ماوەیـەك فاشیستـەكان ئوردوگایـەكی پەنابـەرانیان سـوتاند, كەچی پەناهـە ندەیـەكی لوبنـانی بەناوی(عید، دانشتوی ئۆردكاكە) دەستگیرو تاوانباری دەكەن. یاسا لە ئەڵمانیا لە لاستیك خراپترە، بـەئارەزوی خۆیان دەیكێشن. تێكرای پەنابەرانی ئۆردوگاكە دەڵێن ((ئێمە —عید-مان لەخەو هەستاندوە)). عیـد بێتاوانـە بەلاٚم كەس گوێی لێ نەگرت.. ئیتر زانای گەورەم خانەی خۆی چی؟ شەرم و شكوی چی؟ بەراسـتی ئـەو قسـانە لە بێ نرخی و حەماقەتدا زۆر دەوڵەمەندە !. ئـەم بۆچـوونەم ئـەوە ناگەیـەنێت كـە كوردسـتان بـە هەشـتە و خەڵكەكەی دەبێ لێرە بمێننەوە. نەخێر، خەڵك لە نێو دوو ئـاگردان, دوو گیروگرفت, هـەر یەكـەیان جیـاوازە لـەوەیتر. مرۆڤـەكان بەدەسـت وەحشیـەتی عەرەبایـەتی فاشیـەكانی بەغـدا دەنـاڵێنن، بۆیـە رێگـای هـەلاٚتنیان گرتووەتە بەر, حاڵ وماڵی خۆیـان دەفرۆشـن, خۆیـان قـەرزاربار دەكـەن, ئـیتر, ئازارەكـان لـەبن نایـەن, مەگـەر زانایەك وەك مەسعود لێ حاڵی ببێت !!

لە هەمان لاپەرە مەسعود وەكو خاوەن زمـانێكی زۆر بازاڕیانـە، دەڵـێ :"*دز و درۆزنـەكانی كـوردی پەنابـەر بـۆ ئـەوروپا, تـەرەس و بـێ شـەرەف و ریسوا ئـابڕووتكینـترین گونـاحی نامەردایـەتین: دەبـوو لـە سـەر پـەردەی نامووسـی دایـك و خوشـكەكانیان لوقمـەی گـەوادی بخۆن, دەك هـەزار لەعنـەت و نـەفرین لەچارەی خۆیـان و پشتاو پشتیان هەتا دەگەنە كەشتیەكەی نوح* ".

لەوە ئەچێت مێشكی زانا ومفكرە بلیمەتەكەی كورد زۆر خەریكی خوارەوەی پشتینەكەی بـێ. مەسـعود زەرەر ناكـات ئەگـەر مێشـكی نـەختێك بهێنێتـە سـەرەوەی پشـتینەكەی! بـەش بـەحاڵی خـۆم پـەردەی پەنجـەرەی ژوورەكەم زۆر لەلا پڕ بایەخترە لەو پەردەیە كە مەسعود باسی دەكات و هـەروا پـەردە بەشـێكە لـە جەسـتەی كیژان و هەر خۆیان لە ئاستیدا بەرپرسیارن، نەك كەسـێكی تـر. ئـەو پەردەیـە لەبـەر هـەزاران هـۆ، نامێنێت, یەكێك لەو هەزاران هۆیە, ئەوەیە، كچ و كور یەكتریان خۆش بوێت, تا رادەی تواندنەوە تێكـەڵی یـەكتر دەبـن. ئەمە خۆی لەخۆیدا شەرەف و ناموسی ئافرەتانە یان لەبەر هەڵگرتنی باری قـورس، راكردنـی، كـەوتن, لێـدان، راچەڵەكاندنی توند یان كچەكە لە كاتی دەستپەڕلێدان، پەردەكەی بەردەستی دەكەوێ...هتـد، ئـەوجا وا بـزانم دایكان پەردەیان نییە! با مەسعودیش پەردە بە ناموسی مێینە بزانێت.

لە كوردستان زۆربەی پیاوان, مەسعود ئاسا, بـاس لـە شـەرەف دەكـەن. ((خوشـكەكەم یـان كچـەكەم بـۆی نیـە لەگەڵ هیچ پیاوێك پەیوەندی هەبێت)), یان ((ئەگـەر كچەكەم یـان خوشـكەكەم پەیوەنـدیی لـە گـەڵ كوڕێـك هەبێت, قاچی دەبڕم )). یاخود بە شانازییەوە دەڵێن: كچەكەم شەریفە, عیلاقەی لەگەڵ كەس نیە, بەلاٚم ئەو جۆرە پیاوە شەریفانە نازانن یـان نایانـەوێ ئـەو راستیە بـزانن: ئەگـەر كچـەكان لـە خۆشەویسـتی و ئـارەزوی جوان و ناسك, كە مەسەلەیەكی زۆر سروشتیە, بێ بەش بكرێن, ئەوا ناچاری دەسـتپەرلێدان دەبـن؛ ئافرەتـان تووشی كۆمپلیكس دەكرێن, گەشەكردنیان وەكو مرۆڤێكی خولقێنەر دادەمركێ. من دلنیام لـەو كاتـەی پیـاوان لەناو مەجلیسەكانیاندا باسی شـەرەف دەكـەن, كچـەكانیان یـان خوشـكەكانیان هەوڵـدەدەن بـە هـەر شـێوەیەك بێت، پەیوەندی بە خۆشەویستەكانیانەوە بكەن یان دەستپەڕلێدەدەن. جا بـۆ؟ بۆچـی هەسـتی پـیرۆزی كچـان جێگـای رێـزو خۆشەویسـتیمان نـە بێـت؟ بۆچـی باسـی پـەردە بكرێـت؟ بۆچـی تـیرور؟ بـا ئێمـە رێـك دانـی پیادەبنێین: ئێمە كۆمەڵگای دەسپەرلێدان و لاقەكردنی كەرین!

ئەقل و دەسەلاٚتی باوكسالاری-بیرو باوەڕی باو-, دزیوترین بەرپرسیارە لەبارەی هـەموو تاوانـەكان دژی مێینـە. هەندێ هەیە دەڵێن ئەمە ئیباحیەتە و لـە نـەزرەی ئەوروپیـەوە تەماشـای كوردسـتان دەكـات . منـیش دەڵـێم: نەخێر و بە دڵنیاییەوە دەڵێم: زۆربەی باوكان و براكان كچ و خوشكەكانی خۆیان ناناسن.

من تەنها لەگەڵ گۆڕانی كوێلایەتی و تیرۆر و كەمكردنی بەهای ئافرەتـانم وەك مـرۆڤ و هێنانیـان بـۆ ئاسـتی جەستەكەیان، لەگەڵ پەیوەندیەكی هاوسانم، لەگەڵ خۆشەویستیم و هیچی تر.

ئافرەتان، لە ترسی کوشتن و سوتاندن بە دەست ئەو پیاوانەی وەك مەسعود فکر دەکەنەوە، دەچن بۆ لای پزیشك بۆ دوورمان و تەقەڵ لێدانی"ناموسی پیاوەکان"، هەندێ ئافرەت ناچارن چەند جار ئەو کارە بکەن. لیستی ئەو ئافرەتانە زۆر دوورو درێژن، پزیشکەکانی تەقەڵ لێدان و دوورمان بە نهێنیترین شێوە، ئەو کارە پیرۆزە(کە ئەسلەن یەك زەڕە پێویست نیە) ئەنجام دەدەن. مەترسی و زیندان هەمیشە هەڕەشەیان لێ دەکات و قوربانیشیان داوە. ئەمە لەکەیەکی ڕەشە لە نێوچەوانی مەسعود و هەموو هاوبیرەکانی. ماڵی دەسەلاتدارێتی بڕمێت، ئەگەر دەسەڵات بەدەست ئافرەتانەوە بوایە، کارەکە بە جۆرێکی تر دەبوو ! جەهالەت و دەبەنگی مەسعود لەوەدایە ئەو پەردەیە بە ناموس و شەرەف لە قەلەم دەدات و لە دووتوێی ئەو پەردەیەوە کە ڕەنگە چەند جارێ لە لای پزیشك کاروباری خەیاتی تەقەڵی لێدرابێ، بۆ جوێن دان و تەوهین بە کاردەهێنێت لە دژی پەنابەرە بەشمەینەتەکان.

هەروا لەم پەیوەندییەدا، کەسایەتی ئافرەت وەکو مرۆڤ، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، هەست، خۆشەویستی مەچەکی موقاوەمەت و خەباتیان... هتد، لەو پەردەیە زۆر گەورەترە. لێرە(لە ئەڵمانیا)، هەندێ ئافرەت بۆ لای دکتۆر دەچن بۆ لابردنی پەردەی "ناموس"یان خۆیان لایدەبەن بۆ ئەوەی تووشی ئازار نەبن. بەڕای من ناموس، نەهێشتنی چەوسانەوەو جەنگە، نەهێشتنی هەموو شتێکی ڕێگرە لە ڕێگای پەرەسەندنی مرۆڤ دا.

ئەمە شەرەفی شوعییەکانە، ئەگینا هیچی تر! ئەوەکانی تر پێشکەش بە مەلا مەسعود دەکەم ! ئەگەر (عالیمەکەمان) بەو شێوەیە بدوێت، بۆچی لە کەسانی تر گلەیی بکەم؟ هەموو دزو درۆزنەکانی کوردی پەنابەر" لەگەڵ دزو درۆزنەکانی پەنابەرانی گەلانی تر کۆ بکاتەوە، هێشتاش ناگاتە چرکەیەك لە تەرەسی و بێشەرەفی و دزو درۆزنی سەرمایەداران و یاسا و دەزگا پۆلیسی و موخابەرات و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان. دەسەڵاتی دیموکراتەکانی ئەوروپا لەسەر بنچ و بنەمای دزی و درۆزنی و خوێنڕشتن دامەزراوە .

لە لاپەرە (81) دەفەرموێ :

"*سۆسیالیزم و دیموکراتی باوەڕی لووت بەرزن و بەناز و فیزن لەگەڵ پرزولە کوردی عەبابەیلێ و هەڵاتووی هەندەران دانووکی ناکولی ...*"

ئەمە ئیتر پەت پچڕاندنە. من تێناگەم لەم سوکایەتی پێکردنەی مەسعود بە کوردی عەبابەیلێ . دەبوایە هەڵۆ بەرزنجی، وەگو پەنابەرێك لە (پێشەکییە پێویستەکە)ی دوو ووشەی لەسەر ئەم دەربڕینە بنووسیبایە؛ ئاماژەیەك بۆ پروپوچی لێدوانی فەیلەسوکەمان لەسەر پەنابەران بکردایە، یان لەسەر تڕزلیەکەی لەڕووی دانیشتوانی عەبابەیلێ. ئەم دەربڕینە هەست بە (دونیەت)ی مەسعود دەردەخات. چما دانیشتوانی ئەوروپا و ئەمەریکای باکوور یان هەر شوێنێکی تر هیچیان لە خەڵکی ئێمە زیاترە؟، ئەمەی مەسعود دەیڵێتەوە، ناگاتە یەك لەسەر سەدی پروپاگەندەکانی حوکمی سەرمایەداری پوولی بەناوی (دیموکراتی پەرلەمانتاری) لە وەڵاتانی باکووری گیتی .

لەوە دەترسم بڵێن مەسعود شتی تازە دەڵێت، یان داڕشتنی خۆیەتی، نەخێر ئەمەیانیش نیە، بۆ؟

مەسعود لە وەڵامی پرسیاری چواردا، بروا فەلسەفیەکەی بەم جۆرە باس دەکات :

نموونەیەکی تر دەهێنمەوە لە سەر بۆچوونەکانی، لە پرسیاری 16 دا (لاپەرە 55) "کوردایەتی"چۆن پێناسە دەکەن؟ مەسعود لە وەڵامدا دەڵێت: "*وەك عەتارێك پێناسە دەکەم؛ دوکانداریکە ماڵی عەتاری دەفرۆشێت*"

یان لە لاپەرە54 و 56 دەڵێت

"*من بە زمانی واقیعە و واقیعە دەخەمە گفتوگۆ...*"

مەسعود واقیع دوور لە گشت تیورییەك دەبینێت، ئیتر واقیع چیە، یان تیورییەکان(هەرکامەیان بێت) تا چ ڕادەیەك بەرپەرچی واقیعن، ئەمە بە گرنگ نازانێت. بە هەمان ئەندازە مەسەلەی بەراوردکردنی کوردایەتی

بە دوکانداریێك، نموونەیەکی تـرە بـۆ جـەهل و ئـەقڵی بازرگانـان کـە لەگـەل جـەنگ هـاوجووتن وەك شـاعیری گەورەی ئەڵمان(غۆتە)دەڵێ. پراگماتیزمەکان تـەنها بایـەخ بـە (تعامـل) کـردن دەدەن، ئـیتر هەرچـیەك نیازیـان بێت، ئەو مافە بەخۆیان دەدەن، گشت ڕێگایەك بگرنە بەر، بۆ نموونە گـران کردنـی نرخـەکان، فیـل کـردن...، گرنگ ئەوەیە شتەکانی بفرۆشێت.
پاشان"حیسابی کەرامەتی تاك و دادی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ، واتە شتەکان بـۆ هونـەری(معمیـل)یـان خـزم بە هەرزانتر بفرۆشێت...... هتد.
مەسعود محمد نموونـەیەکی زەقمان پیشان دەدات بۆ رۆشـنبیرێك لـە بـواری زانسـتی زمـان و شـارەزا لـە بـواری ئەدەب و هونەرو بەم ئەندازەیـە نەبروانـە بـەکاریان دەهێنێـت بـۆ دژایـەتی فکـرو سیاسـەتی کۆمونیسـتی، لـە سەرتاسـەری کتێبەکـە بـە شـێوەی جۆراوجـۆر سـوکایەتی، جوێنـدانی گرتوتەبـەر کەچـی لـە لاپـەرە (68) دا دەنووسێت:
"*سەقافەت دەشێ چ دەخلێ بەسەر کاری سیاسیەوە نەبێت وە یا سیاسەت بە تەواوی سەربەخۆ بێت و پەکی لەسـەر سـەقافەت نەکـەوتبێ*". دەبوایـە مەسـعود بـەخۆی پـێش هـەموو کەسـێکی تـر پـەیرەوی ئـەم بۆچوونەی کردبا، ئەمجار داوا لە خەلك بکات سیاسەت و سەقافەت جودا بکەن و تێکەڵیان نەکەن کە هـەرگیز جودا ناکرێن و خودی مەسعود نموونەیـەکی بەرجەسـتەیە بـۆ لـە یـەك جـودا نـەکردن و دەخالـەتی ئـەو دوو بوارە.
مـارکس دەڵـێ: (مـرۆڤ بوونـەوەرێکی کۆمەڵایەتییـە و چالاکییە داهێنـەرانەکـەی لـە چالاکییە زانسـتییەکەی سەرچاوە وەردەگرێ و هەر ئەو چالاکییەیە گۆڕان و چاککاری لـە سرووشـت دەکاو هونـەریش دەربڕینێکـە بـۆ ئـەو چـالاکییە). بـە هـەمان بۆچـوونەکەی مـارکس، چـالاکی رۆشـنبیریش بەنـدە بـە ژیـانی مرۆڤەکانـەوەو پەرچدانەوەی هەست و نەست، شێوەی بینین، ئازار، خۆشی، هیوایەو رۆشنبیری و هونەر بە یەك ملیۆن شێوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە. میتۆدۆلۆجی تیفکرینـی ئینسانەکان سەرچاوەی چینایەتی خۆیانیـان هەیـە: بـۆ نموونە (بەزەقی) لە چرکەیەکدا یەکێك دەگرێ بۆ قوربانیە بێتاوانەکانی شەری ناوخۆ لە جـەزیرەی واقلـواق و ئەوەی تر دەگرێ لەبەر ئەوەی پشیلەکەی نەخۆشکەوتووە یان لە بۆرصە زیانی لێ کـەوتووە. (بـەبێ ئـەوەی لە نرخی پشیلەکەم کەم بکەمەوە) !
مەسعود محمد نموونەیەکە بۆ یەکانگیری رۆشـنبیری و سیاسـەت رەوت، لایـەن، حـزب و کـەس و دەوڵـەتێك دژ بە رۆشنبیری، سیاسەت، مێژوو، خەبات، گریان، هەست، سـۆز، برسـێتی و قوربانیـانی... هتـد ئەوانـەی خۆیـان بە شیوعی دەزانن. (سیان، ان کان ملتزم بحزب ام غیر ملتزم).
کاتێك گەیشتمە خوێندنەوەی "*ئەگەر شیوعیەت نەبووبێتە دین*" (لاپەرە 11) پسام لە پێکەنیندا.
مەسعود ئـەو فتوایـەی زۆر بـە کوێرانـە دەربڕیـوە، چـونکە زانستەکەی بـەو ڕادەیـە گەیشتووە، بـیرو بـاوەڕی شوعی بە ئایین دابنێت؟ شوعییەت چۆن دینێکە کە لە کۆنگرە بۆ کۆنگرە، لـە کـۆنفرانس بـۆ کـۆنفرانس، لـە بەرنامـە بـۆ بەرنامـە، بـۆ چـوون، بریـار و هەڵوێسـتەکانی سـەر لاپـەرەکانی دەگـۆڕێن، رەخنـەی لێ دەگـرن؛ هەندێك بە (مساحە) دەسرنەوە، گاڵتە بە هەندێ لاپەرەی شەرم ئـاوەر دەکـەین؛ هەنـدێ لاپەرەیشی جێگـای تووڕەیی و ناڕەزابوونە.
ئەگەر ئەمە "دین"ە من قبووڵمە. دینێکی وا کە هیچی لە دین ناچێ(تـەنها لـە فکـری مەسـعود و ئاوەڵـەکانی نەبێت)، تەنها ئەوە نەبێت کە لاپەرەی دینەکان و لاپەرەی"دینەکەی" من بەیەك ئامێر لـە چاپخانە لەچاپ دەدرێـن. مـن دینـی وا، کـە لـە ئارەقـەو چەوساندنەوەی و خۆشەویسـتی و سـۆزی مرۆڤـە ژێردەسـتەکان پێـك هاتووە بۆ لەناو بردنی کۆمەڵگەی کالا و بازاڕە رسواکەی، قبووڵمە.

ئێمـە خوازیـاری ئـەوەین زانسـت و نووسـین و لێکۆڵینـەوە بـدەین بـە دەسـت زەحمـەتکێش و نەخوێنـدەوارو کرێکارەکان.

مەسعود لە لاپەرە (83) دا دەنووسێت :

*((سیاسەت پیشەیەکی گڵاوە، لە کاری مەیمون دەکات، هەر بۆیەش بوو تێکەڵیم لەگەڵ سیاسەت قـووڵ نـەبوو، نەکا بەرپرسی کاری ناڕەوا ببم، چی لە من بیرو ڕا دەربارەی سیاسەت بیسترابێ و خوێندرابێتەوە لـە گۆشـەی (فکری)ەوە بووە، هیچ شتێکیشم لـە بـواری سیاسـەت دا ئـەنجام نـەداوە زەرەری بـە کـەس گەیانـدبێت، ئەگـەر نەڵێم هەمووی بەرژەوەندی خەلقی خوای تێدا بووە ...."*

لێرەدا پرسیار دەکەم: چ سیاسەتێك گڵاوە و لـە کـاری مـەیمون دەچێت؟ سـەیرم لـە ڕسـتەکەی دوای دێـت کـە دەڵێت (هەر بۆیەش بوو تێکەڵیم لەگەڵ سیاسەت قوول نەبوو"، ئەمە جارێ قـووڵ نـەبووە ئەوەنـدە دەبێـژێ ئەی ئەگەر قووڵ بێ چی دەڵێ؟! بە ئەقڵێ مەسعود فکرو سیاسەت دوو شتی جیاوازن، ئەمەیە گاڵتەجاڕی!

مەسعود بە درێژایی تەمـەنی وەك ئیدۆلۆژسـتێك بەربـەرەکانی مارکسیـزم و کۆمونیسـتەکانی کـردووە، لـەلای هەموومان ئاشکرایە کە کاری سیاسی کاری فیکریە، واتە خەتەرترین ئەرکی کاری سیاسی، چونکە لێرەوە ڕێگا خۆش دەکرێت بۆ سەلماندن، چالاکی و پروپاگەندە... هتدو فکرەکان و چالاکی مرۆڤەکان لـە یـەك جـودا نـین، گەرچـی فلانـە مـرۆڤ لـە نـاو قـەوارەی حیزبێـك، یـان دەزگاکـانی کـار ناکـات. مەسـعود کـارتێکردنی کـارە فیکریەکانی و بۆچوونەکانی لە"پەرژینی بێدەنگی"بـە کـاری سیاسـی و تێکـەڵ بـوون بـە سیاسـەت لـە قەڵـەم نادات. نازانم بە چ قەناعەتێکەوە دەڵێ "هیچ شتێکم لە بواری سیاسەت ئەنجام نەداوە". بـۆ ئـەم وتەیـە هـیچ بەڵگەیـەکی سـەلمێنراوی نیـەو بۆچـوونەکانی لـە"پـەرژینی بێـدەنگی" بـەدرۆی دەخاتـەوە، چونکە بـە راسـتی هەوڵیداوە زەرەر بە شوعیەکان بگەیەنێت. بە هەمان ئەنـدازە بۆچـوونە سیاسـیەکانی هـەمووی بەرژەوەنـدی خەلقی خوای تێدا بووە، تەنها کۆمۆنیستەکان نەبێت، چونکە خۆیـان بـە خـەلقی خـوا نـازانن ! هـەر بۆیـەش لەسەر ئەساسی قسـەکانی خـۆی پێـی دەڵـێم: پیشـە سیاسـیەکەی مەسـعود گڵاوەو لـە کـاری مـەیمون دەکـات و دواڕۆژ هەر ماڵی خۆمانە...هەر ماڵی شەپۆلی نۆهەمی سوپای سپارتییەکانە!

ئەم نووسینە لـە کـاتی بڵاوکردنـی(پـەرژینی بێـدەنگی) نووسـیوە و لـەم ماوەیـە مەسـعود مەحەمـەد لـە ژیـان ماڵئاوایی کرد، بـەڵام بزووتنـەوەی جیهـانی کۆمونیسـتەکان دووبـارە لـە کۆڕەپـانی بـەرینی خـەبات درێـژە بـە موقاوەمەت دەدەن لە دژی شێوەکانی چەوساندنەوەو بیرمەندەکانیان وئەوانەی شوێنی کۆچکردوویان گرتـووە .

ئێستا کەسانیتر بە"زمانێکی ستاندار" لـە ڕۆژنامـەو سایتە"سـەربەخۆ، لیـبڕاڵ، بێلایـەن و دیمـوکرات"ەکانی کوردسـتان و هەنـدەران، درێـژەدەدەن بـە نموونـەی ئیسـتاتیکای تاوانکـاری و تـیرۆری فکـری لـە دژی کۆمونیستەکان و کاك (هەندرین)چووتە ریزیانەوە. ئەم"بیرمەندانە" دەروێشی خۆیان هەیـە و سەرسـامن بـە مێتودی(رەخنە لە پێناو رەخنە). زۆر ئاساییە کـە لەسـەردەمی بـەهێزبوونی ئـاین، کۆنەپەرەسـتی، جـەنگ و چەوسانەوەو بیروباوەڕی ئوستادانی تیرۆرو تاوانکاریش گەشەبکات، بـەڵام، ئـەرکی ئێمـەی شـوعی بریتییـە لـە لەگۆڕنانی کۆمەڵگای کالا و بازاڕەکەی و سەرخستنی جوانناسی، ئـابووری، هونـەر، شـانۆ، هۆنراوەو دەسـەڵاتی کۆمونیستی!

## تەوەرێك بۆ دیالۆك: ئەرکەکانی ئیمڕۆی ڕاگەیاندنی کۆمونیستی چییە؟

وەك چۆن ڕۆژنامەی ئیسلامییەکان، یەکێتی و پارتی، دەربڕی بیروباوەڕی خۆیانن، ئەوها دەبێ ڕاگەیاندنی شیوعی، دەربڕی بیروباوەڕی شیوعییەکان بێت. دیارە هەفتەنامەی(ڕێگای کوردستان)ئۆرگانی ناوەندی حیزبی شیوعی کوردستانە(حزبی چینی کرێکارو

جووتیارو توێژە ستەمدیدەکانی کوردستان)و ئەرکی سەرەکی ئەوەیە بیروباوەڕی کۆمونیستی لەبارەی هونەر، سیاسەت، کۆمەڵگا، ئابووری، پەروەردەو رەوشت...هتد بە ئەندامان، خوێنەران و رای گشتی بگەیەنێت.

هەڵبەت ئەم ئەرکە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر، جیاوازە، بۆ نموونە، ئەرك و مەهامەکانی سەردەمی خەباتی پەرلەمانی وریفرۆم جیاوازە لە سەردەمی شۆڕش. لە یەکەمیاندا(ئەمیان مەبەستی ئەم نووسینەیە)، دەبێ راگەیاندنەکانی حزب ببن بە دەربڕی فەلسەفە، پەروەردە، ئەگیتاتسیون، هەواڵ، چالاکی، گفتوگۆ، ریپۆرتاژ، وتار، بانگەواز، مۆسیقا، فیلم، کۆبوونەوەو شێوە جیاوازەکانی خەباتی چینە ژێردەستەکان لە ئاستی ناوەوەو جیهان. راگەیاندنە زاڵەکانی جیهان و ناوخۆ بە شێوەیەکی زۆر دیکتاتۆرییانە خەرجێکی زۆر بۆ مەکتەب، تەلەفۆن، مووچەو ئامرازی راگەیاندنەکانی لەشکری نووسەرە چڵێس و کاسۆلێسەکانیان دەکەن و بەو شێوەیە کە خۆیان مەبەستیانەو دەیانەوێت، گوزارشت لە بارودۆخی جیهان و ناوەوە دەدەن. بۆ نموونە، رەنگە بڕوا نەکەن ئەگەر بڵێم کە لە18ساڵی ژیانم لە ئەلمانیا، بۆ یەکجاریش نەمبینی و نەمبیست لە کەناڵە زاڵەکان-بە کەناڵە "سەربەخۆکانەوە"- سەرەڕای ئازادی بیروڕا دەربڕین، تاقە یەك گفتوگۆ لەگەڵ بیرمەند، بەرپرس یان کادرێکی حیزبی شیوعی سازبدەن-بێجگە لە چەند دەقەیەك لە کاتی هەڵبژاردن- یان باسی دەرکردنی مامۆستاکان بکەن لە کارەکەیان لەبەر ئەوەی شیوعی یان ئەنتی فاشیستن یان باسی دەرکردنی زۆرەملی نامرۆیانەی پەنابەران بکەن یان باسی زیندانە زۆرو زەوەنەکانی دیپۆرتاتسیونی پەنابەران و هەواڵی خۆپیشاندانە ئەنتی راسیستی و ئەنتی فاشیستی یان بارودۆخی زیندانییە سیاسییەکان بکەن. گەرچی دەیان ئەلمانی لە کوردستان و عیراق دەژین، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەلمانیا بەبەردەوامی بانگەوازی ئەلمانەکان دەکەن بۆ ئەوەی عیراق بەجێبهێڵن، بە مەرجێ باش دەزانن کە لە کوردستاندا ئاسایش و ئارامی- تەنها بەوە مانایە کە تاوانی بەعسییە ئیسلامییەکان ئەنجام نادرێت- باڵادەستە.

بەداخەوە بەزەقی دەبینم بەشەکانی راگەیاندنی حزب بەحاڵ هاوکاری یەکتردەکەن! دەبێ کەناڵەکانی راگەیاندن(رادیو، تەلەفزیون و رۆژنامەو گۆڤارە)کانی حزب، پێکەوە کاربکەن و دەکرێت لە زۆر لایەنەوە پێکەوە سوودێکی زۆر باش لە ئینتەرنێت، وەربگرن. هەروا نابێ کاتی بە پێزی هاوڕییان بە فیلمی دوور لە ئامانج و ئاکار و ئەقڵ و فکری شیوعی بەفیڕۆ بدرێ.

کۆمەڵگای کوردستان، تاسەر ئێسقان، کۆمەڵگایەکی چینایەتییەو لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا، کرێکاران لە کەرتی جۆراوجۆری بەرهەمهێنان و بواری خزمەتگوزاری کاردەکەن و بەبێ هێزی بازوویان، ژیان رادەوەستێ وبۆ چاخی بەردین دەگەڕێینەوە، وەك کرێکارانی(چیمەنتۆسازی، گەچسازی، کارەبا، چاپەمەنی، شیرینیسازی، ئاوو کۆلاسازی و خواردنەوەکانیتر، کلاشسازی، بلۆکسازی، شەراب و مەیسازی، هوتێل، ئاوسازی، نەوتسازی، بیناسازی، تێلیکۆمنکاتسیون، شارەوانی، گواستنەوە، بارهەڵگری، بۆیاغچی، چێشتخانەو مایخانە و چایخانەو بارو یانەکانی خواردنەوە، فرۆکەخانە، کرێکارانی کشتوکاڵی، ئەلبسە، دەواجن، دارستان، تەندرووستی، ئاووئاوەڕۆ، بیناسازی و نیشتەجێکردن، تەختەسازی، چنینسازی، خشتسازی، سەرتاشخانەو ئارایشگا، بەرگدور، فرۆشیارانی سوپەرمارکت، فیتەرچی، تەنەکچی، بووریچی، نانەوایی، بەنداو کۆمپوتەرسازی...هتد) و جووتیارو دێهاتنشینە هەژارەکانیش لە پاڵیاندا. ئایا لە هەموو ژمارەکانی رێگای کوردستان و رادیوو تەلەفزیونی ئازادی(هەواڵ، گفتوگۆ، داخوازی، خەبات...هتد)ی بارودۆخ و مەرجی ژیانی رۆژانەی ئەوانە وەك سەڵت و خاوەن هاوسەرو بە منداڵ و بێ منداڵ بە دەنگ و وێنەوە، بەوپەڕی بایەخدانەوە، رەنگیان داوەتەوە؟ ئایا رۆژنامەکانی حکومەت یان پارتی و یەکێتی هەواڵی-بۆ نموونە- شیوعییەکان بە مانشێت لەسەر یەکەم لاپەڕەکانیان بڵاودەکەنەوە؟!لەسەر بۆ نموونە، کوا وتارە وەرگێڕاوەکانی دەستی یەکەمی شیوعی و بیرمەندە کلاسیك و نوێیەکانی کۆمونیزم؟ لە هیچ رۆژنامەیەکی شیوعی لە ئەلمانیا نەمبینیوە ریکلام بۆ خاوەن کارو بازاڕەکانیانن بکرێت!!؛ بۆچی رووی ناشرین و تاوانباری شێوەی بەرهەمهێنان و بیرو رەوشتی سەرمایەداری لە جیهان و لە کوردستان ناخرێتە بەر رەخنەو و ئاڵتەرناتیڤی مرۆیی خۆمان رابگەیەنین؟ بۆ نموونە: ((ئەوە سیاسەتی لیبڕالیزمی نوێیە وای لە مامۆستا و کارمەندانی تەندرووستی و باری لاری نەخۆشخانە و قوتابخانەکان کردووە یان بەرفراوانبوونی دیاردەی بێکاری و سۆزانچێتی چ لە کوردستان یان ئۆروپا و وڵات و کیشوەرەکانیتر)). بۆچی ئێمە لەوە بترسین کە رەخنەگرتن لە سەرمایەداری بۆ بەرژەوەندی هێزە راستڕەوەکان دەشکێتەوە؟ ئەگەر وابوایە، دەبوو شیوعی و چەپەکانی ئەلمانیا لە ئاستی حوکمڕانی ئەلمانیا بێدەنگ ببن، چونکە(ئێن. پی. دی- حزبی قەومی ئەلمانیا-)یان(ئێن. ئا. پی- حزبی قەومی کرێکارانی ئەلمانیا-)لە زۆر لایەنەوە رەخنەی شیوعی وچەپەکانیان هەیە لە سەرمایەداری و ئیمپریالیزم!؛

هێزە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا لە ئاستی گشت دیاردەیەکی لۆکالی یان جیهانی بیروڕای تایبەتی خۆیان دەردەبڕن و لەبارەیەوە ململانی دەکەن. ئەمە زۆر ئاساییە و ئێمەش وەك کۆمونیست قسەی خۆمان هەیە لە ئاستی گشت دیاردەکان. بۆ نموونە پێش ماوەیەك وتارێکم ئامادەکرد لەبارەی(کۆکاکۆلاو بیبسی)و هەواڵی تیرۆرکردنی سەندیکاییەکان وچالاکی و بۆچوونەکان لە دیدو بەرژەوەندی چینی کرێکاران و حزبەکەی بوو، بەڵام بڵاونەکرایەوە، لەبەر ئەوەی لایەنەکانیتریش رەخنەیان لەو کۆمپانییە هەیە! ئەمە چ ناوێکی لێ بنێین؟! ئایا مەعقولە بێدەنگ بین لە ئاستی تیرۆر، زیندانی و دەرکردنی سەندیکاییەکان وبەگشتی کرێکارانی ئەو دوو کۆمپانییەو

داخوازییەکانیان؟ بێدەنگی ئێمە بەخزمەتی کێ دەشکێتەوە؟ بە کورتییەکەی بێدەنگیمان بە گوێرەی فکرو بەرژەوەندییەکانی خۆمان لە ئاستی هەر رووداوێك، مانای ئەوەیە ئێمە بە خۆڕایی و ئازادانە بەشداری دەکەین لە بەهێزکردنی بیروباوەڕە دواکەوتوو و تاوانبارەکان.

کاتێ وەزارەتی نێوخۆی کۆماری چیك، رێکخراوی یەکێتی لاوانی کۆمونیستی یاساغ کرد، چەند هەواڵ، گفتوگۆ و راپۆرتم ئامادەکرد و بۆ



سایتی(ئازادی)ناردم، بەلام ئەوان لەبری ئەوەی بلاوی بکەنەوە و بە خۆشیان ناڕەزایەتی دەربڕن، چوون هەواڵێکی تریان بلاوکردەوە: (کۆماری چیك لە پێشانگای نیودەوڵەتی لە سلیمانی بەشداری دەکات)!!

ئەمە هەڵەی هاوڕێیەکی کۆمونیستی لاو نییە کە دەکرێت راستبکرێتەوە، بەڵکو تێنەگەیشتن و نەزانینی هاوڕێیەکە بە منداڵییەوە لەناو خێزانێکی تێکۆشەری شیوعی، گەورە بووە! ئەمە مەسەلەیەکی بچووك نییە تا لە ئاستیدا چاوبنوقێنین! دیارە منیش چاوەڕوانی ئەوەم، هاوڕێیان لە سلیمانی-بۆ نموونە- بڕۆن بۆ



پێشانگا نیونەتەوەییەکە کە لە11-2006/11/14دەکرێتەوە و لە بەردەم بەشی کۆماری چیك ناڕەزایەتی خۆیان پیشان بدەن!((ئایا ئەمە خەیاڵێکی رۆمانسی بەندەیە، یان بە راستی ئەنجامدانی ئەرکێکی نیونەتەوەیی کۆمونیستەکانە؟!)). پێش ماوەیەك حکومەتی کۆریای باشوور هێرشێکی درندانە لە دژی کرێکاران ئەنجامدا و ئەم کرێکارە شەهیدکرا(تەرمە پۆشراوەکە) و دەیان کرێکار بریندار و زیندانی کران، بەلام ئەم بابەتە بلاونەکرایەوە. راستییەکەی ئەوەیە من چاوەڕوانی ئەوە بووم، چەند رۆژنامەنووسێکی راگەیاندنی حزب سەردانی هێزی(زەیتون)بکەن و پرسیاریان لێ بکەن بۆچی حکومەتەکەیان کرێکاران دەکوژن و بریندارەدەکەن؟!_ئەوانە هاتوون ئێمە بپارێزن و "زۆر سوپاس و پێزانینمان هەیە" و بەتایبەتی زۆر سوپاسیان دەکەین بۆ ئەوەی کوردستانیان کردووە بە بازاڕی خۆیان(ساردکەرەوە، تەلەفزیون، ئۆتۆمبیل و شۆفەل....هتدی کۆریای باشوور کوردستانی پڕکردووە)

لێرەدا، پێش ئەوەی رەخنە و تێبینییەکانم رووی بەرپرسە ماندوونەناسەکانی بەشەکانی راگەیاندن بگرێ، ئاراستەی (لیژنەی بەدواچوونی)حزبیان دەکەم، چونکە ئەوان بەرپرسی یەکەمن لە رەنگنەدانەوەی فکر، سیاسەت و خەباتی شیوعی لە راگەیاندنەکاندا و بلاوکردنی هەندێ وتار و بابەت کە هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. هیوادارم هیچ کەس ئەم بۆچوونانە بە گلەیی لە قەلەم نەدا!

ئێمە دەبێ ئەم نووقسانی و کەمتەرخەمیانە چارەسەربکەین. هەر بابەت و وتارێك پەیوەندی بە بیروهۆش و مێژوو و بەرهەمی ئێمەوە نەبێ، بلاویان نەکەینەوەو با خاوەنە بەرێزەکانی ئەو بەرهەمانە، لەو شوێنانە بلاوی بکەنەوە کە بەرگریان لێدەکەن. ئەمە مانای ئەوە نییە، راگەیاندنەکانمان پەیڕەوی ئازادی بیرورا ناکات، بە پێچەوانەوە، ئەمە کەمترین مافی خۆمانەو دەبێ سەرسەختانە بەرگری لێ بکەین و شوێنی ئەو وتارانە بۆ بیرورا، هەڵسەنگاندن و بۆچوونی...هتد کرێکار، جووتیار، کادرەکانی حزب و مارکسییەکان بهێڵینەوە.

بۆ بەهێزکردنی راگەیاندن و سیاسەتی حزب، دەبێ سەرکردایەتی وەك بڕیار، هەموو لیژنەو ئەندامانی حزب لە هەر شوێنێکدا بن، بخاتە بەر ئەرکی گەیاندنی هەواڵ بە کەناڵەکانی راگەیاندن و بەتایبەتی بە هەفتەنامەی رێگای کوردستان.

من زۆرم پێناخۆشە، کاتێ دەبینم خوێنەری هەندێ رۆژنامەی لیبراڵ"سەربەخۆ"پاش تەمەنێکی زۆر کورت و بەتوانایەکەوە کە هەرگیز ناگاتە ئاستی ئەزموونی6-7ساڵی کادرەکانی راگەیاندنی حزب، لە((رێگای کوردستان))زیاتربن. بەداخەوە رێگای کوردستان تەنها لە سلیمانی و هەولێر لە بازاڕ دەفرۆشرێت و لە شارو شارۆچکەکانیتر تەنها پشت بە((بەشداریکردن))دەبەستن و زۆربەی کڕیارەکانیش هەر ئەندامانی حزبن و لە هەندێ شاریدا، تەنها یەك رۆژنامە بۆ فرۆشتن بە کتێبخانەکان دەدرێت! ئەمە زۆر خەمگینە و نابێ شتی وا رووبدات! بەڕاستی دەبێ کارێکی بە پەلەو ئەوپەڕی جدی بکەین بۆ ئەوەی رێگای کوردستان بە16لاپەڕە یان هەفتەی دووجار، دەربکرێت و بۆ فرۆشتن بدرێتە کتێبخانەکان.

راستە ئێمە لە کەشوهەوای ژیانی پەرلەمانی دەژین((کاتی راپەڕین و شۆڕش یان خەباتی پارتیزانی نییە))، بەلام ئەمە مانای ئەوە نییە لە هەڵویست و جیهابینی خۆمان وازبهێنین وبیروبۆچوونە سۆسیال دیموکراتەکان قبوول بکەین((ئاخر مەهزەلەی سیاسی لە کوردستان لێرەوە دەستپێدەکات: یەکێتی ئەندامی ئینتەرناسیونال سۆسیالستە، پارتی داوای ئەندامبوونیان کردووە وحزبی سۆسیال دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانیش هەیە!!)).

نەخێر: سۆسیال دیموکراتی حزبی تاوان و بەرگریکەریە لە سیستێمی سەرمایەداری و بۆ مانەوەی ئەم سیستێمە هەیە، بۆیە سەرسەختانە لە دژی کۆمونیستەکان خەبات دەکەن. پێش چەند ساڵێك، حکومەتی سۆسیال دیموکراتی بیرو، 600زیندانی شیوعی کە بە کوشتن سزانەدرابوون، لەناو زیندانەکانی گولەباران کرد؛ سۆسیال دیموکراتەکانی ئەلمانیا هەردوو رابەری شیوعی بەناوبانگی ئەلمانیا-رۆزا لۆکسمبۆرگ و کارل لیبخنت-یان کوشت و هەروا چەندین شۆڕشگێری تر لەناو زیندانی شتامهایم کوشت وبە شێوەیەکی زۆر درندانە

زیندانی تاکەکەسی درێژخایەنیان بەسەر سەدان شۆڕشگێڕو شیوعی سەپاندو هەروا سەدان کۆمونیست و ئەنتی فاشیستیان لەسەر کار دەرکردوە؛ سۆسیال دیموکراتەکانی تورکیا-پۆلەند ئەجەوید نموونەی شۆڤێنیست و راسیستی تورکن؛ لە سایەی حکومەتی سۆسیال دیموکراتی ئەلمانیا، رێژەی بێکاری زیادی کردو گەیشتە نزیکەی6ملیون بێکار و سیاسەتی دژ بە پەنابەران توندوتیژتر بوو؛ سۆسیال دیموکراتەکانی ئیران نموونەی شۆڤێنیزمی ئیرانین؛ حزبی بەعس ئەندامی ئینتەرناسیونال سۆسیالیست بوو و پێش داگیرکردنی کوەیت لە ریزەکانیاندا دەرکرد؛ حکومەتی سۆسیال دیموکراتی بەریتانیا-حکومەتی بلێر- بەریتانیای بۆ کارەسات بردووە و تەنانەت پێی ناکرێت ساکارترین مافی ئیرلەندییەکان پاش نزیکەی 600ساڵ چارەسەر بکات...هتد. شیوعی و چەپەکانی ئەلمانیا دروشمێکی بەناوبانگیان هەیە لەبارەی سۆسیال دیموکراتی: کێ بوو ناپاکی لێ کردین...سۆسیال دیموکراتەکان(Wer hat uns verraten, sozial demokraten).

بەڵام حەقیقەتێکی تریش هەیە لەبارەی ئەزموونی سۆسیال دیموکراتی کە دەتوانن لە زۆر لایەنەوە شانازی پێوە بکەن، ئەوەش ئەزموونی سۆسیال دیموکراتەکانی سویدەو ئەگەر یەکێتی وپارتی بە راستی لایەنگیری لەو رەوتە دەکەن، دەبا بفەرموون بە کردەوە جێپێی سۆسیال دیموکراتەکانی سوید هەڵگرن! بە کورتییەکەی کارکردن بۆ دابینکردنی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان ئەرکی کۆمونیستەکانە و مانەی ئەوە نییە لە ئەرکە رۆژانە چینایەتییەکانمان وازبهێنین.هەروا-بۆ نموونە- لە ئاستی پرسیاری ژنان، دەبێ بە روون و ئاشکرا رووبەڕووی راگەیاندنە لیبڕاڵ و کۆنەپەرەستەکان ببینەوە کە پرسی ژنان وەك بابەتی سێکس یان تەنها وەك"دایکی پیرۆز" تەماشا دەکەن و دەبێ بە هەزاران بەڵگەوە ئەو جەواشەکارییە رسوابکەین وبە راشکاوی هەڵویستی شیوعی لەم بارەیەوە رابگەیەنین: سیستێمی بۆرژوازی هەرگیز ناتوانێت چەوسانەوەی ژنان چارەسەر بکات، بە پێچەوانەوە قوڵتری دەکات و لە لاینی کەم تەنها شێوەی چەوساندنەوەیان دەگۆڕێت.

ئێمە لە قۆناغێکدا دەژین، باری جەماوەری خەڵك زۆر خراپترو نائارامتر بووە، بۆیە دەبێ ئەم قۆناغە بۆ پەروەردە، مەشقپێکردن، راهێنان، رێکخستن، بەشداریکردن لە دامەزراندن و بەهێزکردنی رێکخراوە چینایەتییەکانمان تەرخان بکرێ و راگەیاندنەکانی حزب بکرێت بە قوتابخانەی بەهێزکردنی خەباتی بزووتنەوەی کۆمونیستی لە کوردستان و بە رێگای دیالۆك و رەخنەوە لەناو پەرلەمان و لە دەرەوەیدا، هێزی فشار پێکبهێنرێت بۆ باشکردنی بارودۆخی ژیانی زۆربەی کۆمەڵگاکەمان. (بۆ نموونە) پێش ماوەیەك بەڕێز(مەسعود بارزانی) نائارامی خۆی دەرخست لەبارەی  ناعەدالەتی لە کوردستان. ئەمە دڵخۆشکەرەوەیە، بەڵام دەبێ بە روونی و ئاشکرا و سەرڕاستییەوە پێی بڵێن، فەرموو، ئەگەر دادپەروەری کۆمەڵایەتیتان دەوێت، ئەوا دەبێ موستەشارە مشەخۆرەکانی دەوروبەری کە کار بۆ بەرقەرارکردنی بازاڕی ئازاد  دەکەن، کناربخات، چونکە ئەم جۆرە سیستێمە لە سەر ئاستی عەمەلی و لە دەیان وڵاتی دنیا تەنها هەژاری و چەوسانەوەی بەرهەمهێناوە، بۆیە بە بەردەوام رووبەڕووی بەرگری بووەو دەبێ. من ناڵێم کاك مەسعود ببێت بە کۆمونیست، ئەمە رێگای نەجاتی مرۆڤایەتییە، بەڵام دەکرێت داوای لێ بکەین-بۆ نموونە- حکومەت بیمە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خەڵك دابین بکات؛ کتێب و پێداویستییەکان بۆ قوتابخانەکان ئامادە بکات((هێشتا قوتابیانی پۆلی شەشی ناوەندی راپەڕین لە کتێبی فیزیا بێبەشن و سبەی2006/10/31 نیازیان وایە بۆ جاری دووهەم، بۆ لای بەڕێوبەرایەتی پەروەردە بڕۆن))؛ هەموو سەرمایەکان لە شارە گەورەکان خەرج نەکەن و ئەوەندە بە هەژارەکان نەڵێن"بە پەلە نابێ" >ئەی بۆچی سەدان ملیونان دۆلار بۆ شاری هەولێر، سلیمانی و دهوك خەرجکرا؟<، با روو لە گەرمییانەکان بکەن((بۆ نموونە نەخۆشخانەی خانەقی نە ئۆکسجینی هەیە، نە دەستکێش بۆ نەشتەرگەری، نە دەرمانی پێویست و نەخۆش و بریندارە سەختەکان بۆ کەلار دەنێردرێت و لەوێشدا هیچیان بۆ ناکرێت و رەوانەی  سلیمانی دەکرێن!! ئایا ئەمە بێحورمەتی و کەمتەرخەمی و نامەسئوولییەت نییە لە ئاستی دانیشتوانی خانەقی؟ کێ لەم بارەیەوە بەرپرسە؟ چۆن چارەسەری ئەم کێشەیە دەکرێت؟))...هتد...بۆ ئاگاداری سبەی لە سەر ئەرکی حزبێکی نەدار وەك حزبی شیوعی کوردستان، ئۆکسجین بۆ چەند رۆژێك بۆ بەشی فریاکەوتن و نەشتەرگەری نەخۆشخانەی خانەقی دابیندەکرێ و پۆلێك بۆ قوتابخانەی ئەرکەوزای درووستدەکرێت...؛ دەبێ راستەوخۆ گرانی بازاڕی ئازاد کە هەژارەکان نرخەکەی دەدەن، سەرکوت بکرێت>ئەوە ئازادی دەوڵەمەندە چڵێس و خوێڕەکانە کە قەت لە پڕکردنی گیرفانی خۆیان ناگەڕێن<. ئەگەر دەوروبەری حکومەتی کوردستان و شوێنی بڕیاردان لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان، لە کەسانی خەباتگێری هەژارو چەوساوە پێکبهاتبا، باری کوردستان ئەوەندە لار نەدەبوو و گەندەڵی لەناو شادەمارەکانی هاتوچۆی نەدەکرد؛ ئەوەندە چاش، موستەشارو بەعسی"خەت مایل"و ئەنفالچی دەسەڵاتیان نەدەبوو. ئەمە تەنها چەند نموونەیەکن و دەزانم((رێگای کوردستان))زۆر سکاڵا و داخوازی بڵاوکردووە، بەڵام ئەرکی ئەوەشمان لەسەرە دوابەدوایان بڕۆین و ئەگەر داخوازییەکان وەڵامیان نەبوو، هەر بەناوی حزبەوە پەنا بۆ شێوەکانی پرۆتێست ببرێت. راگەیاندنی حزبی شیوعی بووە بە خولی دەرکردنی کادری رۆژنامەوانی بۆ پارتی و حزبەکانی تر، بۆیە داواکارم لە مەکتەبی سیاسی ئەو جۆرە رۆژنامەنووسانە بناسێت>لە نووسین و شێوەی بەڕێوەبردن و هەڵبژاردن وبڕیاردان لەسەر بابەتەکان<دەردەکەون.  کێ بڕوا دەکات کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی راگەیاندنی حیزب بەڕێز(زیرەك کەمال) بنووسێ: (ئێمە ئێستا پێویستیمان بە رۆشنبیرێکە لە رێگای هەیبەتێکی مەعنەوی و ئاکارە ئەدەبی و رۆشنبیریەکانی گوشاری رای گشتی درووست بکات بۆ راگرتنی هێرشەکانی حزب و ئاین و سیاسەت بۆ سەر کۆمەڵگا-ئاسۆ، ژمارە298لە 2006/11/19،لاپەڕەی 8). ئەگەر برای ناوبراو بەو شێوەیە بیردەکاتەوە، چی دەکات لەناو کۆمیتەی ناوەندی حزبی

شیوعی و ئەرکی گەورە و سەختی راگەیاندنەکەی لەئەستۆ گرتووە؟؟! ئەمە هەرگیز لە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبێکی شیوعی ناوەشێتەوە. ئەم برادەرە لەوەش سڵ ناکاتەوە وتار بۆ رۆژنامەیەکی ئیسلامیشدا(رۆژنامەکەی یەکگرتوو)بنێرێ، لەوانەیشە بڵاوکردنی نووسینەکەی لەو رۆژنامەیە بە دەستکەوت بزانێ!

تاقە چاوەڕوانی و هیوای من ئەوەیە، راگەیاندنی حزبی شیوعی بەهێز بێ: رەنگ، بۆن، ناو و خوێنی هاوڕێیانی رێگای شیوعییەت لە کوردستان، عیراق و جیهان لێی بێت. من تەنها لەم سوچەنیگایەوە ئەم بابەتەم نووسی و پاوقدومی هەرچی رەخنە و تێبینی هەیە، بەخێر بێت...

تێبینی: من ئەم وتارە بۆ رێگای کوردستان ناردوە، بەڵام تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوەو بەرپرسێکی سایتی ئازادی وتی((هەموو بۆچوونەکانت راستن))وبۆ ماوەیەکی زۆر کورت بڵاویکردەوە و لایبرد، بەم بۆنەیەوە دەڵێم: ئێمە دەبێ بەو پەڕی رێزەوە راستییەکان بناسین و هەوڵ بدەین پیشانیانبدەین و هەوڵی راستکردنی هەڵەکان بدەین، چونکە ئەمە زامنی پێشکەوتنمانە.

2006/12/3-/11/9

## فرەبێژی یان چۆنێتی رێکخستنی کار و بازاڕ؟

**کۆمەڵێ سیاسەتمەدار بەدەنێگی گڕ، وتارگەلی ئاگرین بۆ خەڵك دەخوێنن کە پڕن لە زاراوی(ئازادی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی...هتد)بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی روون بکەنەوە، بەمە دەتوانن هوشیاری ساختە بە هەژارەکان بفرۆشن و بەکاریان بهێنن.**

**لەراستیدا دەبێ پێمان بڵێن: چۆن بازاڕ وکارکردن وەك دوو چەمکی چارونووسازی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ، رێکدەخەن؟**

- **بازاڕی ئازادی یان بازاڕی گشتی؟**
- **کاری هەرەوەزی یان هەر کێ بۆ خۆی؟**

**تەنانەت کەسانی وایش هەن بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر پێکەنیناوی باسی شۆڕش بەگشتی دەکەن و پێیان وایە شۆڕش**(لەدوادەرئەنجامدا بردنەوەی ئازادیی و پلورالیزمە، نەك دروستکردنەوەی هێزێکی تر کە پرۆژەی کوشتنی ئەوی تری پێ بێت. شۆڕش هێنانی پەرلەمانە بۆ ناو ڕووبەری گشتی، واتە پێکەوەژیان و قبوولکردنی کۆی ئەو ڕاو بۆچوون و بەرژەوەندییە جیاوازانەیە کە کۆمەڵگایەك لەخۆی دەگرێت و دەسەڵات ڕێگرە لێی. کە دەڵێم شۆڕش هێنانی پەرلەمانە بۆ ناو ڕووبەری گشتی مەبەستم لە کۆتاییهێنانە بە بڕیاری تاکڕەویی، ماڵئاواییکردنە لە تاریکیی و دروستکردنی شەفافییەتە لە کردەی سیاسیدا. بە مانایەکی تر بڕیاردانە بە شێوەیەکی کۆیی و لەسەر بناغەی قەناعەتپێهێنان و ڕێککەوتن، نەك تەنها زۆرینەو و کەمینە..... شۆڕش بە چەمکە مۆدێرنەکەی مانای گەڕانەوەی چەمکی ئازادییە بۆ ناو سیاسەت و دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و دەستاودەست پێکردنیانە لەڕێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە و بنیاتنانی عەدالەت و یەکسانیی کۆمەڵایەتیی و کردنی نرخی ئینسانە بە نێوەندی هەموو پێوەرەکان. لەدوادەرئەنجامدا شۆڕش گێڕانەوەی ڕێز و پاراستنی مافەکانی ئینسانە لەڕێگای دامەزراندنی ئازادییەوە.)

ئایا شۆڕشی ئێران، روسیا، فەرەنسا و ئەوانی تر وەك یەکن؟ مەبەستیان دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە؟ دەوڵەتی یاسا؟ یاسا کێ؟ عەدالەت؟ کام عەدالەت؟ ئازادی؟ ئازادی کێ؟ شۆڕشی ئێران ئینسانی کرد بە نێوەندی هەموو پێوەرەکان؟ شۆڕشی جەزایەر؟ شۆڕشەکان جیاوازن و لە هەر قۆناغێکدا بۆ ئامانجێکی تایبەتی ئەنجام دەدرێن.

## ناڕەزایەتی بەناو کێ و بەرەو کوێ؟!

ئایا ناڕەزایەتی رێکخراو، حزب و گروپ و کەسایەتییەکان کە لە دەرەوەی بازنەی ئۆپۆزیتسیونی ناو پەرلەمان چالاکن و رۆڵی لەبەرچاویان هەیە، جیاوازییان لەگەل ئۆپۆزیتسیونی ناو پەرلەمان(ك.ی.گ)هەیە؟ دەتوانن رۆڵی خۆیان ببینن بۆ بەرەوپێشبردنی مێژووی نوێ؟

(کیگ) هاوپەیمانی ئیسلامی-لیبرالی پێکدەهێنن و بۆ دەرچوون لەم قەیرانە بە بۆنی بخور و هێزی جنۆکەکانی دوورگەی عەرەبی، بانگەشەی حکومەتی تەکنۆکراتی دەکەن. ئەمە لە باشترین حاڵەت رێگەچارەیەکی راستڕەوانەیەو ئیدیالەکان بەکاردەهێنن بۆ یاریکردن بە هەست و سۆزی زیانلێکەوتووانی سیاسەت و ئابووری بازاڕی ئازاد و زەحمەتە لایەن و کەسایەتی و رێکخراوە چەپەکان بە نوێنەرانی خۆیان بزانن.

ئەزموونی(ئاپۆ) لە ئەڵمانیا و بزووتنەوەی خوێندکارانی فەرەنسا1968

لە کۆتایی ساڵانی شەستی سەدەی رابردوو لە ئەڵمانیا و فەرەنسا(ئاپۆ کورتکراوی- Ausserparlamentarische Opposition)، واتە ئۆپۆزیتسیونی دەرەوەی پەرلەمان، لەلایەن بەرگریکەران لە ژینگە، بزووتنەوەی ئاشتی، رۆشنبیران، هونەرمەندان، خوێندکارە چەپەکانەوە درووست بوو و لەلایەن فەیلەسوفەکان(ئێرنست بلوخ، ئەدۆرنۆ، مارکۆزە، سارتەر)پشتیوانی و رابەرایەتی دەکرا. ئەم بەرەیە لە غیابی ئۆپۆزیتسیونێك درووست بوو کە نەیتوانی دەربڕی هەڵویست و داخوازییەکانیان بێت. ئەم ئۆپۆزیتسیونە دژ بە مانەوەی(بەرپرسە فاشیستەکان)بوون لە دەسەڵاتەکانیان، وەك چۆن لای خۆمان دژ بە بوونی(جاش و موستەشار و پیاوانی رژێمی بەعس)لە ناو ئیدارە و حزبەکان پێ قبووڵ نییە. هەروا دژ بە یاسا تایبەتەکان (قەدەغەکردنی هاتووچوو، پشکنین و بازگە و هەڵکوتان بەسەر ماڵان)خەباتیان دەکرد. ئەم رەوتە فرەلایەنە داوای پەیڕەکردنی یاسا دەستوورییەکان لەبارەی(ئازادی بیروڕا، چاپەمەنی و کۆبوونەوە)یان دەکرد. بزووتنەوەی ئاپۆ پشتیوانیان لە بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی ئەو سەردەمە دەکردو رۆڵێکی بەرچەستەیان هەبوو لە خەبات دژ بە شای ئیران، ڤێتنام...هتد و لەم پێناوەدا قوربانیشیان دا، وەك(بینۆ ئۆنەزورگ) کە لەلایەن پۆلیسەوە کوژرا و هەوڵی تیرۆرکردنی رابەرە بەناوبانگەکەیان(رودی دوتشکە)کە بەهۆی برینەکەی لەچالاکی کەوت و لە1979 گیانی لەدەستدا.

### لە کوردستان

لەدەرەوەی ئۆپۆزیتسیونی(کیگ)، چەندین حزب، رێکخراو، کەسایەتی، خەڵکی چەپ، رۆشنبیر، رۆژنامەنووس، نووسەر، هونەرمەندی سەربەخۆ چالاکن و هەر یەکێکیان سەنگی خۆیی هەیە، بەڵام ناڕەزایەتییەکانیان لەدەروەەی ویست و ئارەزووی خۆیان لەگەل(کیگ)تێکەڵ دەبێ و قووتیاندەدەن.

ئەم هێزە تا ئێستا نەیتوانیوە خۆی لەناو هاوپەیمانی یان لە چوارچێوەی بەرنامەی لایەنی کەم دیاری بکات و خۆی وەك ئەڵتەرناتیف بناسێنێ. ئەمە تەنانەت وای کردووە رۆژ بە رۆژ هەوڵی بێ ئەعتباری و پەراوێزکردنی دەدرێ.

### چی بکەین؟

ئەم نووسینە هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ خۆناساندن وەك(بەرەی چەپ) یان(ئۆپۆزیتسیونی دەرەوەی پەرلەمان) و رزگاربوون لە پەرتەوازی و پێشنیاردەکەم:

کات و رۆژ و شوێنی کۆبوونەوەی گشتی رێکبخرێت و بەبێ موزایەدەکردن، درووشملێدان و خۆزلزانی، بەشداری بکەین بۆ دیاریکردنی سەقفی داخوازی و بەرنامەی لانی کەم و بەرنامەرێژی کارو چالاکییەکانی داهاتوو.

ئایا زەمینە لەبارە بۆ ئەم خۆرێکخستنە؟ دەمانەوێ یان دەتوانین ئەم ئەرکە بەئەنجام بگەیەنین؟

سبەی خۆرهەڵدێت و ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئومیدبەخشەو ناڕەزایەتییەکان بەردەوامن...ئێوەش وەك رێکخراو، کەس و لایەنی چەپ بە رەخنە، پێشنیار و تێبینی بەشداری بکەن لە دیاریکردنی چارەنووسی ئەم پێشنیارە!

# دەربارەی کتێبی کەپیتاڵ

**فریدریك ئەنگلس**

**لەو ڕۆژەوە کە سەرمایەداران و کرێکاران لەسەر زەمین هەیە، هیچ کتێبێك بڵاونەکراوەتە کە ئەوەندەی کتێبی((کەپیتاڵ) بۆ کرێکاران پڕ بایەخ بێت. پەیوەندی نێوان سەرمایەو کار کە ئەو تەوەرەیە بەدەوریدا هەموو سیستێمی کۆمەڵایەتی ئیمڕۆدا دەسووڕێتەوە، لەناو ئەم کتێبە بەهوردی زانستیانە ڕوونکراوەتەوەو بەقووڵییەکی تەواو و هەمەلایەنە ڕوونکراوەتەوە، ئەوەش بە دەسەڵات و هێزو دیدیك کە تەنها بیرمەندی ئەڵمانی دەسەڵاتی بەسەردا شکاوە. بەهای کتێبەکانی ئۆوین، سان سیمۆن و فوریە هەر چۆنێك بووەو هەرچییەك ببن، بەڵام ئەڵمانێك بەتەنها تواناو تایبەتمەندی بەرزبوونەوەی هەبوو بۆ ئەو ئاستە کە بینەر دەتوانێ لەوێوەوە هەموو گۆڕەپانەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان بە هێلکارییە گەورەکانیشییەوە ببینێ و هەر وەك یەکێك وایە کە سەرکەوێتە سەر لوتکەی بەرزترین چیاو دیمەنی چیا نەوییەکان ببینێ.**

**تا ئیمڕۆ، ئابووری سیاسی وای فێردەکردین کە کار سەرچاوەی گشت سەروەت و پێوەری گشت بەهاکانە. ئەو زانستە بەدرووستی نیشانیدەدا، ئەگەر دوو شت بۆ بەرهەمهێنیان، هەمان بڕی خەرجکردنیان تێبچێت، هەمان بەهایان هەیە؛ پاشانیش لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی ناوەنجی تەنها بەها یەکسانەکان دەکارن لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ بکرێن، ئەوا دەبێ یەکێکیان لە هەمبەر ئەویتریان بگۆڕدرێنەوە.**

**بەڵام لە هەمان کاتدا زانستی ئابووری فێرماندەکات کە جۆرە کارێکی کەڵەکەکراوو پاشەکەوتکراو هەیە کە پێی دەڵێ، سەرمایە؛ ئەم سەرمایەیە بە هۆی ئەو داهاتەی تێدایە، سەد ڤات و هەزار ڤات دووبەرابەری بەرهەمهێنانی کاری زیندووە، زیاددەکات، بۆیە لەو پێناوەدا، خوازیاری قەرەبوویەکی دیاریکراوە، کە پێدەگوترێ قازانج یان دەستکەوت.**

**مەسەلەکان وەك هەموو دەزانین لە واقیعدا بەم شێوەیە دەردەکەوێت:**

**قازانجی کاری بێ گیانی پاشەکەوتکراو، هەمیشە زیاتردەبێت و سەرمایەی سەرمایەدارەکانیش هەمیشە زیاتردەبێت، لەکاتێکدا کرێی کاری زیندوو بەردەوام کەمتر دەبێت و جەماوەری کارگەران کە تەنها لەسەر کرێی کارەکەیان دەژین، ژمارەیان زیاترو هەژارتر دەبن. ئایا ئێمە چۆن ئەم ناکۆکییە چارەسەر بکەین؟**

**ئایا چۆن ئیمکان هەیە قازانج بۆ سەرمایەدار بمێنێتەوە ئەگەر هەموو بەهای کارەکە کە بۆ بەرهەمەکەی زیاددەکات بۆ خۆی بگەڕێننەوە؟ لەبەر ئەوەی تەنها بەها یەکسانەکان لەکەل یەکتر ئاڵوگۆڕ دەکرێن، کەواتە ئەمەیە کە دەبێ ڕوویدات.**

له لایەکیترەوە چۆن دەتوانرێت بەهای یەکسان لەکەل یەکتر ئاڵەگۆڕبکرێن و، کرێکار چۆن دەتوانێ تەواوی بەهای بەرهەمی کارەکەی بەدەستبهێنێ لە کاتێکدا کە لامان روون و ئاشکرایە کە هەمان بەرهەمی کار-وەك زۆر لە ئابووریناسان دانیپێدەنێن- لە نێوان کارگەرو سەرمایەدار دابەشکراوە؟

ئەمە ئەو ناکۆکییەیە کە تا ئێستا ئابووری لەبەرامبەریدا سەرسووڕماوەو هیچی لەبارەیەوە نەوتووەو نەنووسیوەو لە دۆشدامان و دەم بەیەکداهاتن نەبێ. تەنانەت رەخنەگرە سۆسیالیستەکانی ئابووری جگە لە هێماکردن بۆ ئەم ناکۆکییە، هیچی تریان پێنەکراوەو تاقە یەك رەخنەگریشیان نەیتوانیوە چارەسەری بکات پێش ئەوەی مارکس بێت و وێنەی پێکهاتنی ئەم قازانجە لەگەل گەیشتنی بکێێشێت و بەمە هەستا بی روونکردنی هەموو شتێك.

کاتێ مارکس لێکۆڵینەوەی گەشەسەندنی سەرمایەی کرد، لەو واقیعە سادەو ئاشکرایەوە دەستپێکرد کە سەرمایەداران سەرمایەکەیان بە رێگەی ئاڵوگۆڕینەوە سەرمایەگوزاری دەکەن:

ئەوانە بە پارەکەیان کاڵایەك دەکڕن و پاشان بە بڕێکی زیاتر لەو خەرجەی تێچووە، دەیفرۆشنەوە. بۆ نموونە سەرمایەدارێك بایی هەزار لیرە پەمووو ئەکڕێ و ئەیفرۆشێتەوە بە هەزارو سەد لیرە. بە مانایەکیتر100لیرەی ((دەستدەکەوێ))!

مارکس بەو زیادەیە لەسەر سەرمایەی یەکەم دەڵێ(زێدەبایی)، ئایا ئەم زێدەباییە لە کوێوە دێت؟

ئابووریناسان بڕوایان وایە کە تەنها بەها یەکسانەکان لەگەل یەکتر ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێ. بێگومان ئەمە لە بواری تیئۆی پەتیدا، راستە. —کەواتە- کڕینی پەموو و دووبارە فرۆشتنەوەی، هەرگیز ناتوانرێ زێدەباییمان دەست بکەوێت، رێك وە چۆن ئاڵوگۆڕکردنی پارەیەکی(5)لیرەیی بە (5)لیرەییەکیتر بگۆڕینەوە، هیچ یەك لە دوو لای ئاڵوگۆڕکردنەکە نە دەوڵەمەندتر و نە هەژارتری دەکات. هەر بەو جۆرەش زێدەبایی ناتوانرێت لەوەوە بەرهەمبهێنرێت کە فرۆشیارەکان کاڵاکانیان بە بەهایەکی بەرزتر لە بەهاکەی دەیفرۆشن یان لەوەوە کە کڕیارەکان کاڵاکانیان بە بەهایەکی کەمتر دەیکرن، چونکە هەریەکێکیان بە نۆرە کڕیار یان فرۆشیارەو...هتد. و مەسەلەکە دووبارە بۆ هاوسەنگی دەگەڕێتەوە. هەروا زێدەبایی لەوەوە نایەت کە فرۆشیاران کاڵاکانیان بە زیاتر لە بەهاکەی هەڵسەنگاند و کڕیاران بە کەمتر لە بەهاکەی، چونکە ئەمە بەهایەکی نوێ یان زێدەبایی بەرهەمناهێنێت، بەڵکو تەنها دابەشکردنێکی نوێ و جیاواز بۆ ئەو سەرمایەی هەیە لە نێوان سەرمایەدارەکان درووستدەکات، لەگەل ئەوەشداو سەرەڕای ئەوەی سەرمایەدارەکە کاڵاکان بە گوێرەی بەهاکەی دەکڕێ و بە گوێرەی بەهاکەی دیفرۆشێت، ئەوا لەو بەهایەی لەسەری دانراوە، بەهایەکی زیاتر دەردەهێنێ.

ئەمە چۆن روودەدا؟

سەرمایەدار لە بازاڕی کاڵاکانداو لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێستاماندا، کاڵایەك دەبینێ کە تایبەتمەندی سەرسوڕهێنەری ، ئەوەش ئەوەیە بە جۆرێك پێکهاتووە کە بەکاربردنی دەبێتە سەرچاوەی بەهایەکی نوێ و خوڵقێنەری بەهایەکی نوێیە و ئەم کاڵایە **هێزی کارە.**

ئایا بەهای هێزی کار چییە؟

بایی هەر کاڵایەك بەو کارە دەپێورێ کە بەرهەمهێنانی پێویستی پێ دەبێت. هێزی کاریش لەژێر شێوەی کرێکاری زیندوو هەیە کە بەخێوکردنی خێزانەکەی پێویستی پێدەبێت- ئەم خێزانە دابینکەری بەردەوامی هێزی کار و تەنانەت درێژەپێدەریشییە لە پاش مەرگی کرێکارەکە- ئەڵێم: ئەم کرێکارە پێویستی بە بڕێکی دیاریکراو هەیە بۆ ئامرازەکانی بژێوی و کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی، بەهای هێزی کار دەنوێنێ. سەرمایەدار هەفتانە کرێی کار دەدات و بەوە بەکارهێنانی کاری هەفتانەی کرێکار دەکڕێ و تا ئەو رادەیە ئابووریناسە بەڕێزەکان لە بارەی بەهای هێزی کار لە گەڵمان رێکدەکەون.

ئێستا سەرمایەدارەکە، کار بە کرێکارەکەی دەکات، بەڵام لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە قەت هەفتانەکەی کار ئەکا. با وادابنێین کە هەفتانەکەی ئەو کرێکارە بەرامبەر بە سێ رۆژ کارە، بەو پێیە ئەو کرێکارە کە رۆژی دووشەمە دەستی بەکار دەکات، ئێوارەی رۆژی چوارشەمە بەهای تەواوی ئەو کرێیەی کە وەریگرتووە، داویەتی بە سەرمایەدارەکە، بەڵام ئایا لە ئێوارەی رۆژی چوارشەمە کاری کرێکارەکە تەواو دەبێ؟ نەخێر، بەهیچ جۆرێك! سەرمایەدار کاری هەفتەیەکی کرێکارەکە کڕیوەو بۆیە ئەبێ کرێکارەکە سێ رۆژەکەی تری ئەو هەفتەیەش کاری بۆ بکات! هەر ئەو زیادە کاری کرێکارە کە پێشکەشیدەکات لە ماوەیە کە کاتی پێویست بۆ بژاردنی کرێکەی تێپەڕدەکات، سەرچاوەی زێدەباییە و قازانج و زیادبوونی رۆژ لە دوا رۆژی قەبارەی سەرمایەیە.

با کەس پێمان نەڵێت کە ئێمە هەڵدەستین بە گریمانەیەکی خۆڕایی کاتێ ئیدعای ئەوە دەکەین کە کرێکارەکە لە کۆتایی سێ رۆژەکە بەکارەکەی ئەو کرێیەی وەردەگرێت، داویەتی و سێ سێ رۆژەکەی تر کار بۆ سەرمایەدارەکە دەکات. لە راستیدا، لێرە هەرگیز گرنگ نییە بزانین داخۆ کرێکارەکە رێك پێویستی بە سێ رۆژ هەیە بۆ پڕکردنی کرێکەی یان لە دوو یان چوار رۆژ و لە لایەکیترەوە ئەم مەسەلەیە بە گوێرەی بارودۆخە جیاوازی هەیە، بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی گەوهەری بایەخی پێدەدەین ئەوەیە کە سەرمایەدار لە دەرەوەی سنووری ئەو کارەی نرخەکەی دەدا، لە هەمان کاتدا دەستدرێژی بۆ **کارێکیشدا دەکات، نرخەکەی نەداوە** و ئەمەش گریمانەیەکی بە خۆڕایی نییە، چونکە ئەو رۆژەی سەرمایەار لە رەوڕەوەی زەمەندا لە کرێکار هیچی دەست نەکەوێت تەنها هەمان ئەو بڕە کارە نەبێت کە نرخەکەی داوە، ئەوا لەو رۆژەدا دەرگای کۆمپانییەکەی دادەخات، چونکە هەموو قازانجەکەی لەناودەچێت و وەك تۆزی لێدێت.

ئەمە چارەسەری هەموو ناکۆکییەکانە.

پێکهاتنی زێدەبایی(کە قازانجی سەرمایەدار بەشێکی گرنگییەتی) ئێستا بە تەواوەتی روونبووەوە و سروشتییە. بەو شێوەیەش بە تەواوی بۆمان روون ئەبێتەوە کە ئەگەر نرخی بەهای هێزی کار بە تەواویش بە کرێکار بدرێت، هێشتا زۆر کەمترە لەو بەهایە کە سەرمایەدار دەیەوێت لە هێزی کارەوە زەوتی بکات، بەڵام جیاوازییەکە، ئەوەش ئەو کارە کە نرخەکەی نادرێت، رێکورەوان ئەو بەشەیە کە سەرمایەدارەکە وەریدەگرێت یان ئەگەر بمانەوێت وردتر دەریببڕین، ئەو بەشەیە کە چینی سەرمایەدار وەریدەگرێت، چونکە خودی ئەم قازانجە لەو نموونەیە کە پێشتر هێنامان، واتە ئەو قازانجە کە فرۆشیاری پەمووەکە دەستیکەوت، دەبێ بەرتەسك ببێتەوە ئەگەر نرخی پەموو لە کارێکدا نرخەکەی نەدرابێت، بەرزنەبێتەوە. دەبێ بازرگانەکە کاڵاکەی پێشتر بە یەکێك

له پیشەسازییەکانی لۆکەچنین فرۆشتبێت کە دەتوانێت لە دەرەوەی ئەو 100لیرەیە، لەبەرهەمە درووستکراوەکەیشی قازانجێك بۆ خۆیشی دەستکەوتبێت، لە پاشانیشدا کارە نرخپێنەدراوەکە کە دەستیکەوتووە لە تەکیدا دابەشدەکات. ئەم کارە نرخپێنەدراوە لەلایەکیتریشەوە هەر هەموو باجەکانی دەوڵەت تا ئەو جێیەی کە لە چینی سەرمایەدار وەرئەگیرێ و ئەو داهاتەی کە خاوەن زەوییەکان چنگیان ئەکەوێ هەر لەو کارە نرخپێنەدراوەوە سەرچاوەئەگرێ. کۆڵەکەی تەواوی سیستێمی کۆمەڵایەتی ئیمڕۆ لەسەرتاپای ئەو کارە خۆڕاییە دامەزراوە!

بەڵام بەهەڵەدا چووین ئەگەر وا تێبگەین کە کاری خۆڕایی تەنها لە هەلۆمەرجی کۆمەڵایەتی ئیمڕۆدا هەبووە، واتە تەنها سەرمایەداری کە بەرهەمهێنان لەسەر بناغەی رووبەڕووبوونەوەی سەرمایەداران و کرێکارە کرێگرتەکان دامەزراوە و بوونی هەیە، بە پێچەوانەوە لە هەموو کاتێکدا، چینی ژێردەست ناچاربووە بەشێك لە کارەکەی بە خۆڕایی ئەنجام بدات.

بە درێژایی هەموو ئەو ماوە دوورودرێژە کە کۆیلایەتی شێوەی باوی رێکخستنی کار بووە، کۆیلەکان ناچاربوون کە کارێکی زۆر زیاتر لەوەی کە بۆ پێویستی ژیانیان پێیان رەوادەبینرا بۆ خاوەن کۆیلەکان بکەن. هەروەها لە سیستێمی دەرەبەگایەتیشدا "بەگزادە و رەعییەت" و تا نەهێشتنی سوخرەکاری جووتیارەکان مەسەلەکە هەر بەو شێوەیە بووە.

جیاوازییەکە لە نێوان ئەو ماوەیەیە بوو کە کرێکار بۆ مانەوەی ژیانی خۆی کاری دەکرد، لەگەل ئەو زێدەکارە کە جووتیار بە دەرەبەگە خانەدانەکان دەیدا، لێرەدا هەستی پێدەکرا کە بەشی کاری دووهەمەکەیان بە تەواوی بە جیا لە بەشە کاری یەکەم، ئەنجام دەدرا.

ئێستا شێوەکەی گۆڕا، بەڵام مەسەلەکە وەك خۆی دەمینێتەوە، چونکە، هەروەکو مارکس لە کەپیتاڵدا ئەڵێ: مادام بەشێك لە کۆمەڵگا مافی مۆنۆپۆڵکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی هەیە، ئەوا کرێکار ئازاد بێت یان نا، ناچارە کە جگە لەو کارەی کە بۆ بەرێوبردنی ژیانی کەسایەتی خۆی ئەنجامی دەدا، برێك زێدەکاریش بکات تا پێویستییەکانی ژیانی خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیش دابین بکات!

## 2

لە وتاری رابردوودا بینیمان کە هەر کرێکارێك، سەرمایەدار کاری پێدەدات، دووجاری کاردەکات، لە ماوەی بە شێك لەو کاتە کە تێدا کار دەکات ئەو کرێییە کە سەرمایەدار پێدادات. ئەم بەشە مارکس ناوی دەنێت **کاری پێویست**، بەڵام لە پاشاندا کرێکارەکە دەبێ درێژە بە کارەکەی بدات و لە ماوەی ئەم کاتەدا، **زێدەبایی** بۆ سەرمایەدارەکە بەرهەمدەهێنێت و قازانج بەشێکی گەورەی پێکدەهێنێت. مارکس ئەم بەشە ناو دەنێت **کاری زیادە**.

با ئەو گریمانەیە بکەین کە کرێکار سێ رۆژ لە هەفتە بۆ ئەوە کار دەکات، کرێیەکەی بداتەوە و سێ رۆژ بۆ بەرهەمهێنانی بەهای زێدەبایی. بە دەربرینێکیتر، مانای وایە ئەگەر رۆژانە دوازدە سەعات لە رۆژێکدا کار بکات، رۆژانە ماوەی شەش سەعات بۆ کرێکەی کاردەکات و شەش سەعلات بۆ بەرهەمهێنانی بەهای زێدەبایی. هەرگیز

لە هەفتەیەکدا زیاتر لە شەش ڕۆژ یان زیاتر لە حەف ڕۆژ ئەگەر ڕۆژی یەکشەممەشی بۆ زیاد بکەین. بەڵام لەهەر ڕۆژێکدا بە تەنیا لێی وەرگیراوە، دەتوانین شەش یان هەشت یان دوازدە یان پازدە سەعات یان زیاتر لە سەعاتی کارکردنیش وەربگرین.

کرێکارەکە لە هەمبەر کرێی ڕۆژانەیدا، ڕۆژێکی کار بە سەرمایەدارەکە فرۆشت. بەڵام ڕۆژی کار چییە؟ ئایا هەشت سەعاتە یان هەژدە سەعات؟

بەرژەوەندی سەرمایەدار لەوەدایە تا پێبکرێت، ڕۆژی کار درێژ بێت و هەرچەند درێژ بوو، بڕێکی گەورەتر لە زێدەبایی بەرهەمدەهێنێت. کرێکاریش بەراستی هەستی پێدەکات کە هەر سەعاتێکی زیادە لە کاتی پێویست بۆ دانەوەی کرێکەی، بە زۆرەملی و نایاسایی لێی وەردەگیرێت و دەبێ بە خودی خوێن و گۆشتەکەی بناڵێنێ. ئەمە مانای ئەوەیە کاتێکی زیاتر کاری پێبکرێت. سەرمایەدار لە پێناو قازانجەکەی هەوڵدەدات، و کرێکاریش لەپێناو تەندروستییەکەی؛ لەپێناو چەند سەعاتێکی پشوودان، هەوڵدەدات بۆ ئەوەی بتوانێت نە تەنها کاربکات، بخەوێت و بخوات، بەڵکو بۆ ئەوەی لەلایەکیترەوە بتوانێت دووپاتی خودی خۆی بکات کە مرۆڤە.

بەم بۆنەیە دەبێ تێبینیەکی سەرپێیی دەربڕین، ئەوەش ئەوەیە کە هەرگیز ڕەهنی ئیرادەی باشی سەرمایەدارێك نییە بەتەنها بکێشرێت بۆ ناو ئەم جەنگە یان نا، چونکە کێبڕکێ ناچاری ئینسانیترین سەرمایەدار دەکات، هاوپەیمانی لەگەل برادەرەکانی بکات و پشت بە هەمان ئەو ماوەی کارە ببەستێت کە وەك بنەما پشتیان پێبەستووە.

خەبات لەپێناو دیاریکردنی ڕۆژی کار لە مێژوودا، لەگەل یەکەم هاتنە مەیدانی کرێکارە ئازادەکان دەستیپێکردو هێشتا تا ئیمڕۆمانیشدا دریچژەی هەیە. نەریتەکانی بە پێی جۆرەکانی پیشەسازی دووچارمان دەکات، ڕۆژانی کارکردن بۆ ماوەی جیاواز دەکات، بەڵام لە واقیعدا بەدەگمەن ئەو ڕۆژانە لەبەرچاو دەگیرێت. ئێمەش ناتوانین بڵێین کە ڕۆژی کاری سرووستی هەیە، ئاسایی، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە یاسا ڕۆژی کار دیاری و چاودێری دەکات.

ئەمە هەتا ئێستا ڕێك لە ئەیالاتە پیشەسازییەکانی بەریتانیا ڕوودەدات. لێرەدا ڕۆژی کار بە دە سەعات دیاریکراوە(دە سەعات و نیوە لە ماوەی پێنج ڕۆژ و حەفت سەعات و نیو لە ڕۆژ شەممە) بۆ هەموو ژنان، هەرزەکاران کە تەمەنیان لە نێوان سێزدە و هەژدە ساڵن و لەبەر ئەوەی پیاوان بە بێ ئەوان ناتوانن کار بکەن، بۆیە ئەمانیش سوود لە دە سەعاتی کاری ڕۆژ، وەردەگرن. کرێکارانی ئەنگلیز بە خەباتی خودی خۆیان ئەم یاسایە وەرگرت؛ بە ساڵانی درێژ لە جێگیروخۆڕاگری؛ بە خاتێکی بێوچان و کەلەڕەقانە لە دژی خاوەن کارگەکان؛ بەرێگای ئازادی ڕۆژنامەوانی و ماف گردبوونەوە، کۆبوونەوەو هاوپشتی و هەروا بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە سوودیان لە دووبەرەکی ناو چینی دەسەلاتدار وەرگرت. ئەم یاسایە بوو بە زامنی کرێکارە ئینگلیزەکان و تا ڕادەیەك گشت بوارەکانی پیشەسازییە گەورەکانی گرتەوەو ساڵی ڕابردوو تا ڕادەیەك هەموو پڕۆژەکانیشی گرتەوە، یان لەلانی کەمەوە بۆ ئەو پڕۆژەیانە کە ژنان و هەرزەکاران تێیاندا کاردەکەن.

لەبارەی بابەتی ڕێکخستنی یاسایی بۆ ڕۆژی کار لە ئەنگلتەرە، کتێبەکەمان کۆمەڵێ بەلگەنامەی تێدایە کە زۆر بەدوورێژی باسی ئەم لایەنە دەکات و دەخرێتە بەردەم (پەرلەمانی ئەلمانیای باکوور)یش بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی یاسای تایبەت بە پیشەسازی و پاشانیش گفتوگۆ لەبارەی ڕێکخستنەکانی کارکردن لە کرگەکان. ئێمە

هیوادارین نوێنەرێك لەو نوێنەرانە کە لەلایەن کرێکارە ئەلمانەکانەوە هەڵبژێردراوە، بەشداری نەکات لە گفتوگۆکردنی لەبارەی ئەم یاسایە، پێش ئەوەی بە قووڵی کتێبەکەی مارکسی خوێندبێتەوە و بەباشی لێی تێگەیشتبێت. لەم بوارەدا دەبێ کارێکی زۆر ئەنجام بدەین.

کەرتکەرتبوون ئیمڕۆ ناو چینە دەسەڵاتدارەکان لە کاتێکی تر زۆر بۆ کرێکارەکان گونجاوە، **چونکە هەڵبژاردنی گشتی چینە دەسەڵاتدارەکان ناچار دەکات، دەروەزەیی بکەن بۆ پشتکیری کرێکارەکان.** چوار یان پێنج لە نوێنەرەکانی چینی کرێکاران لەم بارودۆخە، **هێز پێکدەهێنن** ئەگەر بزانن چۆن سوود لە بارودۆخەکەیان وەردەگرن و پێش هەر شتێکیتر بزانن مەسەلەکە پەیوەندی بەچییەوە هەیە و باسی چی دەکرێت، بەڵام حاڵی بۆرژواکان وا نییە، هەروا لەپێناو ئەوەی کتێبەکەی مارکس کۆمەڵە بەلگەنامەیەکی ئامادەکراویان پێشکەش بکات.

ئێمە زنجیرەیەك لە لێکۆڵینەوەیەکی تری زۆر دەگمەن بەجێدەهێڵین کە زیاتر بایەخێکی تیئۆری هەیە، و تەنها لە دوا بەشی ئەم کتێبە(کەپیتاڵ)رادەوەستین کە تێدا چارەسەری شێوازی کەڵەکەکردنی سەرمایە دەکات. نووسەرەکەی لە سەرەتاوە دەسەلمێنێ کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدای، واتە ئەو شێوازە کە لەلایەکەوە سەرمایەداران جێبەجێی دەکەن لە لایەکیتر کرێکارە کرێگرتەکان، تەنهاو بەردەوام سەرمایە بۆ سەرمایەداران بەرهەمناهێنێت، بەڵکو لە هەمانکاتدا و بەبەردەوام هەژاری کرێکار بەرهەمدەهێنن. ئەم مەسەلەکە وا پیلانرێژکراوە بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە و سەرلەونوێ لەلایەکەوە سەرمایەداران هەبن کە خاوەنی هەموو ئامرازەکانی بژێوی، مادده سەرەتاییەکان و کەرەستەکانی کارن و لە لایەکەیترەوە، زۆربەی جەماوەری کرێکاران کە خۆیان بەناچارکراوی دەبینن بۆ فرۆشتنی هێزی کارەکەیان بەو سەرمایەدارانە کە لە بەرامبەر بڕێکی دیاریکراو لە ئامرازەکانی بژێویان لە کریمانەی باشترین بارودۆخ، رێك بەسی مانەوەیان دەکات بەچاکی بۆ کارکردن و بۆ پێگەیاندنی نەوەی نوێی کرێکارە رەنجدەرەکان کە بۆ کارکردن کەڵکیان هەیە. بەڵام کاری سەرمایە تەنها بۆ لەدایکبوون و نۆژەنکردنەوەی بەرهەمهێنان نییە: سەرمایە بەبەردەوام زیاددەکات و بەمە لە دەسەڵات و هێزەکەی زیاددەکات کە بەسەر جەماوەری کرێکارە رووتوقوتەکان سەپاوە. هەروەك چۆن سەرمایە زۆردەبێ و بەبەردەوام لە پانتاییەکدا بەرفراوانتر دەبێت، شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دووبارە چینی رووتوقوتی کرێکاران لەسەر ئاستی پانتاییەك کە هەمیشە بەرفراوانتر دەبێت و بە ژمارەیەکی هەمیشە زیاتر، بەرهەمدەهێنێت.

کەڵەکەکردن هیچیتر ناکات تەنها بەرهەمهێنانی سەرلەنوێی ئەم پەیوەندییە نەبێت((ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان هەیە: سەرمایەو کاری کرێگرتە-بلاوکەرە فەرەنسییەکان-))وەك یەك لە بوارێکی پێشکەوتوودا، بە ژمارەیەکی زیاتر لە سەرمایەداران لەلایەك و ژمارەیەکی مەزنتر لە کارگەرانی کرێگرتە لەلاکەی ترەوە....کەواتە کەڵەکەکردنی سەرمایە لە هەمان کاتدا، زیادکردنی چینی کرێکارانە.

بەڵام بە هۆی پێشکەوتنی زۆر باشی ئامراز و کشتوکاڵ...هتد هەمیشە پێویستی بە ژمارەیەکی کەمتر لە کرێکار دەبێت بۆ دەستکەوتنی هەمان چەندایەتی بەرهەمەکان و بە هۆی ئەم باشییەوە کە مانای واقعی ئەفراندنی

زێدەی کرێکاران دەدا و تەنانەت هەمیشە خێراتر لە خودی سەرمایە کە ژمارەیان روو لە زیادبوون دەکات، پێشدەکەوێت. ئایا چی لەگەڵ ئەم کرێکارەانە روو دەدات کە ژمارەیان هەمیشە لە زیادبوونە؟
ئەمانە لەشکرێکی پیشەسازی یەدەك پێکدەهێنن ولەو ماوەیە کە بارودۆخەکە خراپ یان لاواز بەرێوەدەچێت، کەمتر لە بەهای کارەکەیان دەستدەکەوێت و بەشێوەیەکی کاتی بەکاردەهێنرێت یان دەبێ بە بار بەسەر یارمەتییە خێرخوازییە گشتییەکانەوە، بەڵام لەو ماوەیە کە کارەکان بەشێوەیەکی تایبەتی گەشەدەسێنێ، ئەم یەدەکە بە کەڵکی خاوەن کارەکان دەگەڕێتەوە-وەك لە بەریتانیا دەردەکەوێت- واتە ئەم لەشکری یەدەکەی کرێکارە پیشەسازییەکان بەکاردەهێنێت بۆ روخاندنی هێزی بەرگری ئەو کرێکارانە کە بە شێوەیەکی رێکخراو بەکاردەهێنرێن و بۆ هێشتنەوەی کرێی کارەکەیان لە نزمترین ئاستدا.
(هەرچەند سەروەتی کۆمەڵایەتی مەزنتر بوو...زێدەی رێژەیی ژمارەی دانیشتوان یان لەشکری یەدەکی پیشەسازی، زۆرتر دەبێ. بەڵام هەرچەند یەدەکەکان زیاتر بوون بە نیسبەت لەشکری کاری چالاك(ئەوانەی بەشێوەیەکی رێکخراو بەکاردەهێنرێن)، زێدەی جێگیرکراو(بەردەوام و نەگۆڕ)ی دانیشتوانیش زیاددەبن و چینی کرێکار کە نەهامەتەکانیان راستەوخۆ هاوشانە لەگەڵ رەنجی قورسی سەپێندراو و چڕتر دەبن. لەدواییدا هەرچەند ژمارەی رەشورووتەکانی چینی کرێکار بە کرێ و لە شکری یەدەکی پیشەسازی زیادی کرد، دووڕوویی فەرمیش زیاددەکات. ئەمە یاسای گشتی و رەهایە بۆ کەڵکەکردنی سەرمایە- مارك، سەرمایە، جلدی سێهەم).
ئەمە بەشێوەیەکی زانستیانە و زۆر بەدڵڕەقی و رود دەرکەوتووە-ئابووریناسە فەرمییەکان بەتەواوەتی خۆیان لادەدەن لە هەوڵی وڵامدانەوەی-هەندێ یاسای سەرەکییەکانی سیستێمی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری لە سەردەمی هاوچەرخ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئایا هەموو شتێك گوترا؟ هەرگیز نەخێر. ئەگەر مارکس هەڵدەستێ بە پێشاندنی لایەنە خراپەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تا هێزی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا پلە بە پلە بۆ ئاستێك بەرزبکات، تێدا **هەموو** ئەندامانی کۆمەڵگا وەك یەك گەشە بە بەها مرۆییەکانیان بدەن.
بەرهەمهێنانی سەرمایەداری یەکەم بەرهەمهێنانە سەروەتوسامان و هێزی بەرهەمهێنان کە مەرجە پێویستەکانی پێکدەهێنن، دەخوڵقێنێ، بەڵام لە هەمان کاتی خوڵقاندنەکەیدا، جەماوەری کرێکارە چەوساوەکانیش دەخوڵقێنێ و ئەو چینە کۆمەڵایەتییە پێکدێت کە خۆی رۆژ لەدوای رۆژ بە ناچار دەبینێت داوای بەکارهێنانی ئەم سەروەت و هێزی بەرهەمهێنانە بکات بۆ بەرژەوەندی گشت کۆمەڵگا- نەك وەك بارودۆخی ئیمڕۆمان-بۆ بەرژەوەندی چینێکی مۆنۆپۆڵ.

# کەڵەکەکردنی سەرەتایی

## نهێنی کەڵەکەکردنی سەرەتایی

ئێمە بینیمان چۆن مایە دەبێتە سەرمایەو ئەمیش دەبێتە سەرچاوەی زیادەبایی و ئەمیش دیسا بە سەرچاوەی سەرمایەی تەواوکەر. بەڵام کەڵەکەکردنی سەرمایە، پێشوەخت گریمانەی هەبوونی زێدەبایی دەکات و ئەمەش پێشوەخت گریمانەی هەبوونی

هەر شێوەیەك لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەكات كە بەخۆی ناچێتە ناو گۆڕەپانەكەوە، تەنها لەو چركەساتەدا نەبێت كە تێیدا كوتلەیەك لە سەرمایە كەڵەكەی كردووەو هێزی كارگەران بە دەستی بەرهەمهێنەرە كالاییەكانەوە، گەیشتووەتە پلەیەكی دیاریكراوی زلهێز. كەواتە ئەمە هەمووی پیشاندەدەن كە ئەم بزووتنەوەیە لەناو بازنەیەكی بۆشدا دەخولێتەوەو ناتوانێت لێی دەربازببێت بەبێ ئەوەی وەك ئادەم سمت داندەنێت بە بوونی كەڵەكەكردنی سەرەتایی(accumnlation previous)پێشتر بۆ كەڵەكردنی سەرمایەو وەك خاڵی دەستپێكی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خزمەتدەكات، لەبری ئەوەی لێوەوەی سەرچاوەی وەرگرتبێت.

دەتوانین بڵێین كە رۆڵی ئەم كەڵەكەكردنی سەرەتاییە لە ئابووری سیاسییدا، نزیكە لە هەمان ئەو رۆڵە كە خەتاباری سەرەتا لە(زانستی لاهوتی)دەیبینێت. ئادەم قەپی لە سێوەكە گرت و خەتاباری لە جیهان لەدایك دەبێت؛ سەرچاوەكەی بە سەرچڵی راڤەیدەكات و ئیدعادەكات كە لەپاش ئەفراندنی جیهان بە چەند رۆژێك روویداوە.

هەروا لە رابردوودا، لە چاخێكی زۆر دوور، لە سەردەمێكدا كۆمەڵگا بۆ دوو ئۆردوگا دابەشبووە: قەومێك لە هەڵبژاردە(نوخبە)هەبوو كە زیرەك وچالاكانە خەریكی كاركردن بوون و نەریتی تایبەتی خۆیان هەبوو و، لەولایشەوە كۆمەڵێك تەمەڵ كە لە بەیانییەوە تا ئێوارەو لە ئێوارەوە تا بەیانی مێواندایان دەكرد.  ئاشكرایە یەكەمەكەیان كەنز لەدوای كەنزیان كەڵەكەدەكرد، كەچی ئەوانیتر لە پڕێكدا دەبینن هیچ شتێكیان نییە. ئا لێرەدا هەژاری زۆربە كە ئەركیان لەسەرە سەرەڕای كاركردنی بێ كۆتایی و بێ وەستاندن، بەخودی خۆیان رەنجبدەن؛ لەلایەكی تریشەوە دەوڵەمەندی ژمارەیەكی كەم كە بەری هەموو كارەكانیان دەستدەكەت، بەبێ ئەوەی ئەركی بەكارهێنانی پەنجەكانی دەستیشیان لەسەربێت.

 هەقبێژییە ئەگەر بڵێین كە چیرۆكی خەتای سەرەتایی لە لاهوتدا، پیشاندەدات چۆن خودا بڕیاریدا مرۆڤ بە ئارەقەی نێوچەوانی نانەكەی دەستبخات. بەڵام بەداخەوە، چیرۆكی خەتای ئابووری كەلێنێك پڕدەكات ئەوەش كاتێ پیشاندەدات چی بەسەر ئەوانە دێت كە سەرپێچی لە یەكێك لە فەرمانەكانی خودا دەكات.

ئەوانە هەرگیز ماندوو نابن لە دووبارەكردنەوەی ئەم منداڵكارییە هیچوپوچە. بۆ نموونە بەڕێز(تیار) هێشتا دەوێرێ نان بەو فەرەنسییانە بدات كە جاران زۆر زیرەك و روح سووك بوون و ئەو منداڵكارییە هیچووپووچە لە كتێبێكدا پێشكەشدەكات و وەك پیاوێك لە پیاوانی دەوڵەت بە بوێرییەوە ئیدیعای ئەوە دەكات بەتەواوەتی بنەبڕی ئەو هێرشە خوانەناسانەی كردووە كە سۆسیالیستەكان لە دژی موڵكایەتی ئەنجامیانداوە. لە راستیدا كاتێ مەسەلەی موڵكایەتی بۆ شێكردنەوە دادەنرێت، دەبێ هەر مرۆڤێك ئەركێكی پیرۆز ئەنجامبدات و ئەوەش ئەوەیە بەسبكات بە ژێری كتێبی ئەلفوبێت؛ ئەو تاقە كتێبە كە هەموو قوتابیان لە هەموو تەمەنێكدا بەكاریدەهێنن و دەیخوێننەوە .

هێرشكردن، كویلەكردن، دەستدرێژی چەكدارانە، راوورووتكردن، دەسەڵاتداریێتی هێزە دڕندەكان لە رووداوە مێژوویيە واقیعییەكان و لاپەڕەكانیدا، هەمیشە سەردەكەوتن. بەڵام لە سەرچاوە ئابووری سیاسییە بەحورمەت و بەڕێزەكاندا، بە پێچەوانەوە، لە هەموو كاتێكدا خۆشەویستی بێگەرد، سەردەكەوت. بە گوێرەی بۆچوونی ئەو(مەبەستی تیار)ە، بێجگە لەم ساڵە، هەگیز پێشتر هیچ ئامرازێكیتر نەبووە بۆ دەوڵەمەندی تەنها بە كارو هەق نەبێت. لە راستیدا شێوازە زۆرەكانی كۆكردنەوەو كەڵەكەكردنی سەرەتایی هەموو ئەوەیە كە تۆ دەتەوێ، تەنها بابەتی خۆشەویستی بێگەرد و عیشقی بێتاوان نەبێت.

پەیوەندی فەرمی سەرمایەدارو كرێگرتە، مۆركی بازرگانی پەتی هەیە. ئەگەر یەكەمیان رۆڵی سالارو دووهەم، رۆڵی خزمەتچی ببینێت، ئەو پەیوەندییە لەبەر چاكی گرێبەستێكدا نەبوو، ئەمیان بە رێگەیەوە تەنها خۆیی نەخستووەتە خزمەتی ئەویترو پاشان لە بارودۆخی ملكەچی بۆ ئەو، بەڵكو  لە هەموو مافێك لە مافەكانی موڵكایەتی خودی بەرهەمەكەی، وازی هێناوە. بەڵام بۆچی كارگەری كرێگرتە ئەم گرێبەستە دەبەستێت؟ چونكە بێجگە لە هێزی كەسایەتییەكەی، هیچ موڵكێكی تری نییە، واتە ئەو كارە كە هێشتا لە بواری هێزو توانایە، كەچی هەموو مەرجە دەرەكییە پێویستەكان بۆ بەرجەستەكردنی قودرەت و لە جەستەیەكدا پێكیبهێنێت، واتە ماددەو كەرەستە پێویستییەكان بۆ مومارەسەی كاركردن بەشێوەیەكی سوودبەخش و قودرەت بۆ

هەڵسوکەوتکردن بە کەرەستەی بژێوی کە وەلانانرێت بۆ پاراستنی هێزی کارکردن و گۆڕینی بۆ بزووتنەوەیەکی بەرهەمهێنەر.
هەموو ئەمە لە دیوەکەیتر هەیە.
لە بنەڕەتی سیستێمی سەرمایەداریدا، شتێك لەهەناویدا هەیە، واتە جیابوونەوەی ریشەیی لە نێوان بەرهەمهێنەرو کەرەستەکانی بەرهەمهێنان. ئەم جیابوونەوەیە لەو کاتەوە کە سیستێمی سەرمایەداری کۆڵەکەکانی بتەو بووە، بە شێوەیەکی پلە بە پلەی پێشکەوتوو، دووبارە بەرهەمدەهێنێت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو جیابوونەوەیە لەسەر بنەمای ئەم سیستێمە پێکدێت، ئەوا ناتوانێت بەبێ ئەو توندوتۆڵ ببێت. بۆ ئەوەی ئەم سیستێمی سەرمایەدارییە لەدایك ببێت، کەواتە دەبێ لەلانی کەمەوە بە کردەوە، بەشێکی کەمی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان بەبێ چەندوچۆن، لە بەرهەمهێنەراندا، داماڵیوە، ئەو بەرهەمهێنەرانە کە بەکاریاندەهێنا بۆ ئەنجامدانی کارە تایبەتییەکانیان؛ دەبێ ئەم کەرەستەی بەرهەمهێنانە لە دەستی بەرهەمهێنەرە بازرگانەکان ئاستەنگ بێت کە لەلایەن خۆیانەوە بە کارکردنی غەیرەو مامەڵە پێکردنیان بۆ بازرگانی بەکاریاندەهێنن. ئەو **بزووتنەوە مێژووییەی** کە جیابوونەوە لە نێوان کارو مەرجە دەرەکییەکان جێبەجێدەکات، کەواتە ئەمە کلیلی نهێنی ئەو کەڵەکەکردنەیە کە پێدەڵێن کەڵەکەکردنی((سەرەتایی))چونکە بۆ چاخە پێش مێژووییەکەی جیهانی بۆرژوازی دەگەڕێتەوە.
سیستێمی ئابووری سەرمایەداری لەناو هەناوی سیستێمی ئابووری دەرەبەگایەتییەوە دەرچووەو نەمانی یەکێکیان بووە هۆی سەرهەڵدانی توخمە پێکهێنەرەکانی ئەویتریان.
ئەمما کارگەر، واتە بەرهەمهێنەری راستەوخۆ بۆ ئەوەی بتوانێت هەڵسوکەوت بە خودی کەسایەتییەکەی خۆی بکات، دەبوو یەکەمجار وازبهێنێت لەوەی کە بە موڵکییەتی دەرەبەگەکە بەستراوەتەوە، یان دەبوو ببێت بە دەرەبەگ بۆ کەسێکیتر؛ و نەیدەتوانی ببێت بە فرۆشیارێکی ئازادی کارکردن، کاڵاکەی لەسەرشان هەڵبگرێت تا بازاڕێکی بۆ بدۆزێتەوە، تەنها پاش ئازادبوونی نەبێت لە سیستێمی(تایفەی پیشەکان) لەگەل جەماعەتی سەرۆك پیشەکان کە تێیاندا(یان گەورەپیاوانی کار: chefs de maitrises)و وەکیلی تایفەکان(jurandes)و یاساکانی مەشقپێکردن و راهێنان..هتد.
ئەو بزووتنەوە مێژووییە کە بەرهەمهێنەران بۆ کرێگرتە دەگۆڕێ ولە زنجیرەی پیشەسازی پلە بە پلە، وەك رزگارکەریان لە رەنجبەری دەردەکەوێت. لە لایەکیترەوە ئەم رزگارکەرانە، نابنە فرۆشیاری کەسەکانیان تەنها ئەو کاتە نەبێت کە لەهەموو کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی دەستیان و لەهەموو بژێوییە دابینکراوەکان کە سیستێمە کۆنەکە پێشکەشیانی دەکرد، رووتدەکەنەوە. مێژووی زەوتکردنی موڵکایەتییەکەیان بابەتێك نییە بۆ حەدس و گریمانە: لە لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا بە پیتی نەمرانەی خوێن و ئاور(ئاگر)، نووسراوە
ئەمما سەرمایەدارەکان، خاوەن پرۆژەکان، ئەو سوڵتانە نوێیانە کە خاوەن دەسەڵاتی رەهان، تەنها ئەوەیان لەسەر نەبوو، سەرۆك پیشەکان لەڕیشەوە دەربکەن، بەڵکو دەرەبەگە خاوەن موڵکەکانیش لەڕیشەوە دەربکەن تا دەستبەسەر سەروەتیشدا بگرن. لەم بارەیەوە دەسەڵاتگرتنەدەستی سەرمایەدارەکان وەك دەرئەنجامی جەنگێکی سەرکەوتوو لە دژی دەسەڵاتی خانەدانەکان لەگەل ئیمتیازاتە سەرنجراکێشەکان دەردەکەوێت و دژی سیستێمی تایفەگەرییەتی و ئەو رێگرییانەی دەیخاتە بەردەم گەشەسەندنی ئازادی بەرهەمهێنان و بە کاربردنی مرۆڤ بە شێوەیەکی ئازادانە. بەڵام سوارچاکەکانی پیشەسازی خانەدانەکان، وەچەی سوارچاکانی شمشێری شەرەفمەندیان نەخستووەتەوە تەنها بە سوودوەرگرتن نەبێت لە رووداوگەلێك کە دەستیان تێدا نەبووە. ئەمانە بەئامرازگەلێکی سووك و ڕسوا گەیشتنە دەسەڵات کە هاوچەشن بوو لەگەل ئەو ئامرازە سووك وڕسوایانە کە کۆیلە ئازادکراوەکانی رۆما بەکاریاندەهێنا بۆ ئەوەی ببێت بە سەرداری سەردارەکەی.
کۆی ئەو گەشەسەندنە کە لە پرۆسەی پێگەیشتنی هەردووکیان، واتە کرێکاری کرێگرتەو سەرمایەدار دەگرێتەوە، خاڵێکی دەستپێکی هەیە کە ئەوەش کۆیلەکردنی ئیشکەرە؛ ئەو پێشکەوتنەی پێدەگات، لە گۆڕینی شێوەی کۆیلەکردن دەکرێت و بوار فەراهەمکردن بۆ گەشەسەندنی بەکاربردنی دەرەبەگایەتی بۆ بەکاربردنی سەرمایەداری. بۆ ئەوەی خوێنەر لەم گەشەسەندنە تێبگات، پێویست ناکات بۆ سەردەمە زۆر کۆنەکانی مێژوو بگەڕێینەوە.

سەرەڕای داڕشتنە سەرەتاییە یەکەمەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و روخسارە سەرەتاییەکەی لە سەردەمێکی زوو لە دەوری دەریای ناوەڕاست روویداوە، بەڵام سەردەمی سەرمایەداری بۆ سەدەی شازدەهەم دەگەڕێتەوە. کاتێ ئەم بەرهەمهێنانە سەرهەڵدەدات، لەناوبردنی سیستێمی رەنجبەرایەتی بووە بە واقیع و سەردەمێکی زۆری بەسەرچووەو بووەو سیستێمی شارە دەسەڵاتدارەکان کە شانازی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، بەوپەڕی وێرانبوونی گەیشتووە.
لە مێژووی کەڵەکەکردنی سەرەتایی، هەموو ئەو شۆڕشانە کە وەك بەرزکەرەوەی پێشخستنی چینی سەرمایەدار بەرەو پێکهاتن، خزمەتدەکەن، لەهەماند کاتدا رووداوگەلێکی گەورەو لەبەرچاو پێکدەهێنن و بەتایبەتی ئەو شۆڕشانە کە هەڵدەستن بە داماڵینی جەماوەرێکی بەرفراوان لە ئامرازە بەرهەمهێنەرەکان ولە ئامرازە نەریتییەکانیان بۆ بژێویان ولە پڕێکدا دەیانخەنە ناو بازاڕی کارکردنەوە. بەڵام بنەمای ئەم هەموو گۆڕانکارییە، داماڵینی موڵکایەتی جووتیارەکانە.
ئەمەش تەنها لە بەریتانیا نەبێت، هێشتا بە تەواوەتی بەشێوەیەکی ریشەیی ئەنجام نەدراوە: کەواتە ئەم وڵاتە هەڵدەستێت بە رۆڵی یەکەم لەو وێنە یەکەمە کە لە داهاتوودا، باسی دەکەین.
بەڵام هەموو وڵاتە ئۆروپییە رۆژئاواییەکانیتر هەمان ئەم بزووتنەوەیە دەبەزێنێت کەرچی رەنگە لۆکاڵییەکەی ئەم بزووتنەوەیە بە گوێرەی ژینگەکەی دەگۆڕێت یان ئەم بزووتنەوەیە لە بازنەیەکی لە بازنەیەکی بەرتەسك فشاری دێتە سەر، یان مۆرکێکی تەماوی و کەمتر دەرکەوتوو، پیشاندەدا، یان رێکخستنێکی جیاوازی دەبێت .

# یاسادانانی خوێناوی دژ بەوانەی موڵکایەتییەکەیان لێ وەرگیرا لە سەرەتای کۆتایی سەدەی پازدەهەموە-یاسا تایبەتەکان بە کرێ

نەشونمای پرۆلیتاریای بێ حاڵ وماڵ لەو کەسانەی کە لەلایەن گەورە دەرەبەگەکانەوە، بێکارکران و لەو جووتیارانە کە بوون بە قوربانی کارە توندوتیژە دووبارەبووەکانەوە بۆ دەستبەسەرڕاگرتنی موڵکایەتی، پێکهاتن- ئەم نەشونمایە وەك پێداویستێك خێراتر لەوەی کە هەڵدەمژرا، روویدەدا و لەلایەکیترەوە، ئەوانە کە لەپڕ لە مەرجە ئاساییەکانیانی ژیانیان، رووتکرانەوە، نەیاندەتوانی بە هەمان شێوەی لەپڕ، خۆیان لە گەل یاسای سیستێمی نوێ خێرا بگونجێن. بەم شێوەیە کۆمەڵێکی بەرفراوان لە دەروەزە، لانەوازو دزیان لێدەرچوو. ئا لێرەوە لەدەوروبەری کۆتایی سەدەی پازدەو هەموو سەدەی شازدەدا، یاسای خوێناوی دژی لانەوازی دەرکرا. باوکانی ئێستای چینی کرێکاران سزادران چونکە بە ژیانی لانەوازی و هەژاری ناچارکران.
یاساکان وەك لانەوازگەلێگ مامەڵەی لەگەل دەکردن وەك بڵێی ئەوانە رامان و بڕیارێکی پێشوەختیان دابێ بۆ لانەوازی و گریمانەی ئەوەیان کردووە کە لە توانایاندا هەیە وەك جاران هەڵبژێرن ودرێژە بە کارکردن بدەن، وەك بڵێی هیچ لە بارودۆخیان نەگۆرابێ.
ئەم یاسادانانە لەبریتانیا، لەسەردەمی هینری حەوتەهەم دەستیپێکرد.
هنری هەشتەهەم، 1530: دەروەزە، بەساڵاچوو و لەکارکەوتووان ناسنامەی دەروەزەییان پێدەدرێت، بەڵام لانەوازە تەندرووستەکان سزای قەمچیلێدان و زیندانی دەدرێن.
سزادراوەکان لەپشت عارەبانەکان کۆتدەکران و قامچیکاری دەکران تا خوێن لەسەر لاشەیان دەچۆڕی و لەپاشاندا دەبوو سوێندبخۆن و گفت بدەن بە گەڕانەوەیان چ بۆ شوێنی لەدایکبوونیان یان بۆ ئەو شوێنە کە پێش 3ساڵی دوایی تێدا دەژیان و((گەڕانەوە بۆ کارکردن)).
ئای لەم گاڵتەجاڕییە! لە حوکمڕانی بیست و هەشت ساڵەی هنری هەشتەهەمدا، خودی ئەم یاسایە بە یاسایەکی زۆر روح سووك دانرا. پەرلەمان بە زیادکردنی ەرەگرافێ تر، سزاکانی توندترکرد. لە حاڵەتی لەیەکەم دووبارەکردنی تاوانەکەدا، دەبێ

دەروەزەکەووبارە بە قەمچی لێبدرێت و نیوەی گوێی ببڕدرێت و لە دووبارەکردنی دووهەمدا وەك سەرپێچکەر مامەڵەدەکرا و وەك دوژمنی دەوڵەت لە سێدارە دەدرا.
موستەشار تۆماس مۆر لە کتێبەکەیدا بە ناوی(ئۆتۆبیا) بە شێوەیەکی زیندوو و ورد بارودۆخی ئەو بێچارانەی کە رووبەڕووی ئەم یاسا دڕندانەیە دەبوونەوە، وەسپ کرد: (ئا بەو شێوەیە روودەدا کە کەسێکی زۆر چڵێس کە هەرگیز تێرخواردنی نییەو نەگبەتییەکی راستی  توشی نیشتیمان دەبێت، دەتوانێت دەست بەسەر هەزاران فەدان زەوی بگرێت و دەوروبەری بە کۆڵەکە و تەل بەند بکات یان خاوەنەکانی بەکاری ستەمکاری و لەشفرۆشی ناڕەحەت بکات و ناچاریان بکات بە فرۆشتنی هەبوو و نەبوویان و بە شێوەی جۆراوجۆر ناچاریان بکەن خۆویستانە یان بە زۆرەملی هەموو هەژارەکان، دڵسافەکان، ژنان و پیاوان، هاوسەرەکان، هەتیوەکان، بێوەژن و دایکان لەگەڵ شیرخۆرەکانیان و هەمو شتێکیان، هەڵبێن؛ ئەوانە دەستمایەیەکی کەمیان هەیە، بەڵام ژمارەیان زۆرە و دەبێ هەنگاوەکانیان بەرەو دوورکەوتن لە خانووە کۆنەکانیان بنێن، بەبێ ئەوەی شوێنێك بۆ پشودان بدۆزنەوە و لە بارودۆخێکی تردا، دەکرا فرۆشتنی پێخەف و ناوماڵەکانیان یارمەتیان بدات، هەرچەند نرخەکانیان کەم بێ، بەڵام کاتێ لە پڕێکدا فڕێدەدرێنە چۆڵەوانی، ناچاردەبن بە نرخێکی زۆر هیچوپوچ بیانفرۆشن. ئەوجا چییان پێدەکرێت پاش ئەوەی لێرەو ولەێ پاڵکەوتن و دوا فلسیان خەرجکرد؛ بێجگە لە دزی چی تریان پێدەکرێت و ئەوجا هاوار بۆ خوادا دەبەن! هیچیان لەبەردەم نییە تەنها هەڵواسین نەبێ بە گوێرەی هەموو شێوە یاساییەکان یان درێژەپێدان بە هەستان بە دەروەزەیی؟ ئەوکاتە وەك لانەوازەکان فڕێدەدرێنە ناو کونجی زیندان، چونکە وەك لانەوازان دەژێن و هیچ کارێك ناکەن؛ ئەمانە ئەو کەسانەن هەرچەند حەماسەتیان هەبێ بۆ ئەوەی خۆیان پیشان بدەن بۆ هەستان بە هەر جۆرێك لە جۆرەکان کارکردن، هیچ کەس رازی نییە کاریان پێبدات.
وەك (تۆماس مۆر)ی هاوسەردەمیان دەڵێت، ئەم هەڵهاتووانە ناچارکران بۆ لانەوازی و دزیکردن((لەسەردەمی هنری هەشتەهەم سزای هەڵواسین لەسەر000 72کەسیان درا)).
لە یەکەم ساڵی حوکمڕانی(ئەدوارد)ی شەشەم-1547، یاسایەك دەردەهێنێت لەبارەی هەر کەسێك نەیەوێت کاربکات، ئەوا ئەو کەسە وەك کویلەیەك دەکات بە موڵکی ئەو کەسەی خەبەری لێداوە کە لانەواز و دەروەزەیە. ئا بەم شێوەیە، بۆ ئەوەی کەسێك کاری یەکێك لەو بێچارانە بۆ خۆی بەکاربهێنێت، تەنها پێویستی بەوە دەبێت خەبەری لێ بدات کە کابرایەکی سەرکێشە و نایەوێت کاربکات. کابرای خەبەرلێدەر ئەوەی لەسەرە نان و ئاو بە کۆیلەکەی بدات و بەیناوبەینیش ئەلکهولی سووك و پاشماوەی ئەو گۆشتە کە بە گونجاوی دەزانێت. هەروا ئەو مافەیشی هەیە بە قەمچی و کۆتەوە، ناچاری بکات بۆ ئەنجامدانی پیسترین و نزمترین کار. ئەگەر کۆیلەکە نزیکەی15رۆژ دیاری نەما، سزای کۆیلایەتی بۆ هەمیشە لەسەر دەدرێت و بە ئاسنی سوورکراو، لەسەر هەردوولای روومەت و نێوچەوانی، پیتی(ئێس)-یەکەم پیتی کۆیلە بە زمانی ئینگلیزی-وێنەدەکێشرا. ئەگەر کۆیلەکە بۆ جاری سێهەم هەڵهات، ئەوسا بە تۆمەتی سەرکێشی لە دەوڵەت، هەڵدەواسرا. سەیدەکە دەتوانێ کۆیلەکەی بفرۆشێت و پاش خۆی بە گوێرەی وەسیەتنامەکەی بیدا بە وەچەکانی و وەك هەر کاڵایەك بۆ گواستنەوە یان ئاژەڵ، بیدا بە کرێ. ئەگەر کۆیلەکان پیلانگێرییەکان لە دژی سەیدەکانیان رێکبخستبا، سزای مەرگیان لەسەر دەدراو لەبەر ئەوەی دادوەرانی سوڵحکردن ئەم لایەنانە پێ راگەیەندرابوو، دەبوو شوێن پێی جەربەزەکان هەڵبگرن. کاتێ یەکێك لەو رووت و پێخاوسانە دەستگیر دەکرا، بە ئاسنی سوورکراو هێمای(V)یان لە سەر سنگیان وێنەدەکێشاو بۆ شوێنی لەدایکبوونەکەی دەیانگەڕاندەوەو دەبوو بە کۆتکراوییەوە لە گۆڕەپانە گەورەکاندا کاربکات، بەڵام ئەگەر لانەوازەکە بە درۆ شوێنی لەدایکبوونی و ئەدرەسێکی هەڵەی پێیان بدات، سزای کۆیلایەتی بۆ هەمیشە لەو شوێنە لەسەردەدرا بۆ دانیشتوانەکەی یان بۆ تایفە پیشەییەکەی و حەرفی(ئێس)یان لەسەر دەنووسی.
یەکەم کەسی پیادە بۆی هەبوو دەست بەسەر منداڵەکانی ئەو کۆیلەیە بگرێت و وەك کرێکارگەلێکی مەشقپێکراو بۆ خۆی رایانبگرێت؛ نێرینەکان تا تەمەنی24ساڵی و مێینەکان تا تەمەنی20ساڵی راگرێت. ئەگەر ئەوانە هەوڵی هەڵهاتنیان دا، ئەوا لەم حاڵەتە تا تەمەنی دیاریکراو، دەکرێن بە کۆیلەی خاوەن کارەکان کە مافی ئەوەیان هەبوو و بەئارەزووی خۆیان، هەر چۆنێك حەز بکەن، بە زنجیر کۆت و قەمچیکاریان بکەن...هتد. هەر خاوەن کارێك دەتوانێ ملی کۆیلەکەی یان دەستەکانی یان پێی بە ئاسن

کۆت بکات تا بە شێوەیەکی باشتر بیانناسنەوە یان کۆتیان بکەن. بەشێکیتری ئەو یاسایە، ئەو حاڵەتەی لەبەرچاو گرت کە هەندێ لەو هەژارانە لەلایەن هەندێ کەس یان بنکەوە قبووڵ دەکەن خۆراك و شەرابیان پێبدرێت و کاریان بدرێتە دەست. ئەم جۆرە کۆیلانە لە کۆیلەی دیرەکانی کڵێسا بوون و لەبەریتانیا تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە ژێر ناوی(پیاوانی گەڕۆك)مابوونەوە.

ئەلیزابێت، ساڵی(1572): (ئەو دەروەزانە کە هێشتا ناسنامەیان وەرنەگرتووەو تەمەنیان چواردە ساڵ تێپەڕاندووە، دەبێ بە دڵڕەقییەوە، قامچیکاری بکرێن وگوێی چەپیان بە ئاسنی سوورکراوە نیشانە بکرێن ئەگەر کەسێك ئارەزووی نەبوو بۆ ماوەی دوو ساڵ بەکاریان بهێنێت، بەڵام ئەگەر بۆ جاری سێهەم دەستگیرکران، دەبێ بێ بەزەییانە هەڵواسرێن و هیچ بەزەییەك نایانگرێتەوە لەبەر ئەوەی لە دەوڵەت سەرپێچی دەکەن.. هەروا یاسای هاوچەشن دەبینین: 18، ئەلیزابێت، بەشی13، و یاسای ساڵی1597 و لە سایەی ئەو حوکمڕانییەدا کە بە دایکایەتی پایەبەرزی و کچێنییەکەی، هاوسانە، واتە لە سێبەری دەسەڵاتی(کوین بیس)دا کە لانەوازەکان کۆمەڵ کۆمەڵ و لە ریزێکی دوورودرێژدا، هەڵدەواسران؛ ساڵێك تێنەدەپەڕی ئەگەر لەم شوێن یان ئەو شوێنە، 300یان400 لانەواز لەسەر قەنارەکان هەڵنەواسرێت وەك(ستریپ) لە حولییەکانی(ئەناتیس)دەڵێ. بە گوێرەی گێڕانەوەکەی، ژمارەی هەڵواسراوەکان تەنها لە(سومەرستشیر)لە یەك ساڵدا گەیشتە 40کەسی هەڵواسراو، 35کەس بە ئاسنی سوورکراو خاڵیان دەکێشرا و37کەس بە قەمچیلێدان سزادران و183لەو عەوامانە کە هیچ هیوایەك بۆ چاکبوونەوەیان نەبوو، ئازاد دەکران.

سەرباری ئەوەش، بەو شێوەیە ئەم مرۆڤدۆستە درێژەی پێدەدات:

ئەم ژمارە گەورەیە لە تاوانباران 5%ی ئەو تاوانانە ناگرێتەوە، ئەوەش بەهۆی تەمەڵی دادوەرانی سوڵح و ئەو بەزەییە ئەحمەقانە کە گەل دەریدەخست...ولە ئەیالاتەکانیتری بریتانیا بارودۆخە لەوە چێتر نەبوو و لە چەندین ئەیالاتیتر بارودۆخەکە خراپتر بوو.

یاسای حوکمڕنی جاکی یەکەم: هەموو ئەو کەسانە کە لە وڵاتدا دەگەڕێن و داوای خێر دەکەن بە لانەواز ناونووس دەکرێن. دادوەرانی سوڵح(هەڵبەت هەموویان لە خاوەن موڵکە عەقارییەکان، خاوەن کارگە و کاهنەکان...هتد پێکهاتبوون و پلەی دادوەری تاونکاریان وەردەگرت)، دەبێژم هەموویان لە دانیشتنە ئاساییەکانیان، نوێنەر بوون بۆ فەرماندان بە دارکاری ئاشکرای ئەو لانەوازانە لەبەردەم خەڵك و سزادانیان بە 6مانگ زیندانی لە کاتی ئەنجامدانی تاوان بۆ جاری یەکەم و بە دوو ساڵ لە جاری دووهەم. لە هەموو کاتی زیندانبوونەکەیاندا، دادوەرانی سوڵح دەتوانن بەو پلەو توندییە کە بە شیاوی دەزانن، قەمچیکارییان بکەن.... لانەوازە سەرپێچکەرە ترسناکەکان دەبێ لەسەر ڕوومەتی لای چەپیان، پیتی(R-کورتکراوی وشەی ئەنگلیزیە بۆ لانەواز)نیشانەبکرێن و ئەگەر دووبارە بە سواڵکەرکردن دەستگیرکران، بێ بەزەییانە سزادەدرێن و لە کۆمەکی(کاهن)یش بێبەش دەکران. ئەم یاسانە تەنها لە ساڵی1714لابران.

لە(فەرەنسا)شدا یاساگەلێکی هاوچەشن بەرچاومان دەکەوێت. لانەوازە سواڵکەرەکان لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا، مەملەکەتی خۆیانیان دامەزراند و(پاریس)یان کرد بە پایتەختی خۆیان تا سەرەتای سەردەمی لویسی شازدەهەم(یاسای 13تموز1777). ئەجا هەر کەسێکی تەندرووست لە تەمەنی16ساڵ تا60ساڵ دەستگیر بکرێت و هیچی نەبێت و بێ پیشە بێت، حوکمی کاری قورسی لەسەر دەدرا. ئەمە یاسای شارلکان بوو کە بۆ وڵاتە تەختاییەکان دانرا و لە1537و یاسای یەکەمی ئەیالاتی هۆڵەنداو شارەکانی بوو و لە1614/3/19دەرکرا و یاسای تایبەت بە ئەیالاتە یەکگرتووەکان لە 25ی حوزەیران/1649دەرکرا...هتد

بەم شێوەیە دانیشتوانی لادێکان ژێردەستکران، واتە ئەوانەی بە زەبرزەنگ و تیرۆر، موڵکەکانیان زەوتکراو ناچاری لانەوازیی کران. ئەمانە بە ئەشکەنجەدانی دڕندانە بۆ ئەو یاسایە ژێردەستکران کە سیستێمی کاری کرێگرتەیی پێویستی پێ هەیە؛ بە یاسای تیرۆریستی زۆر سەیر؛ بە قەمچیکاری و خاڵکێشان بە ئاسنی سوورکراو و بە ئەشکەنجەدان و کۆیلایەتی.

کەواتە ئەوە بەس ناکات لەلایەکەوە مەرجە مادییەکانی کارکردن لە شێوەی سەرمایە پیشانبدەین و لە لایەکیترەوە پیاوگەلێك هیچیان نییە بیفرۆشن بێجگە لە هێزی کارکردنیان. هەروا بەس ناکات بە زەبروزەنگ ناچاریان بکرێت بۆ ئەوەی بە ئیرادەی خۆیان، خۆیان بفرۆشن. لەماوەی پێشکەوتنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، چینێك لە کارگەران پێکدێت و تادێ ژمارەیان زیاد

دەکات و ئەمانە بە هۆی پەروەردە، رۆشنبیری، نەریت و ترادیسیونەکان بۆ پێداویستییەکانی سیستێمەکە بە هەمان شێوەی عەفەوییەتی ژێردەستبوونیان بۆ وەرزەکان، ژێردەست دەبن. هەر لەو کاتەدا کە ئەم شێوازە لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان گەشەیەکی دیاریکراوی کرد، ئالییەتەکەی هەموو جۆرە بەرگرییەك دادەروخێنێ؛ بوونی دانیشتوانی زێدەی رێژەیی بە وێنەیەکی بەردەوام، یاسای پیشاندانی کارو داخوازییەکەی بەدەستەوە دەگرێ و لە پاشاندا کرێ لە سنووری گونجاندنی بۆ پێداویستییەکانی سەرمایە بەدەستەوە دەگرێت. هەروا ئەو فشارە بێ بەزەییانە، واتە فشاری پەیوەندییە ئابوورییەکان، زۆرداری سەرمایەدار بۆ کرێکار تەواو دەکات. هەندێجاریش درێژە دەدرێت بە پەنابردن بۆ ناچارکردن و بەکارهێنانی زەبروزەنگی وەحشیانە، بەڵام ئەمە تەنها لە حاڵەتێکی تایبەتدا روودەدا. لە پەرەسەندنی ئاسایی مەسەلەکە، کرێکار دەتوانێ بە کاری(یاسای سروشت)ی کۆمەڵگا، خۆی بەدەستەوە بدا، واتە بۆ ملکەچبوون بۆ سەرمایە، ئەم ملکەچییە کە خودی ئالییەتی بەرهەمهێنان لەدایکیهێناو دابینیکردو خەسلەتی بەرداومی پێداو مەسەلەکە لە کاتی گەشەسەندنی مێژوویی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە پێچەوانەیە. بۆرژوازی تازەپێگەیشتوو ناتوانێت دەستبەرداری دەستێوەردانی دەوڵەت ببێت و بۆ رێکخستنی کرێ بەکاری دەهێنێت، واتە کەمکردنی بۆ ئاستێکی گونجاو و درێژکردنی رۆژی کارو خودی کارگەران لە پلەیەکی دیاریکراوی ملکەچی بهێڵێتەوە. ئەمە قۆناغێکی گرنگە لە قۆناغەکانی کەڵەکردنی سەرەتایی.

چینی کرێگرتە کە لە نیوەی سەدەی چوارەمەوە سەریهەڵدا، ئەو کاتەو لە سەدەی دواییدا هێشتا هەر تەنها بەشێکی زۆرکەمی دانیشتوان، پێکهێنابوو و بارودۆخەکەی لە لادێیەکاندا لەلایەن جووتیارە سەربەخۆکان و لە شارەکانیشدا لە لایەن سیستێمی تایفە پیشەیییەکانەوە زۆر بە هێز پارێزرابوو. لە لادێ و شارەکان وەك یەك خاوەنکار و کرێکارەکان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا زۆر لێکتر نزیکبوون. لەبەر ئەوەی شێوازی تەکنیکی بەرهەمهێنان هێشتا هیچ مۆرکێکی سەرمایەداری نەبوو، ملکەچی کرێکاران تەنها بە شێوەیەکی روکەشیانە بوو. توخمی گۆراوی سەرمایە لە توخمە نەگۆڕەکەی، زۆر سەرکەوتوتر بوو. داواکاری بۆ کاری کرێگرتە بەهێزتر بوو-کەواتە- بە پەلە لەگەل کەڵەکەکردنی نوێی سەرمایە، کەچی پیشاندانی(عرض)هێزی کارگەران بەدوایەوە نەدەهات تەنها بە هێواشی نەبێت. بەشی زۆری بەرهەمی نیشتمانی، واتە ئەو بەشە کە لەدواییدا دەگۆڕا بۆ تایبەتگەلێکی کەڵەکەکردنی سەرمایە، هێشتا دەچووە ناو دەرماڵەی بەکاربردنی کارگەر.

یاسادانانی تایبەت بە کاری کرێگرتە کە هەر لەسەرەتایدا مۆرگی سەرمایەگوزاری کارگەری هەبوو و هەر لەو کاتەوە هەمیشە ئاراستەی خۆی دەکرا لە بەریتانیا ساڵی 1349 بەناوی((یاسای کارکردن-Statute of Labourers)) پەیرەودەکرا و لەلایەن ئیدواردی سێهەمەوە مۆرکرا. ئەم یاسایە لە(فەرەنسا)شدا هاوشێوەی هەیەو ئەو یاسایە کە لە ساڵی 1350دا دەرکراو بە فەرمی لەلایەن پاشا جان راگەیاندرا. یاسادانانی ئینگلیزی و فەرەنسی رێگایەکی تەریبیان گرتووەتەبەر و هەمان ناوەڕۆکیشیان هەیە.

لێرەدا من نامەوێ بۆ ئەو یاسانە بگەرێمەوە لە پەیوەندییان بە درێژکردنی زۆرەملێی کاتی کار، چونکە من لە بابەتێکی پێشتری کتێبەکەم(بڕوانە جلدی یەکەم، بەشی دەیەم، پەرەگرافی پێنجەم ئەم کتێبە)، چارەسەری ئەم لایەنەم کردووە).

((یاسای کارگەران))بەشێوەیەکی فەرمی لە سەر داواکاری دووبارەکراوی ئەنجومەنی گشتی، راگەیاندرا، واتە کەسانی کڕیاری کار. یەکێك لە ئەندامانی(پارتی توری) بە ساکارییەکەوە وتی:

(هەژارەکان لە رابردوودا داوای کرێیەکیان دەکرد کە بەرزییەکەی هەڕەشەی لە پیشەسازی و سەروەت دەکرد. بەڵام ئیمڕۆ کرێکەیان بە پلەیەك نزمە، هەڕەشە لە پیشەسازی و سەروەت دەکات، و رەنگە ئەمە لەوەی رابردوو، زۆر ترسناکتر بێت).

پێناسەی یاسایی کرێ بۆ شارو لادێ و کارکردن بە گوێرەی ئەرك و کارکردن بە پێی رۆژ، دانراو کرێکارە کشتوکاڵییەکان دەبێ خۆیان ساڵانە بە کرێگرتەی بدەن و هەروا کرێکارانی شارەکانیش دەبێ مەرجەکانیان((لە گۆڕەپانە گەورەکان))رابگەیەنن.

بەگوێرەی یاسا و هەڕەشەی زیندانیکردن ئەوەی زیاتر لە کرێی دیاریکراو بدا قەدەغەکرا، بەڵام ئەوەی زیاتر وەربگرێت رووبەرووی سزایەکی توندتر دەبێت لە سزای ئەوەی زیاتر دەدات. شانبەشانی ئەوە، بەشی 18و19ی یاسای مەشقپێکردن کە لە سەردەمی(ئیلیزابێت)دا راگەیەندرا، مانای سزادانی دە رۆژ زیندانکردنی ئەو خاوەن کارانە بوو کە کرێیەکی زۆر بەرز دەدەن و بە 21 رۆژ زیندانکردنی ئەو کرێکارە کە ئەو کرێیە قبووڵ دەکات. خاوەن فەرمانەکان تەنها بەوەوە بەسیان نەکرد بە شێوەیەکی

تاکانە لەسەر خاوەن کارەکان بیسەپێنن، تەنها کۆت و مەرجگەلێك بوو بۆ بەرژەوەندی گشتی دەگەڕێتەوە، بەڵکو لەگەل خاوەن کار لەکاتی لادانیان لە یاسا، وەك برادەر و شەریك مامەڵەیان دەکەن، بەڵام کارگەرەکانیان وەك سەرپێچکەر مامەڵە دەکرد. هەروا یاسایەك لە یاساکانی 1360هەیە کە سزایەکی توندتریش دەسەپێنن، تەنانەت ئەو دەسەڵاتە بە خاوەن کارەکان دەدەن، لە کارکردندا، باجی یاسایی بدزن و زۆرەملێی جەستەیی بەکاردەهێنا. هەموو گرێبەست و پەیماننامەکان...هتد کە بیناسازان و تەختەسازەکان لەگەل یەکتری کاریان پێدەکرد، کارتێکردنیان راگەیاندرا و هیچ کارێکی یاساییان نەما. یەکێتییە کرێکارییەکان بە پلەی ترسناکترین تاوان دانران و ئەم ئیعتبارە((یاساییە)) لە سەدەی چواردەهەمەوە تا 1825مابووەوە.

روحی یاسایی ساڵی1349و روحی ئەو یاسانە کە وەك نموونەیەکی خزمەتیان کرد، بەشێوەیەکی ئابرووبەرانە دەردەکەون، بەتایبەتی بەم واقیعە کە لایەنی باڵای یاساوە دیاریدەکرێت و کرێگرتەکە نابێ بکەوێتە سەریەوە، بەڵام ئەم یاسانە زۆر وریانە لەسەر دیارینەکردنی لایەنی کەمی یاساییەوە، نابێ کرێکە بکەوێتە خواریەوە.

وەك دەزانین بارودۆخی کارگەران لە سەدەی شازدەهەم تا رادەیەکی زۆر خراپ بووەوە. کرێی کار زیادی کرد بەڵام هەرگیز تەریب نەبوو لەگەل بەهای دراو و بەرزبوونی بەرامبەر لە نرخی کاڵاکان. کەواتە لە واقیعدا کرێی کارکردن نزم بووەوە. هەرچییەك بێت ئەو یاسانەی وا بۆ کەمکردنی کرێی کار مۆرکران، سەرەڕای هەموو شتێك لەکار نەکەوتن و لەهەمان ئەو کاتەدا دەسەڵاتدارەکان گوێچکەی ئەوانەیان دەبڕی کە(کەس رازی نەبوو بۆ کارکردن بەکاریان بهێنێت) و بە ئاسنی سوورەوەکراو خاڵیان بۆ دەکێشا.

بەگوێرەی یاسای ئیلیزابێت(5ئیلیز، بەشی 3)کە تایبەت بە مەشقپێکردن، دادوەرانی سوڵح بۆیان هەبوو-دەبێ هەمیشە بۆ ئەم خاڵە بگەڕێینەوە و دووپاتی بکەینەوە کە ئەوانە دادوەر نین بە مانای راستی وشەکە، بەڵکو لۆردەکانی زەوی، خاوەن کارگە، کەهەنەو هاوشێوەیان لە ئەندامانی چینی دەوڵەمەندەکانن کە کاری دادوەری دەکەن- دەسەڵاتی دیاریکردنی هەندێ کرێ و راستکردنەوەی بە گوێرەی وەرزو نرخی کاڵاکان هەبوو. (جاکی یەکەم) رێکخستنەکانی کار تا ئەو رادەیە بەرفراوان کردەوە کە کەتانساز وچنێرەکان و تایفەیەکیتریش لە کارگەرانی گرتەوە. (جۆرجی دووهەم)یش یاساکانی درێژتری کردەوە لە کاتی یەکێتی کرێکاران تا ئەو یاسانە هەموو مانیفاکتۆرەکانی گردەوە(کارگەکانی دەسکاری).

لە ماوەی مانیفاکتۆریدا(بە مانای وردی وشەکە)، شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تا ئەو رادەیە گەشەیکرد، دەیتوانی جێبەجێکردنی رێکخستنی یاسای کرێی نەکار و بێ سوود بکات، بەڵام سەرمایەداران هەست بە ئاسوودەیەکی تەواو دەکەن کە بۆ حاڵەتی تایبەت، یەدەکی فەرمانە کۆنەکانیان لەبەردەستیانە. لەسەردەمی(جۆرجی دووهەم)، پەرلەمان یاسایەکی دەرکرد، بە پێی خاوەن پیشە بەرگسازەکان لە لەندەن و دەوروبەری بۆیان یاساغ بوو هەر کرێیەکی رۆژانە لەسەروی دوو شلن و 7درهەم و نیو وەربگرن، بێجگە لە حاڵەتەکانی بۆنە ماتەمینە گشتییەکان؛ و لە سەردەمی جۆرجی سێهەم(13 جۆرجی سێهەم، بەشی68) دادوەرانی سوڵحکردن دەسەڵاتی رێکخستنی کرێی چنینەرانی هەورێشمیان پێدرا. لە ساڵی1796، تەنانەت پێداویستی داواکاری دوو بڕیار لە دادگا باڵاکان هەبوو بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی داخۆ بڕیارەکانی دادوەرانی ناوبژیکردن لە بواری کرێ بەسەر کارگەرە ناکشتوکاڵییەکانیش جێبەجێ دەکرێت؛ لە ساڵی 1799دا، لە پەرلەمانەوە بڕیارێك ئەوەیشی رایگەیاند کە کرێی منداڵان لە ئیکۆسیا دەبێ بە پێی یاسایەك لە سەردەمی ئیلیزابێت و دوو یاسا لە ساڵی1661و1671دەرکراوە، رێکبخرێت. بەڵام لەو ماوەیەدا، بارودۆخی ئابووری دووچاری گۆڕانکارییەکی ریشەیی بوو تا ئەو رادەیە کە لە ئەنجومەنی گشتی، رووداوێکی دەگمەن هاتەپێشەوە. لەناو پەرژینی ئەو ئەنجومەنەدا، بەرپرسەکان ماوەی چوارسەد ساڵەی یاساکان درووست دەکەن تا لانی کەمی بزووتنەوەی کرێ کە لە هەموو حاڵەتێکدا نابێ ببەزێنرێت، دیاری بکەن؛ لەم کاتەدا(وایتبرید)لە 1796دا هات و دیاریکردنی لانی کەمی یاسایی بۆ کرێکارە کشتوکاڵییەکان، پێشنیارکرد.

لەگەل دژایەتیکردنی(بت)بۆ ئەم خەمخۆرییە، سەرەڕای ئەوەش قبووڵیکرد کە((هەژارەکان لە بارودۆخێکی سەختدا بوون))ولە دواییدا لە ساڵی1813، یاسا تایبەتییەکان سەبارەت بە دیاریکردنی کرێ، هەڵوەشێنران و لە راستیدا ئەو یاسانە هیچیتر نەبوون بێجگە لە شتگەلێکی سەیرو پێکەنیناوی لە سەردەمێکدا خاوەن کارگە بە دەسەڵاتی خۆی کرێکارەکانی بە فرمانی(رێکخستنەکانی

کارگە)و خاوەن زەوییەکان بە سودوەرگرتن لە باجی هەژارەکان، لانی کەمی پێویست بۆ بەخێوکردنی ئەو ڕەنجدەرانە کە لە خزمەتیدا کاریان دەکرد، حوکمڕانیان دەکرد. بەگوێرەی ئەوەو لە حاڵەتی بەتاڵکردنی گرێبەستەکە، تاقە سکاڵای شارستانیانەی قبووڵکراو لەدژی یەکەمەکاندا بوو لە کاتێکدا تاوانەکە لە دژی کەسانیتر قبووڵ دەکرا. ئەو ڕێکخستنە یاساییانە تا ئێستا کاریان پێدەکرێت.

یاسا بێبەزەییەکانی دژ بە یەکێتی کرێکارییەکان لە ساڵی1825لە بەرامبەر چینی کرێکاری هەڕەشەلێکراو، هەڵوەشێنران، کەچی بە تەواوەتی لەو یاسانە نەگەڕان: هەندێ لە پاشماوە جوانەکانی لە 1859دا نەبێ، دانەڕزا. لە دواییدا بەرپرسەکان ئیدعایان دەکرد کە بە یاسای29/حوزەیرانی1871، دوا پاشماوەی ئەم یاسادانانە چینایەتییە دەسڕنەوە. ئەمەش بە دانپێنان بە بوونی یاسایی ترادیونەکان(کۆمەڵە کرێکارییە بەرگریکەرەکان)، بەڵام یاساکانی دژ بە یەکێتی کرێکارەکان لە واقیعدا بە داڕشتنی نوێوە گەڕاندیانەوە، ئەوەش بە خستنەپاڵی یاسایەکیتر ولە هەمان بەرواردا دەرکرا(بڕیارێکی تایبەت بۆ ڕاستکردنەوەی یاسای سزادان لەبارەی توندوتیژی، هەڕەشەکردن و ئاژاوەنانەوە-بلاوکەرە فەرەنسییەکان-)و ئەو ئامرازانە کە کرێکاران دەتوانن لە کاتی مانگرتن یان لە حاڵەتی (لۆك ئەوت- ئا بەو شێوەیە ناوی مانگرتنی ئەو خاوەن کارانە دەبەن کە یەکدەگرنەوە بۆ ئەوەی لە یەککاتدا کارگەکانیان دابخەن)پەنایان بۆ ببەن. لەناو جەرگەی جەنگەکە بە فێڵێکی پەرلەمانیانە لە ماڤی گشتی ڕزگارکرا و لە ژێر قورسایی یاسای سزادانی تایبەتدا، ڕوخا و خاوەن کارەکان وەك دادوەرانی سوڵح، هەڵدەستن بە شیکردنی. پێش ئەوە بە دوو ساڵ و پاش ئەوەی هەمان ئەم ئەنجومەنی گشتییە داهێنانێکی کردو هەمان ئەم بەڕێز(غلادستون)ە داهێنانیانکرد بە زیادکردنی یاسایەك کە لە ساڵی1871دەرکراوە لەبارەی تاوانی تازەی تایبەت بە کارگەران، ئەوانە تەنها بەشەرەفەوە کاریان کرد بۆ دووبارە پیشاندانی یاسایەك بە پەرلەمان تا جارێکیتر چاوی پێ بخشێنن. ئەو یاسایەش لەبارەی تاوانکارییەوە، سنوورێك بۆ هەموو یاسا تایبەتەکان لە دژی چینی کرێکاران، دادەنێت و ئەم برادەرە زیرەکانە ماوەی دوو ساڵ پێیان داگرت لەسەر ئەوەی دووبارە چاو بە یاسا بگێڕن.

کێشەکە دواخرا و بە فێڵ و بێرەوبەرە دواخرا تا(پارتی لیبرالی گەورە) بە هاوپەیمانی لەگەل پارتی توری جورئەتی دوژییەوە بۆ دژایەتی ئەو چینی کرێکارە کە گەیاندیە دەسەلات. پارتی لیبرلی گەورە بەو ناپاکییە بەسی نەکرد- هەروا لە سایەی سەرۆکە خۆشەکەیشی-، بەڵکو ڕێگای دا بە دادوەرە ئینگلیزەکان کە هەمیشە حەماسەتیان هەیە بۆ خزمەتکردنی چینە دەسەڵاتدارەکان، لەناو گۆڕەکاندا بۆ یاسا بەسەرچووە تایبەتەکان بە پیلانگێران بگەڕێن تا لە کاتی ڕووداوی هاوپەیمانی نێوان کرێکارەکان، جێبەجێیان بکەن.

وەك بینیمان، پەرلەمانی ئینگلیزی، بە ناچاری ولە ژێر فشاری جەماوەری هەڕەشەلێکراو نەبێت، لەو یاسا بابەتییانە لە دژی یەکێتییە کرێکارییەکان و ترادیونەکان وازی نەهێنا، پاش ئەوەی بەخۆی، پاش پێنج سەدە بە پڕڕوویەکی قیزەوەنەوە هەستا بە ئەرکی یەکێتییەکی هەمیشەیی سەرمایەدارەکان دژ بە کارگەران.

هەر لە سەرەتای هەڵچوونە شۆڕشگێرانەکە، بۆژوازی فەرەنسی وێرای چینی کرێکاران لە ماڤ یەکێتی و هاوپەیمانی کە تەنها پێش ماوەیەکی کورت، دەستیان کەوت، چەك بکات.

بەگوێرەی یاسایەکی ڕێکخستن کە لە14ی حوزەیرانی1791دەرکرا، هەر ڕێککەوتنێك لەنێو کرێکارەکاندا بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان، بە((پیلانگێڕان لەسەر ئازادی و ماڤ مرۆڤ)ناوبردو سزای پوولی بە بڕی 600لیرەی لەسەرە، شانبەشانی ئەوەش بێبەشکردنی کرێکار لە ماڤ هاوڵاتیبوون

ئەم یاسایە کە بە یارمەتی کۆمەڵێ یاسای تاوانکاری و یاساکانی پۆلیس بۆ کێبڕکێ لەنێوان سەرمایەدارو کرێکار، وێنەی سنوورێکی گونجاو بۆ سەرمایەداران دەکێشێت و پاش شۆڕشەکان و گۆڕینی بنەچەی موڵکدارەکان ژیاو خودی سیستێمی تیرۆر، دەستکاریانی نەکرد و هەروا پێش زەمەنێکی زۆر نزیك نەبێت، لە یاساکانی سزادانیش، نەسڕابووەوە . بەڵام بە بڕێکی زۆر لە سوڕدانەوەو سەرلەڤاندن! هیچ شتێك ئەم کودەتا حکومەتییە لە بیانووە پێشکەشکراوەکە جیاناکاتەوە. (شابیلیێ)کە کامیل دیمولان ناوی ناوە(سەفسەتەکەرە بێچارەکە) هەرگیز ڕێگری ناکات لە دانان بەوە کە:

**کرێی کاری ڕۆژانە دەبێ نەختێك لەوەی ئێستا زیاتر بێت...چونکە کرێ لە ئومەتێکی ئازادا دەبێ بە جۆرێك زۆربێت کە ئەوەی وەریدەگرێت، لە دەرەوەی ئەم ملکەچییە ڕەهایە بێت کە بێبەشی لە پێداویستییە زۆر پێویستەکان بەرهەمدەهێنێت، ئەو ملکەچییە کە تایبەتەت بە کۆیلەکان**

لەگەل ئەوەشدا، وەك دەڵێن کاتی ئەوە هاتووە((بۆ ئیدراکی بەرێوەچوونی ئەم هەرایە و زیادبوونی))، مەبەست لەوە((ئەو یەکێتییانە کە ڕەنگە کرێکاران بۆ هەوڵدان بەدوای زیادکردنی نرخی ڕۆژی کار، پێکیان دەهێنن))وبۆ **خۆشکردنی ئەم ملکەچییە ڕەهایە کە نزیکە لە ملکەچی کۆیلە**، دەبێ سەرکەوت بکرێت. جا بۆچی؟-چونکە کرێکارەکان دەستکاری ئازادی((خاوەن پڕۆژە و کارەکانی ئەو بەرێزانە پێشتر ئاماژە بە ناوەکانیان کرا))و کرێکارەکان بە دەستدرێژی کردن بەسەر مافی ستەمکاری ئەو بەرێزانەی پێشتر ناویانمان هێنا-مرۆڤ حەدسی ئەوەی نەکرد!- هەوڵدەدەن دووبارە ئەو تایفانەی لەناوبردن، بهێننەوە((شۆڕش))!

جلدی 6-5بە زمانی عەرەبی، وەرگێر لە فەرەنسییەوە بۆ عەرەبی(مەحەمەد عیتانی)، لە بلاوکراوەکانی(کتێبخانەی المعارف)، بەیروت.

# هاریکاری

بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەکردەوە دەست بە نەشونما ناکات، تەنها ئەو کاتە نەبێت، سەرمایەدارێکی تاك لەیەککاتدا، کار بە کرێگرتەیەکی زۆر دەکات و قەبارەی پرۆسەی کار بەرفراوانتر دەبێت و چەندایەتی بەرهەمەکانی بۆ فرۆشتنیان زۆرتردەکات. کارتێکردنی ژمارەیەکی زۆری کرێکار لە یەککاتدا، لە هەمان شوێن(با بڵێین لەهەمان گۆڕەپانی کار)داو لەژێر فەرمانی هەمان سەرمایەدار لەپێناو بەرهەمهێنانی هەمان جۆری کاڵا، خاڵی دەستپێکی مانای مێژوویی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە. بەم شێوەیە مانیفەکتۆرە لەسەرتای سەرهەڵدانیدا، بە ئەستەم جیاوازیی هەیە لەگەل پیشەسازی کارگەکانی دوارۆژو تەنها بە تایبەتمەندی سەرمایەگوزاری بە ژمارەیەکی زۆری کرێکاران نەبێت لەیەك کاتدا. کارگەی سەرۆك تایفە تەنها سنوورەکەی خۆی بەرفراوانکرد.

کەواتە جیاوازی نێوانیان تەنها جیاوازییەکی چەندایەتییەو دەرکەوت کە زۆری ئەو زێدەباییە کە سەرمایە بەرهەمی دەهێهێنێت، هەمان ئەو زێدەباییە کە کرێکارە تاکەکان بەرهەمی دەهێنێت و لێدانەوەی بە ژمارەی کرێکارەکانی سەر کار. ژمارەی ئەو کرێکارانە کە سەرمایەگوزارییان پێدەکرێت لە پەیوەند لەگەل بەرهەمهێنان، هیچ گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی لە پرۆسەی کار ناکات. ئەمە لە سرووشتی بەهاوە سەرچاوەی وەرگرتووە. ئەگەر ڕۆژی کار لە12کاتژمێر، لە6دینار بەرجەستەدەبێت، ئەوا100ڕۆژی کار لە6دینار×100بەرجەستەدەبێت؛ یەکەمجار12سەعاتی بەرجەستەکراو لە بەرهەمەکان بوو و، ئێستا 1200سەعاتمان هەیە. کارکردنی100کرێکار بەجیا لە یەکتر، بەهایەك بەرهەمدەهێنن وەك بڵێی هەموویان لەژێر بەرێوەبەرایەتی خودی سەرمایەکە کۆمەڵ بوون.

سەرەڕای ئەوەش لەسنوورێکی دیاریکراودا، گۆڕانکارییەك ڕوودەدا. ئەو کارە کە لە بەهادا بەرجەستەکراوە، کارێکە خەسڵەتی کۆمەڵایەتی ڕێژەی ناوەندی هەیە، واتە بەرجەستەی هێزێکی ناوەندییە.

ڕێژەی ناوەندی، بوونی نییە تەنها لەنێو پێوەرگەلێك لە هەمان جۆردا نەبێت. لەهەر شاخەیەك لە شاخەکانی پیشەسازی، کاك ئەڵوەن یان کاك ڕزگاری کارگەر لێکدابڕاو تا پلەیەکی دیاریکراو لە کرێکارێکی ناوەندی دووردەکەونەوە. ئەم دوورکەوتنە تاکانەییانە یان ئەوەی پێدەڵێن هەڵەی ماتماتیك، هەر لەو کاتەوە کە پرۆسەکە لەسەر کرێکارێکی زۆر دەکرێت، قەرەبوو یان نەفی

یەکتری دەکەن. سۆڤ و سیکۆفانتی بەناوبانگ(ئیدمۆند بۆرگە)بە پشتئەستوری بە ئەزموونە تایبەتەکانی وەك وەرزێرێك دووپاتی دەکاتەوە کە(**لە کۆمەڵێکی زۆر کەم**)یشدا وەك تایفەیەك لە5 وەرزێری گەنج پێکهاتبێت، گشت جۆرە جیاوازییەکی تاکانەیان لە کارکردن لەناودەچێت، بەشێوەیەك کە پێنج وەرزێری گەنجی ئەنگلیز لەکاتێکی دیاریکراودا بە کۆ کاریان پێبکرێ، هەڵدەستن بەهەمان کاری هەر پێنج کەسێکیتر[1]. داخۆ ئەم تێبینییە درووستە یان نا کە رۆژکاری ژمارەیەکی زۆری کرێکار کە لەیەککاتدا سەرمایەکوزاریان پێدەکرێت، رۆژی کاری کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن، واتە رێژەی ناوەندی. با ئەو گریمانەیە بکەین کە رۆژکاری12کاتژمێر درێژە دەکێشێت، ئەوا12کرێکارەکە لە رۆژێکدا144کاتژمێر کاردەکەن و هەر یەکێکیان بە پلەیەکی جیاواز، لە رێژەی ناوەندی لەیەکتر دووردەکەونەوەو، ئەمە پێویستی بە کاتێکی درێژتر یان کورتتر دەبێ بۆ ئەنجامدانی هەمان پرۆسە، ئەوا رۆژکاری بەکۆمەڵیان کە 144سەعات پێکدەهێنێت، خەسلەتی کۆمەڵایەتی رێژەی ناوەندی هەیە. لەپەیوەند بەو سەرمایەدارە کە سەرمایەگوزاری بە12کرێکارەوە دەکات، رۆژی کارکردن144کاتژمێرەو رۆژی تاکانەی هەر کرێکارێك هیچ بایەخێکی پێنادرێت تەنها وەك بەشێکی ئەو رۆژ کارەی بە کۆمەڵە وهەروەها هیچ بایەخێکی نییە لەبەر ئەوەی ئەو12کرێکارە هاریکاری یەکتردەکەن لە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی یان لەپاڵ یەکتر هەمان کار ئەنجامدەدەن. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەو12کرێکارە بەسەر6خاوەن کاری بچووك دابەشبوون، ئەوا دەبێتە رێکەوتێکی پەتی ئەگەر هەر خاوەن کارێك سوودی لەهەمان بەها وەرگرت، واتە لەو چووتەیە کە سەرمایەگوزاریان پێدەکات و پاشان رێژەی گشتی زێدەبەهاکەی دەستکەوت. لێرەدا جیاوازییەك دەبێت. ئەگەر کرێکارێك لە کرێکارەکان لە بەرهەمهێنانی پێویستییەك، کاتژمێری کارێکی زۆر زیاتری بەکارهێنا لەوەی لەئاستی کۆمەڵایەتی پێویست بێت و بەو شێوەیە کاتە پێویستەکەی وەك تاك بە وێنەیەکی هەستپێکراو لە هاوکێشی ناوەندی دووردەکەوێتەوە، ئەوکات نە کارەکەی وەك کاری ناوەندی بۆ دەژمێردرێت و نە هێزەکەی وەك هێزێکی رێژەی ناوەندی و بە کەمتر لە نرخی رەواجدار لە بازاڕ دەفرۆشرێت یان هەرگیز نافرۆشرێت.

لانی کەم لە دەستڕەنگینی لە کارکردن-ئەوە هەمیشە خۆی لەناو بەرهەمی کارکردندا حەشارداوەو لەپاشاندا دەبینین کە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەزانێ چۆن دەیپێوێ-. هەروا ئەوەش راستە کە ئەم لانی کەمە لە لانی کەمی ناوەندی، دوور دەکەوێتەوە. و لەگەل ئەوەشدا دەبێ بەهای ناوەندی هێزی کار بدرێت.

لەنێو ئەم خاوەن کارە بچووکانە، یەکێکیان زیاتر لە رێژەی ناوەندی زێدەبەهای دەستدەکەوێت و ئەوی تریان کەمتر. لەپەیوەند بە کۆمەڵگاوە، جیاوازییەکانیان قەرەوبووی یەکتر دەکەنەوە، بەڵام نەك بەنیسبەت خاوەن کارە بچووکەکەوە. کەواتە یاساکانی بەرهەمهێنانی بەها بەشێوەیەکی تەواو ئەنجام نادرێت تەنها بەنیسبەت ئەو سەرمایەدارەوە نەبێت کە بەکۆمەڵ سەرمایەگوزاری بە کرێکارێکی زۆرەوە دەکات و بەم شێوەیە کاری کۆمەڵایەتی ناوەندی دەخاتە جووڵەکردن.

تەنانەت لەو کاتەشدا کە شێوازەکانی جێبەجێکردن، ملکەچی گۆڕانکاری نابن، ئەوا بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکار، گۆڕانکاری لە مەرجە ماددیەکانی کار دەکات. ئەو خانوو، ئەمباری کەرەستە خاوەکان و ئەو کاڵایانەی هێشتا تەواونەبوونەو ئامرازەکان و ئامێرەکانی شاخە جۆراوجۆرەکان، بە وشەیەك بیڵێین، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە جارێك خزمەت بە چەند

---

[1]/ بێگومان جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان بەهای کاری پیاوێك و کاری پیاوێکیتر لەلایەن هێز و داهێنان و زیرەکی دڵسۆزانە، بەڵام من بەتەواوەتی بڕوام پێیە و بەپشتئەستوری بە ئەزموونگەلێکی ورد کە هەر 5پیاوێك، لەبەر ئەو ماوەیە کە ژیان دیاریکردووە، هەمان چەندایەتی کارکردن پێشکەشدەکەن وەك ئەوەی هەر پێنج پیاوێکیتر پێشکەشدەکەن، واتە لەنێو ئەو 5پیاوە یەکێکیان هەموو تایبەتمەندییەکانی کرێکاری باشی هەیە و ئەویتر تایبەتمەندی کرێکارێکی بەد و سێیەکیتر نە باشن و نە بەد. ئا بەم شێوەیە لە کۆمەڵێك تا ئەو رادە کەمە کە لە 5کرێکار پێکهاتووە، هەر بەقەت پێنج پیاوێکیتر دەستکەوتیان دەبێت. (ا. یورك، بڕوانە کیتیلێ لە بابەتی((پیاوی ناوەندی)-thougths and details on Acareity P15-16(بڵاوکەرە فەرەنسییەکان)

کرێکارێك دەکات: بەکارهێنانیان دەبێتە هاوبەش و بەهای ئاڵوگۆڕکردنیان لەبەر ئەو هۆیە، بەرزنابێتەوە، چونکە خزمەتگوزارییەکی سوودبەخشی زیاتریان لێ وەردەگیرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی مەزنتر دەبێ.

ئەگەر لە ژوورێکدا20چنینساز لەسەر20دەسگای چنین کاربکەن، دەبێ بەرفراوانتر بێت لە ژوورێك تەنها چنینسازێك و دوو هاوکاری تێدا کاردەکەن. بەڵام درووستکرنی10کارگە بۆ20چنینسازو دوو دوو کاری تێدا بکەن، خەرجێکی زۆرتری تێدەچێ لە درووستکردنی یەك کارگە بۆ20چنینساز تێدا پێکەوە کاربکەن. بەگشتی، بەهای ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش و چربوو پارسەنگیان زیادناکات لەگەل زیادکردنی پێوەرەکانی و کارە سوودبەخشەکەی، بچووکترە لە بەهای ئامرازە بەرهەمهێنەرە پەرتەوازەکان کە جێگەی دەگرێتەوە و، شانبەشانی ئەوەش بەشێوەیەکی رێژەیی بەسەر بەستەلەکێك لە بەرهەمگەلێکی زلهێز دابەشدەبێت.

بەم شێوەیە یەکێك لە توخمەکانی سەرمایەی نەگۆڕ کەمدەبێتەوە و بەم هۆیەشەوە، رێژەی ئەو بەهایە کەمدەبێتەوە کە بۆ کاڵاکان دەیگوێزێتەوە. ئەو کارتێکرنەکە هەر هەمان شتەو وەك ئەوە وایە گەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە رێگاگەلێکی کەم خەرج، بەرهەمبهێنرین. لە بەکارهێنانی ئابووریدا هیچ بەرهەم ناهێنێت تەنها لە بەکاربردنیدا نەبێت بەشێوەیەکی هاوبەش و ئەم مۆرکە وەردەگرێت چونکە مەرجگەلێکی کۆمەڵایەتی کارکردنە کە جیایدەکاتەوە لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی پەرتەوازو تا رادەیەك گرانترە، تەنانەت لەو کاتەشدا کە کرێکاران بە کۆمەڵ بەشداری نەکەن لە کاری بەکۆمەڵ، بەڵکو تەنها هەر یەکێکیان لە تەنیشت ئەوی تریانەوە لەهەمان پیشە کاربکەن. کەواتە پێش خودی کارکردندا، ئامرازە ماددیەکانی مۆرکێکی کۆمەڵایەتی وەردەگرن.

ئابووری ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە تێروانینێکی دوو لایەنەدا دەردەکەوێت. یەکەم، نرخی کاڵاکان کەمدەکاتەوە و، بەخودی ئەمەش بەهای هێزی کار کەمدەکاتەوە. دووهەم، رێژەی نێوان بەهای زیادە و سەرمایەی پێشینە(راسمال المسلف) دەگۆڕێ، واتە کۆی بەهای بەشە نەگۆڕ و گۆڕاوەکانی.

کاتێ چەند کرێکارێك پێکەوە کاردەکەن بە مەبەستی پێکاندنی ئامانجێکی هاوبەش لە خودی پرۆسەی بەرهەمهێنان یان لە پرۆسەی جیاوازدا بەڵام پێکەوە گرێدراو، ئەوا کارەکەیان شێوەی هاریکاری ((یەکێتی هێزەکان)) وەردەگرێت.

هەر وەك چۆن هێزی هێرشبردن لە بەتالیونێکی سوارچاك یان هێزی بەرگریکردن لە یەکەی پیادە جیاوازییەکی کاکڵەییان هەیە لە کۆی هێزە تاکەکانیان کە یەکێك لە سوارچاك یان پیادە بە تەنها بەکاری دەهێنێت، بەهەمان شێوە کۆی هێزی ئامێرئاسای کرێکارە لە یەکتر دابڕاوەکان، جیاوازە لەو هێزی ئالییە کە لەو کاتەوە گەشەدەکات لەیەك کات و بەکۆمەڵ ولە یەك پرۆسەی هاوبەشدا کاردەکەن، (بۆ نموونە)چ مەسەلەکە پەیوەندی هەبێت بە هەڵگرتنی بارێك لە بارەکان یان بە بەرێوەبردنی دەستگێکی ئالی یان لابردنی رێگرێك[6]. لەم جۆرە بارودۆخەدا ناتوانرێت ئەنجامی کاری هاریکاری بە کاری تاك دەستمان بکەویت، ئەمە یان روو نادات تەنها پاش تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر یان لە بوارێکی زۆر بەرتەسکدا نەبێت. ئەم مەسەلەیە تەنها پەیوەندی نییە بە زیادکردنی هێزە تاکە بەرهەمهێنەرەکانەوە، بەڵکو بە خوڵقاندنی هێزێکی نوێدا، بەرێگای هاریکاری و تەنها وەك هێزێکی بەکۆمەڵ نەبێ، کار ناکات.

شانبەشانی ئەو هێزە نوێیە کە لە تواندنی هێزێکی زۆرەوە لە یەك هێزی هاوبەشدا دێتەبەرهەم، دەبینین تەنها نزیکبوونی کۆمەڵایەتی، ململانی و هاندانی هەستە ئاژەڵییە بزوێنەرەکان بەرهەمدێت کە توانای کارە تاکانەکان بە بەزۆرییەکی تێروتەسەل بەرزدەکاتەوە تا12کەس لە رۆژە هاوبەشەکەیاندا کە لە144سەعات پێکهاتووە، بەرهەمێکی زۆر مەزنتر پێشکەش دەکەن لە

---

[6]((کۆمەڵی پرۆسەی زۆر ئاسان هەیە، بەهیچ شێوەیەك قبووڵی هیچ جۆرە دابەشکردنێك ناکات و ناکرێت ئەنجام بدرێت بەبێ هاریکاریکردنی دەستێکی زۆر، وەك: بەرزکردنی دارێکی گەورە بۆ سەر ئۆتۆمبیلێك یان...هتد. بە کورتییەکەی هەر کارێك ناکرێت ئەنجام بدرێت بەبێ ئەوەی چەند دەستێك لە یەك کاتدا هاریکاری یەکتر بکەن لە خودی کارێکی هاوبەش)). E.C.Wakefield:A view of the Art of Colonisation, London, 1819, P168

بەرهەمی12کرێکار کە هەر یەکێکیان بەدابڕاوی 12کاتژمێر کاردەکەن یان یەك کرێکار12ڕۆژی یەك لەدوای یەك کاردەکات. ئەمە سەرئەنجامێکە کە مرۆڤ وەك سروشتەکە، ئەگەر نەڵێن: ئاژەڵێکی سیاسییە وەك ئەرستۆ ئەڵێ، لە گشت حاڵەتێکدا ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە[2].

تەنانەت کاتێ ئەو کرێکارانە لەهەمان کاردا پێکەوە کاردەکەن، ئەوا کاری هەر تاکێکیان وەك بەشێك لەکارە بەکۆمەڵەکە، دەشێ نوێنەرایەتی قۆناغێکی جیاواز بکات و هاریکاری بەرەو خێراکردنی بەرێوەچوونی دەیبات. کاتێ12 بیناساز زنجیرێك درووستدەکەن بۆ گواستنەوەی بەردی خانودروستکردن لە خوارەوە بۆ سەرەوە، ئەوا هەر یەکێکیان بە هەمان کار هەڵدەستێ، لەگەل ئەوەشدا هەموو کارە تاکەکان کە بەشگەلێکی بەیەکەوە گرێدراون لە یەك پرۆسەی بەکۆمەڵ وهەموو قۆناغە جیاوازەکان پێکدەهێنن کە دەبێ هەر بەردێك پێوەوە تێپەرێت و ئەو24دەستە کە مولکی کارگەرە بەکۆمەڵەکەیە خێراتر دەیگوێزێتەوە لە دەستی هەر کرێکارێك بە تەنها بۆ سەرەوە دەڕوات و دادەبەزێت. کەواتە ئەو کاتەی بە بەرێگایەوە پێداویستی کار ماوەیەکی دیاریکراو تێدەپەڕێ، کورتدەبێتەوەو ڕێکخستنیش نوژەن دەکاتەوە، گەرچی هاوکارەکان هەمان کار یان کارێکی هاوچەشن ئەنجامدەدەن. کاتێ ئەوانە بۆ مەبەستی کارەکەیان دەڕۆن، بەجارێك، لە هەموو لایەکیەوە کاری تێدا دەکەن. 12ئۆستای بیناسازی پاش ڕۆژە یەکخستوەکەیان، واتە144کاتژمێر کارکردن کە بە جارێکدا لەسەر لایەنە جیاوازەکانی بینایەك لە بیناکان کاردەکەن، زۆر خێراتر کارەکەیان لە ئۆستایەك بەتەنها لە12کاتژمێری کار یان لە144کاتژمێری کار ئەنجامدەدەن. هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کرێکاری بەکۆمەڵ دوو چاو و دوو دەست لەپێش و پاشیدا هەیە و تا ڕادەیەك لە هەموو شوێنێك ئامادەیە. بەم شێوەیە شوێنی بەشە جیاجیاکانی بەرهەمهێنان، لێکیان دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا، دەگاتە قۆناغی تەواوبوون.

لێرەدا ئێمە تەنها ناوی ئەو حاڵەتانە هێنا کە کرێکاران تەواوکەری یەکترن و هەمان کار دەکەن یان کارگەلێکی هاوچەشنن. ئەمە ساکارترین شێوەی هاریکاریکردنە، بەڵام دووبارە وەك توخمێکی سەرەتایی لە شێوازێکی زۆر گەشەسەندوودا دەیبینین.

ئەگەر بزووتنەوەی گەشەسەندنی کار(مرکب)بێت، ئەوا تەنها ژمارەی هاریکەرەکان رێدەدا بە دابەشکرنی پرۆسە جیاوازەکان لەسەر کرێکارە جیاوازەکان و جێبەجێکردنی کارەکان لەیەککاتداو بەم شێوەیە کاتی پێویست بۆ پیشەسازی بەرهەمەکان کورتدەکرێت.

لە زۆر کەرتی پیشەسازیدا سەردەمانێکی دیاریکراوی چرکەساتێکی سەخت هەیە، دەبێ لێیان تێبگەین تا ئەنجامی چاوەڕوانکراومان دەستبکەوێت. مەسەلەکە بۆ نموونە پەیوەندی بە برینەی مێگەل یان بە عەمبارکردنی بەروبوومەوە هەیە، ئەم جۆرە بەرهەمەو چەندایەتییەکەی بەندن بەوەی جۆرە کارکردنێکن لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا دەستپێدەکات و کۆتایی پێدێت. ئەو ماوە کاتە کە دەبێ کاری تێدا ئەنجام بدرێت، بە سروشتەکەیەوە دیاریکراوەو ئەمە هەمان شتە لە ڕاوکردنی(رنك). کرێکاری دابڕوا ناتوانێت لە ڕۆژی کاری سروشتیدا تەنها یەك ڕۆژی کار نەبێت، با بێژین ئەوە ڕۆژێکە لە 12کاتژمێری کار پێکهاتووە، بەڵام هاریکاری100کرێکار لە یەك ڕۆژدا1200سەعاتی کار کۆدەکاتەوە. بەم شێوەیە لە چرکەی لابەلاکەردا قەرەبووی کورتی کات دەکاتەوە بە قەوارەی کاری ئەنجامدراو لە کۆڕەپانی بەرهەمهێنان. لێرەدا ئەو کارتێکردنە ئەنجامگیراوە لە چرکەساتی پێویست بەندە بە بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژکاری بەیەکگرێدراوو بەرفراوان بوونی کاری سوودبەخشی کرێکارانی بەکارهێنراو. لەبەر ئەوەی لە ڕۆژئاوای ئەمریکا لەم جۆرە هاریکارییە نییە، بۆیە بڕێکی زۆر لە گەنم تێکدەچێت و لە هەندێ ناوچەی هیندستان کە دەسەڵاتی بریتانیا تایفە کۆنەکانی قڕکرد، بۆیە هەموو ساڵێك بڕێکی زۆری پەمو تێکدەچێت.

هاریکاری رێدەدا بە بەرفراوانکردنی ئەو شوێنەی کاری تێدا دەکرێت و هەندێ پرۆژە وەك وشککردنی زەوی و ئاوەڕۆ و درووستکردنی کەناڵ و ڕێگاوبان و هێڵێ ئاسنین...هتد تەنها لەم تێڕوانینەوە، پێویستی بە هاریکارییە. لەلایەکیترەوە هاریکاری-

---

[2] پێناسەکەی ئەریستۆ-ئەگەر بە وردی قسەبکەین-مرۆڤ بە سروشتییەوە هاوڵاتییە، واتە دانیشتووی شارە. بەمە بەتەواوەتی تایبەتمەندی چاخە کۆنە کلاسیکەکان دەکات، هەروا پێناسەکەی فرنکلین: ((مرۆڤ درووستکەری ئامێرەکانە))، ئەمیش بەم پێناسەیە تایبەتمەندی دانیشتوانی ئەمریکای باکور دیاریدەکات.

لەگەڵ نەشونماکردنی بواری بەرهەمهێنان- ئەو پانتاییە کە تێدا کاردەکرێت، بەرتەسك دەکەینەوە. ئەم کارتێکردنە دوولایەنەیەو بەرزکەرێکی زۆر بەهێزە لە ئابووری خەرجە بچوك و فریاکوزارەکان و چاکەکەی بۆ گردبوونی کارگەران و نزیکبوونەوەی کارە جیاوازەکانە، بەلاّم بەیەکەوە بەستراوەکان و چڕبوونی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.

ئەگەر کاری رۆژی بەیەکەوە گرێدراو لەگەڵ کۆی یەکسانی رۆژانی کارە تاکانە ولەیەکتر دابڕاوەکان بەراورد بکەین، بڕێکی زۆرتر لە بەهای بەکاربردنمان پێدەدات و بەم شێوەیە کاتی پێویست بۆ دەستخستنی کاری خوازراو کەمدەکاتەوە. ئەگەر رۆژکاری پێکەوەگرێدراو، ئەم بەرهەمهێنانە بالاّیە وەرگرت بە دووبەرابەرکردنی هێزی کاری ئالی و بەرفراوانکردنی کردارەکانی لە شوێنەکەی یان بەرتەسکردنی بواری بەرهەمهێنان بەنیسبەت بوارو چەندایەتییەکی گەورەی کار لە چرکەی سەختدا جولاّندو گەشەکردنی بە کێبڕکێ و هاندانی رۆحە ئاژەڵییەکان و مۆرکی تایبەتی فرەشێوەی لەسەر رەنجە تاکە شێوەکان کرد یان پۆی بەردەوامی، ئەوەش بەهەستان لەیەك کاتدا بە پرۆسەی جیاوازو بە ئابووری کەرەستەگەلێك بە رێگای بەکاربردنیان بە شێوەیەکی هاوبەش یان بە گواستنەوەی پۆی کاری ناوەندی بۆ کارە تاکانەکان. لە هەموو ئەم حاڵەتاندا دەبینین هێزی بەرهەمهێنانی جۆرایەتی رۆژی کاری پێکەوەگرێدراو، هێزی کۆمەڵایەتی کارە یان هێزی کاری کۆمەڵایەتییە. ئەوە هەر لە خودی هاریکاریکرنەوە لەدایکدەبێت و کارگەریش بەکارکردنی بەشێوەیەکی زنجیرەیی لە گەڵ ئەوانیتر لە پێناو یەك مەبەستی هاوبەشداو بە گوێرەی پلانێکی نەخشەکێشراو، سنووری تاکەکەسی لەناودەبات و گەشە بە هێزەکەی دەدا چونکە جۆرایەتییە[1].

بەگشتی خەڵك ناتوانن بەشێوەیەکی هاوبەش کاربکەن بێ ئەوەی کۆببنەوەو تا بتوانن کرێگرتەکان هاوکاری یەکتری بکەن، دەبێ خودی سەرمایەدار بەکاریانبهێنێت و پاشان سەرمایەدارەکە بەخۆی لە یەك کاتدا هێزەکانی کاریان دەکڕێت. بەهای گشتی ئەم هێزانە یان بڕێکی دیاریکراو لە کرێی رۆژ یان هەفتەیەك...هتد دەبێ لە گیرفانی کۆببێتەوە پێش ئەوەی کرێکارەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان کۆبکاتەوە. کرێدانی کرێی کاری300کرێکار بەجارێك گەر بۆ رۆژێکی کاریش بێت، پێویستی بە پێشینەیەکی گەورەتر لە سەرمایە هەیە لە کرێی ژمارەیەکی بچوکتر لە کرێکار، لە هەفتەیەکدا یان لە ماوەی هەموو ساڵەکە. ژمارەی هاریکەرەکان یان بواری هاریکاریکردن، بە پلەی یەکەم بەندە بە پێوانەی سەرمایەیەك کە پێدەکرێ پێشینەی بدا بۆ کڕینی هێزی کار، واتە بەو رێژەیە کە سەرمایەدارێك بەتەنها هەڵسوکەوت دەکات بە کەرەستەی بژێوی کرێکارێکی زۆرەوە.

ئەرکی سەرمایەی نەگۆڕ وەك ئەرکی سەرمایەی گۆڕاوە. کەرەستە خاوەکان-بۆ نموونە- خەرجی ئەو سەرمایەدارە کە300کرێکار بەکاردەهێنێت، 30جار زۆرتر خەرجی تێدەچێت بۆ هەر یەك لەو 30سەرمایەدارانەیە کە هەریەکێکیان 10کرێکار بەکاردەهێنێت. ئەگەر بەهای ئامرازەکانی کارکردن کە بە شێوەیەکی هاوبەش بەکاردەبرێن و چەندایەتییەکەی لەهاوشانیدا زیادناکەن لەگەڵ کرێکارە سەرمایەپێکراوەکان، کەچی بەشێوەیەکی هەسپێکراو زیاتر دەبن. چڕکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە سەرمایەدارە تاکەکان، مەرجی ماددیانەیە بۆ هەر هاوکارییەك لەنێو کرێکارە کرێگرتەکان.

ئێمە(لە بەشی یازدە)بینیمان کە کۆیەك لە بەها یان بڕێکی دراو بۆ ئەوەی بۆ سەرمایە بگۆڕێ، دەبێ لەلانی کەمەوە بگات بە پێوەرێکی دیاریکراو، رێگە بە خاوەنەکەی بدات ژمارەیەکی کرێکار سەرمایەگوزار بکات وبەس بێت بۆ ئەوەی ئەرکی کاریدەستی بخاتە ئەستۆیان. هەرگیز سەرمایەدار نەیدەتوانی بەبێ ئەم مەرجە شوێنی سەرداری تایفەکان وخاوەن کارە بچووکەکان بگرێتەوەو خودی بەرهەمهێنان نەیدەتوانی مۆرکی روون وئاشکرای بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەبەر بکات.

ئێستا بڕێکی سەرمایە وەك لانی کەم بۆمان دەردەکەوێت لە دەستی تاکگەلێکدا کە دیمەنێکی زۆر جیاوازیان هەیە؛ ئەوە چڕکردنی سامانەکانە کە پێویستە بۆ کۆڕینی کارە تاکانەو دابڕاوەکان بۆ کاری کۆمەڵایەتی وپێکەوەگرێدراو و دەبێتە بنەمای ماددی بۆ ئەو گۆڕانکارییانە کە شێوازی بەرهەمهێنان ملکەچی دەبێت.

---

[1]/ ((هێزی هەر مرۆڤێك زرۆ بچوکە، بەلاّم کۆبوونەوەی هێزگەلێکی بچووك هێزێکی گشتی گەورەتر لە کۆبوونەوەکە دروستدەکات، بەشێوەیەك کە تەنها بە هۆی کۆبوونەوەیان پێدەکرێت کاتی کارەکەی کەم بکاتەوە و پانتایی بەرفراوان بکات. - (C. A Carli. L. C)

لەسەرەتای سەردەمی سەرمایەداریدا، قەلەمڕەوییەکەی بەسەر کاردا مۆرکێکی روکەشیانەی رووت و لاکێش هەبوو. کرێکار لە ژێر فەرمانی سەرمایە کارناکات، تەنها لەبەر ئەوە نەبێت هێزەکەی پێفرۆشتووە؛ تەنها لەبەر ئەوەی ئامرازی ماددی نییە تا بۆ خۆی کاربکات. بەڵام هەر لەو کاتەوە کە هەندێ هاریکاری لەنێو کرێکارە کرێگرتەکان درووستدەبێت، قەڵەمڕەوی سەرمایە نەشونما دەکات بەو مانایە پێداویستییەکە بۆ ئەنجامدانی کارکردن و مەرجێکی واقیعییە بۆ بەرهەمهێنان. لە گۆڕەپانی بەرهەمهێناندا فەرمانی سەرمایە لەو کاتەوە ئیتر گرنگ دەبێت وناکرێ دەستی لێ هەڵبگیرێت، رێك وەك چۆن فەرمانی جەنەڕاڵ لە گۆڕەپانی جەنگ گرنگە و دەستی لێهەڵناگیرێت.

هەر کارێکی کۆمەڵایەتی یان هاوبەش کە بەتێروتەسەلی لەبوارێکی بەرفراواندا بڵاودەبێتەوە، پێویستی بە بەرێوەبردن هەیە بۆ رێکخستنی چالاکییە تاکەکەسییەکان و دەبێ هەستێت بە ئەنجامدانی ئەو کارە گشتییانە کە رەگەزەکەی لەو جیاوازیانەدا هەیە لە نێوان بزووتنەوەی گشتی جەستەی بەرهەمهێنەرو بزووتنەوەی تاکەکەسە ئەندامە سەربەخۆکان، ئەو جیاوازییانە کە لێیەوە پێکهاتووە. مۆسیقاژەنێك ئاوازێکی تاکانە لێبدات خۆی خۆی بەڕێوەدەبات، بەڵام تیپێکی مۆسیقاژەن پێویستییان بە مایستەر هەیە.

کارەکانی ئەم بەرێوبردنە و پاسەوانی و دەڵاڵیکردن دەبن بە ئەرکی سەرمایە لەو کاتەوە کە کرێکارە ملکەچەکەی دەبێتە کرێکارێکی هاریکردن و بەو مانایە ئەرکێکی سەرمایەدارییە، تایبەتمەندی تایبەت وەردەگرێت.

پاڵنەری بەهێز، واتە(لەولەبی) بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، پێداویستی زیادکردنی بەهای سەرمایەیە و ئەو ئامانجە کە بەرێوەچوونەکەی دیاریدەکات، دەستکەوتنی گەورەترین بەهای زیادەیە یان-ئەمەش هەمان شتە-تا دەکرێت گەورەترین سەرمایەگوزاری بۆ هێزی کار بکرێت. هەرچەند لەیەك کاتدا بەستەلەکی کرێکارە سەرمایەپێکراوەکان زیادببێت، بەرگرییان لە دژی سەرمایە زیاددەکات و پاشان ئەو فشارە کە دەبێ بەکاربهێنرێت بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو بەرگریە. ئەو بیرۆ(ادارە)یە کە لەبەردەستی سەرمایەدارە تەنها ئەو ئەرکە تایبەتە نییە کە لە سروشتی بزووتنەوەی خودی کاری هاریکاری یان کۆمەڵایەتی لەدایك دەبێ، بەڵکو لە هەمان کاتداو لەپلەیەکی بەرزدا، ئەرکی سەرمایەگوزارییە بە کاری کۆمەڵایەتی و ئەرکێکە لەسەر رووبەڕووبوونەوەی بێ چەندوچۆن لە نێوان سەرمایەگوزارو ئەو ماددەیەی سەرمایەگوزاری پێدەکات.

شانبەشانی ئەوەش، هەرچەند بایەخی ئەو ئامرازی بەرهەمهێنانە نەشونمای کرد کە رووبەڕووی کرێکار دەبێتەوە کە مۆڵکایەتییەکە لێی نامۆیە، پێویستی بە بوونی چاودێری نەشونمادەکات و لێپێچینەوە لە بەکارهێنانی بەشێوەیەکی گونجاو.

لەدواییدا هاریکاری کرێکارە کرێگرتەکان تەنها بەرئەنجامی ئەو سەرمایەیە کە لەیەککاتدا بەکاریاندەهێنێت و پەیوەندی لە نێوان ئەرکە تاکانەییەکانن و یەکگرتنەوەیان بەو مانایە کە جەستەیەکی بەرهەمهێنەرن، لە دەرەوەی خۆیانەوە هەیە، واتە لەو سەرمایەیە کە کۆیان دەکاتەوەو رایاندەگرێت. گرێدراوی کاری کرێکارەکان لە ئاستی زهنیدا وەك نەخشەیەکی سەرمایەداری دەردەکەوێت، واتە هێزی ئیرادەیەکی نامۆ کارەکانیان بۆ مەبەستەکانی ملکەچدەکات.

کەواتە ئەگەر بەرێوبەرایەتی سەرمایەداری وەك ناوەڕۆك دوو رووی هەبێت، ئەوا لەبەر هەمان ئەو شتەیە کە پەیوەندی بە سەرکردایەتی خودی خۆیەوە هەیە، لەلایەکەوە نەشونماکردنی پرۆسەی هاریکارییە، لەلایەکیترەوە پرۆسەی دەسکەوتنی بەهای زیادەیە-شێوەی ئەم بەرێوەبردنە وەك پێویست دەبێتە ستەمکار-و شێوە تایبەتییەکانی ئەم ستەمکارییە گەشەدەکات چەندە هاریکاری گەشە بکات.

سەرمایەدار دەستدەکات بەوەی لە کاری دەستی دووردەکەوێتەوە، ئەوجا کاتێ سەرمایەکەی نەشونما دەکات و لەتەکیدا ئەو هێزە بەکۆمەڵەیە کە سەرمایەگوزاریان پێدەکات، لە وەزیفەی چاودێری کرێکاران و کۆمەڵەکەیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ و چالاکانە، دەستدەکێشێتەوە و ئەم وەزیفەیە دەگوێزێتەوە بۆ جۆرێکی تایبەت لە کرێگرتەکان. سەرمایەدار هەر لەو کاتەوە کە خۆی لەسەرووی لەشکرێکی پیشەسازی دەبینێ، ئەفسەری بەرپرس(بەرێوەبەرەکان و جێگرەگانی)و ئەفسەری پلە دوو(چاودێر، سەرپەشتیارو، نوێنەری سەرۆکەکان) بۆ خۆی دەگرێ، واتە ئەوانەی کە بەناوی سەرمایەوە رۆڵی سەرکردایەتی دەبینین لە ماوەی گەشەسەندنی کارکردنداو تاقە کاری سەرمایەداران دەبێتە تەماشاوان.

کاتێ ئابووریناسێك بەراوردکاری لەنێوان شێوازی بەرهەمهێنانی جووتیاران و پیشەییە سەربەخۆکان و سەرمایەگوزاری لەسەر بنەمای کۆیلایەتی وەك ئەو جووتیارانە لە کۆلۆنەکان ئەنجامی دەدەن، دەکات، ئەوا **کاری پاسەوانی** لە لیستی کەم **خەرج و لەپڕەکان** دادەنێ. بەڵام ئەگەر شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئەزمایش بکەین، دەبینین کاری بەرێوەبردن و پاسەوانی یەکدەخات، ئەو کارانە کە لە سروشتی پرۆسەی نەشونماکردنی کاری هاریکاری شاخەیان لێ دەبێتەوە، ئەم وەزیفەیەش بەو مانایە کە بنەمای هەیە، مۆرکی سەرمایەدارییە و ململانی لەسەر خودی گەشەسەندنی ئەم پرۆسەیە دەکرێت. سەرمایەدار هەرگیز سەرمایەدار نییە لەبەر ئەوەی بەرێوبەرێکی پیشەسازییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت بە سەرۆك، چونکە سەرمایەدارە. سەرکردایەتی لە پیشەسازیدا دەبێتە تایبەتمەندی سەرمایە وەك چۆن سەرکردایەتی جەنگ و بەرێوەبردنی دادپەروەری لە سەردەمی دەرەبەگایەتی تایبەتمەندی موڵکایەتی زەویوزار(عەقار) بوو[7] .

کرێکار بە خۆی خاوەن موڵکی هێزی کارەکەیە و لەبەر ئەوەی مشتومڕ لەبارەی نرخەکەی دەکات لە گەل سەرمایەدارەکەو ناتوانێ هیچ بفرۆشێت تەنها هێزی کارەکەی نەبێت، واتە هێزە تاکەکان. ئەم پەیوەندییە بەهیچ شێوەیەك ناگۆڕێت، چونکە سەرمایەدارەکە سەد هێزی کار دەکاتە موڵکی خۆی لەبری یەك هێز، یان گرێبەستێك لە گەل یەك کەس ناکات، بەڵکو لەگەل سەد کرێکاری کە لەیەکتری سەربەخۆن و دەتوانێ کاریان پێبکات بەبێ ئەوەی بیانهێڵێت هاریکاری بکەن. کەواتە سەرمایەدارەکە بە هەر کرێکارێك نرخی هێزی کاری سەربەخۆ دەدا، بەڵام نرخی هێزی بەیەکگرێدراو نادات. کرێکارەکان وەك کەسانی سەربەخۆو تاکگەلێکی لەیەکتر دابڕاو، دەچنە ناو پەیوەندییەك لەگەل خودی سەرمایەکەوە، نەك لەنێوان خۆیان. هاریکارییان تەنها لە پرۆسەی گەشەکردنی کار دەستپێدەکات، بەڵام لەوێدا چیتر موڵکی خۆیان نین و هەر کە چوونە ناو ئەو پەیوەندییە، لە سەرمایەدا یەکانگیر دەبن و چونکە هاریکاری دەکەن و ئەندامی جەستەیەکی چالاك پێکدەهێنن، دەبن بە شێوازێکی تایبەت لە شێوازەکانی بوونی سەرمایە. ئەو هێزی کارە کە کرێکارە کرێگرتەکان لە کارەکانیان خەرجی دەکەن وەك کارگەرێکی بەکۆمەڵ، هێزی بەرهەمهێنەر بۆ سەرمایە پێکدەهێنن. هێزی کۆمەڵایەتی کار گەشەدەکات بەبێ ئەوەی نرخەکەی بدرێت، هەر لەو کاتەوە کرێکاران لە لایەن سەرمایەوە لە مەرجگەلێکی دیاریکراودا دادەنرێن. لەبەر ئەوەی هێزی کۆمەڵایەتی کار هیچ تەکلیفێك بۆ سەرمایە ناکات و کرێکاری کرێگرتە لەلایەکی ترەوە گەشەپێنادات تەنها ئەو کاتە نەبێت کە کارەکەی دەبێتە موڵکی سەرمایە، ئەوجا سروشتەکەی وا دەردەکەوێت وەك هێزێکی سەرمایەو هێزێکی بەرهەمهێنەری پێوەوە نووساو. کارتێکردنی هاریکاری ساکار بە روونییەکی زۆر دەگمەن دەردەکەوێت لە کارە مەزنەکانی رۆژهەلاتییەکان، میسرییەکان و ئەتروسکییەکان...هتد

((ئەم دەوڵەتە رۆژهەلاتییانە لەسەردەمانێکی زۆر کۆندا کاتێ خەرجە مەدەنی و سەربازییەکانیان دەدا، دەبینێ خاوەن ئامرازی زیادەی بژێوییە و دەتوانێ بۆ کاری گەورە و سودبەخش بەکاری بهێنێ. توانایان بۆ هەڵسوکەوتکردن بە کاری زۆربەی دانیشتوانە غەیرە کشتوکاڵییەکان و ئەو مافە کە پاشا و پیاوانی ئاین بۆ بەکارهێنانی ئەو زێدەیە، ئامرازگەلێکی پێدەدا بتوانێت ئەو پەیگەرە زلهێز و ئاسەوارە مەزنانە کە سەرتاپای وڵاتەکە دەگرتەوە، بکەن. بۆ جوڵاندنی ئەو پەیگەرە گەورانە قەوارە زلهێزانە کە گواستنەوەیان سەرسامیان دەکەن، زۆر جار تەنها هێزی مرۆییان بەکاردەهێنا، بەڵام بە دەستبلاوگرنێکی بێکۆتاییدا. ژمارەی کارگەران و چڕکردنی رەنجەکەیان بەس بوو...هتد>کۆمەڵە ئاشوری و میسرییەکان...هتد کە موڵکی مۆزەخانە ئۆروپییەکانن شێوەکانی ئەم کارە هاوکارییانە پیشانمان دەدەن.- ر. جۆنس. تێکست بوك ئۆف لیتراتور، لا77-87-<

دەسەڵاتی پاشاکانی رۆژهەلات و میسرییەکان و تیوکراتە(خواوەندەکان)ی ئەتروسکییەکان...هتد لە کۆمەڵگای نوێدا کەوتە دەستی سەرمایەی تاك یان شەرکەتەکانی کۆماندیت و شەرکەتەکانی چەند بەشداربوویەکی سەرمایەدار...

هاریکاری وەك لە رەگەزەکانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی و گەلانی راوچی دەیبینین>>لەوانەیە(لانگویت) لە کتێبی(تیئۆرییەکەی لەبارەی یاسا مەدەنییەکان)بەهەڵەدا نەچووبێت کاتێ ئیدیعا دەکات کە راوکردن یەکەم شێوەیە لە شێوەکانی

---

[7]/ ئۆگۆست کۆنت و قوتابخانەکەی هەوڵیاندا پێویستی هەمیشەیی بە قەڵەمڕەوی سەرما بسەلێنن، و دەیانتوانی لەبەر هەمان هۆ، پێویستی قەڵەمڕەوی دەرەبەگەکان بسەلێنن.

هاریکاردن و راوکردنی مرۆڤ(جەنگ) یەکێکە لە شێوە یەکەمەکانی راوکردن-بڕوانە چاپی ساڵی1767، بەشی 78، لە لاپەڕەی278-289.(چاپکەرە فەرەنسییەکان)<<

لە کارە کشتوکاڵییەکانی تایفە هندستانییەکان...هتد لەسەر موڵکایەتی هاوبەشی مەرجەکانی بەرهەمهێنان، ئەنجام دەدرا و لەسەر ئەم واقیعە کە هەر تاکێك هێشتا هەر بە هۆزەکەی یان تایفەکەی بەستراوەتەوە وەك ئەو هێزەیە کە هەنگ بە شانەکەی دەبەستێتەوە. ئەم دوو مۆرکە جودایان دەکات لە هاریکاری سەرمایەداری. بەکارهێنانی هاریکاری بەشێوەیەکی پەرتەوازو لە بوارێکی بەرفراواندا لە چاخە کۆنەکان، چاخی ناوەندو کۆلۆنییە هاوچەرخ لەسەر پەیوەندی راستەوخۆی دەسەڵاتداری و کۆیلایەتی راوەستاوە و لەسەر کۆیلایەتی بەگشی. بەپێچەوانەوە شێوە سەرمایەدارییەکەی پێشوەخت گریمانەی بوونی کارگەری ئازاد، واتە فرۆشیاری هێزەکەی دەکات و ئەم هێزە لە مێژوودا گەشەدەکات بە ناکۆکی لەگەل کشتوکاڵی جووتیارانی بچوك و پەیڕەکردنی ئازادانەی پیشە، خاوەن شێوەی هاریکاری بێت یان نەبێت.

لەبەرامبەریدا هاریکاری سەرمایەداری هەرگیز وا دەرناکەوێت وەك شێوەیەکی تایبەت لە شێوەکانی هاریکاری، بەڵکو بەپێچەوانەوە، خودی هاریکاری وەك شێوەی تایبەتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەردەکەوێت.

ئەگەر هێزی کاری بەکۆمەڵ کە هاریکاری گەشەپێدەدا، وەك جۆرێکی تایبەتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەردەکەوێت و ئەوەش وەك یەکەم قۆناغ لە قۆناغەکانی گەشەسەندن کە پرۆسەی نەشونماکردنی کار تێدەپەڕێنێت ولەبەر پاشکۆیەتی بۆ سەرمایە. ئەم گەشەسەندنە لەخۆیەوە نەشونما دەکات و بنەماکەی، واتە بەکارهێنانی ژمارەیەکی دیاریکراو لە کرێکاری کرێگرتە لە یەککات و لەهەمان کارگەدا، لەگەل بوونی خودی سەرمایە دیاریدەکرێت، و هەمیشە وەك سەرئەنجامی مێژوویی ئەو بارودۆخ و بزووتنەوانە کە بەشدارییان کرد لە لێکترازاندنی جەستەی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی.

شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وا دەردەکەوێت بۆ ئێمە وەك پێویستییەکی مێژوویی بۆ گۆڕینی کاری پەراوێزکراو بۆ کاری کۆمەڵایەتی، بەڵام زیادکرنی مۆرکی کۆمەڵایەتی لەنێو دەستی سەرمایە بەسەر کار، لە هێزی بەرهەمهێنانەکەی زیاد ناکات تەنها بۆ ئەوە نەبێت، قازانجێکی گەورەتر سەرمایەگوزاری بکات.

هاریکاری لە شێوە سەرەتاییەکەی تاقە شێوەیە کە تا ئێستا ئەزمایشمان کردووەو جووتدەبێت لەگەل بەرهەمهێنان لە بوارێکی بەرفراوان. لەم رووەوە هیچ سەردەمێك لە سەردەمانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تایبەتمەندییەکی نییە کەر ئەوە لە سەرەتای مانیفاکتۆرە نەبێ کە تا ئەو کاتە پیشەیی بوو و ئەو جۆرە کشتوکاڵییە بەرفراوانە کە هاوجووتی سەردەمی مانیفاکتۆرییە و تایبەتمەندی هەیە لەگەل کشتوکاڵی بچووك بە پێوەرەکانی کەمتر لە تایبەتمەندیەکان بە شێوازەکانی. هاریکاری ساکار هێشتا تا ئیمرۆ لەو پرۆژانە باڵادەستن کە سەرمایەی تێدا لە بوارێکی بەرفراوان کاردەکات، بەبێ ئەوەی لەوێ دابەشکردنی کار یان بەکارهێنانی ئامرازەکان رۆڵێکی گرنگ بگێڕن.

**شێوازە بنەڕەتییەکانی** بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئەو هاریکارییەیە کە دووبارە شێوە سەرەتاییەکەی پیشاندەدا-سەرای ئەوەی ناوەکەی شێوازە ئالۆزەکەیی تێدایە-تەنها لەمەدا وەك یەکێك لە توخمەکانی، لەپاڵییەوە مانەوەکەی وەك شێوازێکی تایبەت دەپارێزێ.

سەرمایە، کارل مارکس، جلدی 3-4، لاپەڕەی455-474، بە عەرەبی، لە وەرگێڕانی محەمەد عیتانی، بەیروت، کتێبخانەی مەعارف.

لە عەربییەوە بۆ کوردی

[i]/ ئەم پڕوپووچییە گۆتەی توڕەکرد، بۆیە لەم دیالۆکەدا گاڵتەیان پێدەکات:

مامۆستای قوتابخانە: باوکت لەکوێ سامانەکەی دەستکەوتووە؟

قوتابی: لە باپیرەی.

مامۆستای قوتابخانە: ئەی باپیرەی لە کوێی هێنابوو؟.

قوتابی:لەباوکییەوە

مامۆستای قوتابخانە: ئەی ئەمەی دواییان لە کوێ دەستی کەوتووە؟

قوتابی: بە دەستڕاگرتن دەستی بەسەردا گرتووە.(سەرچاوە: جلدی بەرهەمەکانی گۆتە، 1850، 2ت، پ 276(بلاوکەرە فەرەنسییەکان)

[ii]/ لە ئیتالیادا بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زۆر زووتر لە وڵاتانیتر گەشەیسەندو دەرەبەگایەتیش زۆر زووتر لەناوچوو. کەواتە وەرزێرەکان هەر بەراستی رزگاریانبوو پێش ئەوەی کاتی ئەوەیان هەبێت مافی موڵکایەتی زەوییەکانیان بۆ خۆیان دابین بکەن. بەشێکی زۆری ئەو کرێکارە رەنجدەر و ئازادانە وەك با، روویان لە شارە پاشماوەکانی ئیمپراتۆرییەتی روم دەکرد، ئەو شارانە کە ئەشرافەکان زۆر زوو پێیان باش بوو تێدا نیشتەجێ ببن. کاتێ گۆڕانکارییە گەورەکان لە دەوروبەری سەدەی پازدەهەم باکووری ئیتالیایان لە بازاڕی جیهانی و سەرکەوتنە بازرگانییەکەی بێبەش کرد و مانیفاکتۆرەکانیشی وێران کرد، بزووتنەوەیەك بە رەوتێکی پێچەوانە روویدا؛ کرێکارەکانی شارەکان بە کۆمەڵ روویان لە لادێیەکان کرد کە کشتوکاڵی بچووکیان تێدا زاڵە بە شێوەی باخچە بە شێوەیەك کە لە رابردوودا رووی نەداوە.

[iii]/((هەرچەند یاسادانەرەکان کێشەکانی نێوان خاوەنکار و کرێکاران چارەسەربکەن، راوێژکاری خاوەن کارەکانیان دەکرد))، سەرچاوە: ئادەم سمت، سەرچاوەی رابردوو لە وەرگێڕانی غارنییە-جلدی یەکەم، لاپەڕەی296((موڵکایەتی رۆحی یاساکانە)) وەك لانغی دەڵێ.

[v]/

Sophisem of Free by a Barrister, London, 1850, p235 et 263
( یاسا هەمیشە ئامادەبووە بۆ دەستتێوەردان، دەسەڵاتەکەی بۆ بەرژەوەندی خاوەن کار بەکار بهێنێت.)

vi/ ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە بەم شێوەی خوارە دارِژراوە: لەبەر ئەوەی لابردنی هەر جۆرێك لە جۆرەکانی کۆبوونەوەی هاوڵاتیان کە هاوسانن لە بارودۆخ و پیشەدا، یەکێکە لە قواعدە بنەرِەتییەکانی دەستووری فەرەنسایە، بۆیە بە کردەوە هێنانەوەی یاساغە هەر چییەك بێت بیانوو یان دارِشتن یان شێوەکەی)). ماددەی چوارەمیش رایدەگەیەنێت: ((ئەگەر هەندێ هاوڵاتی کە هەمان پیشەو هونەر کۆیاندەکاتەوە، لە بنکەکەیان بەکارهێنا و لەنێو خۆیاندا رێکەوتنیان رێکخست بە مەبەستی پەرچدانەوەی هاوبەش یان مەبەستیانە یارمەتی هونەری و پیشەکەیان پێشکەش نەکەن تەنها بە نرخێکی دیاریکراو نەبێت، ئەوا ئەو برِیار و رێککەوتنە ناوبراوانە بە سەرپێچی دەستووری دادەنرێت و دەستکاری ئازادی و بە راگەیاندنی مافی مرۆڤ ...هتد)) واتە ئەوانە، وەك لە سیستێمە کۆنەکان، بە کارگەلێکی یاخیکەرو سەرپێچکەرانەن.

vii/ یاسای 1864/5/25(بلاوکەرە فەرەنسیەکان)

viiiئەمە تاقە ئامانجی بازرگانییە(ج. فاندرلانت-سەرچاوەی ئاماژەپێکراو، لاپەرِەی11)

## قەیرانی دراو یان قەیرانی دەسەڵاتی سەرمایەداری

مانشێتی سەرەکی بیست ساڵی رابردوو تا ئێستا لە جیهان بریتین لە(نیولیبرالیزم، جیهانگیری، کۆتایی مێژوو، کەرتی تایبەت، بێبایەخکردنی شیوعییەت). ئەگەر بۆ ئەو ئەدرەسانە بگەرِێین لە ئاستی ژیانی رۆژانە، دەبینین جیهان لە باری(بەرزبوونی رێژەی بێکاری، هەژاری، جەنگ، گرانی و قەیرانی یەك لەدوای یەکی دارایی)تێدەپەرِێت. لە کوردستان گرانی کاڵا، بێکاری زاڵەو بە پۆلیس کردنی کۆمەڵگاو ئیکسپایەر، کێشەی دەرمان بەرِوونی لەبەرچاوە، ، بۆیە لێرەو لەوێ داوای کۆنترۆڵکرنی بازار دەکرێ، بەڵام حکومەت بەهەموو شێوەیەك پێشوازی لە بازارِی ئازاد کردووە. ئایا ئەم بارودۆخەیشە پەیوەندی بە قەیرانی ئابووری جیهانییەوە هەیە؟ ئایا ئەم پەرِەسەندە پەیوەندی بە پلەیەکی دیاریکراوی سەرمایەداری هەیە؟ ئایا ئەڵتەرناتیفێکی مرۆیی بۆ ئەم دەسەڵاتە هەیە یان ماوە؟!

چی روویداوە؟

هەر قەیرانی خانوبەرەیە؟

ئۆلریش بوش له(ئۆتۆپی کریەتیف)ڕۆژی 2008/9/18دەڵێ: هەرهەموو ئەم قەیرانە سەرەتا لە بازاڕی عەقارات لە ئەمریکا دەستیپێکرد. لە سەرەتای ساڵی2000 بڵقی- ئیکۆنۆمی نوێ لە بازاڕی کۆمپیالە تەقییەوەو زۆر لە سەرمایەگوزارەکان روویان لەم کەرتە کرد. کارەکان کە تا رادەیەك بەشێوەی جانبازی بەڕێوەوە دەچوو سەبارەت بە پارچە زەوی، خانوو و ماڵ بووە هۆی بەرزبوونی نرخەکانیان و لە ماوەی 5ساڵدا نرخەکانیان 100٪بەرزبووەوە. ئەمە خانودروستکەرەکانی بۆ خۆی راکێشا و خەرجی بەکاربردنی زیادکردو بە پارەی قەرزەوە دەکڕدران و ئەوجا بەڕێگای هاوردەی شمەك بەقەرز لەدەرەوەی وەلأت کارتێکردنی خۆی لەسەر ئابووری جیهانی دانا.

ئێستا نرخی خانوو دابەزیوەو خاوەنەکانیان ناتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە کە لە نرخی ماڵەکانیشیان زیاتر قەرزبار کراون، بە کورتییەکەی: بازاڕی خانوبەرە تووشی داڕوخان بووە.

هەرەسی سیستێمی دراو

کلاوس ڤاگنەر لە وتارەکەیدا(سەرمایەداری لە قەیرانە)لە رۆژنامەی ئونزەرە تسایت، پێمان دەڵێ: 14بانق هەرەسیانهێنا و 6بانقی تر لەلایەن کێبرکەکانیان قوتدرانەوەو ماوەی چەند مانگێکە لە کۆی 5گەورە بانقی سەرمایەگوزاری(وۆڵ ستریت)، ئاسەواری دانەیەکیشیان نەماوەو لەسەر ئاستی جیهانیشدا دەبێ زیاتر لە نیو بلیون دۆلار رەشبکرێتەوە؛ بانقی بیمەی ئەمریکی(AIG)لە هەوڵێکی بروسکئاسا بە بڕی 85ملیارد دۆلاری پارەی باجدەران لە لەناوچوون، رزگار بکەن؛ بانقەکانی هیپۆتیك(Fannie Mae)و(Freddie Mac) رێیانپێدرا سەددان ملیارد دۆلاری باجدەران وەربگرن و بانقە سێنترڵەکان بڕی زۆر گەورەی دراویان بە بازاڕەکان دا. لە هەشتاکانەوە ئابووری ئەمریکی لەسەرخۆ و لە قۆناغی جیاجیادا و بەبەردەوام قەرزارکردنی دەوڵەت و خەرجی ماڵان بەرەو هەڵکشان بردووەو بنەماڵە گەیشتە رێژەی سفرو قەرزی خێزانەکان وەك هاوکێشێکی ناوەند گەیشتە 000 10دۆلار(بێجگە لە قەرزاری خانووکڕین)؛ قەرزی خاوەن کارتی بانقەکان گەیشتە 800ملیارد دۆلار؛قەرزی بازرگانی هەر بەرەو هەڵکشان دەچێ وگەیشتووەتە 700ملیارد دۆلارو ئێستا قەرزاری دەوڵەت گەیشتە 11،3بلیون دۆلار. زیادڕەوی بەکاربردن لە دوو دەیەی رابردوو وپێش هەمووشیانەوە لەلاین ئابووری ئەمریکییەوە، کاکڵەی مۆتۆری گەشەسەندنی ئابوروی جیهانی بوو، بەڵام لەسەر بنەمای بەرزبوونی قەرز کە وەك پێکهاتی تۆپێکی بەفرینی زلهێز، کە قەرزی رابردوو بە قەرزێکی نوێی بەرزتر دەدەنەوە. بانقەکان بەشێك بوون لە یاری ئەم هەرەمەو قەرزە لە توانابەدەرەکەیان بەڕێگای سیستێمێکی بێ کۆنترۆڵی سێبەری بانقەکان وەك(Hedge Fonds, Private EquitiesVehicles) دەکرد. ئێستا ئیدی بەرفراوانی بێ بڕێکی ئەم سیستێمە گەیشتە کۆتاییەکەی....لەهاوینی ساڵی رابردووەوە دەستپێکی ئەم پرۆسەیەیەو، ئێستا قەیراناوی بووەو ئیدۆلۆژی باڵادەست و پراکسیسی سۆسیو-ئیکۆنۆمی نیولیبڕالیزم و کێبرکێ لەنێو دەسەڵاتدارە ئیمپریالیستەکانی گرتووەتەوە.

چاوچنۆکی سەرمایە

بەڵام قەیرانی سەرمایەی دراو تەنها لە ئابووری ئەمریکی قەتیس نەماوەتەوەو باڵی بەسەر جیهان کێشاوەو خۆی لە گرانی کاڵاکان دەبینێتەوە. بۆ نموونە، رۆژنامەی(NZZ)سویسری دەنووسێت: لە یەکەم شەش مانگی ئەمساڵ، کەرەستەی خاو لە بازاڕی جیهاندا ئەوەندە بەهێز بەرزبووەتەوەن وەك لە1973وە رووی نەداوە؛ لە مانگی یونی ئاماژە بە بەرزبوونی 9٪ (داو-جۆنس-ئەی ئی گی) یان زیاترو گرانی بەگشتی گەیشتە 28تا 29٪و لە کەرتی پیشەسازی کانزا(+14٪)، دانەوێلە(+28٪)و کەرتی وزە(+54٪). سەندوقی دراوی جیهانی(IMF) پەیوەندی تەقینەوەی نرخ لەگەل جانبازی دەبەستێتەوە. هەندێ هەیە کە بەرزبوونی نرخەکان، بارودۆخی هاتوچووی ئۆتۆمبیل لە چین دەکات رادەگرێ. لەشوێنێکی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە تەدبیرەکانی حکومەت بۆ راگرتنی گرانی، بەبێ کارتێکردن ماوەتەوە. لەم بارەیەوە پارتی کاری سویسری پێی وایە کە کێشەکە سەرئەنجامی هەوڵی(دەستکەوتنی بڕی سەرمایەیەکی زیاترە).

بۆ نموونە، کاتێ شوفێرەکانی ترێلە لە سپانیاو پورتوگال لەدژی بەرزبوونی نرخی بانزین و گاز ماندەگرن، دوو کرێکاریان لێدەکوژرێ، بۆیە پەڕە بە چالاکییەکەیان دەدەن و دەبێتە هۆی داخستنی50٪ی بانزینخانەکان و بەروبووم لە سوپەرمارکێتەکان دەست نەکەوت و رێگەیان لە هاتووچووی نێو شار، بەندەر و گەنجینەکان داخست. هەمان ئەم خەباتە لە شوتلەندیش بەرپاکرا.

رەنگدانەوەی قەیرانەکە لەسەر ئاستی جیهان:

2008/10/8- کۆماری سلۆڤینیا: حکومەت گارانتی دەوڵەتی بەبێ سنوور دەدا بەوانەی بڕێك پارەیان لە بانق کۆکردووە. وەزیری دارایی لەبارەی ئەم گارانتییەوە، وتی: تا بارودۆخەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە. پاش ئەمریکا و بەریتانیا، ئیتالیاش چەندین ملیارد دۆلار وەك پاکێتی یارمەتی بۆ سیستێمە دارایی زیانلێکەوتووەکەی تەرخان دەکات. حکومەتی روما نزیکەی 20ملیارد ئۆیرۆ دەخاتە خزمەتی بانقەکانی ئیتالیا و سەرۆکوەزیران(سیلڤیو بەرلسکۆنی)وتی: هیچ خاوەن پارەیەك لە بانق، پارەکەی نادۆڕێنێ و هیچ بانقێك داناڕوخێ.

- ئەڵمانیا لە10/9: حکومەتی ئەڵمانیا نموونەی بەریتانیا بۆ خۆماڵیکردنی نیوەی بانقەکات رەتدەکاتەوەو وەزیری دارایی وتی"بەڵام لەوانەیە ئەم هەڵویستە بگۆڕێت، چونکە بێ متمانەیی لەبارەی گەشەسەندنی تر لەم کاتە زۆر بەرزە".

ئیسلەند: گەورەترین بانقی ئەم وەڵاتە(kaupthing)و پەیمانگەی دارای(Landbanki)وبانقی(Glitnir)بەزۆرەملی خۆماڵی دەکرێن. حکومەت دەستبەجێ یاسایەکی خێرا بۆخۆماڵیکردنی ئەو بانقانە دەرکرد تا رێگری لە وێرانبوونی تەواوی سیستێمی دارایی بکات. لەلایەکیترەوە بۆرصەی وەڵاتەکە بازرگانییەکەی راگرت و داوا لە هاوڵاتیانی دەکات خەرجەکانیان کەم بکەنەوەو دەست لە پارەکانی ناو بانقەکان نەدەن. سەرۆکوەزیران(گایە هاردە)وتی: من دووپاتی دەکەمەوە، مرۆڤەکان دەبێ هێورببنەوەو متمانەیان هەبێت کە سیستێمەکە بەتەواوەتی کاردەکات و پارەکانیان نافەوتێ.

یابان: لە رۆژی 10/9-لەناوەڕاستی پەرەسەندنی قەیرانی دارایی، یەکەم کۆمپانیای بانناسیونال بۆ بیمەی ژیان(Yamato)، ئیفلاسی خۆی راگەیاند(دۆڕاندنی 10ملیارد دۆلار). لە بۆرصەی تۆکیو، ئیدێکسی سەرەکی(Nikkei) بە بڕی 11،4٪دەدۆڕێنێ.

قەیرانەکە لە رۆژی 10/10 قووڵتر دەبێت: ئیندێکسی ئەڵمانی دەڕوخێ و بۆرصەی پاریسیش پاش 20خولەك لە کردنەوەی، 40گەورە خاوەنکاری وەڵاتەکە بە بڕی9،8٪ کەم دەکات و ئەم دۆڕانە هەموو کۆمپانییەکان دەگرێتەوە؛ ئیندێکسی سەرەکی بەریتانی پاش یەك خولەك لە دەستبەکارکردن، 10٪دەدۆڕێنێ؛ نرخی نەوت لە ئاسیا دەگاتە نزمترین ئاستی لە ماوەی یەکساڵ و نەوتی سوکك بە82،24دۆلار.

هۆڵەند، روسیا، تایلەند، ئیندونوسیا: حکومەتی هۆڵەندی دەیەوێ بە بڕی 20ملیارد ئۆیرۆ کەرتە داراییەکەی بپارێزێ و پەرلەمانی روسیا بە بڕی 63ملیارد ئۆیرۆ تەرخان بکات بۆ رزگارکردنی بانقەکان لە ئیفلاسی و بەرپرسانی بازرگانی بە دراو کارەکانیان راگرت وبۆرصەی تایلەند بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دادەخرێت؛ بۆرصەی ئیندونوسیا بە داخراوی دەمینێتەوە.

لوکسمبۆرگ: فەرەنسا، بەلژیکا و لوکسمبۆرگ خۆیان یەکدەخەن بۆ ئەوەی دەوڵەتەکانیان گەرەنتی بە پەیمانگەی دارایی(Dexia)بدەن؛ ئیرلەندا گەرەنتی دەوڵەتییەکەی بەرفراوانتر دەکات و 5بانقی خارجیش دەگرێتەوە و لەوانە بانقی ئەڵمانی(postbank).

لەلایەکی ترەوە، وەڵاتانی ئۆپیك لە2008/11/18کۆدەبنەوەو دەیانەوێ لەبارەی کارتێکردنی ئەم قەیرانە لەسەر کەرتی نەوت راوێژکاری یەکتری بکەن و سەندوقی جیهانی دراو داوا لە حکومەتەکانی جیهان و بەتایبەتی حکومەتەکانی ئۆروپا دەکات دژ بە قەیرانەکە پێکەوەکاربکەن.

ئیمرۆ سەرۆکی ئەمریکا وتی: ترسی سەرمایەگوزاران و راگەیاندنەکان قەیرانە داراییەکەی قوڵترکرد. حکومەت بە هەموو هێزێکیەوە، هەموو رێگایەك دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات. هەروا پێکەوە لەگەل دۆستەکانی لە جیهان کاردەکات"هەمووما لەناو قەیرانەکەین و پێکەوە لێی دەرباز دەبین سەرچاوە: هەواڵەکان، 10/10".

حزبی کۆمونیستی ئەمریکا: باجێکی گەورە لە خەڵکی ئەمرکا و جیهان

لە وتارێکی سام ویب(سەرۆکی لیژنەی نیشتمانی حزبی کۆمونیستی ئەمریکی) لە2008/9/23تێڕوانینێکی ئەڵتەرناتیف بەدەستەوەدەدا وتێدا رۆڵی سەرمایەی دارای و راستڕەوە توندڕەوەکان دیاریدەکات لە پێکهاتنی ئەم قەیرانە و هەوڵەکانی بوش و وەزیری خەزنەی(هنری بولسون) دەخاتەروو بۆ چارەسەری قەیرانەکە کە بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی"سەرمایە دەوڵەتی دارایی-مۆنۆپۆڵی مشەخۆر"ە.

هەروا لەو وتارەدا تێداهاتووە: ئەگەر بارودۆخەکە ئەوپەڕی جددی نەبوایە، وەك بڵێی کۆمیدیایەك روویداوە. کۆشکی سپی لەماوەی هەشت ساڵی رابردوو چەندین تریبلیون(هەزاران دۆلار)بەفیڕۆ داوە و وەزیری خەزنەکەش 38ساڵ لە یاریپێکردن بە سیستەمی دارایی بەسەر بردووە لە لەکاتی کارکردنی لە بانقی سەرمایەگوزاری(غۆلدمان ساکس)  پێدادەگرێ لەسەر ئەوەی بەرپرسەکانس کۆنگرێس بەبێ چەندوچۆن و هیچ مەرجێك بتر لە یەك تریبلیون دۆلار پێ بسپێرن.

سەبارەت بە کارتێکردنی ئەم قەیرانە لەسەر جیهانی"سێ"، دەڵێ: سەرمایەی دارایی هەستاوە بە کارئاسانی یەکگرتنەوەی دەزگا و کۆمپانیا زلهێزەکان و بە دەستگرتن بەسەر کۆمپانییەکان و هەڵهاتنی کۆمپانیای تر بۆ وەڵاتانی دەرەوە و سەروەری ئەو وەڵاتانە و ئابوورییەکەیان وێران کردووەو بەتایبەتی وەڵاتانی جیهانی"سێ"؛هەروا بەبێ کەمترین گوێدان، نائارامییەکی گەورەیان خستووەتە دەمارەکانی ئابووری ئەمریکی و جیهانی و ئەمە لە قەیرانە زۆروزەوەندەکانی داراییەکان لەناو ئەمریکا و لەسە ئاستی جیهان. سەرمایەی دارایی یەکێکە لە هۆکارە چینایەتییە سەرەکییەکانە کە پلانی سەرکەوتووی دارِشت بۆ گەورەترین گواستنەوەی سەروەت لە مێژووی وەڵاتەکەمان لە بەرهەمهێنەرانی سەروەت-واتە کارگەرانی جیهان-بۆ دەستڕاگران لەسەر ئەو سەروەتە لەلایەن توێکڵی بەرزی سەرمایەی دارایی ئەمریکی و لە هەمان کاتدا وەڵاتەکەمان لەژێر قورسایی بڕە قەرزی گەورە بناڵێنێ، واتە قورسایی لەسەر خێزان و حکومەت و کۆمپانیەکان و بۆ ماوەیکی درێژخایەن لێی رزگار نابن. بە کورتییەکەی گەیشتنی سەرمایەی دارایی بۆ شوێنێکی باڵادەست لە ئابووری سیاسی ئەمریکی کە نەیاندەتوانی پێی بگەن ئەگەر راستڕەوە توندڕەوەکان دەستیان بەسەر کلیلی دەسەڵاتی سیاسی لە وەڵاتەکەمان نەگرتباو ئەمەش باجێکی گرانبەهای هەبووە بۆ گەلی ئەمریکاو گەلانی جیهان.

لەگەڵ ئەوەشدا و سەرەڕای ئەم ماڵوێرانیە کارەساتئامێزەو گەندەڵییە بەرفراوان و ململانییە ملهوڕانە، بازرگانەکانی دزی و قەرزپێدان و ئازارەکان هێشتا هەوڵدەدەن ئەم قەیرانە داراییە بەشێوەیەك چارەسەر بکەن کە رێگەیان پێبدرێ دەسەڵاتیان بەسەر کلیلی سەرەکی دەسەڵات و سەروەتەکەیان بەبێ ئەوەی زیانیان پێبگات، بەدەستیانەوە بمێنێتەوە.

فۆکۆیاما له وتارەکەیدا(هەرەسی کۆمپانیایەك بەناوی ئەمریکا)بۆ کۆمپانیایەکی باشتر دەگەڕێ، بەڵام کێشە هەرە گەورەکەی جیهان و وژیانی سەرگوێی ئەم زەوییە پڕاوپڕ لە تاوانی خاوەن دراو موڵك و حکومەتەکەی، بریتییە لە بوونی خودی کۆمپانیا و سیستێم وئامانجەکەی(قازانج). حەماقەتی نوێی ئەم فەیلەسوفە دەگاتە ئەوپەڕی کاتێ دەنووسێ(بازاڕی ئازاد ماتۆڕێکی بەهێزە لە گەشەی ئابووریدا)، چونکە تەنانەت لە کوردستان کە ئەم جۆرە بازاڕە هەیە، بە گرانی و ئیکسپایەرو بەرهەمی ژەهراوی و خراپ و ملهوڕی و ئەوپەڕی بەدڕەوشتی و قیزەوەنی بازرگانەکان نێوبانگی دەرکردووە. لەلایەکی دیکەوە، لەپەیوەست بە قەیرانی سەرمایەدارییەوە، بەڕێوبەری تەنفیزی بازاڕی دراوی ئێراق لە ڕۆژی2008/10/9وتی: بازاڕی وەڵاتەکەی لە گشت کارتێکردنێکی قەیرانی ئابووری کە ڕووی لە بازاڕی دراوی جیهان کردووە، دوور دەمێنێ.

لەکاتێکدا تەها ئەحمەد عەبدولسەلام ئەمەی بە (ئاژانسی ڕۆیتەرز)ی وت کە زۆربەی بازاڕی جیهان و عەرەبی ڕووبەڕووی قەیرانێکی قووڵی دراو بووە و بەشی نەختینە لەو بازاڕانە بەشێوەیەك بۆ ئەوپەڕی ئاستیدا دابەزیووە کە ساڵانێکە بەخۆیەوە نەیبینووە.

هەروا وتیشی: بەپێچەوانەی بازارەکانی جیهان، بازاڕی ئێراق لە مانگی رابردوو گەشەی بەخۆی بینیوەو بزووتنەوەی بازاڕ لە ڕۆژی 10/9 چڕتر بووە لە بەراوردکردن لەگەل ڕۆژانی رابردوو.

بۆچوونی ئەم بلیمەتە ئابووریناسە لە شوێنی خۆیدا نییە، چونکە هەموو پرۆژە، موچەو بەگشتی ئابووری ئێراق بە دۆلار بەستراوەتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەمریکا بەلەشکرو کۆمپانییەکانی لە ئێراق زاڵن.

### خۆماڵیکردنی بانق و کۆمپانییەکانی بیمە

نووسراوێکی حزبی کۆمونیستی ئەڵمانیا بەناوی(دەست بەسەر بانقەکان بگرن و خۆماڵیان بکەن)، هاتووە: جانبازی بەشێکی گرنگە لە ئابووری سەرمایەداری. بەڵام لە قۆناغی نوێی سەرمایەداری مۆنۆپۆڵ، بووە بە چارەنووسازترین توخمی و دەست لەناو هەموو بوارەکانی ئابووری و سیاسەت تێوەردەدات. هەروا لە هەمان نووسراوە، داوا دەکەن(وەك تدبیرێکی دەستبەجێی سیاسی، چاوەڕوانین جانبازی و سەندوقی(هیدیگە)قەدەغە و تاوانکاران دەستنیشان بکرێن و دەستگیریان بکەن و مەنیجەرەکان سزا بدرێن.

لەلایەکی ترەوە، گەرچی کاسترۆ لەگیانەلایە، بەڵام ئەم قەیرانە هێنایەیە گوتن و لە کۆتایی وتارێکیدا بەناو(یاسای دارستان)لە 2008/10/13، دەڵێ: ئەم قەیرانە گەلان فێری مەعریفەتێکی زیاتر دەکا لەبارەی راستییەکان؛هوشیارییەکی زیاتریان پێدەبەخشێ و فێری بەرگری و شورشگەلێکی زیاتریان دەکات!

## خۆماڵیکردنی بانق و کۆمپانییەکانی بیمە

### ئەمجارەیان کۆتایی سەرمایەداری، کۆتایی مێژووە؟!

فۆکۆیاما له وتارەکەیدا(هەرەسی کۆمپانیایەك بەناوی ئەمریکا)بۆ کۆمپانیایەکی باشتر دەگەڕێ، بەڵام کێشە هەرە گەورەکەی جیهان و وژیانی سەرگوێی ئەم زەوییە پڕاوپڕ لە تاوانی خاوەن دراو موڵك و حکومەتەکەی، بریتییە لە بوونی خودی کۆمپانیا و سیستێم وئامانجەکەی(قازانج). حەماقەتی نوێی ئەم فەیلەسوفە دەگاتە ئەوپەڕی کاتێ دەنووسێ(بازاڕی ئازاد ماتۆڕێکی بەهێزە لە گەشەی ئابووریدا)، چونکە تەنانەت لە کوردستان کە ئەم جۆرە بازاڕە هەیە، بە گرانی و ئیکسپایەرو بەرهەمی ژەهراوی و خراپ و ملهوڕی و ئەوپەڕی بەدڕەوشتی و قیزەوەنی بازرگانەکان نێوبانگی دەرکردووە. لەلایەکی دیکەوە، لەپەیوەست بە قەیرانی سەرمایەدارییەوە، بەڕێوبەری تەنفیزی بازاڕی دراوی ئێراق لە ڕۆژی2008/10/9وتی: بازاڕی وەڵاتەکەی لە گشت کارتێکردنێکی قەیرانی ئابووری کە ڕووی لە بازاڕی دراوی جیهان کردووە، دوور دەمێنێ.

لەکاتێکدا تەها ئەحمەد عەبدولسەلام ئەمەی بە ئاژانسی ڕۆیتەرز وت کە زۆربەی بازاڕی جیهان و عەرەبی ڕووبەڕووی قەیرانێکی قووڵی دراو بووە و بەشی نەختینە لەو بازاڕانە بەشێوەیەك بۆ ئەوپەڕی ئاستیدا دابەزیووە کە ساڵانێکە بەخۆیەوە نەیبینووە.

هەروا وتیشی: بەپێچەوانەی بازارەکانی جیهان، بازاڕی ئێراق لە مانگی رابردوو گەشەی بەخۆی بینیوەو بزووتنەوەی بازاڕ لە ڕۆژی 10/9 چڕتر بووە لە بەراوردکردن لەگەل ڕۆژانی رابردوو.

بۆچوونی ئەم بلیمەتە ئابووریناسە لە شوێنی خۆیدا نییە، چونکە هەموو پرۆژە، موچەو بەگشتی ئابووری ئێراق بە دۆلار بەستراوەتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەمریکا بەلەشکرو کۆمپانییەکانی لە ئێراق زاڵن.

نووسراوێکی حزبی کۆمونیستی ئەڵمانیا بەناوی(دەست بەسەر لە گرنگی ئابووری سەرمایەداری بووە. بەڵام لە قۆناغی نوێی سەرمایەداری مۆنۆپۆڵ بووە بە چارەنووسازترین توخمی و دەستدەخات ناو هەموو بوارەکانی ئابووری و سیاسەت. هەروا لە هەمان نووسراوە داوا دەکەن(وەك تدبیرێکی دەستبەجێی سیاسی، چاوەڕوانین جانبازی و سەندوقی(هیدیگە)قەدەغە بکرێن و تاوانکاران دەسنیشان بکرێن و دەستگیراین بکەن و مەنیجەرەکان سزا بدرێن.

# قەیرانەکە یەك ناوی هەیە: کەپیتالیزم

## نووسەر: wolfgang Teuber

ئیلیتەی سیاسی لە ئۆروپا و ئەمریکا بە نائارامی لە بەرامبەر قەیرانی دارایی راوەستاون و نازانن چی بکەن. خاوەن بەهێزترین ئابوورییەکانی جیهان لە دارایی-ناوەندی بانقەکانەوە هەر لەلایەن بانقەکانەوە لە بۆرصە هەنگاونانێك کە لە بەرژەوەندی خۆیان بێت، لەپێشی دەوڵەت دەنێن. بەمە دیکتاتۆرییەتی تەواوی دارایی دەردەبڕن. ئەمە بارەدۆخێکە کە ئێمە پێش ئێستا لەسەر ئاستی جیهان پێیدا نەپەڕیوین و هەموو چەپ و هێزە پێشکەوتخوازەکان لەپێش ئەرکگەلێکی نوێ دادەنێت.

بانقەکان بەدەیان ملیارد دۆلاریان لە بۆرصە دۆڕاندو ئێستا کە بلقە داراییەکەیان تەقییەوەو ملیارد دۆلارەکانیان لەکیس چوو، بەدەنگی بەرز بانگەوازی دەوڵەت دەکەن. زیانەکان بخرێتە ئەستۆی کۆمەڵگا و قازانجەکان، پریڤات. بەهەمان شێوە لەدژی یاساکانی لانی کەمی کرێی کار و"مافی کارکردن" و بیمە کۆمەڵایەتییەکان هاواردەکەن و داوای"مافی قازانج"دەکەن. سەبارەت بە بەرزکردنی کۆمەکی منداڵان بە بڕی10ئۆیرۆ، لە پەرلەمان چەندین رۆژ گفتوگۆیان کرد، کەچی لە شەوێکدا پتر لە26ملیارد ئۆیرۆ بۆ بانقی(هیپۆ ریئال ئیستەیت)لەلایەن وەزیری دارایی و چەند ئەنجومەنێکی بانقەکان، بڕیاری لەسەر درا: ئەمە چیتر پەیوەندی لەگەڵ گەیاندنی خۆشگوزەرانی دیموکراتی بۆرژوازییەوە نییە، بەڵکو ئەمە دیکتاتۆرییەتی ئابوورییە.

هۆکانی ئەو هەنگاوە ئەوەیە کە چەندین بانق و ئەنستیتوتی دارایی بێشومار لەپێش وێرانیدا راوەستاون و بازرگانییە جانبازییەکانیان لەوپەڕی سەرەڕۆییەو ئەمەش سیستێمی خۆی هەیەو ناوی کەپیتالیزمە.

هەر لە رۆژنامەی(فرانکفۆرتە ئەلگماینە) تا رۆژنامەی(بیلد)دەیانەوێت هۆشیارمان بکەن و پێمان دەڵێن: ئەم قەیرانە ئابوورییە جیهانییە تەنها بەهۆی چەند مەنیجەرێکی چاوچنۆك روویداوە. مێرکڵ(سەرۆکی دەوڵەت) لە رۆژنامەی بیلد داوای تێگەیشتن لە هاوڵاتیان دەکەن کە بانقەکان و دارایی و سەندوقی(هیدیگە)چەندین ملیاردیان وەرگرتووەو پارەی باجدەران پڕ دەکرێتەوە.

بۆچی دەبێ پارەی باجدەران بۆ رزگارکردنی بانقەکان تەرخان بکرێت؟ سەرۆکی حکومەت(CDU)و وەزیری دارایی شتاینبرویکە(SPD)دەیانەوێ 475ملیارد لە پارەی خزینەی دەوڵەت لە خزمەتی بانقەکان دابنێن. ئەم بڕە پارەیە خەیاڵییە. بۆ ئەوەی زیاتر رووشنی بکەینەوە: ئەوەی لە رۆژی لەدایکبوونییەوە هەموو هەفتەیەك یەك ملیون ئۆیرۆ لە یاری(لۆتۆ)بباتەوەو، ئەمە لە 50هەفتەکەی ساڵدا رووبدا، ئەوا لە تەمەنی 80ساڵیدا دەبێت بە خاوەنی"تەنها" 4ملیارد ئۆیرۆ.

ئەو بڕە پارە خەیاڵییە کە بەشێکی راستەوخۆ بە بانقەکان و وەك گارەنتی پێیان دەدرێ، ئەم هەفتەیە بە خێرایی لەلایەن پەرلەمانەوە کۆتایی پێهات. ئەمە توندڕەوترین توانای چارەسەرکردنە، بەمانا سەرمایەدارییەکەی. ئەم نموونەیە پیشانی مرۆڤگەلێکی زۆر دەدا کە پوولێ کە گوایە لەپێناو بوونی مرۆیی تەندرووستە، بۆ خانەنشینە هەژارەکان و سیستێمی خوێندن بوونی نییە، بەڵام لە پڕێکدا وەك زێدە لەپێشدەستدایە، کاتێ مەسەلەکە پەیوەندی بە کۆمەڵگاکردنی زیانی چەندین ملیاردی جانبازانەکانی بانقەکان دەبێ.

**حزبی کۆمونیستی ئەڵمانی بەرنامەی 470ملیارد ئۆیرۆ بۆ رزگارکردنی بانقەکان و دەزگا داراییەکان، رەتدەکاتەوە.**

لەبری ئازادی دەستی بانقەکان بۆ خەزینەی دەوڵەت، پێویستە بانقە گەورەکان بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی رای گشتی دیموکرات. دەبێ یەکەم بڕیاری خەزینەی دەوڵەت لێتوێژینەوەی لەسەر بکرێت! کەی، ئەگەر ئێستا پێویستی بە کورتکردنی رادیکالانی خەرجکردنی 30ملیارد ئۆیرۆ بۆ خۆچەکدارکردن نەبێت؟ دەبێ دەستبەجێ هەڵوشاندنی911ملیون ئۆیرۆ بۆ دەستتێوەردانی لەشکری ئەڵمانی لە ئەفغانستان و شوێنەکانی تر کۆتاییان پێ بهێنرێت. هەموو ئەو کۆمەکانە کە لە خەزینەی دەوڵەتەوە بۆ بانقە گەورەکان خەرجدەکرێ، رابگیرێت. ئەوەی کە ئێمە لەم ئانوساتە پێویستیمان پێیە، بەرنامەی کارکردن و چالاککردنی هێزی کڕینی خەڵکە بە رێگای زیادکردنی کرێی کار، موچەی خانەنشینان، پارەی بێکاران وکەمکردنی باجە لەسە شانی ئەوانەی داهاتی کەمیان هەیە.

ئەم قەیرانە قورسایی لەڕادەبەدری دارایی و ئازاری بێ سنوور بۆ دانیشتوان دەهێنێ. هەر ئەمێستا بەهۆی ئەم قەیرانەوە، هەزاران کارگەر بێکاردەکرێن و بۆ نموونە بانقی(ئونی کردیت) لە یونی2008وە رایگەیاند کە 9هەزار کەس لە ئۆروپای رۆژئاوا، بێکاردەکرێن و بەهەمان شێوە، نرخی یەکگرتنەوەی بانقی درێسدن و کۆمێرس بێکارکردنی 9هەزار کارمەندە. بەگوێرەی هەژماردنی راوێژکاری خاوەنکارەکان، لەگەل دەستپێکی قەیرانەکە، 000 80کەس بێکاربوون(ستاندی مانگی یونی)و لە بانقەکانی سەرمایەگوزاری لە جیهان نزیکەی 000 200هەوار بێکار بوون(سەرچاوە: زوید تسایتونگ لە 24.6.2008).

فرشیاری پیشەسازی ئۆتۆمبیل لە جیهان داڕوخا، بۆ نموونە بەرهەمهێنان لە کۆمپانیای ئۆپڵ لە شاری بوخم(ئەڵمانیا)کەم کرایەوەو گفتوگۆدەکەن لەبارەی داخستنی کۆمپانیای ئۆپڵ لە(ئەنتڤێرپن- بەلژیکا). لە سپانیا، بەریتانیا و سوئید نۆبەی کارکردنیان کەم کردەوە؛ کۆمپانیای سیمنز 500 17کەس بێکار بکات لە جیهان و 6450کەسیان لە ئەڵمانیا، کۆمپانیای(هێولێت) 600 24کەس، و لەم ژمارەیە 300 9کەس لە ئۆروپا، ڤۆلڤۆ 6000کەس بێکار دەکات. لە ئەڵمانیا مەزەنە دەکرێ کە لە هەر 4خاوەن کار، لە کۆی 5خاوەنکار، ئەفلاس دەکەن.

ئەم سیستێمە کۆمەڵایەتییە، ئەم سەرمایەدارییە کە چەندین ملیارد دۆلار لە بۆرصە دەسوتێنێت، بەڵام پێماندەڵێن گوایە پارەیان نییە بۆ بەگژداچوونی برسییەتی، هەژاری ولەخزمەتی سیستێمی بیمە کۆمەڵایەتییەکان و لەپێناو ژیانێکی بە کەرامەت و رێزەوە بۆ مرۆڤ(ئەمە بەوپەڕی روونییەوە خۆیمان پیشاندەدا)، بۆگەن بووە و کاتی بەسەرچووە و دەبێ بەسەرببرێت. ئێمە پێویستیمان بە کۆمەڵگا و سیستێمێکی ئابووری هەیە کە **تێدا مرۆڤ و پێداویستییەکانی ناوەندی پێکدەهێنێن. ئامانجمان بریتییە لە: هەموو ئەو پەیوەندییانە سەروخواربکەین کە مرۆڤ دەکات بە سووکترین و کۆیلەترین و بەجێماوترین وقیزەوەنترین بوونەر**(کارڵ مارکس، جلدی1،لا 385).

ئەم وتارە لە هەفتەنامەی(ئونزەرە تسایت، لە 2008/10/17)بڵاوکراوەتەوە.

## سارا ڤاگنکنێشت: دووبار خۆماڵیکردن

**کێ نرخی(پاکەتی فریاکەوتن)ەکەی ئەنگیلا مێرکل(سەرۆکوەزیرانی ئەڵمانیا) دەدات؟**

سەرمایەداری بێکەڵك بووە. پاش دەیان ساڵ لە قۆڵبڕینی بەردەوام لە بازاڕەکانی دراو، ئێستا دەبێ هەژارەکان زیانەکانی ئەوان بدەنەوە. ئەمە دیمەنی>>پاکەتی فریاکەوتن<<ەکەی حکومەتە کە خەرجی 500ملیارد ئۆیرۆ بۆ چاکسازی سیستێمی بانقە داڕوخاوەکان بەکاردەهێنن کە بڕێکی خەیاڵییە لە بەراوردکردن لەگەل خەرجی ئەیالەتەکان بۆ دابینکردنی ئاسایش(نزیکەی 141ملیارد ئۆیرۆ) یان بۆ وەرگرانی هارتس4(نزیکەی 23ملیارد ئۆیرۆ). نیولیبڕالەکان بۆ فێرکردن، تەندرووستی و پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی تر پێماندەڵێن>>پارەمان لەبەردەستدا نییە<<وەك درۆیەکی شاخدار ئاشکرابوو. هەروا ئەم قەیرانە بۆ چالاکییەکانی فریاکەوتن و ئیدۆلۆژیستەکانی"بازاڕی ئازاد" ئابرووچوونەو دەرکەوت، سیستێمەکەی تەنها کاتێ قازانجی بۆ هەڵدەقوولێت، بەکاردەبێت. کاتێ جانبازییەکان تێکدەشکێن، روو لە دەوڵەت دەکەن تا بە پوولی باجوەرگرتن، دووبارە متمانەیی بۆ سەرمایەداران بگەڕێتەوە.

داوای خۆماڵیکردنی بانقەکان(تارادەیەك) لەم کەینوبەینە بەهۆی لێژکەوتنی توندی نیولیبڕاڵەکانەو بەشێوەیەکی ئازادانە نایانەوێ و بۆنەیەك نییە بۆ خۆشحاڵیبوون. لەراستیدا رێگایەکی تر نییە بێجگە لە خۆماڵیکردنی بانقە نابوتبووەکان. بەداخەوە دەبوو بەهای سەروەتەکان خۆماڵی نەکرێن، بەڵکو قەرزە بۆگەنەکانی بانقەکان، کە بەدڵنیاییەوە بۆ ساڵانی داهاتوو باری سەر شانی باجدەران قورسدەکات.

بەبۆچوونێکی روون، ئێستا پاکەتەکانی فریاکەوتن یەکسانە بە دووبارە دەستبەسەرگرتن: یەکەم دەستبەسەرگرتن جێبەجێکرا کاتێ یەك لەدوای خاوەنکارەکان بە قەرزی هەرزان کڕیان و موڵکایەتی گشتی، کرا بە موڵکی تایبەتی. ئێستا کە تۆقڵەی قەرز تەقییەوە، دەبێ دوابەدوای ئەوەی نرخی شەپۆلی یەکگرتنی کۆمپانییەکان و پریڤاتکردنی بێ وێنەیان، دەستەکراوکەشیان بگوشین.

ئێستا ململانی سەرەکی لەسەرە ئەوەیە، کێ نرخی قەیرانی دارایی بدا. بۆ وەڵامدانی ئەم پرسیار تەنها یەك وەڵام هەیە: قازانجکەرانی تۆقڵەی بازاڕی دراو کە چەندین ساڵە قازانجێکی زۆریان کردووە، قەرزەکە بدەنەوە! لەلانی کەمەوە پێویستە دەستبەجێ10٪باج لەسەر سەروەتی ملیونێرەکان دابنرێ و باجیش لەسەر کارە داراییە باننالسیونالەکان وەربگیرێ. بۆ ئەوەی

بەخێرایی لەم قەیرانە بپەڕینەوەو لەدوارۆژیشدا قەیرانی داراییمان پێش نەیەت، دەبێ شانبەشانی ئەو هەوڵانەی سەرەوە، پاکێتی چارەسەرکردنی بازاڕمان هەبێت و هێزی کڕینی خەڵك بەهێز بکەین.

لەدواییدا ئەم قەیرانە دەرئەنجامی نیولیبڕاڵەکان بۆ دابەشکردنی سەروەتە: بەهۆی کەمکردنی باج لەسەر خاوەنکارەکان، سەروەت و بەرپرسە گەورەکان و سیاسەتی کرێی کار، ئەوپەڕی قازانجی بەدیهێناو ئەمیش لەبازاڕی دراودا بۆ(ریع)ێکی زیاتر، کەوتە جانبازی. ئێمە بەپێچەوانەی ئەو دەرئەنجامە کاردەکەین و پێمانوایە دابەشکردن دەبێ لەبەرژەوەندی ئەوانەی کاردەکەن، خانەنشینانەکان و بێکاران باشترین ئامرازە بۆ سەرکەوتن بەسەر قەیرانەکانی دراوی داهاتوویشدا.

سارا ڤاکنکنێشت ئەندامی پەرلەمانی ئۆروپایەو سەر بە حزبی چەپە لە ئەڵمانیا

## قەیرانی خوێن لێسەکان

بازاڕی سەرمایە لەناو کیبرکێ، بێکاری و جەنگ و سێکسیزم، لافی"مافی مرۆڤ، دیموکراسی و نیولیبڕالیزم"لە بازرگانی راگەیاند رادەگەیەنی و ئەمجارەیان سەرمایەداری بەبێ کارتێکردن یان دژایەتی نەیارەکانی، بەشێوەیەکی زۆر توندڕەوانە، ماڵوێرانی بە هەموو ماناکانی لێکەوتووەتەوەو پەندێکی پێشینانی کوردان هەیە کوتومت لەم جۆرە بەسەرهاتانە، پڕ پێست دەگوترێ: (مەیمون زۆر جوان بوو، ئاوڵەیشی دەرکرد)

سەرمایەی دراو کە لە ساڵانی بیستی سەدەدەی رابردوو لە رێگای یەکگرتنەوەی بانق و سەرمایەی پیشەسازی، پێکهات، بۆ کۆمەڵگای بۆرژوازی ناسکترین رۆڵی هەبووەو هەیەو(دوا بەرهەمی سووڕانەوەی بازنەی کالایە)و لەهەمان کاتدا(یەکەم فۆرمی دەرکەوتنی سەرمایەیە)و مارکس ناوی لێ ناوە(روحی سەرمایە). ئێستا ئەم روحە بە کلتوور و فکر و بازاڕ بێنرخ بووە، نەخۆشەو پەتای نەخۆشییەکەی رەشەباتاسا ژیان و کوزەرانی ملیونان مرۆڤی خستووەتە مەترسییەوە: سەددان هەزار خاوەن خانوو لە ئەمریکا خانووەکانیان لێوەردەگیرێت، چونکە ناتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە؛ لە وەڵاتانی جیهان کارگەکان بەلێشاو ناچارن دەرگاکانیان دابخەن و کرێکارەکانیان بێکاری دەبن و دەیان وەڵات لە قەیرانی خۆراك دەناڵێنن؛ ئەم قەیرانە هیچ نەتەوە و سنوور و ئاین ناناسێت.

کەس ناڵێ سەرمایە لەگیانەڵایەو سبەی دادوەری کۆمەڵایەتی بە چارەسەرکردنی کێشەی هەرە سەرەکی مرۆڤایەتی(موڵکایەتی)، جێبەجێ دەکرێت، بەڵام سیستێمێك رۆژانە بە جەنگ و گرانی و داگیرکردن و کۆیلەکردنی چینە ژێردەستەکان و گەلان و نامۆیی تێکەڵ ببێت، چەندەی تر خۆی لەبەردەم شەپۆلی نۆهەمی قوربانییەکانی رادەگرێت؟

دەبێ بە سەرڕاستی بڵێین: جیهانی ئیمرۆمان نائارامترو ناعەداڵەتر بووەو ئێمەش تەنها نامانەوێ لەم جیهانە تێبگەین، بەڵکو بیگۆڕین. قەیرانی ئێستا تەنها قەیرانی سەرمایەی دراو نییە، بەڵکو قەیرانی گشت سیستێمی دیموکراسی، مەدەنییە و بەهێزی دراوی دەوڵەتیش چارەسەر نابێت و درێژەی دەبێ و رەنگە ئەوەی لەم قەیرانە ترسناکتر بێت قەیرانێکیترە: بەرە، حزب و هێزی رێکخراو بەتوانامان نییە، بەر بە وەحشیگەری ئەم سیستێمە بگرێ، بۆیە دەرگاکە ئاواڵەیە بۆ بەهێزبوونی دەسەڵاتی فاشیستی و راستڕەوی توندڕە لە وەڵاتان.

فەیلەسوفی ئەڵمانی(ڤیرنە سیپمان)لە 2007بەیادی مارکس وتی: سەرمایە خوێن دەلسێتەوەو لە نووسینەکەیدا ئاماژە بە بۆچوونی(هۆپکیز/ڤالرشتاین)دەکا کە دەڵێت: (دەمێکە دەتوانین ببینین کە ئاستی"خۆشگوزەرانی سیستێمی جیهانی و گشت هێزی کارکردنی سەرزەمین، دابەزیوە")، بەڵام ئەوەیان لەبیرچوونە بڵێن: ئێستا ئیدی دەرگای بازاڕی جەهەنەمی ئازادی نیولیبڕالیزم بە شێوەیەکی دیسپۆتانە، ژێردەستە هەتیوکەوتووەکانی مێژوو زیاتر لە جاران بەرەو وێرانی کۆمەڵایەتی،

ئابووری، دەروونی، ژینگەیی دەبەن و زەحمەتە 700ملیار دۆلارەکەی"سەرۆك بوش"بتوانێ لە ئایندەیەکی نزیك وەك خۆی دەڵێ، وەڵاتەکەی و جیهان لە هەرەسێکی گشتی تێکەڵ بە جەنگێکی بەرفراوانترو کوشتارگای بەکۆمەڵ رزگار بکات.

ئەوەی جێی"سەرسوورمانە"، لەم کاتەداو پاش ئەوەی بیرمەندەکانی سەرمایەداری، مەرگی شیوعییەتیان راگەیاند، هەر خودی خۆیان ئێستا ئاماژە بۆ بۆچوونەکانی مارکس دەکەن... تۆ بڵێی مارکسیزم وەك فەلسەفەیکی گشتی بۆ جیهان، تاقە وەڵامی زانستی پێ نەبێ بۆ رزگاری و ئازادبوونی مرۆڤایەتی؟!

ئەوەی شایەنی گوتنە: سەرمایەداری بە هەڵەدا نەچووە، چونکە بەخۆی هەڵەیە!

## بەرهەمی ئیکۆلۆژی یان جینتەکنەلۆژی؟!

### راستە تەماتەکە بێ تامە؟!

بلانکی وتی: (کێ ئاسنی هەبێت، نانیشی دەبێت). ئێمە بەزیادەوە ئاسن و نانمان هەیە، بەڵام ئاسنەکەمان زۆر بۆ پیشەسازی چەك بەکاردێت و نانەکەمان ژەهراوی دەکرێ، بۆیە بۆچوونەکەی(کارڵ لیبنشت)سوارترە: (زانست دەسەڵاتە، دەسەڵاتیش زانست). لێرەشدا زانستمان لەبارەی مەترسی بواری جینتەکنەلۆژی و ماددەی لەناوبردنی گژوگیاو مەلوموره زیانبەخشەکان وکارتێکردنەکانیان لەسەر خۆراك و تەندرووستی و ژینگە زۆر نزمە، بۆیە بەبێ دەسەڵاتی لەبەردەمیان راوەستاوین و ئەوەی لەم بارودۆخە قازانج دەکات، کۆمەڵێ دەڵاڵ، نەوکەر، جانباو و کۆمپانیا بانناسیونالەکانە.

هەموومان وەك هاوڵاتی وا راهاتووین ئەوەی لە بازاڕ هەیە دەیکڕین و دەیخۆین بەبێ ئەوەی بزانین خۆراکەکان چۆن بەرهەمهاتوون و چیان تێدایە و چ مادەیەکی کیمیاوی و ژەهرێك لەکاتی رواندن بۆ لەناوبردنی گژوگیا مەلوموری زیانبەخش بەکارهاتووە. ئێمە هێشتا پرسیاری خۆراکی جینات گۆڕاو و کارتێکردنی بەسەر تەندرووستیمان نەکردووە. بەڵام لە هەمان کاتدا گوێمان لە چەندین نەخۆشی ترسناك دەبێ. ئێستا پرسیاری: ئەزانی تەماتەکە بێ تامە...ئەزانی ماسی هاوردە و ماسی حەوزەکان تامی ماسی رووباری ئەڵوەن نادەن!

Jaques Diouf(سەرۆکی رێکخراوی خۆراکی جیهانی)وەك هاوپشتییەك لەگەل یەك ملیارد مرۆڤی برسی و هەژار بۆ ماوەی رۆژێك لە خواردن مانیگرت و 500زانای کشتوکاڵ لە لووتکەی جیهانی رێکخراوی ناوبراو دژ بە جینتەکنەلۆژی وەك چارەسەرێك پێشنیاری(گەشەپێکردنی کشوکاڵی بیولۆژی)یان کرد. دوا هەواڵەکانیش لە(سایتی ئینفۆ ئەمازۆنس) رۆژی 2011/6/9راگەیاند کە پەرلەمانی وڵاتی پیرۆ بڕیاری دا رێگەدان بە کشتوکاڵی جینتەکنەلۆژی بۆ ماوەی 10ساڵ دوابخەن.

### سەدان رێکخراوی جیهانی دژ بە بەروبوومی جینگۆڕاو ناڕەزایەتی دەردەبڕن

لەلایەکی ترەوە سەدان رێکخراوی جیهانی دژ بە جینتەکنەلۆژی راگەیاندنێکی12 خاڵیان بڵاوکردووە و لە خاڵی یەکەم پێیان وایە خۆراك مافێکە لە مافە جیهانییەکانی مرۆڤ و خواردن تەنها کاڵا نییە، لە خاڵی7 داوای

زامنکردنی کشتوکاڵی ئازاد دەکەن لە جینتەکنەلۆژی و لە خاڵی 9 داوای شەفافییەت دەکەن لە جۆری خۆراك و مافی هاوڵاتیان لەزانیاری لەبارەی ناوەڕۆکەکەیان و لە خاڵی12 داوای بەرهەمهێنانی خۆراکی تەندرووست دەکەن بۆ منداڵان:

Europe

- European Coordination Via Campesina www.eurovia.org
- Friends of the Earth Europe www.foeeurope.org
- European Attac Network www.attac.org
- Africa Europe Faith & Justice Network www.aefjn.org
- MIJARC Europe www.mijarc.org
- Seattle to Brussels Network www.s2bnetwork.org
- Food and Water Europe www.foodandwaterwatch.org
- Greenpeace Europe Unit http://www.greenpeace.org
- Eurogroup for animals www.eurogroupforanimals.org
- European Public Health and Agriculture Consortium www.healthyagriculture.eu
- IFOAM EU group www.ifoam-eu.org
- European Beekeeping Coordination

International: FIAN International, Transnational Institute, Action Aid International

Austria:ÖBV-Via Campesina Austria, Global 2000, Südwind, Dreikönigsaktion, Attac Austria

Slow Food Linz, SOL – Menschen für Solidarität, Ökologie und Lebensstil, Agrarbündnis, FIAN Austria, Gewerkschaft PRO-Gem ARGE Schöpfungsverantwortung, WWOOF Österreich, ARCHE NOAH

Belgium:FUGEA, Movement dAction Paysanne (MAP), Vredeseilanden, vzw 't Uilekot, Wervel

VODO, Netwerk Bewust Verbruiken, Attac Vlaanderen, Broederlijk Delen, EVA vzw, Friends of the Earth Vlaanderen en Brussel, Velt, Ecolife, Missionarissen van Steyl (Commissie Gerechtigheid, Vrede en Heelheid van de Schepping), Bioforum Vlaanderen, Attac Bruxelles-Wallonie, Bevrijde Wereld

Bulgaria: Agrolink

Czech Republic:Hnuti Duha - FOE CZ

Denmark: Frie Boender, Attac Denmark

Finland: Attac Finland

France: Confédération Paysanne. ATTAC France, CFSI, Peuples Solidaires en association avec ActionAid, Bretagne Vivante – SEPNB, Nature & Progrès, GRAPPE (GRoupement des Associations Porteuses de Projets en Environnement), MINGA

Germany: Buko Agrarkoordination (D), Bund für Umwelt- und Naturschutz Deutschland (BUND), Agrarbündnis, Bestes Bio - Fair für Alle e.V., Naturland, .Biofair, Demeter, Saatgut Aktionsnetzwerk, Gentechnikfreies Europa e.V

Greece: NEAK, Hungary, Alliance for Food Sovereignty, Hungary

Italy: Italian Committee for Food Sovereignty (273 members), Associazione Michele Mancino, Associazione Rurale Italiana, ATTAC, AUCI, Centro Internazionale Croceviam CESTAS

Fair, FOCSIV - Volontari nel mondo, Fondazione Diritti Genetici, Mani Tese, Movimento Lotta Fame nel Mondo, Movimento Sviluppo e Pace, Slow Food Italia, Terra Nuova, WILPF, Italy

Luxemburg: SOS Faim Luxembourg

Netherlands

- A SEED Europe www.aseed.net
- Afrika-Europa Netwerk
- XminY Solidariteitsfonds
- Vereniging Milieudefensie
- Boerengroep Wageningen

Norway

- Norske bonde-og Smabrukarlag (Norwegian Farmers and Smallholders (Union

Poland: Attac Poland

Portugal

- CNA
- Plataforma Transgénicos Fora
- MARP - Associação Das Mulheres Agricultoras e Rurais Portuguesas
- ARP - Aliança para Defesa do Mundo Rural Português
- ACOP - Associação de Consumidores de Portugal

Romania

- Rencontres du Patrimoine Europe-Roumanie" - RPER"
- Centrul Independent pentru Dezvoltarea Resurselor de Mediu" CIDRM"
- Centrul de Informare asupra Organismelor Modificate Genetic" InfOMG"
- "Eco Ruralis - in sprijinul taranilor ecologici si traditionali"
- Slow Food Turda + Slow Food Cluj Transylvania
- Asociatia ARIN
- Asociatia AGORA" - Grup de Lucru pentru Dezvoltare Durabila
- Fundatia Eco Civica
- Asociatia Mai Bine" / The Association for the Better
- Asociatia Fermierul Cozia

- Asociatia Gib Bio Grup
- Fundatia Speranta Sfantul Stefan
- Asociatia Valea Soarelui
- Asociatia Fair Trade Efectul Fluture
- Asociatia Sighisoara Durabila
- BIO COOP - Cooperativa de gospodari bio
- Asociatia Eco Assist
- Microregiunea Poganyhavas
- Asociatia Hosman Durabil
- Cooperativa Escar Prod
- Clubul Ecologic Transilvania
- WWOOF Romania
- Asociatia Prietenii Pamantului Galati
- Asociatia Zdreanta
- Asociatia Focus Eco Center
- Asociatia Re.Generation
- Centrul de Resurse pentru Initiative Etice si Solidare" CRIES
- Asociatia pentru Sustinerea Agriculturii Taranesti" ASAT
- Asociatia pentru Mediu si Turism Ulmul Cerasului
- TERRA Mileniul III
- Asociatia Turda Fest
- Asociatia Ecologica Turismverde
- Asociatia Bio Romania
- Asociatia ALMA-RO
- Reteaua de Actiune pentru Clima Romania
- Fundatia KESARION - pentru o viata romaneasca traditionala
- Asociatia Alburnus Maior - Rosia Montana

Slovakia: CEPTA – Centre for Sustainable Alternatives

Slovenia: Drustvo za razvoj slovenskega podezelja (Slovenian Rural Development Network)

Spain

- Sindicato de obreros del campo, Andalucía
- Sindicato Labrego Galego
- Federación Estatal de Pastores
- Attac Spain
- Plataforma Rural / Alianzas pour un mundo rural vivo
- Amigos de la Tierra España

Sweden: Attac Sweden

Switzerland: Lautre Syndicat, Plateforme pour une agriculture socialement durable, Swissaid

Turkey

- CIFTCI-SEN- Farmers Union Confederation: “Union of Tea”, “Union of Hazelnut”, “Union of Olive”, “Union of Grape”, “Union of Tobacco”, “Union of (Sunflower”, “Union of Grain”, Union of Animal Breeders
- TARIM OR KAM- SEN / Union of Public Employees in the Agriculture and Forestry Branch
- (Initiative for Rural Development (38 organisations
- (No To GMOs Platform (75 organisations
- KECI - Urban Initiative in solidarity with Farmers
- Ecological Farmers Association
- IMECE Eco-village, Natural Life and Ecological Solutions Association
- Turkish Agricultural Economics Association
- Bogatepe Environmental Life Association
- Bogatepe Development Co-operative
- Kuyucuk Village Development Co-operative
- Kuyucuk Village Bird Sanctuary Protection and Tourism Development Association
- Buyukcatma Natural Food Producers Association
- Yolboyu Village Development Co-operative
- Bogazkoy Development Co-operative
- Slow Food Adapazari Convivium,Slow Food Alacati-Cesme Convivium,Slow Food Ankara Convivium,Slow Food Fikir Sahibi Damaklar Convivium,Slow Food Gaziantep Convivium,Slow Food Igdir Convivium,Slow Food Izmir Bardacik Convivium,Slow Food Kars Convivium,Slow Food Samsun Convivium,Slow Food Tire Convivium,Slow Food Urla Convivium,Slow Food Yagmur Boregi Convivium, Slow Food Alacati-Cesme Convivium

United Kingdom: War on Want, UK Platform for Food Sovereignty, Scottish Crofting Federation, One Planet Food Scotland, Munlochy Vigil, World Family, Soil Association

**ئایا فەرمانی 81 چییە؟**

**ئەمە ئەو پرسیارەیە کە بەردەوام دەکرێ. بە کورتییەکەی(پاراستی ماڤ مولکایەتی هزری و جۆری نوێی رووەك)، واتە ماڤ مۆنۆپۆڵکردن و پاراستن و رواندنی تۆوی جینتەکنەلۆژی کۆمپانیا زلهێزەکان کە جووتیار دەبێ هەموو ساڵێك لێیان بیکرێت و هاوکات ئەو مادە ژەهراوییانەش بکڕێت کە دژ بە گژوگیاو مەلوموری زیانبەخشن!. لەراستیدا ئەو یاسایە زۆر بێوەی دیارە، بەڵام هەر کە بەدوای مانا و کارتێکردن و مەبەستەکەی بگەڕێین دەبینین ماڵوێرانی و نەخۆشی و ژەهراویکردنی مرۆڤ و ژینگە و لەناوبردنی کلتووری کشتوکاڵی هەزاران ساڵەی کوردستان و عیراق لێدەکەوێتەوە!**

لەناوبردنی هەژاری یان هەژارەکان؟!

لەناوبردنی هەژاری بیانووی کۆمپانیا بانناسیونالەکانی تۆو و خۆراکی جین گۆڕاوە، بەڵام لەراستیدا مەبەستیان دەستکرتنە بەسەر بازاڕ و قازانجە لەسەر ئاستی جیهان.

ڤەندانە شیڤا(هەلگری خەلاتی نۆبڵی ئەڵتەرناتیڤ) لە وڵامی پرسیاری(زویدڤێست پرێس لە 2007/8/29): بۆچی 150000جووتیار لە ماوەی 10ساڵ خۆکوژیان کرد، وتی: خۆکوژی جووتیارەکان لە بازنەی کشتوکاڵی پەمووی ناوچەی کارناتاکا، ئەدهارا پرادیش، فیدهاربا و پنجابی گرتەوە. رووانـدنی پـەموی جین گۆڕاوی(BT) لەلایەن کۆمپانیای بانناسیونالی کشتوکاڵ(Monsanto)هۆی سەرەکی خۆکوژییەکان بوو. جووتیاران تۆوەکەیان لەدەستدا و تووشی قەرزاری و هەژارای بوون و نەیانتوانی لێی رزگاربن.

لە 2008/5/20خانم شیڤا لەگەل پسپۆری کشتوکاڵی کرستینە لویست(دامەزرێنەری رێکخراوی جیهانی-چالاکی سکالاکردنی جین-)راپۆرتێکیان نووسی لەبارەی باروودۆخی کارەساتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی جووتیارەکان هیندستان بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان نووسی و سکاڵایان دژ بە حکومەتی هیندستانیان بەرزکردەوە. جووتیارەکان هیچ چارەیەکی تریان لەبەردەم نەمابوو تا خۆیان لە برسێتی و قەرزاری رزگار بکەن. لە سایەی ئەو سکاڵایە، نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە حکومەتی هیندستان کرد دەستبەجێ پێشێلکارییەکانی رابگرێت. ئەمە یەکەم جاربوو کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای جینات لە بواری کشتوکاڵی وەك پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ناونووس بکرێت و داواش لە حکومەتێکیش بکرێت رێگا لەبەردەم جووتیارەکانی بکاتەوە بۆ بەکارهێنانی تۆوی باوباپیرانی خۆیان و ئەم مافە بپارێزێت و باڵادەستی کۆمپانیا بانناسیونالەکان لەناوببات.

هەمان ئەم رێکخراوە لە مانگی یەکی/2007سکاڵایان لەسەر(مونسانتۆ) بەرزکردەوە لەبارەی قەدەغەکردنی رووانـدنی(Mon 810)و لـە ئەنجامـدا پرۆسـەکەیان لـە مـانگی2009/4بـردەوە. کۆمپانیـای بانناسیونالی(مۆنسانتۆ) لەکاتی جەنگی ئەمریکا لە ڤێتنام بەدناوی خۆی تۆمارکردووە، واتە بەرهەمهێنانی ماددەی پەرتەقاڵی بۆ سوتاندنی دارەکانی ڤێتنام. قازانجی ساڵی 2010 گەیشتە 10,4ملیارد دۆلار.

کرستیانە لویست لەبارەی(عیراق)ەوە دەنووسێ: بەرێکای فەرمانی 81 جووتیارە عیراقییەکان تەنها بۆیان هەیە تۆوی جین گۆڕاوی کۆمپانیا بانناسیونالەکان بکڕن. لە سەرچاوەیەکی تر(ئەلموتەوست ئۆنلاین)هاتووە: وەکالەتی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی جیهانی(USAID) هەزاران تۆن لە گەنمی ئەمریکی کە بە"جۆری باش و بەرز"وەسفی دەکەن بە خۆڕایی لەسەر جووتیارەکانی عیراق دابەشکرد. لە کوردستان 54شوێن بۆ رووانـدنی گەنمی"موحەسەن" تەرخانکرا کە لە راستیدا جیناتی گۆڕاوە و بە بڕی 107ملیون دۆلار ئیمزاکرا. کشتوکاڵ لە عیراق تەسلیم بە کۆمپانیەکانی(Monsanto, Dow Chemicals, Cargill و Beyer، Dupont , BASF)کرا.

پێشی سێ ساڵ لە خانەقین گەنم بە خۆڕایی بەسەر جووتیارەکان دابەشکرا، بەڵام لەسەر کیسەی ئەو گەنمە نە جۆرەکەی، نە ناوی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکەی، نە ناوی وڵات و نە هیچ زانیارییەکی تر لەسەریان نووسراوە.

ماده لەناوبرەکانی مەلوموروو گژوگیا زیانبەخشەکان لایەنێکی ترسناکی تری بواری کشتوکاڵییە. سەوسەن عەلی مەجید(وەزیرەی کشتوکاڵی عیراقی) لە دیسەمبەری2007 وتی: ئێمە پێویستیمان بە جووتیاری عیراقی هەیە کە بتوانن کێبرکێی بکەن و بڕیارمان داوە پشتوانی لە مادە لەناوبەرەکان و پەین و تۆوی موحەسەن بکەین).

خۆراکی ژەهراوی

(Glufosinat)یەکێکە لە کۆی 22مادەی قەدەغەکراو لە بەرکارهێنان بۆ لەناوبردنی گیاو مەلوموورە زیانبەخشەکان. لیژنەی ئاسایشی خۆراك لە وڵاتانی ئۆروپا(EFSA) تویژنەوەیەکی بڵاوکردەوە و تێدا دووپاتی دەکەنەوە کە ئەو ماددانە(مەترسییەکی گەورەیان هەیە بۆ ئاژەڵە شیرخۆرەکان و داروددرەختەکانی دارستانەکان و تەنانەت بۆ ئەو بەروبوومانەش کە بەسەریاندا پەخش نەکراوە. رووانـدنی برنجی(LL 601)بە بەکارهێنانی بڕی زۆری(Glufosinat)دەیروێنن. ئەو جۆرە برنجە لە بازاڕ فرۆشرا بەبێ ئەوەی رێگەیشی پێبدرێ!
رێکخراوی(کۆئۆردیناتسیون دژ بە مەترسییەکانی بایرن)ئەو زانیارییە دژ بە کۆمپانیای بانناسیونالی بایرن بڵاوکردەوە کە دووهەم کۆمپانیایە لە بواری بەرهەمهێنانی تۆوی دەستکارکراو و دەیانەوێ بەرهەمەکانی(پەمو، شەڵغەم، شەکر، پەتاتە و گەنمە شامی)جین گۆڕاوەکانیان لەبازاڕ بفرۆشێ.
هەروا مادەی فسفۆری بۆ لەناوبردنی گژوگیا و مەلوموری زیانبەخش هەیە کە لە ئەمریکا و یەکێتی ئۆروپا قەدەغە کراون وەك(دیمکرون، نماکور، میتاسیساوکس، تمارون، برودوکس، کوتنیون، دیفیبان، فولیمات، لیباسید، درسبان، روجر، ئەنتیو)
لێکۆڵینەوە جیهانییەکان سەلماندوویانە کە ئەو(موبید)انە دەبنە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە و کاتێکردنیان هەیە لەسەر ئەنزیمی( ئەسیتیل کولین ستیراز)ی ناو شانەی سوری خوێن هەیە و لەناو پلازما و دەماغ و ئەعصاب و دەبنە هۆی لەرزین خێرا و دووبارەبوو و کێشەی هەناسە و تێکدانی کۆرپە و نەزۆکی و ژەهردارکردنی کۆرپە...وزۆر نەخۆشی ترسناکی تر.
گژوگیا و مەلوموورە زیانبەخشە لەناوبەرەکان لە جۆری( neoniecotinoider, Imidaclopride, thiamtoxam, Lothianide) سەرەتا رووەگەکان دەپارێزێت بەڵام پاشان مەترسییەکی گەورەیان هەیە لەسەر هەموو مەلوموورەکان و لەوانە سوودبەخشەکانیان. بۆ نموونە هەنگ بەخێوکەرەکان لە فەرەنسا و ئیتالیا ساڵی 2000بۆیان دەرکەوت کە مادەی لەناوبەر(Imidaclopride)، مادەیەکی بکوژە وکاریگەری لەسەر ئەعصابی هەنگ هەیەو وای لێدەکات رێگەی خۆی ونبکات و نەتوانێت بۆ شانەکەی بگەڕێتەوە. هەر لە هەمان ساڵدا توێژینەوەکان سەلماندیان کە مادەی(Chlopyritos) نزیکەی80٪ لە هەنگ لەناوبردووە.
مەترسی گەورە لەسەر زەمین و خۆراك و ژینگە ئەوەیە کە مەلوموروو گژوگیا زیانبەخشەکان لەگەل کاتدا خۆیان لەگەل ئەو مادە ژەهراویانە دەگونجێنن و کاریان تێناکات، بۆیە جووتیارەکان ناچار دەکرێن بڕی زۆرو زیاتریان لێ بەکاربهێنن.

بەهۆی ریکلامی ساختە و درۆزنانە بۆ(Roundup)، کۆمەڵەی ژینگەپارێزەکانی فەرەنسا لەساڵی2001 لە داگا سکاڵایان دژ بە(مونسانتۆ) تۆمارکرد. لەسەر پاکەتی روند ئاپ نووسراوە کە(هیچ کارتێکردنی لەسەر زەمین نییە و جێی متمانەیە و دۆستی ژینگەیە...ماددەکانی لێکدەترازێن و کارترێکردنیان نامێنێ). پاش ئەم کارە ئابرووچوانەی کۆمپانیای ناوبراو، 233ملیون زیانی لێکەوت. ئێستا کۆمپانیاکە ناچارکرا ریکلام و وەسفی(روند ئاپ)ە ژەهراوییەکەی، بگۆڕێ.

ئایا چی وا دەکات(روند ئاپ) ژەهراوی بێت؟

گۆڤاری زانستی(کلینکەڵ تۆکسۆکۆلۆگی) تویژینەوەی کۆمەڵێ زانای جیهانی لەبارەی کارتێکردنەکانی روند ئاپ، بڵاوکردەوە. زاناکان کاریان لەسەر ژەهراویبوونی نزیکەی 600حاڵەت کرد، چونکە روند ئاپ لەپاڵ ماددە ژەهراویە سەرەکییەکەی(گلیفوسات)، ئەم پێکهاتانەشی تێدایە: ( Glyphosat, Tallowamin, Propylenglykol, Glyzerin, Natriumsulfit, Natriumbenzoat, Sorbindaeure, Natriumsalz von o-Phenylphenol, leicht aromatische Erdoeldestiiate, Methyl P-HydroxybenzoT, 3-iodo-2- methyl Butylcarbamat, 5-chloro-2-methyl 3(2H)-Isothiazolon ). لە بۆچوونی هەندێ لە زانایان، (تۆکسیتسێت)ی گلیفۆسات بە هەندێ ڕێگا بە تایبەتی رێژەی(تالۆوامین) بەرزدەکات.

لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی تر لەسەر کارتێکردنی روند ئاپ لەسەر مشك کراوەو تێدا 1000ملغ/کغ گلیفوساتی پێدراوەو سەرئەنجام 50٪ ی مشکەکان مردوون، واتە ئەم ماددەیە مەترسی پێکدەهێنێ لەسەر ژیانی مرۆڤ و رووەگ و ژینگە.

لە وتارەکەی ئەنیاس سیناوی(لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری Entropia) ئاماژە بۆ بووچوونی لیلیان لو غۆف(ئەندامی لیژنەی کۆمەڵەی فەرەنسای سرووشت و ژینگە)دەکات کە پێی وایە(پیسبوونی زەمین و ئاوی خواردنەوەو باران و کۆی خۆراك بەهۆی بەکارهێنانی ئەنتی بەکتریا، بووە بە کێشەیەکی راستینە لەبواری تەندرووستی گشتی و ئیدارەی فەرەنسی دواکەوتووە لە بایەخپێدانی).

کەم نین ئەو شارەزایانە کە تەنها بە مەبەستی خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بیروڕا و تویژینەوەی خۆیان رادەگەیەنن و هاواری ئەڵتەرناتیڤی مرۆیی دەکەن. لە وتاری نووسەری بریتانی(جیرمی سمیت) کە لە گۆڤاری(زی ئیکۆلۆجیست، 2008/2/22)بڵاوکراوەتەوە، هاتووە: قسەکەری-Task Forst-وتی"لەپێناو دوارۆژی کشتوکاڵی لە عیراق، هێزە فەرەڕەگەزەکان لە پارێزگای نەینەوا تۆویان دابەشکرد". و(land and Livestock Post) دەریخست کە"یارمەتییە مرۆییەکان سەرکەوت لە رواندنی 320هەکتار لە- تۆوی بەرهەم باڵا- لە نۆك، جۆ، نژی و گەنم و ئەم تاقیکردنەوەیە لە ساڵی یەکەم گەیشتە30هەزار جووتیار.

هەر لە هەمان وتار ئەم پرسیار دەکرێ: ئەو یارمەتییە مرۆییانە لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە؟

لە وڵامدا جیرمی ئاماژە بە وتارێکی(The Business Jounal of Phoenix) کە تێدا هاتووە: کۆمپانییەکانی تۆژینە کشتوکاڵییەکان لە ئەریزونا(لە ئەمریکا)، گەنم بۆ عیراقییەکان دەنێرێ تا بتوانن بەرهەمهێنانەکەیان زیادبکەن و ئەو کۆمپانیایە ناوی(World Wide Wheat Company)و ئەمەش

گرێبەستی لەگەل 3زانکۆی ئەمریکی هەیە و یەکێکیان لە تکساسە. بە گوێرەی سایتی(Seedquest)کە سەرچاوەیە لە بواری پیشەسازی تۆو لە سەر ئاستی جیهان هاتووە کە ئەو کۆمپانیا ئەریزۆنیە لە گەورە دروستکەرانی تۆو و بازرگانی بە تۆویە پارێزراوەکان دەکات و تا ئێستا 6جۆر تۆوی لە عیراق بڵاوکراوەتەوەو سیانیان بۆ درووستکردنی نانە و سێیکەی تریان بۆ هەویری برشت...)
لەلایەکی ترەوە توێژەرە ئیتالیایی، وەزارەتی تەندرووستی نەمسا و فەرەنسییەکان سەلماندوویانە کە بەروبوومە جینتەکنەلۆژییەکان بۆ نموونە گەنمەشامی، ئیمۆن سیستێم و توانای زاوزێی مشك لاواز دەکات.

ئەی بۆ گا و گاسن بگەڕێینەوە؟!

نا! ئێمە خوازیاری بەکارهێنانی دوا ئامێر و تەکنەلۆژیای دنیای کشتوکاڵی بە بواری زانستی جیناتیشەوە، بەڵام بە تۆوی سرووشتی مرۆڤایەتی کە هەزاران ساڵە لەسەریان دەژێین.
بۆ نموونە پرۆفیسۆر. دکتۆر ئەنتۆنیو ئیناسیو لەبارەی(زانستی جینات)ەوە دەڵێ: من دژی تۆژینەوەی جینات نیم و بە ئاسایی و گرنگیشی دەزانم لەم بوارە سرووشتیەدا تێبگەین و بۆ مرۆڤ و ژیان بەکاری بهێنین نەك تەنها بۆ رووەگ. بەڵام لە هەموو حاڵەتێك من رەخنە لە جینتەکنیکی کشتوکاڵی دەگرم کە چۆن ئێستا لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی باننا سیونالەوە پەیڕەو دەکرێت.
لە وڵامی پرسیاری( لێکۆڵینەکان دەیسلمێنن کە سۆیا و گەنمەشامی جین گۆڕاو بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ خراپ نییە)، دەڵێ: من دەڵێم ئەو جۆرە لێکۆلینەوانە نە بەکارهێنانی مادەی(Tallowamin) لەبەرچاو دەگرن کە بە مادەی کوشتنی زیانبەخشەکان تێکەڵ دەکرێ تا باشتر رووچێتە ناو گژوگیا و نە ئەو راستییە کە(Glyphosat) بەری کێڵگە جین نەگۆڕاوەکان لەناودەبات. لە توێژینەوەك لەسەر چەندین جۆر خۆراك لە ئیتالیا و روسیا لەگەل سۆیای جین گۆڕاو وەك لە بازاڕ دەفرۆشرێن، ئەنجامدراوەو زانایان لەگەل مشك بەکاریان هێناوەو دەرکەوتووە کە زیانی لەسەر گورچیلە و جگەر و کێشەی دووبارە بەرهەمهێنان هەیە. هەروا لەوانەیە (تۆکسین)ی ناو (بازیلیوس تورینگیسیس) دەبێتە هۆی خراپکردنی ئیمۆن سیستێمی گیانلەبەران. ئەنتۆنیو ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە بەکارهێنانی(رونـدوب) دەچێتە زەوی و لەگەل(گلیفوسات)و ئاو تیکەڵ دەبێت. ئەم تێکەڵە ماددەی نەخۆشی شێرپەنجە لێدەکەوێتەوە. هەروا گژوگیا زیانبەخشەکان بەرگریان زیاد دەبێت لەبەردەم ماددەی(Glyphosat).
لە ئەمریکای لاتین 15جۆر گژوگیای زیانبەخش هەیە کە چیتر بە(Roundup) لەناو نابرێن.
بە بڕوای من کارێکی نادیموکراسی ئەنجامدەدرێت کاتێ خاوەن کارەکان دەیانەوێت قازانج بکەن و تێدا کۆمەڵگا زیانی پێدەگات.
لە وڵامی پرسیاری(ئێزو باسی ئەزموونی وەڵاتەکەتان بەرازیل دەکەن لەگەل چاندنی سۆیای جینات گۆڕاو. ئایا ئەوە چ پەوەیندیەکی هەیە لە گەل ئۆروپا؟)، دەڵێ: سۆیا لە بەرازیل و ئەرژنتین بۆ ئۆروپا بەرهەمدەهێنرێت. بەبێ سۆیا بەرهەمهێنانی گۆشتی هەرزان لە ئەڵمانیا و وڵاتانی تری ئۆروپا دەستناکەوێت. جیاواز لەگەل ئەمریکی لاتین، زۆر کەس لە ئۆورپا دەتوانن زانیاریان هەبێت و بەرهەمی جینتەکنەلۆژی لە کشتوکاڵی رەت

بکەنەوە 80٪ی دانیشتوانی ئۆروپا دژ بە جینتەکنەلۆژین و ئۆروپا دەبێ دووباری هەڵەکانی ئەمریکای لاتین لە ماوەی 10ساڵی رابردوو دووبارە نەکەنەوە.
ئەنتۆنیو خاوەن کتێبی(Die Saat des Boesen)و لە 2008وە لە زانکۆی جۆهانس-کیپلەر لە نەمسا کاردەکات. بە بڕوای ئەم زانایە، قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانی جینتەکنەلۆژی، هێمایەکی باشە!

کۆمپانیای بانناسیونال(Monsanto):
لە سوتاندنی دارەکانی ڤێتنامەوە بۆ بنیاتنانەوەی کشتوکاڵ!
ئەم کۆمپانیا بانناسیونالە لە ساڵی1901لەلایەن ف. کیونی دامەزراوەو ئێستا نووسینگەی سەرەکی لە شاری( St. Louis)ی سەر بە ولایەتی(Missouri)ە و لە 61وڵاتدا لقی هەیە. سەرەتا خودی حکومەتی ئەمریکی لە1917بە هۆی گریمانەی مەترسی لە درووستکردنی(Sacccharin)، سکاڵای لەسەری بەرزکردەوەو لە1925 پرۆسەکە بەبێ سەرئەنجام داخرا. پاشان سەربازە ئەمرکییەکان کە بەهۆی ژەهری(پرتەقاڵی) کە ئەمریکا لە جەنگی ڤێتنام بۆ سوتاندنی دارەکان بەکاریدەهێنا، سکاڵایان لەسەر بەرهەمهێنەرەکەی بەرزکردەوەو سەرئەنجام بە بڕی180ملیون دۆلار سزادران. هەروا بەهۆی بەرهەمهێنانی ژەهری(PCB)لەناوچەی ئەنیستون و ئەلەباما، دادگا بەبڕی 700ملیون دۆلار سزای کۆمپانیای ناوبرای دا. لە ساڵی 2005بڕی یەك ملیون دۆلار و نیو ملیونی تر بە چاودێرانی بۆرسە بە دادگای ئەمریکی داوە بەهۆی پێشێلکردنی( Foreign Corrupt Practices Act). لە 2002 مەنیجەرێکی ئەم کۆمپانیا گەندەڵە بڕی 50هەزار دۆلار بە بەرپرسێکی ئەندونیسی داوە تا رێگری بکات لە بڵاوکردنی توێژینەوەیەك لەبارەی پەموی کۆمپانیاکەیان. بەگشتی مۆنسانتۆ بڕی 700هەزار دۆلار بەرتیلی داوە بە بەرپرسانی وڵاتی ئەندونیسیا. لە 2007 بەخێوکەرێکی هەنگ لە شاری ئۆکسبۆرگی ئەڵمانیا سکاڵای لەسەر گەنمەشامی جین دەستکارکراو(Mon810)ی مۆنسانتۆ بەرزکرد و سەرئەنجام بردییەوە.
لە ساڵی 2001 کۆمپانیای ناوبراو 5گفت لەبەرامبەر کرپاران بەرزکردەوە کە بریتین لە(دیالۆگ، شەفافییەت، رێزگرتن، شەریکی، قازانج)!
ئەم کۆمپانیایە دەست لەناو دەست لەگەل خاوەن بڕیارەکان لەناو کۆنگرسی ئەمریکی کاردەکەن. بۆ نموونە کارێکی سەیر نییە کە کارمەندێکی رابردووی مۆنسانتۆ بەناوی(لیندا فیشەر)وەك بەڕێوبەری کۆمەڵەی ژینگەپارێزی ئەمریکا دامەزراوە!

ئەگەر یەکێك لەناو ساردکەرەوەکەی ماڵی 22جۆر دەرمانی هەبێت، چی پێی دەڵێین؟ ئایا تەندرووستی ئەو مرۆڤە باشە؟!
دەستگاری جیناتی بەربوومەکان و بەکارهێنانی لەناوبەرە کیمیاوی و ژەهراوییەکان مەسەلەیەکی ئاسایی نیەو دەبێ کۆنترۆڵی جۆری و پسپۆڕ و زاناکانی ئەم بوارە راستەوخۆ سەرپەرەشتی بکەن. ئاخر چۆن دەبێ گەنمێك بە جووتیاران بدرێت لەسەر کیسەکەی هیچ جۆرە زانیارییەك نەنووسرێت؟ ئەم حاڵەتە بەخۆم بینیم و هەستم کرد ئەو وڵاتانە مامەڵەی ئاژەڵمان لەگەل دەکەن!

دیاره ئەو کارانە بەشێوەی مافیایی ڕێکدەخرێت و لە دوا زنجیرەکەیدا، بە دەستی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەنجامی دەدەن و کەسیش خۆی ناکات بە خاوەنی و هەرهەمووی بە درووشمی کۆمەکی مرۆیی، لەناوبردنی هەژاری و گەشەپێدان ئەنجام دەدرێت!

بە بۆچوونی مارکس(ئازادی بە خەیاڵی سەربەخۆ لە یاسای سرووشت دەستمان ناکەوێت، بەڵکو بە ناسینی ئەو یاسایانەو لەگەیاندا لە فەراهەمبوونی هەر هەلێکدا بە بەرنامەوە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بەکاربهێنرێن. بەهەمان شێوە ئەنگلس دەڵێ(ڕێزنەگرتن لە یاساکانی سرووشت سەرئەنجامێکی وێرانکەری هەیە بۆ مرۆڤایەتی....ئێمە دەبێ لە هەر هەنگاوێك بەبیرمان بهێنینەوە کە ئێمە بەهیچ شێوەیەك نامانەوی دەسەڵاتداریێتیمان بەسەر سرووشت وەك دەسەڵاتداریێتی داگیرکەرێك بێت لەگەل گەلێکی داگیرکراو، وەك یەکێك لەدەرەوەی سرووشت...).

لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئێمە دەبێ ڕەفتارو هەڵویستمان لەگەل سرووشت لە هارمۆنییەکی یەکانگیر بێت، نەك وەك دوو لایەنی جیاواز و بەرامبەر. سەرمایەداری لەپێناو قازانج وەك دڕندە ڕەفتاردەکات لەگەل مرۆڤ و ژینگە و لەپێناو چەرخاندنی سیستێمەکەی تەنها زمانی جەنگ و وێرانکردنی سرووشت دەزانێ. بۆ نموونە لەپێناو دامەزراندنی کۆمپانیای ئاو یان کۆکا کۆلا) دەست لە لەناوبردنی دارستانەکانی ئەمازۆن ناپارێزێ.

قەیرانی ئیکۆلۆژی(هەر لە توێژی ئۆزۆن تا گەرمبوونی سەرزەمین و زیادبوونی دووهەم ئۆکسیدی کاربۆن، دیاردەی بیابانبوون، کەمی ئاو، لەناوبردنی دارستان، ژەهراوی کردنی زەمین، خۆراك، ئۆقیانۆس، دەریا و رووبارەکان)بەری شێوەی بەرهەمهێنان و ئەقڵ و ڕەفتار و ڕۆشنبیری و ئەدبی سەرمایەدارییە: خودای قازانج و پەیام و ئامانجی کەڵەکەکردنی سەرمایە، بوون و ئیدیالی سەرمایەداری و تێگەیشتنیە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی تاك(مالتوس، جۆن لۆك، نیتشە، هایدەگەر، سلۆدەردایك تا لیبڕالە گەڕوکول و گەمژە دژ بە کۆمونیستەکانی سلیمانی).

تێگەیشتنی ئەم سیستێمە بۆ پڕکردنی پێداویستییەکان و خۆشگوزەرانیمان نییە، بەڵکو قازانج و درێژەپێدان بە ململانی و جەەنگی پێویست بۆ درێژەدان بە سیستێمە بانکڕۆتەکەیان. ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر هەوڵ بۆ دیکتاتۆرییەتی ڕەهای ئابووری جیهانگیر دەدەن و لەپێناوەدا روون و ئاشکراتر بەسەر لاشەی مرۆڤ دەڕۆن، ڕێك وەك چۆن لە سەرەتای دامەزراندنیان ملیونان کرێکار بەرەو نەخۆشی، مرۆڤ، شێتی و جەنگ برد...ئێمە لەبەرامبەریدا پێویستمان بەوەیە جەهل کەم بکەینەوە، تا دەکرێ نەزانی زیندەبەچاڵ بکەین، چونکە ئەوان ژەهرخواردمان دەکەن بەڵام بەناوی"مافی مرۆڤ و سەربەخۆیی و ئازادی"ئەنجامی دەدەن و زۆربەش بڕوادەکەن...ئەوان دێهاتەکان وێران دەکەم، تۆوی هەزاران ساڵەمان لەناو دەبەن، جووتیار خاوەن کەرامەت و بەرهەم، لە زەوییەکانیان دووریاندەخەنەوەو ناڕاستەوخۆ دەیانکەن بە دەستەفرۆش، پاسەوانی شەوانە، کەناس و سواڵکەری شارەکان، کوڕەکانیشیان دەکەن بە پۆلیس و سەرباز بۆ"بەرگری لە نیشتمان"و وەك ویستێکی خودایی"خوا ئەوەندە بەشیانی داوەو دەبێ قانع بن"بە کرێچێتی لە قەراخی شارەکان نیشتەجێیان دەکەن((گەورەترین حەماقەت ئەوەیە جیاوازی نێوان شار و لادێ و ڕێژەی دانیشتوان شێتانە قووڵتر کراوە. ئاخر مەعقولە دانیشتوانی هەولێر و سلیمانی و دهۆك ببن بە شاری ملیونان نشین و دانیشتوانی دێهاتەکان کەم

بکرێنەوە؟!)). چەند شەرمە بۆ حکومەت بە شانازییەوە باسی بەرفراوانبوونی دانیشتوانی شارەکان دەکات. جەواشەکردنی رای گشتی تاوانە! ئاخر کێ ئێرەیی دەبات بە وەزیرە تەکنۆکراتەکانی حکومەت؟!

هەر چۆن وەهمی کالاَ و کۆڕینەوەی و پارە وەك راستینە سەیر و پەیرەو دەکرێ و بەکۆمەکی وەهم بەسەر مرۆڤ سەپێنراوە، ئێمە دەبێ جەخت لەسەر هێزو تواناو بەها شاراوەکانیان بکەین، واتە هێزو کارو کاتی مرۆڤ. لێرەوە مرۆڤ و ژینگەکەی لە بەربەرییەتی دەسەڵاتی دیکتاتۆری رەهای سەرمایەداری جیهانگیری ئیمرۆ رزگار دەکەین. ئێمە دەبێ هەموو رۆژ پرسیاربکەین: سەرمایە و حکومەتەکانی تا چ رادەیەك پێداویستییە رۆژانەکەی مرۆڤ و ژینگە دابیندەکەن بەبێ ئەوەی یەکەمەکەیان وەك ئاژەڵ مامەڵە نەکات و دووهەمەکەیان لەسێدارە نەدا؟!

چارەسەر:

1- ئێمە پێویستیمان بە پەیڕەکردنی شێوەی بەرهەمهێنانی هەرەوەزی، ژینگەپارێز و بیولۆگییەو لەم پێناوەدا ئێمە دەتوانین لە تەمەڵی و خۆلادان لە هەڵویست دەربڕین و خۆ بەزلزانین و کاری بیروکراتی ناو بارەگاکان رزگار بکەین و وەك(حزبی شوعی، پارتی چەپ و پارتی چارەسەری کوردستان پێکەوە لەگەل بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان و پسپۆرە بە ویژدانەکانی کشتوکاڵ)، ئەم بەرنامەیە رێکبخەین و پێکەوە هەنگاو بەرەو دامەزراندنی بزووتنەوەی جەماوەری ئیکۆلۆژی دابنێین. ئەمە توانایەکی ترە بۆ بەرگرتن لە سیاسەتی لیبڕالیزمی نوێ لە بواری کشتوکاڵی و بەروبووم و چەك و سیاسەتی چەتەکانی تری مێژوو...!

وەك یەکەم هەنگاو، ئێمە دەتوانین:

2- چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هێزو وتوانا و کات و ئیرادەی خاوەن ویژدان و دۆست و پارێزەری ژیان و ژینگەو زەمین وەك سەرچاوەی هەموو سەروەتێك، دەوێت. سەرەتا دەبێ بە زووترین کات هەڵمەتی هۆشیارکردنی هاوڵاتیانی کوردستان دەستپێبکات و رێگری لە لۆبییەکانی بگرین، چونکە بەراستی هوشیاری ژینگەییمان نزمە.

3- 2 شوێن هەیە کە نموونەی تۆی هەزاران ساڵەی جووتیارانی کوردستان و عیراق تێدا پارێزراوە:

أ- Centre for Agricultural Research the Dry Area-CARDA کە لە وڵاتی سوریایە.

ب- سەنتەری توێژینەوەی( on the Global South Focus) لە بانکۆك. دەبێ لایەنە بەرپرسەکان بە فەرمی داوا لە حکومەتی ئەو دوو وڵاتە بکەن بانقی تۆوەکان بۆ خاوەنەکەی بگەڕێننەوە، واتە جووتیارانی کوردستان و عیراق.

3- ماڤی سەرەتایی هاوڵاتیان ئەوەیە زانیاریان هەبێت لەبارەی پێکهاتی خۆراك و میوەکان. ئەگەر جیناتەکانی گۆڕاوەو ژەهری مەترسیدار لەگەلیاندا بەکارهاتووە، دەبێ لەسەر پاکەتەکانیان بنووسرێت.

4= جووتیاران هیچ جۆرە تۆویەکی جینگۆڕاو نەکڕن و ئەگەر بە خۆڕاییش بێت، وەرینەگرن. درووشمی(گەڕانەوە بۆ کشتوکاڵ سرووشتی خۆماڵ و بوژاندنی دێهاتەکانمان بە نوێترین ئامێرو رێگەوبان و پێداویستییەکانی ژیانی کشتوکاڵی) بکەن بە کاری سەرەکیان.

بێجگە لەوەی کە جووتیاران گەورەترین زیانلێکەوتووی نزیکەی 70سالّ لە مێژووی کوردستان و قورسترین ئەرکیان لەئەستۆ بووە، ئێستا ئاسایشی تەندرووستی و پاراستنی ژینگەش کەوتۆتە ئەستۆیان، بۆیە دەبێ دێهاتەکان بەشێوەیەکی زۆر تایبەت، خزمەت بکرێن.

# مارکسیزم، (ئۆپن-سوێرچ)و بەرهەمهێنانی پییر!

**ئازادی یەك واتای هەیە: کار و موڵکایەتی هەرەوەزی !**

**ئەمڕۆ هەموو مەزهەبی"وشە"، مەزهەبی"ئاو"و هەموو قوتابخانە فەلسەفییە ئابووری، سایکلۆژی، ئەتیکی کۆمەڵایەتیەکانی جیهانبینی بۆرژوازی لە تاقە یەك قوتابخانەو هێڵی بڕیاردەر کۆبوونەتەوە وناوی (قوتابخانەی شیکاگۆ)یە و ئەمیش بەشێوەیەکی دیکتاتۆییانە لەسەر ئاستی دنیا بە نوێترین تەکنەلۆژیای سەربازی-زانیاری بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی"ئازادی" ئابووری بازاڕی ئازاد کاردەکات و( کوێلایەتی نوێ، جەنگ، سێکسیزم، وێرانکردنی ژینگە، گرانی، بێکاری و لانەوازی) لێکەوتۆتەوە. لەم هەلومەرجە باڵادەستەدا وەك رۆزا لۆکسمیۆرگ دەڵێ:(ناتوانین باس لە شارستانییەت بکەین).**

**پاش بلاوکردنی بەرهەمەکانی مارکس ئیتر هیچ زانایەك نەیتوانیوە بەبێ ئاماژەکردنی ئەرینی یان نەرینی بۆ بۆچوونەکانی، بێتە مەیدانی فەلسەفە، راگەیاندن و رۆشنبیری و زانست. سارتەر لە پێشەکی(رەخنە لە ئەقڵی دیالەکتیکی)، دەڵێ: (فەلسەفەی مارکس باڵاترین هزرە کە مرۆڤ لەم سەردەمە پێی گەیشتووە)و فەیلەسوفێك وەك (درێدا) بەهەمان شێوە دەڵێ: هەڵە دەکەین ئەگەر بەرهەمەکانی مارکس نەخوێنینەوە یان دووبارە نەیانخوێینەوەو توێژینەوە لەبارەی بۆچوونەکانی نەکەین).**

**ئایا دەتوانین بڵێین: تا سەرمایەداری باڵادەست بێت، مارکسیزم وەك فەلسەفەی سەردەم دەمێنێتەوەو بەرپرسە لە لابەلاکردنی ناکۆکی چینایەتی؟**

گرنگی مارکس ئیمرۆ ئەوەیە کە دەسەڵاتی سەرمایەداری گەرچی لە پلەیەکی زۆر پێشکەتووە، بەڵام هێشتا هەمان خووی هەیە و بە هەموو شێوەیەك بۆ خواوەندە باڵاکەی(قازانج)، نوێژ، تەلیلە و...زۆر شتی تریش دەکات و ئەگەر باری لاربوو، ئەوا خودا ئەگەر دوێنی پەیامی خۆی بۆ بەرپاکردنی جەنگ دژ بە شوعییەتی بۆ نارد، ئەوا ئێستا پەیامی خۆی بۆ بەرپاکردنی جەنگی"پیرۆزی"دژ بە تیرۆریزمی بۆ ناردووە!

حکومەتە سەرمایە باننسیونالەکان ناتوانن تەنانەت زورێك لە داخوازییە سەرەتاییەکانی جارنامەی مافی مرۆڤ لە ناو جەرگەی وڵاتەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن-بۆ نموونە تەنها لە نیویورك 140هەزار لانەواز هەیە-، بۆیە لەسەرتاپای دنیا مانگرتنی گشتی و خۆپیشاندانی ملیونی و بزووتنەوەی نارەزایەتی، راپەرین و شۆرش گەشەی سەندووە: عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە سەرو بنی زاری مرۆڤایەتییەو سەرمایە بە کەڵەگایی، سەرشێتی، چەك و تفاق و درندەییەوە پێشێلی مافی ئەو ئازادییانە دەکات کە بەر بە ئازادی بەرژەوەندی و پلان و تێگەیشتنی خۆی دەگرن، بۆ نموونە سارا ڤاگنکنێشت(سیاسەتمەداری حزبی چەپ) لە ئەڵمانیا ناوی تازەترین بەرهەمی ناوە(ئازادی لەبری سەرمایەداری)و لە وڵامی پرسیارێکی تاگس شبیگل دەڵێ: سەرمایەداری لە فرەلایەنەوە ئازادی سنوردار دەکات. هەر کەسێك بەناچاری لەسەر یاسای(هارتس4)بژێ، ئازاد نییە و هەر کەسێك بەبەردەوام سەعاتی کاری زیاتر بکات و بەحاڵیش کاتی بۆ خێزان و برادەرەکانی ئازاد نییەو ئەوەی لە کارێکی کاتی بۆ کارێکی کاتی تر رابکات، ئازاد نییەو ناتوانێ نەخشە بۆ ژیانی دابرێژێ. تەنانەت زۆربەی بازاڕەکانیش ئازاد نین، بەڵکو لەژێر دەسەڵاتی چەند بەڵێندەرێکن.

لێرەدا دەتوانین چەند نموویەك بۆ بۆچوونەکەی سارا زیادبەکەین: ئەوانەی لەناو کەمپی پەنابەران دەژێن، ئەو دایکانە کە بەتەنها کارو منداڵ بەخێودەکەن، بەساڵاچووان، خانەنشینان، ئالودەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان، مادده هۆشبەرەکان، لانەوازان، لەشفرۆشەکان و زۆری تر....

هەر لەم کاتە گرنگی مارکسیزم ئەوەیە وڵامی سەردەمی درۆ هاوچەرخەکانی راگەیاندنی سەرمایەی جیهانگیر و رۆشنبیرە گەمژەکانی وەك(کۆتایی مێژوو، کۆتایی مارکسیزم، کۆتایی سیاسەت، کۆتایی...هتد)دەداتەوەو خودی سەرمایەداری متمانەی مرۆڤایەتی لەدەستداوە.

لە 2010/10/13، دالی مورتێنزم(هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئابووری2010) لە وڵامی پرسیاری رۆژنامەی ئەڵمانی)FAZ: (ئایا قەیرانی دارایی شکستی سەرمایەدارییە؟)، دەڵی: من لایەنگری مەزهەبیانەی سەرمایەداری نیم، بەڵام نازانم کێی تر هەیە بەرپرس بێت لەم قەیرانە؟. ئێمە دەزانین کە ئەزموونەکانی تری رێکخستنی ئابوروی بۆ ماوەی درێژخایەن، جێگای قبووڵ نەبوو. سەرمایەداری زۆر کێشەی هەیە، بەڵام ئەڵتەرناتیڤەکە چییە؟

کاتێ تەکنۆکراتێکی ئابووری ئەمریکی و هەڵگرێکی خەڵاتی نۆبڵ ئەم پرسیارە لەخۆی دەکات، ئەوا ئێمەش دەتوانین تەنها یەك وڵام بدەین: ئێستا سەردەمی شێوەی بەرهەمهێنانی(پیر)و ئابوروی هەرەوەزییە!

ژێردەستەكان و لەگەلیدا تەواوی مرۆڤایەتی دەیانەوێت وەك هاوڕێی سروشت، لە كوێلایەتی هاوچەرخی سیستێمی قازانجی سەرمایە رزگاریان ببێت، نەك وەك درندە زەمین و دەریا و ئۆقیانوس و دارستانەكان و ئا و هەوا بەكاربهێنرێ و تەكنۆكراتەكانیان بەشێوەیەكی دیكتاتۆریانەی بێوێنە لە مێژووی مرۆڤایەتی فەرمانڕەوایی بكەن.

ئابووری لیبرالیزمی نوێ و ئابووری هەرەوەزی ئازاد!

وەك چۆن ترافیكلایت، ژمارەی پۆلیسی هاتووچووی زۆر كەمكردەوە، ئیمڕۆ (ئەتمەتە)و تەكنەلۆژیا و شۆڕشی زانیاری شوێنی سەدان ملیون مرۆڤیان گردۆتەوە، ئامێری پلیت بڕین، كۆمپیوتەر شوێنی ئەو كارمەندانەی گرتەوە كە زانیاری هاتووچوویان بە نەفەرەكان رادەكەیاند، بەكارهێنانی(كارتی زیرەك) لە جیاتی كارمەندەكانی بانق، كامیرای دیگیتال، شوێنی فۆتۆگراف و موختەبەری وێنەگرتن، قەپانی كێشی كاڵاكان، كامیرای چاودێری شوێنی سەدان ملیون مرۆڤیان گرتۆتەوە.

بەرێگای خۆخزمەتكردنەوە لە(سوپەرماكێت یان لە چێشتخانەكان). كۆمپانیای-ئیكیا-سویدی كاڵاكانی (كەنتۆر یان چێشتخانە و جێی نووستن و كورسی...هتد) لە گەل نەخشەی دامەزراندنیان بۆ كڕیارەكانیان بەجێدەهێڵێن و بەمە هێزی كاری كەمتر بەكاردەهێنرێت. لە زۆر شوێندا سەندوقی ئۆتۆماتیكی جگەرە و رۆژنامە دانراوەو مرۆڤ دەتوانێ نرخەكانیان هەڵداتە ناوی و رۆژنامە یان پاكەتە جگەرە خۆزراوەكەی دەستبكەوێت.

بەهەمان شێوە لە كەرتی پیشەسازی كشتۆكاڵی، رەنجی ملیونان جووتیار و هەزاران ئاوایی بێ بایەخ كراون(جووتیاران 80٪ی هێزی كاریان پێكدەهێنا، ئێستا 3-4٪پێكدەهێنن، زۆربەیان روویان لە شارە گەورەكان كردووەو لەبارێكی سەخت و نەخوازراو ژیان بەسەردەبەن). لێرەدا دەبێ بیر لە كشتوكاڵی خانووە شوشەكان بكەینەوە كە بە پەینی كیمیاوی-ژەهراوی-دەرخواردمان دەدەن و هەرگیز بیر لە گەشەسەندنی كشتوكاڵی بیۆلۆژی ناكرێتەوە...قازانج لە بەكارهێنانی ژەهر، شوێنی"برایەتی" گرتووەتەوە.

فریتزۆف بێرگمان(فەیلەسوفی ئەنترپۆلۆژی لە زانكۆی مێشیگان) لەبارەی بێكاری و بەرنامەكانی چارەسەركردنی نموونەی ئەڵمانیا دەهێنێتەوە و دەڵێ: ئیمڕۆ حكومەتی ئەڵمانیا بە گرتنەبەری یاسای ریفۆرمی(هارتس4) لەبەرامبەر رادەی ئەو كێشەیە وەك ئەوە وایە یەكێك بیەوێ بە گڵاسێكی ئاو، دارستانێكی ئاگرتێبەربوو بكوژێنێتەوە. ئێستا بێرگمان راوێژكاری ئابووری حكومەتی ئەفریقای خواروو دەكات و لەوێ خەریكە وەك ئەڵتەرناتیف، بەرنامەی(ئابووری دووهەم)جێبەجێ دەكات، وات: حكومەت تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو بە دانیشتوانی ناوچە هەژارەكان دەدات تا بەخۆیان كاڵا پێویستەكانیان دروست بكەن. ناوبراو ئەم میتۆدەیە ناوی لێناوە(كاری نوێ)

سۆفتوێر، دیزاین و سەنتەرو ئاوایی و شارە ئازادەكان!

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم، ئێستا بیروباوەڕی مارکس بەشێوەی بەرنامەی ئازادو هاوبەش و ڕەخنەگری بونیادنەرانەی دوور لە بازرگانی چاوچنۆکی و جەنگ و چەوساندنەوە بۆ ناو ماڵی دۆست و دوژمنەکانی دزەی کردووەو دوژمنەکانی بەبێ ئەوەی بزانن، بوون بە هاوڕێی و تەنانەت وەك مێوانێکی زۆر خۆشەویست، ڕێزی لێ دەگرن...

لە سوچێکی ناو ماڵانی سەدان ملیون مرۆڤ، کۆمپیوتەر دانراوەو کاری لەسەر دەکەن. لێرەشدا ناکۆکی چینایەتی باڵادەستە: سۆفتوێرە ئازادەکان لەبەرامبەر سۆفتوێری لیسێنس. بیل کاتس(خاوەنی مایکرۆسۆفت)لە چەندین بۆنە و چاوپێکەوتن دژ بە(شوعییەت لە ئینتەرنێت)رای دەربڕیوە و لێرەشدا بۆچوونی جیاواز هەیە و هەندێکیش پێیانوایە(ئۆپن سوێرچ) پەیوەندیان بە شوعییەتەوە نییە!

کرستیان سیفکس(فەیلەسوف، ئینفۆرماتیکی ئەنگلیزی و چالاکوان لە بزووتنەوەی Open- Source و بەرنامەدانەری سوفتوێری ئازاد، دەڵێ: (هێشتا دیباتە لەبارەی کۆمونیزم دەستی پێنەکردووە). کۆمونیزم بە بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە برتییە لە(شێوەی بەرهەمهێنانی هاوبەش بۆ مرۆڤ.(

پرەنسپی سۆفتوێری ئازاد بۆ (ریشارد شتالمان) دەگەڕێتەوەو 4 پەرەنسیپی ئازادی پێناسەکردووە: 1- ئازادی بنەڕەتی، واتە ئازادی بەکارهێنانی بەرنامەکە بۆ هەموو مەبەستێك. 2- ئازادی زانستی، واتە ڕێپێدان بە لێتوێژینەوەی شێوەی بەکارهاتنی بەرنامەکەو گونجاندنی لەگەل خۆی. 3- ئازادی کۆمەڵایەتی، واتە ئازادی لەبەرگرتن(ئەستنساخ)کردن. 4- ئازادی بنیاتنان، واتە چاککردنی بەرنامەکە و ئەم چاکسازییە بۆ خۆشگوزەرانی گشتی، فەراهەم بکات.

سیفکاس لە بری کۆمونیزم باسی(کۆمۆن)ە دەکات، واتە موڵکی گشتی و پێیوایە ئەم بزووتنەوەیە ناواخنکی شێوەی بەرهەمهێنانی نوێیە. لەلایەکیترەوە کرستیان شپێر کە لێتوێژینەوە لەبارەی پرەنسیپی کۆمەڵەی ئازاد کردووە، دەڵێ: چاکەی ئازادی و یەکسانی بۆرژوازی تەنها لە کۆمەڵی ئازاد جێبەجێ دەبێ. کۆمەڵ ئەو کاتە ئازادە ئەگەر یەکسان بێت و تاکەکانی بتوانن لەناو کۆمەڵەکە تەنها ئازاد بن. هەروا چوارچێوەی کۆمەڵەی ئازاد دیاری کردووە: دەبێ هەموو یاسا و ڕێساکان بۆ گۆڕین بن و هەموو بەشداربووان، هەموو کاتێك ئازاد بن لە بەجێهێشتنی کۆمەڵەکە.

فری سۆفت وێر چەندین کەرتی بەرهەمهێنان لە لۆژیکی قازانجی سەرمایە رزگارکردووە، بۆ نموونە بواری دیزاینی خانوو، جلوبرگ، پەیوەندی بێ تەل، هەروا بەرهەمهێنانی کاڵای هاوبەش و بە خۆڕایی و بێ ململانی و قازانج بەشێوەی ئازادانە لە هاوشێوەی(سۆفێت وێری ئازاد-ئەنسکلۆپیدیای ڤیکیپیدیا، لینوکس، فریفوکس، وۆردپرێس، پرۆژەی ئۆپن- هاردوێر و سەدان بەرنامەی تر)، مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهان بەشێوەیەکی هەرەوەزی گەشەیانپێدەدا و بە خۆشییەوە لەگەل مرۆڤی تر لەسەر بەشی دەکات و یەك بە یەکیان جێژ و سوودی لێ وەردەگرن. گەشەسەندنی ئەم جۆرە بەرهەمهێنانە وای کردووە، سەنتەر و ئاوایی و کارگەی هەروەزی دابمەزرێ: ئابووری هەرەوەزی ئازاد و خۆبەخش و داهێنەرانە بێ کڕین و فرۆشتن، واتە شوعییەت لەسەر ئاستی فرتوئێل حزووری و برەوی هەیە.

بۆ نموونە هوشیاری موڵکایەتی گشتی زیندووتر هاتووەتە مەیدانی فکرو کاری مرۆڤایەتی. نووسەر زیلکە هیلفرش لە وتارێکیدا دەنووسێ: شتاڵمان وەك داهێنەری فری سۆفێت وێر، بەشێوەیەکی رادیکاڵانە( دژی موڵکایەتی رۆشنبیرییە)و ئاماژەش بۆ بزووتنەوەی(ئیکۆلۆگی و زانستی گشتی) دەکات کە ناکرێ پرڤاتە بکرێن وەك ئۆقیانووس، ئەتمۆسفێر، رۆشنایی رۆژ، دەریا و کەشوهەوا...هتد. هەر بەم مانایە، پرۆفیسۆر و ئیلینۆر ئۆستروم(هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ و مامۆستای زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئیندیانا لە بلۆمینگتون)لە چاوپێکەوتنی رۆژنامەی(F.A.Z)، دەڵێ: لە ئەڵمانیان مەترسی قووڵ بوونی ناعەدالەتی هەیە و هەروا لە ئەمریکاش نائارامی کردووم. ناعەدالەتی مەترسیدارە. ئیلینور کە بەهۆی توێژینەوەی(موڵکایەتی گشتی)، خەڵات کرا دەڵێ: هەمیشە خراپە یەکێك لە خێزانێکی دەوڵەمەند لەدایك ببێ.!(

وتارەکەی کرستیان سیفکاس(بۆ پێشەوە بەبەرو کۆمونیزم)لە رۆژنامەی(نۆیە دۆیشلەند، 2011/3/5)دەستپێکێکە بەرەو ئەو ئاراستەیە. کرستیان دەنووسێ: با جیهانێك بهێنینە پێشچاومان کە تێدا بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنان بەپێی پێداویستی لەپێناو خۆشگوزەرانی هەمووان رێکدەخرێت و لەلایەن مرۆڤگەلێکەوە رێکدەخرێت کە هیچ کەس ناچار نەبێت ژێردەستی یەکێکی تر بێت و ئازادانە لە کارێکی پێویست بەشداری بکات. من ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە ناودەنێم کۆمەڵگەی شوعی، چونکە لەو بڕوایەم، (کۆمون)ەو موڵکایەتی گشتی رۆڵێکی گرنگی تێدا دەبینن.

گرنگ ئەوەیە دابڕانێك دروست ببێ لە نێوان هوشیاری کارو ژیانی هەرەوەزی ئازاد لەگەل هوشیاری قازانجی سەرمایە بگاتە ئاستی ئەو دابڕانە کە لەنێوان گالیلی و ئەرستوو دروست بوو. شێوەی ژیانی ئیمرۆی مرۆڤایەتی کە بەرهەمی هەموو رەوتە فەلسەفییەکانی سەرمایەدارییە کە ئەم هەموو دڕندایەتی لێکەوتووەو ، بەبێ ڤۆلۆنتاریزم و دیتەرمەنیزم، زامنی بەزیندوو راگرتن و گەشەسەندنی بیروباوەڕی مارکس و شوعییەتن: دەمێکە شێوەی(بەرهەمهێنانی پیر)ی کۆمۆناری لە پەراوێزی دەرچووە و بووە بە بەشێك لە جیهانی نوێ.